# ڕامان
# RAMAN

**170**


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ تەمموزی ٢٠١١



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 4494662 - 003248

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ / ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی رامان

### سەروتار

- پەخشانە شیعر، یان شیعرە پەخشان؟/ سەرنووسەر/ 3


### دەق

- لە تەمدا دیار نیم/ دلاوەر قەرەداغی/ 6
- گوڵی مراد و مردن/ نەوزاد ڕەفعەت/ 8
- وەسیەتی چ خەیاڵێک کەڵەکە بکەم/ من زەینم پێوە دەدرێ/ ڕۆژ هەڵەبجەیی/ 9
- ل هنگووریّ/ وەرگەڕاندن ژ ئەلمانی: حوسێن حەبەش/ 12
- خاک و لێو/ لە ئیسپانییەوە: قەرەنی جەمیل/ 15
- بە شوێن گومبەزێکدا وێڵ، مەحیا بوو/ کاوان نەهایی/ 17
- چاوەکانی خونچە/ عومەر ساڵح بەگ/ 19
- دووکەڵ/ ناسر ڕەسووڵی/ 23
- شەڤا دژوار/ موساب یابراک/ 25
- دوو کیلۆمەتر/ لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود/ 27


### هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەری ناسراو (محەمەدی مەلا کەریم)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 31


### ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- میتودی ڕەخنەی دەروونی لە بواری ئەدەبدا/ ڕێبین خەلیل/ 54
- هەقیقەتی مێژوو، ڕۆمانێک بۆ نەمرکردن/ تێکۆشەر خالید/ 64
- فرووغی فرووخزاد (١٩٣٤ - ١٩٦٦)/ فەرهاد پیربال/ 73


### هزر و فەلسەفە

- ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکانی فەلسەفەی مێژوو/ د. حەمید عەزیز/ 81
- ڕەخنەی فێمینستی فەرەنسی/ لە فارسییەوە: فاتمە بوداغی «ڕووبار»/ 97


### زمانناسی

- زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەک لقێکی گرنگی زانستی زمان/ ئا: یوونس سلێمان ئەحمەد/ 103


### وتار

- سەرەتا نزیکەکان.. کۆتاییە دوورەکان.. بیۆگرافیایەکی شیعریی تەواونەکراو/ ئەدیب نادر/ 108
- وشەی داب، یان (مۆد)، مۆدی نوێی نووسەر/ خالید عەسکەری/ 113
- مۆراڵ وەک دژە سروشت/ لە ئەڵمانییەوە: موئەیەد مستەفا زراری/ 118


### مێژوو

- شوێنەواری میترابیان لە دەشتی هەولێردا/ عەباس سلێمان سمایل/ 122


### ڕاپۆرت

- فیستیڤاڵی سلێمانی سەرکەوتن لە بەڕێوەچوون، لاوازیی لە نمایشەکاندا/ خەلیل بابە کەریم/ 127


### هونەر

- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 133


### بەدواداچوون

- (هەورامان) یان (هۆرامان) کامیان دروستە؟/ جەلیل عەباسی/ 137


### خوێندنەوەی کتێب

- کاتیگۆرییەکان/ هاشم سەڕاج/ 141
- خوێندنەوەیەکی کتێبی: پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی/ حەسەن مەحموود حەمەکەریم/ 146
- بەدیع باباجان، زیاتر لە هونەرمەند/ ئارام سدیق/ 157


### نرخاندن

- ساڵیادت پیرۆز/ کاکەمەم بۆتانی/ 159


### سووکە لەنگەر

- ئەدەبیات: مۆدێلێک بۆ تێڕامان/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# پەخشانە شیعر، یان شیعرە پەخشان؟

**سەرنووسەر**

* زۆر کەم ڕێک کەوتووە فۆرمێکی شیعریی، یان تەنانەت هیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەبیات بە درێژایی مێژووی خۆی بە قەدەر زاراوەی (پەخشانە شیعر)، یان (شیعرە پەخشان) مشتومڕ و هەرای نابێتەوە، ئەوەندەی ئەو زاراوەیە لە ئەدەبیاتی گەلانی هەموو دنیادا گرفتی ناوەتەوە، تەنانەت کار بەوە گەیشتووە گومان لە نووسینی ئەو تەرزە شیعرە بکرێت. زۆرێک لە باسکاران و ڕەخنەگرانیش لەناو خۆیاندا بوونەتە دوو بەرەی ناکۆک و دژ بەیەک بەرانبەر دەستنیشانکردنی وردی زاراوەکە و باسکردن و نووسین لە بارەی چەمک و کێشە و گرفتەکانی. ئەو دوو دەستە دژ بەیەکترە لە ڕووی تێڕوانینی ڕەخنەیی و بەرنامەی ڕەخنەییانەوە جیاواز کەوتوونەتەوە، چونکە ئەوانیش وەک خوێنەرانیان لێ بەسەر هاتووە، هەیانبووە زۆر بە توندیی ئەو فۆرمە شیعرییەی ڕەت کرووەتەوە، هەشیانبووە بە شۆڕشێکیان لە قەڵەم داوە کە بەهۆی ئەو فۆرمەوە، شیعر لە کۆت و بەندەکانی ئازاد دەبێت، بەتایبەتی کە دیتییان بەسەر داوونەریتە نەگۆڕ و جێگیرەکانی شیعری باو یاخی بووە، یان بووەتە بەشێک لە دەرچوون لەوەی بە ئێمە ئاشنایە و لەناو چێژی گشتیدا باوە و شیعری تووشی وەستان و مەنگی و تەنانەت جۆرە چەقینێک کردووە.

* لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەدەبیاتی کوردی ئاگای لەم کەین و بەین و مشتومڕە گەرموگوڕە نەبووە؟ یان هەر بە تەواوی بڕیاری داوە گوێی خۆی لێ بخەوێنێ؟ ئەدەبیاتی کوردی لە کەیەوە بەو زاراوە و چەمک و فۆرمە شیعرییە ئاشنا بووە؟ یان لەکوێی ئەو هەراوزەنا ئەدەبییەدا بووە؟ لە کاتێکدا ناشێت کورد وەک نەتەوەیەک لەو دنیایەدا ژیابێت و ئەدەبیاتی هەبێ و شیعری نووسیبێ و کاریگەریی سێ زمانی (عەرەبی- فارسی- تورکی) میللەتانی سەردەستی بەسەرەوە بووبێ، کەم و زۆر لەو جۆرە کاریگەرییە بە دوور بووبێت. کاتێک شاعیرانی کورد دەستیان بە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری و چاووگە ڕووناک و گەشەکانی شیعر گەیشتبێ و بە بەردەوامی پێی ئاشنا بووبن، یان پێ بە پێ لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر و تەکنیکەکانی، لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکاندا هەنگاوی هەڵگرتبێ، ناکرێت سەبارەت بە نووسین لە بارەی چەمک و تێگەیشتن لەو تەرزە شیعرە خۆی بە دوور گرتبێ و خۆی لێ نەبان کردبێت و هیچ ورتە و سرتە و هەڵوێستێکی لە بارەیەوە نەبووبێ. ئەو فۆرمە شیعرییە کە ڕەگوڕیشە و سەرەتایەکەی بۆ شاعیرانی ئەوروپایی دەگەڕێتەوە و لەوێشەوە بەهۆی بزاڤی چالاکی وەرگێڕانەوە ئەو هەنگاوانە کراونەتە عەرەبی و فارسی و تورکی، کوردیش ئەگەر بەڕاستەوخۆییش نەیتوانیبێ دەستی بە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی ئەو فۆرمە شیعرییەی ڕۆژئاوا ڕابگات، خۆ توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو سێ زمانەوە کە پێی خوێندووەتەوە و بە باشی زانیویەتی، ئاگای لەو شێوە نووسینەی شیعر و ئەو بیروڕا هەمەجۆرانە بێ کە سەبارەت بە (پەخشانە شیعر)، یان (شیعرە پەخشان) نووسراون، ئنجا ئەو ئاگادارییەی چ بە لەگەڵبوون بووبێت، یان بە لە دژ وەستانەوە.

* پەخشانە شیعر، یان شیعرە پەخشان لەسەرەتاوە چۆن سەری هەڵداوە و چاوی کردووەتەوە؟ چۆن گەشە و نەشە و نەشونمای کردووە و لەسەر ئاستی چەمک و تێڕوانین و تێگەیشتن لە پێکهاتە و ڕەگەزەکانی پێشکەوتووە؟ نووسەران و شاعیران و خوێنەرانی کورد چەند نموونەی جوانی ئەو فۆرمە شیعرییەیان پێگەییوە

و خوێندووەتەوە؟ ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەم فۆرمە شیعرییە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە بازاڕی گەرم بووە، ئەوەش زیاتر بەهۆی گۆڤاری (الشعر)ی ئەدۆنیس و یووسف ئەلخال و پێشتریش بەهۆی هۆردوو گۆڤاری بەناوبانگی (الآداب) و (الأديب)ی لبنانییەوە ناسراوە، لە عیراقیشدا بەهۆی گۆڤاری (الكلمة)ەوە بە هەرمێن کەوتووە. لەپێش دروستبوونی ئەو مینبەرانەش پێشتر لە عیراقدا بەهۆی کەسانی وەک: جەمیل سدقی ئەلزەهاوی و شوکری فەزڵی و مەعرووف ئەلڕەسافی توانراوە لە سالآنی بیستەکان و سییەکان و دواتردا، جۆرە شیعرێک بنووسن لەو فۆرمەوە نزیک بێت، ئەگەرچی ئەوان ئەوساکە ناوی (شیعری ئازاد- الشعر المرسل)یان لێ ناوە و بەو ناونانە و پێشکەشکردنی چەند نموونەیەک لێی، لەناو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمانەدا بوونەتە جێگەی سەرنج و قسەو باس لێوەکردن، بەزۆرییش بوونەتە نیشانە بۆ تیروتوانجی کۆنەپارێز و توندڕەو و شۆڤێنییەکانی عەرەب، چونکە ئەو سێ شاعیرە کە بە ڕەچەڵەک کوردن، ئەوان بە تێکدانی زمانی عەرەبی تۆمەتباریان کردوون.

* لە ڕاستیدا ئەو سێ شاعیرە مەبەستیان تێکدانی زمانی عەرەبی نەبووە، چونکە خزمەتێکی زۆری زمانی عەرەبییان کردووە و خزمەتەکەیان لەبەرچاوە و ئێستاش کار و بەرهەمەکانیان لەبەردەستی خوێندەوارانداا ماون، بەڵام بەهۆی ئاگابوون و خوێندنەوەوە، ئەوانە بە زرنگی و هۆشیارییەوە نەیانویستووە هەتا سەر لەژێر قورسایی میراتی شیعری کلاسیکی عەرەبیدا بناڵێنن و نەوە دوای نەوە ئەو میراتە دەستاودەستی پێ بکرێت، بۆیە ئەگەر لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بەو شێوە شەرمنانەیە و بەناوی شیعری (ئازاد)ەوە لە عیراقدا شیعرە پەخشان هاتبێتە پێشەوە، ئەوە لە پەنجایەکان و شەستەکاندا لەناو شیعری هاوچەرخی عەرەبیدا بە کاریگەریی ڕاستەوخۆی زمانی بێگانەوە ئەو فۆرمە شیعرییە زۆر باو و برەوی سەند و بایەخ پێدانەکەیان ڕووی لە هەڵکشان کرد، بە تایبەتی لەو سالآنەدا کە جموجوڵی سیاسی و فیکری تەکان و گەرموگوڕییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، هەر لەو کاتەشدا بوو کە ئەو تەوژمە، یان ئەو فۆرمە شیعرییە لەلایەن باسکاران و ڕەخنەگرانەوە زۆری لەبارەوە نووسرا و وترا، کە دەتوانین بڵێین هەر یەکێک لەو ڕەمزانەی نوێنەرایەتی ئەو فۆرمە شیعرییەی دەکرد، زۆر، یان کەم، چاک، یان خراپ بەسەر کرانەوە و هەریەکەیان بایی خۆی و بە قەدەر قەبارەکەی لەناو پانتایی ڕەخنەی عیراقی و عەرەبیدا شوێنی خۆی بۆ دیاری کرا، بەڵام جێگەی سەرنجە ئەو شاعیرە کوردانەی لایان لەو فۆرمە شیعرییە کردووەتەوە، زۆر کەم نەبێ ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، چ وەک چەمک، یان زاراوە لێی نەدواوین، یان کاتێک نموونەی گەش و زیندوو بەرهەم هاتبێ، ئاوڕی ڕەخنەیی لێ نەدراوەتەوە و فەرامۆش کراوە، تەنانەت ئەو هونەر و فۆرمە شیعرییە نوێخوازانەیە لەناو تێکڕای بزاڤی نوێخوازانەی شیعری کوردیدا تا ئێستاش زەق نەکراوەتەوە، وەک بڵێی ئەو کوردەی لە مەڕ خۆمان گیای بە گوێچکە خواردبێ و هەرگیز بەلای ئەو تەوژمە نوێیەی شیعردا نەچووبێ، هەر ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لەوانەیشە ئەو لا لێکردنەوە و بەسەرکردنەوەیەش بۆ باسکاران و ڕەخنەگرانی کورد کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبووبێ، چونکە ئەو بیروبۆچوون و بەرهەمانەیان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە باسی هەڵدانەوەی سەرومڕی لاپەڕە کۆنەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەر ناکەم، کە کات و حەوسەڵە و پشوویەکی درێژیان دەوێت بۆ دەورکردنەوەیان.

* پیرەمێردی دەسپێشخەر وەک شاعیرێکی نوێخواز و کوردیزان و شیعرسواری تەڕ و پاراو، بەهۆی زانینی زمانی تورکییەوە، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانەی نووسەر و ئەدیبە هاوچەرخ و نوێخوازەکانی تورکی ئەو سەردەمە لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەریان گێڕابوونە سەر ئەو زمانەوە، گەلێ زانیاری نوێی سەبارەت بە ئەدەبیاتی ئەوروپایی لێ بەدەستهێنابوو. (پیرەمێرد) کە لە ساڵی ١٩٢٥ گەڕایەوە شاری سلێمانی و تا ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی ١٩٥٠دا، ئەو زانیارییانەی ژیانی خۆی لە تورکیا لە مێشکیدا مابوونەوە و کەڵەکەی کردبوون، لەگەڵ ئەوەی لە ناو سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا بەشێوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە لەلای مابوونەوە، ناو بەناو لێی بلاودەکردنەوە و بیروڕای خۆشی لەگەڵدا تێکەڵ دەکردن. وەک خۆی نووسیویەتی و دەڵێت: (ئەو تووڕەکە ئاردەی لە ئەستەمووڵ هێناومەتەوە، بیست و ئەوەندە ساڵە هەڵی ئەتەکێنم، هەر تۆزی لێ بەرز دەبێتەوە!!) کە زیاتر مەبەستی لەو قسەیە، مێشک و بیر و زانیارییەکانی ئەوێیەتی.

* لەم وتارە کورتیلەیەدا ئەوەندەی دەرفەت بوار بدات، هەوڵ دەدەین سێ نموونە بنووسین کە (پیرەمێرد) وەک پەخشانە شیعر کاری لەسەر کردوون، ئەو چەند پارچەیە وەک نموونەی نزیکبوونەوەی (پیرەمێرد) لەو فۆرمە شیعرییە دەخەینە ڕوو و نیشانی خوێنەرانی دەدەین. پیرەمێرد کە ڕۆژنامەی (ژین)ی وەک کەشکۆڵی شیعر و بیروبۆچوونەکانی چاو لێ کردووە، لە ژمارەی ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧دا نووسیویەتی: (لەم دواییەدا ئەدیبە ناسراوەکانی تورک، وەک خالید ضیا و مەمدووح وەفی خاوەندی ئەیلوول- شیعری مەنثوور-یان ئەنووسی. زۆر دەربەستی وەزن و قافیە نەبوون). دوای بەدواداچوونی خۆم دەرکەوت (ئەیلوول) بلاوکراوەیەک بووە، جاری نازانین ڕۆژنامە، یان گۆڤار بووە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە ئەو بلاوکراوەیە بایەخی بە بلاوکردنەوەی (شیعرە پەخشان) داوە کە پیرەمێرد بە (شیعری مەنثوور) ناوی دەبات، ئەو کەسانەش ناو دەبات کە لە تورکیا بایەخیان بەو فۆرم و هونەرەی شیعر داوە، دیارە ئەو وەک کەسێکی خوێندەوار شوێن پێیانی هەڵگرتووە و زانیاری لە بارەی ئەوانە و ئەو فۆرمە شیعرییەی پێیان نووسیوە، کۆکردووەتەوە، کە لەو چەند دێرەدا وردەکاری پیرەمێرد بە دەردەکەوێ لەوەی ناڵێ (پەخشانە شیعر)، بگرە (شیعری مەنثوور) دەنووسێ کە منیش هەر (شیعرە پەخشان)م پێ ڕاستترە وەک لە (پەخشانە

شیعر)، هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە بەرچاو و گرنگەکانی ئەو فۆرمە شیعرییە دەخاتە ڕوو کە (زۆر دەربەستی وەزن و قافیە) نییە.

* پیرەمێرد چاکەیەکی دیکەی لەگەڵدا کردووین و لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (٦٨٢)ی ساڵی (١٩٤٢)دا چەند ناوێکی کورد دەدرکێنێ کە ئەوانە (شیعری مەنثوور)یان نووسیوە، بەڵام داخەکەم تا ئێستا هیچ شوێنەوارێکیان نەبینراوە و لەبەردەستماندا نین، بەڵام دیارە (پیرەمێرد) بەرهەمی ئەوانەی خوێندووەتەوە، بۆیە ئەو گەواهییەیان بۆ دەدات. پیرەمێرد لەو ڕۆژنامەیەدا دەڵێ: (جاران کە شاعیران بهاتنایە شتێکی نایاب بنووسن، سەربەست و ڕەوان، بەزەمزەمە بێ، لە- بحر الطویل-دا ئەیاننووسی، کە تورک لەم دواییەدا ناویان نابوو- نظم سەربەست- یان- شیعری مەنثوور. ئنجا لەم کوردستانەدا لە پێشدا ئەمە باو بوو. لە پێشەوە غولام شاخان-ی والی سنە و کەریم خان-ی حاکمی بانەش لەوانە بوون لە -بحر الطویل-دا ئەیاننووسی). ئەو چەند دێرەی پیرەمێرد زۆر زانیاری تێدایە کە پێویستە لێیان ورد بینەوە. جارێ (بەحری طەویل) یەکێکە لە (بەحر)کێشەکان کە شیعری عەرەبی پێ پێوانە دەکرێت. (نظم سربست) بە (الشعر الحر)ی لای خۆمانیان گوتووە، ئەگەرچی لە واتادا تورکییە، بەڵام دوو وشەی لێکدراوی عەرەبی و کوردییە. پیرەمێرد بەم قسەیە لایەنگریی خۆی بۆ ئەو فۆرمە شیعرییە دەربڕیوە کاتێک دەڵێ (جاران کە شاعیران بهاتنایە شتێکی نایاب بنووسن، سەربەست و ڕەوان، بە زەمزەمە بێ، لە بحر الطویل-دا ئەیاننووسی، کە تورک لەم دواییەدا ناویان نابوو (نظم سربست) یا شیعری مەنثوور)، واتە بەلای پیرەمێردەوە نووسینی شتی (نایاب) و (سەربەست و ڕەوان) و (بەزەمزەمە) لە قاڵبی نەزمی سەربەست (شیعری مەنثوور)دا وتراوە و نووسراوە. داخەکەم خاڵە پیرەمێرد لە باسی کوردانی لای خۆماندا زانیارییەکی زۆر ورد و جوان و نەزانراوی درکاندووە کاتێ دەڵێ (لەم کوردستانەدا لەپێشدا ئەمە باو بووە)، واتە ئەو فۆرمە شیعرییە لەناو کوردانیشدا هەبووە و باوی بووە، بەڵام کە ناوی (غوڵام شاخان)ی والی سنە و (کەریم خان)ی حاکمی بانە دێنێ کە ئەوانیش لەو شیعرە مەنثوورەیان نووسیوە، داخەکەم ئەو سەرە تاڵی دەزووانەی کە دەریانی خستووە، دواتر هیچ بەڵگە و نموونەیەکی لە بەرهەمەکانیان بۆ نەهێناونەتەوە و بۆی تۆمار نەکردووین، کە بەمەش ئەدەبەکەمان زیانێکی گەورەی پێگەیشتووە.

* پیرەمێردی نەمر بەوەشەوە نەوەستاوە، لە ژمارە ٣٦١ی ڕۆژنامەی ژیان لە ساڵی ١٩٣٣دا شیعرێکی پەخشانی وەرگێڕاوە و بڵاوکردووەتەوە و دەیەوێ ئەو فۆرمە شیعرییە بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی بناسێنێ، لەپاڵ ئەوەش ویستوویەتی بە کورتترین و ڕوونترین شێوە بیروڕا و بۆچوونی خۆی لەبارەیەوە بڵێت و لەوێ نووسیویەتی لە زمانی (تاری)یەوە وەرگیراوە، کە من بۆ خۆم زمانی (تاری)م نەبیستبوو، پاشان بۆم دەرکەوت پیرەمێرد لە زمانی (تازی)یەوە وەری گێڕاوە، واتە نوقتەی سەر (ڕێ)یەکەی لەچاپدا دەرنەکەوتووە (کە ئەمە دەردی هەڵەی چاپە) و لە کاتی خۆیدا بەزمانی عەرەبی (نووسین و خوێندنەوە)یان وتووە زمانی تازی، بە واتای (العربیة الفصحی). ئەم جارەش پیرەمێرد ڕێی ئەوەی لێ بەستین و نەمانتوانی بزانین ئەو پارچە ئەدەبە نایاب و بەرزەی لە کام سەرچاوەوە وەرگرتووە، تا ئەمڕۆکە بمانتوانیایە بگەڕێینەوە لای ئەو سەرچاوەیەوە، ئەمەش دەقی ئەو نموونەیەی وەرگێڕانی (پیرەمێرد)ـە لە هەڵبژاردن و ناساندنی شیعری پەخشاندا، کە ڕاستەوخۆ لە تورکییەوە وەری گێڕاوە.

«بەندی پەخشان، یا واتەی سەربەست»

«لە زبانی تازی-یەوە وەرگیراوە»

**برووسکەیەکە، لەپڕ دێ لە چاوتەوە، تیشکێ**
**ئەداتە: چاوم و ئەو نوورە، دیدەمە چاوم.**

* * *

**گیانە، نەغمەی نەشیدەکەی ڕۆحت**
**بەندی لایلایەیەکە بۆ ڕۆحم**

* * *

**لەگەڵ شتێ، بە دڵتا ڕادەبوورێ**
**دەمودەست وا لە دڵما؛ بووینە یەک دڵ**
**کە دڵ تەنگ بێ، دڵە کوتێم دەگاتێ**
**لە بەینی دوو دڵا، ڕاستە کە ڕێیە**

* * *

**تەلی چرایەک لە شەوقی تۆوە**
**بۆ جەرگ و دڵم ڕاکێشراوە**
**ئەو دەمەی تۆ بێ شەوق و کز بی**
**چرای دڵی من ئەکوژێتەوە**

* * *

**لە تاریکیدا ڕەنجەڕۆ و بێ کەس**
**لە گوێ ئاگردان، سەرم کز ئەکەم**
**تۆ بۆ من، تۆ تەنها بۆ من، هەموو شتێکی تۆ، بۆ من**
**خۆشەویستی و خۆشویستنم، زۆر پێ خۆشە، بەڵام چی بکەم**
**ئاخ! هیچ کەسیتر ناناسم، کەوابوو تەنها بۆ من تۆی**
**هەر تۆ بۆ من، هەر تۆی بۆ من، هەر تۆی خۆشم بوێ هەر تۆی**

* * *

**بنواڕە مانگ، بە شەوقەوە شەو ڕوون ئەکاتەوە**
**بنواڕە شەو، بەیانیی نزیک خۆی ئەخاتەوە**
**سەیرکە، بەیانیی، باوەشی بۆ ڕۆژ ئەکاتەوە**
**بنواڕە ڕۆژ؛ کە تیشکی ئەڕژێتە سەرزەمین**
**هەنگوین و شیر و ژین و غرامی ئەخاتە ناو!**

* * *

**ئەی تۆ، کە وتم، تۆ هەموو شتێکی منی تۆ،**
**تۆ مانگی منی، سا وەرە، ڕێ ڕوون کەوە بۆم!**
**تۆ شەو بە، گوناهم بخە ژێر پەردەی زوڵفت**
**ڕووناکی بەیانی بە، جڵەوکێشی هەتاو بە**
**ڕۆژم بە، وەرە پاکمەوە کە، ببمەوە منداڵ**
**بەو عیصمەتەوە لایقی عەشقی ئەبەدییەت بم**

# لە تەمدا دیار نیم

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)



ئەمە ماڵەکەمە
ئەوەش منم کە یاری دەکەم و
لە تەمدا دیار نیم
ئەو دەرگەیەش کە تا سەرئەژنۆ
لە هەتاودا نوقمە،
دەرگەی باخەکەمە
گەر لە دەرزی پەنجەرەکەی بەرانبەرەوە بنۆڕیت
دەبینیت میوانێکی نیگەران
ئێواران بە زەمیلەیەک بارانەوە
لێیەوە خۆی بە ماڵدا دەکا

ئەو ژنەی کە لە چیمەنەکەدا دانیشتووە و
دەستی ڕووە و ئاسمان هەڵبڕیوە و
دەسماڵی ئیمان بە ئاوریشمی دوعا دەچنێ،
نەنکمە!
نەنکم خاوەن پێوەندییەکی تەنک و ڕوونە
ڕوونتر لە ئاوێنە
تەنکتر لە باڵی پەپوولە
غەمگینتر لە گوڵی سەر بەرماڵ
لەگەڵ خودا

ئەم کۆترانە
کە ئاوها وەسواس هەڵنیشتوون و
دارمێوێک سێبەر کەوتووە بەسەریاندا،
کچانی گەڕەکن
ئەو بەرسیلانەش کە بە مێوەکەوەن
چەند بۆڵێک نهێنین و
هەتاو چاوەڕێیە کاتێ دەبنە ترێ
بە زوبانێکی ڕووناک تەفسیریان کا

ئەمانە کچە غەمگینەکانن
کە لە هەیوان و ڕاڕەو و ژوورەکاندا
یەکێک بەدوای لەچکەکەی
ئەوی دی بەدوای گوارەکەی
ئەمیشیان بەدوای خەونێکی ونبوودا دەگەڕێ
کە بە نیازە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیدۆزێتەوە و پاشان
لەگەڵ خۆیدا بۆ شارێکی دووری ببا

ئەو منالە باریک و بنێسانەی کە

لەو بەلەمانەدا دەیانبینیت گۆرانی دەڵێن،
هاوڕێمن
بە گوێرەی حەکایەتێکی دێرین
ئێوارەیەکیان لەپڕ گەورە دەبن
پاشان هەندێکیان لە شەڕەکاندا دەکوژرێن و
ئەوانی تریش کەس نازانێ
بۆ کوێ دەچن

ئەمەش دوکانەکەی حاجی مورادی قەرسیلە
کە منداڵیی ئێمەی ڕەفە بە ڕەفە
لەو پاکەت و فوتووانەدا ئەرشیف کرد
کە پڕ بوو لە نوقڵی مینۆ و لە پسکیتی زەرد و
لە خەیاڵی ترش و شیرین
ئێوارەیەک لەو تەلەفزیۆنە بچووکانەدا کە لە حەجەوە
بە دیاری بۆ هەر یەکەمانی هێنایەوە
بۆنی زوهد و بۆنی بەردی ڕەش و
بۆنی ڕێگە دوورەکانمان هەڵمژت
ئینجا وردە وردە خەونی ناخۆشمان بە نیشتمانەوە
بینی و
خووی شەڕمان
بە سەفەرەوە گرت

ئەمە هێلانەی کۆترەکانمە لەسەربان
جار جار کە بە غەمگینی دەمبینن
ئیدی دەزانن هەبێ و نەبێ، یان دڵێک شکاوە
یاخود دڵی شووشەیەک عەتری مناڵ شکاوە
ئینجا گورزێک چکلێتەنامە دەنێنە دەستمەوە
یەکێکیان بە دەمێکی پڕ لە گەنمە نوقڵەوە
دەڵێ: ئوستاز...
خەراپ نییە پیاسەیەک
وا دەڵێ و... پاشان گەمگم پەلم دەگرن و
بەو ئاسمانانەدا لەگەڵ خۆیان دەمبەن

ئەم پیاوە باوکمە کە بەیانییەک زوو
بە زەردەخەنەیەکی غەریبەوە جێبەکەی دەخاتە ئیش
سیغارێک دادەگیرسێنێ
توند پێ بە بەنزیندا دەنێ
وەک با باڵ دەگرێ و
وەک مەلێکی غەمگینیش
لەنێو دووکەڵی تەنگی سیغارەکەیدا
دەڕەوێتەوە و بزر دەبێ

نازەنین زۆپاکە دەکوژێنێتەوە
چراکە کز دەکا
لێفەکە بە خۆمدا دەدەم
خەریکە خەون بە دەستە بۆنخۆشەکانی نازەنینەوە
دەبینم
کە لەناکاوێکڕا لە دەرگە دەدرێ
پەلە پەل دەکەومە خۆ
بۆ سۆڵەکانم دەگەڕێم و
نایدۆزمەوە
بەرزتر لە دەرگە دەدرێ
بەپێی پەتی ڕادەکەم
تا بچم
دەرگەکە لە کەسێک بکەمەوە
کە دڵنیام کێیە و
لە ئێوارەوە دڵم خەبەریدا بوو
کە دێ

ئەوە دیوی دەرەوەی ماڵەکەم بوو
گەرچی لەبەر یاریی
لە تەمدا دیار نیم
بەڵام ئازادم... وەک حەکایەت
ئەم شوێنە سنووری منە لە ئێوارەوە تا ئەستێرە
ئەم کۆڵانە بازنەی جووڵانی منە لە جوغزی خەیاڵدا
بۆ یاریی
بۆ هەڵهێنانی مەتەڵ... لەبن توتڕکی حەکایەتە
شیلاوییەکان
بۆ تەماشاکردنی باخچەیەک
لە ماڵی تۆ
بۆ هەڵگرتنەوەی لە تێک گۆزە
لە شکانی دڵی تۆ


لە تەلەفزیۆنە بچکۆلەکەی حەجدا
هاوڕێکانم دەبینم
شەکەت.. نائومێد... پەژێوان
بەو بەفرەدا
بە سوار ئەسپی سپییەوە لە سەفەری شارە دوورەکان
دێنەوە
بەفر لەوان و لە ئەسپی سپی غەمگینتر
ئەوان لە بەفر و لە ئەسپی سپی شەکەتتر
من لەوان و لە ئەسپی سپی و لە بەفر سەرمابردەلەتر
دوور بە دوور دوایان دەکەوم
ئاوڕ دەدەمەوە
لە دوورەوە خۆم لە ناویاندا دەبینم و
ئیدی دڵنیا دەبم
کە بۆچی ئەوەندە مناڵانە
لەبەر یاریی
لە تەمدا... دیار نیم!

سلێمانی – نازاری/ ٢٠١١

# گوڵی مراد و مردن

نەوزاد ڕەفعەت

لە تەمتومانی پەنجەرەی چاوەڕوانیی کوشندەوە
بە دوورە سۆسە و چاوی دڵ
ئەستێرە پێنج پەڕەکەی خۆی لێوە دیارە
بە قەد شاخێک بەفری کەسەری لێ بارە
ئەستێرەی پێنج پەڕی دێرین
خواژنی تاریکوڕوون و پاش خۆرنشین
لە ئەزەلڕا..
گوڵی قەدەغەی مراد و مردنی بەدەستەوەیە...
بە باڵێک ڕەشبینی و باڵێک خەونی سپی
بەسەر شەختەی هەستەکان و
بەنێو تەڵەی چاوەکان و
دڕکەڵانی دڵەکاندا... بەڕێوەیە
گوڵ ناسکە
دەترسێت سیس هەڵبگەڕێت و نەیگاتێ
دەترسێت بەدەم بای وەشتی هەنسکەوە
پەڕ
پەڕ
پەڕ
پەڕ
هەڵبوەرێت و نەیداتێ
دنیا بە هەشت و دۆزەخی چارەنووسە
دنیا گۆماو و سەرابە
دنیا ژاراو و شەرابە
دەترسێت گەر گەیشتە جێش
لەوێ نەبێت لێی وەربگرێت
لەوێ نەبێت دەستی سارد و چاوی ماندووی ڕابمووسێت
لەوێ نەبێت ئەوەی نەگوتراوە بیڵێت
لەوێ نەبێت لە بەژنوباڵای بڵێسەی
سووتان و فەنا بئاڵێت
یا تیترواسکەکەی کۆڵان ڕاست نەبێژێت
تەنانەت هەرگیزیش نەبێت
ئەمیش لەپشت پەنجەرەی هەمان زینداندا
لە تەلبەندی هەمان ترسی ڕێبەنداندا
ژاری بێهوودەیی و مەراق
ژار بیکوژێت و نەیکوژێت!
ژار بیکوژێت و نەیکوژێت!



٢٠١٠

# وەسیەتی
# چ خەیاڵێک کەڵەکە بکەم.. من زەینم پێوەدەدرێ!!

ڕۆژ هەڵەبجەیی
(سلێمانی)



من زەینم پێوەدەدرێ کە کۆترێک
دەستی بزمار بە دیوارەوە دایدەکوتێ
ئەوە خەزەڵوەری زەمەنێکە
جەهل کڵاو دەکاتە سەری
کە شەنگەبییەک پرچی بەمێخێکەوە دەڕوێنن،
ئەوە بەدحاڵیبوونی عەشقێکە
مل دەنێ بۆ ئاستانەی هەڕاجخانە..
کە چاوی کانیلەیەک بەتاریکییەوە دەبەستن،
ئەوە مناڵێکی نابینایە
بەهانەیەکی زیتەڵی تەرح ناکەن،
بۆ گرتنی پەپوولەپاییزەیەک،
لە باخچەیەکی شێتۆکە!!
ئەمانە هەموو قڕکردنی نەسلی ئەوینن،
یا ئیفلاسبوونی هۆشە بە ئەوین؟!
من زەینم پێوەدەدرێ..
کە ئەوین سەفەری کرد،
سبەینێ بازنەیەکی بەتاڵە بە بەختەوەری
کە ئەوین لە خەیاڵدا مایەچووچ بوو
(با) سەرێ نادا لە باخی مانگەشەو
شەوەزەنگ حەز دەکا،
ئەستێرە زیندان کا
باران بیر لە شکۆفەیەک ناکاتەوە،
تەرمی لە هەناسەیا بنێژێ..
شەریعەتی کات سەری لێ تێک دەچێ،
لەماڵەکانی حەقیقەت بپرسێ
شەو شپرزە دەبێ
پێڵاوەکانی بەتریفەوە بۆیاخ کا
هەنار نازانێ خەڵکی چ وەرزێکە،
غەزەل لە هزریا لەبار دەچێ...!

* * *

من زەینم پێوەدەدرێ
ئەو وەختەی کۆدی جوانناسی،
لەلام دەبێتە هەیبەتی وڕێنە و
فنجانێکی لاڵ
لە فنجانێکا چی بخوێنمەوە،
کە کاتێک قوتوویەک قومری و کەناری،
لە گیرفانی کراسەکانیانا،
قووڵتر دەخنکێنن
کۆدی جوانناسی چییە؟!

کە کاتێک چڵەگیایەک لەچکەکەی،
پڕ دەکەن لە پژمەی پیاوێکی پیر..
هەیبەتی چ ورێنەیەکە،
کە کاتێک باڵندەیەک فڕینی میقات دەکەن،
لە غوبار و لم..
مەرحەمەتی جوانناسی لەکوێدایە؟
کە کاتێک موحیبەت پرتەقاڵێکی باغەییە،
مەحاڵە لەزەتی ڕاوکرێ..!
من زەینم پێوەدەدرێ..
وەلێ گەرەکمە پیاوێک،
لە قەلەقی چاوەکانما بکوژێنمەوە..
ئەو پیاوەی منالی لە جانتای خەیاڵدا ڕاخست و
کۆڵانی لە پاپوچەکانما ڕواند
ئەوکاتەی زاهیدێک بووم و
لە هەر پێچی زیکرێکدا،
گوناهێکم فڕێ دەدا
کە تەماشام بەردایەوە،
ئەو پیادە دەبوو بە مشتومڕی پەروانەیەک،
هەتا تەنیایی بکێشێ بە شوعلەی عیشقەوە..
ئەو پیادە دەبوو بە فڕینی کۆلارەیەک،
هەتا لەسەر باڵی دەزوولەیەکی هاروهاجەوە
منالی بگەیەنێ بە حەوشەی ئاسمانەوە!!
خەجاڵەتە وتن، شەرمەزارە وتن..
ئێمە بۆ موحیبەتێک بگەڕێین،
بۆ ئەوەی لە شەڕی تەنهایی ڕزگاربین..
خودایە من زەینم پێوەدەدرێ
تا ئەوپەڕی بەرزەخ زیکرم دەکوژێتەوە
لە درۆی پیاوێک کە دەڵێ: کە توحفەی خەیاڵ و فەنتازیا
تۆی پێ ناساندم
ڕۆژێکی نوێ، نۆژەن لە تەمەنم تەونەکا
گزنگ قۆپچەکانی ڕیشم دەکاتەوە،
بەیانییە لە پێکەوتووەکانم،
بۆڵە و باڵۆرەی دارشەقەکان تووڕەدەدا
من لە زەمەنێکی ساختەچیا ڕواوم
گەر بێیتە ناو بەفری هەناسەکانمەوە،
ڕیشۆڵە لەنگەکانی عومرم،
لە زوڵمەتەوە پێدەگرن!
خەجاڵەتە وتن، شەرمەزارە وتن
پیاوێک هەمیشە شەڕ لەگەڵ خۆیدا دەکات و
بە دۆڕان دەگەڕێتەوە
پیاوێک لە فەتوا تاریکەکانی تەمەنیدا،
بەمن دەڵێ: دەتخەمە سەر هەگبەی هەنگاوەکانم و
منالی پێدەکەم و لەسەر باڵی ئێوارەیەکی پەمەییا
پلیکانەی خەیاڵ بەکرێ دەگرم
ئاسمان دادەبەزێنم،
بە ئەستێرە قژت دادەهێنم،
مانگ لە باخی کراسەکەتدا دەڕوێنم!!
* * *
جەخار من تەرجەمەی پیاوێکم کرد،
هەرچی ئەوڕەسی وتن هەبوو
لە دەریای تەریقەتیا وەریبوو
غەفڵەتگیربووم لە ئاستیا زەینم کوژایەوە
موراجەعەی هەموو تەیرەکانم کرد،
هەر لە شەقژنی بلبلەوە، تا قریوەی قاز و قولنگ،
تا بنەماڵەی چۆلەکە
بۆ ئەوەی عەسرە قەلەندەرەکانی،
پڕکەم لە باخی جریوە..!
موراجەعەی هەموو سەوزاییم کرد،
هەر لە ترۆپکی درەختەوە، تا نەشئە چاوشینەکانی
چیمەن،
تا جنسی گیا
بۆ ئەوەی نیوەڕۆ داخەکانی،
پڕکەم لە داوی گەرما
موراجەعەی هەموو ئەو زەمبیلانەم کرد،
کە پڕ بوون لە ئاوەدانی میوە،
هەر لەستیانە سوورەکانی سێوەوە،
تا سەرپۆشە گوڵ، گوڵییەکەی هەرمێ،
تا ژێرکراسە مزرەکەی هەڵووژە..
بۆ ئەوەی لە شەوە مەستەکانیا،
پێکێک لە باخچە گوزەر بکا..!
مەخابن تا ئەوپەڕی تەنهایی زەینم کوژایەوە
گوناهم ئەوەبوو بۆ فەنەرەکانی موحیبەت
پێکەنینی پیاوێکم داگیرساند
کەچی زیکزیکە بەخیلەکان نەیانهێشت
چرپەی چرپاکەمیان بە مقەستی خامۆشی قرتاند،
خەیاڵی مۆبایلەکەمیان بەستەوە بەهیچستان
دەمی کاتژمێرەکەمیان پڕ کرد لە ئاخ هەڵکێشان
لەتێ گریانیان لە یەخەم دا چاند،
لەتێ پێڵاویش تژی لە وەسێتی
ڕۆشتن بەشەلە شەل..!
لێرەوە میلی مردن پێچ دەکاتەوە
من ماتڵم لە چرکەیەکدا،
وەلێ پێیەکانم پڕن لە سەعاتی پیاسە
لێرەوە کراسێکم لەبەردایە،
ژیان بانگم دەکا و
گوڵ لەناویا ئاو دەنێژێ،
وەلێ نزیکم لە نزا وەریوەکانی دڵی بیابان
لێرەوە لە دووریانی شەوێکا،
جانتای سەرم سەراب ڕادەخا
جادە دەڕوا
پارک دەڕوا
باران دەڕوا

لەو سەرابە شینەدا،
من پیاوێک دەناسم ئاوی
ڕیشی پاییزی لێ دەبارێ،
قژی گریان هەڵدەکا..!
***
ئەماشاکەن زەینم پەیتا، پەیتا پێوەدەدرێ
لە پێشبڕکێی ژمارەکانیا
یەکەم زەینم کە پێوەدەدرێ
گێلاس قسەیەکی هەیە هەتا مناڵم دەمودان،
دەمپارێزی لە شەڕی ناگەهان
لە جنێوی (باکان)
کە باڵق بووم و سوور هەڵگەڕام
ئەرمم لەناو تانوپۆی دەمودانا
ئابووتێکە ئەریقبوونەوەی خوێن..!
دووەم زەینم کە پێوەدەدرێ
چەتر قسەیەکی هەیە: تا حزووری باران هەبێ،
ئەنیاییم هەڵدەواسم بە قەدی پێکەنینەمەوە
چەتر بۆ ئەبەد ناگاتە ویساڵ
لە کاتێکدا ئەم قاقای قلێشاوی خۆی کۆدەکاتەوە
باران لە ماچی گوڵێکدا دەخەوێ
سێیەم زەینم کە پێوەدەدرێ
وردە چەو قسەیەکی هەیە: ئارەزوومە هەردەم،
جۆگە قۆڵ بکات بە قۆڵمدا،
بەڵام کە باڵەکانی پاییز،
لەسەر ڕوومان دەنیشێتەوە
پشتوێنی جۆگە پڕ دەبێ لە تینوێتی
منیش لە هەناوما فوارەی تەنهایی..!
چوارەم زەینم کە پێوەدەدرێ
ئەناف قسەیەکی هەیە:
مەمکبەندێک ئەوەندە دۆستم بوو
ئەوکی پڕ کردم لە ئەڕی
بەڵام کە لەگەڵ (با)دا یاری کرد و
چووە خولی فڕینەوە،
منیش کە جووڵامەوە لەرەم لێی ڕژا تەنهایی..!!
پێنجەم زەینم کە پێوەدەدرێ
هەنجیر قسەیەکی هەیە: کە هەوای هاوین گەرمم دەکاتەوە
لەزەت دەچێتە ناو سینەی ستیانەکانمەوە
دریغا کە سەفەر دەکەم
پێستم پەژموردە دەبێ و
کە پشوویەکیش دەدەم لەناو دەستی شۆڕەژنێکدا
شەهوەتی مرەبا دەمبا..!!
شەشەم زەینم کە پێوەدەدرێ
ئازادی قسەیەکی هەیە: بە درەخت دەڵێ
بۆ هەموو چڵەکانت ژیان دەکرم،
عاشقتم تا چاخە بەردینەکانی زەمهەریر و
تا باخچە بابێچەکانی سەقەر
کەچی درەخت لە یەکەم پێناسیندا،
بە چڵەکانی سێدارەی بۆ چنی
حەوتەم زەینم کە پێوە دەدرێ
کەناری ڕووبار قسەیەکی هەیە: من تا دەمرم
قاچەکانی شەپۆل لە ماندووبون دەتەکێنم،
بەڵام کە بەلەمی زریانێک هەڵدەکا
بێ ئەوەی پرسم پێ بکا
گەوجانە دەبێتە کەوشی زریان و
گەوجانە نووچ دەدا..!
ئەو قسەیەکی هەیە:
(١) پێگەیشتن
مەحاڵە
هەمیشە مەودایەک هەیە
من قسەیەکم هەیە:
دەبێ بستێک لە باران و
بڕێک لە باڵندە و
لەرەیەک لە درەخت و
پسوولەیەک لە پیاو
لە حوزنی جانتاکەم بسرم،
ئەنجا سەفەر بکەم
سەفەری من تەنهاییە
عیشق مەودایەکە تەنها
ئەو قسەیەکی هەیە
(٢) هەمیشە عاشق تەنهایە
وەسێتی چ خەیاڵێک کەڵەکە بکەم
من زەینم بۆ ئەبەد پێوەدەدرێ،
بۆ ئەبەد پێوەدەدرێ
بۆ ئەبەد..!!

**تێبینی:**
**١- دێرە شیعرێکی شاعیری هاوچەرخی ئێرانی سوهرابی سپێهرییە.**
**٢- نیوە دێڕێکی سوهرابی سپێهرییە.**

# ل هنگووریٚ

(in der Dammerung)

**هەلبەستڤانیٚ یندۆنیٚسی ناڤدار**
**ئاگوس ر. سارژۆنۆ**
**وەرگەڕاندن ژ ئەلمانی: حوسیٚن حەبەش**
**(ئەلمانیا)**



**هیٚن ژولیٚس ڤیٚرنیٚ * چیٚرۆکا خوا تا داوییٚ نەگۆتبوو،**
**قالۆنا دوماس** راستی ئەنیا وی هات.**
**ژولیٚس ڤیٚرنیٚ ب موومدانکیٚ دگرە**
**و داڤیٚژە کەپۆیا دوماس.**
**کەسی نکانیبوو دەست لبەر وی شەڕی بگرتا. ل دەرڤا بارانا هوور دبارە،**
**و ب هیٚوری دبە خویسک. ویٚ چ ببە،**

**ئەگەر ئەز هەلبەستیٚن خوا ژ وە ڕا بخوینم. سترانان**
**ژ وەلاتیٚ منی گەرم**
**چاوا شەڤبوهێرک ژ بۆ پاریسیٚ؟**
**هەردو ل من دنرن. تو ب خیٚرهاتی میٚڤانۆ!**
**....**
**[ژ دەستپیٚکا بەندا ڕەخنەی یا مارتین یانکۆڤسکی یا ب سەر ناڤیٚ «سارژۆنۆ ل بیٚرلینیٚ ٢٠٠٢]**

تو مەراقا ئەڤینیٚ ژ هونەرا هەلبەستڤانییٚ ڕا تونەیە، ژبلی بیٚ د دەما گوڤینیٚ دا. قژاڤی و کولخان مینا هەزار تەسکایە. هەمی ب لەزن، وەها ژی تاڤ. ڕەنگەڕیٚچیٚن بیٚ هەژمار ل هنگووریٚ، ل گۆڤەکا ئەسمیٚن دهیٚلە. «بەلکی ئەڤ ڕەنگیٚ تەیە؟»

ل ڕۆژنامیٚ دپرسە، دەما ئەو پەلکیٚن ڕیٚکلامان دژمیٚرە. ئەز نە تابلۆکیٚشم و نە ئەندامەکی پارتییٚ، ئەزیٚ چ بکم ب ڤان ڕەنگان گشتان؟ ما ڕەنگیٚ شین و ئافریٚنیٚ یان ییٚ ترس و بیٚ هیٚڤییٚ چاوایە؟

ئەریٚ، ئەز ل ڤان هنگووران سیٚردکم، ل ڤان ڕەنگان، ئەویٚن ب نەرمی دلڤن، ب هنداڤا شەڤیٚ ڤا. ئەم ب خوا ژی ل داوییٚ زانن، کو نەما تو ڕەنگ هەنە ژ هونەرا هەلبەستڤانییٚ ڕا. تەنیٚ ڕۆناهی
یان تاریتی وارەکە، ل دەرڤایی سینۆریٚن دەمیٚ، کو شین و

بیرانین تێ دا دژین.

### هەلبەستا گەنجەکی گوندی
(Gedicht eines Dorfjungen)

دەما بارانبارینێ نها بۆری. و ئەز باڤێ خوا دبینم،
کو لگەل جۆتیارێن دن
نها ب زەڤەرشینی پەهلێ دچنە. ئەو پەهلا
ب بێر د چەلتیکێن برنجێدا،
لێ وێ تێرێ نەدکر بۆ مەزنکرنا مە زارۆیان،
تا مە ژی کانیبا جارەکێ گەشی بدیتا
لناڤ کەوشەنێ رۆژگار و دوارۆژێ.

و وەها ئەز ب چارمێرکی لسەر خەم
خەونێن خوا رووده‌نم، وەستاییایی و بێ هێز
ژ کارێ لناڤ کەوشەنێ هێڤیبیان،
لسەر وان رووناشتەکێن دبستانی، ئەوێن تۆزایی
و دوور ژ ژییانێ. دەما بارانبارینێ نها بۆری.
ئەو وەها بوو، چاوا دەمەکە ئەزمووني. و نها ئەز چاڤبەڤێ
دێرم،
چاوا باڤێ من دێرە، و وەها ژی چاوا باڤباپیرێن وی تم
دێرین،
ب کەسەرێن کوور ل ئەسمێن، ئەو ئەسمانێ ڤەنتر
مەیی، رەنگ هەیدەدانی،
یێ ب تەڤاهی وەک هنارکا رۆژگارێ،
سۆرهشین بوویە، چاوا پشتی سیلەلێدانێ.

### دێمۆکراتییا جیهانا سێهەمین
(Demokratie der dritten Welt)

دڤێ تۆ دێمۆکرات بی! ئەرێ، ئەرێ، باشە،
لێ ژ کەرەما خوا کولما خوا لسەر
گوهێشکا من راکە. ئەرێ تە...
دەڤێ خوا بگر! گەر ئەز کولما خوا
د بەریکێ خوا دا ڤەشێرم یان
پێ ل دڤنێ تە خینم، ئەو بریارا منە.
ل ڤر هەر ئەوە، کو تو ببی دێمۆکرات،
تەنێ ژۆنا تەیە، بۆ خاترێ تە
و نە تو جارێ ژبۆ من.

بێ گومان ئەز ب تەرا هەڤرامە
و تە دیت من ب تە را هەولدا... دەڤێ خوا بگر. گۆتنێن تە
ژ من را بادل هەوانە. نها
دەما خوا ل ئارێ مەدە، تەما ئەز فەرمانێ ددم تە،
کو تو ببی دێمۆکرات. و باس! و بلا تشتەک هین ژ
تەرا زەلال بە، ئەو نۆرمێن دێمۆکرات،
ئەوێن من ئامادەکرنە، ئەوێ مالێ ل تە بشەوتینن، ئەوێ
تە کاڤل بکن.
وەهایە، ببە دێمۆکرات!
هاژ خوا هەبە، ئەگەر نا....!

ئا. ر. سارژۆنۆ ل باژارێ باندۆنگێ د ١٩٦٢/٧/٢٧دا هاتییە دنێ. ئەو یەک ژ ناڤدارترین نڤیسکارێ لیتێرەتوورا یندۆنێسیی هەڤدەمە. د وان پێناسینێن لسەر وی هاتنە بەلاڤکرن دا، دخویە کو هوکاریا وی مەزنە لسەر ژییانا چاندی ل وەلات چاوا هەلبەستڤان، چێرۆکنڤیس، شانۆڤان، بەندنڤیس و رێدەکتۆرێ کۆڤارا لیتێرەتووری و شانۆیی ژی تێ ژمارتن.

بەرهەمێن ئا. سارژۆنۆ د کۆڤارێن ناسکری یێن وەلاتێن ئەورۆپی مینا ئەلمانیا، فرانسا، هۆلەندا و دەرڤایی وان هاتنە و تێن بەلاڤکرن. هەلبەستێن وی د ئەنتەلۆگیێن جوداندا چاپبوونە. دیوانێن هەلبەستڤان «جەژنا رۆندکان، ١٩٩٤، ١٩٩٦»، چێرۆکا ژ وەلاتێ بایێ گەرم، ٢٠٠١، ٢٠٠٣، چاپا ئینگلیزی، ٢٠٠١» هێستییێن تەزە ژ بانیووانگی ٢٠٠٢، ئەلمانیا وێ ٢٠٠٢»، «ب سایا بێژەیان هاتە فراندن، ٢٠٠٥». د چارچێوەیا هاتنا خوا یا ئەلمانیا ل چەند باژاران هەلبەستنە خوا خواندن، هەروەها ل بۆنێ ژی د ٢٠١١/١/١٧دا سمن ژی گوهداری وی کر و هین ل وێ ئۆدەیا کو من چەند سالان زمانێ کوردی هینی خواندەڤانێن زانینگەهێ دکر. ژ دیوانا هەلبەستنە ڤەبراژتی «هێستییێن تەزە ژ بانیووانگی» من سێ هەلبەست ژ ئەلمانی وەرگەراندن کوردی، پشتی رێدانا هەلبەستڤان و وەرگەرڤانێ ئەلمان و پسپۆرێ زمانێ مالاوی، زمانێ ئیندۆنێسی بێرتهۆلد دامسهویسەر ب دلخوشی دانە من.

یندۆنێسیاس وەلاتەکی د وارێ ئەردنگاری دا ژ کوردستانێ دوورە، لێ ئەم ل یەک کۆنتێنێتێ، لسەر ئەردەکێ دژین، هێڤی، داخواز، ئەڤین و تێکۆشین د هەر وارەکی دا بۆ سەرکەتنا مرۆڤ پەیاما پیرۆزە هەلبەستڤانییێیە، لەما ژی د وێ بابەتێ دا ئەم هەمی یەک پەیامینە. لێ تەڤی وێ ژی ژ

مه هەر کەسی ڕا ژی تم کەسێن نوو، تشتێن نەدیتی هەنە کو مەرا دخوازە وان بناسە و بناسینە. ئەڤ وەرگەڕا ژی یەک ژ وان ئاواتایە.

د دەمێ ئامادەکرنا ڤێ پاشگۆتنێدا من هنەکێ لسەر یندۆنێسیا [یندۆ ژهندی هاتیە و نێسۆ ژ یۆنانی، ب واتەیا گراڤە] خواند. هەر ژبۆ وێ ناڤاندنێ ژی ئەو وەلات گراڤایە، ۱۷۵۰۸ گراڤ ل ور هەنەس، لێ نێزیکا ۲۳۹ میلیۆن ڕوونشتڤان لسەر ٦٠٤٤ گراڤان دژین. بێتری ۳۰۰ گەل و کێم نەتەوە لسەر بەژێن دۆرئاڤایی ژیيانا خوا بریڤادبن. مەزنترین هەژمارا موسلمانان [ ۲۰۰ میلیۆن] ل ور جهوارن. باوەڕمەندێن ئۆلێن سەرەکین ل دونیایێ: یسلام، کریستیبیانی، بوودی، هندووسی، کۆنفوزیانی و جهویی ل ور سەربەست ڕیتووالێن خوا یێن ئایینی بکارتینن. ئەز باوەڕ ناکم تو کەس ژ یندۆنێسیان هەیە و زانبە، چقاس زمان ل وەلاتێ وان هەنە، لگۆر وان ژێدەرێن من خواندنە، ئەڤ هەژمارنا ڕاستی من هاتن: بێتری ۲۵۰، بێتری ۳۰۰، بێتری ۱۰۰۰، لێ زمانی فەرمی یێ دەولەتێ یندۆنێسییە چاوا پرسا زمانێن دن هاتییە چارەسەرکرن ژ من ڤانە زەلال بوو و مەبەستا من د ڤر دا ژی نە ئەو بوو.

*** ژولێس ڤێرنێ [۱۸۲۵– ۱۹۰۵] نڤیسکارەکی فرانسی یە. ئەو یەک ژ دامەزرێنەرێ لێتێرەتووا فانتازیا زانستییە.**
**** ئەلێکسەندەر دوماس [۱۸۰۲– ۱۸۷۰] نڤیسکارەکی فرانسییە. ئەو ب ڕۆمانێن خوا یێن دیرۆکی هاتی یە ناسکرن.**

**بۆن ۲۰۱۱/۲/۱٤**

**سەرچاوە:**

**"Agus R. Sarjano, Frische Knochen aus Banyuwangi" ausgewahlte Gedichte. Edition Garlev 2002, Berlin."**

# خاک و لێو

**ئەنتۆنیۆ گامۆنێدە**
**لە ئیسپانییەوە: قەرەنی جەمیل**



**(١)**
ئێوارە، لەسەر شانەکانم،
ڕەنگی قۆڵ و باسکەکانی تۆی هەیە.

لەنێو لەپی دەستەکانم
سێبەرەکانت بۆ دێنم،

لەسەر کۆشت
تاجێکی سێبەرم بۆ دەکەی.

من بە بەفری لێوەکانم
ئێوارەت بۆ دەکوژێنمەوە.

لە تاریکایی گریاندا،
شەو بە چاوەکانتا دادێت.
١٩٤٧

**(٢)**
لە دەممەوە بۆ کوڵمەکانت
ڕێگا تاڵەکان هەیە.
مەمکە ڕووتەکانت
دەستەکانم دەکەن بە خۆڵەمێش.

ڕەنگە لەنێوان تێڕوانینی تۆ و دەنگی من
مردووەکان بلەرزن.
١٩٤٨

**(٣)**
مرۆڤێک. لە دەشتاییدا تەنیا دەڕوا.
گوێی لە دڵی خۆیەتی، چۆن لێ دەدا،
لەناکاو، مرۆڤەکە دەوەستێت و
دەست بە گریان دەکا لەسەر ئەرز.

لاویەتی ئێش و ئازار. شیلاوی درەخت و
تاڵی بەهار زیاد دەبێ.

تەیرێکی خەمبار بەرەو خۆرئاوابوون دەڕوا.
لەنێو چڵە ڕەشەکاندا دەخوێنێ.

مرۆڤەکە هەمیشە دەگرییێ.
لە تامی مردن بەسەر زمانییەوە دەپرسێ.
١٩٥١

(٤)

تەنیایی بە تەواوی لەنێو چاوەکانتا خۆی ڕووت دەکاتەوە،
ئەی کچە منداڵەکەی بێ کۆتایی لە گۆشت و تاڵی ژیان؛
سوێند دەخۆم کە مردوویەک لە ناختا هێلانەی کردووە،
بەنێو خوێنتا تێدەپەڕێ و لە خوێنتا، شەو دەکاتەوە.

چونکە تۆ بێ دەنگیت و دایکیشت نییە،
مەمکەکانت تەنیا بۆ ئەوەیە بگریەنن؛
چونکە من لە سێبەرم و لەمەودادام،
با بۆنوبەرامەیەکی مرۆڤی بەسەر تۆوە جێ هێشتووە.

ماچە گەورە تاڵەکان لەنێو دەمما دەمرن؛
لە لێوەکانتا شەوگارە درێژەکان لە دایک نابن.
ئێستا شەوە و ئازار دەچێژم. تاریکئامێز بۆت دەنووسم
تووڕەیی عاشق کە لەنێو قۆڵ و باسکەکانمدایە.
١٩٤٩

(٥)

ئای پیری بێ کەرامەت.
بارودۆخەکان لەنێو ڕوحمدا خۆیان عەمبار کردووە.
(فرمێسکەکان لەنێو پەرداخە قەدەغەکراوەکاندا،
پەپوولە تێرنەبووەکان).

لە هەڵچوونی شوان تێدەگەم، کە دێ و لکە درەختەکان
لە کاتی شەوا وەلا دەنێ.

بارودۆخەکان
لەنێو ڕوحمدا ماندوو بوونە.
١٩٨٦

**شاعیر لە چەند دێڕێکدا:**

**ئەنتۆنیۆ گامۆنێدە لە شاری (ئۆڤیێدۆ) لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٣١ لە دایک بووە. باوکی شاعیرێکی مۆدێرنیست بوو، لە بیرەوەری لادێییەکانەوە قووڵ ببووەوە، کە بۆ ئەو تێکستەکان (کتێبێکی فراوانی تاک و تەنیایە). ئەوانە خوێندنەوەی سەرەتایی ئەنتۆنیۆ گامۆنێدە بووە. ١٩٣٢باوکی کۆچی دوایی دەکات، لە ١٩٣٤ لەگەڵ دایکی بۆ شاری (لیۆن) لە ئیسپانیا دەگوێزنەوە، لە دەوروبەری ئەو شارە تاکو ساڵی ١٩٤٠ پێکەوە ژیان، لەوێش شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا کە لە ١٩٣٦ بەرپا بوو، زەحمەتی و ناخۆشی زۆریان بینی. گامۆنێدە دەڵێ (لەو ساڵانەی منداڵیم ژیان هەمیشە پەیوەست بوو بە مردنەوە). لە ١٩٤١ دەچێتە قوتابخانەیەکی ئایینی، دوایی لە ١٩٤٣ بەجێی دێڵێت. لە ١٩٤٥ دەبێتە پۆستەبەری دائیرەی بانکێک کە بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ کاری کرد. لە کۆتایی چلەکان تاوەکو ناوەڕاستی شەستەکان، کۆمەڵێک ئەزموونی تایبەتی خۆی بە ناوی (هاوڕێکانی سەفەر) کۆکردەوە کە باس لە ونبوونی جەستەیی و ئەخلاقی، خۆکوشتن، شێت بوون و نەهامەتی و دەردەسەری و ڕەزالەتی بەشێکی زۆر لە برادەرەکان، دەکات. لە کۆتایی شەستەکاندا کۆمەڵەی (هەرێم)ی شیعر دادەمەزرێنێ و بەڕێوەی دەبات، هەروەها سەدان بابەتی شیعری بڵاودەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٥ خەڵاتی (کاستییا- لیۆن) وەردەگرێت.**

**سەرچاوە:**

**Antonio Gamoneda**
**Edad**

**Catedra**
**Letras Hispanicas**
**Ediciones Catedra, S. A. 1989 Madrid**



# به شوێن گومبەزێکدا وێڵ، مەحیا بوو...


**کاوان نەهایی**
**(بانە)**


ناڵێت: «خۆزگە نەهاتینایە شوێنێک کە نزیکە و قەبرستانە»

من حەزم لە شوێنێکە نزیکە و قەبرستان بێت وەک ئێرە. دەڵێم: «منداڵەکان دانە دانە کەلوپەلەکان بهێننە دەر و دواتر چیتان پێخۆشە بیکەن» مەحیا چاو لە ژووره گومبەزییەکەی ئەو گۆڕەی لای سەرووی گۆڕستان هەڵناگرێت.

پەتووەکە لەژێر سێبەری دارگوێزەکەدا ڕادەخەم. ناڵێت: «بۆ لەژێر سێبەری دارگوێزدا»

«تەنیا سێبەری خۆشی ئێرە ئەم دارگوێزەیە» پەرەستوو دەڵێت.

من و مەحیا لەسەر پەتووەکە ڕادەکشێین «ژنەکان بێ بەڵا بن خۆ لەبەر قسە سەر هیچی تر ناپەرژێن» مەحیا دەڵێت: دەڵێم: «تۆ لە قەبرستان دەترسیت؟» دەڵێت «ئەو قەبرە گومبەزییە هی کێیە؟» ژنی مەحیا دەڵێت: «حەفتا دکتۆراش بگریت فێری ئەدەب نابیت.» قاچم کۆ ناکەمەوە. پەرەستوو دەڵێت: «باوکم لە ماشینا خەواڵووە بۆیە ماندووە». خۆشی نازانێ چی دەڵێ بۆیە هەمیشە قسەکانی سەرنج ڕاکێشن.

«منداڵەکان؟! سوبحانە حازرە». نیلوفەر دەڵێ و منداڵەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە، یەکی یەک بابۆڵە پەنیر و مورەبای بەهێ.«مورەبا بەهێکانی دایکم شازی مورەبان» مەحیا دەڵێ.

تەقریبەن هەمیشە کە پێکەوە مورەبای بەهێ دەخۆین، ئەم قسەیە دەکات و هەمیشەش لەگەڵ بێ دەنگی و بێ دەربەستی مندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. پێم وایە لەبەر حەزێ کە بەم بێ دەربەستییەی من هەیەتی، ئەو ڕستەیە هەمیشە دووپات دەکاتەوە.


چاوم قورس بووە و مەحیا هەر وا بە باڵای ژووره گومبەزییەکەی ئەو قەبرە دوورەدا کە دەورتادەوری قەبری ڕاماوە.

نیلوفەر و ژنەکەی مەحیا هەروا گەرمی قسەن و من...

مێشێک بە دەمو لووتمەوە دەنیشێت و هەڵدەفڕێت. خۆمی لێ گێل دەکەم و دواتر بە گوڕمێ کە بۆی دەگرم، دەیگرم. «لە مەدرەسەشدا من قارەمانی گرتنی مێش بووم لەنێوان کوڕەکاندا». ئەمە مەحیا وەک هەواڵێکی سووتاو بەنیلوفەری ڕاگەیاند و نیلوفەر بە حاڵەتێکی قێزەون ئامێزەوە چاوێکی لە من و چاوێکی لە ئەوانی تر کرد و لەگەڵ ئەواندا پێکەنی و

من سەرفراز و خۆشحاڵ لەو هەواڵە سووتاووکۆنە چاوێکم لە منداڵەکـان کـرد کـە بەدەوای شـتـێکی نادیاردا بەسـەر قەبرەکاندا دەهاتن و دەچوون، ژنەکەی مەحیا نەبوو هاواری کرد: «منداڵەکان وریا بن مار و مێرووی لێیە».
نازانم بۆ مـاوەیەک بوو هیچ قـسـەیەکی وەها پەرێشـان و دڵسـۆزانەم بەرانبـەر بە منداڵەکـان بە قـسـەی ژنەکـەم نەدەزانی. وتم: «جادەکەی ناخۆشە بەڵام هەواکەی فێنکە»
وتی: «فیدای ئەو چاوانەت کلۆیەک قەندم پیا کێشە».
«قەندی چی هەمیشە باران زووتر لە بەفر دەتوێتەوە».
«چی؟ مـاشـێنەکـەم بە خـۆڕاییش بە پیـاوێکی وەک تۆ نادەم، چ بگات کلیلەکانیشیت بدەمێ».
لە دەورانی مـەدرەسـەشدا هەر وابووین. کە قسـەمـان پێ نەدەبوو بیکەین دیالۆگی بێ مانامان بەدوایەکدا ڕیز دەکرد هەتا قـسـەیەکـمـان بۆ گـوتن پەیدا دەکرد، تەنانەت دوای مـەدرەسـەش هەر وا بووین لەو کاتانەشدا من تەعـتـیـلاتی نێـوان دوو تێـرمـی زانکۆم بـوو، ئەویش بۆ مــورەخــەسـی دەهاتەوە. کاتێ پێکەوە بووین ڕقمان لە بێ دەنگی بوو.
وتی: بە وەحشەتەوە، یان لە ڕووی پرسیارەوە بوو وتی، وەها کـــە من بۆم ڕوون نەبۆوە لەحنەکـــەی چۆنە، یان نەیویست من پێی بزانم وتی: «ئەو قەبرە هی کێیە؟»
کـە منداڵەکـان بەسـەردا هاتنەوە نەمـتـوانی وەڵامی بدەمـەوە کـاتێ پەرەسـتـوو بە زەوقـەوە هات بەردەکـەی کـە دۆزیبـووبەوە نیشـانم بدات. «بەردێکی خۆش تەراشە، نا.. بابە؟»
لە قیـافـەی نایەتەوە، گەورەتر لە تەمەنی قسە دەکات. هەرچی بێ دەرپەڕاندبوو. مەحیا ڕاست دەکات ئەگەر سەد دکـتـۆراشم گـرتبێ هەر فـێـری قـسـەکـردن نابم. لە خـەو هەڵسابووم. مەحیا ئەو کڵاوەی کە دابووی بە دەموچاویدا، ئێستا کردبوویە سەری.
* مەحیا چۆنی؟ منداڵەکان لەکوێن؟
* خەوتبووم...
* ژنەکانیش دیار نین..
* باشتر...
* بلێیی لە کوێ بن؟..
هیـچ کــات بیـــرم نەدەکـــردەوە ئاوا نیگەرانی ژن و منداڵەکەم بم.
کڵاوەکەی فڕێ دابووە سەر سەرم. دنیا لەودیو کڵاوەوە وەک هێڵەک وایە. وتبووی: دڵ لە دوای؟
* نا بلێیی لەکوێ بن؟
* ڕەنگە منداڵەکـان مـیـزیان هاتبێ. پێکەوە دەسـتـمـان هەڵێنابوو تاکو سەیری کاتژمێر کەین، نزیک دوو کاتژمێر خەوتبووین.
* دایگیرسێنم؟
* نا، چای دەخۆمەوە.

دایگیرساندبوو و من چایم تێکردبوو. سەیری قەبرەکەی دەکرد، نەیپرسیبوو: «ئەو قەبرە گومبەزییە هی کێیە؟» و منیش وەڵامم نەدابووەوە. زۆر بە کـەمی تووڕە دەبووم، بە تووڕەییەوە وتبووم: لەکوێ بوون؟ پەرەستوو ترسا بوو، بۆیە وەک هەمیشە ویستبووی کارێک بکات کە تووڕە بوونەکەم بیر وەچێ. بە پێکەنینە هەمـیـشـەییەکەی، بەڵام ئەم جـار تێکەڵ بە ترس وتبـووی: بابە پشـیـلەکـان پێناکـەنن؟ نەمتوانی خۆم ڕاگرم و تووڕەییەکەم نیشان نەدەم، بۆیە بە گرژی لە نیلوفەرم پرسی: نەدەکرا پرسە گورگانەیەک بکەن؟
* خەوتبوون بۆیە دڵم نەهات.
سورەیا وتی: خۆزگەم بەنیلوفەر، هەمیشـە ئاوا خـێـرا تاسـەی دەکـەن دکـتـۆر؟ دواتر گلەیی کـردبوو: سـاڵێکیش نەمانبینێ مەحیا دەربەست نییە.
سـورەیا.. ناوێکی ڕەق و تەق، بەڵام ژنانە و جـوان... نەمـوت: دەکـرێ نیلوفـەر مـانگێک بەجـێم بێـڵێ هەتا نەختێک پشوو بدەم و دەربەستیش نەبم؟
مازیار ڕووی لە باوکی کردبوو و پرسیبووی: بابە قەبری خاڵی یانی کەس لە ماڵ نییە؟
پرسـیـــارەکـە قــۆڕ و منداڵانە بوو. پەرەســتــوو وەڵامی دابووەوە: قەبری خاڵی یانی مردوو وەرە...
وەڵامـەکەی پەرەستـووش منداڵانە بـوو. مەحـیـا هەر بەو زمـانە منداڵانە وتبـووی: قـەبری خـاڵی یانی... وەرن بۆ قەبری خاڵی.
هەتاو وردە وردە خەریک بوو ئاوا دەبوو کە مەحیا وتی: «کەبابەکەمان خوارد و ئیتر ئاویشمان پێ نەماوە و وەک ئیمام حسەین لە دەشتی کەربەلا ماوینەوە، نەڕۆین؟»
پەرەستوو پرسی: ئیمام حسەین چی مامە مەحیایە؟
* خـەوی ژێر داری گـوێز قـورسـە! ئەمـە هەمـیـــشـــە خـــوالێـــخـــۆشـــبـــووی دایکم دەیوت، دارگـــوێزێک لە حەوشەکەماندا بوو کە ساڵانی ٦١ و ٦٢ کـاتێک ئاوری شەڕ تازە داگیرسابوو لە بۆمباراندا سووتا. ئەو کاتانەی من ئارەزووی چوونە زانکۆم بوو.
سواری ماشێنەکەی دکتۆر ببووین و خەریک بوو بۆ شار دەگەڕاینەوە بۆ ناو جەنگەی هەڵات هەڵات، بەڵام ئێستاش ئەو پرسیارە لە مێشکمدا دەهات و دەچوو. ئەو پرسیارەی ئەمـڕۆ هەرگـیـز وەڵامی نەدرایەوە. جـادەی دەمـەو ئێـوارە شیرینە، تامی نەبات دەدات وەک ئەو کاتەی سکت بێشێ و نەباتت بۆ لە ئاوی کوڵ هاتوو بکەن.
دکتۆر سەرقاڵی دەندە و فەرمانە و ژنەکانیش سوپاس بۆ خوا هیچ کات بێ قسە نین و منداڵەکانیش کە خەریکن لە یەکتر دەکوتن. نەمپرسیبوو: دکتۆر ئەو قەبرە گومبەزییە بە داوێنی ئەو کـــێـــوەوە و لەناو ئەو هەمـــوو قـــەبرە بێ ناونیشانەدا هی کێ بوو؟



# چاوەکانی خونچە

**عومەر سالح بەگ**
**(بریتانیا)**

لە پڕ زەردەخەنەکەی کەوتە نێوچاوانم و لەگەڵیدا تامەزرۆیەکی جوانی دا بە گیانم، هەر خۆم بە خۆمم وت ئەم هەستە نەزۆکە لەم چرکەساتە ناوەختەدا بۆ؟ ئەم پرسیارە بیری هەژاندم و کەڕەتێکی کە سەیری نێو چاوەکانیم کردەوە، زۆر شتم تێدا خوێندەوە، ئەو شتانەی کە منێکی نیمچە نەخوێندەوار بە جوانیی تێی نەدەگەیشتم و نە من و نە ئەویش نەماندەزانی ئەو هەستە وروژاوە گڕگرتووەی نێوان هەردووکمان چییە؟ دوور نییە ئەویش لە تێڕوانینی چاوەکانی منیشدا هەمان هەست و هەمان تێڕوانینی بەدی نەکردبێ، بۆیە بەردەوام و بێ چاوترووکاندن دەینواڕییە چاوەکانم.

زیلە عەسکەرییەکە هەر لە جموجووڵدا بوو، وەک مەشکە ئێمەی لە خۆیدا دەژەند، جار بەجارێ لە ناکاوێکدا کاتێ تایەی زیلەکە دەکەوتە ناو ئەو چاڵانەی نێو شەقامەکەوە، هەر هەمووومان پێکەوە لە شوێنی خۆمان بەرزدەبووینەوە و بە قایم دەدراینەوە بەناو زیلەکەدا، بەردەوام زیلەکە بە خێرا دەڕۆیشت، وەک کارێکی خێرای پێسپێررابێ وابوو.

لەناو زیلەکەدا، لە ئاسمان بەولاوە هیچ شتێکی کەمان لێ دیار نەبوو، ئەوەندە نەبێ لە سەرەوەی دەرگەکەی بەردەمماندا ئەو بەرزاییانەمان دەدی کە لە ئێمە و لە زیلەکەش بەرزتربوون، کەسمان هۆشمان لەلای خۆمان نەمابوو، هەموومان وەک خۆڵی مردووت کردبێ بەسەرماندا ڕەنگی مردوویەتی لە ڕووی هەر هەموومان نیشتبوو، تەنانەت زمانیشمان لە گۆ کەوتبوو، توانای قسەکردنمان لەگەڵ یەکدی نەمابوو.

هەموو ئەو حەشاماتەی لەناو زیلەکەدا بووین خەڵکی یەک دێ بووین، خەڵکی یەک زێد و یەک شوێن بووین، تەنانەت هەر هەموومان خزم و ئامۆزا و میمکزا و پوورزا و خاڵۆزای یەکتری بووین، ژنوژنخوازیش ئەوەندەی کە

خزمایەتییەکانمانی چڕتر کردبووەوە.
دەمێ بوو من دڵم بە خـونچـەی سـەعـەی ئامـۆزای باوکمەوە بوو، وەک باوکم دەیوت نیمچە داواکارییەکی کردبوو، باوکم ئەمەی بە گوێی سەعەی ئامـۆزایدا دابوو کە بە نیـازە خـونچـە بۆ من بخـوازێ، باوکم دەیوت خـوا هەڵناگرێ دیاربوو سەعە لە دڵەوە ئەمەی پێخۆش بووە، هەر ئەوەندەی وتووە کچ کچی خۆت و کوڕ کوڕی خۆت و خۆت گەورەی هەمووانی، چ بڕیارێک تۆ بیّدەیت من پێی ڕازیم و دەیخـەمـە سـەرچاوم، باوکم بەمـە زۆر دڵـی خۆشبـوو، دایکیشم تەمەنـنای ئەوەی دەکرد ڕۆژێ زووتر خونچە ببێتە بووکی و ڕۆژێ زووتر بنێرینە خوازبێنی و کـارەکـە ببـڕێنینەوە، هەرواش بڕیاربوو کـە عـەولی برا گەورەم لە شـار گـەڕایەوە کـە بە کـارێکی خـۆی چووبوو، ئەو کات کارەکە تەواو بکرێ و بنێرینە خوازبێنی خونچە.
کات بەرەو چێـشـتـەنگاو دەچوو، دنیـا تا دەهات بەرەو گـەرمی بـوو، تینوێتی زۆری بۆ هەمـوومـان هانیـبـوو، پووره ڕەحمە کە لە ڕیزی خونچە دانیشتبوو ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی:
– کەسێ قومێ ئاوی لەلا دەست ناکەوێ؟
ئەمـەی وت و ئیـتـر بێ دەنگ بوو، چاوەڕێی وەڵامێ بوو، کەسێ وەڵامی نەدایەوە، کەسێ ورتەی لێوەنەهات، ئەوەندەی پێ نەچوو هاواری لێ هەڵسـایەوە و ئەم جـارە بە دەنگی بەرز وەک ببـەوێ هەمـووان گـوێیـان لێـبـێت وتییەوە:
– کوڕە خۆ کـافرستـانی نییـە، ئادەی عـەزە گـیـان بەو شووشەیەی پشت سەرتدا بدە با ڕاوەستێ و قومێ ئاومان بەنێ.
مـام عـەلی مێردی کە لە تەنیـشت عـەزەوە دانیشـتبـوو ڕووی کردە پووره ڕەحمە و وتی:
– کـچێ ئەوە بۆ تۆ عـەقـڵت نییـە، تێکچـووی، یان خـڵـەفـاوی، ئەم کـافـرانە بۆ خـوا دەناسن، گـەر خـوایان بناسیایە ئە ئاوا هەمووما‌نینان بەم قرچەی گەرمایە لەماڵ و حـاڵی خـۆمـانی نەدەکـردین، ئە ئاوا وەک مـەڕو بزن، هەمـومـانیـان لەم زیلە نەگریسـەدا تێکنەدەخزان، خـوا دەزانێ بۆ کـوێمـان دەبەن و چیـمـان بەسـەر دێنن و دوارۆژمـان بەرەو چ ڕۆژێکی نادیارە، تۆش داوای ئاویان لێ دەکەی، ئەو هاتووە بۆ کوشتنی تۆ، تۆش داوای...
پووره ڕەحـمـە نەیهـێشت مـام عـەلی قـسـەکـەی تەواو بکات هەڵی دایەو وتی:
– چیـمـان لێ دەکەن، خۆ هەمـوومـان ناکـوژن، عـەلی گـیـان مـەترسـە تۆ ناکـوژن، تۆی پیـری بەسالاچوویان بۆ چییە، لاوە هەرزەکارەکان لەخۆیان بترسن، ڕاستە نەک تۆیەکی پیری بەسالاچوو، جا ها...
کەمێ ڕاوەستا، دیسان دەستی بە قسەکردن کردەوە:
– ها عەلی من چیم وت، بۆ خڵەفاوم هەر لەبەر ئەوەی دەڵێم تینوومە، دەمەوێ قومێ ئاو بخۆمەوە، من دەزانم تۆش و هەمـوو ئەمـانەی لە تەکـمـانان هەر هەمـوویان تینوویانە و دەیانەوێت ئاو بخـۆنەوە، عـەلی بەلای تۆوە گەر پیاو ڕاست بڕوا خڵەفاوە؟
مـام عـەلی سـەرێکی بادا وەک لە دڵی خـۆیدا بڵـێت، هەیهـوو ڕەحـمە گـیـان من دەزانم تۆ ڕاست دەکـەی، بەڵام لەگەڵ ئەم زاڵمـانەدا چی دەکـەی، ئەمـانە ئەوەندە زاڵمن تەنانەت خواش ناناسن، ئەمـانە لە ئازاردانی ئێـمـە چێـژ وەردەگرن و کەیف خۆش دەبن.
لە پڕ زیلەکە بەو خێـراییـەی خـۆی و بە قـایم هەردوو تایەکـەی دواوەی کـەوتە ناو چاڵێکەوە و هەر یەکـەمـانی بستێک لە شوێنی خۆی بەرزکردەوە و بە قایم داینییەوە بەناو زیلەکـەدا و هەر هەمـوومـان ناوسکمـان کـەوتە خوارێ، لەگەڵیدا بێ دەنگییەک خۆی بەسەرماندا کێشا، کەرەتێکی دیکە چاوەکانی چەقینەوە نێو چاوەکانم، ئەم جارە لەگـەڵیدا هەستم بە ناز و خۆشەویستییـەک کرد، وەک خـەنجـەر دڵمی ئەنجن ئەنجن کـرد، کـە ئاوڕم دایەوە دوو دڵۆپ فرمێسکم لە چاوەکانی مام عەلیدا بەدی کرد، لەگـەڵیـدا سـەیرێکی من و خـونچـەی کـرد و سـەرێکی ڕاوەشـاند و ئاخـێکی دوورودرێژی هەڵکێشـا، من تاکـو ئەو کاتەش نەمدەزانی ئەو فرمێسک و ئاخەی مام عەلی بۆ من و خونچەیە.
لەپڕ یەک بەدوای یەک زیلەکـان خـۆیان کـرد بەسەربازگەیێکدا، دوای نەختێ هەموومانیان هانییە خوارێ و لە حەوشە گەورەکەی سەربازگەکەدا بە ژن و منداڵ و لاو و پیـرەوە ڕاوەسـتـاند، پاش کـەمێ ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە هات و چاوێکی پێدا گێڕاین و ڕۆیشت، دوا بەدوای ئەو، چەند چەکـدارێک چوار دەوریان گرتین و یەکێ بە کوردی هاواری کرد:
– ئەوەی بجوولێتەوە دەیکوژین، بە بێ دەنگی منداڵ بۆ لایەک، ژنی گـەنج بۆ لایەک، پیـرێژن بۆ لایەک،

پیرەمێرد بۆ لایەک، لاوە هەرزەکارەکان بۆ لایەک.

چەند سەربازێک کەوتنە جیاکردنەوەمان، دایکەکان کەوتنە پاڕانەوە و لالانەوە و پەلەقاژێ بۆ منداڵەکانیان، تا نەیانبەن و لە یەکیان جیا نەکەنەوە، بەڵام بێ سوودبوو، تەنیا منداڵە شیرەخۆرەکانیان دایەوە بە دایکەکان، هەر کۆمەڵە و کردیانینە بەنگەڵەیەکەوە، ئێمە کە لاوە هەرزەکارەکان بووین بەجیا کردیانینە بەنگەڵەیەکەوە، خڕ دەرگایان لەسەر داخستین، دەمەدەمی ئێوارە بوو، گونییە سەموونی ڕەق و تەنەکەیەک ئاویان بۆ هانین، نە سەموونەکە لەبەر ڕەقی دەخورا و نە ئاوەکەش لەبەر گەرمی دەتوانرا قومێکی لێ بخۆیتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرمان برسی بوو، تینوێتییش زۆری بۆ هانیبووین، بە ناچاری سەموونەکەمان بە ئاوەکە نەرم دەکردەوە و دەمانخوارد، ئەو شەوەی لەو بەنگەڵەیەدا بردمانە سەر بۆ هەموومان شەوێکی زۆر ناخۆشبوو، نە من و نە ئەوانی دیکەش قەت ئەو شەوەمان لە یاد ناچێ، کە چەند شەوێکی پڕ لە ناخۆشی و نەهامەتی بوو، کەسێ نەیدەزانی داهاتوو چییە و بەرەو کوێ دەچێ، خەمی کەسوکار و دایک و باوکیش لەولاوە بووەستێ، هەر یەکێ لە ئێمە خەمێکی قورس سەر دڵی گرتبوو، لەو کاتانەی لە یەکیان جیاکردینەوە کەس ئاگای لەوی دیکە نەمابوو، نەشیدەزانی ئەوی دیکە چی بەسەرهاتووە، هەریەکە لەلایەن خۆیەوە لەبیرێکی قووڵی خۆیدا بوو، تەنانەت کەس لەگەڵ ئەوی دیکە نەدەدوا، دواکات هەمووومان بەبێ ئاگا، هەریەکەمان لە شوێنی خۆی خەوی لێکەوت.

ئەو شەوە خەوم دی، لە خەوەکەمدا لەناو دێکەی خۆماندا دەسووڕامەوە، لە پڕ خونچەم دی لەسەر بانیژەکەی خۆیان مەشکە دەژەنێت، کاتێ خۆم دییەوە لەبەردەمی خونچەدا بووم، بەو دەستە خرپنانەی کە پڕ بوون لە بازنی هەمەڕەنگ، بەدەم زەردەخەنەوە جامێ دۆی لە مەشکەکەی ڕۆکرد و دایە دەستم، منیش جامەکەم لێ وەرگرت و چاوەکانم بڕییە چاوە جوانەکانی و لەگەڵیدا جامە دۆکەم نا بە سەرمەوە تا دوا قومی دۆکەم خواردەوە، لەو کاتەدا دەنگی کردنەوەی دەرگای بەنگەڵەکە دایچڵەکاندم، کاتێ چاوەکانم کردەوە لەوە دەچوو تازە دنیا ڕووناک بوویێتەوە، هەمووومانیان هەستاند و سواری چەند زیلیکیان کردین و بردیانین، چەند ڕۆژێ بە ڕێگاوە بووین تا گەیشتینە ئێرە، ئێرە پێی دەڵێن نوگرە سەلمان، کاتی خۆی بەندیخانە بووە و ئێستاش ئێمەی تێدا دەژین و شوێنی ئێمەیە، گەرماکەی پێستی لەش هەڵدەقرچێنێ، ئێمە کە گەیشتین خەڵکێکی زۆری لێبوو، کە پێش ئێمە بۆ ئێرەیان هانیبوون، لەو ڕۆژەوە بۆ ئێرەیان هێناوین هەواڵی کەسوکارمان نازانین، بەریان داون، ماون، نەماون، کەسێ نییە بزانێ ئەو خەڵکەی بەجێمان هێشتن چییان بەسەرهات؟


ئێرەش ژیانێکی پیسی پڕ لە نەهامەتی و ئازار و برسێتییە، ڕۆژانە چەند کەسێکمان لێ دەمرێت، ئەوەشی بمرێ فڕێی دەدەنە بەردەم ئەو ڕەوە سەگە ڕەشەی کە هەمیشە لە چاوەڕێی لاشەی تازەدان، ئەو بەیانییە منداڵێکی ساوا کە تازە لە دایک ببوو، لە کۆشی دایکیدا بەدەم گریان و ئازار و برسیتییەوە گیانی دەدا، هێشتا نەمردبوو، کە بەزۆر لە کۆشی دایکیان دەرهانی و بە بەرچاوی دایکی و هەمووانەوە فڕێیان دایە بەردەمی سەگە ڕەشەکان، ئەوانیش خێرا تێی کەوتن، هەر پارچەی بەدەم سەگێکیانەوە بوو، دایکەکە لەتاوا هەر هەڵدەپەڕی و لەخۆی دەدا، وەک شێتی لێهاتبوو، شەوانە بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد، شێتی شتێکی ئاسایی بوو، ئێمە هەمووومان شێت بووین، چونکە هەمووومان شێت بووین، کەسمان هەستمان بە شێتیی ئەوی دیکەمان نەدەکرد، کەسمان تاقەت و توانای هیچمان نەمابوو، دنیا لەلامان کا و با بوو، کەسێ بە تەمای خۆی و سبەینێ نەبوو، مان و ژیان و نەمانمان وەک یەک وابوو، بگرە هەمووومان تەمەننای نەمانی خۆمان دەکرد لە دەست ئەو ژیانە پڕ لە کارەسات و ئازار و نەهامەتییە، ڕۆژانی ئێمە پڕ بوو لە چەرمەسەری، لە کوشتن، لە لێدان و هێرشکردنە سەر نامووس و جنێو و ئازاردان، ئێمە ڕۆژانە چەند جارێ دەمردین و لە ناخی خۆماندا دەتواینەوە، ژیان خۆی چییە.. مردن گەلێ لەم ژیانە خۆشترە، پیاو لە کاتی وادا لە بێ دەسەڵاتی خۆیدا هەر دەبێ تەمەننای مردن بکات، چونکە دەسەڵاتی هیچت نییە، ئەم هەمووو زوڵم و زۆردارییە بە بەرچاوتەوە دەکرێ، تۆش دەستەوسان هەر دەبێ سەیر بکەیت و خۆت لە ناخی خۆتدا خۆت بخوێتەوە، لە بێ دەسەڵاتیی خۆتدا ئەم دنیایە بەلاتەوە پووشێکە و نرخێکی نییە.

ئەم بەیانییەش وەک هەموو بەیانییەکانی دیکە چەند کەسێکیان لێ جیاکردینەوە و بردیانن، ئەمە پیشەی هەموو ڕۆژێکیان بوو، هەموو بەیانییەک بەتەمای ئەوە بووی تۆش لەگەڵ کۆمەڵێکدا بەرن.. بۆ کوێ؟ کەسێک نەیدەزانی، ئەوەندە نەبێ دەیانوت ئەمانە دەبەن بۆ ئەوەی چەکی کیمیاوییان لەسەر تاقی بکەنەوە، تا بزانن چۆن دەمرن و کاریگەریی لەسەر لاشەیان چییە، خەڵکەکە دەیوت چەکی کیمیاوی وەک دووکەڵ وایە دەیکەن بەسەر و چاوتدا، تا بزانن کێ زووتر دەمرێ و کێ بەتوانایە و بەرگەی دەگرێ.

ئەو ڕۆژە عەولی برا گەورەشم لەگەڵ ئەو کەسانەدا بوو، کە جیایان کردبوونەوە تا بیانبەن، پێش ئەوەی بیانبەن باوەشمان بە یەکدا کرد و تێر تێر بەسەر یەکدا گریاین و خوا حافیزیمان لە یەکتری کرد، عەولی برا گەورەم لەکاتی خواحافیزیدا هەر ئەوەندەی وت ئەگەر ماڵ و منداڵەکەمت دییەوە ئاگاداریان بە، وەک باوک سەرپەرشتییان بکە، دەزانم نایەمەوە، لە زمان منەوە خوا حافیزی لەدایک و باوکم بکە، پێشیان بڵێ با گەردنم ئازاد بکەن، ئەمەی وت و چاوەکانی پڕبوون لە ئاو و فرمێسکەکانی چۆڕاوگەیان بەست و بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتنەخوارێ، بەدەم خۆشە تۆ برا گەورەی خۆت بەرەو مردن و سەفەری نەگەڕانەوە بەڕێکەیت، ئێستاش لەبەر چاومە تا ئەو کاتەی عەولی برام سواری زیلەکە بوو هەردوو چاوی بڕیبووە منەوە، بەڵام منێکی بێ دەسەڵات، لە فرمێسک و خەم خواردن چیدیکەم دەسەڵاتە؟

ئەم بەیانییە چەند ژنێکی پیروگەنجیان جیا کردەوە بۆ ئەوەی بیانبەن، من و چەند کەسێکی دیکەشیان جیاکردەوە تا بمانبەن، بەڵام نازانم هۆی چی بوو، ئێمەیان بۆ سبەینێ هێشتەوە، تەنیا ژنەکانیان برد، ئەوەتا من و ئەو چەند کەسە هەر ئەم شەومان لێرە ماوە و نازانین سبەینێ بەرەو کوێ و بۆ چ لایەکمان دەبەن، هەرچۆنێ بێ منیش وەک ئەوانی دیکە دوای بردنم لەبیر دەکرێم و کەسێک نییە خەمێکم بۆ بخوا، بەو داخەشەوە سەر دەنێمەوە کە تا ئەمڕۆکەش نازانم خونچە و کەسوکارەکەم لە کوێن و چیان بەسەرهات، من تەنیا ئاواتم ئەوەبوو بۆ دواجار چاوەکانی خونچە ببینمەوە.

**٢٠٠٣/٣/٢٢**



# دووکەڵ

ناسر ڕەسوڵی
(بۆکان)

١- دووکەڵی سیگارەکەم ڕاست و باریک لە سیگارەکەم جیا دەبۆوە. هەرچی دوورکەوتەوە پانتر دەبۆوە، بڵاودەبۆوە و لوولی دەخوارد و لەگەڵ دووکەڵی سیگاری ئەو نەفەرەی پەنا من تێکەڵ دەبوون و لەگەڵ دووکەڵی سیگاری ئەوەی پەنا وی تێکەڵ دەبوون و لەگەڵ دووکەڵی سیگاری ئەوەی پەنا ویش تێکەڵ دەبوون و لەگەڵ دووکەڵی سیگاری هەموو ئەوانەی لە چایخانەکە دانیشتبوون تێکەڵ دەبوون و لەبن میچی چایخانەکە هەموو یەکیان دەگرتەوە و بە کۆمەڵ لە دەرگای ژووری چایخانەکەوە دەچوونە دەرێ و لە کۆڵانەکە لەگەڵ دووکەڵی سیگاری تەواوی خەڵکی شار یەکیان دەگرتەوە و بە ئاسمانی شاردا بەرەو شارەکانی تر دەڕۆیشتن و لەگەڵ دووکەڵی سیگاری خەڵکی شارەکانی تر یەکیان دەگرتەوە و بەسەر تەواوی وڵاتدا بڵاودەبوونەوە.

٢- لە کورتە نامەیەکی مۆبایلدا بە شۆخی بۆ هاوڕێکەمم نووسی: دەڵێن ئەمشەو دوژمن بە دەزگا دووکەڵێکی بێ ڕەنگی وەک دووکەڵی سیگاری بەسەر وڵاتدا بڵاوکردووەتەوە، کە کاریگەری لەسەر ژنانی دووگیان هەیە بەشێوەیەک کە تازە هیچ منداڵێک بە زیندوویی لە دایک نابێت.

هاوڕێکەم کورتە نامەکەی منی بۆ هاوڕێیەکی تری نارد و ئەویش بۆ هاوڕێیەکی تری و ئەویش بۆ هاوڕێیەکی تری ناردەوە و تا کەمتر لە بیست خولەک ئەو کورتەنامەیە لە سەر مۆبایلی هەموو خەڵکی شار بڵاوبۆوە.

٣- ناو چایخانەکە هەشت، یان نۆ کەسی تێدابوو. هەریەک و دووان پێکەوە دەدوان و باسی کێشەی جۆراوجۆریان بۆ یەکتر دەکرد.

دوایین پۆکم (قومم) لە سیگارەکەم دا و لەناو ژێر سیگارییەکەدا کوژاندمەوە. پانم کردەوە و دووکەڵەکەیم خنکاند و

چیدی نەمهێشت لەگەڵ دووکەڵی سیگاری کەس تێکەڵ بێ.

هەستام کە لە چایخانەکە بێمەدەرێ لە پشت سەرمەوە گـوێم لە دەنگی مـۆبایلی کـەسـێک بوو (دن دن) کورتەنامەی بۆ هات. بە دەنگێکی بڵند خوێندییەوە تا هەموو ئەوانەی لە چایخانەکە بوون گوێیان لێ بێ.

لە کورتەنامەکەدا نووسرابوو: دەڵێن ئەمشەو دوژمن بە دەزگا دووکەڵێکی بێ ڕەنگی وەک دووکەڵی سیگاری بەسەر وڵاتدا بڵاوکردووەتەوە کە کاریگەری لەسەر ژنانی دووگیان هەیە، بەشێوەیەک کە تازە هیچ منداڵێک بە زیندوویی لەدایک نابێت. خاوەن چایخانەکە بە بیستنی ئەم هەواڵە پەشۆکا! من لە چایخانەکە هاتبوومە دەرێ.

٤- کـاتژمـێـر دووی نیـوەشـەو هاوسـەری خـاوەن چایخانەکە لە نەخۆشخانەی گشتی شار دوای نۆ مانگ دووگیان بوون، منداڵی بوو.

منداڵەکە بێ عەیب بوو. خاوەن چایخانەکە بیری لە دووکەڵەکەی دوژمن دەکردەوە کە کاریگەریی لەسەر منداڵەکەی ئەو نەبووە و لە خۆشیدا پڕ بەو هۆڵە چۆڵەی نەخۆشخانە قاقایەکی پێکەنینی دایەدەر و تێکەڵ بە قاقای پێکەنینی ئەوانی کە بەر لەو، لە شەوانی پێشتر لە ساڵانی پێشتردا لەوێ قاقایان کێشاوەی کرد.

قاقاکان لەبن میچی هۆڵەکە یەکیان گرتەوە و تێکرا بە کۆمەڵ خۆیان بەدیواری هۆڵەکەدا دا و پاشان هەموو لێک بڵاوبوونەوە و چاوەڕوانی ڕۆژێک بوون کە بتوانن یەک بگرنەوە و لەو شوێنە بچنە دەرێ.

٥- کورتەنامەیەک لەسەر مۆبایلی خەڵکی شار لە هاتوچۆدا بوو، هەرکەس لەلایەن هاوڕێیەکییەوە بە دەستی دەگەیشت و پاشان بەخۆشی دەینارد بۆ هاوڕێیەکی تری و ئەویش دەینارد بۆ هاوڕێیەکی تری و هەموو خەڵکی شار بەم شێوەیە ئاگادار بوونەوە کە: (ناوەرۆکی کورتەنامەکە) بەم شێوەیە سەرجەم هاووڵاتیانی خۆشەویست ئاگادار دەکەینەوە کە ئەو دووکەڵەی وا دوژمن شەوی ڕابردوو بەسەر وڵاتەکەماندا بڵاوی کردووەتەوە کاریگەریی لەسەر ژنانی دووگیان هەیە، بەشێوەیەک کە تازە هیچ منداڵێک لەم وڵاتەدا بە زیندوویی لە دایک نابێت و ئەگەریش بە سەلامەت لە دایک بێ، زیاتر لە دە ڕۆژ ناژی، ئەو کورتەنامەیە بەدەست خاوەن چایخانەکەش گەیشت.

... دووکەڵە سیگارەکان ڕێگەی دەربازبوونیان دیتەوە بۆ هەموو قاقاکان وا لە نەخۆشخانەکانی وڵاتدا مابوونەوە، قاقاکان بەسەر تەواوی وڵاتدا بڵاوبوونەوە و سەرجەم خەڵکی وڵات بیستیان و وایان زانی ئەوە دوژمنە کە بە دەزگا هاتووەتە سەر ئاسمانی وڵاتەکەیان و بەم شێوەیە پێیان پێدەکەنێ.

**پاییزی ١٣٨٩ (٢٠١٠ز)**



# شەڤا دژوار

موساب یابراک*

ڕۆژ هێدی هێدی وەندا دبوو ژ پێش چاڤێ من. گاڤا کو وەکە تەپسییەکێ سۆر دبوو و تیرێژێن خوە ددا دۆرا خوە، دلگەشیکە مەزن دگرت هەر دەرێن لاشێ من. ئەز پڕ کامران دبووم ب تیرێژێن تاڤێ. من دگۆت قەی مرۆڤێن دۆرا من ژی وەر کامران دبوون گاڤا ل وی تشتێ ڕۆمانتیک دنێڕین. تەور گاڤا کو تیرێژان ل بەحرێ دخستن و ئەو قاس وان ل چاڤێ مرۆڤ دکەتن تشتەکی پڕ رندتر دهات هۆلێ. من دگۆت قەی ئەز د خەون و خیالان دە مە. داخوازیا من ئەو بوو کو ئەز ژ ناڤ خیالان دەرنەکەڤم، ژ وان نەقەتم.

ئەز ژی نزانم چاوا چێبوو، من ژ نشکێ ڤە چاڤێ خوە زڤڕاند و من ل دۆرا خوە تەماشە کر. من دیت کو چەند مرۆڤ هەبوون، وان ژی وەکە من ل تیرێژکێن تاڤێ دنێرن. هنەک ژ وان پڕ کەیفخوەشبوون، پەی ڕە حەنەک دکرن و دکەنیان ب دەنگەکی بلند. لێبەلێ هنەک ژ وان پڕ کوور ڕامان دکرن. زەحف دپۆنژین. وەک هاوێ چاڤێ وان ل نقتاک بەحرێ کەتبە و ژ بۆ کو وێ وەندا نەکەن، چاڤێ خوە زق پێ ڤە گرێدابن ل بەحرێ دنێرین.

دلێ من پڕ داخواز کر کو من پێ بزانیبا بێ کا ئەڤ کۆما مرۆڤان یا دووەم ل سەر چ مژارێ ڕامان دکن. ژ بۆیی چ وا کوور دفکرن. ئەولی من گۆت ئەز هەڕم با وان، ژ وان پرس بکم کو ل سەر چ دپۆنژن. ئەز ژی ببم شریکێ ڕامانا وان. دووڤ رە من بڕیارا خوە دا، ئەزێ ژ وان پرس نەکم و خوە ب خوە ئەزێ ب حالێ وان دەرخم. وێ گاڤێ ئەزێ بێپرس ئەزێ بزانبم کو ل سەر چ ڕامان دکن.

من ژی وەکە وان چاڤێ خوە جتی بەحرێ کر و ل بەحرێ مێزە کر. لێبەلێ من بەحر وەکە جارا ئەولی نەدیت. تیرێژێن تاڤێ ژ زوودە وەندا ببوون. بەحر "ڕەش" ببوو. پێلێن وێ ڕەو ڕەو ددا بەر چاڤێ مرۆڤ. من چاڤێ خوە جاردن گەڕاند ژ تیرێژێن تاڤێ. دیسا من تو تشت نەدیت. ژ نشکێ ئەز ڤەجنقیم. ترسەک گران کەت دلێ من. وێ گاڤێ من فێهم کر

کو ئەو مرۆڤ ل سەر چ دفکرن.

ب وەندابوونا تاڤێ، شەڤێ خوە بەرددا سەر بەحرێ، سەر وان مرۆڤان، سەر ڤی بازارى. وێ دیسا هەموو کەس بچوونا جهێ خوە، مالا خوە، وارێ خوە...

وێ تاریبوونێ زەحف بکرا سەرێ سکانان. وێ مرۆڤ تەنێ بمانا د ناڤ شەڤێ دە. کەسێ نەما پێش خوە ددیت ژ بەر تاریبوونێ و ئەوێ عاجزبوونێ بگرتا سەر لاشێ مرۆڤ. ترسەک جاویدان کەتبوو دلێ من. دلێ من ب تەپە ـ رەپ بوو. شەڤ دمەشیا سەر من، گاڤا کو ئەز ژ بەر وێ درەڤیام. من دیت کو ئەز کەتمە همبێزا ترسێ، هشێ من مچقی بوو وێ گاڤێ وەکە جەمەدێ دادکەت سەر من شەڤ.

ژ نشکێ ڤە ئەز رەجفیم، ترسیام لەرزیم. دینا کو من دیت هەو ئەز تەنێ مامە د ناڤ لەپوشکێ شەڤێ دە. هێسترێ من نقوت ـ نقوت دادکەتن، هندورێ دلێ من.

دلێ من خوە وەندا کربوو د ناڤ دەستێ شەڤێ دە. شەڤەکا سار، شەڤەکا دژوار. ئەز تەنێ مابووم د ناڤا شەڤێ دە، ب نالین، ب هێستر، بێکەس و بێیار.

**– ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (ئانتۆلۆژیا چیرۆکێن نووبهارێ) رووپەلێن (١٧٤-١٧٦) هاتیە وەرگرتن، کو ئامادەکارێ وێ (ئایهان گەڤەری) یە و دناڤ پەرتووکێن کوردی یێن وەشانخانەیا نووبهارێ رێزا (٣٣) ێ وەرگرتیە. چاپا یەکەمینا ڤێ پەرتووکێ ل سالا (٢٠٠٨)ێ ل ستەنبۆل چاپبوویە.**

*** ئامادەکارێ پەرتووکا (ئانتۆلۆژیا چیرۆکێن نووبهارێ) کورتەیەک ژ ژیانا هەموو چیرۆکڤانێن بەشداری د بەلاڤکرنا بەرهەمێن خوە د (١٠٠) هەژمارێن گۆڤارا نووبهارێ دە کری نڤیسیە، لێبەلێ دەربارەی (موساب یابراک) وەها دبێژە: (مە د دەهەقێ ژیانا ڤی چیرۆکڤانی دە چ ئاگاهی دەست نەئێخستن ...). ئەڤ تاراتییە ژی ل بارەی ئەڤی چیرۆکڤانێ دەستهەل دژڤریتەڤە بۆ ئەوان بارودۆخێن گۆڤارا (نووبهار) تێدا دەردچووی هەر ژ هەژمارا (١)ێ ل سالا (١٩٩٢)ێ هەتا هەژمارا (١٠٠) ێ ل سالا (٢٠٠٦)ێ. لێبەلێ دەلیڤێن ئایندە بایێ هەندێ هەنە کو رۆناهی بکەفتە سەر گەلەک ئالیێن ئەدەبیاتا کوردی.**

**«رامان»**



# دوو کیلۆمەتر

**نووسینی: هێلە هێلە(١)**
**لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود**
**(دانیمارک)**

شەوی هەینی (ئەنەس) لە خەوێ واگا دێنم، چونکە گوێم لە گریانێکە لەو گۆڕەپانە بچووکەی دەکەوێتە نێوان شوقەکانەوە، گریانێکی بەردەوام و بە دەنگێکی بەرزی ئەوتۆ، لە دەنگی ئەسپێک دەکا کە ددانەکانی گڕ کردبێتەوە و بەردەوام بپرمێنێ.

هەردووکمان لە خەو هەڵدەستین و دەچینە لای پەنجەرەکەوە: لەسەر ڕۆخی شۆستەکە ژنێک دانیشتووە و سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردۆتەوە، دەستەکانی بۆ ئەم لاو ئەو لای خۆی واڵا کردووە.

پێدەچێ نەخۆش بێت، ئەم قسەیە بە (ئەنەس) دەڵێم، لە کاتێکدا ئەو خەریکە پاڵتۆکەی لەبەر دەکات. من دەڵێم: نەخۆشە، لەو بارەی ئێستایدا، بە دووری مەزانە هەرچی بە مێشکدا بێت بیکات.

(ئەنەس) دەڵێ: بەو ڕادەیە خراپ نییە، ئەمە دەڵێ و لە دەرگاکە دەچێتە دەرەوە.

لێم دیارە (ئەنەس) لەبەردەمی ڕادەوەستێ. ئەویش دەستەکانی شۆڕ دەکاتەوە. گریانەکە دەوەستێ. (ئەنەس) لەسەر شۆستەکە هەڵیدەسێنێتەوە. ژنەکە دەیەوێ ماچی بکا و ئەویش دەست بە ڕوویەوە نانێ. (ئەنەس) پاڵی پێوەدەنێ تا لەخۆی دوور بخاتەوە و ژنەکە دەکەوێتە ڕاکردن بە شەقامەکەدا.

(ئەنەس) دێتەوە ژوورەوە. خۆی بوو؟ من دەپرسم. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: نا، ئەو نەبوو. پیرەژنێک بوو هەرگیز پێشتر نەمدیوە.

دەچینەوە ناو جێ. سێ چارەکی دەوێ. پاڵدەکەوین و خۆمان لەسەر تەختەکە وەردەگێڕین. دەنگی گرەگری ڕادێتەرە(٢) کارەباییەکە دێت. (ئەنەس) هەڵدەستێ و دەیکوژێنێتەوە. لەسەر لێواری تەختەکە دادەنیشێ. من دەڵێم: ئەو پیرەژنەی توانی ناچاری بکات ماچی بکات، دەبێ زۆر بە هێز بووبێت.

(ئەنەس) دەپرسێ ئاخۆ ئارەزووم لێیە بچینە هۆڵەکە و بیرەیەک بخۆینەوە. خەوی لێناکەوێ.

من دەپرسم بۆچی مــــاچی کـــــرد. ئـەویش دەڵـێ: پیرەژنێکی بەسەزمان بوو.

هەریەکــەمــان لەســەر کــورســـیـــەک پان دەبینەوە و دەخۆینەوە. (ئەنەس) تەلەڤزیۆنەکە هەڵدەکا. یارییەکی بۆکسێن پیشـان دەدەن. داوای لێدەکەم بیکوژێنێتەوە. تاقەتی ئەوەم نییە تەماشای شەڕەمست بکەم، چونکە وام لێـدەکـا هێندەی تر وەئاگـا بێم. تەلەڤـزیۆنەکـە دەکـوژێنێـتـەوە. من دەپرسم: پیـرەژنەکـە چۆن دەهاتە بەرچاو. ئەو دەڵێ: وابزانم کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردا بوو. مـن دەڵێم: وادیارە پاڵـتـۆ و چاکـەت و شـتـی وای لەبەر نەبوو، ئەگینا تۆ کراسەکەیت نەدەبینی. (ئەنەس) دەڵێ: نا لەبەری نەبوو. دوور نییە خڵەفا بێ.

من دەپرسم: ناخۆش نەبوو پیرەژنێکی خـڵـەفـاو مـاچ بکەیت. ئەو دەڵێ: وەک ئەوە وابوو داپیـری خـۆت مـاچ بکەیت. من دەپرسم: بۆنی چی لێــدەهات. ئەو دەڵێ: بەڕاستی بیری لەمە نەکردۆتەوە.

ژنەکــە لەم ناوە نەمــاوە، بـۆیە ئەو تێناگــا بۆچی من نایبیرمەوە و هەر باسی دەکەم.

من دەڵێم: سەیرە، من بە هیچ جۆرێک پێم وا نییە ئەو ئافرەتە لە پیرەژن بکات. دەنگی گریانەکەی زۆر باریک و نەپچڕاوە بوو. پیـرەژن ئەو هەمـوو هەوایەیان لە نێـو سـیـیـەکـاندا نیـیـە. (ئەنەس) دەپرسێ مـادام ئەوەندەم مەراقە، بۆچی سواری پاسکیلەکەم نابم و دوای کـەوم. ئەوسا تێدەگەم تەمەنی چەندە.

من بە (ئەنەس) دەڵێم باشـتـر نیـیـە خـۆت سـواری پاسکیلەکەت بیت و بە نێو شاردا لێبخوڕیت. کە لەو سـەری شـار دەرچوویت، دوو کـیلۆمـەتری تر لە ڕێگای دێهــاتەکـان بەردەوام بە. ئەوسـاکــە دەگـەیتــە بەردەم خـانوویەکی زەرد. لە دەرگـای خـانووەکـە بڕۆ ژوورەوە و جارێکی تر مـاچی بکە. دیارە (ئەنەس) هێشـتـا زۆری حەز لێیە، ئەوە نییە لەبەر چاوی من ماچی دەکـا، هەر تەنیا لەبەر ئەوەی لەوێ دانیشتووە و خۆی شێت کردووە و وا تێدەگا لە فیلمی سینەمادایە.

ئەو ژنە هەر دەتگوت ئەســپــە، ئەمــەی پێ دەڵێم و لاسایی دەنگەکەی دەکەمـەوە. (ئەنەس) هەڵدەستێتـە سـەرپێ، دەچێـتـە ژووری نووستن، جلەکـانی دەگـۆڕێ و دێتەوە، کلیلەکانی هەڵدەگرێ و دەرگاکە بە دوای خۆیەوە پێوە دەدا.

ڕۆژی دواتر من درەنگ لەخـەو هەڵدەسـتم و دەچمــە هۆڵەکەوە. (ئەنەس) لەسەر قەنەفەکە دانیشـتـووە. من لێی دەپرسم ئاخـۆ ئەو شـەوە باش نووسـتـووە. دەڵێ ئەمشەو خەو نەچووەتە چاوییەوە. بەلای کەمەوە پەنجا کیلۆمەتر پاسکیلی لێخوڕیوە، چونکە زۆر تووڕە ببوو. ئێستا هەموو ئازای لەشی ژان دەکا. چەند دانە حەبێکی ئازارشکێنی قـووت داوە و وا دانیـشــتـووە چاوەڕوانی ئەوەیە کاریگەریی حەبەکان دەرکەوێ.

من لێی دەپرسم ئاخـۆ لەم شـەوەدا چوو بۆ لای ژنەکـە. ئەو دەڵێ، ئاخـۆ بەڕاستی پێـویست دەکـا جـارێکی تر هەمــووی دووبارە بکەینەوە. ئەو پەنجـا کـیلۆمــەتر بە پاسکیل ڕۆیشتووە، چونکە تووڕە بوو. بێجگە لەوەش، ئەوە چوار مـانگ زێتـرە سـەردانی ئەو ژنەی نەکـردووە. ئیـتر کـاتی ئەوەیە من تێبگەم. من دەستێک دەگـەیەنمە قـۆڵ و باسکی. ئەویش دەڵێ، ئیـتر مەسـەلەکە ئاوایە و ئەوەی ماوەتەوە لەسەر منە.

بەڵام مـن دەبێ بـاوەڕ بکەم، ئەو کـەسـەی ئەو شـەوە دانیشتبوو دەگریا، پیرەژنێک بوو.

لە پاش نیـوەڕۆی ڕۆژی شەممە، لە کـاتێکدا (ئەنەس) قـەرەبووی ئەو خـەوە دەکـاتەوە کە لە کـیـسی چووە، من لەشـار دەردەچم و ڕێگای دێهـاتەکـان دەگـرمـەبەر و بۆ ماوەی دوو کیلۆمەتر دەڕۆم. تێبینی دەکەم چەندین جۆر گژ و گیای لە باخچەکەی چاندووە، کە وەک بەهارات بۆ چێشت لێنان بەکاردێن. ئەو تێبینییەی خۆمی پێدەڵێم کاتێ دەرگاکەم لێ دەکاتەوە.

پێی دەڵێم، تۆ چەندین گـژ و گــیــای جـۆراوجــۆر و جیـاوازت هەیە و هێـمـایان بۆ دەکـەم. ئەو دەڵێ، زۆری حەز لێـیـە بەهارات لە چێشت بکات. من دەپرسم، ئایا ئێستا خەریکی نانخواردنە. نەخێر، خەریکی نانخواردن نییە. ئەوەی ڕاستی بێ، دانیشتووە و خەریکی گفتوگۆیە بە تەلەفـــۆن. من دەڵێم، بڕۆ ژوورەوە و لە تەلەفـــۆن کردنەکەت بەردەوام بە، من لێرە لە باخچەکەی پێشەوە چاوەڕێ دەکەم.

لە پەنجـەرەکەوە دەیبـینم بەڕاسـتی وا لە تەلەفـۆن قسـە دەکات. سەری دەلەقێنێ و دەستەکانی دەجووڵێنێ، وەک ئەوەی ئەو کەسەی لەگەڵی لە گفتوگۆدایە، بیبینێ. ناوە

ناوە لە دەرەوە سەیرێکی من دەکا.
من کەمێک زەعتەر لێدەکەمەوە و لە نێو پەنجەکانما هەڵێدەگوشم و بۆنی دەکەم.
ئەو دێتە دەرەوە و پێم دەڵێ، دەتوانم هەندێک بۆخۆم ببەم ئەگەر حەزبکەم. من پێی دەڵێم، خۆشبەختانە من مەقەسێکم لەگەڵ خۆم هێناوە. هەندێک ڕەیحانە بە مقەس دەقرتێنم و لێم پرسی لەگەڵ کێ لە تەلەفۆن قسەی دەکرد. لەگەڵ باوکی قسەی دەکرد، تازە خراوەتە نەخۆشخانەوە. من دەپرسم، چییەتی. ئەو دەڵێ گورچیلەکانی تەواو نین. من دەپرسم، ئاخۆ دەتوانی وەک ئەسپ بحیلێنێ. ئەو دەڵێ، وەک ئەسپ. من دەڵێم، وەکو ئەسپێک ددانەکانی گڕ کردبێتەوە. ئەو لەو باوەڕەدا نییە بتوانێ. من تکای لێدەکەم تاقیکاتەوە. ئەو تێناگا بۆچی دەبێ وابکا. من بەرەو ڕووی دەچم. پێی دەڵێم، وەک ئەسپ بحیلێنە و لە هەمان کاتدا خۆم لاسایی دەنگی حیلە دەکەمەوە. ئەو پشتاوپشت دەکشێتە دواوە، دەنگێکی نزمی لێوە دێ کە لەدەنگی ئەسپ دەکات و دەرگاکە لەدوای خۆی دادەخات.
کە دێمەوە ماڵەوە، (ئەنەس) لە هۆڵەکە دانیشتووە. بە هیچ جۆرێک خەوی لێنەکەوتووە. ماسوولکەکانی قاچی نەیانهێشتووە خەو بچێتە چاوییەوە. ئەو دەڵێ، حەبەکان هیچ سوودیان نییە. من دەڵێم، لەوانەیە کەمێک شەرابی سوور لەگەڵ خواردن باش بێت. خواردنێکی (پاستا) بە بەهارات دەخۆین.
لەو کاتەی من لە ناندینەکە ڕادەوەستم و خەریکم سەوزییەکان قاش دەکەم، ئەو دێت و لەدواوە باوەشم پێدا دەکا. دەڵێ، هەندێ جار حەز دەکا دەستەکانی لەسەر قوڕگی خۆی دانێ و توند ڕایگوشێ. من دەڵێم، مرۆڤ بەم جۆرە نامرێت. ئەو دەڵێ، چاکە، ئەو زێتر حەز دەکا لێرە لەگەڵ من بووەستێ و لەژێر بلووزەکەم دەست بگەیەنێتە مەمکەکانم. من خۆمی بۆ شل دەکەم و ئاوێک بە کەرەوزەکەدا دەکەم. دەستەکانی دەکێشێتەوە، چونکە لەو دەمەدا تەلەفۆن لێدەدا.
شێوە ئاخاوتنەکەی لەگەڵێدا، دەناسمەوە. وەڵامەکانی زۆر زۆر کورتن و هەموویان ڕەتکردنەوەن. دیارە ئەگەر ئەمە لە هەر گفتوگۆیەکی تردا بێت، زۆر نائاساییە، بەڵام بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، ئەم جارەیان نایەتە دەرەوە و لە دواوە ئامێزم تێوەربێنێ و دواتر بکەوێتە باسوخواسی شتی ڕۆژانەوە، وەک خانووەکە، یان ئوتۆمبیلەکە کە دەبێ چاک بکرێتەوە. لە جیاتی ئەوە، لەبەردەم تەلەڤزیۆن دادەنیشێ و کەناڵەکان یەک لەدوای یەک دەگۆڕێ.
کە دێمە ناو هۆڵەکەوە پێم دەڵێ، ئەمڕۆ چوویتە ئەوێ بۆ لای ئەو. ئەوەی ڕاستی بێت تۆ ئەمڕۆ چوویتە لای ئەو و هەڕەشەت لێی کردووە. من تێناگەم تۆ بۆ وات لێهاتووە.
من دەڵێم، نەخێر شتی وا نییە.
ئەو دەڵێ، تەلەفۆنی کرد و گوتی تۆ ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ لە نێو باخچەکەی ئەودا وەستاویت و مقەسێکت بەدەستەوە بووە.
من دەڵێم، ئەوە نەخۆشە و وڕێنە خەیاڵاتی نەخۆشیی بە مێشکدا دێت. لەو کاتەی تۆ خەریکی حەسانەوە بووی، من لای کۆنە دەستەخوشکێکم بووم و بەیەکەوە قاوەمان دەخواردەوە. فەرموو تەلەفۆنی بۆ بکە و خۆت دڵنیاکە ئەگەر حەز دەکەیت. تەلەفۆنەکەی بەدەستەوە گرتبوو و داوای ژمرەی تەلەفۆنی دەستەخوشکەکەمی کرد. ئەو دەڵێ، ئافرەتی نەفرەتی، دیارە ئەمە لە جیناتەکانەوەیە. تەلەفۆنەکە بە توندی دادەخاتەوە، بێ ئەوەی ژمرەکە لێبدات، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، دەستەکانی بە شووشەکەوە دەنێ.
من تەلەفۆن بۆ دەستەخوشکەکەم دەکەم، (ئەنەس) پرسیارێکی هەیە لێت، ئەمە دەڵێم و تەلەفۆنەکەی بۆ ڕادەگرم.
(ئەنەس) لە تەلەفۆنەکەدا دەڵێ، چۆنی باشی. حاڵ و ئەحواڵت چۆنە، خەریکی چیت؟ ماوەیەکی دووروودرێژ بێ دەنگی. ئنجا دەڵێ، ئەمەیان نوکتەیەکی ناخۆشە و تەلەفۆنەکە دادەخا.
(ئەنەس) دەچێ بخەوێ، بێ ئەوەی نانی ئێوارە بخوات. نایەتە بیری لە ژیانیدا ئاوا هەستی بە ماندوویی کردبێ.
من دەڵێم، پەنجا کیلۆمەتر پاسکیل بەشەو لێ مەخوڕە تا وات لێ نەیەت، بە تایبەت لە کاتێکدا تەختێکی نووستن لە چەندین جێگا لە چاوەڕوانندایە.
بەشی هەرە زۆری چێشتەکە بە تەنیا دەخۆم و دواتر فیلمێکی پۆلیسی لە تەلەڤزیۆن دەبینم. دوای ئەمەش دەنگ و باسە و ئنجا وەرزش. هەموو شەرابە سوورەکە

دەخۆمەوە. کە دەچم بخەوم، دەبینم (ئەنەس) هێشتا وەئاگایە.

من دەڵێم، بۆ نانووی؟

هەڵدەستێتەوە و چراکە هەڵدەکا. دەڵێ، بەڕاستی ئەو ژنەی دوێنێ شەو لەسەر شۆستەکە دانیشتبوو، خۆی نەبوو. ئەو ئافرەتە هەرگیز شتی وا ناکا. من دەڵێم، تۆش هەرگیز نەتدەویست ماچی بکەیت، منیش هەرگیز نەمدەویست هەڕەشەی لێبکەم.

ئەو دەڵێ، نەخێر، نەخێر بێ گومان تۆ شتی وا ناکەیت. من دەڵێم، نەخێر. دوا بەدوای ئەمە خێرا خەوم لێدەکەوێ. (٣)

**پەراوێزەکان:**

**(١) هێلە هێلە لە ١٩٦٥/١٢/١٤ لە شاری "ناکسکۆو" لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کتێبی بە ناونیشانی "نموونەیەک لە ژیان" بڵاو کردەوە. لەوساوە چەند کتێبێکی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە، لەوانە "پاشماوەکان" کۆمەڵە چیرۆک ١٩٩٦، "ماڵ و خانوو" ڕۆمان ١٩٩٩، "ئۆتومبێل و ئاژەڵ" کۆمەڵە چیرۆک ٢٠٠٠، "لێکدانەوەی ژیانێکی ناتاڵۆز لەگەڵ پیاوێک" ڕۆمان ٢٠٠٢، "دایکم لەسەر لقەدارێک گیری خواردووە" کتێبی منداڵان ٢٠٠٣، "ڕۆدبی - پوتگارتن" ڕۆمان ٢٠٠٥، "بۆ خوارەوە بۆ لای سەگەکان" ڕۆمان ٢٠٠٨، "پێویستە لە ڕانەبردوو بنووسرێت" ڕۆمان ٢٠١١.**

**ئاشنایەتیم لەگەڵ نووسینی ئەم نووسەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە ژمارە ٤٤ ی گۆڤاری "ڕامان" کە لە ٢٠٠٠/٢/٥ دەرچووە، کورتە چیرۆکێکی ئەم نووسەرەم بە ناونیشانی " ڕۆژی یەکشەممە سەعات ٣.١٠ ی دوای نیوەڕۆ" بڵاو کردەوە.**

**لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئێوارەکۆڕێکدا بە دیداری هێلە شادبووم. زۆر دڵی خۆش بوو کە زانی چیرۆکێکی ئەو کراوە بە کوردی و لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، زۆریشی پێ خۆش بوو کۆپییەک لە کوردییەکە لەلای خۆی هەڵگرێ. منیش دواتر کۆپییەکم بۆی نارد. ئەویش کۆمەڵە چیرۆکی "پاشماوەکان" و ڕۆمانی "ڕۆدبی- پوتگارتن" ی لە ٢٠٠٨/٦/٢ بە دیاری بۆ ناردم.**

**(٢) مەبەست لە ڕادێتەری ماڵ گەرم کردنەوەیە.**

**(٣) نووسەر لەم چیرۆکەدا شێوازێکی تایبەتی لە نووسین بەکار هێناوە کە دیالۆگی بەکار نەهێناوە، بەڵکو "من دەڵێم" و "ئەو دەڵێ" ی لە کاتی ڕانەبردوودا بەکار هێناوە، ئەگەرچی ڕووداوەکان بە گێڕانەوە دەخرێنەڕوو. ئەم شێوازە جۆرە سادەییەکی بەخشیوەتە نووسینەکە کە لە گێڕانەوەی منداڵ دەکا. نووسەر بەوە ناسراوە بابەتەکانی سادەن و باس لە پێوەندییەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەکەن.**

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب:( Rester پاشماوەکان)**

**ناوی نووسەر: Helle Helle**

**دەزگای چاپ: Samleren**

**بابەتی کتێب: کورتە چیرۆک (١٢ کورتەچیرۆکی لەخۆ گرتووە).**

**چاپی نۆیەم، ٢٠٠٦، (چاپی یەکەمی لە ١٩٩٦ بڵاوبۆتەوە)، دانیمارک.**



## محەمەدی مەلا کەریم:
## دەبێ هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە هەوڵ بدات بۆ ڕاستکردنەوەی زمانی خۆی.. سەردەمی شاعیرانی وەک نالی و کوردی و سالم و مەحوی و شێخ ڕەزاش بەسەر چووە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(بەشی سێیەم و کۆتایی)**

محەمەدی مەلا کەریم (کاکە حەمە) نیو سەدە زیاترە لە بواری نووسینی کوردی و عەرەبیدا خەریکی خزمەتکردنە، ئەو لەگەڵ فاتیح عەبدولکەریمی کاکیدا دەستی ڕاست و چەپی زانای ئایینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بوون، کە بە هەرسێکیان توانییان لە بەرگێکی نوێدا شاکاری شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک (نالی) و (مەولەوی) و (مەحوی) پێشکەش بەخوێنەرانی کورد بکەن و ساغیان بکەنەوە و لە بارەیانەوە بنووسن.

کاکە حەمە بە درێژایی تەمەنی نووسینی خۆی زۆر کتێبی لە بوار و کایەی جیاجیادا خستووەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە لەوانە: (فۆلکلۆر)، (مێژوو)، (ڕۆژنامەنووسی)، (ئەدەبیات)، (وەرگێڕان)، (زمانناسی). وەک کەسێکی پەرۆش و خەمخۆری زمانی کوردی هەمیشە ویستوویەتی ئەو زمانە لە واژە و وشەی نامۆ بژار بکات و ڕستە و دەستەواژەکان کوردی بن، بۆیە هەوڵی بەردەوامی ئەوە بووە کە بەلاڕێدا نەبرێت.

ئێمە ناڵێین هەموو ئەو کارانەی کاکە حەمە کردوونی شاکارن، یان بێ خەوش و بێ کەموکوڕی بوون، خۆشی ئەمەی نەوتووە، بەڵام لەو بارودۆخە دژوار و ڕۆژگارە سەختانەدا هەر ئەوەندە دەکرێ کە کردوویەتی، بۆیە دەبێ بەهۆی کارە چاکەکانییەوە شەفاعەت بۆ کەموکوڕییەکانی بکەین. تا لە شاری بەغدا بوو دەستمان پێی نەدەگەیشت، کە بەسەردانیش دەهاتەوە کوردستان لەبەر سەرقاڵی، دەرفەتی کەم بوو گفتوگۆی تێروتەسەلی لەگەڵدا سازبکەین، وا بۆ دوو ساڵیش دەچێ نەخۆشە و لە سلێمانی لەناو جێگەدا کەوتووە، بەڵام هێشتا یادەوەری زیندووە و بە ئومێدەوە باسی پرۆژە و کتێبەکانی دەکات کە لە داهاتوودا تەواویان بکات.. لە سەردانێکی شاری سلێمانیدا بە ئامادەبوونی مامۆستا (ئەحمەد حسێن) قەناعەتم بە کاکە حەمە هێنا کە هەر جارەی نیو سەعاتێک قسەی لەگەڵدا بکەم و بیدوێنم، ئەو گفتوگۆیە بەرهەمی ماوەی ساڵ و نیوێک هاتوچۆی سلێمانییە، کە (٧) کەڕەت چوومەتە لای تا گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا بکەم و قۆناغ و وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونی نووسینی بەسەر بکەمەوە.. هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ دەخوازم تا هیچ نەبێ بە تەواوکردنی پرۆژە و کارەکانی ڕابگات... با پێکەوەش ئەو بیروڕایانەی بخوێنینەوە.

**ڕامان:** لەو حاڵەدا دەبێ بە شیعری (مورسەل) وەک ئەوانەی شیعری ئەو و هەندێک شیعری زەهاوی هەیە لەم بابەتەیە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەهەرچی دەبێ بابێ. ئەمەی تۆ دەیڵێی نیشانەی ئەوەیە خەڵک لەمەوپێشیش بیریان لەم گیروگرفتانە کردووەتەوە و ویستوویانە هەمیشە سنوورێکی دیار لەنێوان شیعر و پەخشاندا هەبێ و لە گیروگرفتەکانی پێناسەی شیعریان کۆڵیوەتەوە و ویستوویانە چارەسەرێکی وای بۆ بدۆزنەوە پێناسەکەی شیعری تێدا لەناو نەچێ.

**ڕامان:** مامۆستا لێم ببوورە، کەواتە زەوقی تۆ و چێژ وەرگرتنی تۆ لە شیعر تا گۆرانە و ئیتر دەوەستێ. چونکە دوای ئەوە هەر تا ئەوێت پێ شیعرە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** من ئەوەم زۆر لاباشترە کە پێم بڵێین پاش گۆران ددان بە هیچ شاعیرێکی تردا نانێ، تا ئەوە کە بۆ ئەم گشتە بەناو شاعیرە بێ وێنە و بێ وەزن و بێ قافیانەی پەنجەمۆر بکەم کە گوایە هەڵگری ئاڵای شیعری کوردی و نوێنەری سەرگۆڕەپانی شیعرین، بەڵام نایشڵێم ئەمڕۆ شاعیرمان نییە. ڕاستە شاعیری وامان نییە شان بە شانی شاعیرە ڕاستەقینەکانی وەک گۆران و لەو کۆنتر و پاش ئەویش بووەستێ، بەڵام هەرچۆن بێ شاعیرمان هەیە و شاعیری باشیشمان هەیە. من لە وەڵامێکی پێشتردا وتم شیعری هەموو شاعیرەکانی ئەم سەردەمەمانم نەخوێندووەتەوە و زۆر ڕێیشی تێدەچێ بەهرەمەندی چاکیان تێدا بێ. بەناویش ناوی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو و محەمەد عومەر عوسمانم هێنا. ئێستایش لەناو ئەوانەدا کە ڕێچکەی شیعری کۆنیان گرتووە و لەسەردەمی گۆران و پاش گۆراندا بوون، بۆ نموونە ناوی هەردی و هەژار و هێمن و حەسیب قەرەداغی و جەمال شارباژێڕی دەهێنم هەرچەند هێمنم لە هەژار پێ شاعیرترە و هەرچەندیش پەخشانی هێمنم لە شیعری پێ باشترە. ئێستایش باسی پارچەیەک شیعری نوێی شێرکۆ بێکەست بۆ دەکەم کە سەبارەت بە خۆمی وتووە و لەو ئاهەنگەدا خوێندرایەوە کە حزبی شیوعی کوردستان بۆ ڕێزلێنانی منی ڕێکخستبوو، کەسێکی تر خوێندییەوە و بۆ خۆیشی لە ئاهەنگی ڕێزلێنانەکەمدا کە لەلایەن بنکەی گەلاوێژەوە سازکرا، خوێندییەوە. ئەگەر کەسانێک نەڵێن ئەوە بۆیە پێیدا هەڵدەدا کە بۆ خۆیی (واتە بۆ منی) وتووە، بە جەختەوە دەڵێم پارچەیەکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی.



محەمەدی مەلا کەریم – ئازاد عەبدولواحید

دەبێ ددان بەو ڕاستییەیشدا بنێم کە ئێستا سەردەمی شاعیرانی وەک نالی و کوردی و سالم و مەحوی و شێخ ڕەزا و ئەوانە بەسەرچووە و تازە داوای سەرهەڵدانەوەی شاعیری وەک ئەوانە ناکرێ و لەناو هەموو میللەتێکیشدا هەر وایە. تازە و جارێکی دی نە موتەنەبیی و بوحتوری و ئەبوتەمامێک لەناو عەرەبدا سەرهەڵدەدا و نە حافز و سەعدی لەناو فارسدا پەیدا دەبنەوە، بەڵام لەناو کورددا هێشتا سەردەمی گۆران و شێخ نووری و پیرەمێرد و ئەحمەد هەردی و مەمەند ئاغای فانی و کاکەی فەلاح بەسەرنەچووە، دەردەکە لەوەدایە کە هەر کەس دەگری ڕووی کردووەتە ڕیزکردنی وشەی ڕووتی بێ وێنە و بێ وەزن و بێ قافیە و بەو کارەیان دەرگایان لە ڕووی سەرهەڵدانی شاعیرانی وەک شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو و ئەوانە و لەوانە باشتردا داخستووە. من وەک گوێگرێک و وەک حەز لە شیعری جوان کردوویەک و وەک شیعر خوێنەوەیەک، ئەگەر تەنیا خۆیشم بمێنم، هەرگیز ددان بەڕەوایی ئەم وەزعەدا نانێم.

**ڕامان:** واتە ئێستا تۆ پێت وایە شیعری نوێ، ئەوەی کە لەدوای گۆران نووسراوە، نووچی داوە و سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من نەوام وتووە و نەوا دەڵێم. پوختەی قسە، من لە بارەی بەشی هەرە زۆری ئەم شیعرانەوە کە ئێستا دەنووسرێن و دەوترێن ئەوەیە خاسیەتی چێژ وەرگرتن لە خوێندنەوە و لە گوێ گرتن لە خوێندنەوەی شیعر و لە مرۆڤ دەستێنن. تۆ لە خوێندنەوە و لە گوێ گرتندا لەم جۆرە شیعرە، ناتوانی نەک هەر سەروبنی نیو بەیتە شیعر (ئەگەر بەیتە شیعر لەم بەناو

شیعری نوێیەدا هەبێ)، بەڵکو بەیتە شیعرێکیش لە بەیتێکی تر جوێ بکەیتەوە، بەڵکو دەتوانی هەمووی بکەی بەیەک پارچە پەخشانی بێ پێوەندی. لەگەڵ ئەمەیشدا نموونەی جوانی تێدا هەڵکەوتووە، با بە کۆڵێ کەموکوڕیشەوە بێ، بۆیە من دەستەو دامانی ئەوانە دەبم لەم شاعیرانە کە خاسیەتە سەرەکییەکەی شیعر لە شیعریاندا هەیە، ئەوەندەی پێیان دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ گرتنەبەری ڕاستەڕێی شیعر، بەڵکو بتوانن وێنەی جوان و مۆسیقای شیعر لە یەک بدەن و بەوە شیعرێکی جوان و شایان بهێننە بەرهەم و نەهێڵن باخچەی شیعری ئەمڕۆی کوردی ببێ بە باخچەیەکی بێ گوڵاڵە، لە بەهارێکی بێ باراندا.

**ڕامان:** با چەند وشەیەکیش لە بارەی ڕەخنەوە بڵێین.. ڕەخنەگری سەلەفی کێیە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ڕاستەکەی لە یادم نییە هیچم لە بارەی ڕەخنەگری سەلەفییەوە خوێندبێتەوە، یان بیستبێ، بەڵام لام وابێ دەتوانم پشت بە واتای زاراوەی (سەلەفی) بڵێم ڕەخنەگری سەلەفی ئەو کەسەیە هەر بە سەنگوتەرازووی کۆن ڕەخنە بگرێ و ئەوە ڕەچاو نەکات کە لەوانەیە شتێکی نوێ لەو بوارەدا هاتبێتە ئاراوە و هەر لاپەڕەی کۆن هەڵداتەوە.

**ڕامان:** تۆ چۆن لە سەلەفییەت دەگەیت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** سەلەفییەت لەهەر بوارێکدا دەبێت. لە ئاییندا جۆرە وشکییەکە ددان بە توانی هیچ گۆڕانێک لە هیچ حوکمێکدا نانێت. بە نموونە دەڵێن فلانە پێشەوای ئایینی کاڵەکی نەخواردووە، چونکە نەیزانیوە پێغەمبەر چۆن کاڵەکی لەت کردووە و چۆن قاشەکانی بردووە بۆ دەمی تا ئەویش وەک ئەوی بخوات.

**ڕامان:** جا لە ڕۆشنبیریدا زۆرتر ڕاکردنە بەرەو دواوە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** مرۆڤ ئەگەر لە بوارێکدا ناچاری هەڵاتن ببێ، دەبێ بۆ پێشەوە هەڵبێ. دەبێ مامەڵە لەگەڵ نوێدا، بە زەینێکی نوێ بکات، ئەمەیش واناگەیەنێ ڕابردوو هەمیشە دەخرێتە لاوە. حوکمی ڕاستەقینە هەمیشە لە مامەڵە لەگەڵ ئەمڕۆ بەسەر کردنەوەی ڕابردوو و ڕوانین بۆ دوارۆژەوە دێتە بەرهەم و ئەمە دەتوانرێ لە هەر بابەتێکدا پراکتیزە بکرێ.

**ڕامان:** ڕەخنەگر هەیە پێی دەڵێن ڕەخنەگری ملۆزم، تۆ قەت بەرەو ڕووی ڕەخنەگری لەم جۆرە بوویتەتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەوە ڕەخنەگر نییە، شەڕفرۆشە، شمڵی شەڕە. دوور نییە تووشی بووبم، بەڵام نامەوێ لە بارەیەوە بدوێم، چونکە نامەوێ کای کۆن بەبا بکەم.

**ڕامان:** وەک بیستوومە تۆ لە ژیانتدا کتێبی زۆر کەست چاک کردووە، بۆ نموونە کتێبەکەی دکتۆر کەمال مەزهەریشت چاک کردووە کە ناوی (کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا)یە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** مامەڵەکردنی من لەگەڵ ئەو کتێبەی دکتۆر کەمالدا تەنیا لە ڕێگەی وەرگێڕانییەوە بووە بە عەرەبی. دکتۆر کەمال ئەو کتێبەی بە ئەڵقە ئەڵقە لەگۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوکردووەتەوە و من لە گۆڤارەکەوە کردوومە بە عەرەبی، ئەگەر لە شوێنێکدا کە گرێیەکم لە تێگەیشتنی دەقێکی دکتۆر کەمالدا هاتبێتەڕێ، لەو حاڵەدا گەڕاومەتەوە سەر دکتۆر خۆی بۆ ئەوەی لێیەوە تێبگەم دەیەوێ بڵێ چی و ئەنجا بەپێی ئەوە وەرمگێڕاوەتە سەر عەرەبی.

**ڕامان:** تۆ کتێبێکت لە بارەی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)یەکەی دکتۆر مارف خەزنەدار نووسیوە، ئێستا پێت وایە بۆچوونەکانت لەو کتێبەدا هەموویان ڕاستن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من ئەو کتێبەم تەنیا لە بارەی هەڵەکانی تیپی ئەلفی کتێبەکەی دکتۆرەوە نووسیوە، لەگەڵ چەند نموونەیەکی هەڵەی زەقی هەندێ تیپی تریش، چونکە نەمدەویست لەوە زیاتر درێژە بە کتێبەکەم بدەم. من ئێستا نامەوێ داکۆکی لە بۆچوونەکانی خۆم بکەم، چونکە دکتۆر، خوالێی خۆش بێ، چووەتە جێی حەقی خۆی، بەڵام بۆ بەڵگە لەسەر ڕاستی قسەکانم قسەیەکی دکتۆر خۆی لە بارەی کتێبەکەیەوە لەبەشی یەکەمی ئەو دیدارە ڕادەگوێزم کە لەم دواییەدا لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤارەکەتاندا بڵاوکرابووەوە.

دەقی ئەوەم لە یاد نییە کە دکتۆر لەو دیدارەیدا نووسیویەتی، بەڵام دەڵێ: با ئێستا بەراوردی تێکستی شیعرەکان کە من نووسیومنەتەوە لەگەڵ دەقەکانی تری شیعرەکان بکەن کە کەسانی تر [دیارە مەبەستی تێکستی شیعرەکانە کە لە چاپەکەی ئێمەدا هەن]، بۆتان دەردەکەوێ کامیان ڕاستە؟

من لە کتێبەکەمدا ئەوەندە لە تێکستی شیعرەکان نەدواوم، ئەوەندەی لەوە دواوم کە لە فەرهەنگەکەیدا نووسیویە، هەرچەند دەقی شیعرەکانیشی ئەو بەڵگەی شانازی پێوەکردنەیان لەگەڵ نییە کە لەم دیدارەیدا پێوەی کردووە، بۆ نموونە لە وشەکانی (تەسبیحی مورغان) و

(مەمک)دا. ئەم قسەیەی دکتۆر بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوە کـە تا چ ڕادەیەک فـەرهەنگێکی باشی بۆ دیوانی نالی نووسیوە. وەڵامی ئەم پرسیارەتان بە هەل دەزانم بۆ ئەوەی لە بارەی کـتـێبی (نالی و کێ ڕاسـتـە؟)یش کـە برادەرێک بۆ داکۆکی لە دکتۆر و لە کتێبەکەی و بە هەڵە زانینی بۆچوونەکانی من نووسیبووی و بڵێم ئەو برادەرە، خـوا لەویش خـۆش بێ، لە ڕاسـتـیـدا لە دیدگـایەکی سیاسییەوە کتێبەکەی خۆی نووسیبوو نەک لە دیدگای زانسـتەوە، هەرچەندە، چەند شتێکی ڕاستیـشی تێدا هەبوو، بۆیە نەمـویست شـتێک لە بارەی کـتـێـبـەکـەی ئەویشەوە بنووسم. ئەگینا ئەگەر ڕاستی و هەڵەیی بەپێی زانست مـەبەست بوایە، دەبوو هەر هیچ نەبێ دوو سێ هەڵەی فـەرهەنگەکـەی دکـتـۆریشی ڕاست بکردایەتەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن نـاتوانم بڵـێـم هیچ هەڵەیەکم لە کتێبەکەمدا نەکردووە، بەڵام نەمدی کەسێک شتێک لەم بارەوە بنووسێ و هەڵەیەکم دەربخا.

**ڕامان:** لە حەفتاکانیشدا کتێبێکت بەناوی (لە ماڵ و لە قوتابخـانەدا) وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەوە لە هەست کـردنتەوە بوو بەوەی بۆشاییەک لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەیە لە جیهانی کتێبی کوردیدا؟

**محەمـەدی مەلا کـەریم:** ئەو کـتـێـبـە هی ئەدیبـێکی سۆڤـیەتییە، گـەلێ کـتـێبی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا نووسیوە. لەسەردەمی پاش شۆڕشی تەمووزدا کتێبەکە بە عەرەبی هاتبووە عیراق، من کـتـێبەکەم دەست کەوتبوو. کـە کـودەتای ٨ی شـوبات ڕووی دا، لە ترسی هێـرشی حەرەسی قـەومی دەستم دایە خـاڵی کـردنی مـاڵ لە هەر کتێبێ کە لەوانەبێ مرۆی پێ تووشی مەینەت ببێ. زۆر کـتێب و ڕۆژنامـە و گـۆڤـارم بردە شـوێنێ وا کـە گـومـانی ئەوەی لێ نەبرێ شـتـی مـەترسـیـداری تێـدایە و شـتـی زیادەیشم دەسووتاند. ئەو کتێبەم دانا بیسـتـووتێنم. بەر لەوەی ئاگری تێ بەردەم وتم با بیخوێنمەوە و بزانم باسی چی دەکا.

کـە لەخـوێندنەوەی بوومـەوە زۆرم بەدڵ بوو، بڕیارم دا نەیسووتێنم و وەریگێڕمە سەر کوردی. بە ١٨ ڕۆژ کردم بە کوردی و بەرگی چاپە عەرەبییەکەیم فڕێ دا و کتێبەکە و وەرگێڕانە کوردییەکەم پێچا بە نایلۆنەوە و خستمنە ژێر گڵەوە، تا پاش ڕووخانی بەعس. ئەوجا دەرمهێنان و لە کتێبخانەکەمدا دامنان. لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکاندا نوسخـە عـەرەبیـیـەکـەیم برد وێنەکـانیم کـرد بەکلێشـە و ئەوجـا وەرگـێـڕدراوە کـوردییـەکـەم دایە دەزگـای گـشـتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بۆی بەچاپ گەیاندم، ئەم کـتـێـبـە بە مـەبەسـتـی هاندانی قـوتابیـانی تەمـەڵ بۆ خوێندن دانراوە و منیش ئەم لایەنەیم بە تایبـەتی زۆر لا پڕ بـایەخ بـوو، سـەرەڕای ئـەوە کـە دڵـی مـنـداڵانی قوتابخانەیش ڕادەکێشێ بۆ خوێندنەوەی.

**ڕامـان:** ئێـوە نموونەی نووسـەرێکن پەلتـان بۆ زۆر لە بوارەکـانی نووسین و وەرگـێڕان هاویشـتـووە. لەلایەکەوە حەیران و لاوک و دەقـەکـانیت کـۆکـردووەتەوە. لەلایەکی ترەوە تەرجەمـەت لە زمـانی عـەرەبییـەوە بۆ کـوردی و لەکـوردییـەوە بۆ عـەرەبی کـردووە. لەسـەرێکەوە پێداچوونەوەی کـتـێبی ئەموئەو، لە سەرێکی تریشـەوە ڕۆژنامەنووسی.. پێت وایە ئەم ڕێبازە بۆ نووسەری کورد ڕەوایە؟

**محەمـەدی مەلا کـەریم:** من لام وایە پێـویستـە لەسەر بنووسی کـورد هەست بکات مـیللەتەکـەی پێـویسـتی بەچییـە و کە هەسـتی کـرد، ئەوە دەتوانێ ئەو کـارەی بۆ بکات، بۆی بکات. لە بواری کتێبیشدا لام وانییە هیچ کـتـێـبـێـک بێ کـەڵک بێت. کـتـێـبی وابووە بـاسی نهێنییـەکـانی سیـخـوڕی کـردنی بەریتـانیـا و ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمـریکا و سـۆڤـیـەت و وڵاتانی تری کـردووە لە دژی یەکـتـر، حـەزم کـردووە بۆم هەڵسـووڕێ وەریگێڕمە سەر کوردی، چونکە ئەم جۆرە کتێبانەیش بۆ ژیانی سیاسی کورد سوودمەندن، بۆیە تێکڕا لە هیچ کام لە چالاکییەکانم لە بواری کولتووردا پەشیمـان نیم، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ددان بەوەدا دەنێم کە هەمیشە و لە هەر بوارێکدا بـایەخـدار و بـایەخـدارتر هەیە و مـرۆڤی تێگەیشتوو نابێ هەرگیز ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخا.

**ڕامان:** ئێستـا زۆر کەس بـاوەڕی وایە کە ئەمڕۆ ڕۆژی پسپۆڕییە و دەبێ مرۆڤ لە بوارێکدا بنووسێ.

**محەمـەدی مەلا کەریم:** من زاراوەی پسپـۆڕی بە واتا ئەکـادیمیـیـەکـەی مـەعنا لێ نادەمـەوە کە هەیە. بۆ نموونە کـابرایەک کـشـتـوکـاڵی خـوێندووە و هیچ لە پزیشـکی نازانێ. مەرجیش نییە پسپـۆڕی- بە واتا تێکڕاییەکەی- تەنیـا لە بـوارێکدا بێ. دەکـرێ لە دوو سێ بابەت و زیاتریش بزانێ. مـەلایێ مـەلایێ شـەریعـەتیش دەزانێ و عـەرەبیش دەزانێ و لەوانەیە بـابەتی تریش بزانێ. من نەمـوتووە لە فـلانە بواردا پسـپـۆڕم، بەڵام هەندێ شت لە هەندێ بابەت دەزانم، دەتوانم لە هەر کـام لەم بابەتانەدا کـار بکەم. ئەوەی مەبەستـە ئەوەیە خەریکی شتـێکی وا نەبم سـەرم لێی دەرنەچێ. من ڕۆژێ لە ڕۆژان نەهاتووم

ئینگلیزی و فیزیا و کیمیا بنووسم، بەڵام بابەتی وایش هەیە ئاگاداریم تێیدا هەیە و دەتوانم کاری تێدا بکەم. هەرچیم نووسیوە، یان وەرمگێڕاوە لەو بابەتانە دەرناچێ، تەنانەت لە بابەتێکی وەکو زمانی عەرەبیشدا کە چەندین ساڵ خوێندوومە، ئەگەر داوام لێ بکرێ موحازەرەی لەبەر تێدا بدەم پڕکێشی ناکەم کاری وا بگرمە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر پێم بوترێ فلانە کتێبی سەرف و نەحو بەدەرز بڵێمەوە، بێ سێ و دوو دەڵێم باشە و خۆمی بۆ ئامادە دەکەم. لە سەرەتای لاویمدا (الأم)ی مەکسیم گۆرکیم خوێندەوە کە وابزانم عەبدولحەق فازل کردبووی بە عەرەبی. دەستم دایە وەرگێڕانی بۆ کوردی، بەڵام زۆری نەبرد دەستم لێ هەڵگرت، تێگەیشتم دەرەقەتی نایەم. بەتایبەتی کوردییەکەم بەشی کارێکی وای نەدەکرد و لە بواری وەرگێڕانیشدا شارەزاییم پەیدا نەکردبوو. هەر لەمێشکمدا بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو نیازە کۆنەم بهێنمە دی، تا کە لە ساڵانی حەفتادا کەریم حیسامی وەریگێڕابوو و هێنای بۆ کۆڕی زانیاری بۆی لەچاپ بدا. من کاری هەڵەچنییەکەیم بۆ لە ئەستۆ گرت، چونکە لەکوردییەکەی کەریم حیسامی ڕازی بووم و حەزیشم دەکرد ئەو کتێبە بکرێ بەکوردی. هەر لە یەکەم پەڕەیەوە تا دوا لاپەڕەی هەموو ئەو ناوانەی لە کتێبەکەدا هاتبوون لەگەڵ دەقە ڕووسییەکەیان بەراوردم کردن و گێڕامنەوە بۆ سەر ئەسڵە ڕووسییەکەیان، چونکە ئەوە دەمێکە کێشەیەکە لام کە زۆر ناو لەزمانی تردا وا بەکارناهێنرێن کە لە زمانە ئەسڵییەکەیاندا بەکاردەهێنرێن، کوردی عیراق بە وەرگرتن لە عەرەبییەوە دەڵێن (کۆریا) کەچی ئێرانی دەڵێن (کورەی شەمالی)، یان (کورەی جنووبی). من داوا دەکەم بزانین لە زمانی کۆرياییەکانی خۆیاندا دەڵێن چی تا ئێمەیش وا بڵێین. گەلێ ناوی تریش هەن هەروا بە چەند جۆر لە زمانە جیاجیاکاندا بەکاردێن وەک (ژاپۆن) و (ژاپون) و (چاپان)، یان (پۆڵۆنیا) و (لەهستان) و (پۆڵش) و زۆری تر. جارێکیشیان وتارێکم لەم بارەوە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردەوە: من لام وایە ئەم دیاردەی دەسکاری کردنی ناوە زیاتری لەوەوە هاتووە کە لەزمانی تری جگە زمانە ئەسڵییەکانیانەوە دەهێنرێنە زمانێکی تر و هەندێکیشی بەهۆی ئەوەوەیە کە هەندێ پیت لە هەندێ زماندا نین ئەو گۆڕانانەیان بەسەردا دەهێنرێ وەک تیپی (ڤ) کە لە وشەیەکدا دێتە فارسییەوە دەکرێ بە (و) وەک (پاڤڵ) کە دەکرێ بە (پاوڵ) و (ڤیکتۆر هۆگۆ) کە دێتە فارسییەوە دەکرێ بە (ویکتۆر هۆگۆ).



**مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و سەید مەزهەری حوسەینی**
**بە کامیرای گیو موکریانی لە بیارە - ١٩٤٦**

**ڕامان:** ئێمەیش ئێستە لە ڕاماندا وای لێ دەکەین. کە لە نووسینی برادەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتدا دەنووسرێ (ویکتۆر هۆگۆ) ئێمە دەیکەینەوە بە (ڤیکتۆر هۆگۆ).

**محەمەدی مەلا کەریم:** بۆیە من بە پێویستی دەزانم تا پێمان دەکرێ کارێک بکەین هەر بابەتێک لە زمانی ئەسڵی خۆیەوە وەرگێڕینە سەر کوردی بۆ ئەوەی ئەگەر ناوێکی تێدا بوو بزانین لە زمانەکەی خۆیدا چۆنی دەخوێننەوە و چۆنی دەنووسن تا ئێمەیش هەر بەو جۆرەی بخوێنینەوە و بنووسین و وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەمە ئامانجێکی زۆر دوورەدەستە و کاتێکی زۆری دەوێ تا پێی دەگەین، لەگەڵ ئەوەیشدا تا دەتوانین نابێ کەمتەرخەمی تێدا بکەین.

**ڕامان:** وشەی (ژاپۆن)ت بە نموونە هێنایەوە. بەلای تۆوە ڕاست نییە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من نازانم (ژاپۆن) ڕاستە، یان (ژاپون)، یان (چاپان)، یان (یابان)؟ بەڵام (ژاپۆن)ی جارانی کوردی و (ژاپون)ی ئێرانی، بە واوێکی زۆر کورت، یان (بۆر)ێکی عەرەبی لام وایە هەر یەک شتن. هەروەها (یابان) و (چاپان)یش هەر بەیەک شت دەزانم.

**ڕامان:** ئێستە دەچینە سەر قۆناغێکی تر. ئێوە لە کاتی خوێندنی فەقێیەتیتاندا، ئەو خوێندنە چ دەورێکی لە پێگەیاندنی کەسایەتی ئێوەدا، وەک خوێندەوارێک، هەبوو؟ چ دەرفەتێکی بۆ خۆپێگەیاندن بۆ ڕەخساندن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من لام وایە خوێندنی حوجرەی جاران بۆ فەقێیەک شت تێبگات و مامۆستای ڕاستەقینەی هەبێ، دەورێکی زۆری هەبوو. دەورێکی زۆریشی لە ژیانی مندا هەبوو. ئێستا من بەڕاستی

پەشیمانی ئەوەم کە تا لە قۆناغی خوێندندا بووم باشم نەدەخوێند و گوێی باشم نەدەدایە، هەرچەندیش کەمتەرخەم نەبووم لە خوێندنەکەمدا و چ لەو قۆناغەدا و چ لەوەوپاشیش تا باوکم مابوو، سوودی پێویستم لێ وەرنەگرت. مەبەستم لەوەیە ئەگەر وەک فەقێیەکی دڵ بە خوێندنەکەی خۆی خۆش، خەریکی کاری لاوەکیش ببوومایە و بۆ نموونە بەشێکی کاتم بۆ سیاسەتیش تەرخان بکردایە، ئەوە وای لێ نەدەکردم نەتوانم هەردوو ئەرکەکە شان بە شانی یەک بەباشی جێبەجێ بکەم، بەڵام بەداخەوە کەوتنە کۆڕی سیاسەتم ئەوکاتە کارێکی وای تێدا کردم بە چاوی بایەخ پێدانەوە تەماشای فەقێیەتی و خوێندنی حوجرە نەکەم. بەڵێ، کەوتنە ناو سیاسەتم هۆشیارییەکی زیاتری پێ بەخشیم، بەڵام من سوودێکی باشم لێ وەرنەگرت، لەو ڕووەوە کە باشتر سوود لەلایەنە ئیجابییەکانی بارودۆخی خوێندنی حوجرە و لەسەر دەستی باوکمدا وەربگرم. ئەگەر لەو سەردەمەدا عەقڵی هەبوایە، دەمتوانی زۆر باش هەردووکیان یەک بخەم. سەعدی شیرازی چوارینەیەکی جوانی هەیە، من بەش بەحاڵی خۆم زۆرجار لەم بوارەدا لەبەر خۆمەوە دەیڵێمەوە. ئەو دەڵێ:

**مرد خردمند خرد پیشه را**
**عمر دو بایست درین روزگار**
**تا به یکی تجربه حاصل کند**
**با دیگری تجربه آرد به کار**

واتە: پیاوی عاقڵ دوو تەمەنی لەم سەردەمەدا پێویستە، تا لە تەمەنێکیاندا ئەزموون پەیدا بکا و لەو تەمەنەکەیشیاندا ئەزموونەکەی بخاتە کار، بەڵام دیسانەوەیش لەگەڵ خۆمدا دەڵێم: لە تەمەنە دووەمەکەشیدا پێویستی بە تەمەنێکی سێیەم دەبێ تا ئەو ئەزموونانەی تێدا بەکاربهێنێ کە لە تەمەنە دووەمەکەیدا کۆی کردوونەتەوە و هەر بەم جۆرە و بەم جۆرە تەمەنە دووەمەکەیشی هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێ!!

**ڕامان:** تۆ شارەزاییەکی باشت لە زمانی کوردیدا پەیدا کردووە، ئەم فێربوونی زمانی کوردییە لە کوێوە و لە کێ فێربوویت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەم کوردییەی ئێستا من دەیزانم ئەنجامی بارودۆخی بیارەیە کە تا بیست ساڵانیش تێیدا ژیاوم. شتێکی سروشتییە لە بیارە فێری هەورامییانە ببم. باوکم مەریوانی و دایکیشم قەرەداغییە. ئەوانیش هەر یەکە شێوەزاری خۆیان بووە کە قسەیان پێ لەگەڵ کردووم و لێیانەوە شتێک فێربووم. هەروا لە بیارە هەمیشە مەلاو شێخ و سۆفی خەڵکی هەموو لایەکی کوردستان هەبوون. شێوەزاری ئەوانیش کاریگەریی لە زمانمدا بووە. لە مەلا و شێخ و سۆفی زیاتر، فەقێی زۆر لای کوردستان هەمیشە لە بیارە هەبوون کە زیاتر من لەناو ئەواندا دەژیام و هەڵدەستام و دادەنیشتم. کاریگەریی ئەوانیش لە زمانمدا زۆر بووە. ئەمە هەمووی تێکەڵاوییەکی سەیری لە زمانی ئاخاوتنندا بۆ پەیدا کردبووم. زمانە کوردییەکەی من ئەنجامی بەیەک گەیشتنی ئەم گشتە سەرچاوانەیە.

**ڕامان:** زمانە فارسییەکەیشت باشە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من فارسیم بە خوێندن خوێندووە. بە منداڵی تۆمار و سێ چوار وردە کتێبی فارسی و گوڵستان و بۆستانی سەعدی و تەنانەت دوو سێ کتێبی فارسی قوتابخانەی ئێرانیشم خوێندووە کە پێیان دەوت (کەلاس). کەلاس واتە پۆل. ئەو کەلاسانە وەک کتێبی (خوێندنەوە)ی قوتابخانە بەراییەکانی خۆمان بوون. (تۆمار)یش نامەی ئەم و ئەوە بۆ یەکتر. نامەی بە خەتی خۆش نووسراو و بەجوانی داڕێژراو کۆ دەکرانەوە و یەک لەپاش یەک بەیەکەوە دەلکێنران و لوول دەکران و هەر ڕۆژێ نامەیەک دووانیان بە قوتابی دەوترا بۆ ئەوەی بە لە ڕوو نووسینەوە هەم خەتیشی خۆش ببێ و هەم فێری ئینشایەکی باشیش ببێ. کە گەورەیش بووم گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسیم پەیدا دەکرد و دەمخوێندەوە.

چەردەیەک ئەزموونی نووسینی فارسیشم هەیە. کە باوکم شەرحی کتێبی (الفوائح)ی مەولەوی کرد کە بە شیعری فارسییە، من بەشی زۆری پەراوێزەکانیم بۆ کۆکردەوە و هەڵەگیریشم لە چاپخانەدا دەکرد. لە داوێنەکەیەوە بابەتێکم نووسی، بەڵام متمانەم بە خۆم نەبوو کە هەڵەی تێدا نەبێ. دامە لای برادەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یەکێکی فارسیزانی باشیان بۆم پێدا بچێتەوە و هەر هەڵەیەکی تێدابوو بۆم ڕاست بکاتەوە. برادەرێکی ئەدیبیان ئەو کارەی بۆ کردم، کە ناوی مامۆستا فەتاحی کاویان بوو. گەلێ شوێنی هەڵەی بۆ ڕاست کردمەوە کە دەیوت لە فارسیدا وا ناوترێ.

**ڕامان:** ئەی لە دیالێکتە کوردییەکان کامەیان دەزانیت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** کرمانجی خواروو بە بەشێک لە شێوەزارەکانییەوە. هەروا دیالێکتی هەورامیش کە لە

بیاره فێری بووم. کرمانجی سەروو نازانم هەورامییانە زۆر باش نازانم، بەڵام باش تێی دەگەم. وەک خۆیان قسەم بۆ پێ ناکرێ. هەورامییانە، بە واتەیەکی بەربڵاوتر گۆران دیالێکتێکی فرە دەوڵەمەندە و ئەدەبێکی زۆر باڵای هەیە. هەرچەند دوو سێ فەرهەنگی هەورامی نووسراوە و لە چاپ دراوە، ئەدەبی کوردی پێویستی بە فەرهەنگێکی هەمەلایەنەی باشی گۆرانی و شێوەزارەکانی هەیە و لام وایە زۆر پێویستە کورسییەکی تایبەتی بۆ وتنەوە و فێرکردنی دیالێکتی گۆران و شێوەزارەکانی، لە یەکێک لە زانکۆکانی کرماشان، بەڵکو لە سنە و سلێمانیش دابنرێ، هیوام وایە بەم نزیکانە بە چاوی خۆمان ببینین. برادەرێکمان هەبوو لەو شێخانەی بیارە ناوی دکتۆر عابیدی نەقشبەندی بوو لەم ساڵانەی دواییدا لە عەرەبستانی سعوودی کۆچی دوایی کرد، دەزگای ئاراس دیوانە شیعرێکی بۆ چاپ کرد، بەشێکی بە هەورامی بوو، باوەڕ بکەن وشەی زۆری وای تێدا بەکارهێنابوو من لە ماوەی بیست ساڵ پتری ژیانمدا لە هەورامان وشەیەکیانم بەرگوێ نەکەوتبوو. من ئەو دیوانەم بۆ هەڵەگیری کرد، کە دەمخوێندەوە چەندین جار ئاواتی ئەوەم خواستووە کە ئەم برادەرە بەشێکی باشی خۆی تەرخان کردبوایە بۆ دانانی فەرهەنگێکی دیالێکتی هەورامی.

**رامان:** باشە، زۆرجار دەڵێن مامۆستا حەمەی مەلا کەریم عەرەبیزانە، بەڵام عەرەبیزانییەکەی کلاسیکییە، مەبەستیان لەمەدا چییە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من خۆم بە عەرەبیزان دەزانم، بەڵام عەرەبیزانێکی زۆر باشیش نە. لە زۆر بابەتی زمانی عەرەبیدا خۆم بەناچار دەزانم بگەڕێمەوە بۆ سەر کتێبە نەحوی و سەرفییەکان. وەڵامی زۆر پرسیاری گراماتیکای عەرەبیم لا نییە. لە بارەی کلاسیک و مودێرنیشەوە نازانم ئەو کەسانە لەم بوارەدا چی بە کلاسیک و چی بە مودێرن دادەنێن؟ باشتر وایە لەخۆیان بپرسین. من حەزم لە زمانێ نییە بە وشەی قورسی نا ئاشنا بەزمانی خەڵک ئاخنرابێ. حەزیشم لەوە نییە بە زمانی قسەی خەڵکی ڕەشۆکی بنووسم و بخوێنمەوە. حەزم لە هەڵە کردنی گراماتیکایی نییە گوایە ئەمە هەڵەی باوە و هەڵەی باویش لە ڕاستی ناباو باشترە. ئەو عەرەبییەی من حەزم لێیەتی ئەوەیە لە (کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی) و لە (حصاد اعوام)ەکەمدا بەکارم هێناوە. ئیتر بەکلاسیکی دادەنێن، یان بە مۆدێرن، ئارەزووی خۆیانە. من ناتوانم و حەزیشم لێ نییە، قەرائەتی خۆم بە ئارەزووی خەڵک تێکنادەم. با ئەوەش بڵێم تەنانەت وا دەبێ لەنووسینیشدا هەڵەی زەق دەکەم، بەڵام سێ چوارجار بە نووسینێکمدا دەچمەوە. هەڵەکردنی جاروبارم بە عەرەبی نەزانین مەعنا لێ نادەمەوە، بەڵام وادەبێ مرۆڤ زمانی بە هەڵەیەک ڕادێ، ئەگەر لە کاتی نووسینیدا ئاگاداری خۆی نەبێ دووبارەی دەکاتەوە. من بە تایبەتی لە بەنێر و مێ دانانی (اسماء العدد) و (معدود)دا جار جار دەکەومە هەڵەوە. وایش دەبێ لەگێڕانەوەی زەمیری نێر و مێدا بۆ مەرجەعەکەیان هەروا دەکەومە هەڵەوە. کە نووسینێکی عەرەبی، یان کوردیم بڵاودەبێتەوە و هەڵەیەکی تێدا دەبێ، دەق وادەزانم خوا منداڵێکی داومێ چاوێکی کوێرە، یان ناتەواوییەکی تری پێوەیە، بۆیە جاران تا هێز لە لەشمدا بوو حەزم دەکرد هەرچۆن بووە خۆم هەڵەچنی هەر نووسینێکی خۆم بکەم، کە ئەمدا بە ڕۆژنامەیەک، یان بە گۆڤارێک، لەگەڵیان ڕێک دەکەوتم کە خۆم دێم بۆ هەڵەگیری کردنی. ئێستایش تا لە توانامدا بێ هەر وادەکەم.

**رامان:** لە ئەڵقەیەکی ئەم دیدارەماندا باسی ئەوەت کرد کە لە خەریکبوون بە سیاسەتەوە پەشیمان نیت، بەڵام کاری ڕۆژنامەنووسیش هەروەها کاتی زۆری لێ گرتوویت. بەڕای من کاتی زۆریشت بە وەرگێڕانەوە بەسەربردووە. ئەگەر زیاتر خووت دابایە کەلەپووری ئەدەبی گەلەکەت باشتر نەبوو؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە بارەی خەریکبوون بە وەرگێڕانەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە من لەو باوەڕەدام گەلی کورد لە بارەی ڕۆشنبیرییەوە زۆر هەژار بووە و ئێستایش هەروا هەژارە و دەبێ چارەسەری بەشێکی گەورەی ئەم هەژارییەی لە ڕێگای وەرگێڕان بۆ سەر کوردییەوە جێبەجێ بکرێ کە ئەوەش ئەرکێکی گەورەیە و بەدیهێنانی پێویستی بە سەدان وەرگێڕی شارەزا لە زمانەکانی بێگانە هەیە، بۆیە منیش، کە عەرەبی دەزانم و تاڕادەیەکیش لە فارسی بەڵەدم، دەبوو گۆشەیەکی ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرم، لەگەڵ ئەمەیشدا وەک ئاماژەیشم بۆ کرد، ئەرکی زیندووکردنەوەی ئەدەبی کۆنی کوردی، بۆ کەسێکی وەک من، زۆر لەپێش ئەرکی وەرگێڕانەوەیە و دەبوو هەر لە سەرەتاوە هەستم بەم ڕاستییە بکردایە.

بێینە سەر مەسەلەی خەریکبوونیشم بە ڕۆژنامەنووسی و وتار بۆ ڕۆژنامەنووسینەوە. بەشێکی ئەم کارەم بۆ حەز

لە ڕۆژنامە خوێندنەوە کردنەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتای خوێندنمەوە چەکەرەی تێمدا کردبوو. بەشێکیشی بۆ ئالوودە بوونم بە سیاسەتەوە دەگەڕێتەوە کە دەمویست لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسییەوە بەشێکی ئەرکە سیاسییەکانی سەرشانم بەجێ بگەیەنم. لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا مرۆڤ هەرگیز بۆی نالوێ هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ڕەنگی پلانەکانی دوارۆژی خۆی بڕێژێ.

**ڕامان:** ئەوجا، تۆ بێجگە لەوەیش کاتێکی زۆرت بە پێداچوونەوەی کتێبی خەڵکەوە بەسەربردووە، یان بۆت داڕشتوونەتەوە!؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەمەیش کە تۆ دەیفەرمووی ڕاستە، بەڵام ئەوەیش بزانە کە من شان بە شانی ئەرکەکانی سەرشانی خۆم، هەردەم لام وا بوو پێویستە لەسەرم یارمەتی خەڵکانی تریش بدەم و تێکڕا دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیم لا مەبەست بووە و بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە.

**ڕامان:** ئەمە لە ڕاستیدا هەمووی بە هەدەرچوونی کات بووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لەگەڵ ئەوەیشدا من ئەوکاتە پاساوم بۆ ئەو کارانە هەبوو کە تۆ بە کات بە هەدەردانیان دەزانی. من ئەوکاتە و بەڵکو ئێستایش بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە و دەزانم دەستی یارمەتی بۆ هەر کەسێک درێژ بکەم کە پێویستییەکی پێم هەبێ وەک پێداچوونەوەی دەستنووسی بنووسێک، یان هەڵەگیری کتێبی بنووسێکی تر کە لە دەرەوەی بەغداوە دەهات کتێبێک لەچاپ بدا و نەیدەتوانی تا لە چاپدانی کتێبەکەی تەواو دەبێ لە بەغدا بمێنێتەوە. منیش لەبەغدا بووم و ماڵم لەوێ بوو، بۆیە بە پێویستی خۆمم دەزانی ئەو کارەی بۆ بکەم. ئێستەیش لەوە پەشیمان نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کارێک لە کارێکی تر جیاوازە و هەر کارێک حوکمی خۆی هەیە.

**ڕامان:** کە باسی زەبیحیت کرد، من وای لێ تێگەیشتم دەتەوێ بڵێیت ئەگەر ئەو خۆی بە سیاسەتەوە خەریک نەکردایە فەرهەنگەکەی سەری تێدا نەدەچوو، واتە سیاسەتی ئێران پەکی لەسەر زەبیحی نەکەوتبوو.. بوو بە قوربانی لەپێناوی سیاسەتی ئێراندا، لەبەر ئەوە من ئەو قسەیەم زۆر لا جوانە و بەختەوەری میللەتی کورد لەوەدا دەبینم هەر ڕۆڵەیەکی، خۆی تەرخان بکا بۆ ئەو ئیشەی دەیزانێ.



**لە ڕاستەوە: مەحموود زامدار، ئازاد عەبدولواحید، محەمەدی مەلا کەریم، شوکور مستەفا، مومتاز حەیدەری**
**بینایەی گۆڤاری ڕامان - ١٩٩٨**

**محەمەدی مەلا کەریم:** زەبیحی کە خۆی بە جۆرێک تێکەڵی ئەو کێشەیەی نێوان عێراق و ئێران کرد، لای وابوو لەو ڕێگایەوە خزمەتی میللەتی کورد دەکات و من بە بۆچوونی خۆم دڵنیام لە نیازی پاکی ئەو لەم بارەیەوە، بەڵام من لە وەڵامەکەمدا وتم مەبەستم لەوە بوو تەنانەت میللەتەکەی خۆیشی پێویستی بە فەرهەنگەکەی هەبوو زیاتر لەوە کە پێویستی بە خەباتی ئەو بۆ کوردایەتی هەبوو، چونکە پەکێکی وای لەسەر تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی نەکەوتبوو. ئەگینا خۆ تێکەڵکردن بە کێشەی نێوان عێراق و ئێرانەوە، لە دیدگای کورد و کوردستانەوە نەبێ، بۆ سوودی هیچ کام لەو دوو لایەنە بە ڕەوا نازانم.

**ڕامان:** سیاسەت زۆر زیانی بە ئێمە گەیاندووە. بەهرەداری گەورەی لێ ستاندووین. بۆ نموونە حەسەنی قزڵجی تێداچوو، زەبیحی لە بەین چوو. ئەو جۆرە کەسانە زۆربەیان لە سیاسەتدا زەرەری زۆریان لێکەوت. ئەگەر خۆیان بۆ ئەدەب تەرخان بکردایە باشتر بوو.

**محەمەدی مەلا کەریم:** تۆ ئەوە بهێنەرەوە یادی خۆت گەلێکی کوردی بێ بەش لە هەموو مافێک، لە بەشێکی گەورەی وڵاتەکەیدا هەلێکی گەورەی بۆ ڕەخسابوو مافی خۆی دەست بخاتەوە. قزڵجی و زەبیحی و ئەو جۆرە کەسە بەهرەمەندانەیش هەستیان بە دەردی گەلەکەیان دەکرد. ئەگەر ئەوانە نەیەنە مەیدانەوە ئەی دەبێ کێ بێت؟ کێ دەیتوانی ئەوە دەستنیشان بکا کێ بۆ ئەم ئەرکە دەست دەدات و کێ بۆ ئەوە دەست نادات؟ من و تۆ دەتوانین لە ڕووی ترەوە گلەیی لە قزڵجی و زەبیحی بکەین، وەک لە شوێنێکی تریشدا ئاماژەم بۆ زەبیحی کردووە، بەڵام لە بواری سیاسەتدا لام وایە کەس عیلمی

غـەیبی پێ نیـیـە و نازانێ سبـەینێ چی دەبێ تا بتـوانێ ڕێگای ڕاستتر بۆ خۆی دیاری بکات. بۆ نموونە خێزانی ئێمە خۆمان، بەهۆی بیری نوێی ئایینی و پاشان بەهۆی سـیـاسـەتەوە تووشی هەرچی بووین کـە بووین و باوکیشمان زۆری بەهۆی ئێمەوە هاتەرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر هەر لە سەرەتاوە هەواڵی سبەینێمان بزانییایە دەمانتوانی ڕێگایەکی ڕاستتر بگرینەبەر. تێکڕا ئەو ڕێگایەی گرتمانەبەر، بێ ئەوەی خۆمان ویستبێتمان وا بڕوا کە ڕۆیی، خراپ نەڕۆیشت. تۆ قەت ئەوەت بە خەیاڵدا دێ ئەگەر باوکم و ئێمەش هەر لە بیارە مابووینایەوە، دەمانتوانی بە هەموومان ئەو بەهرە ڕۆشنبیرییە ئایینییەی باوکم و ئەو بەهرە ئەدەبییەی هەمووماغان هەبێ؟ من لام وانییە و لایشم وانییە ئەم جۆرە توێژینەوانە دەمانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێکی ڕاست و دروست.

**ڕامان:** گرنگ ئەوەیە کە ئێوە بە هەمووتان ئەو دیوانە شـیـعـرانەتان بە سـاغکراوەیی و لێکدراوەیی خستەبەردەستی خوێندەوارانەوە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** ڕاستە و منیش دەمویست ئەمەتان عەرز بکەم.

**ڕامان:** تۆ کە دەست دەدەیتە قەڵەم و بەرهەمێک وەردەگێڕی، بە چ پێوەرێک ئەو ئەرکە دەگریتە ئەستۆ: پێت خۆشە، یان بە پێویستت زانیوە، یان بۆیان دەستنیشان کردووی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من تێکڕا لە بڕیاردانی وەرگێڕانی بابەتێکدا بۆ کوردی، ئیتر بابەتی ئەدەبی بێ، یان سیاسی، یان هەر بابەتێکی تر، پێوەری یەکەمم سوودمەندی ئەو بابەتەیە بۆ خوێنەرەوەی کورد و بۆ دۆزی کورد، ئیتر لە هەر ڕوویەکەوە بێ، زیاتریش لە ڕووی سیاسەت و تێکۆشانەوە بۆ کورد و کوردستان و بەتایبەتی بۆ سوودی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان. لە دوو حاڵەتیشدا ڕووی داوە بە دەستنیشان کردنی لایەنێک وەرگێڕانم کردووە: ئەگەر حزبی شیوعی نامیلکەیەکی، یان بابەتێکی سیاسی بۆ ناردبم وەریگێڕم، یان کە لە ڕۆژنامەی تەئاخی کارم کردبێ و بابەتێکیان دابێ بیکەم بە کوردی، ئەویش ئەگەر لەگەڵ بیروباوەڕی خۆمدا دژ نەبووبێ و قەتیش نەبووە دژبێ، یان ئەگەر دەزگای ڕۆشنبیری لە بەغدا کتێبێکی پێ سپاردبم بیکەم بە کوردی، ئەویش یەک جار لە وەرگێڕانی کتێبێکدا لە بارەی پووشکینی شاعیری ڕووسەوە.

جارێکیان دەزگای ڕۆشنبیری لە بەغدا نامیلکەیەکی بۆ ناردم وەریگێڕمە سەر کوردی. نامیلکەکە وتاری سەددام حوسێن بوو کە لە کۆنگرەی دەوڵەتانی بێ لایەندا خوێندبوویەوە، لە هاڤانای پایتەختی کووبا. نامیلکەکەم خوێندەوە، هیچی وام تێدا نەدی دژی بیروبۆچوونی سیاسی خۆم بێ. هەستام چوومە دەزگای ڕۆشنبیری بۆ لای کاک فایق جەمیل کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری بوو لە دەزگاکە. پێم وت کاک فایق! ئێوە ئەم نامیلکەیەتان ناردووەتە لام بیکەم بەکوردی. من نامیلکەکەم خوێندەوە، هیچم تێدا نەدی دژی بیروبۆچوونم بێ، لەبەر ئەوە وەریدەگێڕم، بەڵام تکات لێ دەکەم لەمەولا بابەتی سیاسیم بۆ مەنێرە بۆ وەرگێڕان، چونکە لەوانە دەبێ لەگەڵ بیروبۆچوونم نەگونجێ و کەوایش بوو وەری ناگێڕم و بۆتان دەنێرمەوە، ئەوکاتە کەسانی نان و پیاز پێوە خۆر دەیکەن بە دەسکە گوڵی دەستیان و گرفتێکم بۆ دەنێنەوە، جا بۆ ئەوەی کەس کێشەی وام بۆ نەنێتەوە تکات لێ دەکەم لەمەولا بابەتی سیاسیم بۆ مەنێرە. خوا حەقە ئیتر ئەویش، پیاوانە، هیچ بابەتێکی سیاسی بۆ نەناردم وەری بگێڕم.

جارێکی تریان کاک موسلیح مستەفا بەڕێوەبەری گشتی دەزگا ناردی بەدوامدا، کە چوومە لای ڕاپۆرتی کۆنگرەی سیاسی نۆیەمی قوتریی حزبی بەعسی دایە دەستم و وتی ئەمە ڕاپۆرتی کۆنگرەی نۆیەمی حزبە، دەمانەوێ زۆر جوان بکرێ بە کوردی، بۆیە تۆمان بۆ دەستنیشان کردووە وەریبگێڕی. ڕاپۆرتەکەم لە دەستی وەرگرت و پێم وت: کاک موسلیح! من ئەم ڕاپۆرتەم خوێندووەتەوە. من وەریناگێڕم. وتی: بۆچی؟ وتم: چونکە زۆر بابەتی تێدایە لە دژی حزبی شیوعی و زۆر بابەتی تێدایە لە دژی بزووتنەوەی کورد و زۆر بابەتی تێدایە لە دژی یەکێتی سۆڤیەت، لەبەر بوونی ئەم بابەتانە لەم ڕاپۆرتەدا بە من وەرناگێڕدرێ. قسەی زۆرمان لەنێواندا ڕابوورد، بەڵام من هەر ملم نەدا و نەچوومە ژێر باری وەرگێڕانی. پاش ماوەیەک چوومەوە دەزگای ڕۆشنبیری. سەرێکم لە کاک سەلاح شوان-دا کە ئەوکاتە لە دەزگا بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری بوو. دەستی برد لە چەکمەجەی مێزەکەی دەفتەرێکی گەورەی دەرهێنا و دایە دەستم. وتی ئەمە ڕاپۆرتی کۆنگرەی نۆیەمی حزبە کردوومانە بە کوردی، دەمانەوێ تۆیش لە ڕووی زمانەوانی و جوانی وەرگێڕانەوە بۆمان چاوێکی وردی

پێدا بگێڕێتەوە. پێم وت کاک سەلاح! ئێوە پێشتر داواتان لێ کردم ئەم ڕاپۆرتەتان بۆ بکەم بە کوردی، من نەمکرد، ئێستا داوام لێ دەکەن بۆتان چاوی پێدا بگێڕمەوە. من کە داوای یەکەم جارم بۆ جێبەجێ نەکردن، ئێستا چۆن دێم ئەم داوای جاری دووەمتان بۆ جێبەجێ دەکەم؟ نایکەم و دەفتەرەکەم دایەوە دەستی.

حەز دەکەم لێرەدا ئەوەیش بڵێم کە کاتی خۆی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز کاک موسلیح ماوەیەک لە کەرکووک ڕێکخەری شانەیەکی حزبی شیوعی بوو کە منیش ئەندام بووم تێیدا و چەند جارێکیش لەسەر چەند بابەتێکی سیاسی دەمەقاڵە کەوتووەتە نێوانمانەوە کە یەکێکیان لەسەر ئەوەبوو من سوور بووم لەسەر ئەوە کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستانی حزب بەناوی عێراقەوە نەبن و بەناوی کورد و کوردستانەوە بن وەک یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان و ئەوانی دیش و ئەویش ملی نەدەدا، تەنانەت جارێکیان وتی: دەتەوێ کوردستانی عێراقمان لێ بکەیت بە جەزائیر؟ تا سەرەنجام منیان لەو شانەوە گواستەوە بۆ شانەیەکی تر و لەوێش هەر هەمان داوام دەکرد. سەرەنجام من کەرکووکم بەجێ هێشت و چوومە بەغدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو شایەتییەش بۆ موسلیح بدەم کە ئەگەر بە تێگەیشتنی خۆی بیزانیایە بەعس لە مەسەلەیەکی تایبەتییدا تووڕە نابێ، ئەویش هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی دەبوو، بەڵام ئەگەر لای وابوایە پێی ناخۆشە، زۆر توند و سەختگیر دەبوو. ئەم هەڵوێستەی لە بابەتی ڕێگادان و ڕێگانەدانی کتێبدا کە دەبرا بۆ سانسۆر هەروا لە بڵاوکردنەوەی وتاری نێردراو بۆ (هاوکاری و گۆڤارەکانی دەزگا) زۆر بە زەقی دەردەکەوت.

**ڕامان:** بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی وەرگێڕان. تۆ وتت لە وەرگێڕان و لە نووسیندا هیچیان بۆ دەستنیشان نەکردووم بیکەم. ئەوەی کە نووسیومە، یان وەرمگێڕاوە بە قەناعەتی خۆم بووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەڵێ وام وت، بەڵام هەندێ بابەتیشم لێ بوارد و پێم وتی.

**ڕامان:** ئەی بابەتێکت لە بارەی سیاسەتی ئۆپێک و نەوتەوە وەرگێڕابوو، تایە عەبدولکەریم بوو، کێ بوو وەزیری نەوت بوو ڕایانسپاردبووی وەریگێڕی، ئەوەیش بە قەناعەتی خۆت بوو وەرتگێڕا؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ڕاستت دەوێ ئێستا لە یادم نییە ئەو بابەتە لە شێوەی نامیلکەیەکدا بوو، یان چۆن بوو؟ ئەوەی کە ئێستا لە یادم بێ ئەوەیە سیاسەتی ئەو سەردەمەی حکوومەتی عێراق لە بواری نەوتدا سیاسەتێکی نیشتمانی بوو. برادەرێکی بەندیخانەی چەرخی پاشایەتیم لە وەزارەتی نەوت بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن بوو، ئەوەبوو ئەو بابەتەی دامێ وەریگێڕم. ئەو برادەرەم لە بواری سیاسەتدا جێگەی متمانەی تەواوم بوو. شیوعی بوو، پێش ئەوەی لە وەزارەتی نەوت دامەزرێ گیرابوو و سزایەکی سەختی درابوو. من بۆ خۆم لاقیم دیوە بە تێزاب سووتاندبوویان. لە بواری نەوتدا زۆر شارەزابوو، لێکۆڵینەوەی زۆری هەبوو. پاش بەرەڵڵاکردنی، تایە عەبدولکەریم لە پلەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی نەوتدا دایمەزراندبوو. لە کاتی گیراندا دانی بەهیچدا نەنابوو، بەڵام ددان پێدانانی زۆری کەسانی تری هاتبووە سەر. سەددام حوسێن لە گرتووخانە چوو بووە سەری، پێی وتبوو ئەگەر هەر پێ لەهیچ نەنێی مەگەر بەمردوویی لەم شوێنە دەرچی. داوای لێ کردبوو هەر هیچ نەبێ ددان بەو شتانەدا بنێ کە لەسەری هاتبوون. ئەویش پێی لەو شتانە نابوو کە پێشتر کەسانی تر وتبوویان. من ئەو بابەتەم لەسەر پێشنیای ئەو برادەرە کردووە بە کوردی و دەزانم شتی وای تێدا نییە دژی بیروبۆچوونم بێ. دیارە منیش حەزم دەکرد لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکدا بەشداربم کە سیاسەتێکی نیشتمانی لە بوارێکی پڕ بایەخی وەک سیاسەتی نەوتی بچەسپێنێ و ئەو هاوڕێ ئازیزەیشم کە (سامی احمد العامری) بوو هەر بەو مەبەستە ڕازی ببوو پۆستی بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندنی وەزارەتی نەوت وەربگرێ و هەر بۆیەش پێشنیای ئەوەی بۆ من کرد ئەو بابەتە وەرگێڕمە سەر کوردی، تا هاونیشتمانانی کوردیش لەو بوارەدا لە هاونیشتمانە عێراقییەکانی تریان پاشکەوتوو نەبن.

**ڕامان:** ئەی بێجگە لەوانە تۆ شەڕە وتاری زۆریشت کردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەوانەی تۆ ناویان لێ دەنێی شەڕە وتار، من زۆر لێیان نارازی نیم، چونکە دەمەقاڵەی فیکری بوون. ئەو دەمەقاڵە فیکرییانە زۆریان شوێنی خۆیان هەبوو، تەنیا لە بواری ئەدەبدا نەبوون، زۆرجار بابەتەکە دەهاتە سەر سیاسەت. کە دەهاتیشە سەر سیاسەت، دەهاتە سەر بەرگری و داکۆکی کردن لە بیروبۆچوون. منیش هەموو کات مەبەستم بوو بەرگری لەبیروبۆچوونی خۆم بکەم. تۆیش هەرچۆنی لێک

بدەیتەوە ئەوە تازە ڕۆیشت و مەگەر چۆنها لە هەندێ حاڵەتدا وێنەیان ڕوو بداتەوە.

**ڕامان:** ئێمە بۆیە ئەوانە باس دەکەین بۆ ئەوەی نەوەی نوێ سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێ.

**محەمەدی مەلا کەریم:** هیوادارم سوودی هەبووبێ و ببێ. لەگەڵ ئەوەیشدا من نامەوێ نەوەی نوێ خۆی لەم جۆرە بابەتانە دوور بگرێ. با ئەویش خۆی تاقی بکاتەوە، ئینجا بچێتە سەر بابەتی دیکە.

**ڕامان:** واتە بزانێ لە چ بوارێکدا توانا و دەسەڵاتی هەیە، خۆی تێدا تاقی بکاتەوە و خۆی بۆ ئەو بوارە تەرخان بکات کە بۆ ئەو باشترە. ئێوە بێجگە لەوەی دەورێکی باشتان لە بواری ساغکردنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانماندا گێڕاوە، لێکۆڵینەوەیشتان سەبارەت بە زمان کردووە و لە وردەکاری زمانیشدا دەورێکی باشتان لە ساغکردنەوەی هەندێک وشەدا بینیوە. ئێستایش زۆر وشە هەیە بەکاریان دێنم تێیاندا سوودم لە تۆ وەرگرتووە. بۆ نموونە شەڕە وتارت کردووە لەسەر ئەوەی کە وشەی (پەیوەندی) هەڵەیە و ڕاستەکەی لە کوردیدا (پێوەندی)یە. ئێستایش لەسەر ئەو ڕایەی خۆت ماوی؟ ئەو (پێوەندی)یە لەچییەوە هاتووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** (پەیوەندی) وشەیەکی فارسییە بە واتای (عەلاقە) بەکاردێ. ڕەنگ بێ لەگەڵ (پێوەند)ی کوردیدا لە یەک سەرچاوەوە هاتبن، بەڵام (پێوەند) لە کوردیدا بە مانای (پێوەندکردن)ی وڵاخە، واتە بەستنەوەی پێی بۆ ئەوەی نەچێ بەم لاو بەولادا و هەروەها (پێوەند) کردنی درەختیش هەیە کە ئەوەتە دارێکی بێ بەر پێوەند دەکەن، واتە لەگەڵ چڵی دارێکی بەرداردا لە شوێنێکیدا بە یەکیانەوە پێوەند دەکەن و دارە بێ بەرەکە بەوە دەبێ بە بەردار. وشەکە لە دوو بنەمای (پێ) و (وەند) بە واتای (بەند) واتە بەستنەوە، دروست بووە.

جگە لە (پێوەند) دەیان وشەی تری فارسی بەهەڵە هاتوونەتە کوردییەوە و ڕاستەکەیان لە کوردیدا بەجۆرێکی دیکەیە، بۆ نموونە (ساڵیاد) کە بە واتای یادی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕووداوێکدا بەکاردەهێنرێ. لە کوردیدا بۆ ئەم واتایە (ساڵوەگەڕ) هەیە، کە من بزانم تەنیا براکانی ئەو دیوەمان بەکاری دەهێنن، یان (پیادە) کە گوایە لە فارسییەوە هێنراوە و مەبەستیان لێی (خستنەکار)ە، یان (فەرماندە) کە لە (فرماندە)ی فارسییەوە بەهۆی نەزانینی خوێندنەوەی وشە فارسییەکەوە بەو جۆرە هاتووەتە ناو کوردییەوە و دەبێ لە کوردیدا بوترێ (فەرماندەر)، یان (سەلماندن) کە گوایە بە واتای ئیسپات کردنە و لە ڕاستیدا بە مەعنای (قەناعەت پێ کردن)ە. دەوترێ: (من ئەم قسەیەی تۆ ناسەلمێنم) واتە ملکەچ نابم بۆی و بەڕاستی نازانم، لە (تەسلیم)ی عەرەبییەوە هاتووە. کە لەگەڵ کەسێکیش دەکەویتە قسە و پێی دەڵێی ئەمە هەڵەیە، دەڵێ: ئەی لە جیاتی ئیسپات کردن بڵێین چی؟ و گوێ بەوە نادا کە مادەم وشەیەکی بەواتای (ئیسپات کردن)مان لە کوردیدا نییە، یان هەیە و ئێمە پێی نازانین، بۆمان نییە وشەیەکی تری بە زۆر بۆ بەکاربێنین کە بۆ ئەو واتایە دانەنراوە. کەسانێکیش هەن دەڵێن: چش با هەڵە بێ، مادەم هاتووەتە زمانەکەوە بەکاری دەهێنین، بەڵام ئەم جۆرە بۆچوونە دەرگایەکی گەورە بۆ هاتنە ناو زمانی کوردییەوەی وشەی هەڵە دەخاتە سەر پشت وەک ئێستا دەیبینین..

من لام وایە ئەمە ئەرکێکی گەورەی سەرشانی ئەکادیمیای کوردییە کە دەبێ لیژنەیەکی کارامەی بۆ بدۆزینەوە، یان دروستکردنی وشەی لەسەر بنەمای قانوونەکانی زمانی کوردی هەبێ و پێویستیشە ڕۆژێ زووتر فەرهەنگی سەرانسەریی زمانی کوردی بنووسین تا کەڵک لە هەموو دیالێکتەکانی زمانەکەمان وەربگرین بۆ پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییانەی لەم دیالێکت، یان ئەو دیالێکتدا هەن.

**ڕامان:** ئەو بابەتی (بنووس) و ئەمانەیش. ئەمە ناوی کارایە و ڕاستترە، بەڵام جێی خۆی نەکردەوە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** جارێ بەر لە هەرچی (بنووس) وشەیەک نییە من دامتاشیبێ، لە کوردی ڕەسەنی لادێیم بیستووە. وێنەیشی لە کوردیدا زۆرە وەک (بکوژ و ببڕ، هەر خۆیەتی). ئەمە ئیدیۆژێکی کۆنی کوردییە. بەکارهێنانی ئەم پاشگری (ەر)ە، قانوونی خۆی هەیە هەرچەندە من هێشتا ئەو قانوونەم بە وردی بۆ ساغ نەبووەتەوە لە کوێدا دادەنرێ و لە کوێدا دانانرێ. بۆ نموونە (نانکەر، ناندەر، چێشتکەر) لە چاوگی (کردن) و (دان) جێی ڕاستی پاشگری (ەر)ە، بەڵام (دەرهێنەر)، یان (بینەر) ڕاست نین و دەبێ بوترێ (دەرهێن) و (بین) وەک (دووربین). ئەمەیش ڕامانەکێشێ بۆ بابەتی پێویستی نووسینی گراماتیکای سەرجەمی بابەتەکانی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی. من هەرچەند لە تەلەڤزیۆنەوە گوێم لێ دەبێ (بینەرە ئازیزەکان)، یان

(بینەرمان بن)، دڵم بە تەواوی دادەگیرێ، ئێمە دەبێ لەجیاتی (بینەر) بڵێین (سەیرکەر)، یان (تەماشاکەر) و لەجیاتی (بینەرمان بن) بڵێین (سەیرمان بکەن)، یان (تەماشامان بکەن)، یان (لەگەڵمان بن).

**ڕامان:** ئەی وشەی (ڕۆڵ)؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** وشەی (ڕۆڵ)، من بزانم، وشەیەکی لاتینییە، هەرچەند لام وابێ بە (و)ی کورتی وەک (و)ی (کورد) بەکاری دەهێنن. لە فارسیشدا هەر بەم جۆرە و بەم مەعنا لە لاتینییەوە هێنراوە. من هێنانی وشەی لاتینیم بۆ ناو کوردی بەلاوە گرفت نییە، چونکە تەکنیکی نوێ سەرومر وشەی نوێ دەهێنێ و ناشکرێ هەر گەلێک هەمیشە خۆی بە دانانی وشەی نوێوە بۆ ئەو داهاتووە تازانە خەریک بکا، بۆیەیش کەس بیر لە داهێنانی وشەی کوردی بۆ (تەلەڤزیۆن) و (ڕادیۆ) و (ئینەرنێت) و (تەلەفۆن) و شتی وا ناکاتەوە و ڕۆژێکیش کە ویستیان (تەلەفۆن) بکەن بە (بیستەک) بڕیارەکە تەنانەت لای خاوەنەکانیشی سەری نەگرت.

**ڕامان:** جا مامۆستا گیان! من مەبەستم لە هێنانەوەی تەنیا چەند وشەیەک ئەوە بوو کە لەکاتی خۆیانەوە لەبیرم مابوون و تۆ لە بارەی ئەو وشانەوە نووسیبووت و وەڵامی خەڵکانێکت دابووەوە، بەڵام نازانم ئاخۆ لەم ساڵانەی دواییدا شوێن کوردی نووسین کەوتووی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە گەیشتووەتە چ حاڵێک؟ من بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر یەکجار زۆر وێران کراوە. دەمەوێ لەم بارەیەوە قسەیەکمان بۆ بکەیت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** تێکڕا ئاگادارم، هەرچەند بۆ خۆم ناتوانم بچم بەدوای ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و کۆیان بکەمەوە، تەنانەت ناتوانم کەسێکیش بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپێرم، چونکە ئەوەندە زۆرن دەرەقەتی کڕینیان نایەم، بەڵام لە ڕێگای تەماشای تەلەڤزیۆنەوە زۆر وشە و دارشتنی سەیروسەمەرەم دەکەوێتە بەرچاو و گوێ. دەڵێن کاک ناسری ڕەزازی کتێبێکی جوانی سەبارەت ئەم زمانە نوێیە نووسیوە کە لە سلێمانی داهاتووە. بەداخەوە من ئەو کتێبەیم نەدیوە، زۆرم پێ خۆشە بیخوێنمەوە و بزانم چۆن بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە چووە.

**ڕامان:** ئێستا ئەو بارودۆخە چۆن دەبینی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** گومانی تێدا نییە زۆر خراپە و پڕە لە پشێوی و سەرگەردانی. لە سەردەمێکدا کە لایەنێکی لێزان لە ئارادانەبێ لە پارێزگاری و گەشەپێکردنی زمان بەرپرس بێ، ناکرێ بەهیوای ئەوە بین وەزعەکە لەمەی ئێستا هەیە، زۆر باشتر بێ.

**ڕامان:** ئەی هەندێ مشتومڕی سیاسیت کردووە، ناکرێ ئەمانە لە کتێبێکدا کۆیان بکەیەوە کە یەکێکیان سەبارەت بە ڕەمزی نافیع و ئەوانە و کاتی خۆی وروژاندتان؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من خۆیشم بیرم لەمە کردووەتەوە و بە ئاواتی هاتنە دییەوەیم، کوردی بە جیا و عەرەبی بەجیا و لە هەر کامیشیاندا هەر بابەتێکی وتارەکان بەجیا. کاک عەبدوڵڵا زەنگنەیش گفتی داوەمێ ئەم پرۆژەیەم بۆ جێبەجێ بکا و پێشەکی هەر لە ئێستاوە سوپاسی گەرمی دەکەم. جا ئەگەر مام و لەم نەخۆشییەی ئێستام ڕزگار بووم، ئەوە خوا یار بێ بە هەردووکمان دەیهێنینە دی. خۆ ئەگەر ئەجەلیش هاتەڕێم، هیوای ئەوەم هەر دەمێنێ برادەرێک بۆم ڕاپەڕێنێ.

**ڕامان:** تۆ لەم وەڵام نووسینەوە و وەڵام دانەوانانەتدا کە کردووتن هیچی وا شک دەبەیت پاش چەند ساڵێک هەستت کردبێت کە پێویست نەبووە، یان هەڵە بووبی تێیدا و لێی پەشیمان بیتەوە؟ شتێکمان لەم بارەیەوە بۆ باس بکە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** قسەیەکی باو هەیە دەڵێ: ئەوەی هەڵە ناکات، ئەوەیە کارناکات. منیش، هەرچەند ئێستا نموونەی وام لە یاد نییە تێیدا کەوتبمە هەڵەی زەقەوە، بەڵام ڕێ تێچوونی کەوتنە هەڵەوە هەمیشە بۆ هەموو کەسێک لە ئارادایە، منیش یەکێکم لەم هەموو خەڵکە. لە کتێبەکەمدا کە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەندێ بابەتی کتێبی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)یەکەی خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدارم نووسی لە شوێنێکیدا بەیتێکی سەعدی شیرازیم هێنابووەوە و لە پەراوێزیشدا وەرمگێڕابووە سەر کوردی. بەڕاستی دەمێکە لە هێنانەوەی ئەو بەیتەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی پەشیمانم و خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە لە نووسینی ئەو کتێبەدا، لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستایش نووسینی ئەو کتێبە بە مافی خۆم و بەڕاستیش دەزانم، ئارامتر بوومایە، بەڵام دەبێ ئەوەیش بڵێم کە لە نووسینی ئەو کتێبەدا من دەست پێشخەریکەر نەبووم و ئەو برادەرە خوالێخۆشبووەیش کە وەڵامی منی بە کتێبی (نالی و کێ ڕاستە) نووسیبووەوە، گەلێک زیاتر لە من زیادەڕۆیی کردبوو و شتی ناڕاستی زۆری نووسیبوو، بەڵام چونکە لام وابوو ئەو لەبەر خاتری ڕاستی، یان لەبەر دڵی دکتۆر مارف ئەو کتێبەی نەنووسیبوو و مەسەلەکە

لەسەرچاوەیەکی ترەوە هاتبوو، من نەمویست بێمە مەیدانییەوە و وەڵامی ئەویش بنووسمەوە. لەو وەڵامەی ئەو برادەرە بەولاوە و لەیەک دوو وەڵام دانەوەم کە یەک دوو کەس بەهۆی پاڵ پێوەنەری سیاسییەوە بەناهەق لەسەریان نووسیبووم، کەسی ترم نەدیوە وەڵامێکی وای بۆ نووسیبمەوە هەڵەیەکی زانستییانەی لە نووسینێکمدا دەستنیشان کردبێ، ئەگینا ددانم بۆ پێدەادەنا، یان وەڵامیم دەدایەوە.

**ڕامان:** لە بواری کوردی نووسیندا ناڵێم. موناقەشاتی فیکری و سیاسیم مەبەستە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** وەڵامی بەشێکی ئەم پرسیارەتم لە وەڵامی پێشوودا دایەوە. زیاد لەوەیش من ئەوەندە موناقەشاتی فیکری و سیاسیم زۆر نەبووە. کەسیشم تێیاندا نەدیوە پاش وەڵامدانەوەکەی من هاتبێتەوە مەیدان و ویستبێتی هەڵە لە وەڵامەکەدا بدۆزێتەوە، چونکە لە یادم نییە شتێکی وام لە وەڵامدانەوەکەمدا نووسیبێ کەسێک بتوانێ ڕەخنەیەکی بەجێی لێ بگرێ و ئەمەیش لە لەخۆبایی بوونەوە ناڵێم و ڕەخنەکانی ڕەخنەگران لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکاندا ماون و هەرکەس دەتوانێ بگەڕێتەوە سەریان. لەم ساڵانەی دواییدا گۆڤارێکی- وابزانم- پاکستانیم بەرچاوکەوت وتارێکی بەناوونیشانی (الاكراد بدو وليست لهم حضارة) تێدا بڵاوکرابووەوە، وەڵامێکم نووسییەوە و ناردم بۆ گۆڤاری (الثقافة الجديدة). گۆڤارەکە وەڵامەکەمی بڵاوکردەوە، بەڵام بە لووت و گوێ کراوی بڵاوی کردبووەوە و کۆمەڵێک بۆچوونی تایبەتی خۆمی لەو بوارەدا لێ لادابوو کە ئێستاش لام وایە ورد و ڕاست بوون و لەو مەیدانەدا داهێنانی نوێ بوون. زۆرم لا گران بوو ئەو بۆچوونانەم نەکەوتنە بەرچاوی خوێندەواران، بۆیە وتارەکەم نارد بۆ گۆڤاری (پەیڤین)ی عەرەبی کە مامۆستا محەمەد موکری لە سلێمانی دەری دەکات. ئەم، وتارەکەی بە تەواوی بۆ بڵاوکردمەوە، بەڵام مەبەستەکەی من لەوە کە وتارەکەم بۆ گۆڤاری پێشوو ناردبوو، بەم بڵاوکردنەوە تەواوەیشی نەهاتە دی، چونکە ئەوی پێشوو جەماوەرێکی خوێنەرەوەی عەرەبی هەیە و پەیڤین نابینن و من مەبەستم بوو ئەو بۆچوونانەم بکەونە بەرچاوی ئەو جەماوەرە عەرەبەیش.

**ڕامان:** ئەی ئەو موناقەشانەی لەگەڵ دکتۆر جەمال نەبەز و کامیل ژیر و ئەوان، ئێستا دوای ئەو ساڵانە چۆنیان دەبینی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** کامیل ژیر کۆمەڵە شیعرێکی بەناوونیشانی (کوردایەتی) بڵاوکردەوە، من ڕەخنەیەکم بەناوونیشانی («کوردایەتی»ی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا) لێ گرت، ویستم لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاوی بکەمەوە، شەهید نافیع یوونس کە نوێنەری حزبی شیوعی بوو لە بەڕێوەبردنی (یانەی سەرکەوتنی کوردان)دا، ڕێگای نەدا و وتی نامانەوێ ئەم ڕەد و بەدەڵە بێتە ناو گۆڤاری هیوا و یانەی سەرکەوتنەوە. برادەرێکم وتی گوێ مەدەرێ لە چاپی بدە، من پارەی لەچاپدانەکەی دەدەم. هەزار دانەم لێ لەچاپ دا و بڵاوم کردەوە. پاش ماوەیەک بەرپەرچدانەویەکی نامیلکەکەم لە کتێبێکدا بە ناوونیشانی «نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری چەکوشی کوردایەتیدا» بە قەڵەمی (زەردەشت) ناوێک بڵاوکرایەوە، تا ساڵی١٩٧٣ کە چەند کتێبێکی دکتۆر جەمال نەبەز گەیشتنە کۆڕی زانیاری کورد و لە یەکێکیاندا ناوی دانراوەکانی دکتۆر نووسرابوو و یەکێکیان ئەو بەرپەرچدانەوەیەی کتێبەکەی من بوو، زانیم دکتۆر جەمال نەبەز دایناوە- نەمدەزانی ئەو کتێبە هێی کێیە. کە ئەو بەرچەرچدانەوەیە بڵاوکرایەوە من بیرم لە وەڵامدانەوەی نەکردەوە، چونکە کۆمەڵە شیعرەکەی کامیل ژیر سەدایەکی بیرۆکەی (عروبە و ئیسلام)ی نەتەوەچییە عەرەبەکان بوو کە ئەو سەردەمە لە عێراقدا زۆر باو بوو، بەسەر مەسەلەی کورددا پراکتیزە کرابوو. دوای ئەوەیش کتێبەکەی دکتۆر جەمال نەبەز لە ڕاستیدا کتێبێک بوو لە دژی بیری شیوعی و چەندین بابەتی بێ پێوەندی بە وەڵامەکەی منەوەی تێدا بوو. لەم ساڵانەی دواییدا هەر سێ کتێبی (کوردایەتی) و کتێبەکەی من و ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەزیش پێکەوە لەلایەن برادەرێکی هەرسێکمانەوە دووبارە بڵاوکراونەوە و من سەرەتایەکم بۆ ئەوەی خۆم نووسی و زۆرم پێ خۆش بوو هەر سێ بابەتەکە پێکەوە بڵاودەکرێنەوە، چونکە لەوە دڵنیام کە خوێندەوارانێکی بێ لایەن و خاوەن ویژدانی وا لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لەناو کورددا زۆرن بەراوردێکی بە ئینسافانەی ناواخنی هەر سێ کتێبەکە بکەن و لە دڵ و دەروونی خۆیاندا حوکمێکی ویژداندارانە لە بارەی هەرسێکیانەوە بدەن. ئەم وەڵامە بەجێی خۆی دەزانم بۆ ئەوەی بڵێم دکتۆر جەمال نەبەز خوێندەوارێکی چاک و زانایەکی گەورە و کوردی نووسێکی ڕەوان وکوردێکی دڵسۆزە، بەڵام بەداخەوە، لە زۆرێکی ئەو حوکمانەیدا کە دەیاندا

وەک دیموکــراتێکی ڕاســتــەقــینە مــامــەڵە لەگــەڵ بەرانبەرەکانیدا ناکا.

**ڕامان:** لە مێژووی ژیانی ئەدەبیتاندا ئەو خەڵکانەی بۆ بەردەوامــبــوون لەســەر نووسین هانت داون، هەست بە ئاســــوودەیی دەروون دەکــــەیت لەوەدا کــــە لەپاش هاندانەکەتان پێگەییون؟

**مـحـەمـەدی مـەلا کـەریم:** دیارە مەبەستت لە هاندانی ئەدەبییــە کــە وا بنووسن و وانەنووسن، ئەگــەر باشی لێ تێگەیشتبم و ئەمەت مەبەست بێ، ئەوانیش بەگــوێیــان کــردبم، یان نەکــردبم من هەست بە ئاســوودەیی دەروونم دەکــەم، چونکە لام وانەبووە شــتی خــراپم پێ وتوون. جــا لەوانەدا هەن بە گــوێیــان کــردووم و هەیشن بەگــوێیــان نەکــردووم. هەســتــیش دەکــەم تێکڕا ڕێ بەدێیــەکــانم بێ کــەڵک نەبوون، بەڵام لە بابەتەکــانی زمــاندا زۆرجــار تووشی نائومــێــدی دەبم، چونکە کــەم قــســەم دەنگ دەداتەوە. لام وایە ئەوەیش بەهۆی ئەوەوەیە کــە خــەڵک تێکڕا کە خوویان بە شتێکەوە گرت، با هەڵەیش بێ، بە ئاسانی دەستی لێ هەڵناگرن و ئەمەیش هەر لە سەرەتای مێژووەوە یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی مرۆڤایەتی.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆماندا چۆنی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** زۆرم حەز لێیە، بەڵام دەرفەتی کــەمم بۆ خــوێندنەوەی بووە. خــوێندنەوەم تێکڕا کــەمــە، ڕۆمــان بێ، یان هەرچی.من لەمــەیش زۆر پەشــیــمــانم لە ژیانی خۆمدا. هەندێ پرۆژەم داناوە بۆ پاش چاکبوونەوەم ئەگــەر خــوا کــردی و چاک بوومــەوە، یەکــێکــیان ئەوەیە بایەخــێکی زۆر بە خــوێندنەوە بدەم لەو بوارانەدا کــە دەسەڵاتم بەسەریاندا دەشکێ.

**ڕامان:** ئاخر ئەگەر تۆ زۆرتر ڕۆمانت بخوێندبایەتەوە و شارەزاییت لە تەکنیکەکانی هەبوایە، ئەو دەتتوانی ئەو نەفەسەی کە ئێستا هەتە لەو بیرەوەرییانەی بەندیخانە و ژیانی حوجرەت و ...تاد دا، بەشێوەی گێرانەوەی ڕۆمان بیانگێڕیتەوە.

**مـحـەمـەدی مـەلا کـەریم:** بەڵکو هەر هیچ نەبێ با بێ هاتنەدیی مەرجە تەکنیکییــەکانی ڕۆمــاننووسیش بێ، بیرەوەرییــەکــانی فــەقــێیــەتی و بەندیخــانە و هەندێ لە ڕووداوەکانی تری ژیانم بنووسمەوە.

**ڕامان:** ئەی لە ڕۆمــاننووســەکــانی کــورد و عــەرەب کــە خوێندبێتتەوە، کێیانت بە دڵە؟

**مـحـەمـەدی مـەلا کـەریم:** لەکورددا حسێن عــارفم زۆر بەدڵە. لە عــەرەبدا حــەننا مــینە، نەجــیب مــەحــفــووز، عەبدوڕەحمان مونیف.

**ڕامان:** ئەی کورتە چیرۆکت خوێندووەتەوە؟ کێت زۆر لەکورتە چیرۆکنووسانی کورد و عەرەب بە دڵە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** زۆرم کورتە چیرۆکی جیهانی و عــەرەبی و کــوردی خــوێندووەتەوە، لە کــوردیدا شــاکــیــر فــەتاح، ئیــبــراهیم ئەحــمــەد، عــەلائەددین ســەججــادی، حەسەنی قزڵجی و هی دی. لە عەرەبیدا غائیب توعــمە فــەرمــان و جــۆرج حــەننا و زۆری تر. لەجــیــهــانیــدا لێرمۆنتۆڤ و چیخۆف و گۆرکی و چارلز دیکنز و گەلێکی تر. کورتە چیرۆکی جوانی فارسیم خوێندووەتەوە. لە هی ئەمــــەریکای باکــــوور و ئەمــــەریکای لاتینیــــشم خــوێندووەتەوە. زۆر کــورتە چیــرۆک فــرمــێــسکیــان پێ ڕشــتــووم و گریاندوومــیان. لە ساڵانی شەســتــەکــاندا لە زیندان یەک دوو جــار ویســتم خــۆم تاقی بکەمــەوە بزانم دەتوانم فــێری چیرۆکنووسین ببم. ئێســتــایش ڕەشنووسی هەوڵێکی وام لا ماوە، بەڵام دیم سەرکەوتوو نیم تێیدا، بۆیە دەستبەرداری بووم و جارێکیتر نەگەڕامەوە سەری.

ڕۆمــانەکەی عــەبدوڕەحمــان مــونیف (شرق المتوسط)م یەکەم جار بە زمانەکەی خۆی خوێندووەتەوە کە عەرەبییە. هێشتا کاک ساڵح موحەممەد ئەمین وەرینەگێڕابووە سەر کــــوردی. زۆرم بەدڵــدا چوو، بە تایبــــەتی کـــــە باسی ڕووداوەکــــانی بەندیخــــانەکــــانی یەکــــێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریــای ناوەڕاســــــتــــــــە، بەڵام وابوو بــاسی زیندانەکــــانی چەرخی پاشــــایەتی عــــێــــراق و بەڵکو لەوەپاشیــشی دەکــات و بە تایبــەتی ئەو قــەسابخــانانەی لەزیندانی کــووت و بەغدادا بۆ زیندانە سیاسییــەکانیان ســازدا. ئەوەم زۆر پێ ناخــۆش بوو کــە نەیتــوانیــبــوو وێنەیەکی وردی ڕووداوەکــــانی ئەو قــــەســــابخــــانانە بخاتەڕوو، بەڵام بۆیشم پاساو دەدا کە یەکەم ئەم پیاوە ئاگــــای تەواوی لەو ڕووداوانە نەبووە و دووەمــــیش ئەو تەنیا چەردەیەکی ناتەواوی مەسەلەکەی بیستووە و زیاتر خەیاڵی خۆی خستووەتە کار.

ئەم پیــاوە لە ســاڵەکــانی هەشــتــای ســەدەی ڕابردوودا هاتبــووە عــێــراق و لە وەزارەتی نەوت کــاری دەکــرد. کــە کــاک ســاڵح مــوحــەممەد ئەمــینی وەرگــێــڕی ڕۆمــانەکــە بۆ کوردی هاتە بەغدا بۆ لە چاپدانی کــتــێبــەکەی، لەگــەڵی چوومە ماڵی مامۆستا عەبدوڕەحمان مونیف و لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە کــەوتینە گفــتــوگۆ، بۆم باس کرد لام وابێ مــەبەســتت لەو ڕووداوانەی یەکــێک لە بەندیخــانەکــانی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووداوەکــــانی ١٩٥٣ی

زیندانەکانی کووت و بەغدایە کە بۆ زیندانییە کۆمۆنیستەکانی ئەو دوو زیندانەیان بەرپا کرد. وتی: بەڵێ وایە. وتم: کەواتە نەتتوانیوە باسەکە بە باشی بگێڕیتەوە، چەردەیەکیم کە لێم دەزانی بۆ باس کرد. گفتی دامێ کە لە چاپی داهاتوودا ڕاستی بکاتەوە. ئیتر نەمزانی ئەو چاپە تازەیەی کتێبەکەی کرد و ناتەواوی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕاست کردەوە، یان خێر. هەر چۆن بێ هەزار جار یادی بەخێر بێ.

**ڕامان:** لەناو نووسەرانی کورددا کام نووسەر زیاتر لە نووسەرەکانی تر سەرنجی ڕاکێشاویت: مەسعوود محەمەد، شوکر مستەفا، هەژار و هی دی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە چ بابەتێکەوە؟

**ڕامان:** هەر بە گشتی

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئاخر بابەتی زمان جیایە، هی بابەتی لێ نووسین جیایە.

**ڕامان:** بەگشتی

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە ڕووی زمانەوە ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا عەبدوڵلای حەسەنزادە، محەمەد مستەفا کوردی و هێمن و لەوانەیە هیی تریش کە ئێستا ناویان نایەتەوە یادم لە کەسانی تر سەرنجیان زیاتر ڕاکێشابم، بەڵام تێکڕا دەبێ ئەوە بڵێم کە بنووسانی کوردی ڕۆژهەڵات (ئێران) لە بنووسانی کوردی لای خۆمان سەرنجیان زیاتر ڕاکێشاوم، چونکە نووسینیان لەگەڵ سەلیقەی زمانی کوردیدا زیاتر هاوجوتە، ئەوەیش بەهۆی یەک بنەچەیی کوردی و فارسی ئێستاوە.

**ڕامان:** ئەی مام هەژار و ئەوانە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** مام هەژاریش، بەڵام مام هەژار لەپاڵ ئیشەکانی خۆیدا هەوڵی وشە داتاشینیشی داوە و لام وانییە زۆر لەوەدا سەرکەوتووبێ. ناوی مەلا شوکوریشم نەهێنا، چونکە ئیشێکی کردووە کە خەڵک زۆر بە دڵیاندا ناچێ، وشەی زۆری لە دیالێکتە جیاجیاکانی کوردییەوە هێناوەتە ناو وەرگێڕان و نووسینەکانییەوە کە بەخەڵکەکە نامۆن، هەرچەند لە کۆتاییشدا فەرهەنگۆکی بۆ ئەو وشانە کردووە.

**ڕامان:** ئەی مەسعوود محەمەد؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** مامۆستا مەسعوود محەمەد لە بواری فیکریدا بە ڕاستی شتی نوێی زۆر لایە لەگەڵی یەک بگرمەوە، یان نەگرمەوە، بەڵام زمانەکەی زۆر گیرە و تەڕ و پاراو نییە، لە نووسیندا نایەتەوە سەردێر، زۆر بابەت تێکەڵی یەک دەکا.

**ڕامان:** تۆ وەک کەسێک کە ئەزموونێکی دوورودرێژت لە مەیدانی نووسیندا هەیە..

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەوەی ڕاستی بێ هەر چەندە کە من گوایە ئەزموونێکی دوورودرێژم هەیە، من ئەزموونی دوورودرێژم نییە. من شەش ساڵیش دەبێ لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا نەبێ، وتاریکی وام نەنووسیوە بە ئارەزووی دڵی خۆم بێ. لەو چەندانەدا وتارێکم بەرچاو کەوت مونتەزیری نووسیبووی، ئەو ئایەتوڵلایەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لەو ماوەی دواییەدا مرد، زۆرم لا مەبەست بوو بیکەم بە کوردی تا خوێندەوارانی کوردیش بزانن دەڵێ چی؟ بەڵام شوێنێکم شک نەبرد تێیدا بڵاوبکەمەوە و بێ قرە تێبپەڕێ، هەڵم گرت، بەڵکو پاشان بتوانم وەریبگێڕم. وتارەکە وتارێکی سیاسی بوو.

**ڕامان:** باشە تۆ کە لەو چەند ساڵەدا شتت نەنووسیوە، مانای ئەوە نییە لە ڕابردوودا شتت نەنووسیوە، تۆ ئیشی زۆرت کردووە. با واز لەو تەوازووعە بهێنین، ئەنجا با بگەڕێینەوە سەر قسەکەی پێشوومان کە تەواومان نەکرد وتت تۆ وەک نووسەرێک...تاد.

**محەمەدی مەلا کەریم:** با ئەم جارەیش قسەکەت پێ ببڕم و پرسیارێکت لێ بکەم. تۆ باوەڕ ناکەیت کە (بنووس) ڕاستە نەک (نووسەر)؟

**ڕامان:** ئەوی ڕاستی بێت ئێمە بە (نووسەر) ڕاهاتووین و بووە بە هەڵەیەکی باو. ئاگام لێیە و تەسجیلیشمان کردووە تۆیش وتووتە (نووسەر)، ئەوە وەک قسەکەی مستەفا جەوادی لێ هاتووە کە دەڵێ: وشەیەکی هەڵەی باو، لە ڕاستێکی ناباو باشترە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** من باوەڕم بەوە نییە.

**ڕامان:** ئەی چۆن ئەو قسەیە وەڵام دەدەیتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەو قسەیەی مستەفا جەواد ڕێگایەکی پانوپۆڕ بۆ ئەوە دەکاتەوە کۆمەڵێک هەڵەی زەق بهێنرێتە هەر زمانێکەوە و منیش ئەمەم بەلاوە ڕەوا نییە. دەبێ هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە هەوڵبدات بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و خۆی هیچ کام لەو هەڵانە بەکارنەهێنێ، ئەگینا ئەی چۆن زمانەکەمان بە خاوێنی دەپارێزی؟

بەش بەحاڵی ئێمەی کوردی کوردستانی باشوور، لە دوای ڕاپەڕینەوە هەڵەی سەیر سەیر هاتووەتە زمانەکەمانەوە. نازانم لەگەڵ ئێوەدا بوو لەم بابەتە دوام، یان لەگەڵ کەسانی تر. پاش ڕاپەڕین و دەرچوونی

ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار دەستەواژەی زۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە کە وشەی کوردییان لە بەرانبەردا بۆ دروست نەکرابوو، لەبەر ئەوە هەر لە زمانەکەی خۆیانەوە هێنرانە ناوەوە و بڵاوبوونەوە، بێ ئەوەی بەڕاستی بەکاربهێنرێن، یان دەسکارییەکی وایان بکرێ لەگەڵ کوردیدا بگونجێن. ئێستا ئەو دەستەواژانە ڕۆژانە دەیان جار لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤاردا بەکار دەهێنرێن و زۆر جاریشیان بەهەڵە. لە زۆر کەس لەوانەم پرسیوە کە وشەی (پرۆسە)یان بەکارهێناوە: ئەم وشە یانی چی؟ نەیانزانییوە.

**ڕامان:** لەجیاتی (عملیة) وەک عەمەلییەی ئینتیخابی بەکاردێت.

**محەممەدی مەلا کەریم:** من خۆم دەیزانم. لە ڕووسیدا هەر بەم واتایە وشەی (پرۆسێس) هەیە. من ئەم وشەیەم هەر بۆ نموونە هێنایەوە.

**ڕامان:** تۆ لە جیاتی (پرۆسە) لە کوردیدا چیت پێ باشە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** من ئێستا شتێکی دەقم بەبیردا نایەت. لەوانەیە بڵێین (کردار) دەست دەدا، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا نابڕێتەوە. دەیان وشەی تر هەن پەکمان لەسەریان کەوتووە. وەک پێشتر وتم ئێمە پێویستمان بە کۆڕێکی کارای زمانەوانییە. دیسانەوەیش هەر وەک وتم من دژی بەکارهێنانی وشەی لاتینی نیم کە شێوەیەکی جیهانی وەرگرتبێ، بەڵام ئەمە نابێ هەرکەس لای خۆیەوە کارەکە بکا. پێویستە لایەنێکی پێ سپێردراو بڕیاری بدا و بۆ هەموانیشی بڕیار بدا تا زمانەکەمان بە ڕێکوپێکی بەرین بەڕێوە.

**ڕامان:** وەک وشەی (دیموکراتییەت)

**محەممەدی مەلا کەریم:** دەیان وشەی بێگانەی وەک (دیموکراتییەت) هەن هاتوونەتە کوردییەوە جێی خۆیشیان بە ئاسانی کردووەتەوە. ڕووسەکان مانگی دەستکردیان دروست کرد و ناویان لێ نا (سپوتنیک). من ئاگادارم لە ئینگلیزی و فەرەنسییەکەیشدا هەر سپوتنیکی پێ دەڵێن، وتیان ئەمە داهێنانی ڕووسەکانە، مافی خۆیانە بەکاری بهێنن و ئێمەیش وەک ئەوان بەکاری بهێنین. ئێستا لە جیهانی زانستدا هەر سپوتنیک بەکاردەهێنرێ، بەڵام ئەم ڕاستییە وایش ناگەیەنێ وشەیەکی تری ڕووسی بیست و چوار پیتی، یان وشەیەکی ئەڵمانی هەروا بهێنینە کوردییەوە.

**ڕامان:** باشە، ئێوە بیرەوەرییەکانی خۆتانتان بۆ نەنووسیوەتەوە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** دەمەوێ بیاننووسمەوە، بەڵام بۆیە تا ئێستا نەمنووسیونەتەوە، چونکە بە بۆچوونی خۆم شتی لە پێشترم بەدەستەوە بووە کە دەرفەتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمی نەداوەمێ. ئەگەر لەم نەخۆشییەی ئێستام ڕزگاربووم دێمەوە بەلایانەوە. نابێ ئەوەیش لەبیر بکەم کە بیرم ئەوەندە تیژ نییە هەموو شتێکی خۆمم لە یاد بێ.

**ڕامان:** ئەی باوکت بیرەوەرییەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** بیرەوەرییەکانی باوکم دوو جۆرن. لە سەرەتای مەلایەتییەوە لە بیارە، بیرەوەرییەکانی، یان بڵێین یادداشتگەلێکی خۆی بە عەرەبی نووسیوە من خۆم ئەو یادداشتانەیم دیوە و خوێندووەتەوە. ئێستا ئەوە دیار نییە. لام وایە لەپاش گیرانی ئێمە خۆی فەوتاندبێتی، چونکە نەیویستبێ ئەو زانستەنییانەی بکەونە بەرچاوی خوێندەواران. لەم ساڵانەی دواییشدا بیرەوەرییەکی تری بە کوردی نووسیوە هیچی لە بارەیەوە بە من نەوتووە، تەنانەت بەچاپ کردنیش چاپی نەکردووە، داویەتییە دەستی کەسێک بردوویە چەند دانەیەکی لێ فۆتۆ کردووە بۆی و ئەویش دابەشی کردوون بەسەر کەسانێکدا کە خۆی مەبەستی بووە. من دانەیەکم لەم بە فۆتۆ وێنەگیراوە لایە، بەڵام نازانم دەستنووسەکەی کەوتووەتە کوێ و لای کێیە؟ ڕەنگ بێ ئەوکەسە شتێکی لێ بزانێ کە بردوویە بۆی فۆتۆ کردووە، چونکە کە کتێبەکانیشم تەماشا کرد کە بەخشینی بە کتێبخانەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەناو ئەو کتێبانەیشدا نەمدی. ئەم بیرەوەرییە کوردییەی زۆر بابەتی تێدایە کە لە بیرەوەرییە عەرەبییەکەیدا نەبوون، وەک عەرەبییەکەیشی زۆر بابەتی وای تێدا بوو کە لەمدا نین. ئەگەر لەم نەخۆشییەی ئێستام ڕاست ببمەوە بەسەر ئەم بیرەوەرییە کوردییەیدا دەچمەوە و لە پەراوێزەوە هەندێ شتی وای لێ زیاد دەکەم کە ئەو خۆی نەینووسیون و من ئاگام لێیانە. برادەرێکی هەورامانی کە ناوی (مەلا عبدالدائم)ە، نامیلکەیەکی لە بارەی باوکمەوە لە چاپ داوە زۆر لە بابەتەکانی لەم بیرەوەرییە کوردییەی وەرگرتووە.

**ڕامان:** یەکەم جار لە چ ساڵێکدا گیرای و پاش ئەوەش چەند جاری تر گیراوی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** یەکەم جار، وەک لەیادم بێ، لە ١٧/١٠/١٩٥٤دا گیرام. هیچ بەڵگەیەکی قانوونی بۆ گیرانەکەم نەبوو، چونکە لە دادوەری کردنمدا هیچ بەڵگەیەک نەخرایە ڕوو. پێم وابێ ئاسایش بەهۆی هەندێ نیشانەوە لێم کەوتبووە گومانەوە، وەک ئەوە کە لە دوای ناوی شێخ عەبدولکەریم ماشیتە و شێخ موحەممەد شەبیبییەوە ئیمزای بانگەوازەکانی ئاشتیخوازانی عیراقم دەکرد کە لە ڕۆژنامەی ئەلئەهالیدا بڵاودەکرانەوە و وەک ئەوە کە لە نەورۆزەکەی تووی مەلیکی ئاشتیخوازانی سلێمانی ١٩٥٤دا، وەک لەیادم بێ، تاقە فەقێیەک بووم بە کەواو سەڵتە و جامانەوە لەناو زیاتر لە ٢٠٠٠٠ ئاهەنگ گێڕدا هەڵدەسووڕام و وەک ڕێکخراو و گۆڤارەکەی (دەنگی فەقێ) کە سەروسەدایەکی لای کەمی لەناو مەلا و فەقێی سلێمانیدا نایەوە، هەرچەند حکومەت هیچ پەرچەکردارێکی بەرانبەر بە هیچ مەلا و فەقێیەک نەنواند و لە پێوەند بەو هەنگاوەوەدا و وەک ئەو خوتبەیەم لە ئاهەنگی ئیجازەی مەلایەتی پێدانی فەقێیەکدا لە مزگەوتی بن تەبەقی مەلا فەتحوڵڵا کە مامۆستا مەلا مستەفای زەڵمی ئیجازەی دایە و وەک ئەوە کە لە (ژین)دا زۆرجار دەمنووسی و نووسینەکانم لە نووسینی فەقێیەکی مزگەوتیان نەدەکرد، من لام وایە هەموو ئەمانە عەلامەتێکی ئستیفهامی زەقیان لەبەرچاوی پۆلیسدا پێکدەهێنا کە دەبێ فەقێیەکی وا چی لەژێر سەردابێ.

کە گیرام لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆم لەگەڵ نەکراو پاش چەند ڕۆژێک درام بە دادگا. ئەو شایەتانەی بۆ تاوانبار کردنمیان ئامادە کردبوون هەموو پۆلیسی ئاسایش و بە ئیستیلاحی ئەو ڕۆژە پۆلیسی تەحەڕیاتی جینائی بوون. یەکێک لەم شایەتانە وتی: دیومە چووەتە ئەو خانەی دووکانی ئیسماعیل شاوەیسی تێدایە. ئیسماعیل شاوەیس یەکێک بوو لە لیژنەی ئاشتیخوازانی سلێمانی و پێش من گیرابوو و حوکمیش درابوو. منیش لەوەڵامدا وتم، بەڵکو چووبم چای لای بکرم. یەکێکی تریان وتی دیومە لەناو شەقامدا سەلامی لە ئیبراهیم ئەحمەد دەکرد. حاکمەکە لێرەدا لە پۆلیسەکە تووڕە بوو وتی: بۆ ئەگەر من لە ڕێگەدا ئیبراهیم ئەحمەد ببینم سەلامی لێ ناکەم؟ پۆلیسەکە وتی گەورەم! سەلامی تۆ جیایە. یەکێکی تریان وتی بەرەو مزگەوتی حاجی حان دەهاتم لەگەڵ عەلی حاجی عەبدوڵڵا بۆسکانی بە ئاستەم قسەی شیوعییانەیان دەکرد، کە من نزیک کەوتمەوە بێ دەنگ بوون. منیش لێم پرسی: ئەی کە بێ دەنگ بووین چۆنت زانی ئێمە قسەی شیوعییەتیمان دەکرد؟ وەڵامی نەبوو. ئەو ڕۆژە هیچم لەسەر ساغ نەبووەوە. دادگا ئیفراجی کردم، بەڵام پۆلیس هێشتمیانەوە و بەڕەڵلایان نەکردم. بۆ سبەینێ دامیانەوە بە دادگا و بەشێک لە پۆلیسەکانی دوێنێ و لە هی تر هاتن شایەتی تری وەک شایەتییەکانی دوێنێیان لێ دامەوە. ئەمڕۆ حوکمی کەفالەتییەکی یەک ساڵی، یان دانانی دووسەد دیناریان بۆ ساڵێک بەسەردا دام. لە حاکمەکەم پرسی: دوێنێ بۆ ئیفراجت کردم و ئەمڕۆ بۆ حوکمی کەفالەتت بەسەردا دام؟ وتی: بۆ شوکری خوا ناکەی وەک حەمە ساڵح دیلان حوکمی دوورخستنەوەی سێ ساڵم بۆ نوگرە بەسەردا نەدای وەک عومەر عەلی داوای کردبوو؟ لەم دوو ڕۆژە ڕۆژێکیان بە توهمەتی مەترسی بۆ سەر کۆمەڵ و ڕۆژێکیان توهمەتی بەدڕەوشتییان بۆ هۆنیبوومەوە. لە یادم نییە کامیان توهمەتی ڕۆژی یەکەم و کامیان توهمەتی ڕۆژی دووەم بوو. لە ڕۆژی داوەری کردن بە توهمەتی مەترسی بۆ سەر کۆمەڵدا لە حاکمەکەم پرسی ئێستا کە من گیراوم و لە کۆمەڵ دوورخراومەتەوە، باری کۆمەڵ لە بارەی بوون و نەبوونی مەترسییەوە چ جیاوازییەکی هەیە؟ وتی: بۆچی من ترمۆمترم بەدەستەوەیە تا بزانم؟

حوکمدانی دووەمم لە حوزەیرانی ١٩٥٥دا بوو. حوکمی دوو ساڵ زیندانی و ساڵ و نیوێک خستنەژێر چاودێری پۆلیس درابووم بە توهمەتی ئەندامەتی حزبی شیوعی. چوار پێنج ئیعتیرافم لەسەر بوو، لەناو ئەوانەدا کە ناومان خرابووە پاڵ یەک تەنیا کەسێکیان کە خوالێخۆشبوو عەلی حەمە سەعید باراوی بوو لە لێکۆڵینەوە و لە داوەریدا ئینکاری هەموو شتێکی کردبوو. خۆیشم هەروەها. ئەوانی ترمان هەموو لە لێکۆڵینەوەدا ئیعتیرافیان کردبوو. لە داوەریدا یەکێکیان نەبێ هەموو پەشیمان بوونەوە. کە ئەم حوکمەمان ئیستیناف کردەوە هەموو دوو ساڵییەکان بووین بە ساڵێک حوکم و ساڵێک چاودێریی پۆلیس. ساڵە زیندانەکەم لە باقووبە و ساڵە چاوێرییەکەم لە بەدرە بەسەر برد. کە حوکمەکەم تەواو کرد و برامەوە بۆ سلێمانی عومەر عەلی هێشتا لەوێ موتەسەڕیف بوو. نزیکەی دوو مانگ لە تەوقیف مامەوە، ئەوجا درامەوە بە عورفی بە توهمەتی لە یادم نییە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵ بوو، یان بەدڕەوشتی. هێشتا نەبرابووم بۆ داوەری

عـورفی هەڵوەشـایەوە. داوەرییـەکـەمـیـان هێنایەوە بۆ سلێمانی. هێشتا هەر ئیسماعیل قیردار داوەری جەزا بوو، حوکمی کەفالەتی ساڵێکی دام.

کەفیلەکەم داو دەرچووم. هەر هەمان ڕۆژ کە دەرچووم لە سلێمانی دوورخرامەوە. ماڵی باوکم لەکەرکووک بوو کە عومەر عەلی لە ١٩٥٥ دا دووری خستبووەوە. منیش چووم بۆ کەرکووک:

حوکمی چوارەمم لە ١٩٦٥دابوو. لە ١٩٦٤/٧/٣دا گیرام و ساڵێک و چەند مانگ لە تەوقیفدا هێڵرامەوە تا درام بە دادگای ئاسایشی دەوڵەت. حوکمی پێنج ساڵ زیندان و سێ ساڵ چاودێریی پۆلیسم درا بەسەردا. پاش سێ ساڵی تەواو بە هەوڵی بەڕێز جەنابی مام جەلال حوکمەکەم بۆ کرا بە سێ ساڵ و بەڕەڵڵا کرام. ئەم سێ ساڵەم لە گرتووخانەی گشتیی بەغدا و لە ڕومادی و لە نوگرە و لە حیللە بەسەر برد.

لە ماوەی زیندانی دووەممدا ٢٢ ڕۆژ و ١٢ سەعات لەگەڵ هاوڕێ زیندانییە سیاسییەکانم بە چلەی هاوین مانم لە خواردن گرتووە. کە لە زیندانی دووەمم لە گرتنی چوارەممدا ڕزگار بووم، چاودێرییەکەی پۆلیسم هەر بەسەرەوە مابووەوە تا لە ئەنجامی کوودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨دا هەڵوەشایەوە. ئەمەیش کورتەی مێژووی زیندانی کردنم بوو، بۆم گێڕانەوە.

**ڕامان:** پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە تۆ لە زۆر نووسینی ئەم سەردەمە ڕازی نیت. دیارە خەڵکیش زۆرن کە لێیی ڕازین و بە قسەکەی تۆ ڕازی نین. تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم مەسەلەیە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** بێ گومان من کە لە نووسینی کەسێک ڕازی نەبم، ئەوە چێژی تایبەتی خۆمە، بەڵام نابێ بڵێم ئەو چێژی منە ڕاستە و دەبێ خەڵک بەپێیی ئەو چێژەی من بنووسن. دیارە منیش نابێ هەر لە خۆمەوە قسە بکەم و دەبێ لەم بوارەدا سەنگ و تەرازوویەک هەبێ هەردوو لامان بگەڕێینەوە سەری. من لێرەدا ئەوەندەی پێم بکرێ سەنگ و تەرازووەکەی خۆم دەخەمە ڕوو. من دەڵێم دەبێ بگەڕێینەوە سەر شیعری کۆنی کوردی، بۆ فۆلکلۆری کوردی، بۆ زمانی خەڵکی لادێ کە بەهۆی تازەگەرییەوە نەشێواوە، بۆ ئەو وشە ڕەسەنانەی لە زۆر بواری ژیاندا، لە فەرهەنگی ژیانی لادێکاندا هەن و زۆر لە بنووسانی شار ئاگایان لە هیچی نییە تا کە بۆ وشەیەک تێگیران پەنای بەرنێ و بگەڕێنەوە سەری و یەکەن دەردوو نەکەونە وشە داتاشینی بێ بنەما و بێ ئاگاداری لە دەستووری لەسەدان ساڵەوە بۆ ماوەی زمانی کوردیدا. بەڵگەهێنانەوەی من لەم سەرچاوەوەیە، دەبا ئەوانەیش کە هەر مێشکی خۆیان دەکەن بە سەرچاوەی کاریان، بەڵگەی خۆیان بهێننەوە. ئێستا زۆر وشەی وا هاتوونەتە زمانی خەڵکەوە کە، ئەوەندەی من بزانم، بێ هیچ جۆرە بەڵگەیەک بەکاردەهێنرێن، تەنیا هەر بۆ نموونە، خەڵک کە ئێستا دەڵێن: (ئەمە شتێکی ئاساییە)، من دەپرسم ئەم وشەی (ئاسایی)یە لەکوێوە هێنراوە بۆ واتای (عادەتی)؟ کورد کە وتوویەتی (ئاسایی) بەواتای (تەشبیە)، یان (چواندن) بەکاری هێناوە. دەڵێن (خۆت ئاسایی)، یان (تۆ ئاسایی) واتە (وەک تۆ دەیکەی، یا دەیلێیی). دەی پێم بڵێن کێ بوو یەکەم جار (ئاسایی)ی بە واتای (عادەتی) بەکارهێنا هەر لەبەر ئەوە کە (عادەتی) لە بنەڕەتدا عەرەبییە؟ بۆ وشەی لە بنەڕەتدا عەرەبی لە زمانەکەماندا تا (عادەتی)، لەبەر ئەوەی وشەیەکی بێگانەیە بەکارنەهێنین؟ زمان لە دنیادا نییە وشەی بێگانەی تێ نەهابێ و جێی خۆی تێدا نەکردبێتەوە. دەی بۆ دەبێ ئێمە لە هەموو ئەم دنیایە جیاواز بین و چۆن بە گۆڕینی چەند وشەیەک دەتوانین زمانەکەمان لە وشەی بێگانە پاک بکەینەوە؟

ئێمە لە نووسینی کوردیدا نموونەی زۆری وامان هەیە شایانی ئەوەن بیانکەین بە سەرمەشق بۆ خۆمان. ئێمە مامۆستایان عەلائەدین سەججادی و ئیبراهیم ئەحمەد و حەسەنی قزڵجی و مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و کاک هەژار و موحەممەد مستەفا کوردی و چەندین کەسی ترمان هەن کە کوردییەکی جوان و پوختیان نووسیوە و دەنووسن.

بێ گومان دەیان کەسی تریشمان هەن کە من نایانناسم و نووسینیانم نەخوێندووەتەوە، چونکە گومانی تێدا نییە ڕێی تێناچێ گەلەکەی ئێمەیش، وەک هەر گەلێکی ئەم دنیایە، لە هیچ خاسیەتێکی ئینسانییدا لە سکوزا کەوتبێ، یان بکەوێ و شیعر و ئەدەبییش دووانن لەو خاسیەتانە. دەبا باوەڕمان بە لێهاتوویی و توانی خۆمان هەبێ و پشت بە خۆمان ببەستین و کەڵک لە لێهاتووەکانیشمان وەربگرین، هەر ئەمەیە شاڕێی پێشکەوتنمان لە بواری نووسینی کوردییەکی ڕاست و ڕەوان و بێگەرددا.

**ڕامان:** ئێستا کە تەماشایەکی بەرهەمەکانت دەکەیت، پێت وا نییە لەچاو ئەو تەمەنەتدا کەمن؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** بەڵێ وەڵڵا زۆر کەمن ئەمەیش هۆی جیاوازی هەیە. بەر لە هەرچی من تا لە زیندانی یەکەمم دەرنەچووم، هەرچەند پێشتریش ئارەزووی ڕۆژنامەنووسیم هەبوو، تەنانەت بۆ خودی خۆم و بەیەک نوسخە گۆڤارێکی ئایینی- سیاسیم بەناوی (العروة الوثقى)وە بە عەرەبی دەنووسی و ١٢ ژمارەم لێ دەرکرد، پێنج ژمارە گۆڤاری (دەنگی فەقێ)م دەرکردووە کە لە شوێنی تردا لێیان دواوم. ئەنجا خەریکبوونی زۆرم بەکاری ڕۆژنامەنووسییەوە بە عەرەبی و بە کوردی کە ئەگەر هەموو وتارەکانم کۆ بکەمەوە دە- دوازدە بەرگی گەورەیان لێ دەردەچێ و نیازیشم هەیە ئەگەر بمێنم کۆیان بکەمەوە. ئەنجا چوار ساڵی ڕەبەقی زیندان کە کەم جار نەبێ دەرفەتی نووسینی هیچمان نەبووە. ئەنجا خەریکبوون بەکاری وەزیفەوە لە ئیسلاحی زەراعی و لە ئینحیساری تووتن و لە کۆڕی زانیاری کورد و پاشان عێراق بۆ ماوەی دە ساڵێک، ئەنجا خەریکبوون بەکاری دۆست و برادەرانەوە، ئەنجا خەریکبوونم بە هەندێ کتێبی گەورە و بچووکی باوکمەوە. ئەنجا ساڵ و نیوێکی ژیان لە مۆسکۆ لە ١٩٧٣- ١٩٧٥دا کتێبێکم لەوێ لەسەر مەسەلەی کورد و شەڕی کوردستان لە دیدی ئەو ڕۆژانەمەوە نووسی و ناردم بۆ دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە لوبنان، بەڵام لەبەر مەرجەکانی ئەوان ڕێک نەکەوتین لەسەر بڵاوکردنەوەی. ئەمانە سەرەکیترین هۆیەکانی ئەوەن کە بەرهەمم لە چاو تەمەنمدا زۆر کەمن.

**ڕامان:** ئەو بەرهەم و نووسینانەی نووسیوتن، ئەو کارانەی کردووتن، لە هیچیان پەشیمان نیت؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** وەک بەرهەم، لە هیچ بەرهەمێکم پەشیمان نیم، بەڵام لەوانەیە لەناو هەندێ لە بەرهەمەکانمدا لە هەندێ برگە پەشیمان بم، یان لەناو ئەو وتارانەدا نووسیومن لە وتارێک، یان لە پارچەیەکی پەشیمان بم. ئەمەیش لە ئەنجامی گۆڕانی هەڵسەنگاندن و هەندێ ڕووی بیروبۆچوونەوەیە و زۆر بە سروشتی دەزانم و لام وایە ئەگەر کەسێک لەهیچی خۆی پەشیمان نەبێ لە دەرەوەی بازنەی گەشەکردنەوەدا دەمێنێتەوە و ئەمەیش بە سیفەتێکی زۆر وشک و دوور لە بیرکردنەوە دەزانم.

لە بارەی پەشیمانیشەوە لە هەندێ شت لە وانەی لە ژیانی خۆمدا کردوومن، دەبێ بڵێم بێ گومان هەر کەس بگری لە زۆر کردەوەی خۆی پەشیمانە و دەیشبێ هەروابێ. جارێ گەلێ شت لەوانەی کردوومن بە ئارەزووی خۆم نەمکردوون و هی وایشیان هەیە هەر لە سەرەتاوە لێی پەشیمان بووم. هی وایشیان تێدایە لەوکاتەدا کە کردوومە هەستم بەوە نەکردووە کە دەبوو نەیکەم. ئێستاش ئەگەر بە فەرزی مەحاڵ بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی منداڵی، یان ڕاستەوخۆ دەچمە قوتابخانە، یان ئەگەر خوێندنی مەلایەتیش بخوێنم، زۆر چاک دەخوێنم کە مەلایەکی لە خوێندەواریدا وەک باوکم لێ دەربچێ. من لە فەقێیەتیمدا بەچاوی حورمەتەوە سەیری خوێندنی فەقێ و مەلایەتیم نەدەکرد. ئەگەر ببوومایە بە مەلایەکی باش ژیانی خۆمم تەرخان دەکرد بۆ ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی. لە سیاسەت کردن پەشیمان نیم و لام وایە چوونە سیاسەتم کارێکی باش بوو و خزمەتیشی بە دواڕۆژی فەقێکان و بەڵکو مەلاکانیش کردووە، سەرەڕای بەشداری لە خزمەتی گەل و وڵاتدا. لەوە پەشیمانم کە پاش تەواوکردنی خوێندنی حوجرەم سوودم لە شەهادەکەم وەرنەگرت کە دەمتوانی پێی بچمە خوێندنی باڵا لە بواری زمان و ئەدەبی عەرەبی و شەریعەتدا چ لە عێراق، یان لە دەرەوەی عێراق. پەشیمانم لەدواکەوتنمدا لە ژن هێنان کە هۆی سەرەکیش ئەوەبوو لام وابوو و بەڵکو ئێستایش تا ڕادەیەک هەر لام وایە، کەسێک خەریکی سیاسەت بێ دەبێ ژن نەهێنێ، چونکە ژن و منداڵ دەبنە کۆسپی ڕێی خەباتی و دەبن بە بارێکی قورس بەسەر کەسوکاری خۆی، یان ژنەکەیەوە، لەبەر کاڵوکرچیی هەندێ شیعرم لە وتن و زیاتر لە بڵاوکردنەوەیان پەشیمانم. خۆیشم بە شاعیر نازانم، بەڵام لام وایە هەندێ شیعری جوان و باشم هەن و ئەگەر بۆم هەڵکەوێ بڵاویشیان دەکەمەوە.

**ڕامان:** واتە شتێکی ئاساییە پیاو شتێکی نووسیبێ، یان کاڵوکرچ بێ لێی پەشیمان ببێتەوە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** کاڵوکرچ لەبەرهەمی هەر کەسێکدا هەیە و پێم وایە دەبێ ئەگەر بڵاوی نەکردبێتەوە بڵاوی نەکاتەوە، بەڵام لە هەڵوێستدا، بە تایبەتی ئەگەر پێوەندی بەخەڵکەوە هەبێ، دەبێ ئەگەر بۆی دەرکەوت هەڵەیە، دەبێ لێی پەشیمان ببێتەوە و بەخەڵکیشی ڕابگەیەنێ کە هەڵەی کردووە، ئەگینا نە لەگەڵ خۆی و نە لەگەڵ خەڵک بەڕاستگۆ دەرناچێ.

**ڕامان:** بەپێی قانوونێک کە هەر لە سەردەمی ڕژێمی پێشووەوە دەرچووە نەوەی هەر شاعیرێک کە پەنجا ساڵ بەسەر مەرگیدا تێپەڕیبێ، بەرهەمەکانی دەبن بە موڵکی خەڵک و هەر کەسێک بۆی هەیە لەسەریان بنووسێ و لێیان بکۆڵێتەوە و قسەیان لە بارەوە بکات. ئێستە

وابزانم پەنجا ساڵەکەیش بووە بەسی ساڵ. تۆ زانیاریت لەم بارەیەوە هەیە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من قانوونەکەم لا هەیە، هەرچەند ئێستا لەم وەزعەمدا نازانم دەقەکەی دەڵێ چی، بەڵام لەوە دڵنیام کە موڵکییەتی ئەدەبی تا ماوەی چەند ساڵێک بۆ میراتگرەکانی خاوەنی ئەو موڵکییەتە دەمێنێتەوە. من خۆم لە چاپی دووەمی دیوانی مەحویدا کەوتمە تەنگژەیەکی واوە. کاتی خۆی مامۆستا شێخ محەمەدی مەحوی دیوانەکەی دابووە لای ئێمە بۆ لێکدانەوە و شەرح لەسەر کردنی و لە چاپدانی. کۆڕی زانیاری عیراقیش لەسەر ئەرکی خۆی لە چاپی دا. مامۆستا شێخ محەمەدیش هیچ ناڕەزاییەکی لەم مامەڵانە پیشان نەدا. بەم پێیە مافی لەچاپدانەوەی دیوانەکە بوو بە هی کۆڕی زانیای. من کە چاپی دووەمیم کردەوە ئیزنم لە کۆڕ وەرگرتبوو، بەڵام کە کاک عەبدوڵڵا ئاگرین لە ڕێگای جاردانێکی خۆمەوە کە لە کتێبی (بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا محەمەدی چروستانی)دا بڵاوم کردبووەوە، بە لەچاپدانەوەی دیوانەکەی زانی، کە هێشتا لە چاپدانی تەواو نەببوو، لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەغدا شکاتی لێ کردم کە گوایە دەستدرێژیم بۆ سەر موڵکییەتی ئەدەبی بنەماڵەی مەحوی کردووە و وەزارەتی ڕۆشنبیریش ئاگاداری کردم کە دیوانەکە بڵاونەکەمەوە و دەستی بەسەردا گرت. منیش پێوەندیم بە چەند دادیار (موحامی)یەکەوە کرد و زانیم کە قانوون لەگەڵ مندایە و من هیچ دەسدرێژییەکم نەکردووەتە سەر موڵکییەتی ئەدەبی بنەماڵەی مەحوی، چونکە ماوەی قانوونی موڵکییەتەکەیان بەسەرچووە، سەرەڕای ئەوە کە شەرحەکەی دیوانی مەحوی هی ئەوان نییە و هی خۆمانە. لەگەڵ ئەوەیشدا من نەمدەویست کێشەکە بکەوێتە بەردەمی دادگا و من و کەسێک لە بنەماڵەی شاعیرێکی گەوری وەک مەحوی لەم ڕووەوە لە دادگادا بووەستین و ڕۆژنامە بیکەن بە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانیان کە بۆ هەمووومان دەبوو بە مایەی شوورەیی. کۆمەڵێکی زۆریش لە برادەرانی بنووس و شاعیر و ئەدیبی سلێمانی کەوتنە نێوانەوە و منیش بڕیارم دا ٦٠٠ دانە لە دیوانە لە چاپدراوەکە، بێ بەرانبەر، بدەم بە پاشماوەکانی میراتگرانی مەحوی و دامنێ و بەم جۆرە کێشەکە بڕایەوە. لەوکاتەوە تا ئێستا، وابزانم چەندین جار دیوانی مەحوی و چەندین کتێبی تری کوردی عیراقی لە ئێران چاپ کراونەتەوە و من بزانم، کەسیش پرسی بە کەس نەکردووە و نە کەسیش ڕێگای کەسی داوە و نە کەس شکاتی لە کەس کردووە.

لێرەدا سەرگوزەشتەیەکی نێوان خوالێخۆشبووان مامۆستا عەلائەددین سەججادی و باوکم دەگێڕمەوە. لەسەردەمی شای ڕووخاوی ئێران، کتێبخانەیەک لە مەهاباد (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی مامۆستای سەججادیی لە چاپ دابووەوە. مامۆستایش چوو بووە لای باوکم پێی وتبوو دەمەوێ لای ئەنتەرپۆل (پۆلیسی نێونەتەوەیی) شکات لەم کتێبخانەیە بکەم. باوکیشم پێی وتبوو: سەید عەلا! (باوکم هەروا بانگی لە مامۆستای سەججادی دەکرد) ئێمە خوا خوامانە کوردی ئێران کتێبێکی کوردییان دەست کەوێ بیخوێننەوە، ئێستا خوا کەسێکی ڕەخساندووە و مێژووەکەی تۆی لە ئێران لەچاپ داوەتەوە، تۆ بۆ شوکری خوا ناکەی بەرانبەر بەم نیعمەتە. ئیتر مامۆستایش وازی لە خەیاڵی شکات کردنەکە هێنا و دەست خۆشی لەو کتێبخانەیە کرد کە مێژووەکەی لەچاپ دابووەوە.

**ڕامان:** دەڵێن کاتێک بە ئۆتۆمۆبێلی حکوومەتی بەرەو بەندیخانەیان دەبردیت، ناردوویانە باوکت بانگ بکەن، ئەوکاتە چی پێ وتی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من خۆم ئەمەم بۆ هەندێ کەس گێڕاوەتەوە، بەڵام وا نەبووە کە تۆ پرسیت، ئەمە لە بەندی کردنی دووەم جارمدا بوو. من وەک بەندی، چوار جار چوومەتە بەندیخانەوە. لە بەندی کردنی دووەمدا، لە بەندیخانەی ڕومادییەوە گوێزرابوومەوە بۆ گرتووخانەی گشتی لە بەغدا. ئێوارە بوو کە گەیشتمە بەغدا دەبوو شەو لە گرتووخانەی سەرا بمامایەتەوە کە نزیک بوو لە مزگەوتی ئەحمەدییەوە لە مەیدان کە باوکم لەوێ پێشنوێژ و خوتبە خوێندنەوەی نوێژی جومعە بوو. لە بەندیخانەی ڕومادی کۆمەڵێک پێشمەرگەمان لەگەڵ بوون لەدەشتی هەولێر کەوتبوونە کەمینەوە و گیرابوون و حوکمی خنکاندنیان درابوو. لەدەمی ئەو پێشمەرگانەوە کۆمەڵێک (لاوک و حەیران)م لە دەفتەرێکدا نووسیبووەوە و لەگەڵ خۆم هێنابوومەوە بۆ بەغدا، دەمویست ئەو دەفتەرە بدەمە دەستی باوکم بەهیوای ئەوەی بۆم هەڵگرێ و پاش بەربوونم لەکتێبێکدا لەچاپی بدەم. بۆ ئەو مەبەستە داوام لە پۆلیسێک کرد لە پۆلیسەکانی گرتووخانەی سەرا بڕوا بۆ مزگەوتی ئەحمەدی باوکم بانگ بکا بۆ لام. باوکم هاتە لام و دەفتەرەکەم دایە دەستی کە پاشانیش لە کتێبێکدا هەر

بەناوی (کۆمەڵێک لاوک و حەیران)ەوە بڵاوم کردەوە. باوکم تەنیا ئەو جارە هاتووە بۆ لام بۆ بەندیخانە.

هەر لەو گرتنی دووەمەمدا پاش چەند هەفتەیەک لە گیرانم، لە ئاسایشی گشتی بەغداوە گوێزرامەوە بۆ گرتووخانەی گشتی هەر بەغدا. کە یەکەم جار دایکم هات بۆ لام پێی وتم باوکت هەواڵی ئەوەت لێ دەپرسێ کە بەهۆی تۆوە کەسی تر گیراوە، یان نە؟ باوکم دەیزانی کە لە شەوی گیرانەکەمدا کۆمەڵێک بڵاوکەرەوەی سیاسی لەودیوی ماڵەکەمانەوە دۆزرابووەوە و دەیزانی ئەگەر ئەو دۆزراوانە هی منیش نەبووبن، بەسەر مندا دەسەپێنرێن، بۆیە زۆر خەمی ئەوەی بوو کە من لە لێکۆڵینەوەدا خۆم ڕانەگرم و ناوی چەند کەسێک بدرکێنم و ئەوانیش بەهۆی منەوە بگیرێن، کە ئەمەش دەبوو بە مایەی ئابڕووچوونێکی گەورە بۆمان. منیش جەختم کردەوە بۆ دایکم کە خەمتان نەبێ و من نەبووم و نابم بە مایەی بەدناوی بۆ خۆمم و باوک و دایک و براو کەسوکارم. لەو گیرانەمدا، پاش ساڵ و نیوێ، حوکمی زیندانی پێنج ساڵی خشت درا بەسەرمدا و پاش بەسەربردنی سێ ساڵ لە زیندان، لەسەر داوای بەڕێز جەنابی مام جەلال، بەندییەکەم کرا بە سێ ساڵ و بەرەڵلاکرام. ئەو ماوەی زیندانییەم لە گرتووخانەی گشتیی بەغدا و ڕومادی و نوگرە و حیللە بەسەربرد.

**ڕامان:** ئێستا هەست کردن بەبەرپرسی زۆر لاواز بووە. مەبەستم لەوەیە لە سەردەمی ئێوە، کە ئێوە پێش ئێمەش بوون، ئەو هەست کردن بەو بەرپرسیارییە زۆر لە ئێستا زیاتر بوو. لەم بارەوە بیروڕا و بۆچوونی خۆتمان بۆ ڕوون بکەرەوە.

**محەممەدی مەلا کەریم:** ئەوانەی لە سەرەتای دەست بە نووسین کردنی وەچەی ئێمەدا، دەیاننووسی، لە چاو ئێستادا زۆر کەم بوون، ڕۆژنامە و گۆڤار نەبوو تێیدا بنووسن، بۆیە بەکاوەخۆ دەیاننووسی. شەرمی ئەوە هەبوو کە کەسێک هەڵە بنووسێ، یان خراپ بنووسێ، بۆیە هەست کردن بە لێپرسینەوە لە ئاستێکی باڵادابوو. تاپێش ڕاپەڕینیش هەرچەند بنووس لە چاو جاراندا زۆر زیاتر ببوون، هێشتا هەست بە پرسیاری تا ڕادەیەکی باش هەر لە ئاستێکی باڵادا بوو. ڕاپەڕین دەرگای تەلەڤزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب دەرکردنی بۆ هەمووان خستە سەرپشت. سەنگوتەرازوویەکیش لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی بزانرێ کێ بنووسە و کێ بنووس نییە، تەنانەت ئێستایش پاش بیست ساڵ لەم ئازادییەی ئێستاکە لە کوردستاندا هەیە، ئەو سەنگوتەرازووە لە هیچ هۆیەکی ڕاگەیاندندا بەرچاو ناکەوێ. حکوومەتیش و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش هیچ ڕۆڵێکی کاریگەر لەم بوارەدا ناگێڕن. ئەم دیاردەیە، ئەگەر هەروا بڕوا، دوارۆژی هەموو جۆرە نووسینێکی کوردی دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە کە تەنانەت کتێبە کوردییەکانی پێخوێندنی خوار و باڵایش کەوتوونەتە بەر ئەم مەترسییە کە مرۆڤ دەیەوێ یەکێک لەو کتێبانە بخوێنێتەوە لە زۆر شوێندا نازانێ دەڵێ چی، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم، خۆزگە بەو سەردەمە دەخوازم کە خوێندنمان بە کوردی نەبوو، بەس نییە هەر هیچ نەبێ زمانەکەمان نەگەیشتبوو بەم حاڵەی ئێستای، ئەمە زەنگێکی زۆر پڕ مەترسییە هەموو سەعاتێک لە هەموو ڕۆژێکدا بۆمان لێ دەدرێ و ئێمە هەر لایشی لێ ناکەینەوە. هەربۆیەش من بە دڵنیاییەوە و وەک پێشتریش یەک دووجار نووسیومە، دەڵێم برا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتمان چەندین قات لەبەشی زۆری بنووسانی کوردی باشوور باشتر کوردی دەنووسن، چونکە ئەوان پشت بەجۆری ئاخافتنی باوک و دایکیان و تێکڕای لادێییەکان دەبەستن و لە زمانی ئەوانەوە فێری کوردی نووسین بوون و دەبن و ئەگەر چاو لە نووسینی لای ئێمە بکەن، ئەوانیش وەک ئێمە ماڵوێران دەبن.

**ڕامان:** جارێکیان قسەیەکت کرد کاتێک لە مەسعەدەکەی دەزگای ڕۆشنبیریدا لە بەغدا پێک گەیشتین. کە من هاتم و ڕووبەڕووی یەک بووینەوە، ئەوکاتە جەنابت و حوسێن جاف و فوئاد حەمە خورشید و محەممەد بەدریش وەستابوون. قسەیەکت کرد، وتت زۆرجار من زمانم پێش عەقڵم دەکەوێ، بۆیە جار جار هەندێ زەللە دەکەم. ئەم قسەیەی تۆ بە چ مەعنایەک بوو؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** ئەوەی ڕاستی بێ ئەو قسە و ئەوکاتەم لە یاد نییە.

**ڕامان:** ئەوکاتە دیارە من وتارێکم لەسەر وتارێکت نووسیبوو. وتت هەندێ جار منیش لەبەر پەلە پەل کردن هەندێک هەڵە دەکەم.

**محەممەدی مەلا کەریم:** پەلە پەل کردن هەیە، گومانی تێدا نییە و ئینسانیش دەخاتە هەڵەوە. هەڵە خۆیشی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا من کە شتێک دەنووسم جارێک دەیخوێنمەوە، دەستکاری دەکەم، دەست دەکەم بە پاکنووس کردنی. لە نووسینەوەکەیشدا دەسکاری تری دەکەم، ئەگەر هاتو پێویستی کرد جارێکی تر بینووسمەوە

دیسـانەوەیش دەیخـوێنمـەوە و جـا بۆ دواجـار دەینووسمەوە و دەینێرم بۆ بڵاوکردنەوە.

**رامـان:** ئەوەی ڕاسـتی بێت ئەوەی فـەرمـووتان تەوازووع بوو. لە زۆر دانیشتن و کۆڕیشدا گێڕاومەتەوە کە من لەو شوێنەدا ڕەخنەم لەسەر وتارێکت هەبوو. تۆ وتت منیش ئینسـانم، جـاری وا هەیە هەڵە دەکـەم و هەندێ جار لەنووسـیندا زمانم پێش عەقڵم دەکەوێ. شـتێکی وات وت، ئەمـەیش تەنیـا بۆ وەبیـرهێنانەوە باسم کرد.

**محەمـەدی مەلا کەریم:** من لە داوێنی ئەم قسانەی دواییـمـانەوە شـتێکم مـاوە دەمـەوێ بیـڵێم. من حەز ناکـەم وشـەی (تێکۆشـەر) بەکـاربێنم، هەرچەندیش جاروبار هەر بەکاری دەهێنم. مـن پێم وایە ڕاسـتـەکەی ئەوەیە بڵـێین (تێکۆش)، هەروەها (نووسـەر)یش زۆر کەم بەکاردەهێنم و دەنووسم (بنووس) و بەلامەوە وایە هەر ئەمـە ڕاسـتـە وەک پێـشـتـریش ڕوونم کـردەوە، بۆیە پێـشـنیـا دەکـەم (یەکـێـتی نووسـەرانی کـورد)یش ناوە ڕەسـمـیـیـەکـەی خـۆی بگۆڕێ و بیکا بە (یەکـێـتی بنووسـانی کورد)، چونکە ئەگەر بنووسان وشـەی هەڵە بەکاربهێنن، دەبێ بە خەڵکی تر بڵێین چی؟ لەمەیش زیاتر دەمەوێ ئەم یەکێتییە تازە کەوتووەوە کـارە گوێی خـۆی لەم پێشنیـایەم کـەڕ نەکـا، یان بەگـوێم بـکـا، یان وەڵامم بداتەوە؟

لە وەرگـێـڕانی وشـەی (اقـتـراح)ی عـەرەبیـشـدا قسەیەکم هەیە کە بە فـارسی پێی دەڵێن (پیشنهاد). ئێمە دەبینین کورد تێکڕا، یان دەڵێن (پێشنیـاز)، یان دەڵێن (پێشنیـار). ئەم دوو وشەیە هەردووکیـان هەڵەن و بەکـارهێنانی چەوتی وشـەی (پیـشـنهـاد)ە فـارسییـەکـەن. من بۆ بەکـوردی کردنی (اقتـراح)، یان (پیـشـنهـاد) لام وایە باشـتـر ئەوەیە بنووسین و بڵـێین (پێشنیـا) کە لە دوو وشـەی (پێش) و (نیـا) دروستم کـردووە. هەرچی (پێش)ەکـەیە ئەوە دیارە هەر (پێش)ەکـەی (پێـشنیـاز) و (پێـشنیـار)ە و قسـەی لەسـەر نییـە. هەرچی (نیـا)کـەیشـیـەتی ئەوە دەکرێ بوترێ، یـان (نیـا)ی هەورامـیـیـەکـەیە واتای (دانراو) دێ، یان (نیـا)ی پاشگری وشەیەکی وەکو (ئاوەنیـا)یە کە لەناو جووتیـاراندا بلاوە و بەکاردەهێنرێ و بەواتای (کێڵگەی ئاو خراوەسەر)ە، واتە (خراوە پێش)، یان (خـراوە پێش دەم). پێم خـۆشـە لەم بۆنەیەدا ئەوەیش بڵێم کە من لە نووسینەکانی خۆمدا زۆرجار ئەم وشەیە بەکـاردەهێنم، بەڵام بەداخەوە کـۆمـپـیـوتەریسـتـەکـانی چاپخانەکان زۆرجار وا دەزانن من هەڵـەم نووسیوە و بۆم (ڕاست) دەکـەنەوە و دەیکەنەوە بە (پێـشنیـاز)، یان (پێشنیار).

یەکـێـکی تر لە وشـە بە هەڵە بەکـارهێنراوەکـان (سەلماندن)ە بەواتای (ئیـسپات کردن)، لەکاتێکدا کە (سـەلماندن) وشـەیەکی تێنەپەڕە و (ئیـسـپـات کـردن) وشـەیەکی تێـپـەڕە. ئەم خـەڵـکە کـە ئەمـڕۆ هەمـوویان (سـەلماندن) بە واتای (ئیـسـپـات کـردن) بەکـاردەهێنن دەکـەونە هەڵـەیەکی گـەورەوە. ئەوانەی لە بەکـارهێنانی ئەم وشـەیەدا ناکـەونە هەڵەوە دەڵێن (دەیسـەلمێنم)، یان (نایسەلمێنم) واتە قـەناعـەت و متمانەی پێ دەکەم، یان ناکـەم، کـەچی ئێـسـتـا خـەڵـکەکـە بەهەڵە دەڵێن (پێت دەسەلمێنم) و مـەبەسـتـیـان ئەوەیە بۆت ئیسپـات دەکـەم، لەکاتێکدا کە (پێت دەسەلمێنم) واتە: وات لێ دەکەم کە قەناعەت بکەی. ئێمە دەبێ دەستبەرداری ئەم هەڵە زەقە ببین، هەرچەند ئەرکێکی گەورەیە وا لەم خـەڵـکە بکەی واز لەم هەڵەیە بهێنن کە ساڵانێکە سواری کۆڵی بوون. نموونـەی ئـەم جـــــۆرە هەڵانـە بـە زۆری هـاتـوونـەتـە زمانەکەمانەوە، بەڵام ئێمە نابێ کۆڵ بدەین و پێویستە بە هەموو توانمان بۆ ڕاستکردنەوەیان تێبکۆشین.

**رامـان:** لە چەند دانیـشـتنی پێـشـوومـاندا، هەروەها ئێستـاش ئەوە دوو سەعـاتێکە قسە دەکەین. پێت وایە توانیـبـێـتت تۆزێک لە قسـەکـانی ناو دڵـی خـۆت، یان بیروڕاکانت بۆ ئێمە بخەیتە ڕوو؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** هەندێکم بۆ دەرخستوون، بەڵام هێشتا زۆرم پێ ماوە.

**رامـان:** یانی چەند جـارێکی دیکەش مـاندووت بکەین؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەگەر تۆ زەوقت لێ بێ بچینە بابەتی سیاسییەوە من مانیعم نییە.

**رامان:** ئاخر گـۆڤـارەکـەمـان سیـاسی نیـیـە، بـۆیە من زیاتر لایەنگری بابەتی ئەدەبی و فیکری و زمانم.

**محەمـەدی مەلا کەریم:** کەواتە ئەگەر لەم بوارانەدا یەکـێـکمـان شـتـێکی بەخـەیاڵدا هات، وەڵام لە یەکـدی دەگێڕینەوە.

**رامان:** زۆرچاکە، بەڵام بەر لەوەی دوایی بە قسەکانمان بهێنین، یەک دوو پرسیاری دواجارییم بەدڵدا هاتووە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** فەرموون.

**رامان:** دەتوانن لە بارەی ژیانی خێزانیتانەوە یەک دوو

قسەمان بۆ بکەن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بۆ نا؟ پێشتریش ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە زۆر درەنگ ژنم هێنا. هۆی ئەوەیشم وا دەستنیشان کرد کە تا درەنگانێ لەو باوەڕەدا بووم کەسێک لە سیاسەتدا کاربکات، باشتر بۆی ئەوەیە ژن نەهێنێ تا نەبێ بە مایەی مەینەت بۆ کەسانی تر، بەڵکو ئێستایش کە ژنم هێناوە و کوڕ و کچی گەورەم هەیە، هێشتا تارادەیەک هەر لەو باوەڕەدام.

بەهەرحاڵ من لە ١٩٨٨دا ژنم هێناوە. ژنەکەم ناوی شیرین فەرەج سەعیدە و خەڵکی سلێمانییە. کە من هێنام، دەمێک بوو لەبەغدا دەژیان. ئافرەتێکی خوێندەوار و رووناکبیرە. قوتابی بەشی فیزیا بووە لە زانکۆی موستەنسیرییە لە بەغدا، بەڵام بەهۆی نەخۆشی باوکییەوە وازی لە خوێندن هێنابوو و ببوو بە فەرمانبەری حکوومەتی. ئێستا بەهۆی ئەرکی ماڵ و منداڵەوە خانەنشینە. من بەختم زۆر یار بوو کە لەگەڵ شیرین کەوتینە سەر رێی یەکتر. لە هەر روویەکی ژیانمەوە بیگری چ شەخسی و چ کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی لە بواری پێشوازی کردن لە میوان و بەرێ کردنیاندا لە رادەیەکی باڵای بەختەوەریدام. هەرچەند ٥٨ ساڵ تەمەنێکی زۆر درەنگە بۆ ژن هێنان، بەڵام بۆ من بەخێر گەڕاو، شیرین ئەو تەمەنە بەسەرچووەی بۆ بژاردوومەتەوە. بەتایبەتی لەم ماوەی نەخۆشییەمدا کەوا خەریکە خۆی لەدوو ساڵ دەدا، من لەسەرجێ کەوتووم و تازە وردە وردە بەهۆی کورسیی گواستنەوەوە دێمە سەر مێزی نووسینەکەم، شیرین هەموو شتێ بووە بۆم و لە هیچ جۆرە دەسگرۆییەک درێغی نەکردووە لە ئاستمدا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەویش لەشی ساغ نییە و چەندین ساڵە بەهۆی ئەرکی ماڵ و منداڵ و پاشانیش بەهۆی منەوە تووشی نەخۆشییەکی نارەحەتی (سەوەفان، یان سووان) بووە. دەمەوێ لەدوا برگەکانی ئەم دیدارەدا سوپاسێکی زۆری بکەم و رەحمەتێکی زۆریش بۆ گۆڕی خوالێخۆشبوو شەهیدی ستەم کاک عەلی بۆسکانی بنێرم کە من و شیرینی بەیەک ناساند و بوو بە مایەی ئەوە ژیانی هاوسەری و خێزانیمان پێکەوە بنێین.

**رامان:** خوا لەیەکتان نەکات و تەندروستی بە هەردووکتان ببەخشێت.

**محەمەدی مەلا کەریم:** زۆر سوپاست دەکەم. کورد واتەنی دوعاکەت دوعای خاسانی خوا بێت.

**رامان:** وەک دەزانم کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندت هەیە. چ دوا رۆژێکت بۆ کێبخانەکەت دەستنیشان کردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** وەک وتم شیرینی هاوسەرم قوتابی زانکۆ بووە. ئافرەتێکی هۆشیارە و حەزی زۆریشی، ئەوەندەی ئەرکی ماڵ و میوان رێی بدا، لە خوێندنەوەیە. لەم نەخۆشییەیشمدا زیاتر هەر ئەو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارم بۆ دەخوێنێتەوە. منداڵەکانیشم خوێندەوارن، یان لە زانکۆن، یان بەرەو زانکۆ بەڕێوەن. بۆیە ئەمانە هەموو پێویستیان بە کتێب و کتێبخانەیە. ئەگەر پاش من بە پێودانی ئێستایان مانەوە، ئەوە دیارە پێویستیان بە کتێبخانەکەم دەبێ. خۆ ئەگەر خوا نەخواستە، وانەبوون ئەوە بۆ خۆیان سەرپشکن، بەڵام من حەزم لەوەیە لەو حاڵەیشدا بیپارێزن تا لەدوا رۆژدا دەیکەن بە بەشێک لە کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان کە دەبێ لە دوارۆژدا دروست ببێ و بەهیوام ئەو رۆژەیش دوور نەبێ.

**رامان:** دەستت خۆش بێ. هیلاکمان کردی، زۆر مەمنوونین.

**محەمەدی مەلا کەریم:** دەستی ئێوەیش خۆش بێ من ئێوەم هیلاک کرد. سوپاسی ئێوە دەکەم کە بەم دیمانەیە لەگەڵ خوێنەرانی ئازیزی گۆڤارەکەتاندا بەرەو رووی یەکترتان کردینەوە. هیوام وایە (رامان) هەمیشە بەرێی گەشەکردنی زۆرترەوە بێ.

# میتودی ڕەخنەی دەروونی لە بواری ئەدەبدا

**ڕێبین خەلیل**
**(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان)**

میتودی ڕەخنەی دەروونی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، میتودێکی زۆر باوە و ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگران پەیڕەوی بنەماکانی ئەم میتودەیان کردووە، بەمەبەستی شیکردنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی باری دەروونیی نووسەرەکەی (تا بەهۆی زانینی ژیانی نووسەرەکەوە بتوانرێت هەندێک لایەنی شاراوەی بەرهەمەکە ئاشکرا بکرێت)، چونکە باری دەروونی نووسەر کاریگەریی لەسەر بەرهەمەکەی دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی میتودی ڕەخنەی دەروونی هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر سێ مەسەلە:

(١) لێکۆڵینەوە لە کردەی داهێنانی هونەری و ڕوونکردنەوەی هۆکارە ئاگایی و نائاگاییەکان، کە بەهۆیانەوە کردەی داهێنانی هونەری پێکدێت.

(٢) لێکۆڵینەوەی دەروونی ئەدیبەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان هەڵوێست و بارودۆخی زەینی و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان، واتە زانینی ژیاننامەی ئەدیب بۆ تێگەیشتنی داهێنانەکەی، هەروەها تێگەیشتن لە دەروونی دانەرەکە لە ڕێگەی دەقەکانییەوە.

(٣) لێکۆڵینەوەی پێوەندی نێوان ئەدەب و ئەوانی تر، واتە ڕوونکردنەوەی کاریگەریی ئەدەب لەسەر وەرگر(١). واتە میتودی ڕەخنەی دەروونی گرنگی بە (داهێنان و ژیانی نووسەرەکە و کاریگەری و باری دەروونی وەرگر) دەدات.

لەبابەت داهێنانەوە دەکرێت بڵێین کردەی داهێنان (creativity) کردەیەکی عەقڵانییە و ئاماژەیە بۆ بیر و تێڕوانین و شێوەی هونەری و تیور، یان بەرهەمی بێ هاوتا و نوێ(٢). واتە داهێنان کردەیەکە دەبێتە هۆی داهێنانی شتێکی نوێ کە پێشتر هاوتای نەبووبێت. هەموو کەسێک توانای داهێنانی هەیە، بەڵام واتای داهێنان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەمە پێوەندی بە پلە و ڕێژەی داهێنانەوە هەیە کە لەم کەسەدا بوونی هەیە. زانایان چەند قۆناغێکیان بۆ کردەی داهێنان دیاری کردووە، کارەکانی هەریەکە لە (بۆنکارێ، هێلهۆڵتەر، والاس) ناوبانگێکی زۆریان لەم بوارەدا هەیە، بۆ نموونە (والاس) ساڵی **١٩٢٦** چوار قۆناغی بۆ کردەی داهێنان دیاری کردووە کە ئەمانەن :

١– ئامادەکردن (preparation)
٢– کڕکەوتن (incubation)
٣– ڕووناککردنەوە (illumination)
٤– سەلماندن (verification)

قۆناغی سێیەم (ڕووناککردنەوە)، یان ئیلهام جێگای بایەخی زۆربەی زاناکان بووە، زانایان هەوڵیان داوە بزانن ئایا ئەمە چالاکییەکی لەخۆوەی نائاگاییە، یان



ئەفلاتوون

چالاکییەکی ئیرادییە، چ پێوەندییەکی بە قۆناغەکانی ترەوە هەیە(٣). کۆمەڵێک لە زانایان دژی بیرۆکەی دابەشکردنی قۆناغەکانی کردەی داهێنان بوون، بە بیانووی ئەوەی ئەم بیرۆکە شیکەرەوەییە کردەی داهێنان پارچە پارچە دەکات و لە واتاو بەهای داهێنان کەم دەکاتەوە(٤). کردەی داهێنان لە بواری ئەدەبدا لەلایەن میتودی ڕەخنەی دەروونییەوە گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە، چونکە ئەدەب وەڵامدانەوەی هەڵچوونە دەروونییەکانیشە. واتە داهێنان پێوەندی بە عەقڵ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە و دەکرێت بڵێین بریتییە لە کردەیەکی عەقڵی و زەینی کە توانای داهێنان لە مرۆڤدا پێکدەهێنێت. واتە داهێنانی شتێک پێشتر نەبووبێت و تازە بێت. ئەم کردەیە زۆر ئاڵۆزە و تائێستا چ لە بواری ئەدەب، یان زانستی دەروونناسییەوە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی جیاوازی لەسەر کراوە و بۆچوونی جیاوازی لەبارەی داهێنانەوە هەیە.

میتودی ڕەخنەی دەروونی گرنگی بە ژیانی ئەدیبەکانیش دەدات و لێکۆڵینەوە لە دەروونی ئەدیبەکان دەکات «.... ئەوان گرنگی بە زانینێکی ورد و تەواوی ژیانی نووسەر دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەم زانیارییانە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا یارمەتییان دەدەن» (٥)، چونکە لێکۆڵینەوە لە ژیانی نووسەر و ئەدیبەکان و گرنگیدان بە بارودۆخی دەروونییان، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان، یان بە پێچەوانەوە «ڕەخنەگرانی قوتابخانەی سایکۆلۆژی، بەرهەمی ئەدەبی بە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی کەسایەتی نووسەر دادەنێن و لەبەر ئەوەشە بەرهەمی ئەدەبی وەک هۆکارێک وەردەگرن تا لە دۆزینەوەی کەسایەتی و تایبەتمەندییە جیاوازەکان و لایەنە شاراوەکانی یارمەتییان بدات.» (٦)، واتە بەهۆی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی ئەدیبێک (نووسەرێک) شارەزای ژیانی نووسەرەکە و بارودۆخی دەروونی ئەو بین. لە هەردوو باردا ورد و درشتی ژیانی ئەدیب (هەر لەسەردەمی منداڵییەوە تا مردنی) بەوردی باس دەکرێت و پەردە لەسەر هەموو لایەنە شاراوەکانی ژیانی لادەبرێت.

لایەنی سێیەمی کارکردنی ئەم میتودە بریتییە لە گرنگیدان بە مەسەلەی کاریگەریی ئەدەب لەسەر وەرگر(خوێنەر)، ئەم لایەنەش زیاتر گرنگی بە باری دەروونی وەرگر دەدات و «شیکردنەوەی دەروونیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەدەب شتێک لە چێژ و تێرکردنی حەزەکان پێشکەشی خوێنەرەکان دەکات، بەرهەمی ئەدەبیش ئەزموونێکە جارێکی تر خوێنەر بنیادی دەنێتەوە، خودی خوێندنەوەش وەک دەقێک دەلالەتی دەروونیی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی هەر خوێنەرێک ئەزموونی کەسیی خۆی کە گوزارشتە لە تێڕوانین و دەروونی خۆی، بۆ دەقەکە دەهێنێت.» (٧). لێرەوە هەروەکو چۆن گرنگی بە باری دەروونی نووسەر درا، ئاواش گرنگی بە باری دەروونی خوێنەر (وەرگر) دراوە، ئەمەش پێوەندی بە کاریگەریی بەرهەمەکە لەسەر دەروونی خوێنەرەوە هەیە.


دەتوانین بڵێین ڕەخنەی دەروونی کۆمەڵێک یاسای هەڵێنجراو و ڕێکخراوە لە زانستی دەروونناسییەوە وەرگیراوە، بەجۆرێک ئەگەر هاتو ئەم یاسایانە بۆ لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی بەکاربێنین، ئەوە ئەنجامێکی ڕەخنەیی تەواومان دەست دەکەوێت، نەک هەر لە لایەنی ئەرکی دەروونییەوە، بەڵکو لەلایەنەکانی زمان و خەیاڵیشەوە بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی دەق لە نائاگاییدا، ئەمەش بەهۆی لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبییەکە لە ڕووی زمان و خەیاڵەوە(٨)، بۆیە گرنگی زانستی دەروونناسی و شیکردنەوەی دەروونی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەب (بەگشتی ) لەوەدایە، کە ئەم زانستە وەکو چەترێکی فراوان وایە و کۆمەڵێک ئاراستەی

گرنگی لە ژێردایە، لەوانەش: گەشەی مرۆڤی و قۆناغەکانی هەر لە منداڵییەوە تا مردنی، کردەی لێکدانەوە و شیکردنەوە، هەروەها کاریگەرێتی کردەی چاکبوونەوە و چارەسەرکردن. هەرچەندە ئەم ئاراستانە لەگەڵ یەکتر جیاوازن، کەچی دواتر هەموویان لە چەمکەکانی جەستە و سۆز و عەقڵ و مێژووی پەرەسەندن و ئەزموونی کەسیی تێکەڵی یەکتر دەبن(٩)، بەڵام دەبێت ڕەخنەگر لە بەکارهێنانی ئەم یاسایانە زێدەڕۆیی نەکات و هاوسەنگی لێکۆڵینەوەکەی بپارێزێت و یاساکانی ئەم زانستە بەسەر لێکۆڵینەوەکانیدا زاڵ نەکات، ئەگینا لە خانەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەچێتە دەرەوە. ئەم میتودە بەها جوانی و هونەرییەکانی بەرهەمی ئەدەبی فەرامۆش دەکات، چونکە زیاتر گرنگی بە شیکردنەوەی دەروونی و ژیانی نووسەرەکەش دەدات، لەبەر ئەوە دەقی باش و دەقی خراپ لە ڕووی دەلالەتی دەروونییەوە (لای ئەم میتودە) لەیەک ئاستدان(١٠)، چونکە بنیادی هونەری دەق (لایەنی ڕوخسار) گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت، هەروەها وەکو میتودە ڕەخنەییەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی ئەدەب لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە.

هەرچەندە ئەم میتودە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا، کەچی هەریەکە لە (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) باسیان لە هەندێ لایەنی دەروونی تایبەت بە شاعیر و شیعر و خوێنەر کردووە. بۆ نموونە بە بۆچوونی (ئەفلاتوون) مەسەلەی شیعر هەرچەندە ئیلهامە، کەچی جۆرێکیشە لە شێتی، لەبەرئەوەی کە لە ڕاستیش دوور دەکەوێتەوە بۆ مەبەستی فێربوون بەکارناهێنرێت و مەترسیشی بۆ سەر دابونەریت هەیە(١١). (ئەرستۆ)ش پێی وایە شیعر ئیلهام نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە مرۆڤ حەز بە لاساییکردنەوە دەکات و ئەمەش زانیاری مرۆڤ زیاد دەکات، لە ئەنجامیشدا هەست بە بوونی چێژ دەکات. لێرەوە مەسەلەکانی داهێنانی شیعری و چێژ وەرگرتن لە شیعردا دەورووژێنێت(١٢). هەریەکە لە (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) درکیان بە کاریگەریی شیعر لەسەر دەروونی خەڵک کردووە، بۆیە (ئەفلاتوون) لە بایەخی شیعر کەم دەکاتەوە و شاعیران لە کۆمارەکەی خۆی دەردەکات، چونکە شیعر هەست و سۆزی وەرگر دەورووژێنێت، کەچی (ئەرستۆ) بەپێچەوانەی مامۆستاکەیەوە پێی وایە کە مرۆڤ بەهۆی شیعرەوە لە هەستەکانی ترس و بەزەیی پاک دەبێتەوە، ئەمەشی بە (کاتارسیس- katharsis) ناوناوە.

لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی دەروونناسی شیکەرەوەیی لەسەر دەستی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦ - ١٩٣٩) و بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەدا ئەم میتودە ڕەخنەییە وردە وردە پەرەی سەند و سەری هەڵدا، بەتایبەتی کتێبەکەی بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) لە ساڵی ١٨٩٩، لەم لێکۆڵینەوەیەدا فرۆید باسی هەر سێ لایەنی دەروونی (من و منی باڵا و ئەو) و کاریگەری نەست (نائاگایی) لە ئاکاری مرۆڤ و چالاکییە جیاوازەکانی و ئەو گرێ و نەخۆشییە دەروونییانەی کردووە کە تووشی مرۆڤ دەبن، (١٣). باسی بنەماکانی خەونیشی کردووە کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی حەزەکانی مرۆڤ، هەروەها هونەرمەندان و ئەدیبانی بە نەخۆشی دەماریی پەیوەست کردووە. ئەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەی فرۆید بووە لە بواری میتودی ڕەخنەی دەروونییەوە. ئەو بۆ لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان سوودی لە ئەدەب وەرگرتووە و وەکو کەرەسەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکانی بەکاری هێناوە.

ئەو یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەم میتودە، خۆی دکتۆرێکی شارەزای دەروونی مرۆڤ بوو، هەر لە (١٨٩٢)ەوە چارەسەری ئەو نەخۆشانەی دەکرد کە تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان ببوون(١٤). فرۆید دەروونی مرۆڤی بۆ سێ بەش دابەش کردووە، ئەوانیش (من Ego، منی باڵا Super Ego، ئەو Id)ە. (من Ego) لایەنی ڕواڵەت لە کەسێتی دەگرێتەوە و سەر بە ئاگاییە، واتە دەتوانرێت هەست بە پێکهاتەکانی بکرێت. هەوڵ دەدات لە سنووری لۆژیک دەرنەچێت، واتە هەڵسوکەوتەکانی لە سنووری بنەماکانی سروشتی دەرنەچێت کە جیهانی واقیع بڕیاری لەسەر داوە، چونکە پەیوەستە بە جیهانی دەرەوە (واقیع). هەوڵی جێبەجێکردنی حەزەکان دەدات بەو شێوەیەی کە گونجاو و بەجێیە و لەکاتی نووستندا بوونی نییە. (من) دەروون دەپارێزێت و لە (ئەو) و (منی باڵا) جیاناکرێتەوە، بەڵکو لەگەڵیاندا لەکارلێک کردنی بەردەوامدایە. (من) واقیعی دەرەوە بەو شێوەیەی هەستەکان وەریدەگرن، دەیاننوێنێت(١٥). ئەم بەشەی دەروونی مرۆڤ وای لێ دەکات پێوەندییەکی سروشتی لەگەڵ دەوروبەرەکەی



فرۆید

ببەستێت. هەرچەندە سەر بە ئاگاییشە، کەچی هەندێک جار لەژێر کاریگەری نائاگاییشدایە.

(منی بالا- Super Ego)ش هێزێکی زاڵ و نەهێڵەرە و لە کۆمەڵێک دابونەریت پێکهاتووە، کە هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لای مرۆڤ کۆبۆتەوە، چاودێری (من) دەکات و لەهەڵە دەیپارێزێت، بۆیە هیچ گرنگییەکی لە بواری داهێنانی ئەدەبیدا نییە(١٦). (منی بالا) کۆگای بنەما ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکانە و ڕەخنە لە بیر و کردەوەکانی (من) دەگرێت، لەبەر ئەوە لە نێوان ئاگایی و نائاگاییدایە(١٧)، کەچی (ئەو-Id) لادان و حەزکردن بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان دەگرێتەوە و هەوڵ دەدات (من) لەو دابونەریت و یاسایانەی (منی بالا) بۆی داناوە، لابدات، ئەو سەر بە نائاگاییە و کۆگای حەز و ئارەزووەکانە.

بەبڕوای فرۆید ئەم سێ هێزەی دەروون لە ململانێیەکی بەردەوامدان و هەرجارەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبێت. ئەم ململانێیەش لە ئاکاری کەسەکە دەردەکەوێت و لەئەنجامی ئەم ململانێیەشدا هەندێک چەمکی وەکو (دامرکاندنەوە و کپکردن و هەڵچوون و پاکانە و.... تاد) دەردەکەون(١٨)، چونکە هەرکاتێک (ئەو) هەوڵی لەڕێ لادانی (من) بدات، ئەوە (منی بالا) ناهێڵێت و دەیپارێزێت.

فرۆید بەرهەمی ئەدەبی بە خەون دەچوێنێت، بەواتایەکی تر بەرهەمی ئەدەبی بە یاری منداڵان و کردەی خەیاڵکردن و خەون دەچوێنێت. ئەو دەڵێت بەرهەمی ئەدەبی هەروەکو خەون و خەیاڵ بریتییە لە گوزارشتکردن لەو حەز و ئارەزووە کپکراوانەی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تا تەمەنی پێگەیشتن لە ناوچەی نائاگایی (لا شعور)ەوە هەڵگیراون، چونکە ئەدیب پێشتر نەیتوانیوە حەز و ئارەزووەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، لەبەر کۆمەڵێک یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئایینی، بۆیە ئەم حەز و ئارەزووانە لە ناوچەی نائاگاییدا پارێزراون، تا لەکاتی خەون بینین، یان خەیاڵکردن، یان داهێنانی بەرهەمی هونەری و ئەدەبییەوە هەندێک لەو حەز و ئارەزووانە جێبەجێ دەبن(١٩). کەواتە بەرهەمی ئەدەبی تایبەتە بە نائاگاییەوە، چونکە زۆربەی حەز و ئارەزووە کپکراوەکان دەچنە ناوچەی نائاگاییەوە و لەو شوێنەدا دەمێننەوە تا هەلێکیان بۆ دەرەخسێت و لەشێوەی خەون، یان خەیاڵ، یان بەرهەمی ئەدەبی و هونەری جارێکی تر سەرهەڵ دەدەنەوە.

لە گرنگترین ئارەزووە کپکراوەکانی مرۆڤ (بە بڕوای فرۆید) ئارەزووی سێکسییە کە ئەو بە (لیبیدۆ - Li-bido) ناوی دەبات، گوایە ئەدەب و هونەر بەرهەمی حەز و ئارەزوو سێکسییەکانن. ئەم بۆچوونەشی دواتر لەلایەن قوتابییەکانی خۆیەوە ڕەت کرایەوە، بەتایبەتی (ئالفرێد ئادلەر) کە پێی وابوو ئەدیب و هونەرمەندان لە ئەنجامی هەستکردن بەکەموکوڕی خولیای داهێنانیان لەلا سەرهەڵدەدات(*). فرۆید بەهۆی کارکردنی لە بواری دەروونی و سوود وەرگرتن لە هەندێک دەقی ئەدەبی، توانی چەند گرێیەکی دەروونی بدۆزێتەوە، لەمانەش (گرێی ئۆدیب) بە سوود وەرگرتن لە شانۆگەری (ئۆدیبی پاشا)ی سۆفۆکلیس و (گرێی ئەلێکترا) بە سوود وەرگرتن لە شانۆگەرییەکی یۆنانی و (گرێی نێرگسیزم) بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی (نێرسیس) و گرێی (کوشتنی باوک) لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دەستۆیڤسکی پێوەندی خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەی تاوانباران لە شانۆگەری (هاملێت)ی شکسپیردا(٢٠). هەروەها هەوڵی داوە گرێی (ئۆدیب) لەسەر بەرهەمەکانی (لیۆناردۆ داڤنشی)(٢١) و (هاملێت)ی شکسپیر و (برایانی کارامازۆف)ی دەستۆیڤسکیدا جێبەجێ بکات.

یەکێک لە خوێندکارانی فرۆید (ئالفرێد ئادلەر ۱۸۷۰ – ۱۹۳۸) بوو، هەرچەندە بە مامۆستاکەی سەرسام بوو، کەچی لە زۆربەی بۆچوونەکانیدا دژی مامۆستاکەی بوو. ئەو پێی وایە کە فرۆید لەبابەت حەزی سێکسی لای ئەدیب و هونەرمەندان بەهەڵەدا چووە، کاتێک ئەم حەزەی کردۆتە پاڵنەرێکی سەرەکی داهێنانی ئەدەبی و هونەری. هەرچەندە ئادلەر بڕوای وابوو حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ بەسەر (من- ego)دا زاڵن. ئەو لەژێر کاریگەریی نیتشەی فەیلەسووفی ئەڵمانی و فەلسەفەکەیدا بوو، ئەو فەلسەفەی کە دەڵێت ململانێ لەژیاندا بەردەوامە، مرۆڤ بەشێوەیەک لە شێوەکان لەپێناو زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی دەدات و هەر تێکشکانێکیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ هەست بە کەموکوڕی بکات، لێرەوە چەمکی (قەرەبووکردنەوە) لای ئادلەر سەری هەڵدا و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر بنیاد نا(۲۲). بە بۆچوونی ئەو ئەدەب و هونەر و داهێنان بەرهەمی هەستکردن بە کەموکوڕی و نەنگی و دواتریش (قەرەبووکردنەوە)ی ئەم کەموکوڕیانەیە، بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵ بێت و لە ڕێگەی داهێنانەوە پڕیان بکاتەوە.ئەو بارودۆخانەش کە تێیدا مرۆڤ هەست بە کەموکوڕی دەکات، زۆرن. دەکرێت بڵێین پێوەندی بە هۆکارەکانی «ئەندامی، ئەرکی (کار)، پەروەردەیەکی خراپ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی خێزانی»یەوە هەیە(۲۳). کەواتە هۆکاری سەرەکی داهێنان لای ئادلەر بەپێچەوانەی فرۆیدەوە، بریتییە لە هەستکردنی ئەدیب و هونەرمەند بەهەر یەکێک لەو کەموکوڕیانەی ئاماژەمان بۆیان کرد، پاشان هەوڵدان بۆ شاردنەوە و پڕکردنەوەیان لە بوارێکی تر، لێرەوە هونەرمەند و ئەدیب هەموو هێز و توانای خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کەموکوڕییانەدا بەکاردەهێنن.

ئادلەر گرنگییەکی ئەوتۆ بە نائاگایی لای مرۆڤ نادات، تەنانەت ئاگایی و نائاگاییش لەیەکتر جیاناکاتەوە(۲٤). ئەمەش پێچەوانەی فرۆیدە، چونکە ئەو جیاوازی لە نێوان ئاگایی و نائاگاییدا کردبوو، ئەو پێی وابوو کە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە نائاگاییەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە ناوچەی نائاگایی شوێنی حەز و ئارەزووە کپکراوەکانی مرۆڤە (کە سەرچاوەی داهێنانن بە لای فرۆیدەوە) .

(کارل گۆستاف یۆنگ ۱۸۷۵ – ۱۹٦۱) یەکێک بوو لە گرنگترین خوێندکارانی فرۆید، بەڵام هەر زوو لێی جیابووەوە و ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی گرت. لە کتێبەکەیدا (گۆڕانی شێوە و ڕەمزەکانی لیبیدۆ)دا (بەپێچەوانەی ڕای فرۆید) هۆکاری سێکسی بە هۆکارێکی سەرەکی لای مرۆڤ دانانێت، هەروەها لێکدانەوەی خەون بەهۆی حەزە کپکراوەکانەوە ڕەت دەکاتەوە، ئەو پشتگیری لە (دەروونناسی شیکەرەوەیی) دەکرد و پێی وابوو کە حەزی سێکسی فرۆیدی و حەزی سەرکەوتن (زاڵبوون) و هێز، چەمکی حەزو ئارەزووی زیندوو، یان هێزێکی بنیادنەری ژیان و پارێزگاری کردنە لێی(۲٥). یۆنگ ڕەخنەی دەروونی لە بۆچوونەکانی فرۆید ڕزگارکرد، چونکە پێی وابوو ئەم بۆچوونانە کەسێتی ئەدیب و هونەرمەند شی دەکەنەوە، نەک بەرهەمەکانیان، بۆیە لە پاڵ نائاگایی تاک (کە فرۆید دایهێنا و گرنگی پێدا). ئەو (نائاگایی گەلەکی – Collective unconsciousness)ی داهێنا. بەبڕوای (یۆنگ) (نائاگایی گەلەکی) لە (نائاگایی تاکی) بەهێزترە(۲٦). بەگوێرەی تیورەکەی ئەو مرۆڤ بۆماوەییانە پارێزگاری لە زانیارییەکانی (کە بۆ پێش مێژوو دەگەڕێنەوە) دەکات و ئەو بەشەی مێشکیش کە ئەو زانیارییانەی تێدایە (نائاگایی گەلەکی)یە. ژیانی عەقڵی تاک لای ئەو لە (نائاگایی گەلەکی و نائاگایی تاکی و ئاگایی) پێکدێت. نائاگایی تاکی (personal unconscious)یان کەسی لە بنچینەدا لەو ناوەڕۆکانە پێکدێت کە پێشتر ئاگایی بوون، بەڵام دواتر بەهۆی لەبیرچوونەوە و کپکردنەوە ون بوون، کەچی ناوەڕۆکی نائاگایی گەلەکی هیچ کات لە ئاگاییدا نەبووە، بەڵکو بوونی بەشێوەی بۆماوەییە(۲۷). مەبەستی یۆنگ لەو بەشەی نائاگاییەیە کە هەموو مرۆڤ تێیدا هاوبەشە و بۆماوەییانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە و کاریگەری و شوێنەواری لەسەر شێوەی ناوەڕۆکی مێشکی مرۆڤ جێ دێڵێت و تاکی و کەسی نییە، بەڵکو گەلەکییە، هەروەها پێکهاتە سەرەکییەکانی نائاگایی گەلەکی پێی دەوترێت وێنە، یان نموونە سەرەتاییەکان (Archetypes)، کە بیر و وێنەی بۆماوەیی نائاگایی لە کەلەپووری پێشینانەوە نەوە لە دوای نەوە گوێزراوەتەوە، هەروەکو وێنە و بیری تایبەت لەبابەت باوک و خوا و شەیتان و خێر و شەڕ و.... تاد(۲۸). کۆمەڵگا لە نائاگایی گەلەکی خۆیدا زۆر شتی هەڵگرتووە، کە لە

کاتی جوولاندن و بە ئاگاهێنانەوەیان لەسەر زمانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبنە بەشێک لە گوزارشتی ئاگایی کۆمەڵگا. ئەدەب و هونەریش هەروەکو چۆن گوزارشت لە نائاگایی تاکی دەکەن، ئاواش گوزارشت لە نائاگایی گەلەکی دەکەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش یۆنگ نموونە بە شانۆگەری (فاوست)ی شاعیری ئەڵمانی (یۆهان فۆلفگانگ فۆن گۆتە) دێنێتەوە. کەسێتی فاوست خواستراوە و لە کەلەپووری میللی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، ئەم کەسێتییە لە ناخی هەموو ئەڵمانییەکدا دەژیت، بۆیە کاتێک ئەڵمانییەکان سەیری ئەم شانۆگەرییە دەکەن، ئەوە زۆر واتا لە ناخیاندا (کە ئەم کەسێتییە هەیەتی) دروست دەبێت. بۆ نموونە، هەست بەگیانی سەرەتایی کۆن دەکەن، کە لەوانەیە لەبەر سەرقاڵییان بە ژیانی ڕۆژانەوە ئەم هەستەیان لەیاد بچێتەوە(٢٩). کەواتە هەر زانیاری و وێنە و بیرێکی سەردەمی کۆن و پێشینان لەنائاگایی گەلەکیدا دەپارێزێت و لەکاتی داهێناندا سەر لە نوێ دەردەکەوێتەوە، بۆیە زۆرێک لە ئەدیب و هونەرمەندان وەکو سەرچاوەی داهێنان و دروستکردنی وێنەی هونەری بەکاری دەهێنن.

یۆنگ بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ دوو بەش دابەش کردووە: جۆرێکیان ناوی ناون (بەرهەمی دەروونی – psychological)، ئەوی تر ناوی ناون ( بەرهەمی خەیاڵی – visionary art) لە یەکەمیاندا ئەدیب ناوەڕۆکی ئاگایی لێک دەداتەوە، کە بە هۆی ئەزموونی خۆی لە ژیانی سۆزی و هەڵچووندا دروست دەبێت، لەم جۆرەدا ئەدیب بابەتەکانی لە ژیان وەردەگرێت و دەیگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی ئاگاییانە و بەهۆی بەرهەمەکانییەوە گوزارشتی لێوە دەکات، ئەم جۆرەیان کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی دەگرێتەوە، لەوانەش ئەو ڕۆمانانەی باسی خۆشەویستی و ژینگە و خێزان و تاوان و کۆمەڵگا دەکەن، هەروەها شیعری فێرکردن و بەشێکی زۆری شیعری لیریکی و شانۆی تراژیدی و کۆمیدیش دەگرێتەوە. جۆری دووەم کەرەسە و بابەتەکانی لە ناوچەی ئاگاییەوە وەرناگرێت ( بەپێچەوانەی جۆری یەکەم) هەروەها لە ئەزموونی کەسی ئەدیبیش وەری ناگرێت، بەڵکو پێوەندی بە جیهانێکی سەرووی مرۆڤەوە هەیە، جیهانێکی نادیار لە ناو مێشکی مرۆڤدا. بە بڕوای (یۆنگ) ئەم جۆرەش کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی دەگرێتەوە، لەوانەش(شوانی هێرمز – The shepherd of herms)ی دانتێ و بەشی دووەمی (فاوست Faust)ی گۆتە و شیعرەکانی ویلیام بلێک و ڕۆمانی (مۆبی دیک)ی هێرمان مێلفل. یۆنگ زیاتر گرنگی بە جۆری دووەمیان داوە. ئەو پێی وایە بۆ ئەوەی لەم بەرهەمە ئەدەبییە نایابانە بگەین، دەبێت ئەو بەرهەمانە کارمان تێبکەن، هەروەکو چۆن کاریان لە ئەدیبەکان کردووە(٣٠). بەم شێوەیە یۆنگ هەر زوو لە تیور و ڕێبازی فرۆید جیابووەوە و بە ئاراستەیەکی تردا تێپەڕ بوو، دوور لە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەڕووی دەروونناسی شیکارییەوە لێک دەدایەوە و مەسەلەی حەزی سێکسی لە بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا ڕەت کردەوە و گەلێک بۆچوونی نوێشی داهێنا کە پێشتر فرۆید درکی پێ نەکردبوون.

ساڵی ١٩٠٨ (ئوتورانک) کتێبێکی لەسەر مەسەلەی داهێنانی هونەری بڵاوکردەوە، کە تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هونەرمەند چالاکییەکی دیاریکراوی هەیە و کەسێک نییە کە لە خەودا بێت، یان نەخۆشی دەماری هەبێت. ئەو چالاکییەی کە هەیەتی دووری دەخاتەوە لەو نەخۆشییە دەروونییەی کە فرۆید باسی کردووە، چونکە کەسی نەخۆش و تووش بوو بە نەخۆشی دەماریی دوورە لە واقیع، لەبەر ئەوە لە واقیع ڕادەکات، کەچی ئەدیب و هونەرمەند حەز بە تێکەڵ بوونیان بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە دەکەن، ئەمەش بەهۆی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیانەوە(٣١). هەندێ لێکۆڵینەوەی لە بارەی ئەفسانە و گرێ دەروونییەکانەوە نووسیوە. لەوانەش ( ئەفسانەی لەدایکبوونی پاڵەوان) و ( پاڵنەری سێکسی قەدەغەکراوەکان لە شیعر و ئەفسانەدا). لە یەکەمیاندا گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەروونی شیکاری بەراورد داوە لە ئەفسانە جیاوازەکاندا، لەپێناو دۆزینەوەی نموونەیەکی بەرزی لە دایکبوونی پاڵەوانی ئەفسانەیی. لەکتێبی دووەمیشیاندا لە هەندێک بەرهەمی ئەدەبیدا گرنگی بە چەندین شیکردنەوەی گرێی ئۆدیب داوە، لەوانەش شیکردنەوەکەی بۆ شانۆگەری (یۆلیۆس قەیسەر)ی شکسپیر(٣٢). دواتر بۆ ماوەیەکی درێژ وازی لە لێکۆڵینەوە دەروونییەکان هێنا.

شارل بۆدوان کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی نووسیوە و تێیاندا گرنگی بە ئەفسانە و شیکردنەوەی دەروونی

هونەر و پاڵەوان و ڕەمز داوە. لە ساڵی ١٩٢٤دا کتێبی (لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی دەروونی بۆ هونەر) و لە ساڵی ١٩٢٦دا کتێبی (شیکردنەوەی دەروونی هونەر) و لە ساڵی ١٩٣٤دا کتێبی (شیکردنەوەی دەروونی ڤیکتۆر هوگۆ) و لە ساڵی ١٩٥٢دا کتێبی (سەرکەوتنی پاڵەوان)، هەروەها کتێبێکیشی بەناوی (ڕەمز لای ڤێرهێرن) نووسیوە(٣٣). ئەفسانە بەلای (بۆدوان)ەوە «بریتییە لە ناوەرۆکی دیار و ئاشکرای خەونی فراوان و گرێیە سەرەتاییەکانیش، ناوەرۆکە شاراوەکەی پێکدێن»(٣٤). هەریەکە لە هونەر لەلایەک و خەون و شێتی لەلایەکی تر بەراورد دەکات. ئەو پێی وایە کە خەون و هونەر هەریەکەیان ملکەچی ئارەزوو و حەزی سێکسی دەبن، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە هونەرمەند و ئەدیب هاوسەنگیی دەروونییان بپارێزن، کەچی شێتی و هونەر هەریەکەیان ڕزگاربوونە لە گرێ دەروونی و کپکراوەکان، هەروەها ڕزگاربوونی وزەی عەقڵی لای شێت و وزەی دەروونییە لای هونەرمەند و ئەدیب(٣٥). کەواتە بە بۆچوونی (شارل بۆدوان) هەریەکە لە (خەون و هونەر و شێتی) بارودۆخێکی دەروونی هاوسەنگ لای مرۆڤ دروست دەکەن و لە حەز و ئارەزووە سێکسی و کپکراوەکان و گرێ دەروونییەکان ڕزگاریان دەکەن.

یەکێک لە گرنگترین ڕەخنەگرانی میتودی ڕەخنەی دەروونی (شارل مۆرۆن ١٨٩٩ - ١٩٦٦)ە «...لێکۆڵینەوەی دەروونی ئەدەب لەسەر دەستی شارل مۆرۆن ڕێڕەوێکی نوێی وەرگرت لەژێر ڕۆشنایی کۆکردنەوەی چەمک و بنەما تیۆرییەکانی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدی و تیوری ڕەخنەی ئەدەبی لەیەک کاتدا، ئەم بەیەکگەیشتنەی زانستی دەروونناسی و ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر دەستی ئەو بوو»(٣٦). لەماوەی ژیانیدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی گرنگی نووسیوە، لەوانەش (شیکردنەوەی دەروونی مالارمێ) و (جوانی و هونەر و ئەدەب - ١٩٢٧) و جوانیناسی و زانستی دەروونناسی - ١٩٣٥) و (نێرڤال و ڕەخنەی دەروونی - ١٩٤٩) و (نائاگایی لە بەرهەم و ژیانی (ڕاسین)دا - ١٩٥٧) و لێکۆڵینەوەی میسترالی( لێکۆڵینەوەی دەروونی بۆ بەرهەمەکانی ف.میسترال - (f. mistral - 1953) و (لە خواستەکانەوە بۆ ئەفسانەی کەسێتی - ١٩٦٢) و سەرەتایەکی ڕەخنەی دەروونی بۆ ڕەگەزی کۆمیدی - ١٩٦٤) و (بۆدلێری کۆتایی - ١٩٦٤) و (کەسێتییەکانی ڤیکتۆر هوگۆ) و (فێدەر - - phedre 1968) و (شانۆگەری جیرۆدۆ - - Giraudoux 1971) تاد (٣٧). ئەمانە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی مۆرۆن بوون لە بواری ڕەخنەی دەروونییەوە.

مۆرۆن گرنگییەکی تایبەتی بە شاعیری فەرەنسی مالارمێ داوە، چونکە لەناو شیعرەکانیدا هەمان ئەو تێڕوانینەی دۆزیوەتەوە کە پاڵپشتی لە بۆچوونی مۆرۆن کردووە لە بابەت ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان جیهانی تاکی داهێنەر و سروشتی جیهانی دەقدا هەیە. دەکرێت هەست بە زاڵبوونی بیری مردن لە شیعرەکانی مالارمێ و تووشبوون بە گرێی ئۆدیب بکەین. بە بڕوای ئەو زۆربەی ئەوانەی لەم شاعیرەیان کۆڵیوەتەوە، باسیان لە ڕووداوێکی گرنگی ژیانی ئەم شاعیرە نەکردووە، ئەویش مردنی (ماریا)ی خوشکی لە تەمەنی سێزدە ساڵیدایە، کاتێک تەمەنی مالارمێ پازدە ساڵ بووە، ئەم ڕووداوە هۆکارێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی لایەنی دەروونی کەسێتی مالارمێ، چونکە دووجار مردنی خۆشەویستانی خۆی بینیوە، جارێکیان هی دایکی و جارێکیشیان هی خوشکی(٣٨)، بۆیە مۆرۆن هەوڵی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕەمزی ناو شیعرەکانی شاعیری داوە، بەسوود وەرگرتن لە شیکردنەوەی دەروونی و وردبوونەوە لە ژیان و کاریگەریی لەسەر لایەنی دەروونی و کەسێتی مالارمێ بەتایبەتی، ئەو ڕووداوانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ناخ و دەروونی شاعیر هەبووە. مۆرۆن پێی وایە لایەنی دەروونی نائاگایی لە خەون و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت، گەڕان بە دوای ئەم لایەنەش لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا مانای کۆنترۆڵکردنی یەکێتی ئۆرگانی نییە، بەڵکو مەبەست لە ڕەخنەی دەروونی (بەبۆچوونی مۆرۆن) بریتییە لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، خوێندنەوەیەک لە ڕووکاری دەرەکی بەرهەمەکان تێپەڕبێت و بە ناخیدا قووڵ بێتەوە بۆ فراوانکردنی زانیاریمان و دۆزینەوەی مەودا جەوهەرییەکانی بەرهەمەکان، ئەمەش لەو لێکۆڵینەوانە دەردەکەوێت کە لەسەر(مالارمێ و ڕاسین و فێدەر) ئەنجامی داون، (٣٩)، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە (زمانی هونەری دەق)ی کۆڵیوەتەوە و داوای گەڕانەوە بۆ زمانی هونەری دەق دەکات، مەبەستیشی ئەوەیە «.....بەرهەمی ئەدەبی لەسەر ئەو بنەمایە لێک بداتەوە کە زمانێکی هونەرییە و گوزارشت لە نهێنییە دەروونییە

نائاگـایی و ئاگـاییـەکـان لای داهێنەر، دەکـات» (٤٠)، چونکە نائاگــایی و ئاگــایی و زمــانی هونەری دەق پێــوەندیان بە یەکــترەوە هەیە. کــەواتە ئەگــەر بە لای (فــرۆید)ەوە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ڕەنگدانەوەی نـائاگــایی بن، ئەوە مــۆڕۆن ئەزمــوونی ئەدەبی بە سێ لایەنی گۆڕاو پەیوەست دەکات، کە ئەمانەن :

**یەکەم:** ناوەندی کۆمەڵایەتی و مێژووەکەی.

**دووەم:** کەسێتی داهێنەر و مێژووەکەی.

**سێیەم:** زمان و مێژووەکەی(٤١).

مۆڕۆن لێکۆڵینەوە دەروونییـەکـانی بە ئاراستـەیەکی دیکـەدا برد، هەرچـەندە ســـوودی لـە شـــیـکـردنەوە دەروونییەکانی فرۆید وەرگرتووە، کەچی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی فرۆید هەنگاوی نا و میـتودێکی دەروونی تایبەت بەخۆی دۆزییەوە و لە لێکۆڵینەوەکانیدا پەیڕەوی کرد.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی گرنگی بە لایەنی دەروونی خـوێنەر داوە (ریتـشـاردز)ە. ئەو هەوڵی دروسـتکردنی پێوەندی لە نێوان ئەدیب (نـوسەر) و خـوێنەر (وەرگر) (تاک، یان کـۆمـەڵ) داوە، ئەمــەش لە گــرنگیــدانی (ریتـشـاردز) بە تیـوری (گـەیاندن) سـەرچاوەی گـرتووە. لێکدانەوەی ئەو بۆ مـەسـەلەی (گـەیاندن) ئەوەیە کـە دەبێت بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەم کردەیە پشت بە پاڵنەرە ئاگایی و نائاگاییـەکان ببەستین «....ئاکاری مرۆڤ بۆ لێکدانەوەی پاڵنەرە ئاگاییەکانی بەتەنیا بەس نییـە، کەی گرنگیـمان بە پاڵنەرە نائاگاییـەکان دا، ئەو کـات گـرنگی گـەیاندنمان بۆ ڕوون دەبێــتـەوە» (٤٢). ریتشـاردز پێی وایە کردەی گـەیاندن لە هونەرەکـاندا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت، هەروەها کێشە هونەرییـە گـران و ئاڵۆزەکـان بەهۆی کـردەی گـەیاندنەوە سروشـتـیان دەردەکـەوێت، بۆ نموونە کێشـەی زاڵکردنی ڕەگەزەکانی ڕوخسار بەسەر ناوەرۆک و دوورخستنەوەی خـود کـە زانایانی جـوانیناسی جـەخـتـیــان لەسـەر کردۆتەوە(٤٣). گرنگترین شت لە کردەی گەیاندندا (بە بڕوای ریتشـاردز) بریتـییـە لە گێڕانەوەی ئەو بارودۆخە ئاگـاییـە تایبـەتیـیـەی کـە پەیوەسـتـە بەو ئەزمـوونەی گـوزارشـتی لێـوە دەکـات، ئەوەش کـە یارمـەتی دووبارە گێڕانەوەی بارودۆخی ئاگـایی دەدات، تاکـو گـوزارشـتی لێـوە بکات بریتـییـە لە بە ئاگـاهاتنەوەی ئاگـایی(٤٤). ریتشـاردز لە پاڵ گرنگیـدانی بە تیـوری (گـەیاندن)، ئاراسـتـەی لێکۆڵینەوەی دەروونی بەرەو گـرنگیـدان بە بارودۆخی دەروونی خـوێنەر (وەرگـر) برد، چونکە تەنیـا لێکۆڵینەوە لە دەروونی ئەدیب (نووسـەر) گرنگ نییـە، بەڵکو دەروونی خــوێنەریش پێــویست بە لێکۆڵینەوە دەکات، لەبەر ئەو پێوەندییەی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

لە نیـوەی دووەمی سـەدەی بیـسـتـەمـدا هەندێک لە بنیـادگەران هەوڵی لەیەکتر نزیککردنەوەی شیکردنەوەی دەروونی و ڕەخنەی بنیــادگـەریان دا. یەکــێـک لەوانە ڕەخنەگر و شیکەرەوەی دەروونی فەڕەنسی ( جاک لاکان – Jacques lacan) بوو. لاکــان هەوڵی لێکدانەوەی فرۆید و بۆچوونەکانی لەژێر ڕۆشنایی تیورە زمانەوانییە نوێیــەکــانەوە داوە، لاکــان پێی وایـە فــرۆید و شوێنکەوتووانی زیاتر گوشار دەخەنە سەر کۆنترۆڵکردنی (من – Ego) و ئاگایی، یان بیرکردنەوەی خود و ئەمانە لە ( ئەو – Id) و کـپکردنی پاڵنەرە نائاگـاییــەکـان جیادەکەنەوە(٤٥). لاکان داوای نائاگایی دەقی لەجیاتی نائاگایی نووسەر، یان شاعیر و ئەفسانەی دەق لە جیاتی ئەفـســانەی نـوسـەر دەکــرد، ئەمــەش بۆ لەیەکــتــر نزیککردنەوەی (خوێندنەوەی دەروونی) و وتەکەی ڕۆلان بارت لە بابەت (مردنی نووسەر)ەوە. ئەم خوێندنەوەیەش پشت بە نائاگـــایی دەق دەبەســتــێت(٤٦). لەســاڵی (١٩٦٦) لاکــان لە کــتــێــبـێکدا بە ناوی (Ecrits) زارەوەی (بنیادگەری دەروونی– Structuralisme psy-chologique)ی بەکارهێنا(٤٧). کـە لە بواری ڕەخنەی دەروونی و ڕەخنەی بنیــادگــەریدا ڕەوتێکی نوێ بوو، بەهۆیەوە لاکـان هەوڵی چارەسـەرکـردنی زۆر کـێـشـەی تایبــەت بە فــرۆیدیزم و شــیکردنەوەی دەروونی داوە. چەمکی نائاگایی لای لاکان پشت بە بنیاد دەبەستێت، هەروەکـو بنیادی زمـان، ئەمەش مـانای وایە کـە دەتوانین گــوزارشت لە نائاگــایی بکەین بەهۆی هەندێک کـردەی زمانی، یان شێوەی ڕەوانبێژییەوە (٤٨). بەم جۆرە لاکان سنوورەکـــانی ڕەخنەی دەروونی ڕەخنەی بنیـــادگــەری تێکەڵی یەکتر کرد و جارێکی تر خوێندنەوەیەکی تری بۆ شیکردنەوەی دەروونی بەرهەمی ئەدەبی هێنایەکایەوە.

(جـولیـا کریسـتـیڤـا)ش دوای دەرچوونی کـتـێبـەکـەی بەناوی (لەپێناوی شـۆڕشـێک بۆ زمـانی شـیـعـری) وردە وردە بەرەو شیکردنەوەی دەروونی (psycho analysis) هەنگاوی ناوە، ئەمەش لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت، بەتایبــەتی (خـــۆری ڕەش) و (حـــیـکایەتەکـــانی

خۆشەویستی) و (هێزە ترسێنەرەکان)دا. ئەو لەم بەرهەمانەیدا گرنگی بە پێوەندی نێوان شیکردنەوەی سیمیۆلۆژی (semiotic analysis) و شیکردنەوەی دەروونی داوە. بۆ لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکانیشی سوودی لە بەرهەمەکانی (مالارمێ، باتای، جێمس جۆیس) وەرگرتووە(٤٩). کریستیڤا لە بواری زمانەوانی نوێوە سوودی لە شیکردنەوەی سیمیۆلۆژی وەرگرتووە، سیمیۆلۆژیش پێشتر لەسەر دەستی کۆمەڵێک فەیلەسووف و زمانەوانەوە سەری هەڵداوە، لەوانەش (جۆن لۆک، شارلساندرس پێرس، فێردیناند دی سۆسێر، ڕۆلان بارت،....تاد)، پاشان کریستیڤا ئەم زانستەی تێکەڵ بە شیکردنەوە دەروونییەکان کردووە و ئاراستەیەکی جیاوازی لە ڕەخنەگرانی پێش خۆی پەیڕەو کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەم هەوڵانەی کریستیڤا دەچنە خانەی ڕەخنەی (فێمێنیزم)یشەوە کە بە ڕەخنەی ژنانەش ناسراوە، چونکە هەندێک لە ڕەخنەگرانی فێمێنیزمی پێیان وایە کە ئەدەبی ژنان لەڕووی جیهانبینی و دووربینی و دەروونی و سۆز و بەکارهێنانی هێما و ڕەمز و وشە و دەستەواژەکانەوە جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی پیاواندا هەیە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ط١، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧، ص ٥٣-٥٤. هەروەها بروانە: رينيه ويليك و أوستن وارن، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، ط٣، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧، ص٨٣. د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣، ص١٤٢-١٤٤. د. محمد عبدالحميد، النص الادبي بين اشكالية الاحادية و الرؤية التكاملية، ط١، دار الوفاء للطباعة و النشر، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص٨٨.**

**٢- د. شاكر عبدالحميد، الاسس النفسية للابداع الادبي (في القصة القصيرة خاصة)، مطابع الهيئة المصرية للكتاب، مصر، ١٩٩٢،ص٣٨.**

**٣- د. حسن احمد عيسى، الابداع في الفن والعلم، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، الكويت، د.س.ط.، ص٢٠.**

**٤- سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٥.**

**٥- د. رشاد رشدي، النقد و النقد الادبي، دار العودة، بيروت، ١٩٧١، ص ٨٣.**

**٦- سەرچاوەی پێشوو، ص٨٢- ٨٣.**

**٧- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص ٦٠.**

**٨- د. احمد رحماني، نظريات نقدية و تطبيقاتها، مكتبة وهبة، القاهرة، ٢٠٠٤، ص ١٠٤.**

**٩- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ط٥، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء - بيروت، ٢٠٠٧، ص ٣٣٢.**

**١٠- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٦٨-٦٩.**

**١١- انريك اندرسون امبرت، مناهج النقد الادبي، ت: د. طاهر احمد مكي، مكتبة الاداب، القاهرة، ١٩٩١، ص ٦٧.**

**١٢- ارسطو طاليس، فن الشعر، ت: عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص ١٢.**

**١٣- د. فائق مصطفى و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث (منطلقات و تطبيقات)، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٩، ص ١٧٥.**

**١٤- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٥٢. هەروەها بروانە: مجموعة من الكتاب، مدخل الى مناهج النقد الادبي، ت: رضوان ظاظا، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، الكويت، ١٩٩٧، ص ٦٣.**

**١٥- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٥٥. هەروەها بڕوانە: د. اسعد رزوق، موسوعة علم النفس، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، مطابع الشروق، بيروت، ١٩٧٧، ص ٤٧.**

**١٦- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٥٥-٥٦. هەروەها بروانە: د. عزالدين اسماعيل، الادب و فنونه (دراسة ونقد)، ط٦، دار الفكر العربي، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٧٦، ص٩٥.**

**١٧- د. اسعد رزوق، موسوعة علم النفس،ص٤٧.**

**١٨- د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الادبي الحديث، ط١، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، عمان، ١٩٩٨، ص٢٣٧-٢٣٨. هەروەها بروانە: د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر (قضاياه و اتجاهاته)، ط١، دار الافاق العربية، القاهرة، ٢٠٠١، ص٥٢.**

**١٩- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص٣٣٣- , ٣٣٤ د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص١٣٣-١٣٥. د.ابراهيم خليل، في النقد و النقد الالسني، دار الكندي للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٢،**

ص٤٠-، ٤١ د. كـمـال نشـأت، في النقـد الادبي (دراسـة وتطبيق)، ط٢، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٦، ص١٧٩.

(*) هەروەکو چۆن بە لای (فرۆید) و قوتابخانەکەیەوە ئەدەب بەرهەمی نائاگـاییـە (لاشعـور)، ئەوە هەندێک لە نووسـەر و ڕەخنەگرانیش جەختیان لەسەر ئەمە کردۆتەوە، بۆ نموونە (گۆتە) باشترین چیرۆکەکانی لەکاتی نائاگایی داناوە و (هۆسمان)یش دەڵێت: بەرهەم هێنانی شیعر کردەیەکە زیاتر لایەنی نائاگایی و نائیرادی تێدا زاڵە، (بێرت)یش پێی وایە باشترین شیعر و چیرۆک و داهێنانی وێنە لەبەرهەمـەکـانی چالاکی نائاگـایی مێشکن. بڕوانە : د.محمد عبد المنعم خفاجي، مدارس النقد الادبي الحديث، ط٢، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ١٣٩.

٢٠- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص١٣٣-١٣٤.

٢١- شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، اصوله، مصادره)، ط٥، دار المعارف، القاهرة، د.س.ط، ص١٠٧-١٠٨. د. كمال نشأت، في النقد الادبي (دراسة وتطبيق)، ص١٨٠-١٨١.

٢٢- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص١٣٧.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٧.

٢٤- حيدوش احمد، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص٣٧.

٢٥- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص ١٣٨.

٢٦- شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، اصوله، مصادره)، ص١١٤-١١٥.

٢٧- حيدوش احمد، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، ص٣٨-٣٩.

٢٨- د. شاكر عبدالحميد، الاسس النفسية للابداع الادبي (في القصة القصيرة خاصة)، ص ٥٣.

٢٩- د.ابراهيم خليل، في النقد و النقد الالسني، ٤٣-٤٤.

٣٠- حيدوش احمد، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، ص٤٠-٤١. هەروەها بڕوانە: د. شاكر عبدالحميد، الاسس النفسية للابداع الادبي (في القصة القصيرة خاصة)، ص٧٩. د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص١٤٠.

٣١- د.ابراهيم خليل، في النقد و النقد الالسني، ص٤٣.

٣٢- شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، اصوله، مصادره)، ص١٠٩-١١٠.

٣٣- جان ايف تاديية، النقد الادبي في القرن العشرين، ت: د. قاسم المقداد، المعهد العلي للفنون المسرحية، دمشق، ١٩٩٣، ص١٩٩.

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٠.

٣٥- شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، اصوله، مصادره)، ص١١٠.

٣٦- د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي و اوهام رواد الحداثة، ط١، مؤسسة طيبة للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٦٩-٧٠.

٣٧- جان ايف تاديية، النقد الادبي في القرن العشرين، ص٢٠٧- ٢٠٨.

٣٨- د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر (قضاياه واتجاهاته)، ص٥٥-٥٧. هەروەها بڕوانە: جان ايف تاديية، النقد الادبي في القرن العشرين، ص٢٠٨- ٢٠٩.

٣٩- د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر (قضاياه واتجاهاته)، ص ٥٩.

٤٠- د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي و اوهام رواد الحداثة، ص ١٧٦.

٤١- حيدوش احمد، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، ص ٣٤.

٤٢- إ.أ. رتشاردز، مبادىء النقد الادبي، ت: مصطفى بدوي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة والطباعة و النشر، القاهرة، د.س.ط، ص ١٧.

٤٣- سترچاوۆي پیشوو، ص ٦٤-٦٥.

٤٤- د.ابراهيم خليل، في النقد و النقد الالسني، ص٤٦-٤٧. هەروەها بڕوانە: إ.أ. رتشاردز، مبادىء النقد الادبي، ص٢٤٠- ٢٤٣.

**john and martin Coyle: literary ،Peck Palgrave Mac- ،3th ،terms and criticism 45- p.206. ،2002 ،millan**

٤٦- د.ابراهيم خليل، في النقد و النقد الالسني، ص٤٩.

٤٧- د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي و اوهام رواد الحداثة، ص ٧٥.

٤٨- سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٥.

٤٩- د. ابراهيم خليل، في النقد و النقد الالسني، ص٤٩-٥٠.

# هەقیقەتی مێژوو، ڕۆمانێک بۆ نەمرکردن

## لە بارەی ڕۆمانی (وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان)ەوە

**تێکۆشەر خالید**
**(سلێمانی)**

**(فاين ذاتك عني حيث كنت ارى**
**فقد تبين ذاتي حيث لا اين)**
**(لا أنا إلاّ أنا ) «حەللاج»**

### دەستپێک

(من فەرهاد تانجوریی دووەمم) ئەمە دەستپێکی ڕۆمانی (وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان)ی ڕۆماننووس "یووسف عیزەدین"ە، ئەوەی گرنگە لەمەڕ دەستپێک و قفڵی نووسین بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی بدوێین، ئەو بیروڕایانەیە کە پێیان وایە ڕۆمانی سەرکەوتوو کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە)، کەسی سێیەمی کۆ (ئەوان) ڕابەرایەتی دەکات، لە کاتێکدا مەسەلەی گێڕانەوە (سرد) لە نێو ڕۆماندا بۆ (هونەری داڕشتن و جۆری ناوەرۆکی ڕۆمانەکە) دەگەڕێتەوە، جا نووسەر بە هەر زمانێکەوە بدوێت، گرنگ گەیاندنی پەیامە لە بنووسەوە بۆ خوێنەر، ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێشەوە بەرەو قووڵایی و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی مێژووی شارێک دەڕوات، ئەگەرچی لەم ڕۆمانەدا کات و شوێن شێوێنراون و نووسەر ویستوویەتی لە ڕێی گێڕانەوەی ڕووداوگەل و بەسەرهاتە مێژووییەکانی شارێکی نوێ و ناواقیعی ڕووداوگەل و بەسەرهاتی مێژوویی واقیعی شارێکی کۆنمان نیشان بدات، بەم جۆرە لە ڕێی گێڕەرەوەوە کۆمەڵگە دەکاتە پاڵەوانی نادیار(مجهول)ی ڕۆمانەکە، هەروەک ڕۆماننووسی بەناوبانگی فەڕەنسایی (ستانداڵ) پێی وایە، کە دەبێت ڕۆمان بە تەواوی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە بێت، هەر بۆیە دەیویست تابلۆیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی فەڕەنسا نیشان بدات، کەواتە ستانداڵ واقیعی کۆمەڵگەکەی ڕاستەوخۆ گواستووەتەوە نێو ڕۆمانەکانی، ئەوەی لە (وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان)دا درکی پێدەکرێت، هەمان بیرو ئایدیای (ستانداڵ)ە، بەڵام بە گێڕانەوەیەکی تەماوی و هەروەکو ئاماژەشمان پێکرد، لەگەڵ شێواندنی ناو و شوێن و کات، خوازیارین لە ڕێی ئەم خوێندنەوەیەوە، بەشێکی ئەم ڕۆمانە بە خوێنەری کورد بناسێنین، چونکە بەڕاستی ئەم ڕۆمانە جێگەی بەسەرکردنەوە و ستایش کردنە.

### گفتوگۆ لەگەڵ چیرۆکی ڕۆمانەکە

فەرهاد تانجوری دووەم کە گێڕەرەوەی سەرەکی چیرۆکەکەیە، دوای ئەوەی دایک و باوکی لەبەر هۆیەکی نەزانراو لە "حەج" ناگەڕێنەوە، بۆ دابینکردنی گوزەرانی دەست دەداتە کاری نیگارکێشی " کە هەمان کاری پێشتری باوکییەتی" (کەم تا زۆر لەناو ڕۆمانەکاندا هەندێک بۆنە و یادی نەتەوەیی و ئایینی نەک لەسەریان نەگوتراوە، بگرە فەرامۆشیش کراون، وەک نموونە، حەج، جەژنی ڕەمەزان، قوربان، نەورۆز "سێزدە بەدەر" تاد..، بەداخەوە دەبێت هۆکەی بۆ بێ ئاگایی بنووسەکانمان بگێڕینەوە، لێرەدا وتەکەی ستانداڵمان بۆ دەسەلمێت کە



یووسف عیزەدین

لەبارەی ڕۆمانەوە دەیڵێت و پێشتر باسمان کرد، دەشکرێت ئێمە ئەم جۆرە ڕۆمانانە ناو بنێین "ڕۆمانی کۆمەڵگە" لە ڕاستیدا تەنیا ڕۆمانێک دەمێنێتەوە کە پێوەندی پتەوی بە کۆمەڵگەوە هەیە و لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەژی" لێرەوە ڕووداوی حەجکردنی باوک و دایکی فەرهاد ڕەوتی ڕۆمان لە دەستپێکەوە دەگوازێتەوە و نەگەڕانەوەیان دەبێتە هۆی چوونە نێو ڕووداوەکانەوە)، وەک وتمان پیشەی نیگارکێشی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، لێرەوە بازرگانێکی بیانی دەناسێت، تابلۆ و نیگاری نێو دوکانەکەی بە نرخێکی زۆر زیاد لێدەکڕێت، بازرگانەکە کە ناوی "شەهرام"ە کتێبی سۆفییەکی دەداتێ، ئەوەی دەبێتە جێی سەرنجی شەهرامی بازرگان ئەوەیە کە فەرهاد کتێبەکە دەخوێنێتەوە،چونکە پێی وایە ئەو کتێبە هیچی لێ نەنووسراوە و بە ئاسانیش ناخوێنرێتەوە، لێرەدا دەڵێت: "وشەکان بەشێک نین لە دنیای دەنگی ڕاستەقینە، بەڵکو تەنیا وەهمێکن و هیچ پێوەندییەکیان بەو شتانەوە نییە کە قەولە گوزارشتیان لێبکەین و ئێمەش پێمان وایە گوزارشت لەو شتە دەکەین ل١٤."

(پێوەندی نێوان درک (پەی) بردن و بینین نە هێندە لێکەوە دوورن جوێیان بکەینەوە، نە هێندەش نزیکن پێکەوە باسیان بکەین، لێ پێم وایە شتێکی تازەم هەیە لە بارەی بینین و تێڕوانینەوە، ئەم ڕۆمانەیش کتێبێکی دانسقەیە بۆ ئەو شتە تازەیە و بە نموونە وەرگرتنیشی سوودی نەبڕاوەیە، لە بەشی واقیع و ناواقیعدا خستوومەتە ڕوو).

پاشان شەهرامی بازرگان داوای لێدەکات کە وێنەی"ئیبلاس"ی بۆ بکێشێت، بە تەسەوری سۆفییەکە، تەسەوری سۆفییەکەیش وەهایە، "هەر هێزێک لە ڕێی وشەوە بیەوێت زاڵبێت و باڵادەستی خۆی بسەپێنێت، ئەوە لە ڕاستیدا هێزێکە خۆی وەک خۆی نییە و ئەوە ئێمەین دروستمان کردووە"

(تەسەوری سۆفیەکە لەمەڕ (هێز+وشە) پێوەندی بە تێڕوانینمانەوە هەیە و تەواو ڕاستە، لێرەوە نووسەر دەیەوێت حەقیقەتێکمان نیشان بدات و هەر لە ڕێگەی وتەی سۆفییەکەوە پێمان بڵێت، ئەو هێزەی لە ڕێگەی وشەوە زاڵ بووە و باڵادەستی خۆی سەپاندووە، ئەو هێزە خۆی وەک خۆی نییە و ئێمە دروستمان کردووە، بەڵام ئەوەی دەبێت بگوترێت ئەمەیە: (شەیتان تەنیا وشەیەکیشی نییە!)، قەدیسی ئۆگستینی(٣٥٤-٤٣٠ز) لە کتێبی شاری خودا «The City Of Good»دا باسی ئەوە دەکات کە مرۆ لە ژیانیدا هاوڵاتی دوو شارە، یەکەمیان شاری زەوی، ئەوەی تریان شاری ئاسمان"خودا"، کە شاری یەکەم شاری "شەیتان"ە بە هەموو ماناکانییەوە، ئێمەیش لەم شارەداین و کاریگەریی ئەومان بەسەرەوەیە، بۆیە بیرگەلێکی وەها لە بارەی خودا و شەیتانەوە شتێکی ئاسایی و دروستە..

دواتر فەرهادی نیگارکێش کە خوێندنی باڵای بەشی مێژوو تەواو دەکات، پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا بڕیار دەدات کە وێنەی "شیڤا"ی خواوەند بکێشێت، ئەو خواوەندەی باپیری لە تەسەوریدا دروستی کردبوو، خواوەندێک کە سەماکەرێکی بێ وێنە و جگە لەوەش چوارسەد کچۆڵەی ناسک سەمایان لەگەڵدا کردووە، کە تیراهاما دیارترینیانە، بەڵام دواجار ناتوانێت ئەو وێنەیە بکێشێت، شەهرامی بازرگانیش وەک ئەوەی درکی بەوە کردبێت یان بینیبێتی، نایەتەوە لای فەرهاد تانجووری دووەم، (فەرهاد خوێندنی باڵای مێژوو تەواو دەکات !، لێ گومانی لە گێڕانەوەی مێژوو لە تەسەوری خۆیدا، وا دەکات کە (خوێنەر) مرۆ گومانی لا دروست بێت، پێشی وا بێت لە دنیادا مرۆ بێ گومانکردن بوونی نییە و ناتوانێت هەست بە شتەکانی دەوروبەری بکات، دواتر کێشان و نەکێشانی وێنەکە و نەگەڕانەوەی بازرگانەکە جۆرێکە لەو گومانەی لە ناخی بنووسدا حەشاردراوە، وەک ئەوە وایە تۆ نەزانیت بۆ ئەم بابەتە دەخوێنیتەوە، لە ڕاستیشدا تا دوا دێڕیت خوێندووەتەوە).

فەرهاد لە کەسێکی ئاساییەوە دەبێتە کەسێکی

نائاسایی، ئەمەش دوای ئەوەی مەزاری پیرمەنسوور هەڵدەدەنەوە و ئێسک و پرووسکی دەردەهێنن، بەو درەختە سەرسوڕهێنەرەوە کە لەبەردەم مەزارەکەیدا بووە، بە مەبەستی دروستکردنی هێڵی ئاسنین، (ئاسایی بوون و نەبوون مەسەلەیەکی زۆر قووڵ و باکگراوندێکی ئێجگار سەیر و فەلسەفی لە پشتەوەیە، لە ڕاستیدا چوونە دۆخی ئاسایی نەبوونەوە بە هۆی ڕووداوی هەڵدانەوەی گۆڕی ئەو زاتە مەزنەوە، لێ وردبوونەوەی پێویستە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر بەشێک لە خاپوورکراوەکان و فەرامۆشکردنی یادەوەرییەکانی مەزاری پیرمەنسوورە، وادیارە کە زۆر پەیوەستە بەو شوێنەوە و کاریگەری لا بەجێ هێشتووە،بیرمان نەچێت پێوەندی بنووس دەگەڵ هەر کارەکتەرێکیدا پێوەندییەکی پێوەندیدارە بە ڕوحییەوە، ئەوجا پێوەندییەکە بۆ خودی خۆییە، یان شتێکی دەرەکی بەکار دەهێنێت، ئەوە شتێکی دیکەیە، پیرمەنسوور:ئەو زاتەیە کە هەرکەسێک مندالّی نەبێت و داوای لێبکات ئەوە مندالّی دەبێت بەلاّم بەنیشانەیەکی خۆیەوە بۆ نموونە پەنجەکانی دەستی یان قاچی مندالّەکە زیاترە لە پەنجەی مندالّی ئاسایی و ئەو درەختە سەرسوڕهێنەرەیش هەرگیز گەلاّکانی زەرد نابن و درەختێکی هەمیشە سەوزە، لە ڕاستیدا نووسەر لێرەوە بە پیرۆزیی ئەو زاتەمان ئاشنا دەکات و لە یادەوەریماندا دەیچەسپێنێت، وەک لەگفتوگۆیەکی نووسەری ئەم ڕۆمانە زانیم کە پیرمەنسوور پیاوێکی زەردەشتییە، هەر لەبارەی پیرمەنسوور-یان داری پیرمەنسوورەوە کەم تا زۆر نووسەرانی دی لەبارەیەوە دواون، جگە لە یووسف عیزەدین، "نالی (١٨٠٠-١٨٥٦)"ش بە جۆرێکی دی لە بارەی پیرمەنسوور و دارە ئەفسوونییەکەیەوە دەدوێت، کاتێک لە وڵاتی غەریبی کەفوکوڵی دووری و داخی دڵی پڕ خوێنی بۆ تەنیایی خۆی، بەنامەیەک کە بە چامەکەی نالی بەناوبانگە دەنێرێت بۆ سالم ی شاعیر و تێیدا پرسیار دەربارەی پیرمەنسوور دەکات و دەفەرموێت:

**داخۆ دەروونی شەق نەبووە پردی سەرشەقام**
**پیر و ئوفتادە تەن نەبووە داری (پیرمەنسوور)**

هەروەک چۆن "سالم"ی شاعیریش لە وەڵامدانەوەکەیدا پیرمەنسوور لە یاد ناکات و کەشی ڕاستەقینەی ئەوکاتە دەخاتە ڕوو و دەفەرموێت:

**ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش دەخەن زەرەر**
**وەک پیری ساڵخوردە، خەمە، داری (پیرمەنسوور)**

لێرەشدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و بۆمان دەسەلمێنێت کە ناو و کات و شوێن شێوێندراون، لێ بە جۆرێکی دی ئاراستەی دۆزینەوەی ئەو نادیارانەمان بۆ دەدۆزرێتەوە،بەڵگەش مەزاری پیرمەنسوورە کە لە سلێمانییە و تائێستایش ئەو مەزارە پیرۆزە ماوەتەوە، بەلاّم داخەکەم بە فەرامۆشکراوی..)

شەقامی میسیۆدۆبری،لە ڕاستیدا کۆمەڵێکی زۆر لە ڕووداوەکان لێرەدا ڕوودەدەن، دوای ئەوەی ئەو پیاوەی کە شەیتان دەچێتە نێو لاشەیەوە و بەرەڵلاّییەکی بێ ئەندازە ڕوودەکاتە ئەو شەقامە، کە بەناوی ئەو پیاوەوە ناودەبرێت"میسیۆدۆبری" بۆیە حیکایەتخوانی ڕۆمانەکە دەڵێت: (گەر دەتانەوێت دوای زیندووبونەوەی مەسیح بەم شەقامەدا تێپەڕێت، دەبێت ئەم شەقامە بسووتێنرێت، ل٢٧)


وەک پێشتریش باسمان لێوە کرد گێڕانەوەکانی فەرهاد تانجوری گێڕانەوەیەکی تا ڕادەیەک خۆویستە، بەلاّم هەندێ جار ناچار دەبێت بە گێڕانەوە وەک خۆی، ئەو کاتەی لەگەڵ ژینا لە نێو دارستانە نائاساییەکەدان، بە تەسەوری ئەوان باران دەبارێت، دەکەونە گفتوگۆیەکی نەویستراوەوە، (ئەگەر خورافیاتیش بێت دەبێت قەناعەت بەخۆمان بکەین کە خورافیات نییە و ڕاستییە، تا بتوانین یادەوەرییەکانمان، وێنەو دیمەنە زەینییەکانمان بکەینە وشە و دێر و پەرەگراف، بە شێوەیەک لە شێوەکان بیگێڕینەوە، هەرچەند باوەڕناکەم لەنێو وشەکاندا جێیان بێتەوە ل ٣٠)، لێرەیشدا زیادەڕۆیی و خۆویستی گێڕانەوە بەرچاو دەکەوێ، لێ قەناعەتکردن بەو شتەی کە تووشی دێت لە دنیا و لە کاتی ڕێکردنی ژیاندا شتێکی نەویستراو و ناچارییە، دوابەدوای ئەمە ڕەوتی ڕۆمان بەسەر دوو گێڕانەوەدا دابەش دەبێت، ئەویش گێڕانەوەکانی فەرهاد تانجوریی دووەم و ژینایە بە هاوبەشی، لێ فەرهاد هەمیشە تا کۆتایی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، هەندێ جاریش درک بەوە دەکەیت کە گێڕانەوەکانی ژینا لە گێڕانەوەکانی فەرهاد دەچن و یەکن، دواتر کۆمەڵێک شەهرام ناوی تا کۆتایی بەدووی یەکدا دێن، کە ڕەوتی ڕۆمانەکە زیاتر بەرەو مەبەستگەرایی و ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە دەبات، هەروەک هاتنی مێجەرسۆن و خۆناساندنی بە میرزا، باسی زەمەنی پێش شێخ ڕەزا، هەروەها باسکردنی شێخی سپی کەوا دەکات تەواو دڵنیا بین کە باس لە سلێمانی دەکرێت، چونکە شێخی سپی بە پێی گێڕانەوەکان مەبەست لە شێخ مەحموودی حەفید مەلیکی

کوردستانە، سیناریۆی بە ئەفسانەیی کردنی شێخ مەحموود لە پێناو خودی ئینگلیزەکان خۆیان ل ٧٣-٧٤، دەلالەتە بۆ ئەوەی نووسەر هەڵگری ئەو بیروباوەڕەیە کە جەمیل سائیب لە ڕۆمانی "لە خەوما" بەیانی کردووە، هەروەک ئەو کە سەردەمی حوکمڕانی شێخ بە خەونێکی ناخۆش وەسف دەکات و تێیدا هەقیقەتەکانی ئەو سەردەمە بۆ مێژوو دەگێڕێتەوە، ئەم ڕۆمانەیش بەشێک لە تەسەورەکانی پەیوەست دەکات بەو مێژووەوە، دیارە ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەوە دڵنیا دەبین لەوەی هەزاران میر و فەرمانڕەوا و مەلیکیشمان بە دەستی خۆمان و نەزانینی ئەوان کۆتاییان بە ژیانی فەرمانڕەوایی هێناوە، تەنانەت شێخ مەحموود بە هۆی وابەستەبوونی بە ئایینی سەپێنراوەوە قۆڵ لە قۆڵی دوژمن"عوسمانییە تورکەکان" دەنێت و پشت لە ئینگلیز دەکات، لە کاتێکدا ئینگلیزەکان دەیانتوانی بە تەنیا دروستکردنی نەخشەیەک ببینە دەوڵەت، بگرە تا ئێستا دەبووینە وڵاتێکی بەهێز لە هەموو بوارەکاندا، جۆرێکی تر لە شێواندنی ناو و شوێن و بەرچاو ڕوونی بۆ دەرخستنی ئەو شوێنەی کە دەیەوێت مێژووەکەی بگێڕێتەوە " گۆڕینی ناوی کانی ئاسکان و لابردنی پەیکەری دوو ئاسکەکەیە، لە جێی کانی ئاسکان دەبێت کانی بەرازان و لە جێی پەیکەرەکەیش، پەیکەری بەراز دادەنێت، و ئەو لافاوە بێ وێنەیەش کە بۆ یەکەم جار ڕوودەدات هەمان دەلالەتە ل٧٥، بەستنەوەی ڕووداوی بەبەردبوونی ئاسکەکان بە پیرمەنسوورەوە کارێکی سەرنجڕاکێش و وردەکارییەکی جوانە (دوای ئەوەی پیرمەنسوور و موریدانی بۆ ساڵانێکی زۆر لە نێو گەڕەکە نەبینراوەکەیاندا دەژین، لە بەر هۆیەکی نەزانراو بەرەبەیانێک دوو ئاسکی نێو باخەکەی میر هەڵدێن و پەرژینەکان تێپەڕدەکەن و بەمەش گەڕەکەکە تەڵسمی نەبینراویی خۆی لەدەست دەدات، کاتێک پیر مەنسوور پێ دەزانێت کەکار لە کار ترازاوە، لەو کاتەدا هەرچەندە تووڕەنابێت، بەڵام دەفەرموێت ئەی ڕوحی ڕەها سەبەبکار بکەرە بەرد، لەو کاتەدا کە دوو ئاسکەکە تێر ئاو دەبن لەیەکێک لە کانییە نزیکەکان لە شوێنی پێشوویان هەر ئەوەندەی شتێک دوور دەکەونەوە و بە گچکە تەپۆڵکەیەکدا هەڵدەزنێن و دەبنە بەرد).

هەر لە نێو ئەم ڕۆمانەدا کەموزۆر قسە لە بارەی مەرگ و ژیانەوە دەکرێت:

**أ: لە بارەی مردنەوە:** "کە ئێمە مەحکوم بین بە مەرگ بۆ دەبێت بژین، بۆ دەبێت هەبین و هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەک بکێشین، چ وەهمێکە ئەو ژیانەی تێیدا دەژین، چ بێ مانایییەکە ئەوەندە هەبین تاوەک خۆمان وەچە دەخەینەوە و ئەوانیش گەورە دەبن و دەبێت بە جێیان بهێڵین و بەرەو نادیار بڕۆین" "مەجهول" ناشوێن نازەمەن، بەرەو تاریکی و نەبینین، بەرەو دنیای نەبینین و قسە نەکردن، لە هەمووشی سامناکتر ئەو ئەفسانانەن کە باس لە زیندووبوونەوەمان دەکەن، بۆ دەبێت زیندوو بکرێینەوە، لە پێناو چیدا دەبێت حەق و حسابمان لەگەڵ بکرێت، ئێمە چ ئیختیارێکمان لە هەڵبژاردنی ژیاندا هەبووە تا دواجار بە بێ ویستی خۆمان بە جێی بهێڵین " لێرەوە کە لە بارەی مردنەوە دەدوێت، بێ گومان دەکەوینە نێوان ئەو گومانەی کە خۆیشمان نازانین دەگەڵ ئەم ژیانە پووچەدا چیمان پێدەکرێ، مردن کە بێ پرس وەک شتێکی بێ مانا خۆی دەگەیەنێتە لات و بەیەکجاری دەتخەوێنێت، لە پووچی زیاتر هیچی دی نییە، ئەگەر ژیانێکی تر هەیە کوا ؟ ئەگەر مەریخە با نەمرین و کۆچ دەکەین بۆ ئەوێ، ئەوێک کە هەموو شتێکی بەدەستە (کون فیکون)، پرسیارکردن شتێکی ئاساییە، وەک چۆن لە کن دکتۆرێک هەموو دەردەدڵی خۆتی بۆ دەڕێژییە خوارێ، ئەوهاش کە ئەو خۆی بە خاوەنمان دەزانێ دەبێ قبوڵی ئەو بیروبۆچوونانە بکات).

**ب: لە بارەی ژیانەوە:** " زەمەن تەنیا شوێنی گۆڕانی ڕووکار و دەموچاو گۆڕینی ماسکەکانە - لە نێو زەمەندا



هیچ ڕوونادات- ئێمــەین زەمــەن بۆ خــۆمــان دروست دەکەین- ئێمەین کاتژمێرەکان دادەهێنین و میقاتیان دەکـــەین - ڕۆژی لە دایک بوونمان دوارۆژی ژیانمانە، چونکە لەو ڕۆژەوە بەرەو مــەرگ دەچین- هۆشــمــەندی بەڵایەکی گــەورەی مــرۆڤــە - لەوەتەی هەم نەفــرەت لە حاموراب‌ی دەکەم، ئەو خوێنڕێژەی یاسا و قوتابخانەی بۆ ئێـمــە دانا، ئەو پیــاوەی دەست بڕین و کــوشتن و هەڵواســینی کــردە یاسا و ئەو یاســایەش لە مــرۆدا و تامردنیش دەستەبەردارمان نابێت، هێندەی ژیان بۆخۆی بێ مـانایە، ئەوەندەی تر بێ مـانای دەکـات، - نازانم چ حیکمەتێک لە بوونی ئێمە هەیە جگە لە ناشیرینکردنی دنیــا - تاد ل ١٠٤-١١٠ "، کــاتێک ئەو ڕســتــانە دەخـوێنیــتــەوە چ لە بارەی مـردنەوە چ لە بارەی ژیانەوە دڵتــەنگی داتدەگــرێت، هەست بە زیادەبوونی خــۆت دەکەیت، بیروباوەڕی ئانارشیزمەکانیش لەم بیروڕایەوە نزیکە، کـە نووسـەر ئامـاژەی پێـدەدات، هەر وەک چۆن دادیزمییەکان باوەڕیان وابووە کە یاسا نەمێنێت، لێرەوە دەگەینە ئەو بیروباوەڕەی کە پێویستمان بە یاسا نییە، پێــویســتــە بەو جــۆرە بین کــە بووین، ئاخــر ئێــمــە چ پێویستمان بە یاساو ڕێکخستنی ژیانێکی پووچ هەیە کە لە ڕاستیدا ئێمە مرۆیەکی چەشنە ئەلیکترۆنی بین و هیچ شتێک بۆ ئێمە ئەوە نەبێت کە نابێت ببێت . دواتر فەرهاد دەبێتە موریدی ڕێگەی دۆزینەوەی نەبینراوەکان، شـەهرام ل١٢٠ سـەر لەبەری مـوریدەکـانی فـێری گـریان دەکــات، "گــریان بۆ بوونمان، گــریان بۆ هەمــوو ئەو خــراپەکــارییــانەی ئەنجــامی دەدەین، گـریان بۆ هەمـوو ئەوانەی کـە دەیانکوژین، گریان بۆ ئەو ئاژەڵانەی کـە بە ناحەق سەریان دەبڕین و گۆشتیـان دەخۆین " لە ڕاستیدا گریان تاکە هۆکارە بۆ خاوبوونەوە و تۆزێک ئاسودەبوون، هەروەک چۆن دیسـان لە بارەی ژیانەوە دەدوێت ل١٣١،" ژیان سیحرە، بە بێ فێربوونی سیحر مەحاڵە لەم دنیایەدا بتوانیت بژیت".

**واقیع ناواقیع + فەلسەفەی بینین**

لە نێـو ئەم ڕۆمـانەدا درک بەوە دەکـرێت کـە فــەرهاد تانجـــوریی دووەمی حـــیـکایەتخــــوان و تەنانەت کــارەکـــتــەرکــانی تریش زۆر جــاران لە هەوڵی بە واقیعکردنی ناواقیعدان و بە پێچەوانەوە، ئەگەر بۆ ئەم وتەیە پرسیار بکەین، چۆن ؟

- فــەلســەفــەیەکی قــووڵ و نەبینراو لە نێــو گــوتەی کارەکتەرەکاندا ئامادەگی هەیە، ئەویش بەوەی زۆر جاران فـەرهادی دووەم پێی خۆشـە، یان دەیەوێت بە تێڕوانینی خۆی شـتـەکان بگێڕێتـەوە،"کە ئەمە لە نێو زۆرێک لە ڕۆمـانە بیانییەکاندا درکی پێ دەکرێت" نموونە شەهرامی بازرگانە کە داوای کێشـانی وێنەی ئیبلیسی لێدەکات، فـەرهاد پێی وایە شـەهرام زانیــوبەتی کـە ناتوانێت ئەو وێنەیە بکێشێت، دواجار ڕەنگە وێنەکەیشی کێشابێت، یان لە تەســەوری هەمــوو مــرۆڤــەکــانی دیدا وێنەکــە کێشرابێت، لێ لە بنەچەشدا کەس وێنەکێشی ئەو نیگارە نەبووبێت، لێـرەوە دەگـەینە ئەو پرســیــارە، ئایا ئەوەی مـرۆڤـێک ئەنجـامی دەدات، لە بەرانبـەری ویدا یەکـێک پێی وایە دروستە و یەکێکی دی بە پێچەوانەوە؟ ئەم دوو تێڕوانینە، دروست، نادروست، ناکـاتە ئەوەی گـومـان لە بینینمـان بکەین و پێمان وابێت ئەوەی ئەو دەیبینێت و تۆ دەیبـینیت، جـوداوازن! ئەی گـوایە دوو تەفـســیــری جیاوازتان نییە ؟ڕەنگە ئێرە شوێنی ئەوە نەبێت لێ بنۆڕە هەریەکە لەسەر ئەوەی دەیبینێت و قسەی لەبارەوە دەکات سووربوونە لەسەر بۆچوونی خۆی، کەواتە بینینی ئاسایی کـەسـمـان وەکـو یەک نین و ڕەنگە ئەو ڕوخســارەی تۆ لە ئاوێنەدا دەیبینیت و پێت وایە خۆتیت،هیچ مرۆیەک بەو جـۆرە نەتبینێت، ئەم ڕۆمانە پڕە لەو پرسیـارە سـەیرانەی ئەگەر بە قووڵی بیخوێنیتەوە گرنگییەکەی و وەڵامی ئەم پرســـانەت دەست دەکـــەوێت، هەروەها ئەم ڕۆمـــانە دەروازەیەکی باشـە بۆ دۆزینەوەی فـەلسـەفـە یان بیـرو باوەڕێکی نوێ کە دەکرێت ناوی بنێین"فەلسەفەی بینین، یانیش تەنیا بینینەکان"

نموونەی زیندوو لە نێــو ڕۆمــانەکــەوە " دارســتــانە نائاسـاییـەکە"یە، کـاتێک گـێـڕەرەوە لەگەڵ ژینا قسـە لەبارەی دارستـانە نائاساییەکەوە دەکەن، دوو بینین، یان تێڕوانینی جیاواز بەریەک دەکەون، کە لەلای یەکێکیـان دارســتــانەکــە وەهمــەو لەلای ئەوی دی بە واقــیــعی دەبینرێت،ل٢٨-٢٩"، تەنانەت بە جۆرێک قـووڵ دەبنەوە دەچنە نێو ناواقیعەوە، کە لە ژێر باراندان و تەڕ نابن، تا فـەرهاد تانجوریی دووەم دەڵێت: تۆ بڵێی باران نەبارێت و ئەوەی دەیبــینین تەســەورێکی من، تۆ بێت، ل٣٠" دواجار لە گێڕانەوەی یەکەمی ژیناوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە چەند بە وردی ئەو فـەلسـەفـەیە، یان دنیابینییـە شی دەبێتەوە، نا ئاسایی بوونی شارەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، پێی وایە ئەوانەی بینیــــونی تەنیـــا وەهم بوون، ئەو کەسانەش کە لەگەڵیان دواوە تارمایی بووبن و ڕەنگیشە مردووی ئەو شوێنە بووبن، بۆ نا ڕەنگە ئێستا ئێمە لەگەڵ مردووەکان گفتوگۆش بکەین و وەڵامیشیـان بدەینەوە و

بێ ئاگاش بین، حەقیقەتێکی تاڵە، "ئەو کچە کچێکە لەوەهم ئەندێشە کردنەکانی خۆت، ڕەنگە بەو شێوەیە بوونی نەبێت کە تۆ تەسەوری دەکەیت، هەرچەند گرنگ تەسەوری خۆتە ل٤٤"، لێرەوە ڕووباری خەیاڵدان شەپۆلی دەگاتە کەناری گومان و پێشمان وا دەبێ کە ژیان لەوە پووچترە کە بیری لێدەکەینەوە، هەروەک "دیکارت" دەڵێت: چۆن دڵنیا بین لەوەی کە ژیانمان هەمووی خەونێک نییە و بەمردن حەقیقەت دەست پێ دەکات؟! بێ گومان زۆر بە شاراوەیی کارەکتەرانی نێو ئەم ڕۆمانە"هەمووشیان نا" لە نامۆی ئەلبێر کامو نامۆتر و لە سیزیف بێ هیواتر و خۆشبەختتریشن، کە من نموونەی وەک ئەم ڕۆمانەم لە نێو کورددا هەرگیز نەبینیوە، مەگەر بۆ لەمەودوا و چاو لە تەکنیک و ئاراستە، هونەری ڕەوتی ئەم ڕۆمانە و ستایلەکەی بکرێت و ئەمەیش پێوەندی بە تێڕوانینی خۆمەوە هەیە. لەلایەکی دیکەوە یەک کەس بوونی دوو شەهرامە کە ئەوە لای خوێنەر دروست دەکات کە زۆر دوور بێت لە واقیعەوە ل٥٤-٥٥، لێ لە بنەچەدا ئەگەر خودی واقیع نەبێت زۆر لە واقیعەوە نزیکە، ئەو مرۆیە کە هێندە لاوازە (ولقد خلقنا الانسان ضعیفا) ناتوانێت تەسەوری ئەوە بکات کە پێمان وایە لە واقیعەوە نزیکە، تەنانەت مردبێتین و پێمان وابێت هێشتا نەمردووین، مرۆ هێندە لاوازە ئەگەر سووریش بزانێت کە باوەڕی بە شتێک نییە، لە کەمترین ماوەدا پەنای بۆ دەبات.

### مەبەستگەرایی

لە دوای "کانت"ەوە ئیدی مەبەستگەرایی گرنگترین و باوترین پرسی فەلسەفە و نووسین بووە، لە نێو ئەم ڕۆمانەدا مەبەستگەرایی تا ڕادەی داگیرکردنی ئەتمۆسفێری ڕۆمانەکە پەیڕەو کراوە، بە جۆرێک کە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر پەرەگرافێکدا مەبەستێکی نوێ دەدۆزیتەوە، (شارەکە لەو سەردەمەدا پایتەختی مەملەکەتێکی کورد بووە، کە لمی بیابانی بە شتێکی ئەفسوونی زانیوە و پارەو پوولێکی زۆری مەملەکەتی داوەتە ئەو بازرگانانەی کە لە جیێی هێنانی مسک و بەهارات و خشڵ و زێڕ و زیو و شتی سەیروسەمەرەی دنیا، ڕەوە حوشتریان بەرەو بیابان پێش خۆیان داوە و لەوێوە چەندیان پێ بهاتایەتەوە گونییە لمیان بۆ میر هێناوەتەوە) (دەیان ئەستێرەناس و ئەندازیار و بیرمەند و نووسەری هونەرمەند هەبووە) (دەیان قەڵا و قولە و پرد و کۆشک و شوێنی سەیروسەمەرەی لە میتاڵ دروست کراوی هەبووە)، "تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بەو ڕووداوە و خولیای میر، گەڕانەوەیە بۆ مێژووی کورد، دواتر شێواندنی جوگرافیای وڵات! بەدەستی خۆمان و دروست کردن و بنیادنانی مێژوویەکی تاکڕەویی خۆکارانە، بەردەوام نووسەر بە جۆرێک کەرەستە و دەستەواژەی مەبەستی دادەڕێژێت، کە پێمان وایە زیاد لە تەفسیر و ڕایەک هەڵدەگرن، بۆیە دەبێت ئەوەش بڵێین کە میر لێرەدا بە جێی هێنانی مسک و زێڕ و زیو و بەهارات؛ کە ئەورووپاییەکان بۆ بەدەستهێنانی بەهارات، تەنانەت هەوڵەکانیان ئەوانیان گەیاندە ئەوەی دۆزینەوەی جوگرافیا بۆ ئەوان بێتە پێش وەک دەزانین ؛ رأس الرجاء الصالح؛ لە ئەنجامی گەڕانی ئەورووپاییەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ کە بەژێر حوکمڕانی عوسمانییە تورکەکاندا نەڕوات بۆ بەدەست هێنانی بەهارات، دۆزرایەوە؛ لە جێی ئەمانە ئەم میرە کوردەمان کولتوور و زمان و تێکەڵکردنی وڵات - جوگرافیا و مێژوو و ئایینی عەرەبەکانی لێدەکەوێتەوە، ئەویش تەنیا بەوەی کە خۆڵ "لمی بیابان"ی هێناوە و تا دوایی دێتە سەر "چێکردنی ڕەشماڵ و کڕینی ئافرەتێکی سەماکەری عەرەب لە شێخولعەرەبێک، کە ئەمە دەلالەتێکی تەواوە و لە ڕاستی باسەکەمان نزیکمان دەکاتەوە).

### قەدیسکردنی پیرمەنسوور

#### أ: لە لایەن خوداوە:

دوای ئەو کۆمەڵە زاتەی لەسەر ناونانی شارە بێ ناوەکە ڕێک ناکەون و یەکێک لەوان بە خەنجەر دەکوژرێت، دواتر دەنگێک لە غەیبەوە دێتە قسە و دەڵێت: (مەبەست خودایە): بیر لە تەنیایی و ئەبەدی و ئەزەلی خۆم بکەمەوە ....، بۆ دەبێت ناچار بم چاکەی چاکەکاران بدەمەوە و خراپەکارانیش سزا بدەم، لە کاتێکدا نە هیچ خۆشییەکم بە چاکەی چاکەکاران دێت و نە بە خراپەی خراپەکارانیش پەست دەبم (إنَّ الله بريءٌ من المُشركين)، یان لە سورەتی تەوبەدا (براءةٌمن الله و رسوله إلى الذين عاهدتُم من المشركين).... هەر پاش ناشتنی کوژراوەکە دەبینن چۆن درەختێکی ناوازەو هێجگار سەیر لە پاڵ گۆڕەکەیدا بە حەوادا دەچێت، ئەو درەختە هەرگیز هیچ کەس بۆی نییە بیبڕێتەوە (مەبەست داری پیرمەنسوورە)، هەر بۆ باوەڕهێنانتان و "پەرجوو" موعجیزەیی ئەو درەختە هەرکەس لەنەوەی ئێوە بەلایدا بڕوا گوێی بەگەڵایەکم دەشوبهێنم و نیشانەی تایبەتی لەسەر دەست و پەنجە و هەندێ جار بەشەکانی تری

جەستەی دەدەم، .... تکایە جار جار بۆ رووکاری سێگۆشەییم بگرین، من تەنیا بەبوونی سێگۆشەکان دەمێنمەوە،" لێرەوە پیرۆزکردنی پیرمەنسوور سەر هەڵدەدات، هەرچەندە بێجگە لەمە سەلماندنی کات و شوێنیشە بە تەنیشت نەمرکردن و پیرۆزکردنی پیرمەنسوورەوە، دواتر بە جێمانی ئاسەوار و لکاندنی بەو نەوەیەوە و سێگۆشەکان "سێگۆشە، دەکرێت مەبەست لە نووشتە بێت: شێوەی سێگۆشەیە و ئایەت و دوعای تێدا دەنووسرێتەوە و هەڵدەواسرێ یان لە مل دەکرێ" .

**ب: لە لایەن نووسەرەوە:**

لە لایەکی دیکەوە نووسەر لە ڕێگەی خۆی و کارەکتەرە سەرەکییەکەیشییەوە هەوڵی نەمرکردنی پیرمەنسووری داوە، ئێمەیش لە بەشی گفتوگۆ لەگەڵ چیرۆکی ڕۆمانەکە باسمان کرد، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەفسانەیش بێت، بە حەقیقەتکردنێکە کە جێگەی تێوردبوونەوەیە، ئەوە چەندین ساڵە ئەو درەختە هەیە، تەنانەت نائاسایی بوونی فەرهاد تانجوریی دووەم تەنیا پلانی پلاندانان بۆ رووخانی مەزاری حەزرەتی پیرمەنسوورە، بە مەبەستی کەوتنە بەر دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لە کاتێکدا لە دیوە بینراوەکەیەوە کارگە و هێڵی شەمەندەفەر ئەستەمە بکەوێتە ئەو شوێنە جوگرافییەوە، لێ لە دیوە نەبینراوەکەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە رەنگە ئەمەیش جۆرێک بێت لەو تێکشکانە دەروونییەی و دواتر ئەو جوداوازییە کە لە تەسەوری فەرهاددا هەیە بۆ تێکشکاندنی ماڵی خوداکەی و لابردنی درەختەکەی، تەنانەت لەنێو ڕۆمانەکەدا پیرمەنسوور دەتوانێت زیندەوەر بکاتە بەرد ل٧٨)، دەکرێت ئاماژە بەوەش بدەین کە لەنێو ڕۆمانەکەدا تەنیا حەوت جار ناوی پیرمەنسوور هاتووە ئەویش لە لاپەڕەکانی (١٦- ٧٦- ٧٧-٧٨ -٨٢- ٩١) ئەمە و چەند جارێکی دیکەش ناڕاستەوخۆ لە بارەیەوە دەدوێت.

**تێبینی و سەرنج:** پێویستە ئەوەش بڵێین زۆر لە بارەوە گوتن و درێژکردنەوەی پێناسە و تەعریفکردنی کەسایەتی و شوێن، گەر بگاتە پلەی قەدیسکردنیش، خوێنەر بەرەو گومانێکی نادروست و بیرکردنەوە لە موبالەغە"زیادەڕۆیی" دەبات و زۆر جاران لە خوێندنەوەکە بێزار دەبێت، وەک دەشبینین بە تەنیا حەوت جار ناوهێنان، لە زەیندا پیرمەنسوور دەبێتە شتێکی دی، وەک ئەوەی لە زەینی مندا ئێستا هەیە، لە ڕاستیدا "درێژدادڕی" درێژکردنەوەی هەر شتێک لەناو ڕۆماندا کوشتنی بڕستی خوێنەرە، کەواتە نووسەر (یووسف عیزەدین) ئەو تێبینی و سەرنجەی ئێمەی دەبەر چاو گرتووە و دەکرێت لەم ڕووەوە لە زۆر ڕۆماننووسی دیکە جوێ بکرێتەوە و زێدەتر بخوێنرێتەوە .

## ناوونیشانی ڕۆمانەکە

بۆ ناوونیشانی ڕۆمانەکە دەگەڕێینەوە "وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان" دەتوانن سوود لە واقیع و ناواقیع ببیننەوە، کە پێشتر باسمانکرد، چونکە پێوەندی بە ناوونیشانی ڕۆمانەکەوە هەیە، "وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان" خودی گرێ کە تەفسیرێکە بۆ ناوەرۆکی ڕۆمانەکە، لە ڕاستیدا گەمژەکان نازانن حەقیقەتیش خەیاڵێکە تێدەپەڕێ، بە بۆچوونی من ئەو گرێیە بە مەبەستی درکاندنی ئەمەیە: دەکرێت ئەو ڕووداوانەی کە بەیانیان دەکەم گریمانکراو بن، لە ڕاستیشدا حەقیقەتن و تێڕوانینی بینینم بن، یانیش هیچیان و تەفسیرێکی دیکەی هەیە، ئەگەر سەرنج بدەین فەرهاد تانجووریی دووەم، بە گومانە دووەم فەرهاد بێت، یان ؛شەهرام؛ یانیش ؛فەرهاد تانجوریی یەکەم؛ فەرهاد تانجووریی دووەم پێچەوانەی ڕەفتاری تانجووریی یەکەمە؛ ل١٣٨"وەک خۆیشی دەڵێت: ڕەنگە ئەوە من نەبم لە ساتەوەختێکدا هەموو چواردەوری خۆم بەو شێوەیە بێتە پێش چاو و ئیدی لەمەولا نەتوانم بچمە نێو وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکانەوە، تا نەتوانم یادەوەرییە گریمانکراوەکانی خۆم و کەسانی تر بگێڕمەوە، ئەنجامی ئەم وتەیە ئەمەیە:

ئـ- ئەوانەی دەیانگێڕێتەوە تەواو ڕاستن، بەڵام بەو جۆرە دەیانگێڕێتەوە کە خۆی دەیەوێت یان دەیبینێت.

ب- ئەوانەی نەیگوتوون لە بارەی ئەوانەوە، یانیش گومانی لێیان هەیە، تەنیا بینینە، کەواتە ڕووداوە ڕاستەقینەکان کە خۆی تێیاندا بەشداره گومانیان لێدەکات، کەچی گومانەکانیشی بە ڕاستی، ڕاستەقینە دێتە پێش چاو، لە ڕاستیدا ئەمەیە "فەلسەفەی نەبینراوی بینین".

## ناوی کارەکتەر و شتی دیکە..

لە ڕاستیدا بە یەکێک لە پلە نزیکەکان ئەوەی وات لێدەکات بەردەوام بیت لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانێک، بە تەنیا ناوی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەن، چونکە ئەگەر ڕووداوێکی بێزارکەر، تەنانەت بێ ماناش لە نێو

چیرۆکی ڕۆمانەکە دروست بێت، ئەوە تێدەپەڕێت، بەڵام ناوی کارەکتەرەکان تا کۆتایی هاوڕێت دەبن، من بۆ خۆم چوار جار ڕۆمانی دڵێکی لاوازی (فیۆدۆر دەستۆیڤسکی)م خوێندووەتەوە، ئێستایش بە تەواوەتی ناوی کارەکتەرەکان نازانم، تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەیدا پێم وابوو هەموو یەک شتن و شۆرەتی کەسایەتییانم تێکەڵ دەکرد، خۆ ڕەنگە ئەوە هۆکار بووبێت بۆ تێنگەیشتن و ئاڵۆزبوونی کە ئەو ناوانە ڕووسین، لێ ئەوەی مەبەستی منە ئەمەیە لە نێو کورددا، کە دەبێت داتاشینی ناوی نوێ بەو جۆرە بێت کە خوێنەر بیانناسێتەوە، جا ئەگەر ناوێکی باویش بێت و لە ناوی سروشتی و داتاشراویی سروشتییەوە وەرگیرابێت، دەبێت لە ڕووی درکاندن و مانا و گونجاندنی کەسایەتی کارەکتەرەکەوە گونجاو"شیاو" بێت .

لە بارەی ناوی کارەکتەرەوە دەکرێت پێش هەموو شت بڵێین، کە نووسەر زۆر شارەزایانە و وەستایانە کار لەسەر ناوی کارەکتەر - کەسایەتی نێو ڕۆمانەکانی دەکات، ئەم ڕۆمانە یەکەمین نموونەی نییە، هەر لە ڕووی ئەو خاڵە گرنگەی ڕۆمانەوە پێم وایە لە نێو کورددا، وردبینی لە هەڵبژاردنی ناو بۆ کارەکتەر نەکراوە یان زۆر بەکەمی نووسەرانمان خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە، دەکرێت تەنیا بڵێین "یووسف عیزەدین، بەختیار عەلی، عەتا محەمەد، کاروان عومەر کاکەسوور.. تاد، پەنجەی دەست،"هەن کە گرنگییان بەم خاڵە داوە، یووسف عیزەدین لە ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی)دا ناوی شارێک دەهێنێت کە "ینامێلس"ە، کە ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بخوێنینەوە "سلێمانی"دەردەچێت، هەر لەو جۆرە ناوەی دروستی کردووە، کە کارامەیی نیشان دەدات شیعری "لافنا"یە کە ئەویش پێچەوانەکەی "انفال"دەردەچێت، ئەوەی درکی پێدەکرێت لە ڕۆمانەکانی نووسەردا، ئاڵۆزکردنی ناوی کەسایەتییەکانە، بەڵام بەو جۆرەی کە حەز بکەیت بە دوایاندا بڕۆی، تا دۆزینەوەیان، بۆ نموونە لەم ڕۆمانەی خستوومانەتە بەر خوێندنەوە، دەبینین فەرهاد تانجەریی یەکەم، فەرهاد تانجەریی دووەم، هەریەکەیان ڕۆڵێک و کەسایەتییەکی هەیە، وەک بوشرا کەسنەزانی ئاماژە بە ناوی کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی) بنووس دەدات و دەڵێت: لە (ماجەراکانی سەلمانی فارسی)دا وەک ڕۆمانێکی سەر بە ڕیالیزمی جادوویی، لەگەڵ هێنانی ناوەکانی" ساتیاسیا مەنسووری، سیاوڵە شارۆخی، سەیفەدینی چوچانی) کە دوو ناوی کۆتایی کەسێتی ڕاگوزەر و لاوەکین، ناوی سەرەکی سەلمانی فارسی دێت کە پانتایی ڕۆمان بەو ڕووداوە دەگرێتەوە، لە ناوناندا نووسەر زۆر جار و لە زۆربەی کارەکانیدا ڕەچاوی فۆنەتیکی دەکات و پیتی (س) وەک پیتێکی دووبارە بووەوە لە ناوەکاندا سازاندنی تێدا دەبینرێت لەگەڵ کارەکانی دیکەشیدا، ئەم ناوانە وەک پرۆسەی ناوی جادوویی نییە، کە لای بەختیار عەلی دەبینرێت، هەر لەو ڕۆمانەدا ناوی سەلمانی فارسی وەک ناوێکی مێژووی ئایینی، کۆمەڵێک کەسێتی بنیاد دەنێت، "سەلمانی فارسی یەکەم-سەلمانی فارسی مێژوونووس- سەلمانی فارسیی حەوتەم - دوایەمین سەلمانی فارس)کە بەدەر لەمانە سەلمانێکی نەناسراویش باس دەکات).

لە نێو ئەم ڕۆمانەیشدا لەسەرەتادا "شەهرام"ناوێک دێتە ناو ڕۆمانەکەوە کە کەسێکی بیانی و بازرگانە ل١١، دواتر "شەهرام" ناوی کارەکتەرێکە کە خوداناس و "شەهرام"ێکی دیکەش بە تەنیشت ئەمەوە جادووگەر و ساحیرە ل٥٤-٥٥، دیسانەوە کارەکتەرێکی دیکە دێتە خەونی فەرهاد تانجەریی دووەم ئەویش هەر ناوی "شەهرام"ە ل١١٦، دیسانەوە ناوی "شەهرام"ێکی دیکە دێتە پێشمان ل١٢٠، ئەمەو هیچ شەهرامێکیشیان لە یەکدی ناچن، هەریەکەو بیروباوەڕێکیان هەیە، دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەناو ڕۆمانەکەدا مامۆستایەکی بەتەمەن هەیە کە وتارێک بڵاو دەکاتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە جگە لە شەهرام ئەسفەهانی هیچ شەهرامێکی دیکە بوونی نییە، دەکرێت لێرەدا وەڵامی ئەوەمان دەست بکەوێت کە بۆچی لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا نووسەر بەو جۆرە کار لە ناوی ڕۆمانەکانیدا دەکات، بێ گومان من زۆر هەوڵم دا هیچ جۆرە ڕۆمانێکم بەر چاو نەکەوت کە هێندە گرنگی بەناو دابێت و بەو جۆرە خوێنەر بەرەو ئاقاری تێفکرین و زاخاوکردنی مێشک ببات، دیارە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بەوە دەکەیت کە ناوی شەهرام وەک ناوێکی لابەلا هاتووە، لێ لە بەرەوڕووچوونی ڕووداوەکاندا ئەوان هۆکاری سەرەکین، لەبەر ئەوەی دواجار ئەم ڕۆمانە لە کەسێتی فەرهادی دووەم کە پاڵەوانی ڕۆمانە و لە سەرەتادا وەک حیکایەتخوانیش دەردەکەوێت، ئەم وێنەیە بەرە بەرە کاڵ دەبێتەوە و ژینا-ش وەک کارەکتەرێکی سەرەکی دەردەکەوێت و دێتە ڕیزی ئەمەوە.

هەر سەبارەت بە ناو، خوێنەر کاتێک هەواڵی کوشتنی "مەحوی" دەبیستێت لە لایەن زارایستەکانەوە کە سەرچاوە و سەلماندنی کوشتنەکەشی دەستنووسێکی

کۆنە، خوێنەر تووشی شۆک دەکات، دوو هۆکار هەیە بۆ ئەو شۆکەی باسی لێوە دەکەین ئـ- کەسایەتی مەحوی شاعیر و کوشتنی بـ- ناوێکی تازە "زارایستەکان" کە دروستکراوی خودی نووسەرە، دەکرێت ئەم بەشە نووسینەی لە بارەی ناوی مەحوییەوە بە بەشی مەبەستگەراییەوە پەیوەست بکەین، بەڵام بە بێ تەفسیری ئێمە..

جگە لەمانەیش هەندێ ناوی تر دێنە پێشەوە کە دەلالەتن بۆ سەلماندنی ئەو بیروباوەڕەمان " کە پێمان وایە ئەم ڕۆمانە بە دیوێکی دیکەیدا گێڕانەوەی مێژووی شاری سلێمانییە" هاتن و دەرکەوتنی ناوی "مێجەرسۆن".. کە بە میرزا دەناسرێت ..ل ٥٦، ناوهێنانی "شێخی سپی" کە مەبەست لە "شێخ مەحمودی مەلیک" ل٧٠-٨٠، جگە لەمەیش تێیدا ناوەکانی کەسایەتییەکان وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ناوی خولە پیزەیش دەهێنێت .ل ٦٠-٦٢ .

## سیزیف و فەرهاد تانجوریی دووەم

"سیزیف" کە خوداکان بۆ سزادان تاشەبەردێکی گەورەی پێ دەبەنە سەر شاخێکی بەرز و لە وێشەوە تاشە بەرد گل دەبێتەوە بۆ سەر زەوی و دووبارە ئەم کارە ئەنجام دەداتەوە و دووبارە... ئەمە سزادانێکی زۆر تاڵە، بێ مانایە، پڕوپووچە، کەچی ئەلبێر کامو (١٩١٣-١٩٦٠) دەڵێت: "سیزیف خۆش بەختە!" ڕەنگە سیزیفیش ئەم کار-سزادانەی بە لاوە پەسەند بێت کە وا ئەنجامی دەدات و بووەتە چارەنووسی، بەڵام هەرچی بێت بێ مانایە.

فەرهاد تانجوریی دووەمیش کە لە نێوان هەندێک کار و گەڕانی بێ مانادا دەخولێتەوە، بەختەوەرە و نائومێدیش دێتە پێش چاو، (لە ڕاستیدا فەرهاد تانجور لە ڕێگەی خۆش بەختییەکی نەبینراوەوە دەگاتە نائومێدی-نائاسایی بوون، وەک چۆن دەتوانین بڵێین فەرهاد لە نائومێدی و نائاسایی بوونەوە خۆش بەختی پێوە دیارە).

"پیرمەنسوور"بۆ ئەو وەک خوداوەندێک دەبینرێت، بە تێکدانی ماڵی خوداکەی پووچی ژیان ڕوون دەبێت بۆی، ئیدی ئاسایی بوون لەودا بێ مانابییە، زەمەن بۆ ئەو بێ مانابییە، تاکە شت عیشقی ژینایە، کە ئەویش بەشێکە لە ژیان، یان دەلالەتە بۆ ژیان، کەواتە "سیزیف و فەرهاد" هەم لە یەک دەچن و هەمیش تەواو پێچەوانەی یەکترین، ئەم بە بێ ڕێزی نواندنی، خوداکەی سزای دەدات، ئەو بە بێ ڕێزی نواندن بەرانبەر خوداکەی وەک ئەوەی سزای خۆی بدەن، دەبێتە کەسێکی نائاسایی و خاڵێکی دیکەیش ئەوەیە، سیزیف تێدەگات تەنیا پێوەندییەک کە ئەو لەگەڵ ئەم ژیانەدا پەیوەستی دەکات، عەشقی کچە لاوەکەیەتی، وەک ئەوەی فەرهاد و ژینا.

**سەرچاوەکان:**


**(١) ڕۆمانی وێڵگەی یادەوەرییە گریانکراوەکان/ یووسف عیزەدین/ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی/ چاپی یەکەم/ ٢٠٠٩چاپخانەی شڤان/ ژ.م سپاردن ١٨٠٩ی ٢٠٠٩ی وەزارەتی ڕۆشنبیری.**

**(٢) ڕێنێ دیکارت/ نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی، کاوە جەلال/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/چاپی یەکەم ٢٠٠٨.**

**(٣) دیوانی نالی/بلاوکراوەی کوردستان"انتشارات کردستان"/ چاپی شەشەم / لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم (پیتچن و ڕێنووسی نوێ)/ تکایە بڕوانە لاپەڕە ١٩٤) و (هەر لە نێو ئەم دیوانەدا دەتوانیت چامەکەی سالمیش دوابەدوای چامەکەی نالی ببینیت).**

**(٤) ئەفسانەی سیزیف/ئەلبێر کامۆ/و هودا ئیبراهیم (فروزان)/ چاپی یەکەم ٢٠٠٦/ چاپخانەی هێمن "تکایە بڕوانە لاپەڕە ١٨٩ و ١٩١"**

**(٥) گۆڤاری هەنار/ ژ.م /٤١ ناوی کارەکتەر لە چیرۆک و ڕۆمانی پاش ڕاپەڕیندا/بوشرا کەسنەزانی/ تکایە بڕوانە لاپەڕە ٣٠-٣١.**

**(٦) هونەری ڕۆمان/ میلان کۆندێرا/ و، کەریم پەڕەنگ/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨ (بڕوانە لاپەڕە ١٢٦-١٢٧).**

**(٧) لە بارەی ستاندالەوە بابەتێک بوو، لە یەکێک لە ژمارەکانی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا بەرچاوم کەوت ... بە داوای لێبووردن و بەداخەوە ژمارە و ناوی نووسەرەکەیم بیر نەماوە.**

**(٨) دنیابینی و تێڕامانەکانی فەیلەسووفێک/ هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی ئارسەر شۆپنهاوەر/ و، سیدۆ داود عەلی/خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما/ چاپەمەنی گەنج/ چاپی یەکەم ٢٠٠٩**

**(٩) ئەدەب چییە؟/ ژان پۆل سارتەر/ و، مستەفا غەفوور/ دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان/ چاپی یەکەم ٢٠٠٩ (بڕوانە مەبەستگەرایی لاپەڕە٢٦)**

**(١٠) خولاصەی تەفسیری نامی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس/ بەرگی یەکەم/ چاپی یەکەم/ بەغدا/ ساڵی٢٠٠٠ "تکایە بڕوانە سوورەتی تەوبە لاپەڕە ٥٢٦"**

# فرووغی فەروخزاد
## (١٩٣٤-١٩٦٦)

فەرهاد پیربالّ

**ئەو داغمە بێ عارەی، کەوا بەڕووی**
**تانە و تەشەرە بێهوودەکانەوە، پێ دەکەنی: من بووم!**
**وتم کە دەنگی بوونی خۆم دەبم**
**بەلاّم داخ و دەرد، حەیف: «ژن» بووم!**
فرووغ (شیعرێک بۆ تۆ..)

**ژیاننامەی شاعیر**

– فـرووغی فـەروخـزاد لە مـانگی کـانوونی ١٩٣٤ هاتۆتە دنیاوە، ژیانی منداڵی و هەرزەکاریی خۆی، لەناو خێزانێکی پلە مـام ناوەندی و لەناو گـەڕەکـێکی مـیللی ئاساییدا، بەسەربردووە. سێزدە- چواردە ساڵان بووە کە دەسـتـی داوەتە خـوێندنەوە و نووسـینی شـیـعـر، لەیاداشـتـەکـانی خۆیدا، لەبارەی قـۆناغی هەرزەکـاریی خۆی دەڵێ: (ڕۆژێ دووجـار، سێ جـار، لەناو مـەتبـەخ، یان لەسـەر مـەکـینەی خـەیاتیم، چۆن دیوانە شـیـعـرم دەخوێندەوە، ئاوهاش شیعرم دەنووسی).

– لە ساڵی ١٩٥١دا، واتە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، شـووی بە (پەرویزی شـاپوور) کـردووە. ئەم شـووکـردنە ناوەختەی وەک خۆی دەڵێ: بووە مـایەی برین و حەسرەت و پەشیمانی.

– لە ساڵی ١٩٥٢ دا، واتە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، یەکـەم دیوانە شـیـعـری خۆی، بەنـاوی (اسـیـر) – دیل- چاپ کرد، شۆرەتێکی هونەریی بۆخۆی پەیدا کرد: پەیتا پەیتا ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکان کەوتنە بایەخ پێدانی و وتار و ڕەخنەیان لەسەر دەنووسی.

فرووغ لەم دیوانەیدا، سەرەڕای ئەو شۆرەتەی پەیداشی کرد، سـەرەڕای ئەو شیـعـرە ناسک و پتەوە هونەرییـانەی کـە تەعـبـیـریان لە ناڵە و خـەم و ئاواتی کـچـانەی ئەو دەکـرد- بەشێـوەیەکی جوانکاریی بەرز!-، بەلاّم لەگـەڵ ئەوەشدا، لە یاداشتـەکانیدا، نووسیـویەتی و دەڵێ: (من جارێ هێشـتـا پێ نەگەیشـتـبووم: زمـان و فـۆرمی خۆم و دنیای فیکریی خۆمم نەدۆزیبۆوە).

١٩٥١: لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، شووی کردووە.

١٩٥٢: لە تـەمـەنی هەژدە سـاڵـیـدا، یەکـەم دیـوانە شیعری چاپ کرد.

١٩٥٣: لەدایکبوونی (کامیار): کوڕە تاقانەکەی.

١٩٥٤: تەلاّق.

١٩٥٦: چاپکردنی دیوانێکی تازە، بەناوی( دیوار)، شـۆرەت وەرگـرتنێکی دیکە و ئاژاوە دروسـتـکردنێکی ئەدەبی دیکە؛ ناونرانی- لەلایەن خـوێنەرانی شـیـعـر و ڕەخنەگـرانەوە - بە «کـچـە شـاعـیـری گـونـاه» - بەهۆی شیعری (گوناه)ەوە، کە لە (دیوار)دا بلاّوی کردبۆوە.

١٩٥٧: چاپکردنی دیوانی سێـیـەمی:( یاخی بوون - عصیان).



فرووغ

فەروخزاد – لەم دوو دیوانە تازەیەیدا –، سەرەڕای ئەو شتە تۆکمە و تازانەی گوتوویەتی و ئەو ئیزافەی کردنەی بۆ سەر شیعری فارسی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا– هەر ڕازی نەبووە –، لە یاداشتەکانیدا، نووسیویەتی: دیوانی (دیوار) و (یاخی بوون) دەستـــــوپەل کـــــوتانێکی نائومێدانەی نێوان دوو قۆناغن.

**١٩٥٨**: ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەند (ئیبراهیم گوڵستان) پەیداکرد، کە دەبێتە هۆی فراوانبوونی ئاسۆی ڕوانینە هونەرییەکەی و وردە وردە دروستبوونی شەخسیەتی هونەری و فیکریی تایبەتی خۆی. فرووغ، لەم ساڵەوە، ئیتر، هاوکار لەگەڵ (ئیبراهیم گوڵستان)ی هونەرمەند و هاوڕێیدا، لە بواری هونەری سینەما لە سازمانی سینەمایی (گلستان فیلم) کەوتە ئیشکردن.

**١٩٥٩/ ١٩٦٠/ ١٩٦١**: دوو جار سەفەر بۆ ئینگلستان؛ بۆ ئامادەکردن و پێکهێنانی چەند فیلمێکی سینەمایی، مونتاژکردنی چەند فیلمێکی دیکە، دەرهێنانی چەند تەمسیلێکی تەلەڤزیۆنی.

**١٩٦٢**: لە بەهاردا، سەفەرکردن بەرەو شاری (تەورێز)، بۆ توێژینەوە و پێکهێنانی فیلمێک لەبارەی ژیانی پڕ لە ئەشکەنجەی گوڕووەکانی ناو گوڕووخانەی شاری تەورێز. ئەم فیلمە سینەماییەی (فرووغ)، کە بەناوی (ماڵی ڕەش)ەوە بوو، خۆیشی دەوری تێدا بینی و سەرکەوتنێکی گەورەی تێدا بەدەست هێناو دەنگی دایەوە؛ لە فیستیڤاڵێکی سینەمایی جیهانیدا، کە لە ساڵی ١٩٦٤دا ساز کرا، لە شاری (ئۆبر هاوزن)ی سەر بە ئەڵمانیا، خەڵاتی باشترین فیلمی پێ بەخشرا. فرووغ داوەت کرا بچێ خەڵاتەکە وەربگرێ، کەچی وەڵامی دابۆوە وتبووی: (پێویست ناکا. من ئەو چێژەی کە لەو ئیشە هونەرییەدا دەمویست ببینم، بینیم. ئیتر خەڵاتم بۆ چییە؟ خەڵات بووکەشووشەیە). فرووغ، زیاتر پێش هەموو شتێک ئەو کۆمەڵە مرۆڤە ناخ بریندار و ئەشکەنجەدارەی بەلاوە مەبەست بوو؛ کارە هونەرییەکەی بەلاوە مەبەست بوو، نەک خەڵات.

**١٩٦٣**: لە بەهاردا، نووسینی (سیناریۆیەک) بۆ فیلمێک کە سازنەکرا، لە پاییزدا دەور بینینی لە شانۆنامە بەناوبانگەکەی (لویجی بیراندیللۆ): (شەش ئەکتەر بەدوای نووسەردا دەگەڕێن).

هەر لە هەمان ساڵدا، واتە دوای شەش ساڵ شیعر بڵاونەکردنەوە، دوای شەش ساڵ بێ دەنگی و گەڕان و پشکنین و هەوڵدان، دیوانێکی تازەی دەرکرد، دیوانێک: سەرتاسەری، داهێنان و جوانی و شتی تۆکمە و تازە بوو.. (لەدایک بوونێکی تر).

فرووغ بەم دیوانەی، وەک ڕابەرێکی شیعری تازەی فارسی لەقەڵەم درا.

**١٩٦٦**: لە (٢٤)ی کانوونی دووەم، سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ، لە ڕێگەی بەینی کەرەج – تاران ئوتومبیلەکەی بەر ئوتومبیلێکی دیکە دەکەوێت و کاسەی سەری شەق دەبێت و بە خوێن لێ بەربوون، گیانی نەمری خۆی بەخاک دەسپێرێ.

* پاش مردنی، شیعرە بڵاونەکراوەکانی، لە دیوانێکدا چاپکران، بەناوی (با بڕوا بە سەرەتای وەرزێکی سارد بێنین).

فرووغ لەبارەی شیعرەوە، دەڵێ:

– لە لاوێتیدا هەستەکان ڕەگوڕیشەیان شل و خاوە، بەتەنیا هەڵپەیان زۆرە. ئەگەر دواتر فیکر ڕابەری ئەو هەست و سۆزانە نەکات و نەیانخەملێنێ، ئەوە وشک دەبنەوە و نامێنن.

– ژیانی ئێمە جیاوازە، زبرە، بێ پەروەردەیە، بۆیە شیعری ئێمە پێویستی بە برێکی زۆر لە توندوتیژی و وشەی ناشاعیرانە هەیە تا ڕوحی بێتەوە بەر و سەرلەنوێ زیندوو بێتەوە.

– کەسێکی دیندار چەند ڕێز لە دینی خۆی دەگرێ، منیش بەهەمان ڕادە ڕێز لە شیعر دەگرم.

– ڕەگەکە یەک ڕەگە، بەڵام ئەوەی دەڕوێت جیاوازە.

## چەند بۆچوونێک
## لەبارەی نوێگەرایی فرووغ

تەقینەوەی گرێ –ژانێکی هەڵاوساوی بێ دەنگی ژنی ئێران

(ڕەزا بەراهەنی)

فرووغی فەروخزاد یەکەم ژنە لە مێژووی ئێراندا کە لەڕووی سەرۆکی خێزان (لەڕووی باوک و تەنانەت لەڕووی مێردیش) وەستاوەتەوە. ئەم کارەی لە بەرهەمەکانی خۆیدا بەئاشکرا لە چەندین شیعری خۆیدا دەربڕیوە. (فرووغ تاقە کەسێک بووە لە ئێران ڕووبەڕووی جەلال ئال ئەحمەدیش وەستاوەتەوە کە ئەوکاتە هیچ تەنانەت ڕۆشنبیرێکی پیاویش نەیتوانیوە پەنجە لە پەنجەی ئەو ڕووناکبیرە گەورەیە بدا!).

وەستانەوە لەڕووی سیستمی «باوکسالاری» لای فرووغ مەسەلەیەکی تیوری نەبوو، لێدانی لافوگەزافی «ژنسالارانە» نەبوو، بەڵکو مەسەلەی ژیان بوو، پێوەندی بە ژیانی ژنانەی خۆیەوە هەبوو، پێوەندی بە شێوازی جیاوازی بیرکردنەوە و ژیانی فرووغ خۆیەوە هەبوو. ئەو یاخی دژی کۆمەڵ و دابونەریت،دژی سیستمە باوەکان، وەک تاکێک و ژنێک دەیویست ئازاد بژی:

**کاتێ متمانەی من بە پەتی سستی عەدالەتەوە هەڵواسراو**
**لە تەواوی شاردا**
**دڵی چراکانی منیان لەتوپەت دەکرد**
**کاتێ چاوی منداڵانەی عیشقی منیان**
**بە دەسەسرێکی تاریکی قانوون دەبەستەوە و**
**لە لاجانگە پەشێوەکانی ئارەزووشمەوە**
**فوارەکانی خوێن فیچقەیان دەکرد**
**کاتێ ژیانم چیتر شتێ نەبوو،**
**شتێ نەبوو غەیری تیک – تاکی کاتژمێرێکی سەر دیوار**
**لەبۆم وەدیار دەرکەوت کە دەبێ، دەبێ، دەبێ**
**وەک دێوانە عاشق ببم.**

(شیعری پەنجەرە)

بۆیە دەبینین پێش ئەوەی هیچ قسەیەک، یان پێش ئەوەی بەنووسین لەڕووی سەرۆکی خێزان (لەڕووی باوک و تەنانەت لەڕووی مێردیش) بوەستێتەوە، فرووغ هاتووە بەکردەوە لە سەرۆکی خێزان (لە باوک و تەنانەت لە مێردیش) یاخی بووە و داوای تەڵاقی لە مێردەکەی کردووە. وەک ئەو ژنە فێمینیستە درۆزنانە نەبووە بێت تەنیا بە نووسینی گۆشە و مۆشە و تیور و وتار داوای ئازادیی ژن بکات و داوای سەربەخۆیی ئابووریی ژن بکات، کەچی لەولاشەوە بەردەوام، پابەندی یاسا کۆن و ڕۆتینەکان، پابەندی مارەیی (مقدمة و مؤخرة)، واتە پابەندی ژیانی ژن و مێردایەتییەکی دیل (لەناو خێزاندا) بمێنێتەوە:

**من دەستەکانم لەناو باخچەدا دەچێنم**
**سەوز دەبم، دەزانم، دەزانم، دەزانم**
**پەرەسێلکەکانیش دێن هێلکەکانیان**
**لە میانەی پەنجە مەرەکەباوییەکانمدا دادەنێن**
**دوو گێلاسی سووری هاوزاش**
**دەکەمە گوارە بۆ گوێچکەکانم**

فرووغ زۆر زوو لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە پێویستە تەنیا یەک سیستم هەڵبژێریت: یان ئازادی، یان پابەندبوون.

هەر بۆیەش فرووغی فەرووخزاد یەکەم ژنە لە مێژووی ئێراندا باجێکی زۆر قورسی بەخشییە ئەم هەڵبژاردنە جەسوورەی خۆی و لە قۆناغی دواتری ژیانی خۆیدا چوو لەگەڵ ئیبراهیم گوڵستان لە دەرەوەی سیستمی خێزاندا، واتە بێ خۆبەستنەوە بە گرێبەستی دادگا و بێ مارەیی مەلا، ژیانی خۆی گوزەراند.. باجەکەشی دا:

**ئەو کچەی**
**کە گۆناکانی خۆی**
**بە گەڵای گوڵە شەمدانییەوە ڕەنگرێژ دەکرد**
**ئێستا ژنێکە تەنیا**

(ئەو ڕۆژانە)

ئەگەر پیاسەیەک بە شەقامی (انقلاب)ی شاری تاراندا بکەیت، یەکسەر دەتوانیت تێبینی ئەوە بکەیت کە دیوانەشیعرەکانی فرووغی فەروخزاد تاکو ئەمڕۆش پڕفرۆشترین دیوانە شیعرەکانن لە سەرتاسەری ئێراندا. من وای بۆی دەچم زۆربەی کڕیارەکانیش (کڕیارەکانی شیعری فرووغ) ئەمڕۆ، کچ و ژن، یان ئافرەتەکان بن، ئەمەش چونکە فرووغ هەر لە زەمانی خۆیەوە، زۆر زوو، پێش سەردەمی خۆی کەوت: گرفت و دوودڵی و ئاواتەکانی ئافرەتی مۆدێرنی ئێرانی دەربڕی:

**شەوان لە قەراغ دارخورماکاندا ١٠**
**کاڕوون لە ژانی خۆیدا هاژەی دێ ١٠ (لەتاو ئازاری خۆی)**
**کاڕوون لەتاو ژانی، هاژەی دێ ٩**
**دەڵێی هاواری حەسرەتی منە ١٠**
**لە شەپۆلی ماندووی دێتە بەر گوێ ١٠**

(خونچەی خەم)

فرووغ بیرۆکەی ئازاد ژیان و ئازاد بیرکردنەوە و یاخیبوونی ئافرەتانەی هاوچەرخی ژنی ئێرانی –لە شیعرەکانی خۆیدا– دەربڕی، ئەو بیرۆکە ئازادیخوازانەی کە ئەمڕۆ ناویان لێنراوە «مافی ئافرەت» و «جێندەر» و «یەکسانی ژن و پیاو»..تاد:

**ئەو داغمە بێ عارەی، کەوا بەرووی**
**تانەوتەشەرە بێهوودەکانەوە، پێدەکەنی: من بووم !**
**وتم کە دەنگی بوونی خۆم دەبم**
**بەڵام داخ و دەرد، حەیف: «ژن» بووم !**

(شیعرێک بۆ تۆ)

فرووغ هەموو ئەم بیرۆکە تازە و جیاواز و گرنگانەی، بەشێوەیەکی شەخسی، بەشێوەیەکی هونەری، لەناو شیعرەکانی خۆیدا، بێ هیچ زۆر لەخۆکردنێک، دەربڕیوە.. بێ ئەوەی لەناو شیعرەکانیدا بیانکاتە «ئایدیۆلۆژیا».

مەنوچەهری ئاتەشی، پێش کۆچی دوایی بە سێ چوار ساڵێک، لە تاران لە نووسینگەی گۆڤاری کارنامە پێکەوە دانیشتبووین، بە منی گوت: فرووغ شیعری ژنانەی زۆر جوانی نووسیوە، بەڵام فێمینیست نییە.

من دەقاودەق هاوڕام لەگەڵ بۆچوونی ئاتەشی، ئەمەش چونکە خودی شیعرەکانی شاعیر ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا فرووغ بێ ئاگا نەبوو لەوەی کە سیستمی فەرمانڕەوا سیستمێکی پیاوسالار بوو؛ بۆیە شاعیر واقیعی تراژیدیی مرۆڤ بە چاوی پیاواندا دەداتەوە.. ڕەخنە لەو سیستم و جیهانە دەگرێ کە پیاو بەڕێوەی دەبات و بەشدارە لە تاوانەکانیدا.. لە شیعری (ئایەتە زەمینییەکان)دا ئاوێنەیەک لە رووی پیاودا ڕادەگرێ کە پیاو بەرانبەر وێنەی پیاوانەی خۆی شەرمەزاریی دایبگرێت:

**پیاو بە چەقۆ**
**قوڕگی یەکتریان هەڵدەدڕی و**
**لەناو پێخەفێکی خوێندا**
**لەگەڵ کچە نابالغەکاندا جووت دەبوون.**
**نوقمی ناو ترسی خۆیان**
**هەستی تۆقێنی گوناهباری**
**ڕوحی کوێر و دەبەنگیانی ئیفلیج کردبوو**
**هەمیشە لە ڕێوڕەسمەکانی ئیعدامیشدا**
**کاتێ پەتی سێدارە**
**لەژێر گوشاردا (کاتێ گوشاری پەتی سێدارە)**
**چاوی شپرزەی مەحکومێکی، لە چاڵ دەردەپۆقاند**
**ئەوان دەچوونەوە ناو خۆیان و**
**لەتاو ئەم پێشبینییە شەهوەتناکەیان**
**مێشکی پیر و کەنەفتیان بە ژان دەهات.**
**کەچی هەمیشە لەنزیک مەیدانەکانەوە**
**دەتبینی ئەم تاوانبارە بچووکانە ڕاوەستاون**
**سەرسام بەدیار**
**پرژەی بەردەوامی فوارەکانی ئاو.**

(ئایەتە زەمینییەکان)

لەو نموونانەی سەرەوە و لە شیعری دیکەش دەردەکەوێ؛ جۆرە دیدێکی ڕۆشنبیرانەی قووڵ لای فرووغ هەیە کە لای شاعیرێکی گەورەی هاوسەردەمی خۆی، بۆ نموونە لای سوهراب سپێهری نییە. هەبوونی ئەم دیدە ڕۆشنبیرانەیە لەوانەیە هۆیەکەی ئەوە بێت کە فرووغ (بەپێچەوانەی سوهرابی ڕۆمانسی و سووفی) کچێکی مۆدێرنی تارانی (شاری) بووە و لەناو جەرگەی ژیانی شارستانی تارانەوە بیری کردۆتەوە:

**من واهەست دەکەم**
**چی ئەستێرە هەیە**
**بەرەو ئاسمانێکی ون کۆچیان کردبێ**
**شاریش، شار چەند خامۆش بوو**
**من بەدرێژایی ڕێگاکەم هیچم نەدی:**
**جگە لە کۆمەڵێک پەیکەری ڕەنگزەرد و**
**چەند کەنناسێک**
**کە بۆنی خۆڵ و تووتنیان لێدەهات**
**لەگەڵ کۆمەڵێ حەسحەسی ماندوو و خەواڵوو**

(دیدار لە شەودا)

یان دەڵێ:

**پێغەمبەرەکان لەگەڵ خۆیان**
**ئاخۆ پەیامی وێرانکردنیان بۆ ئەم سەدەیەمان هاوردبوو؟**
**ئەم تەقینەوە بەردەوام و**
**ئەم هەورە ژەهراوییانە**
**زرنگانەوەی ئایەتە پیرۆزەکانن؟**
**ئەی هاوڕێ، ئەی برا، ئەی هاوخوێن**
**وەختێ گەیشتیتە سەر مانگ**
**مێژووی قەتڵوعامی گوڵەکان بنووسەوە!**

(پەنجەرە)

فرووغ تایبەتمەندییەکی بە شیعر بەخشی کە پێشتر هەرگیز لە شیعری فارسیدا نەبووە: فرووغ میسڕاعەکان درێژ دەکاتەوە و لە هەر بڕگەیەکیشدا وەزن (مۆسیقا)

بەردەوامبوونی خۆی هەیە. واتە لە میسراعێکی درێژیشدا هەر وەزن (مۆسیقا) لای فرووغ ڕەچاوکراوە:

**بەشی من گەڕانێکی غەمگینە بەناو باخی بیرەوەرییەکاندا و**
**مردنە لەناو حوزنی دەنگێکدا کە پێم دەڵێ**
**«من دەستەکانتم**
**خۆش دەوێ».**

(تولدی دیگر)

فرووغ کاتێ بیرۆکەیەکی غەمگین دەردەبڕێ، ئاوازی ڕستەکانیشی (ئاوازی شیعرەکەشی) غەمگین دەبێتەوە. کاتێ هەستێکی نائومێدانە گوزارشت دەکا، ئاوازێکی نائومێدانە وەک ئۆرکسترایەکی نائومێد وشە و ڕستەکان ڕێبەری دەکا. کاتێکیش گازاندە دەکا، ئاواز دیسان گازاندەبارانەیە.

بەم شێوەیە فرووغ باشترین ئۆرکستراسازی سەمفۆنیا شیعرەکانی خۆیەتی. من هەرگیز لەناو شاعیرانی تردا ئەو پێوەندییە هاوئاهەنگ و هاوهەنگاوەی نێوان وشە و میلۆدیم نەبینیبوو؛ هەرگیز ئەوەم نەدەزانی کە شاعیر دەتوانێ میلۆدی و ئاواز بەو شێوە کاریگەر و هونەرییە لەپێناو باشتر گوزارشتکردنی بیر و هەستەکانی خۆی بەکاربهێنێ.

گرنگترین دیاردەیەک کە لە شیعرەکانی فرووغ بایەخی هەیە و بە یەکێک لە دەستاوەردە تازەکانی فرووغ دادەندرێ، بریتییە لە بەستێنی سێکس و ئێرۆتیکا، کە بەشێوازێکی نوێ و لە دیدی تازەگەرای خۆیەوە گوزارشتی لێ کردوون:

**کامە دوند، کامە لووتکە؟**
**چما هەر هەموو ئەم ڕێگا پێچاوپێچانە**
**لەناو ئەو دەمە ساردە مژۆکەدا،**
**کە خاڵی پێکتر گەیشتن و کۆتاییە، بەیەکتر ناگەن؟**

(وهم سبز)

لای فرووغ، هەموو ڕێگا پێچاوپێچەکان دەچنەوە سەر سێکس و ئێرۆتیکا (ئەو دەمە ساردە مژۆکە). مردن، یان هەستی مەرگ هەمیشە لای فرووغ هاوتەریبە لەگەڵ سێکس. ئێرۆتیکا و سێکس، لە جیهانبینیی فرووغدا بە مەرگ (کۆتایی ژیان) بەستراوەتەوە:

**من سەرمامە و لە گوارەی سەدەف بێزارم**
**من سەرمامە و دەشزانم**
**لە سەرجەم خەیاڵاتی سووری گوڵاڵە کێوییەکانەوە**
**جگە لە چەند دڵۆپە خوێنێک**
**هیچی دیکە نامێنێتەوە.**

بەم شێوەیە، شاعیرانی ژن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کلاسیکدا، پێش فرووغ، واتە ژنانی وەک (رابعة العدوية) و (پروين اعتصامی) و (نازک الملائكة) ئەگەر تەنیا لە دیدێکی شەرمنانە و بە حەیا و بە ناموسەوە باسیان لە سێکس کردبێت و سێکس و ئێرۆتیکایان تەنیا لە سنووری «خۆشەویستی» و «غەزەل»دا ترنجاندبێت، ئەگەر تەنیا بە «غەزەل» گوزارشتیان لە هەواوهەوەسی ژنانەی خۆیان کردبێت؛ ئەوە فرووغی فەروخزاد دێت جەسوورانە ئەم چوارچێوە کۆنەی «غەزەل» و حەیا و ناموس و «خۆشەویستی»یە تێکدەشکێنێت و بە شێوەیەکی واقیعبیانە و ڕاستگۆیانە باسی ئەو هەواوهەوەسە دەکات، ئەمەش هەر لە یەکەم شیعرییەوە بە ناوونیشانی گوناه وەدیارکەوت. ئەم دیدە ئێرۆتیک و ڕۆشنگەرا و تازەیەی فرووغ «وەک ئاڵایەک لەکاتی ڕاپەڕیندا!» دیار بوو.

شتێکی دیکەش کە من لە فرووغ فێری بووم و لە دیوانی (Exil)دا سوودم لێی وەرگرت، بە واتاکردنی شتەکان بوو، بە واتایی کردنی بەرجەستەکراوەکان.

هەست دەکەم (نازانم ڕاستم، یان نا) پێش فرووغ هیچ شاعیرێکی دیکە لەناو شیعری فارسیدا ئەم کارەی نەکردووە. لە شیعری ئەورووپاییدا ئیلیەت و سوریالیستەکان ئەمەیان کردبوو، بەڵام من لە کەرەج هێشتا ئەوانم نەخوێندبۆوە، پاشان بۆم دەرکەوت کە ڤان گۆگ (ڤان کووخ) لە بەستێنی شێوەکاریدا تاقە ئیمپرێسیۆیستێکە ئەم هونەرەی داهێناوە. ڤان گۆگ بەشێوەیەک وێنەی پۆستاڵێک دەکێشێ کە تۆ هەست بە ئازار و شەکەتی و بەدبەختی ژیانی خاوەنی پۆستاڵەکە بکەیت!

لە شیعردا (بە واتاکردنی شتەکان)، یان (بە واتایی کردنی بەرجەستەکراوەکان) مانای چییە؟

بەخشینی سیفەتی واتایی بە شت، ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیر ڕوح دەبەخشێتە شتەکان، گیان بەبەر ماددەکاندا دەکا، وا تەماشایان دەکا کە زیندوو بن، وا حسێبیان بۆ دەکا کە ئەو ماددە و شت و کەلوپەلانەش هەر مرۆڤ بن. بۆ نموونە وا باسی بێشکە دەکات وەک چۆن مرۆڤ بێت و هەستی هەبێ:

**بێشکەکان لە شەرمەزارییان**
**پەنایان بردە ناو قەبرەکان..**

یان لەم کۆپلەیەدا وا وێنای بەهاری کردووە وەک

ئەوەی مرۆڤ بێت:
**بەهار**
**پەنجەرەمی سپاردبووە وەهمی سەوزی درەختەکان**
یان لە شیعری (وەهمی سەوز)دا لە کۆمەڵێک کەرەستە و ماتێریاڵ دەپاڕێتەوە کە داڵدەی بدەن:
**داڵدەم بدەن ئەی چرا شڵەژاوەکان**
**ئەی خانووە رووناکە پڕ گومانەکان...**
**داڵدەم بدەن ئەی وەجاغە پڕ ئاگرەکان**
**ئەی کەوشەکانی بەخت**
**ئەی سروودی قاپە مسەکان لە پاککردنەوەی مەتبەخدا**
**ئەی ئاوازی دڵگیری مەکینەی دروومان**
یان بۆ نموونە لە شیعری (لەدایکبوونێکی تر)دا بڕوانە چەمکی (ژوور) کە شوێنێکە و سیفەتێکی ماددیی هەیە، کەچی چۆن سیفەتی واتایی وەرگرتووە لە کۆپلەی (لە ژوورێکدا کە بەئەندازەی تەنیاییەکە):
**لە ژوورێکدا کە بەئەندازەی تەنیاییەکە**
**دڵی من کە هەر هێندەی عەشقێکە**
**دەڕوانێتە بیانووە سادەکانی بەختەوەریی خۆی..**
هەروەها لە هەمان شیعردا بڕوانە چەمکی (دڵ) کە ماددەیەکە، کەچی چۆن لە کۆپلەی (دڵی من کە هەر هێندەی عەشقێکە) سیفەتێکی واتایی وەرگرتووە:
**لە ژوورێکدا کە بەئەندازەی تەنیاییەکە**
**دڵی من کە هەر هێندەی عەشقێکە**
**لە بیانووە سادەکانی بەختەوەریی خۆی دەڕوانێ..**
شتێکی پێچەوانەی ئەمەش، من لە فرووغ فێری بووم و لە دیوانی (Exil)دا سوودم لێی وەرگرت، بە مرۆڤکردنی واتاکان بوو، بە مرۆڤکردنی چەمک و ئەبستراکتەکان. هەست دەکەم (دیسان نازانم ڕاستم، یان نا) پێش فرووغ هیچ شاعیرێکی دیکە لەناو شیعری فارسیدا ئەم کارەی نەکردووە. لە شیعری ئەورووپاییدا ئیلیەت و سوریالیستەکان ئەمەیان کردبوو، بەڵام من هێشتا - وەک گوتم- ئەوانم نەخوێندبۆوە.
لە شیعردا (بە مرۆڤکردنی واتاکان)، یان (بە مرۆڤکردنی ئەبستراکت و چەمکە زهنییەکان) مانای چییە؟ ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیر سیفەتی مرۆڤ دەبەخشێتە واتاکان، گیان و زیندوێتی بەبەر چەمک و ئەبستراکت و واژەکاندا دەکا، وا تەماشایان دەکا کە وەک مرۆڤ زیندوو بن، وا حسێبیان بۆ دەکا کە ئەو واتا و واژە و چەمکانەش هەر مرۆڤ بن، دەقاودەق مرۆڤ. بۆ نموونە لە شیعری (ایمان بیاوریم) بڕوانە چەمکی (ئاسوودەیی) کە واتایەکی رووتە، چۆن سیفەتی مرۆڤ و سیفەتێکی بیرکەرەوانەی وەرگرتووە لە کۆپلەی (سەرجەم ساتەکانی ئاسوودەیی):
**سەرجەم ساتەکانی ئاسوودەیی دەیانزانی**
**دەیانزانی کە دەستەکانی تۆ ڕۆژێک تێکدەشکێن..**
لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا هەم (ئاسوودەیی) کە شتێکی بێ گیان و مردووە لە واقیعدا، هەم (ساتەکان) کە دیسان چەمکێکی ئەبستراکتە، گەیشتوونەتە ئاستی مرۆڤ و گیانیان وەبەردا هاتووە و بیر دەکەنەوە و دەتوانن پێشبینی بکەن.
یان بۆ نموونە بڕوانە چەمکی (تەنیایی) چۆن سیفەتی مرۆڤی وەرگرتووە لە کۆپلەی (دەستە بچووکەکانی تەنیایی):
**پەنجەرەیەک**
**کە دەستە بچووکەکانی تەنیایی**
**پڕ دەکا لە بەخشیشی شەوانەی عەتری ئەستێرەکان**
لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا هەم (پەنجەرە) کە شتێکی بێ گیان و مردووە لە واقیعدا، هەم (تەنیایی) کە چەمکێکی ئەبستراکتە، گەیشتوونەتە ئاستی مرۆڤ و گیانیان وەبەردا هاتووە و بەشداری لە بەختەوەرکردنی مرۆڤ و جووڵاندنی ژیاندا دەکەن. شیعرەکانی فرووغ لێوان لێون لەم هونەرە.
دلێر سادق کانەبی لە کتێبی (هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد: ئەنوەر مەسیفی، فەرهاد پیرباڵ، نەوزاد ڕەفعەت، دەزگای موکریان، هەولێر: ٢٠٠٩) بەفراوانی باسی لە هەندێ لەو لادانە زمانییانە کردووە کە من لە دیوانی (Exil)دا ئەنجامم داون.. لەوێدا ناوبراو ئاماژەی بەم دیاردەیە لە شیعرەکانی مندا داوە.
فرووغ زمانێکی سادەی هەیە، بەڵام تەنانەت کاتێ سادەش دەنووسێت و لەشێوەی پەخشانیش دەنووسێ، هەر شاعیرانە دەنووسێ. بۆ نموونە فرووغ ناڵێ (بەرانبەر ئاوێنە دەگریام)، دەڵێ (لەناو ئاوێنەدا دەگریام).
لەمە سەیرتر لەناو ئەم سادەنووسینەشدا، کەچی دەبینین زۆر جاران لە هێڵی ڕێزمانی زمانی فارسیشدا لادەدا. فرووغ دەڵێ: (من از تو می مردم). هیچ نووسەر و فارسی نووسێک، پێش فرووغ نەینووسیوە (من از تو می مردم)، ئەم فۆرمی گوتنە فرووغ دایهێناوە، بۆیە وەرگێڕی کوردیش لەکاتی وەرگێڕانی ئەم ڕستەیە بۆ کوردی، نابێت بنووسێت (من بۆت دەمردم)، یان (من

لەدەست تۆ دەمــردم)، یان (من لەبەر تۆ دەمــردم)، یان (من لەناو تۆدا دەمردم)... تاد؛ دەبێ بنووسێت: من لە تۆدا دەمردم.

ئەگەر بمەوێ بەراوردێکی بچووکیش لەنێوان فرووغ و ئەحمەدی شاملوودا بکەم، دەڵێم: هێزی شاملوو لەناو زماندایە، بەڵام هێزی فرووغ لەناو وێنەکانیدایە. فرووغ هیچ شیعرێکی نییە کە کۆمەڵێک وێنەی تازەی شیعریی تێدا نەبێ. ئەسڵەن ئەو وێنەشیعرییانەی فرووغ لە بەرهەمەکانی (تولد دیگر) و (ایمان بیاوریم) بەکاری هێناون، هەر هەموویان نامۆ و مۆدێرن و تازەن، هەرگیز هاوتایان لای هیچ شاعیرێکی دیکەی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی نابیندرێن، بە نیمایووشیج و روئیایی و سوهراپ و شاملووشەوە. وێنەکانی فرووغ سەرجەمیان تازە و «بێ سابیقە» و ئێکسپرێسیونیستن. فرووغ سیستمێکی نوێی بۆ چۆنیەتی دروستکردنی وێنەی شیعری داهێنا. وێنەکانی، هێندە تایبەت و نامۆ و جیاوازن.. سەرسامت دەکەن. من واتێدەگەم ئەم تازەگەراییەی شاعیر لە وێنەدروستکردندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی نیگارکێش بووە و بەشی شێوەکاریی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تاراندا خوێندووە.

من لە دیوانی (ئیگزیل)دا، گرنگترین دەستاوەردێکی فرووغم سوود لێ وەرگرتبێت تەکنیکەکانی فرووغ بوون. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکیش بۆ تازەیی تەکنیک لەلای فرووغ بکەم. ئەم تازەییەش لە تەکنیکدا، بێ گومان بە پلەی یەکەم لە دیوانەکانی (تولد دیگر) و (ایمان بیاوریم) دەردەکەوێ.

تەکنیکی فرووغ بەشێوەیەکی گشتی نیگارکێشانەیە، تەکنیکی تابلۆیە. فرووغ فەزا دروست دەکا نەک بەیت، واتە دێ چەند وێنەیەک پەخش و بڵاودەکاتەوە لەسەر کاغەزی سپی، پاشان لەکۆتاییدا دەبینی دوایین کۆپلە دەبێتە قفڵێک بۆ دروستکردنی واتایەکی گشتی شیعرەکە.

تۆ لە سەرەتادا وادەزانی ئەم کۆپلە و وێنە پەرشوبڵاوانە هیچ پێوەندییەکیان بەیەکترەوە نییە، بەڵام هەر زوو بۆت دەردەکەوێ کە هەر هەموو وێنەکان «وەک دەنکە تەزبێحی ورد» بە یەک داوەدەزووی یەکانگیرەوە هاوواتا و هاونەغمە و هاومەبەستن بۆ پێکهێنانی فەزایەکی شیعری کە بریتییە لە ناوەرۆک.

**دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ**

شیعری (دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ) کە بۆ یەکەم جار من لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٦) وەرمگێڕایە سەر کوردی و لە مانگی دووەمی ساڵی (١٩٨٧) لە گۆڤاری (یەکگرتن) لە کۆپنهاگن بڵاوم کردەوە، بە نموونەیەکی جوانی شیعری سەر بە ڕێبازی ڕەمزی (سیمبولیزم) دادەنرێت لە ئەدەبی فارسیدا کە لە هەمان کاتدا توخمی درامی و گێڕانەوەشی لەخۆگرتووە. دیارە کە فرووغی فەروخزاد ئەم جۆرە شیعرە درامی و ڕەمزییەی لەڕێگەی شیعری فەرەنسی و ئینگلیزییەوە زۆر خوێندۆتەوە.

من واتێدەگەم هەموو شیعرێکی مەزن شتێک لە چیرۆکی تێدایە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: هەبوونی توخمی گێڕانەوە و چیرۆک لەم شیعرەدا هێزێکی درامی بەخشیوەتە شیعرەکە و وای کردووە شیعرەکە دینامیک و زیندووتر خۆی دەرببڕێت.

(دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ) دەقاودەق وەکو چیرۆکێکی شیعری، یان وەک (شیعرێکی چیرۆکئامێز) پاڵەوانی تێدایە: باوک، دایک، خوشک، برا، حیکایەتخوان کە خودی شاعیرە.. تاد، هەروەها چەندین شوێنی تێدایە بۆ گوزارشتکردنی ڕووداوەکان: باخچە، حەوشەی ماڵ، ژوورەکانی تری ناو ماڵ.. تاد. لە هەمان کاتدا شیعرەکە خاڵی نییە لە جۆرێک (ڕووداو)یش کە توخمێکی دیکەی چیرۆکەکەیە و هەستی درامایی بەخشیوەتە شیعرەکە.

(دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ) ئەگەر چیرۆکەشیعر بێ، یان شیعری چیرۆکئامێز، بە توحفەیەکی هونەریی بەرزی فرووغ لە بەستێنی نووسینی شیعری سیمبولیدا دادەندرێ.

باخچە لەم شیعرەدا لەوانەیە ڕەمزی وڵاتێک بێت، ڕەمزی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی وێران و پشتگوێخراو، ڕەمزی وڵاتێک لەژێر باری فەساد و زوڵمدا، ڕەمز بۆ کۆمەڵگەیەک لەژێر باری بێ خزمەتی و چەوساندنەوەدا کە خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەناو کارەسات و بارە نامرۆڤایەتییەکاندا بێ کە هەڵدەپرووکێ و خاپوور دەبێ.

بەم شێوەیە، (باخچە) لەم شیعرەی فرووغدا زۆر ڕێی تێدەچێت ڕەمز بێت بۆ ئێران و کۆمەڵگەی ئێران.

باخچە دەشێ بە ڕەمزی تاکیش بژمێردرێت، ڕەمزی تاکەکەسی چەوساوە و بێ ناز (ڕەمز بۆ تاکەکەسی ئێرانی، یان تاکەکەسی هەر وڵاتێکی دیکەش) کە چۆن لە کۆمەڵگەی بۆرژوای پڕ دەرد و بەڵادا بێ خزمەت و تەنیا دەمێنێتەوە، فەرامۆشکراو...

لە هەمان کاتدا باخچە دەشێ سیمبولێک بێت بۆ هەموو جیهان، ڕەمزێک بێت بۆ هەموو دنیا (گۆی زەوی) کە چۆن – نەک تەنیا لە بەستێنێکی ئێکۆلۆژی و ژینگەییەوە، بەڵکو لە هەموو ڕوویەکی شارستانی و مرۆڤایەتییەوە، جیهان خەریکە بەدەستی مرۆڤەوە، یان بەدەستی سەرمایەداری و سیستەمەکانی دیکەی تۆتالیتاریزمەوە وێران دەبێت، دنیا خەریکە بەهۆی جەنگەکانەوە، بەهۆی کارەساتەکانەوە خاپوور دەبێ.

من وا تێدەگەم فرووغ لەم شیعرەیدا دیدێکی گەردوونی و کۆسمۆپۆلیتی دەربڕیبێ. زیاتر وادەبینم کە (باخچە) لەم شیعرەی فرووغدا، ئەگەرچی زۆر ڕێی تێدەچێت ڕەمز بێت بۆ کۆمەڵگەی ئێران، بەڵام من واتێدەگەم باخچە لەم شیعرەدا ڕەمزێکە بۆ تەواوی جیهان، سیمبولێکە بۆ دنیا، بۆ هەموو دنیا، کە چۆن ئەمڕۆ لەناو ترسناکترین دۆخی نامرۆڤایەتییانەی خۆیدا دەژی.

بەڵگەم بۆ بەڕاستگەڕاندنی ئەم بۆچوونەم دوو شتە، یەکەم: خودی ناوەرۆکی شیعرەکە و سیمبولەکانی، دووەم: ئێمە دەزانین کە فرووغ جیهانبینییەکی مرۆڤایەتییانەی فراوانی، جیهانبینییەکی گەردوونی و دنیاولاتی بۆ ژیان هەبوو:

**ئایا گۆی زەوی**
**کە لەژێر قاچەکانتدا هەڵدەلەرزێ،**
**لە تۆ تەنیاتریش نییە؟**

(پەنجەرە)

فرووغ لە گەلێک لە شیعرەکانی دیکەشیدا ئەم ڕوانینە گەردوونییە فراوانەی لەهەمبەر تراژیدیای مرۆڤایەتی سەر زەمین دەربڕیوە. بۆ نموونە تەماشاکە لە شیعری (پەنجەرە)دا چۆن خۆی بە بەرپرس و خەمخۆری هەموو دنیا و هەموو مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەویدا دەزانێ:

**پێغەمبەرەکان لەگەڵ خۆیان**
**ئاخۆ پەیامی وێرانکردنیان بۆ ئەم سەدەیەمان هاوردبوو؟**
**ئەم تەقینەوە بەردەوام و**
**ئەم هەورە ژەهراوییانە**
**زرنگانەوەی ئایەتە پیرۆزەکانن؟**
**ئەی هاوڕێ، ئەی برا، ئەی هاوخوێن**
**وەختێ گەیشتیتە سەر مانگ**
**مێژووی قەتڵوعامی گوڵەکان بنووسەوە!**

(پەنجەرە)

بەم شێوەیە، خوێنەر دوای خوێندنەوەی شیعری (دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ) ڕووبەڕووی جیهانێکی بەپەلوپۆ و پڕ بزاوتی هونەریی دەبێتەوە؛ ڕووبەڕووی هەڵوێست و بەرپرسیارییەکی گەورە لەئاست (باخچە).. هەر باخچەیەک! ئەو باخچەیە دەشێ وڵات و کۆمەڵگە بێ، دەشێ هەموو جیهان بێ، دەشێ تەنانەت خودی مرۆڤ بێ. زیرەکی شاعیر لەوەدایە کە کلیلی کردنەوەی واتاکانی شیعرەکەی، بۆ خوێنەر خۆی جێ هێشتووە.

شیعری (دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ) بەڕاستی نموونەیەکی سەرکەوتووی تێکستی کراوەیە.

**سەرچاوە و بیبلیۆگرافیا:**


**– دیوانی (اسیر) دەزگای (امیر کبیر) چاپی دوازدەم.**
**– دیوانی (دیوار) دەزگای (امیر کبیر).**
**– دیوانی (عصیان) دەزگای (امیر کبیر).**
**– دیوانی (تولدی دیگر) چاپەمەنییەکانی (مروارید)، چاپی سێزدەم.**
**– دیوانی (ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد)، چاپەمەنییەکانی (مروارید)، چاپی پێنجەم.**
**– (جاودانه فروغ فرخزاد) چاپەمەنییەکانی (مەرجان) چاپی دووەم.**
**– فروغ فروخزاد: ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، انتشارات مروارید، چ ٦، تهران: ١٩٨٤**
**– ایەهای آه، ناصر صفاریان، روزنکار، تهران، ١٣٨١.**
**– ئافرەتێکی تەنیا، ژیان و بەرهەمەکانی فرووغی فەروخزاد، و: ئارام قەرەداغی، چ. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر: ٢٠٠١**
**– فرووغی فەروخزاد، ژنێک لەبەردەم وەرزێکی سارددا، ژیان و بەرهەمەکانی فرووغی فەروخزاد، و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.**
**– مەرگی من ڕۆژێک، ژیان و بەرهەمەکانی فرووغی فەروخزاد، و: مەریوان هەڵەبجەیی، بلاوکراوەی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

# ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکانی فەلسەفەی مێژوو

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)
(١ - ٢)

ئەگەرچی فەلسەفەی مێژوو خۆی لەخۆیدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و بە هەنگاوی جیاواز قۆناغەکانی پرۆسەی بەرەوپێش چوون و پەرەسەندنی بڕیوە، بەڵام ڤۆلتێر ١٦٩٤- ١٧٧٨ز هزرمەندی بەناوبانگی فەڕەنسی زمان، یەکەم کەسە لە بەرهەمەکانیدا چەمکی فەلسەفەی مێژوویی بەکارهێناوە، مەبەستیش لەم چەمکە بابەتێک بووە بریتی بووە لە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕووداو و بەسەرهاتە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو.

هەروەک لە چەمکەکە خۆیەوە بەدەردەکەوێ ئاماژە بۆ دوو بابەتی لە ناوەرۆک و ڕوخسار و میتودە، لە ئامراز و ئامانجدا جیاواز کراوە:

**یەکەم:** فەلسەفە کە خۆی چالاکییەکی هزری- ژیرییە و کۆششی ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدێکی فراوانی سەرتاپاگیر دەکات و بەدەگمەن نەبێ تاک و ڕووداوی تاک بەهەند دانانی و پتر هەبوونی خۆی لە هەلومەرجی هەڵکەوتی لە ئارادا بوودا دەبینێ.

**دووەم:** مێژوو دەفر و تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردووە کە بەدرێژایی پرۆسەی جموجۆڵ و ئۆقرە نەگرتووی پەرەسەندن و گۆڕانی قۆناغەکانی پێش ئێستا و ڕابردووی مرۆڤ و کۆمەڵگا قەوماون و سەرئاو کەوتوون. لێرەوە چۆن دەکرێ دوو بابەتی لە یەکتری جیاواز پێکەوە لە چوارچێوەی بابەتێکی جیاواز لە هەردوو لایەنی (فەلسەفە و مێژوو) پێکهاتوو کۆ بکرێنەوە و بەیەکەوە بێنەوە؟ دەکرێ مێژوونووس کە قسە لەوە دەکات پێشتر لە ڕابردوودا ڕوویداوە لەگەڵ فەیلەسووف هەڵبکات کە دوێنێ و ئەمڕۆی کردووە و دەکات بە بنەمای پێشبینیکردنی دوا ڕۆژ؟!

وشەی مێژوو لێرەدا بەرانبەر بە وشەی یۆنانی- لاتینی historia وشـــەی ئەڵەمـــانی(١) Geschichte بەکارهاتووە کە لە بنەڕەت و بنجوبناواندا لەکرداری ڕوودان کەوتۆتەوە و ئاماژە بەو کار و ڕووداوانە دەکات کە لە ڕابردوودا قەوماون و کەوتوونەتەوە، بەڵام وشە ئەڵەمانییەکە بە ئاشکرا دوو لایەن دەگرێتەوە:

- هەواڵ و ڕووداوەکـــان کـــە لە ڕابردوودا سەرئاوکەوتوون.
- دەربڕینی ڕاوبۆچوون لە بارەی ئامـــانجی ئەو ڕووداوانەی قەوماون.

ئەگەر ئەو پێناسەیە بەپێی وشە جەرمانییەکە لەبەرچاو بگیرێ، دەروازەی چوونە نێو بابەتەکە باز دەبێ. ئیتر لەو سۆنگەیەوە دەکرێ بەپێی ئەو پرسیارانە بابەتی ئەو لقەی بەرهەمی چالاکی بەپێزی دوێنێ و ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دیار و دەستنیشان بکرێت:

فەلسەفەی مێژوو بە چاوێکی شیکاریی ڕەخنەگرانە سەرنجی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابردوو دەدات کە بە خامەی مێژوونووس تۆمارکراون بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا دەکرێ ئەو ڕووداوە تاکانەی کە دوێنی قەوماون و کەرەستەی مێژوون، لە چوارچێوەیەکی گشتی هەمەکیدا مرۆڤ لێیان وردبێتەوە و بابەتەکانی مێژوو وادابنرێت کە یەکەیەکی لەیەکتری دانەبڕاون و ڕەوتێکی نەپساویان هەیە و سنووری کات و جێگا دەبەزێنن؟ دەشێ ڕووداو و دیاردە مێژووییەکان وا سەرنج بدرێن کە لەیەکتری جیا ناکرێنەوە و سەربەخۆ نین، بەڵکو لەنێوانیاندا جۆرە پەیوەستییەکی ئۆرگانی هەیە؟

تا چ ڕادەیەک دەکرێ پرۆسەی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) لەنێو ڕووداوەکانی مێژوودا، بە قەوماو و دیاردەوە، پشتڕاست بکرێتەوە؟

لەو پرسیارانەی کران، پرسیارێکی تر دەکەوێتەوە کە لە چوارچێوەی چەمکی ئامانجەکیدا بەرجەستە دەبێ، ئایا لەودیوی ڕووداوەکانی مێژووەوە مەبەست و ئامانجێکی، دیاریکراو هەبووە، یان پرۆسەکە هەڕەمەکی و شەلم کوێرم دەست ناپارێزم، بەرەو پێش چووە؟

بەو پێیە فەلسەفەی مێژوو هەوڵ دەدات ڕووداو و قەوماو و دیاردەکانی مێژوویی ڕابردوو بە شێوەیەکی گشتی تاووتو بکات، لەو ئەرکەشیدا پابەندی کات و شوێن نابێ بەو مەبەستەی بتوانێ لە چوارچێوەیەکی دیار و دەستنیشانکراودا هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکان بدۆزێتەوە کە لە ڕەوشی دووبارە بوونەوەیدا بە یاسایەکی ڕەها تەماشا بکرێت، قانوونێک لە پشتییەوە و بەدرێژایی پرۆسەی قەومانەکە ئامانجی سەرەکی ڕووداوەکان ڕوون بکاتەوە. ئەو پرۆسەیەی هەوڵدان بۆ زانینی هۆکار و قانوونی ڕوودانی ڕووداوەکان و ئەو ئامانجانەی ئەو ڕووداوە جۆربەجۆرانە لەپێناویاندا ڕوویان داوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئەو فەلسەفەیەی مێژووەوە لە دوو سۆنگەی ماتریالیستی و ئایدیالیستییەوە تاووتوکراون و سەرنجیان دراوە. ئەو لایەنە پتر لە چوارچێوەی ئەو نووسینەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کۆششە زانستییە بە واتای زانستی مرۆڤی، هەوڵێکی پشت ئەستوور بە بنەمای لۆژیک و ژیرە بۆ ئەوەی سوود لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوو و نوشوستە و ساتمەکانی ڕابردوو وەربگیرێ بەو مەبەستەی لە کۆنترۆڵکردنی سەردەمدا بە کەڵک بێن و بەکاربهێنرێن و پێشەکییانە پێشبینی دوارۆژی داهاتوو بکرێ و لە ئێستاوە ڕەنگی نەخشەکانی بۆ ئاراستەکردنی برێژدرێ. فەلسەفەی مێژوو جا پەنا بەرێتە بەر ڕێبازی مەتریالیستیانە، یان پشت بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئایدیالیستی کەرەستەی مێژوو ببەستێ، زیندووکردنەوە و گیان بە بەرداکردنەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە پێشتر قەوماون بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی نوێی سەردەمی تێنەپەڕدا، دوای هەڵسەنگاندن و تاووتوکردن هۆکاری (یاسای) بزاڤی مێژوو ئامانجەکانی لە کۆمەڵگادا دەستنیشان بکرێن. ئەو چالاکییە پرۆسەیە دوو لایەن ئاوێتەی یەکتری دەکات:

**یەکەم:** ڕووداوەکانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی ڕۆڵی خودی مێژوونووس خۆی پشتگوێ بخرێ. قسە لە چۆنێتی پەیدابوونی دەوڵەت و دامودەزگا و پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی فەرمانڕەوایی دەکرێ و ڕوون دەکرێتەوە. چۆن ئەو دامەزراوانە گەشەیان کردووە و پەرەیان سەندووە، ئینجا وەک خۆر لە کەل ئاوابوون. ئەوە لایەنی مێژووییەکەیە.

**دووەم:** لایەنی فەلسەفەیە، لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە بوونەتە مایەی قەومانی ڕووداوەکان و ئەو قانوونانەی کۆنترۆڵی پرۆسەی کەوتنەوەکەیان دەکەن.



ڤۆلتێر

## ڕێبازەکانی فەلسەفەی مێژوو

لەو ڕۆژەوە فەلسەفە پەیدابووە مێژوونووسانی ئەو بابەتە لە چوارچێوەی پرۆسەی زانین و دواتر لە تیوری زانیندا قسەیان لە دوو ڕێبازی ئایدیالیزم و مەتریالیزم کردووە، بەو دوو چەمکە سروشتی ڕێبازی فەلسەفەیی فەیلەسووفەکەیان دیار و دەستنیشان کردووە، ئەگەرچی ئەو دوو وشەیە پتر لە چوارچێوەی بابەتی فەلسەفەدا بەکارهاتوون و دەستبەکارن، بەڵام تارادەیەکی بەرچاو دەکرێ لەچوارچێوەی فەلسەفەی مێژووشدا بەکاربهێنرێن، بەتایبەتی ئەوەندەی پێوەندی بە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی پرۆسەی ڕووداوەکانی مێژووەوە هەیە هەر لە هۆکاری کەوتنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو ئەنجامانەی لێیان کەوتۆتەوە و چونێتی دیاریکردنی تایبەتمەندی و سروشتی بنەڕەتی ئەو پرۆسەیەی ڕوودانی ڕووداو و قەوماوەکانی مێژوو خۆیەوە، تاوەکو ئەوەی ئایا مێژوو دەکرێ بە مێژووی تاکەکەسان، یان بە مێژووی کولتوور و شارستانیەت دابنرێ و بە چ لایەکدا بڕیاربدرێ و بەلایەکدا بخرێ، بۆیە دوور نارۆین ئەگەر بڵێین هەمان دوو ڕێبازی ئایدیالیستی و مەتریالیستی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی مێژوو لە بابەتی فەلسەفەی مێژوودا جێگای خۆیان کردۆتەوە. جیهاندیدی سەرتاپاگیری شۆڕەسواری مەیدانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان هیگڵی گەورە و مەزن و فەلسەفە و ڕێبازی دیالیکتیکی مێژوویی کارڵ مارکس بە ڕێکوپێکترین شێواز بەرجەستەی ئەو دوو ڕێبازەی فەلسەفەی مێژوو دەکەن.

## ڕێبازی ئایدیالیستی

١- ئەو بۆچوونە ئەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە هەردوو چەمکی ئایدیالیزم و مەتریالیزم ناوەرۆک و ڕوخساری فرە ڕەنگی جیاوازیان هەیە و ئەو ڕەوشەش بەپێی ئاراستەی تیوری و پراکتیکی(٢) هەر یەکێک لە فەیلەسووفەکە کەوتۆتەوە کە ڕەنگی چوارچێوەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی خۆی ڕشتووە.

ناوی چەمکی ڕێبازی ئایدیالیستی- ئایدیالیزم لە وشەی یۆنانی- لاتینی ئیدێ Idea کەوتۆتەوە خۆی لە خۆیدا جیهاندیدێکی فەلسەفەیی- تیوری زانین- نیشان دەدات کە جیهان و تێکڕای بوون بە هزر، بیروبیرۆکە، گیان، ژیر، هۆشیاریی دیار و دەستنیشان دەکات و وای دادەنێ کە کەرەستە و ماددە لە فۆڕمی دیاردەیەکی بەدەرکەوتووی بیرو ژیر و گیان بەولاوە نین(٣). ئەو ڕێبازە بەگشتی لە چالاکییەکانیدا هزر، ژیر، گیان بەپێی سیستمە فەلسەفەییەکە دەکات بە بنەما و بنچینە و کۆشک و تەلارەکەی لەسەر دادەمەزرێنێ.

- هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی مێژوودا جیهاندیدێکی ئایدیالیستی لە بارەی تاووتوکردنی پرۆسەی بەرەوپێش چوونی مێژوو بە تایبەتی و بابەتی ڕووداوەکانی مێژوو بەگشتی ڕەنگ ڕشتووە.

لە سۆنگەی فەلسەفەوە کە چالاکی لە یەکتری جیاوازی سەربەخۆ و یەکتری تەواوکاری هەیە لە دوو لاوە سەرنجی بابەتی فەلسەفەی مێژوو دراوە:

**یەکەم:** ئەو ڕێبازەی مێژوونووسان دەیگرنەبەر و تا چ ڕادەیەک دەبێ پشت بە ڕاستی و دروستی بەڵگە مێژووییەکان ببەسترێ. ئەو لایەنە بە چالاکی شیکاری فەلسەفە دادەنرێ.

**دووەم:** لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ڕەوتی قەومانی ڕووداوەکان و بەرەو پێشچوونی مێژوو- ئەو لایەنە چالاکی داڕشتن و لێکدانی Synthesis فەلسەفە بەرجەستە دەکات.

٢- لە سەرەتاوە هیگڵ ڕوونی کردۆتەوە کە لەو بابەتەدا مەبەستی مێژووی فەلسەفەیی جیهانە نەک

مێژووی گەلێک، یان نەتەوەیەک. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونەی بەپێی ئەو مێـژوودانەی لە مێـژوودا دەگیرێنەبەر بابەتی مێژووی کردووە بە سێ جۆرەوە:

**یەکەم:** مێژووی ساکار.

**دووەم:** مێژووی تیوری.

**سێیەم:** مێژووی فەلسەفەیی(٤).

– مێژووی ساکار ئەو مێژووەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن مێژونووسێکەوە نووسراوەتەوە و تۆمارکراوە خۆی لە سەردەمی ڕووداوە و قەومانەکاندا ژیاوە و ئاگاداریان بووە، بۆ نموونە لە سەردەمی کۆنی یۆناندا هیرۆدۆت کردار و ڕووداو و هەلومەرج و ڕەوشەکانی تۆمار کردووە و خۆشی بەچاوی خۆی دیتوونی و لەگەڵیاندا ژیاوە. ئەو مێـژوونووسە ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەر و دەرەوەیدا قەوماون بەو چالاکی تۆمارکردنەیان بردوونی بۆ نێو جیهانی بۆچوونی گیانی– ژیری. دیاردە و بەدەرکەوتە دەرەکییەکان وەرگێڕدراون بۆ بۆچوونی ناوەکی. ئەو کاروچالاکییەی ئەو جۆرەی مێـژوونووس لە بارەی مێژووەوە دەکرێ بە قسەی هیگڵ لەگەڵ کاروچالاکی شایەر بەراورد بکرێت:

شایەر کەرەستەی ناخی دەروون و هەست و سۆزی خۆی مشتومالْ دەکات و لەچوارچێوەی هەڵبەستدا دایدەڕێژێ.

ناوەرۆکی ئەو جۆرە مێـژووە بە پێز و فراوان نییە، کەرەسەکەی ئەو ڕووداوە لە ئارادابووە گەرمەوگوڕی دەوروبەرەکەی بووە، ئەو کولتوورەی مێژوونووسەکەی پێ گۆشکراوە هەمان کولتوور بابەتی ڕووداوەکان بووە، گیانی مێـژوونووس و ڕووداوەکان هەریەک شت بوون. ئەو ئەو شتەی نووسیوە و تۆمارکردووە کە لەگەڵیدا ژیاوە و بەلای کەمەوە بەشداری لە ڕوودانەکەیدا کردووە. لەو گۆشەیەوە ئەو وێنەیەی ئەو مێژوونووسە نەخشاندوویەتی و ئەو تابلۆیەی کێشاویەتی لەچەند ماوەیەکی (کاتێکی) کورت تێناپەڕن و ڕووداو و کەسایەتییەکانیش سروشت ڕوخسارێکی تاکییانەیان هەیە، بۆیە ئەو مێژووە بایەخێکی ئەوتۆی فەلسەفەیی نییە. ئەو چالاکییەی نووسینەوەی مێـژوو هیچ تیورییەکی هزریی ناداتە دەست و گەل و ڕووداو و کەسەکان چۆنن(٥) وەک خۆیان پێشکەش دەکات.

– جۆری دووەم مێژووی تیورییە. ئەو جۆرە دەکرێ بە جۆر و شێوازی ڕەخنەگری، پراگماتی و هەندەکیش ناو ببرێ. لەو بابەتەدا مێژوونووس پابەندی سەردەمی خۆی نابێ، بەڵکو سنووری گیانی سەردەم دەبەزێنێ و دەکۆشێ بە دیدێکی گشتی هەمەکی لە بارەی مێژووی گەلێک، وڵاتێک، یان تێکڕای جیهان بگات(٦). ئەو جۆرە مێژووەی تۆمار دەکرێت بە مێژووی گشتی– هەمەکی allgemein ناودەبرێت. کەسایەتی خودی مێژوونووس لە تۆمارکردنی بابەتدا لە گیانی بابەتەکە خۆی جیادەبێ و جۆرە تاووتوکردنێکی ڕەخنەگرانە دێتە ئاراوە و سەرئاودەکەوێ. ئەو ڕەوشە ئەوە دەگەیەنێ کە لەو جۆرە مێژوونووسینەدا گیانی نووسەرەکە شتێکە لە گیانی ئەو قۆناغ و سەردەمەی تۆماری دەکات بە تەواوەتی جیاوازە، بەڵام بە پێچەوانەی جۆری یەکەمی مێژووەوە ئەو جۆرە چەند ماوە و قۆناغێکی دوورودرێژ و فراوان دەگرێتەوە و تۆماریان دەکات. لەنێو ڕووداوە مردووە بێ گیانەکانی ڕابردوودا جۆرە ژیانێکی سەردەم بە بەر ڕووداوە تۆمارکراوەکاندا دەکات. چالاکی ڕەخنەگرانەی مێژوونووس لەو کایەیەدا سەرنج ڕادەکێشێ. نووسەرەکە ڕووداوەکان چۆن قەوماون، وەک خۆیان تۆمار ناکات، بەڵکو خامە ڕەخنەگرەکەی دەخاتە کار و قەوماوەکان شی دەکاتەوە و تاووتویان دەکات و ڕاستی و دروستییان بەدەر دەخات، بۆیە دەکرێ ئەو بابەتە بە مێـژووی مێـژوو(٧) ناوببرێت، بەڵام ئەو جۆرە مێـژووە بە نووسینەکەشییەوە سوود و قازانجی بۆ نەوە و قۆناغی دواتر نابێت، چونکە دووبارەبوونەوە لە مێـژوودا نییە، بەڵکو ئەوی ڕوودەدات و دێتە کایەوە لە چاو ڕابردووی پێش خۆیەوە نوێیە. هەموو قۆناغێکی مێژوو بە هەموو کارەسات و ڕووداو بەرەوپێش چوونییەوە هەلومەرج و ڕەوشی تایبەتی خۆی هەیە و دەکرێ بەبێ وێنە و بێ نموونە لە چاو پێشتر دابنرێت. ئەوی کار لە کردار و ڕووداوەکان دەکات، ڕابردوو نییە، بەڵکو ئەو ڕەوشە کارکردەیە کە لە سەردەمی خۆیاندا لە ئارادایە.

– جۆری سێیەم مێـژوو لەگەڵ فەلسەفە پێکەوە دەبەستێتەوە، بەوە لە دوو جۆرەکەی دیکە جیایە کە بەچاوی هزر– بیر– فەلسەفەییانە سەرنجی مێژوو دەدرێ. هزر خۆی بە بۆچوونی هیگڵ بابەتێکە ناکرێ دەستبەرداری ببین و بیخەینە لاوە، چونکە هەر هزر خۆی مرۆڤ لە زیندەوەرانی دیکە جیا دەکاتەوە(٨). لە هەست



**هیگڵ**

سـۆز و هۆشـدا، لە ناسین و زانیندا، لە ڕازونیـاز و خواست و هۆکاری پاڵنەری سروشتیدا ئەوەندەی ئەوانە هی مرۆڤ بن، هزر و بیر هەیە.

٣- بابەتێک، بۆچوونێک کـە لەسـەرنجـدانی ڕەخنەگـرانەی مـێـژووە- لە سـۆنگەی فـەلسـەفـەوە دەکەوێتەوە، بە باوەڕی هیگڵ ئەوەیە کـە ژێر کۆنتـرۆڵی مێژوو دەکات و ئەوی لە مێژووی جیهاندا ڕووی داوە و قـەومـاوە ژیرەکی بووە و پشـتی بە ژیر بەسـتـووە. دوور نارۆین کـە بڵـێین چەمکی ژیر- گـیـان لە سـیـسـتـمـە سەرتاپاگیـرە فـەلسـەفـەییـەکەی هیگڵدا ڕۆڵی سـەرەکی دەگێڕێ. بەپێی ڕێبازە دیالیکتیبیەکەی ژیر بە سێ جۆر و لە سێ ڕەوشدا بەدەردەکەوێ:

- ژیری بێگەرد. لە لۆژیکدا شرۆڤەکراوە.
- ژیری نامۆ بوو کە لە سروشتدا بەدەردەکەوێ.
- ژیر کە دێتـەوە سەرخۆی ئەوەش بابەتی فـەلسـەفـەی گیانە(٩).

هیگڵ لە شـاکـاری لۆژیکدا پێکهـاتەی ژیری تاووتوکردووە و لە فـەلسـەفـەی مـێـژووشـدا ناوەرۆکی مێژوویی پرۆسەی ژیری خستۆتە بەرچاو، بە جۆرێک کە ناوەرۆکی مێژوو لە ناوەرۆکی ژیر بەولاوە شتێکی دیکە نەبێ. ژیر، گیـان، پرۆسـەی نەسـرەوتی مـێـژوو لە یەک ئامـانجـدا یەک دەگـرنەوە، ئامـانجی کـۆشـشـکردن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و لەپێناوی ئازادیدا. ئەگەر ئازادی مـەبەستی سەرەکی ژیر (١٠) و مێـژوو بێ و ئەگـەر ژیر ئاغا و ڕابەری مێژوو بێ، ئەو پرسیارە بە هزردا دێت، بێ گومـان ژیر هی مرۆڤ و تاکـەکانە، چ ڕۆڵێک بە مرۆڤی تاک لە داهێنانی مـێـژوودا سـپـێـردراوە؟ مـێـژوو چۆن پەیدابووە و کەوتۆتەوە؟

ڕاستیـیەکی گومان هەڵنەگرە مرۆڤ، مرۆڤی تاک نەک چەمکی ئەبستراکتی ڕووت و پەتی مرۆڤ، بەشێکە لە سروشت و بوونەوەرێکی سروشتییە، ڕۆڵەی گۆشکراوی ئەو دەوروبەرەیە کە تێیدا گۆشکراوە و گەورە بووە و پێ گەیشتووە، جا ئەو دەوروبەرە خاک و نیشـتمان بێ، یان ئەو نەتەوەیەی کە ئەو ئەندامـە تێیدا، بیـەوێ و نەیەوێ بەشێکە لەو چارەنووسەی میللەتەکەی چاوەڕێی دەکات و ڕووبەڕووی دەبێـتـەوە و یەخـەی دەگـرێ. هەر ئەو مـرۆڤـە خۆی بوونەوەرێکی هزرمـەندە و ئـەو تایبـەتمەندییـەی کـە بیردەکاتەوە خەسڵەتی هەمەکی و گشتی و سەرتاپاگیری پێ دەبەخشێ و دەبێتـە مایەی ئەوەی سنووری دیاریکراو ببەزێنێ و بەرەو ڕەها بچێ(١١) لێرەوە مرۆڤ و مێژوو یەک دەگرنەوە، بەتایبەتی لەو هەمـەکییـە دوو ڕەنگییـەی خود و بابەتدا مێژوو لە مێژووی خودی هزرمەند بەولاوە نیـیـە و تێـیـدا پێ بەپێی ژیان و ئامـانجی مـرۆڤ بەدەردەکـەون و خـەتوخـاڵ دەدەن. ئەو پرسـیـارەی لەو بۆچوونەوە سەرئاو دەکەوێ ئەوەیە پلە و مەڵبەند و ڕۆڵی مـرۆڤ و مـێـژوو لە بەرانبـەر یەکـتـریدا چۆن دیار و دەسـتنیـشـان دەکـرێن؟ هیگڵ بە سێ خـاڵ وەڵامی ئەو پرسیارە بەلایەکدا دەخات:

**یەکەم:** لەلایەکەوە پرۆسەی بەرەو پێشچوونی مێژوو کە پەرەسـەندنی ژیر- گـیـانی ڕەها بەرجـەسـتـە دەکـات شێوازێکی دیالیکتیکی هەیە کە بریتییە لە تێزە- ئەنتی تێزە- سونتـێزە، پرۆسەکە بە بیـرۆکەیەکی لەبار دەست پێـدەکـات و بە بیـرۆکـەیەکی نالەباری- نارێ بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و لە هەردووکیاندا بیرۆکـەیەکی تری نوێ دەکەوێتەوە کـە هەردووکیـان دەگرێتـە خۆ، بەو پێیـە بۆ بەرەو پێـشـچـوونی مـێـژوو بەرەو ئاسـتـێکی بالاتر و پێشکەوتووتر واپێویست دەکات هێزێکی نارێی نالەباری پاڵنەر لە هەڵکەوتدا هەبێ ئەوی بەرانبـەریەتی و ئارێ و لەبارە ببزوێنێ.

**دووەم:** گەورە پیاوانی مێژوو، ئەو کەسانەی مێژوو دادەهێنن و لە ژیانی کـۆمـەڵگاکـەیاندا چالاک و

دەستبەکارن، بەپێی بۆچوونی هیگڵ ئاگایان لەو ئامانجە نییــە کـە بەو ئەرکـەی پێـیـان سـپـێـردراوە و کـەوتۆتە ئەستۆیان و جێبەجێی دەکەن(١٢)، دەکەوێتەوە، چونکە ئەوان لە ئامرازی جێبەجێکردنی فرمانی گیان ژێر بەولاوە شـتـێکی دیکە نین، ئامـانجی گـیـانیش لەو ڕەوشـەدا بەژێرکردنی پرۆسەی بەرەو پێشچوونی مێژوویە.

**سێیەم:** جۆرە ناچارییەک لە پرۆسەی مێژوودا هەیە. ئەوی رووی داوە هەردەبوو رووبدات و بقـەومێ و ناکرێ و نەدەکرا بە پێچەوانەی ئەمەوە رووی دابایە(١٣).

بەیەکـەوە ژێر و مـێـژوو بخـرێنە نێـو دوو تای یەک تەرازووەوە و بەرانبەر بە یەکتری دابنرێن بۆچوونێکە وا بە ئاسـانی پاساو نادرێت، چونکە ناکرێ بەهۆی ژێرەوە پاکانە بۆ ئەو هەموو زۆر و جەور و ناعەدالەتییە بکرێت کە بە درێژایی مێژوو هەبوون و روویان داوە. بەخشـینی تـایبـــەتمەندی ئازادی بەژێر ڕەوایە، بەڵام کـــردنی بە ئامـانجێکی مـێـژوو، سروشـتی جەوهەریی مـێـژوو کـاڵ دەکاتەوە.

سـپـاردنی ڕۆڵی سـەرەکی بە تاکەکـەسـان لە مـێـژوودا بابەتەکـە پـتـر بەلای سـیـاسـەتدا دەبا و لە چوارچێـوەی فەلسەفە دەچێتە دەرێ و ڕێگا بۆ جیاکردنەوەی سیاسەت و مـێـژوو لە بنەمـاکـانی ئاکـار خـۆش دەکـات. بوونی ناچاریی، یان گـــریمانەکـــردنی بنەمـــای ناچاریی لە ڕووداوەکانی مێژوودا بەهیچ شێوازێک دەستەبەری ئەوە نابێت کـــە ئەوی لە ڕابردوودا، دوێنێ، رووی داوە لە دوارۆژیشـــدا ڕوودەدات و دەردەکـەوێ. ئەو گـــریمانەیە کـاتێک پشـتراست دەکرێتـەوە، لە کـایەی تـیـۆرییـانەدا، ئەگـــەر مـــرۆڤ وای دابنێ کـــە دوارۆژ بە ڕادەیەک لە ڕادەکان وەک ڕابردوو دەبێ، ئەمەش لەخۆیدا گریمانەیەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

### مەتریالیزم

١- مـەتریالیــزم، بەتایبـەتی لە چوارچێـوەی تیـوری زانیندا، جـۆرە هەڵوێسـتـێک لە کـایەی جـیـهـانـدیدی فـەلسـەفـەییـدا نیـشـان دەدات کە لە چەمکی مـاددەوە سـەرچاوەی گـرتووە. بەپێـچـەوانەی ئایدیالیـزمی دوو ڕەنگییەوە، ئەو ڕێبازە هەوڵ دەدات جیهان بە تایبەتی و بوون بە گشتی بە یەکەیەکی یەکگرتووی فرە ڕەنگ و لە ماددە پەیدابووی هەر هەبووی هەتا هەتایی وێنا بکات و تێی بگـات. بوونێک، مـاددەیەک نە سـەرەتای هەیە و نە کۆتایی و نە پەیدابووە و نە لەناو دەچێ، بۆیە سەیر نییە کـە ئەو ڕێبـازە هەر لە سـەرەتای پەیدابوونیـــەوە لە سـەردەمی کۆنی یۆنانەوە لەگـەڵ کولتـووری ئایینی لەبەر یەکتریدا و لەنێو دوو سەنگەری جیاوازدا بووبن(١٤). لێکدانەوەی بـوون، جـیـهـان، پشت ئەسـتـوور بە تـاکـە بنەمـایەک کە ماددەیە و دانانی هزر- گیـان بە پاشکۆ و چالاکییەک کە لێوەی کەوتوونەتەوە بەدەستپێکی چالاکی فەلسەفەیی ئەو ڕێبازە دادەنرێ.

لە کـایەی فـەلسـەفـەی مـێـژوودا، کـۆمـەڵناس و سیاسەتمەدار و فەیلەسووفی جووی ئەڵمان کارل مارکس (١٨١٨- ١٨٨٣ز) بـە ڕابـەری لـێـکـدانـەوە و شرۆڤـەکردنی مـەتریالیـسـتـیـانەی فـەلسـەفـەی مێـژوو دادەنرێ، بەتایبەتی ئەو لایەنەی جیهاندیدەکەی کە ناوی مەتریالیزمی مێژوویی لێ نراوە:

ئەو لایەنە لە دوو بەش پێکهـاتووە، خـۆی لە بنەڕەتدا بریتـیـیـە لە جـێبـەجـێکردنی بنەمـا قـانوونیـیـەکـانی دیالیـکتیـکی مەتریالیـزم بەسەر کۆمـەڵگادا. بەشەکـان ئەمانەن:

**یەکەم:** میـتودە، کـە دیالیـکتـیـکیـیـە و لە چوارچێوەی فـەلسـەفـەی ئایدیالیـسـتی هیگـڵ هێنراوەتە دەرەوە و مشتوماڵ کراوە.

**دووەم:** ڕێبـاز، جگە لەوەی کـە خـۆی لەسـەر بنەمـای مەتریالیستی دامەزراوە، بەڵام لە سۆنگەی مێژووییبیانەوە گـۆڕان و پەرەسەندنی کۆمـەڵگا و ڕووداوەکـان شرۆڤـە و لێک دەداتەوە. لەو جیهـاندیدە فراوان و سەرتاپاگیرەی مارکسدا بە میتودە و ڕێبازەوە سێ چەمک ناویان هێنران و سەرنجییان بۆ ڕاکێشرا.

**- دیالێکتیک:** وشەیەکە لە سەردەمی کۆنی یۆنانەوە بە واتای جیـاواز و مەبەسـتی جۆراوجـۆر بەکارهێنراوە. لەلای هیـگـڵ لە چوارچێــــوەی جـــیــــهـــــاندیدە ئایدیالیـستـیـیـەکـەیدا وەبەرهێنراوە. مـارکس بەو جـۆرە دیالیکتیکی بەکاربردووە کە پرۆسەیەکی سێ لایەنییە و بزووتنەوە و گـەشـەکـردنی مـێـژووی بە جـۆرە بەرەو پێشچوونێک داناوە کە بەهۆی پەرەسەندن و بەلاوەنانی Aufhebung ناکۆکییەکانەوە دەکەوێتەوە. سێ لایەنی پرۆسـەکە بەو شێـوازەیە کـە ناکۆکـیـیـەکـانی نێـو چین و توێژەکـــانی کـــۆمـــەڵگا گـــوڕ و تەوژم بە بەر خـــەباتی

چینایەتیدا دەکات. بەهۆی ململانێی دوو چینی لە یەکتری جیاواز و بە یەکتری ناکۆک قۆناغێکی نوێ دێتە کایەوە و بەو جۆرە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت.

– **مەتریالیزم:** بەلای مارکس و لە جیهاندیدەکەیدا کە دواتر پەرەسەندن و گۆڕانی جۆربەجۆری بەسەردا هاتووە، بنەمای ئابووری، هۆکاری ئابووری، بە بنەڕەتی سەرەکی هەموو دامەزراوە و دەزگا و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دادەنرێت. هەر لێرەوە باسی دوو پێکهاتە و دامەزراوەی کۆمەڵگا دەکرێت:

**یەکەم:** سەرخانی کۆمەڵگا: Uberbau پێکهاتە و ڕێکخراو و نەزمە سیاسی و ئایینی و ئابووری و کولتوورییەکان دەگرێتەوە.

**دووەم:** ژێرخان: Basis مەبەست لە ستروکتۆر و پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنیکییەکانی کۆمەڵگایە.

– **مێژوویی:** مارکس بە چاوێک تەماشای دەزگا و دامەزراو و قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کردووە کە ئەنجامی پرۆسەیەکی نەپساوە و درێژخایەنی پەرەسەندن و گۆڕانی مێژوویی بن. ئیتر پرۆسەی شیکردنەوەی پەرەسەندن و گۆڕانی مێژوویی بە خاڵی ناوەندی و هەرە گرنگی کۆمەڵگا داناوە(١٥). سەرەتا و دەستپێکی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست کە ساڵی ١٨٤٨ز لەگەڵ دۆست و هاوڕێی ژیانیدا فرەدریش ئینگلزدا بڵاوی کردۆتەوە ڕاستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە. لەوێدا هاتووە:

مێژووی گشت ئەو کۆمەڵگایانەی تائێستا هەن و بوون، ئەو مێژووەی کە نووسراوەتەوە، بریتییە لە مێژووی خەباتی(١٦) چینایەتی نێوان چینەکان.

ئەگەر هۆکاری ئابووری کە هۆکاری سەرەکی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگایە بخەینە سەر ئەو قسەیەی ئەو دوو سیاسەتمەدارە ئەو ڕاستییە– لە بۆچوونی خۆیانەوە– ڕوون دەبێتەوە کە کۆمەڵگا پەرەی سەندووە، ئەو پەرەسەندنە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، هەر قۆناغە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبووە جگە لەوەی کە سروشتێکی مێژوویيانەشی هەبووە.

٢– مێژووی کۆمەڵگا لەو جیهاندیدەدا لە مێژووی پەرەسەندن و گۆڕانی قانوونییانەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (هۆکاری ئابووری) بەولاوە نەبووە، ئەو کۆمەڵگایەش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو ڕەوشەی ئێستایی و ئەو ناوەرۆک و ڕوخسارەی کە هەیەتی پێ براوە:

**یەکەم:** کۆمەڵگای سەرەتایی: ئەو قۆناغە پشتی بە شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیزمی سەرەتایی بەستووە. لەو قۆناغەدا تاقمە کەسانێکی کە خزم و خوێش و کەسوکاری یەکتری بوون و خێڵیان لێ پێکهاتووە و پێکەوە ژیاون و سوودیان لە زەوی و زار و کشتوکاڵ وەرگرتووە و شێوەی کارکردن و بەرهەمهێنان سەرەتایی و سادە و ساکار بووە و بەروبووم و بەرهەمەکان بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان خۆیاندا دابەش کراون.

خاوەندارێتی تایبەتی و چین و توێژی جیاواز لە ئارادا نەبوون(١٧)، بەڵام ڕەوشەکە بەپێی ڕۆژگار پەرەی سەندووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان پتر بوون، ئیتر خێڵەکان دابەش بوون و خێزانی جیاواز کەوتوونەتەوە. ئەو دابەش بوونە جۆرە خاوەندارییەتییەکی تایبەتی موڵک و ماڵی لێ دروست بووە. هەندێ لەو خێزانانە دەستیان بەسەر ئامرازی بەرهەمهێناندا گرتووە و کۆمەڵەکە دابەش بە چینی جیاواز بووە بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە خۆی، بە تایبەتی بەند و کۆیلە و خاوەن کۆیلەکان.

**دووەم:** کۆمەڵگای بەندو کۆیلەکان: لەو قۆناغەدا کە کۆمەڵانی خەڵک ببوون بە دوو چینی لەیەکتری جیاواز، چینی بەند و کۆیلە کە هیچ جۆرە ئازادییەکیان نەبووە و وەکو شتومەک بەکارهاتوون و کڕدراون و فرۆشراون لەبەرانبەر کەسانێکدا کە دەست ڕۆیشتوو بوون و خاوەنی ئەو بەند و کۆیلانە بوون، ئامرازەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان لە داروبەردەوە گۆڕاون بە برۆنز و ئاسن، گاسنی ئاسن بۆ جووت و داسی دروێنەی لە کانزا دروست کراو بەکارهاتوون. دەغڵ و دان (گەنم و جۆ و دانەوێڵە) کراوە، باخ و بێستان و سەوزە و جۆرە سیستمێکی سەرەتایی ئاودان و ئاودێری داهێنراوە، ئینجا ئاشی ئاو بۆ هاڕین و لێکردنی دانەوێڵە دروستکراوە. لەو قۆناغەدا سەرەڕای سنووردارێی بەرهەم، پێوەندی کۆنترۆڵ و ملکەچی و چەوساندنەوە و دەستبەسەرداگرتنی سنووربەزێن لە ئارادابوون. ئەو قۆناغەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و مەیدانی بۆ سەردەمێکی تر چۆڵ

کردووە.

**سێیەم:** کۆمەڵگای دەرەبەگی(١٨): لە زەمانە ئەوروپاییەکاندا بە فیودال و فیودالیزم ناسراوە و لە ئەڵەمانیادا (بارۆن)ی پێگوتراوە. لەو سەردەمەدا جووتیار تارادەیەکی فراوان جێگای بەند و کۆیلەکانی زەوی گرتۆتەوە. پیشە دەستییەکان پەیدا بوون. چەک و تفاقی جەنگی دروست کراون. باروود و کاغەز و چاپکردن داهێنراون. ڕستن و چنین کەوتوونەتە گەڕ و کوتاڵ کەوتۆتە بازاڕ، بایەخ بە ڕاگرتن و بەخێوکردنی ئاژەڵ (مەڕ و بزن) و ڕەشەوڵاخ دراوە. کۆمەڵگا لە سێ چین پێکهاتووە:

١- دەرەبەگەکان کە خاوەن زەوی و زار بوون.

٢- جووتیاران کە لە زراعەت و کشتوکاڵدا کاریان بەرهەمهێنان بووە.

٣- خاوەن پیشە دەستییەکان.

پێوەندییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە چاو قۆناغی پێشووتر بەرەو پێشچوون و پێشکەوتووتر بوون. وردە وردە شار و بازێڕ پەیدا بوون و گەشەیان کردووە. بەهۆی گەشت و دۆزینەوە جوگرافیاییەکانی هەردوو سەدەی پازدە و شازدە، جۆرە بازاڕێکی جیهانی پەیدا بووە. مانیوفاکتۆرە Man-ufakture (سنعات و کارگەی زەبەلاح کە بە دەست کاربکەن) دروست کراون. ئەگەر لە زەراعەتدا جووتیار بەند و پابەندی زەوی و زار و جێگایەکی دیاریکراو بووبێ بەهۆی ئەو سنعات و پیشە و کارگانەوە جۆرە کرێکارێکی بازێر و شاری نیمچە جیابووەوە دەرکەوتووە. ئەو هەلومەرجە ڕێگای بۆ دەرکەوتنی قۆناغێکی پێشکەوتووتر خۆش کردووە کە سەرتاپای ژیان و جیهانی گۆڕیوە. قۆناغی سەرمایەداری(١٩) -Kapital-ism ئەو قۆناغەی شۆڕشی وای بەرپا کردووە هەموو سنوورێکی چاوەڕوانکراوی بەزاندووە و توانیویشیەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتبوونە بەردەمی و لەبەردەمی گەشەکردنیدا بوون، سەرکەوتووانە تەخت کردووە و لێیان تێپەڕیوە.

**چوارەم: قۆناغی سەرمایەداری**

١- قۆناغێکە لە قۆناغە هەرە گرنگەکان کە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە، خۆی لەخۆیدا، بە هەموو لایەنە فرەڕەنگییە لەبار و نالەبارەکانییەوە، شۆڕشێکی سەرتاپاگیرە و سەرتاپای ژیانی گۆڕیوە، ناوەرۆک و ڕوخسارێکی دیکەی بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەخشیوە، تا ئەو سەردەمەمان مرۆڤ شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە. ئەو قۆناغە بە میراتگری سێ دیاردەی جیهان هەژێن دادەنرێت:

- شۆڕشی سنعات و پیشەسازی ئینگلیز.
- شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (١٧٨٩ز) و ڕێبازە سۆسیالیستییەکانی.
- فەلسەفەی ئایدیالیستی و ئایدیۆلۆژی ئەڵەمان.

شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنسا چەندین فابریکە و کارگە و ئامێری ئەوتۆی داهێناوە، ئەگەرچی جۆرە هەوڵێکی تێدابووە ئیشی مرۆڤی کرێکار بە ئامێر و مەکینە بسپێرێ، بەڵام بە تەواوەتی پێوەندی نێوان هێز و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی گۆڕیوە.

شۆڕشی فەرەنسا لەلای خۆیەوە، بانگی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و مافی مرۆڤی داوە. شار و بازێڕەکان گەورە بوون و بەرهەمی پیشەسازی و کرێکار و بۆرژوازییەکان ڕکەبەری زەراعەت و بەرهەمی کشتوکاڵ و جووتیار و خاوەن زەوییەکانیان (دەرەبەگەکانیان) کردووە.

فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان ئەگەر فەلسەفەی ترانسندێنتالی کانتی بخرێتە سەر، لە دوو بەرەدا ئەنجامی هەردوو شۆڕشەکەی دیکە، کە لەسەرانسەری ئەوروپادا وەک پریشک ئاگریان لە هەموو قەدەغە و پاوانێک بەردابوو، لە دوو بەرەدا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی فەلسەفەدا بەرجەستە کردووە:

- لە جیهاندیدی کانتەوە، ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی.
- لە فەلسەفەی هیگڵەوە، جیهاندیدی مارکس و هاوڕێیانی خەتوخاڵی داوە.

٢- لە کتێبی مانیفێستدا مارکس- ئینگلیز وێنەیەکی ئەو سەردەمی سەرمایەدارییان کێشاوە. لەوێدا هاتووە:

کۆمەڵگای نوێی بۆرژوازی کە لە کۆمەڵگای لەناوچووی دەرەبەگایەتییەوە پەیدا بووە، ناکۆکییە چینایەتییەکانی لەناو نەبردووە. ئەو تەنیا هەر چینی نوێ، چەند هەلومەرجی نوێی چەوساندنەوە، چەند شێوازی خەبات و تێکۆشانی لە جێگای کۆنەکان داناوە(٢٠).

لەو تێکستەوە چەند خاڵێک دەکەوێتەوە کە پرۆسەی

دیالیکتیکی پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگا- لەچوارچێوەی فەلسەفەی مێژوودا- دیار و دەستنیشان دەکات:

**یەکەم:** هەموو شتێک لە خۆیدا بنەتۆو هۆکاری بوون و گەشەکردن و لەناوچوونی خۆی تێدایە و ڕێگا بۆ دوای خۆی خۆش دەکات. گەشەکردنی ناکۆکییەکانی نێو پێکهاتەی فیودالیزم خۆی تۆی لەناوچوونی خۆی تێدابووە. ڕێگاشی بۆ هاتنەکایەوە و دەرکەوتنی قۆناغی لەخۆی پێشکەوتووتری سەرمایەداری خۆش کردووە.

**دووەم:** قۆناغی نوێ ڕاستە لە قۆناغی پێش خۆیەوە کەوتۆتەوە و لەسەر داروبەرد و بنەمای ئەو چەکەرەی دەرکردووە و شین بووە، بەڵام هەموو کەموکوڕیی و ناکۆکییەکانی پێشووی لەگەڵ خۆی هێناوە. ئەگەر جۆرە بەرەوپێشچوون و گۆڕانێک لە پێکهاتە و پێوەندی نێوان چین و دامەزراو و دەزگاکانیدا بەدی بکرێت، ئەوە ئەو گۆڕانە لە وردەکارییەکاندا بووە و لە چوار چێوە گشتییەکەدا چەوساندنەوە و دەست بەسەرداگرتن و بێ دادی و بەدکاری، بە شێوازێکی تری تاڕادەیەک مۆدێرنتر، هەر ماوە و هەر بەردەوام دەبێت.

**سێیەم:** قۆناغی سەرمایەداری خۆشی هەمان شت دەیگرێتەوە و خۆی لەخۆیدا هۆکاری لەناوچوونی خۆی و ڕێگا خۆشکردن بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتری تێدایە.

٣- سەرمایەداری بەپێی جۆر و شێوازی پێکهاتەکەی و ئەو سەردەمەی تێیدا چالاک و دەستبەکارە، ناچار دەبێ گۆڕانی سەرتاپاگیر لە پێوەندییە فرەڕەنگییەکانی ئامرازی بەرهەمهێنان و شێوازی وەبەرهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بەدی بهێنێ. ئەوەندەی بۆی بکرێ و سوود و قازانجی پێ بگەیەنێ، گۆڕان بەسەر ڕەوش و هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەهێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش سڵ لە هیچ ناکاتەوە و دەست لە هیچ ناپارێزێ. مارکس- ئینگلیز لەو بارەیەوە کە سروشتی ڕاستەقینەی سەرمایەداری دەستنیشان بکرێت گوتوویانە:

«بۆرژوازییەت لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵ دەسەڵاتداریی چینایەتی خۆیدا چەندین هێزی گەورە و زەبەللاحی ئەوتۆی بەرهەمهێنانی داهێناوە، لە تێکڕای ئەوەی کە هەموو بەرەو نەوەکانی پێشووتر پێکیان هێنابوو پترە. کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی هێزەکانی سروشت، دروستکردنی مەکینە، بەکارهێنانی کیمیا لە سنعات و زەراعەت و کشتوکاڵدا، کەشتی هەڵمی، ڕێگای ئاسنین، تێلێگرافی ئالەکتریکی، بە کێڵگەکردنی ئەو بەشە زەوییانەی جیهان کە بێ سوود و بەیار بوون، کردنی ڕووبارەکان بە ڕێگای هاتوچۆی کەشتی و گەمییەکان، پەیدابوونی ئەو میللەتانەی کە هەروەک لە زەوی هەڵقوڵابن- چ چەرخ و سەدەیەکی پێشوو زانیویەتی کە ئەو هێزە زەبەللاحانەی بەرهەمهێنان لە مندالدانی کاری کۆمەڵایەتیدا شاردرابوونەوە(٢١).

ئەو تێکستە بە ڕاشکاوی دوو خاڵ پشتڕاست دەکاتەوە:

**یەکەم:** هێز و توانای سنوور بەزێنی سەرمایەداری لە چاو قۆناغەکانی پێشتر، ئەو هێزەش لەو توانایەدا بەرجەستە بووە کە سوود لەوە وەرگیراوە کە دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێ هەر لە کۆنترۆڵکردنی سروشتەوە، تاوەکو سنعات و پیشەسازی زەراعەت و کشتوکاڵ و ڕێگاوبان و گەشتی دەریا و بەکاربردنی کەرەسەی کیمیا.

**دووەم:** شت خۆی هۆکاری مانونەمانی لەخۆیدایە. لە مندالدانی قۆناغی فیودالیدا ئەو کۆرپەیەی سەرمایەداری لێ کەوتۆتەوە گۆش کراوە و لە دایک بووە.

**پێنجەم: سۆسیالیزم:**

١- پەرەسەندنی ناوەکی و دەرەکی سەرمایەداری خۆی دەبێتە مایەی لەناوچوونی خۆی. ئەو چەکانەی کاتی خۆی دژی قۆناغی پێش خۆی بەکاری هێنابوون ئێستا ڕووبەڕووی خۆی دەبنەوە. لەو پەرەسەندنە خێرایەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی پێوەندییە بەرهەمهێنەرە نوێیەکانی سەرمایەدارییەوە کەوتبوونەوە و موڵکدارییەتی فیودالیزمیان لاواز کردبوو هەلومەرجێکی دیکە هاتبووە کایەوە، هەلومەرجی بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە ئەگەر لە چاو پێشووتر تەماشای بکرێت:

- ژمارەیەکی زۆروزەبەندەی کرێکار لە دامودەزگا و کارگە و فابریکەکەکاندا کار دەکەن و بەرهەم دەهێنن، شت و مەک دروست دەکەن، بەڵام:

- بەروبوومی ئەو کارەی ئەو کرێکارە زۆروزەبەندانە تاقمێکی کەمی خاوەنانی ئامراز و مەکینەکانی بەرهەمهێنان- بۆرژوازییەکان- دەیبەن، ئەو ڕەوشە، ئەو پێوەندییە بە ناکۆکی بنەڕەتی سەرمایەداری ناودەبرێ. لە

دەرەوەشــدا، ئەو هەلومــەرجــە ئابووری و ســیــاسی و کۆمەڵایەتییە، دەبێتە مایەی ئەوەی سەرمایەداری بگاتە چڵەپۆپەی کە ئیمپریالیزمی پێدەگوترێ و دەست دەکات بە داگیرکردنی وڵاتی دیکە. ئەو داگیرکردنە چۆن هۆکاری هەیە مەبەست و ئامانجی دیار و ڕەنگ بۆ ڕێژراویشی هەیە، دابینکردنی بازاڕی دەرەکی فرۆشتنی شتومەک و دابینکردنی کەرەسەی خاو. ئەو ناکۆکییانە هەلومەرجی ئاوابوونی خۆری (ڕۆژی) سەرمایەداری دەستەبەر دەبن و ڕۆڵی سەرەکی لەو ئەرکەدا بە چینی کرێکار فابریکە و کارگەکان دەسپێردرێ کە لەوێ بە پرۆلیتێر ناوبراون.

له سۆسیالیزمدا کە لەسەر بنەمای کەپیتالیزم (سەرمایەداری) دادەمەزرێ، ئەو زۆرانبازییەی لەنێوان بۆرژوازی و پرۆلیتێردا هەبووە و بۆتە بنەمای ئابووری شۆڕشی سۆسیالیستی، نامێنێ، چونکە هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەژێر دەستی سەرمایەدارەکان دەهێنرێنە دەرەوە و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان سەرتاپا دەگۆڕدرێن. شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی بە پێچەوانەی سەرمایەدارییەوە لەسەر بنەمای موڵکداریێتی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵ دادەمەزرێ. چینی کرێکار بەهۆی شۆڕشەکەیەوە دەسەڵات لە دەوڵەت و کایەی ئابووریدا بەدەست دەهێنێ. کرێکار چونکە لە هێزی بازووی ئیشکردن(٢٢) بەولاوە هیچی تری نییە لە دەستی بدات، ناترسێ و شۆڕشگێڕە. بە ڕزگارکردنی خۆی سەراپای کۆمەڵگاش ڕزگار دەکات.

٢- ئەوی لێرەدا جێگای سەرنجە و دەبێ ئاماژەی پێ بدرێ، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری پێشبینییەکانی مارکس نەهاتنە دی. واپێدەچێ ئەو هیوایەی بەچینی پرۆلیتێر هەیبووە و ئەو ئەرکەی پێی سپاردووە و ئەو چاوەڕوانییەی لێی کردووە لە جێگای خۆیدا نەبووە. سەرمایەداریش بەو مەرەیە نەچووە کە مارکس بە چارەنووسە ناچارییەکەی دایناوە.

سەرمایەدار پتر لەوە شارەزاتر و زیرەکتر بووە کە ڕکەبەرانی دایانناوە. ئەو گۆڕانەی دوای سەدەی نۆزدە کە مارکس تێیدا ژیاوە و دەستبەکار بووە بەسەر ژیان و کۆمەڵگادا هاتووە بە سوود و قازانجی بۆرژوازییەت کەوتۆتەوە. سەرمایەدار چەوسێنەری جاران نەماوە، بگرە دوژمنی دوێنێی کە پرۆلیتێر بووە کردوویەتی بەبێ لایەن و دوژمنایەتی کردنەکەی لەبیر چۆتەوە و وای لێ کراوە لە خۆیدا چینە تۆکمە یەکگرتووەکەی جاران نەمێنێ و لەلایەکەوە نەتوانێ دەستبەرداری پێوەندی چارەنووسسازییەکەی لەگەڵ خاوەن کارەکەی (سەرمایەدارەکان) بێ و ئەوەشی لێ هەڵنەستاوە بتوانێ دەستەیەک کە سەرکەوتووانە لەسەردەمی شۆڕشی سەرتاپاگیری تەکنۆلۆژیدا جڵەوی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا بگرێتە دەست. سیاسەت خۆی لەخۆیدا بووە بە هونەرێکی ئەوتۆ بەبێ پسپۆڕیی تەواوەتی جێبەجێ نەکرێت. سەرمایەداری گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە، توانیویەتی خۆی وای لێ بکات لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ و ئینجا لەگەڵ چاوەڕوانی و ئاوات و ئامانجە هەڵکەوتەکانیدا بێتەوە. ئەگەر لەو سەردەمەدا ئایین و سیاسەت لە یەکتری دابڕابن، ئەوە بە هەمان شێواز و بگرە تێروپڕتر موڵک و ماڵ و دارایی و توانای خاوەنداریێتی ئابووری بە تەواوەتی لەگەڵ پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت لە یەکتری جیابوونەوە. هیچ مەرج نییە سەرمایەدارێکی خاوەن کارتێل و مۆنۆپۆل سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو بێ و جڵەوی فەرمانڕەوایی دەوڵەت بدرێتە دەست و حوکمڕانی بکات. ڕاستە پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا لە چوارچێوە گشتییە هەمەکییەکەدا هەر مۆرک و سروشتی سەرمایەداریان ماوە و هەیانە، بەڵام موڵکداریەتی و توانای دارایی و ئابووری لە جاران پتر لە کاروبار و پرۆسەی بەڕێوەبردن دابڕاون و جیابوونەوە. دەوڵەتیش لەلای خۆیەوە هیچی تر ئامرازی چەوساندنەوەی چینایەتی نەماوە و بووە بە ئۆرگانێکی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و جێگیرکردنی ئارامی و نەزم لە ژیاندا.

## ئاراستەکانی فەلسەفەی مێژوو

ئەگەر بابەتی مێژوو، هەروەها مێژوونووسان دەربارەی ڕووداو و قەوماوەکان هەمیشە بایەخیان بە کێشەی بنجوبنەما و پەیدابوون دابێ و کێشەی لەناوچوون و فەوتانیان بەپێی پێویست بە هەند نەزانیبێ، ئەوە فەلسەفەی مێژوو جۆرە هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوو لایەندا ڕاگیر دەکات و بەپێی پێویست لە سۆنگەی تاووتوکردنەوە سەرنج لە هەردوو بابەت دەدات، بەبێ ئەوەی تای تەرازووی توێژینەوە بەلای لایەکدا لاسەنگ

بکات.
فەلسەفەی مێژوو وا سەرنجی بابەتەکەی دەدات کە لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی دیار و دەستنیشانکراو و لە کات و جێگای دیاریکراودا خەتوخاڵی داوە. کۆمەڵگاش وەک ئۆرگانێکی زیندوو و بێ پسانەوە گەشەی کردووە، پەرەی سەندووە، بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و خۆی لە هەلومەرجی هەمەڕەنگیدا دیوەتەوە، بۆیە دەرکەوتنی خێزان و نەتەوە و دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەکان و ڕێباز هزرییەکان و نەزم و سیستمە هەمەجۆرەکان، بەو بابەتانە دادەنێ کە دەبێ شرۆڤە بکرێن.
لە کۆمەڵگاشدا هزر و بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی و جیهاندیدی جیاواز هەیە، بۆیە ئاساییە کە ئاراستەی فرە ڕەنگ و تاڕادەیەک لە یەکتری جیا لەچوارچێوەی چەند تیۆرییەکدا بۆ شرۆڤەکردنی پرۆسەی مێژوو لە ئارادابن. ئەو تیۆرییانە بەگشتی کۆششی لێکدانەوەی ڕەوتی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی مێژوو بە هەموو لایەنەکانییەوە دەکەن. ئەو تیۆرییانە دەکرێ بەو جۆرە، بەپێی گرنگییان، دەستنیشان بکرێن:
١- تیۆری بەهرەی ڕەببانی.
٢- تیۆری بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن.
٣- تیۆری بەدوای یەکتریدا هاتن.
٤- تیۆری ژینگە و مەڵبەندی جوگرافی.
٥- تیۆری ڕۆڵی ڕەگەز لە مێژوودا.
٦- تیۆری ڕۆڵی سەرکردە و ڕابەر(٢٣).
ئەگەرچی جیاوازی سنووربەزێن لەنێوان ئەو ئاراستە و تیۆرییانەدا هەیە، هەر لە میتۆدەوە تاوەکو ڕێبازی پەیڕەوکراو و ڕەنگ بۆ ڕێژدراو، بەڵام خاڵی لە یەکتری نزیک کردنەوەش لەنێویاندا هەیە و لە چوارچێوەی بابەتی فەلسەفەی مێژوودا پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بە تایبەتی کە هەموو تیۆرییەکان بە ڕێگا و شێوازێکی گشتی- هەمەکی و فراوان دیاردە مێژووییەکان تاووتو و شرۆڤە دەکەن و لەو ئەرکەیاندا پابەندی کات و شوێن نین و هەوڵ دەدەن مەبەست و ئامانجی ڕەوتی پرۆسەی مێژوو لێک بدەنەوە و ئەو بنەما و قانوون و هۆکارانە بزانن کامانەن کە کۆنترۆڵی ئەو پرۆسە ئارام و ئۆقرە نەگرتووەی مێژوو دەکەن. لێرەوە جیاوازی نێوان ئەو ئاراستانە دەردەکەوێ، هەندێکیان ئەو بنەمایە دەدەنە پاڵ ئایین و بەهرەی سەرووسروشتی و بەلای کەسانی ترەوە تاکە هۆکارێک کە ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ تاکەکەسانی ڕابەرن، بێ گومان تیۆری تر هەیە کە ئەو ئۆباڵە دەخەنە ئەستۆی هۆکاری ئابوورییەوە.
سەرنجدانی بابەتی مێژوو، دروستکردن و هەڵبەستنی پردی پێوەندییە لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا، ئەگەر ئەو سەرنجدانە پشت ئەستوور بوو بە ڕێبازێکی فەلسەفە. ئەوە جگە لەو لایەنە، لەگەڵ زانینی ئەو هۆکارانەی گوڕ بە بەر شادەماری پرۆسەی ڕووداوە مێژووییەکاندا دەکەن، هەوڵ دەدرێ لەو پرۆسەیەوە چەند قانوونێکی گشتی بخرێتەوە کە دەبنە مایەی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤ و نەتەوە و دەوڵەت. تیشک دەخرێتە سەر ئەو لایەنە، ئایا مێژوو لەو ڕەوتەیدا پەیڕەوی نەخشەیەکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراو دەکات کە لە پشتییەوە ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا هەبێ، یان ڕووداوەکانی مێژوو پابەندی هیچ بنەمایەک نین و لەخۆیانەوە و هەرەمەکی بێ مەبەست و ئامانج دەکەونەوە؟
**یەکەم: تیۆری بەهرەی ڕەببانە**
تیۆرییەکی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی مێژووییە لە ڕوانگەی فەلسەفەوە، بەڵام پشت بە ئایین دەبەستێ، دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین خۆی لەخۆیدا بەشێکی گرینگ و تەواوکاری باوەڕ و ئیمانە، چونکە بڕوا بوون بەوەی کە ڕووداوەکانی مێژوو پابەندی بەهرەی ڕەببانین و هیچ جۆرە ڕێککەوت لە مێژوودا نییە، هەرچی دەقەومێ و ڕوودەدات لەچوارچێوەی بڕیار و خواستی ڕەببانی ناچێتە دەرێ، بڕوا بوون بە ڕەب لەخۆیدا دەگرێتە خۆی. ئەو تیۆرییە- بڕوایە بە ئاشکرا لە کولتووری ئایینی جوولەکە و لە هی مەسیحی، بە تایبەتی لەلای سانت ئۆگۆستین (٣٥٤- ٤٣٠ز) لە شاکاری بازێری ڕەبدا بەرچاو دەکەوێ. دوای ژیانێکی جەنجاڵ و پڕ لە ڕووداوی فرە ڕەنگ و دوای گەشتێک بەنێو ڕێباز و مەزهەب و ئایینەکانی سەردەمی خۆی دەستبەرداری مانیزم دەبێ و ڕوو لە کڵێسەی مەسیحی دەکات و درێژایی ژیانی وەک ڕێبەر و پیاوێکی ئایینی عیسا بەسەر بردووە. لێرەوە دەکرێ سەرچاوەی بابەتی مێژووی ئەو هزرمەندە لە سێ خاڵدا کۆ بکرێتەوە:
- کولتووری سەردەمی خۆی (سەدەی پێنجەمی زایین).

– فەلسەفەی یۆنان.
– هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی.

بەلای ئەو لاهووتییەوە لەو ڕۆژەوە ئادەم لەبەری داری زانینی خواردووە و لە بەهەشتی عەدەن بەدەر نراوە مێژووی جیهان دەستی پێ کردووە. مێژووش بەگشتی لە خۆیدا بریتییە لە مێژووی جەنگ و ململانێی نێوان باوەڕ و بێ باوەڕی(٢٤) (ئیمان و بێ ئیمانی) ڕەب ئەوەندە بەندە و داهێنراوەکانی خۆی خۆش دەوێ و (ڕەحمیان) پێ دەکات، بۆیە ڕۆڵەی خۆی، کە لە کەسێتی یەسووعی مەسیحدا بەرجەستە بووە، ناردووە و چوار مێخەکێشرا بۆ ئەوەی کەفارەتی ئەو گوناهـ و بەدکارییەیان بدات کە لە گەردنیاندایە و چۆتە ئەستۆیان. هاتنی یەسووعی مەسیح (عیسای مریەم) و بەرجەستەبوونی لەدنیادا مێژوو، ئینجا دەوڵەتی کردووە بە دوو جۆرەوە:

١- کۆمەڵگا و دەوڵەتی جیهانی سەر دنیا. بەپێی بنەما ئایینییەکانی کڵێسەی مەسیحی ئەو دەوڵەتە جیهانییە نموونەی بەدکارییە و شەیتان تێیدا چالاک و دەستبەکارە و مرۆڤ لە بەختەوەریی هەمیشەیی دووردەخاتەوە.

٢- کۆمەڵگا و دەوڵەتی ڕەببانی، هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە لەو تاقمە کەسانە پێکهاتووە کە لە ڕابردوو و ئێستا و دوارۆژدا هەڵبژێردرا و هەڵدەبژێردرێن. ئەگەر هاووڵاتیانی دەوڵەتی یەکەم بەدوای خێروبێری ماددی ژیانی ڕۆژانەدا بگەڕێن و سەرگەرمی چێژکردنیان بن، ئەوانی تر بە دوای چاکەکاری و تەواوەتی و کەماڵی گیانیدا دەگەڕێن. جیاوازی و ناکۆکی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە کە لە خۆیدا جیاوازی و ناکۆکی نێوان دوو جۆرە مێژوو بەرجەستە دەکات(٢٥) شتێکی ئاساییە، چونکە دوو جۆرە ژیان، بۆچوون، بوون، هەڵوێست و باوەڕ و ئیمان دەردەبڕن. یەکەمیان ژیانی سەر زەوی بە هەموو کەموکوڕی و نالەبارییەوە و دووەمیان ژیان و گوزەران و دەوڵەتی ئاسمان دەردەبڕن. بە هاتنەوەی یەسووعی مەسیح لەدوارۆژدا بۆ سەرزەوی ئەو جیاوازییە بەلایەکدا دەخرێ و تەنیا ئەوەی پەیڕەوی ڕێبازی مەسیح بکات بە بەختەوەریی هەمیشە شاد دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی هەیە و نییە و لە هەموو سەردەم و جێگایەکدا کەس لە بەهرەی ڕەب بێ بەش نابێت. بەهرەی ڕەببانی دەسەڵاتی بەسەر تێکڕای بوون- مێژووی مرۆڤایەتیدا دەشکێ و هەر ئەو بەهرەیەیە هۆکاری ئەوەی ڕووی داوە و ئێستا ڕوودەدات و لە دوارۆژدا دەقەومێ. هەروەها بۆ جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانجە دیار و ڕەنگ بۆ ڕێژراوەکانی کرداری مرۆڤی کردووە بە ئامراز. مرۆڤ - بەندەکانی ڕەب- بەبێ ئەوەی پێ بزانن و ئاگایان لێ بێت ئامانج و مەبەستی خواستی بەهرەی ڕەببانی جێبەجێ دەکەن. ڕەب دوای ئەوەی جیهان و مرۆڤ و بوونەوەرانی داهێناوە بەرەڵڵای نەکردوون و بەجێی نەهێشتوون بێن بە ئامانجی تیری ڕێکەوت و هۆکارە دەرەکییەکان، لە بەهرە و بەزەیی (ڕەحمی) خۆی بێ بەشی نەکردوون، بەڵکو بەپێی خواستی خۆی کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردووە. ئەوەش وادەگەیەنێ کە مێژوو مەبەست و ئامانجێکی هەیە و لە سەرەتای پەیدابوونەوە لەلایەن ڕەببەوە کۆنترۆڵ کراوە و دەکرێ و هیچ شتێک لە ڕادە و سنووری بەهرەی ڕەببانی بەدەر نییە و ناچێتە دەرەوە.

ئەگەر مرۆڤ- بشێ- شتێک لە بارەی ئەو بۆچوونەی ئۆگۆستین بڵێ، دەبێ ئەوە بگوترێ کە سەرچاوەی ئەو بۆچوونە تەوراتی جوولەکە و پەیامی یاوەرانی عیسای مریەمە. خۆی لە خۆشیدا، بەتایبەتی شێوازی دەربڕینەکەی لە وتاری هەفتانەی نوێژی یەکشەممەی کڵێسەی مەسیحی دەچێ. وتارێک بەهیچ جۆرێک ڕوو لە ژیر و مێشک ناکات، بەڵکو کۆشش دەکات ناخی مرۆڤی بێ چارە بورووژێنێ و ختووکەی هەستی بێ ئومێدی بدات. ئەوی وەک ئۆگستین بڕوای بە بنەمای ئایینەکە نەبێ، بە هیچ جۆرێک بە دوعاکەی ناڵێ ئامین!.

**دووەم: تیوری بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن**

تیورییەکە لە تیورییە کۆنەکان خۆی ئەگەرچی جۆرە سەربەخۆییەکی پێوە دیارە، بەڵام لە ناو جەرگەی تیوری بەهرەی ڕەببانییەوە سەری هەڵداوە. لە بەرگ و ڕوخسار و بە شێوازی جیاواز لەلای فەیلەسووفانی مێژوو لە بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرێ و سەرنج ڕادەکێشێ. لە دوای قۆناغی ڕینیسانسەوە بە یەکجارەکی بەرگی لاهووتی لەبەر خۆی داماڵیوە و کۆششی سەربەخۆیی خۆی لەنێوان ئایین و سیاسەتدا کردووە. ئەگەر تیوری بەهرەی ڕەببانی ویستبێ ساغی بکاتەوە کە پرۆسەی مێژوو ئامانجەکییە و هەوڵی گەیشتنە ئامانجێکی دابێ، ئامانجی جێگیرکردنی مەملەکەتی ڕەب لەسەر زەوی و

لەدنیادا، ئەوە تیوری پێشکەوتن لە خۆیدا ئامانجەکییە و مێژووی بەوە داناوە کە بەرەو مەبەستی گەیشتن بە ڕەوشی کامڵ و تەواوەتی بوونی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ لەسەر زەوی و لەم دنیایەدا هەنگاو دەنێ(٢٦)، بۆیە دەبێ مێژوو پرۆسەیەک بێ مرۆڤ دروستی دەکات و دوورە لە هەموو دەست و هێزێکی سەرووسروشتییەوە و دەکرێ ساغ بکرێتەوە کە ئەو پرۆسەیە پشت ئەستوورە بە ژیر و بە بنەماکانی ژیر و لۆژیک لێکدەدرێتەوە. شتێک نییە لە مێژوودا پێی بگوترێ قەدەر- چارەنووس، چونکە مرۆڤ و کۆمەڵگا توانای ئەوەیان هەیە- بە یارمەتی ژیر و تاقیکردنەوەی ژیان- هۆشیارانە و لە پێناوی سوود و قازانجی تایبەتی خۆیان کاروباری خۆیان سەرکەوتووانە بەڕێوەبەرن و چاوەڕێی هیچ هێز و توانا و یارمەتییەکی بەهرەی سەرووسروشتی ناکەن!.

بنەما بنەڕەتییەکانی مێژوو و کۆمەڵگا و دابونەریت و بنچینەکانی ئاکار بە ناوەرۆک و ڕوخسارە تایبەتییەکانیانەوە هەمیشە لە هەموو قۆناغێکی جۆراوجۆری بەرەو پێشچووندا لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا بەپێی پێداویستییەکانی کە ئەوانیش بێ پسانەوە دەگۆڕێن، دیار و دەستنیشان دەکرێن. بەرەوپێشچوون، پێشکەوتن بنەڕەت و ڕێسا و تانوپۆی ژیانە، تەنانەت گۆلاوێک ئەگەر ئاوی نەیەتە سەرو لەبەری نەڕوات، تێکدەچێ و کەڵکی سوود لێ وەرگرتنی نامێنێ. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بابەتێکی فەلسەفەی مێژووییە چەندە توانای گۆڕان و بەرەوپێشچوونی هەبێ، ئەوەندەش توانای ژیانی هەیە و شایستەی بوونی خۆیەتی.

**سێیەم: تیوری بەدوای یەکتریدا هاتن**

ئەو تیورییە لە دوو لاوە سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ:

- مێژوو بە مێژووی کولتوور و شارستانیەت دادەنێ و ئەو شارستانیەتە بە چاوێک تەماشا دەکات کە وەک مرۆڤ بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ: لە دایک بوون، پێگەیشتن و کامڵبوون، لەناوچوون.

- لە ئایین و سیاسەت و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفەدا لایەنگیرانی هەیە و داکۆکی لێدەکەن و هەوڵی پشت ڕاست کردنەوەیان داوە.

پوختەی ئەو ئاراستەیە ئەوەیە کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژوو چەند تایبەتمەندییەکی گشتی هەیە، بەڵام ئەو پەرەسەندنە بە هێڵێکی ڕاست بەرەو پێش ناچێ، هەروەها ناگەڕێتەوە سەر دەستپێکەکەی کە لێیەوە دەستی پێ کردووە، پلە بە پلە بەرەو سەرووتر و پێشتر دەچێ، لەو گۆڕانەیدا هیچ جۆرە دووبارە بوونەوەیەک نەبووە و نییە، ئەگەر جووڵانەوەکەی لەسەر شێوەی بازنەش بێ، ئەوە لە هەموو قۆناغێکدا شتی نوێ دەرکەوێ بە تەواوەتی لە ناوەرۆک و ڕوخساردا لەهی ڕابردووی پێش خۆی جیاواز بێ.

ئەبو حامیدی غەزالی، لە چوارچێوەی ئاییندا، ئەو تیورییەی پشتڕاست کردۆتەوە. گوتوویەتی: خوا هەموو سەد ساڵێک کەسێک دەنێرێ کاروباری ئایین نوێ و نۆژەن بکاتەوە. (إن الله يبعث لهذه الامة على رأس كل مئة عام من يجدد لها أمور دينها).

لێرەدا بەدوای یەکتریدا هاتنەکە بە ماوەی یەک سەدە دیار و دەستنیشان کراوە و دانی بەوەشدا هێناوە کە هەموو بابەتێک خەسڵەتێکی مێژوویی هەیە بەوەی بەدرێژایی پرۆسەی مێژوو دەبێ لەدەستی گۆڕین و نۆژەن کردنەوە بەدەرە نەبێ.

**چوارەم: تیوری ژینگە و مەڵبەندی جوگرافی**

ئەو ئاراستەیە کێشە و بەرەیەکی زۆروزەبەندەی لەسەرە و وەک لایەنگیرانی هەیە، ناحەزانی کەمتر نین. ئەو تیورییە وای دادەنێ کە دەوروبەر و ژینگە، جوگرافی ئەو دەڤەرە ڕۆڵی سەرەکی دیاریکردنی هۆکاری پاڵنەری پرۆسەی گۆڕان و ڕووداوەکانی مێژووە. بۆ نموونە ژینگە، بیابان، دەشت، چیا و دەڤەری قەراغ دەریا کاری جیاواز لە سروشت و کەسێتی گەلان و کۆمەڵگاکان دەکەن و جیاوازی نێوان میللەتان، بە تایبەتی لە کولتوور و شارستانی و دابونەریتی کۆمەڵایەتییان دەچێتەوە سەر بنجوبناوانی کەشوهەوا و ژینگەی جوگرافیایی، ئەو جیاوازییەش ڕەوتی گۆڕان و پرۆسەی بەرەو پێشچوونی مێژوو، کەوتنەوەی ڕووداوەکان دیار و دەستنیشان دەکات. ڕاستییەکی ئەگەر و گومان هەڵنەگرە کە کەشوهەوا و ژینگەی ڕۆژهەڵات، لە کولتووری پێش فەلسەفە و ئایینی فەرەنگ بەولاوە شتێکی دیکەی لە دەست نەهاتووە و لێی نەکەوتۆتەوە، بەڵام ژینگەی جوگرافی ئەوروپا فەلسەفە و زانست و کولتوور و شارستانیەت و تەکنۆلۆژییەکی ئەوتۆی داهێناوە مرۆڤی گەیاندۆتە ئەو لووتکەیەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووە. هەر شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا ساڵی (١٧٨٩ز) بوو

هەر سێ دروشمی: ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری جێبەجێ کردووە. ژینگەی ڕۆژهەڵات هانی مرۆڤی داوە خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی هەلومەرجی لە ئارادا بوو پەسند بکات، کەچی لە خاوەر زەمین، هەلومەرج گۆڕاوە بۆ ئەوەی بەسوود و قازانجی مرۆڤ بکەوێتەوە.

ڕاستە هۆکاری جوگرافی، ژینگە، دەوروبەر ڕۆڵی بەرچاوی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە و دەگێڕێ، هیچ کاتێک کولتووری مرۆڤێکی بیابان لە کولتووری مرۆڤێکی چیایی ناچێ، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییەش لە یاد بچێ کە شۆڕشی نوێی تەکنۆلۆژی سەردەم تارادەیەک ئەو ڕۆڵەی کاڵ کردۆتەوە. وڵاتێکی وەک ژاپۆن کە بەدەگمەن نەبێ سامانێکی سروشتی- ژێر زەوی نییە، کەچی بووە بە وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهان، بێ گومان ئەو ڕۆڵە بە ئاشکرا دوو لایەن گێڕاویانە:

١- ڕژێمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی فەرمانڕەوا لە کۆمەڵگادا، ڕژێمێک کە بە ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری پشت ئەستوور بێت، دەرگای ئاسۆی پەرەسەندنی ئەمڕۆ و دواڕۆژ لەبەردەم هاووڵاتیاندا دەکاتەوە. بەلای تردا بە پێچەوانەشەوە دەبێت بە کۆسپ و تەگەرەی بەردەم ئەو پەرەسەندنە.

٢- سوود وەرگرتن لە زانست و تەکنۆلۆژی بەپێی پێودانگی زانستی سەردەم.

تەنانەت وڵاتانی عەرەب کە گەورەترین سامانی سروشتی ژێرزەمینیان هەیە (پیترۆل و کانزا) ئینجا خاوەن ئایینێکن توانیویەتی بە ملیۆن کەسانی ناعەرەب بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، کەچی هەتا ئەو ساتە ئەو میللەتانەی عەرەب بە دەست سادە و ساکارترین کێشەی ژیانەوە دەناڵێنن، چونکە لە ڕژێمێکی مرۆڤپەروەر بێ بەشن و هیچ سوودێکیان لە شۆڕشی زانستی نەدیوە! کورد وتوویەتی: ئەگەر مریشک خۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکات، کەس ناتوانێ خۆڵی بەسەردا بکات! ئایا گەلانی عەرەب شایستەی ئەو ڕەوشە نالەبارەن، یان خۆیان ئامادەن ئەو باردۆخە ناڕەوایە پەسند بکەن؟ لە دڕکەزی کوڵەگە هەڵناستێ، ئایا ئەو ڕژێمانەی حوکمی عەرەب دەکەن لە دەرەوەی نیشتمانی عەرەبەوە هاتوون، یان گەلانی عەرەب و کۆمەڵگەکەیان دروستیان کردوون و بەلایانەوە پەسندە، بۆیە بێ دەنگن!؟ ئەگەر ژینگە و دەوروبەری جوگرافی ڕۆڵی سەرەکی لەو کایەیەدا بگێڕێ چۆن بوون و ڕەوشی دەوڵەتی جوولەکە (ئیسرائیل) ڕوون دەکرێتەوە؟

**پێنجەم: ڕۆڵی ڕەگەز لە مێژوودا**

ئەو تیۆرییە لە دوو بەرگ و کاڵادا بەرچاو دەکەوێ، کاڵا و ڕوخسارێکی ئایینی و ئەوی تریان سیاسییە:

لە تەورات و قورئاندا هاتووە و دووپات کراوەتەوە کە ڕەگەزی جوولەکە «بەنی ئیسرائیل» میللەتی هەڵبژاردەی ڕەبن و قورئانیش بە ئاشکرا ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە کە جوولەکە- تایەفەی مووسا- میللەتی هەڵبژاردەی خوان و خراونەتە سەر میللەتانی ترەوە (وأني فضلتكم على العالمين/ سورة البقرة- ١٢٢). بۆیە سەیر نییە کە لە کولتووری جوولەکەدا هاتبێ کە ئەوان مێژوویان داهێناوە!

لەلایەنی سیاسییەوە فیختە فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئەڵەمان لە چەند «پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان»دا بە ئاشکرا پێ لەسەر ئەوەدا دەگرێ گوایە ئەڵمان کە لە ڕەگەزی ئارین، ڕەگەزێکی پاک و خاوێن و بێ گەردن و سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ژیان و کولتووری گیانییان هەیە و مێژووش ئەرکێکی گەورەی پێ سپاردوون کە جێگای ئاوات و ئامانج و مراز و نیازی دواڕۆژی مرۆڤایەتین(٢٧) بە پێچەوانەوە میللەتانی تر دوو ڕەگن و لەباتی بەرەوپێش چوون بەرەو ژاکاوی و هەڵدێر هەنگاودەنێن.

ئەو جۆرە بڕیاردانانە بەهیچ بنەمایەکی کولتووری و مێژوویی و ژیر پشتڕاست ناکرێنەوە. ڕەگەزی پاک و ڕەگەزی دوو ڕەنگ هیچ گەلێک ناگرێتەوە و بە تەواوەتیش هیچ گەلێک لێی بەدەر نییە. لەوە ناچێ مێژوو گەلێکی پشتگوێ خستبێ و پشکی شێری بە یەکێکی دیکە دابێ. ئەگەر گەلی عەرەب لە بیابانی دوورگەی عەرەبەوە ئایینی هێنابێ و میللەتانی دیکە لەو ئایینە- لەسەردەمی عەبباسی-دا بە پیت و پێزترین کولتوور و شارستانیان داهێناوە. کەسیش لاری لەوە نییە کە ئەو ئایینە مەسیحییەی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتین لافی پێوە لێدەدەن لە ئۆرشەلیمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتووە، ئینجا بەرەو ئەوروپا باری کردووە و لەوێ جێگیر بووە. کەسی شارەزا لاری لە ڕۆڵی گرینگ و مێژوویی و زانستی ئەڵەمان نییە، بەڵام میللەتانی دیکەش بەپێی ئەو هەلومەرجەی بۆیان هەڵکەوتووە و ڕەخساوە لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشانیان کەمتەرخەمییان نەکردووە! ئەو

عوسمانلییانەی هیگڵ بە کەمی زانیون چوار سەد ساڵ حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتیان کردووە و کاتی خۆی ئابڵۆقەی ڤییەننایان داوە.

**شەشەم: ڕۆڵی سەرکردە و ڕابەر**

ئەو تیورەیە بابەتێکی کێشە لەسەرە و هەویرەکەی ئاوێکی زۆروزەبەندە دەکێشێ، چونکە پرسیارەکە: ڕووداوەکانی مێژوو تاکەکەسانن دایان هێناوە، یان گەل و کۆمەڵگا؟ بە هەر لایەکدا وەڵام بدرێتەوە هەر بێ کەلەبەر نابێ و پرسیاری تری لە وەڵامەکە کەوتووە بە کراوەیی دەمێننەوە و چاوەڕێی بەلایەکدا خستن دەکەن.

ئەو ئاراستەیە وای دادەنێ کە تاکەکەسی تایبەتی کە چەند تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاریکراوی تێدایە ڕابەری پرۆسەی مێژوو دەکات. کە باسی سەردەمی کۆنی یۆنان دەکرێ یەکسەر ئەسکەندەری مەکدۆنیا بە بیردا دێ و ناکرێ ڕۆڵی سەلاحەدینی ئەیووبی لە دەرکردنی مەسیحی و جوولەکەکان لە ئۆرشەلیم و هێنانەوەی عەرەبەکان بۆ ئەو دەڤەرە و گۆڕینی میسری شیعە بە سوننی مەزهەب پشتگوێ بخرێت، تەنانەت ئەگەر ئەسکەندەر وڵاتی فارسی (ئێرانی) ئەوسای داگیر نەکردبایە، زەردەشتی وا بە ئاسانی لەناو نەدەچوو، مەسیحییەتیش وا بە خێرایی بڵاونەدەبۆوە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێ، ئەو تاکە کەسە ڕابەرە، پاڵەوانە لەکوێوە هاتووە؟ چ پێوەندی بە هەلومەرجی فرەڕەنگی دەوروبەر و کۆمەڵگاکەیەوە هەبووە کە تێیدا ژیاوە، پێگەیشتووە، ئینجا ئەو ڕۆڵە سەرتاپاگیرەی تێدا گێڕاوە؟!

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە سەرکردە، ڕابەر، پاڵەوان، بە واتا سیاسی و کۆمەڵایەتی سەربازییەکەی، ڕۆڵەی سەردەم و کۆرپەی ژینگە و دەوروبەر و کۆمەڵگای خۆیەتی کە تێیدا پێگەیشتووە. ئەوەش لەو بۆچوونە کاڵ ناکاتەوە کە لە قۆناغی نائاساییدا، تەنگژە و قەیران و قاتوقڕی هەمان کۆمەڵگا چاوەڕێی ڕابەرێک دەکات جڵەوی گۆڕینی ڕەوشەکە بگرێتە دەست.

هەرچۆنێک بێت ئەو تیورییە بنەماکەی دەچێتەوە سەر قۆناغی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگا و بڵاوبوونەوەی جیهاندیدی ئایینی لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا.

بایەخدانی سنوور بەزێن بە ڕۆڵی تاکەکەس ئەنجامی ئەوپەڕی نالەباری کاولکاری لێدەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا پشتگوێ خستنی ئەو ڕۆڵەش لە خۆیدا چاونووقاندنە لە ئاقار ڕاستییەک کە هەموو ئاگرێک پێویستی بە پریشکێک هەیە. ئەو ئاراستەیە بووە بە بابەتێک تەنیا هەر لە دووتوێی کتێبە سەرچاوەییەکانی مێژوودا جێگای دەبێتەوە و لەوێ هەڵگیراوە. ژیانی مرۆڤی مۆدێرن لە کۆمەڵگای نوێدا تاک پەرستی پەسند ناکات و لەگەڵ ئازادی و یەکسانی و دیموکراتیدا دێتەوە.

**چەمکەکانی فەلسەفەی مێژوو**

ئەوی فەلسەفە و مێژوو بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ئەوەندەی پێوەندی بەو بابەتەوە هەیە لە چوارچێوەی میتودە و ڕێبازدا، چەند چەمکێکە کە لە فەلسەفەدا بەکاردێت و لە فەلسەفەی مێژوودا سوودیان لێ وەردەگیرێ. ئەو بۆچوونە لەوە ناگۆڕێ کە مێژوو هەمیشە بایەخی بەڕووداو و بابەتی تاک و هەندەکی داوە، کەچی فەلسەفە بە پێچەوانەوە سەرگەرمی هۆکاری دوور، شاهۆکار و بابەتی هەمەکی و گشتی بووە. لە کاتێکدا مێژوو ڕووداوی تاک و تاکەکەسان لە یەکتری جیا دەکاتەوە و تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەتی هەر یەکێکیان بە جیا دیار و دەستنیشان دەکات، بەلای فەلسەفەوە ڕاستی لەخۆیدا هەر ڕاستییە و ئەو تاکە ڕاستییە، یان ئەوی تریان مەبەست نەبووە و نابێ! فەلسەفە بابەتی خۆی لە هەمەکی- گشتیدا دەبینێتەوە و مێژوو، بە تایبەتی هزری مێژوویی لە تاک بەولاوە کەرەسەیەکی تر شک نابات. چەمکە ناوکۆییەکانی فەلسەفە و مێژوو ئەوانەن:

**١- چەمکی هۆکار و ئەنجام:**

ئەو چەمکە بە چەمکی هۆکارەکی ناودەبرێ پتر لە زانستییە سروشتییەکان و فەلسەفەدا بەکارهاتووە. پوختەکەی ئەوەیە لە کاتی لە ئارادابوونی هەلومەرجی وەک یەک لە هۆکارێک ئەنجامی دیار و دەستنیشانکراو دەکەوێتەوە. هەمان هۆکار ناکرێ ئەنجامێکی تری بەدوادابێ. بەپێی ئەو چەمکە پێوەندییەکی ناچاری لەنێوان ڕووداوەکانی مێژوودا هەیە هیچ جۆرە دەرفەتێک بۆ ڕێکەوت لە ئارادا نییە. ناکرێ گریمانە بکرێ کە ڕووداوێک، قەوماوێک بە ڕێکەوت کەوتۆتەوە، بەڵکو دەبێ بە ناچاری هۆکارێکی قەومانەکەی لە ئارادابووبێ، ئەگینا ڕووی نەدەدا و نەدەکەوتەوە. ئەو بڕیارە لە خۆیدا هەموو ئەنجامێک، هەموو ڕووداوێکی مێژوویی هۆکارێکی هەیە و بەبێ بوونی ئەو هۆکارە نەدەکرا

ڕووداوەکە سەرئاو بکەوێ جۆرە بنەمایەکی ژیرەکی- لۆژیکی بە پرۆسەی ڕووداوەکانی مێژوو دەبەخشێ.

**٢- چەمکی هەمەکی:**

لەو چەمکەدا بە تەواوەتی ڕۆڵی فەلسەفە لە شرۆڤەکردنی بابەتی مێژوودا دیار و بەرچاو بەدەردەکەوێ. لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا فەلسەفە، یان لە سۆنگەی فەلسەفەوە وا سەرنجی ڕووداو و بابەتە تاکییەکانی مێژوو دەدرێ، ئەگەرچی کۆیەکی تاکی فرە ڕەنگی بن، کە یەکەیەکی یەک ڕەنگ لە چوارچێوەی پرۆسەی نەپساوی مێژوودا پێکدەهێنن. ئەو هەڵوێستەی فەلسەفە کە پەنا بۆ بەر چەمکی هەمەکی دەبرێ و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا ڕووداوەکانی ڕابردووی کۆمەڵگا- لە کایەی مێژوودا- شی دەکرێنەوە، ئەو چالاکییەی فەلسەفە دەبێتە مایەی ئەوەی ڕووداو و قەوماوەکان لە بەرگی تاک بهێنرێنە دەرەوە و کالآیەکی گشتییان بە بەردا ببرێ بۆ ئەوەی لە جێگای گومان و هەرەمەکی و بێ سەروبەری ڕووداوەکاندا جۆرە بنەمایەکی پتەوی تەواوەتی و کامڵبوون لە نێوانیاندا دەستەبەر ببێ. لێرەوە بابەتی مێژووی چەرخ و قۆناغێک، هی کۆمەڵگا و سەردەمێک دەکرێ بە بابەتی مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی جیهان بەگشتی. ئەو ئەرکە کە بەشی دووەمی چالاکی فەلسەفەیە و بە لێکدان -Syn thesis ناودەبرێ، یەکەیەکی یەکڕەنگی لە چوارچێوەی ڕووداوی هەندەکی تاکدا دابین دەکات و لە کایە و دەڤەری ڕووداو و هەڵکەوتە و هەندەکییە تاکەکان بەرەو ئاسۆی گشتی هەمەکی مێژوو بە گشتی هەنگاو دەنێ. ئەرکی کلاسیکی فەلسەفە لەو چەمکەدا کە بەکاردەهێنرێ و بە تەواوەتی بەرجەستە دەبێ:

- شیکردنەوە: لە هەنگاوی یەکەمدا ڕووداوەکان شی دەکرێنەوە و هەوڵ دەدرێ ببرێنەوە سەر بنجوبناوانیان. ئینجا:

- لێکدان: دوای شیکردنەوە لەسەر بنەمای بابەتە شیکراوەکە کۆششی دارشتنی جیهاندیدێکی گشتی فرەڕەنگ دەربارەی هۆکار و مەبەست و ئامانجی مێژوو بەگشتی دەکرێ، بەو مەرجەی ئەو جیهاندیدە سەرتاپاگیر بێ و لەچوارچێوەی تەنگەبەر و تەسکی مێژووی قۆناغێک، دەڤەرێک، سەردەمێکدا گیر نەخوات و سنووری ناوچەیی بەرەو ئاسۆی گشتی- هەمەکی جیهانی ببەزێنێ.

**٣- چەمکی ئامانجەکی:**

ئەو چەمکە جگە لە فەلسەفە و فەلسەفەی مێژوو، پتر لە کایەی زیندەوەرزانیدا (بیۆلۆژی) بەکاردەهێنرێ و بە تەواوەتی لەگەڵ چەمکی هۆکاری جیاوازە.

کاتێک مرۆڤ هەوڵ دەدات، دیاردەیەک، ڕووداوێک بەهۆی هۆکارەکەیەوە لێک بداتەوە، بەهۆی دیاردەکەی کە لە پێشییەوە هاتووە شرۆڤەی دەکات، ئەوە لە خۆیدا بنەمای هۆیەکییە.

بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەدوای مەبەست و ئامانجی دیاردە، ڕووداوەکەدا بگەڕێ، ئەوە لەو ئەنجامەدا کە بەدوایدا هاتووە هۆکارەکە دەدۆزێتەوە. ئەگەر لە بنەمای هۆیەکیدا هۆکار لە پێشەوە بێت، ئەوە لە ئامانجەکیدا هۆکار لە پشتەوە، لەدواوەیە، لەو ئەنجامەدایە کە ئامانجی ڕووداوەکە بووە و لە هۆکارەکە کەوتۆتەوە. لە فەلسەفەی مێژوودا ئەو بنەمایە بەو جۆرە شرۆڤە دەکرێ کە ئەو ڕووداوەی دوێنێ، لە ڕابردوودا ڕووی داوە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبووە و هۆکارەکەی لەدوارۆژدایە، چونکە دەبوو ئەو شتە ڕووبدات بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئەو ئەنجامەی لێ بکەوێتەوە. بابەتی بنەمای ئامانجەکی پتر بەلای فەلسەفەدا دەچێ و کەمتر لە کایەی زانستی سروشتیدا لایەنگیرانی هەیە. ئەو چەمکە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: ئایا ڕووداو و قەوماوەکانی مێژوو ئەگەر هۆکاری کەوتنەوەیان هەبێ، لە هەمان کاتدا ئامانجێکی دیار و دەستنیشانکراویان هەیە کە هۆکاری ڕووداوەکان بوون و هەر دەبوو ڕووبدەن، چونکە ئەو ئامانجەی لێیان دەکەوێتەوە هەر دەبوو لە دوارۆژدا لێیان بکەوێتەوە؟!

بەو پێیە ئەگەر هۆیەکی بنەمایەکی ڕابردوو بێ، بنەمای ئامانجەکی توندوتۆڵ بەدوا ڕۆژەوە بەندە و هۆکارەکەشی لە ئەنجامەکەدایە کە ئامانج و مەبەستی ڕوودانی ڕووداوەکە بووە. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ، هەرسێک ئایینە ئاسمانییەکە (جوولەکە، عیسایی، ئیسلام) هەریەکە بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجی پەیدابوون و دەستبەکاری و بڵاوبوونەوە و جێگیربوونیان بە جۆرێک لە جۆرەکان پێی لەسەر بنەمای ئامانجەکی دادەگرن. بۆ نموونە لە ئیسلامدا بە ئاشکرا وتراوەکە: خوا بەو ئامانج و مەبەستە خەڵکی داهێناوە (خەڵق کردووە) کە بی پەرستن. ئەو گوتە بە شێوازێک لە شێوازەکان لە خانەی هۆیەکی دەچێتە دەرێ و دەچێتە نێو کایە و پاوانی بنەمای ئامانجەکییەوە، چونکە پەرستنەکە لێرەدا ئامانج و مەبەستە.

# ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی

**بەکری تەمیزی**
**لە فارسییەوە: فاتمە بوداغی «ڕووبار»**
**(بۆکان)**

شەپۆلی دووەمی فێمینیست، لە فەڕانسە، بە سیمۆن دوبۆڤوارەوە دەناسرێ. ئەو ئەدەبیات وەک گرینگترین مانای دەسەلاتی باوکسالار لە بنەماڵەدا دەناسێنێ. دوبۆڤوار لەم باوەڕەدایە کە نووسەرانی پیاو ڕوانگەیەکی کۆنەپارێزانەیان سەبارەت بە ژن هەیە. نووسەرانی پیاو لە بابەت ژنانەوە دەنووسن تاکو باشتر و بە تەواوی خۆیان بناسن.

ڕوانگەی سیمون دوبۆڤوار لە جەرگەی هەموو فێمینیستە فەڕەنسییەکاندا شەپۆلێکی بەهێزە، ئەو لە کتێبی جنسی دووەمدا دەڵێ: کاتێ ژنێک دەیەوێ خۆی بناسێنێ بەم ڕستەیە دەست پێ دەکا «من ژنێکم». هیچ پیاوێک ئەم کارە ناکا. ئەم ڕاستییە، نەبوونی دۆستایەتی بناغەیی نێوان زاراوەی «پیاوانە» پیشان دەدا. بۆ پێناسەی مرۆڤ لە وشەی «پیاو» کەڵک وەردەگرن نەک لە وشەی «ژن». ئەو لەم باوەڕەدایە کە: «ژنان لە نێو پیاواندا بلاو بوونەتەوە، نەمێژوویان هەیە، نە نەزمێکی سروشتی. ئەوان بە پێچەوانەی گرووپە چەوساوەکانی تر، پاڵ وێک نادەن و یەکێتییان نییە. ژن لەگەڵ پیاودا پێوەندییەکی نا هاوسەنگیان هەیە. پیاو هەر ئەم «کەسایەتییە» و ژنیش «ئەمی تر». دەسەلاتی پیاو، جۆرێ کەشوهەوای ئایدیۆلۆژیای هێناوەتە ئاراوە: «یاسادانەران، کەشیشەکان، فەیلەسووفەکان، نووسەران، پسپۆڕان تێکۆشاون نیشانی دەن ئەم پلەوپایەی ژێر چەپۆکە بوونی ژن لە ئاسمان دیاریکراوە و لە زەویدا بە قازانجە.»

سیمۆن دوبۆڤوار دەڵێ: «بوونی ژنان بە پێچەوانەی پیاوان دوو لایەنی هەیە.» ئاستی مرۆڤایەتی پیاو بە هیچ جۆرێ لەگەڵ چارەنووسی ئەو لە بابەت پلەی نێر بوونی ئەودا دژایەتی نییە، بەلام ئەم چاوەڕوانییە لە ژن دەکرێ بۆ سەلماندنی ژنێتی، خۆی وەک کەلوپەل، یان

نێچیرێک لێ بکا. مرۆڤایەتی ژن لەگەڵ مێینەبوونی ئەو جیاوازە و وەک دووڕیانێک وایە، جا هەر کامیان هەڵبژێرێ، حاشا لە بەشێک لە بوونی خۆی دەکا. ژن تەنیا کاتێ لەم دووبەرەکایەتییە ڕزگاری دێ وا مرۆڤایەتی و جنسیەتی ئەو بە یەکەوە جیاوازیان نەبێ.»

مارگرێت دۆراس(١)، یەکێک لە پێشڕەوانی ڕۆمانی نوێ و بزووتنەوەی ژنانە، لە بەرهەمەکانیدا زۆر کێشە و پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زەین و دەروونی مرۆڤ تێکەڵ کردووە.

مارگرێت دۆراس لە نووسراوەکانیدا لە ئەوین و مردن وەک دوو دنیای خرۆشاو، بەرین و پڕ سۆزی ژن باس دەکا و قووڵایی دەروون و هۆگرییەکانی ژن دەڵێتەوە.

مارگرێت دۆراس لە پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی ژناندا دەڵێ: (٢) نووسراوەی ژن لە «نەناسراوییەوە» سەرچاوە دەگرێ، لە ئاکامدا بە جێی ئەوەی زمانێکی لە پێشدا دارێژراو بێ، پێوەندییەکی نوێیە، بەڵام بۆ دەسکەوتی ئەو جۆرە نووسراوەیە دەبێ بنەمایەکی پتەومان بێ. زۆربەی ژنان لەم باوەڕەدان دەبێ ڕێوشوێنێک ڕەچاوکەن وا کە تا ئێستا باو بووە. واتە بۆ هاتنە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە دەبێ وەک پیاوان بنووسن. کۆلێت، چیرۆکنووسێکی هاوچەرخی فەڕەنسی لە زمانی کیژێکی یاخی و سەربزێو و ژیکەڵەوە دەنووسێ. ئەو «ئەدەبیاتی ژنانە» بە خواست و سروشتی پیاوان دەنووسێ. لە ڕاستیدا ئەمە ئەدەبیاتی ژنان نییە. ئەدەبیاتێکە لە ڕوانگەی پیاوانەوە، ژنانە ناسراوە و هەر خۆشیان لە خوێندنەوەی چێژ وەردەگرن. لە ڕوانگەی منەوە ئەدەبیاتی ژنان ئەدەبیاتێکە نەترس و بوێر و بێ کەینوبەینە و ئیتر ئێمە نابێ لەگەڵ ئەم شتەی تا ئەمڕۆکە نووسراوە هەڵسەنگێنین و دادوەری بکەین، ئەم جاریش وەک پیاوان لە بنکەیەکی تیوریکەوە دەست پێ بکەین. پیاوان بۆ ئەو دارشتنە، بڕست و وزەی پیاوانەیان کردە بنەما و ئەو شتەی وا لەم هێزە وەرگیراوە بڕیتین لە وشەکان، وشەگەلی یەک لایەنە بۆتە هۆی بێ دەنگی پتری ژنان. بە ڕای من ژنان هیچ کات خۆیان بە وتە ئاشکرا نەکردووە. ئەم باسە وەک ئەمە وایە پرسیارم لێ بکەن: بۆچی چینی کرێکار (پرۆلیتاریا) نووسەریان تێدا نییە؟ بۆچی کرێکاری مۆسیقا زانمان نییە. بۆ خوڵقانی مۆسیقا دەبێ ئازادی تەواو هەبێت. مۆسیقا تێکشکانی سنوورەکانە، شێتییە، شێتییەک وا ئازادانە بە گیاندان و خۆبەختکردن وەدەست هاتووە.»

ئێمە سزر شاعیرێکی ڕەش پێست دەڵێ: «لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕەش پێستێکدا خەڵک لە خۆیان دەپرسن داخوا خوێنەکەشی ڕەشە، بەڵام هیچ کات ئەم پرسیارە نایەتە زەینیانەوە داخوا خوێنی سپی هەیە؟ کاتێ لەگەڵ پیاوێک ڕووبەڕووین دەتوانین لە خۆمان بپرسین: داخوا بەشێکی ژنانەی هەیە؟ خاڵی گرینگ ئەمەیە. واتا گۆڕانکاری لە هەر شتێکدا، بۆ نموونە لە ڕەخنە و ڕاڤە و هاوێر کردن.

فێمینیستە فەڕەنسییەکان هۆگری شکانی پێکهاتەی باوکسالارین. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی ڕەوان توێژی دەدا. بە پێی ڕوانگەی فرۆید کچۆڵەیەک بە دیتنی ئەندامی جنسی پیاوان، تێدەگا ئەو ژنە و هەر ئەوەی وا ئەندامی جنسی وەک پیاوانی نییە، خۆی بە شێوەیەکی کلۆڵ دەناسێنێ و لە ئاکامدا «بەخیلی بە ئەندامی جنسی پیاو» دەبێتە گرێیەک لە بیر و مێشکیدا. بە پێی ڕوانگەی فرۆید، بەخیلی بە ئەندامی جنسی پیاو لە ژناندا بە گشتی و هۆی «ڕقی یەختەیی بوونی» Castration Complex دەبێتە هۆی ئەمە خۆیان بە «مرۆڤێکی ناتەواو» بە ئەژمار بێنن. لەم ڕووەوە ڕوانگەی فرۆیدیان نێوناوە «نێرینەسالار» (Phallocentric)(٣) فێمینیستەکان لە هەمبەر ئەم ڕوانگەیە وا ژن بە «ژێرچەپۆکە، هۆگری خۆی، خۆئازاردەر و گیرۆدەی ڕقی بەخیلی، سەبارەت بە ئەندامی جنسی پیاوانە» دەزانێ بە توندی دژایەتی دەکات. هێندێ لە فێمینیستەکانی فەڕەنسی لەو باوەڕەدان «ئەندامی جنسی پیاو» لە ڕوانگەی فرۆیدەوە چەمکی «سیمبۆلیک» هەیە نەک ڕاستێکی بوونەوەرناسانە. لاکان بە کەڵک وەرگرتن لە وشەگەلی «ئەندامی جنسی پیاوان» مانا دێرینەکانی ئەو وشانە لە ڕێوڕەسمەکانی زاووزێدا دەخاتە بەرچاو و بە ئاماژە کردن بەو مانا «سیمبۆلیک»یە ئەوە وەک دەسەڵات بۆ پیاوان دەناسێنێ.

پاڵپشتی بنەمایی ڕەخنەی ئەدەبی فێمینیستی فەڕەنسی دەقە. واتە جەختکردن لەسەر تامۆچێژ وەرگرتنی بەهرەمەند لە نووسین و خوێندنەوە دەتوانێ ببێتە هۆی گەشەسەندنی ڕواڵەتگەلی جیاواز و چەند لایەنەی زەینی. ئەوان زاراوەی «نووسراوەی ژنان» (Ecriture Feminine) لە کار دەکەن. ئەم زاراوەیە کریستۆڤا(٤) (K ristova)، ئیریگاری (Irigaray) و سێکسوس(٥) (Cixous) لە کاریان کردووە.

بنکەی بڵاوکراوەکانی ژنان لە پاریس لە ساڵی ١٩٧٠ زایینییەوە پشتیوانی لەم باوەڕە کردووە و بەشێکی بەرچاوی «نووسراوەی ژنان»ی بڵاو کردۆتەوە.

ڕەخنەی ئەدەبی فێمینیستی فەرەنسی بایەخ بە داخوازییەکانی «ئەندامی ژنان» دەدا و لەو نووسراوەدا بەیان دەکرێ لەو باوەڕەدایە وا ئەم شێوە دەربڕینە دەشێ دارێژەری بنەمای زمانێکی جیاواز بێ. ئەم خوازیارییە لە زۆر بواردا بێ ئیختیار، دەربڕاون. ڕەخنەی فێمینیستی فەرەنسی ئەم بێ ئیختیارییە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لە ئاکامدا بەوە دەگا کە وێکچوونی ئەم بێ ئیختیارییە لە ژناندا دەتوانێ کۆمەڵە وێنەیەکی جیاواز پێکبێنێ.

لە «نووسراوەی ژنان»دا نووسەران هۆگریان بە نووسین لە بابەت لەشی ژنانەوە هەیە. هێلن سێکسوس توانی ئەم هۆگرییە لە ڕێگەی سەرنجدان بە ئوستوورەوە ڕێکوپێکتر بکا. سێکسوس دووبەرەکایەتی و دژایەتی نێوان چالاکی و داماوی، یان ناچالاکی (Activity /Passivity)، ژێردەست / باڵا دەست (Superior/ Inferior) لە ئوستوورەدا وەک شەڕێکی جنسی دەزانێ و پێوەندی نێوان زانیاری و دەسەڵات لە نووسراوەکانی خۆیدا دەخاتە بەر ڕەخنەوە. ئەو لە گەڵاڵەی وانە کوتنەوەی خۆی و نووسراوەکانیدا، بنەمای ئەم گەڵاڵەیە لە سەر دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ژن و لەشی ژن و نووسراوە دادەنێ. ئەو هەر لە بەرهەمەکانی شێکسپیرەوە تا ڕۆمانتیسمی ئەڵمانی و بەرهەمی نووسەری هاوچەرخی برازیلی (Clarie Lispector)، هەمووانی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە.

سێکسوس لە پێکەنینی مێدۆزا (The Laugh of Medusa)دا ڕاگەیاندراوێکی ناسراوی نووسراوەی ژنانە و لە ساڵی ١٩٧٥ زایینیدا نووسیوبەتی و پێشکەشی کردووە بە سیمۆن دوبۆڤوار، داوا لە ژنان دەکا خواستەکانی خۆیان لە نووسراوەکانیاندا بدرکێنن. ئەو ژنان بە بەردەنگ دادەنێ و دەڵێ: «خۆت بنووسەوە و خواست و پێداویستییەکانی تۆ دەبێ ببیسرێن. تەنیا بەم جۆرە کانگای بێ بنی زەینی بێ ئیختیاری تۆ هەڵدەچێ.» لە ڕوانگەی سێکسوسەوە زەینێکی تەواو و بە گشتی ژنانە هەر نییە، بەڵکو خەیاڵاتی ژن بێ بڕانەوە و جوانە، ژنێکی نووسەر کە بە ڕاستی ڕزگار بووە کاتێ دێتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە دەڵێ: «من... لێوڕێژم، داخوازی و خواستەکانی من خواستی نوێیان خوڵقاندووە. لەشی من گۆرانییە نەبیسراوەکان دەزانێ. زۆر جاران ... من هەست دەکەم هێندە سەر ڕێژم لە سێڵاوی نوور کەوا دەتوانم تێک بشکێنم ..»

سێکسوس لە هەنگاوی یەکەمدا زانیارییە دارێژراوەکانی پیاوانە تێک دەشکێنێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە تەنیا شتێک دەتوانێ بێت و جێی دەسەڵاتی پیاوانە بگرێتەوە، دارشتنی زمانی ژنانەیەو وا نیشاندەری جیاوازی جنسییەتە. ژن دەبێ خۆی لە جوغزی بە ناو عەیبوعار ڕزگار بکاو «ئەوەی وا شیاوی ئەوە، خواستەکانی خۆی، گۆڕەپانی بەرینی هەبوونی خۆی وا سەر بەمۆر و دەست لێ نەدراو ماوەتەوە، وەدەستی بێنێتەوە.» لە ڕوانگەی ئەوەوە نەریتی باوکسالار توانیویەتی دەنگی ژنان لە گەرووی بێ دەنگ بکا و وای کردووە ژن هەست بە تاوانباری بکات. ژنان دەبێ هەست بە تاوانباری وەلانێن. تاوانی ئەوە وا لە ڕادە بەدەر گەرموگوڕن، یان لە ڕادەبەدەر بێ هەست و ساردوسڕن. هەستی دایکانەیان لە ڕادەبەدەر، یان تاڕادەی پێویست دایک نین و شتی لەم چەشنە.

لە ڕوانگەی هێلن سێکسوسەوە هۆگرییەک وا ژنان بە «نووسراوەی ژنان» هەیانە، نووسین لە بابەت لەشیانەوەیە. سێکسوس بە لێکۆڵینەوەی ئۆستوورەکان توانی ئەم هۆگرییە ڕێکوپێکتر بکات. چیرۆکی هێرا (Hera) و جوانی ڕازاو (Sleeping Beauty) چیرۆکێکن لەسەر داکۆکی ئەو، لەمەڕ پێوەندی نێوان ناوی ژنان و جنسییەتی وان پێکهاتووە. هێنانە بەرچاوی جنسی (Sex) ژنانە لەگەڵ گلێنەیەکی بچووکی هەنگوین وا لە دارستان گیرۆدە بووە، خوازەیەکی پیاوانەیە. سێکسوس لەناوبردنی جیاوازییەکان حاشا دەکا و دەخوازێ ئەو جیاوازییانە وەدەر بخرێن. سێکسوس «نووسراوەی ژنان» پێوەند دەدا بە دەورەی پێش ئۆدیپی لاکان وا لەودا جۆرێ یەکێتی پێش ئۆدیپی لە نێوان منداڵ و لەشی دایکدا هەیە و جیاوازییەک (Difference) نییە. ئەم گەڕانەوە ڕزگاریدەرە بۆ «دایکی باش» سەرچاوەی هەڵقوڵینی ڕوانگەی شاعیرانەی سێکسوس لە نووسراوەی ژنانەیە وا ڕەنگبێ جۆرێکی نوێ لە جەزبەی جنسی جیاواز پێکبێنێ. سێکسوس لە پێوەندی لەگەڵ جنسییەتی ژنانەدا دەڵێ: «خواستی ژنێک، بەو هەموو حەز و تاسە لەبڕان نەهاتووەوە... بە هەزار ئاهەنگ قسەدەکا». لە ڕاستیدا ئەو سەبارەت بە ژوی سانس (Jouissance) کەوا ئەو

پەری چێژی جنسییەتە قسە دەکا.

هێلـن سێکسـوس نەیاری لەگـەڵ دابونەریتی توندی باوکسالاری بە ئەرکی سەرشانی ژنانی نووسەر دەزانێ وا هەمیـشـە لە «چوارچێـوەی» قـسـەدا لە ژێر دەسەلاتی پیاوان کاریان کردووە. ژن دەبێ «جۆرێ زمانی دەربڕین پێکبـێـنێ وا نیـشـانـدەری دەروونی ئەو بێ.» هێـلـن سێکسوس لەم باوەڕەدایە زمان سیستمێکی دینامیکە (چالاک)ە نەک لەشـێکی پێکهـاتە لە چەند ئەندامی ڕێکوپێک و دابەشکراو. سێکسـوس پێـوەندی ناوەکی مانایی وشەگەل و مانای تێگەیشتن لە نووسراوەدا موتالا دەکـا و چۆنێـتی پـچـڕانی پێـوەندی لەگـەڵ مـاناگـەل و تێگەیشـتنی نەریتی دەخـاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە بە هەر جۆرێ بێ ژنان نووسراوە جیاواز لە پیـاوان دەخـوێننەوە. جا کـەوابوو دەبێ بزانین داخـوا نووسەری ژن بیـچـمێکی وای خـولڤـاندووە وا لە زەینی خوێنەردا پرسیـار بێنێـتە ئاراوە؟ دەبێ بزانین چ شـتێـک بایەخگەلی جنسی لە پێـدایە بۆ ژنان، چ سـیـاسـەتێکی جنسی لە پێـوەندی نێـوان دەنگی نووسـەر و قـارەمـانی کتێب بە خوێنەری ژن پێشنیار دەکرێ. ئەگەر وای دانێین نووسەرێک لەگەڵ قارەمانی چیـرۆکەکەی پێوەندییـەکی نزیک پێکبێنێ، لەم کاتەدا، داخوا زمان ئەم دەسەلاتەی هەیە لە ناساندنی جنسییەت دڕدۆنگ بێ؟

ڕەخنەی ئەدەبی فێـمـینیـستی فـەرەنسی ئەم پرسیـارە بنەماییە دێنێتە ئاراوە، داخوا نووسین جنسییەتی هەیە؟ داخـوا نووسـەران سـەبارەت بە جنسـیـیـەتی خـۆیان هیچ زانیـاریـیـەکـیـان هەیە؟ داخـوا ئەم زانیـاریـیـە لە نووسراوەیاندا پیشان دەدەن؟

مـارگـرێت یورسنا (Marguerite yourcenar) لەم باوەڕەدایە نووسـەرێک وا لە ژیاننامەی خۆیدا ئەزموونی دایک بوون بـەیان دەکـا، جنسـیـیـەت بە ئاشکرا لە نووسراوەکانیدا دەبیندرێ.

لە ڕەخنەی فـێـمـینیـسـتی فـەرەنسـیـدا جگە لە «نووسـراوەی ژن» باسی زمـانیش بایەخـێکی زۆری پێ دەدرێ. ئەم ڕەخنەیـە هۆگـــری هەیە بـە لەنـاوبردنـی گوتاربێژی باوکسالار لە زماندا. سیمۆن دوبۆڤوار لەم بابەتەوە دەڵێ: بەرگری لەگەشەکردنی زمانی ژن کراوە. لە فەرهەنگ و کۆمەڵناسیدا زمانی ژن وەک «ئەوی تر» (Other) لەکار کراوە، نەوەک «خۆی» ( Self) زۆربەی فێمینیستی فەرەنسی ئەم ڕوانگەیان قەبووڵە و بە ڕەوای دەزانن.

نەریتی ڕەخنە، ئەدەبیـات وەک ڕێکخراوەیەک دێنێتـە ئـاراوە وا بـە هـۆی دابـونـەریـت و ژانـری (Genre) مێژووییەوە ئیدارە دەکرێ. ئەم شتە دەبێتە هۆی ئەمە وا ئێـسـتـاش نووسـراوە لەگـەڵ مـانـا و پێناسـەی ڕابردوو هەڵدەسەنگێندرێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە ئەم پرسـیــارە دێتــە ئاراوە، ژن چۆن دەتوانن بایەخگەلی مـێـژوویی داڕێژراو تێکشکێنن و پێـوەندی نێـوان زمـانی ژنانە و ئەدەبیات بێنە ئاراوە؟

ژنانی ڕەخنەگری فێـمـینیـستی فەرەنسی جەختی زۆر دەکەنە سەر زمـان و بە سەرنجدان، جیـاوازییـەک وا لە زمـانـدا هەیە، زمـانی ژن دەکـەنە بەردەنگی خـۆیان. جنسییەتی وان لە سەر پێکهاتەی زمانێکە وا ئیتر وەک زمانێکی ناکۆک و نێگەتیڤ، نەژمێردرێ.

ڕەخنەی فێمینیستی فەرەنسی ئیستاکە لەو باوەڕەدایە بۆ خولڤاندنی زمانی ژنانە ژنانە دەبێ لە بواری ڕووناکبیرییەوە بڕوانین، چونکە گۆڕانکاری دەسەلاتی زمان هەموو کات، بەشـێک لە گـەلالەی ڕووناکـبـیـرانەیە. لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی فەرەنسییەوە زمان لۆسەیەکی ناوەندی بووە، وا پیاوان بەم هۆیە دنیایان کـردۆتە تایبەتی خـۆیان و بە لەکارکردنی مانای زمانی دەستیان بەسەر ژندا گرتووە. ڕەخنەگرانی فـێمینیستی فەرەنسی شوێنەواری زمان لە ئەدەبیـاتدا و ناسـاندنی زمـانی ژنانە و پیـاوانە بە ئەرکێکی بنەمایی دەزانن.

ئیـریگـاری ئەم پرسـیــارە دەوروژێنێ: «ژنێک بە زمـانێک وا دژی ژن بێ! چۆن دەتوانێ قـسـە بکا و تەنانەت بیر بکاتەوە؟» ئەو هۆگری گۆڕانی پێکهاتەی زمان، وشەمەنی و شێوەی ناساندنی زمانە. ئەو دەڵێ تا زەمـانێک ئێـمـە زمـانی خـۆمـان نەئافراندبێ و زمـانی جەستە (Body Language) وەدەست نەکەوتبێ، تەنیا هێندێک جـوولانەوە دەمـێنێـتـەوە، چیـرۆک لەگـەڵمـان هاوڕێ بێ.

لە ڕوانگەی ئیریگارییەوە سیستمی باوکسالارانە کەوا بەسەر ژناندا سەپاوە، لە سەر بنیـاتێکی لاواز داڕێژراوە و لەگـەڵ ڕوانگەی فـرۆید سەبارەت بە جنسـیـیـەتی ژنانە پێـــوەندی هەیە. بۆ وێنە چەمکی «بەخـــیلی بردن بە ئەندامی جنسی پیـاوانە» لە سـەر ئەو بنەمـا فـیکرییـە داڕێژراوە وا پیاو، ژن بە «ئەوی تر» دەبینێ. ژن ئەندامی جنسی پیاوانەی نییە. ئەم مەسەلە وەک لایەنی بۆشایی و لاوازی کەسایەتی ژن کەڵکی لێ وەرگیراوە. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە ژنان، لەژێر چاودێری کـــاتی و

هەمــیـــشــەیی پیــاواندا نابینرێن تەنیــا دەتوانن لە کەشوهەوایەکی نالەبار، یان عـیـرفانیـدا بوونێکی وەک تارماییان هەبێ. ژن وەک عارفێک، تەنیا دەتوانێ حاشا لە بوونی تاکـەکـەسی خـۆی بـکا و هەر بەم بـیـچـمـە پێ بنێتە هەرێمی باوکسالارییەوە.

لوس ئیـریـگاری، هێـز و توانای خـۆی خـسـتـە سـەر نووسراوەی ئەم پیاوانەی وا کاری تیوری دەکەن. ئەو بە ڕەخنەگـرتن، کـاری پلاتو (Plato) هێگل و فـرۆیدی تێکشکاند و وێنەکی نوێی لەم زانیارییانە پیشان دا.

ژولیـا کـریسـتـۆڤا لە کـتـێبی ناسراوی خـۆی بە ناوی شۆڕش لە زمانی شیعریدا (La Revolution du lan-guage poetique)، لێکدانەوەیەکی ڕووناکـبـیـرانە و ڕەوانناسـانەی قـووڵ، لە مەڕ پێوەندی دوولایەنە، نێـوان ئێشی ئاسایی و شاعیـرانەدا، دێنێتە گـۆڕێ. مرۆڤ لە سـەرەتادا، لە کـەشـوهەوایەکـیـدا دەژی وا کـردەوەی جەسـتـەیی و ڕەوانی بە بیـچـمـێکی ئاهەنگین لەواندا بەردەوامـە، ئەم ڕەوتە بێ بڕانەوەی ئـاکـارەکـان، هێـدی هێدی لەگەڵ قەید و بەندی بنەماڵە و کۆمەڵگا، فێرکاری دەورانی منداڵی، کـەسـایەتی جنسی جـیـاکـردنەوەی هەرێمی گشتی و تایبەتی و شتی لەم چەشنە، بەردەوام دەبێ. لە قۆناغی یەکەمدا، واتە قۆناغی پێش ئۆدیپی، ڕەوتی کارەکان لە دەورووبەری دایک دەسووڕێتەوە و ڕێ بەوە نادا کەسایەتی فۆرمێکی دیاریکراو بە خۆوە بگرێ. لەم قـۆناغـەدا قـەوارەی ئازای لەش و پێـوەندی ئەوان لەگـەڵ یەکـتـری دیاری دەکـرێ. ڕەوتی نـاکـۆکی بزووتنەوەکـــان، ئەدا و ئەتواری منداڵانـە، دەنگ و سەداکان، کێش و ڕیتمگەلی بەر لە زمانگرتنی منداڵ، دەبێتە بنەمای ناسینەوەی «نیشانە»گەل وا ئەویش، بە چاودێری کردەوەی زمانی کامـڵی گەورە ساڵان، هەر وا دەمێنێتەوە. کریستۆڤا لە م باوەڕەدایە جنسییەتی ژن لە بواری بەرهەمـهێناندا ڕاستـەوخۆ لەگەڵ شـاعیـرێتی ژن پێوەندی هەیە. شیـعـری «ئاماژەیی» لەگـەڵ ئەندامی ژن سـەروکاری هەیە، لە کاتێکدا شیـعـری «سـیـمـبۆلیک» لەگـەڵ دابونەریتی باوک پێـوەندی هەیە و سـانسـۆر و سەرکوت دەکا تاکو قسە هەوێن بگرێ. ژن بێ دەنگێکی «بێ ئیـخـتـیـار» و پێـشـڕەو لە قسـەدایە. ژن هەر ئەو «ئەوی تر»ەیە وا لە دەرەوە ڕادەوەسـتـێ و هەڕەشـە لە ڕێکوپێکی وریایانە و عـاقڵانەی گوتار دەکات و دەیەوێ بیـشـێـوێنێ. کـریسـتـۆڤا سـێلاوی هێـزی ڕزگـاریدەری سەرکوت نەکراو و غـەیری سـەرکوتکەر پێـوەند دەدا بە ژنەوە. شـاعـیـری ژێر و پێشڕەو، چ ژن، چ پیـاو دەچێـتـە هەناوی دایکەوە و لەگەڵ ناوی باوکدا بەرەنگاری دەکا. بۆ وێنە، مــالارمێ بە بەراوەژووکـردنەوەی دەســـتـووری نەحـــوی، دابونەریتی باوک ســـەراوبن دەکـــا و بە گەڕاندنەوەی ئەم سێلاوە ئاماژەیی و دایکانەیە، خۆی وەک دایک و تێکەڵ بە دایک دەکـات. کـریسـتـۆڤـا ئەم شۆڕشـە شـیـعـرییـە لە پێوەندییـەکی بەرتەسکدا لەگـەڵ شۆڕشی سیـاسـەتی بە گشـتی و ئازادی ژن بە تایبـەتی، دەبینێ.

ڕەخنەی فـێـمـینیـسـتی دەبێ وێنەیەک لە ئانارشـیسم پێکبـێنێ وا لەگـەڵ «قـسـەی پێـشکەوتوو» بتـوانێ بەرابەری بکات، یان یەکـێتی بێ. لایەنگرێکی ڕەخنەی فـێـمـینیـسـتی بە ناچار دەبێ ڕێوشـوێنی فـەلسـەفی، سیاسەتی ئانارشیسم قەبووڵ کا تاکو بتوانێ دەسەڵاتی مـەنتـیق (Phallocentric) نێـرینەسـالار خـاپووركـا. کریستۆڤا، جیاوازی دانانێ لە نێوان زوڵمێک وا لە ژن دەچێ، هەروەها لە گــرووپەکـــانی تری کـــۆمـــەڵگا پەراوێزەکـــان یان لە وانەی چەوســاونەتەوە. ڕەخنەی فـێـمـینیـسـتی فـەڕەنسی لە پێکهـاتە شکێنی کـەڵک وەردەگـرێ و لەو باوەڕەدایە وا تێگەیشـتنی گـشـتی لە سپی و ڕەش، ژن و پیاو، فەرهەنگ و سروشتدا دەبێ لە ناو بچێ. لەم مـانا سـاز کـراوانەدا لایەنێکیـان وەک نەریت دەناسـرێ بۆ وێنە (سپی – پیاو) و دەبێـتە هۆی بێ بـەش بـوونـی لایـەنـی تـری نـەیـار (ژن – ڕەش). فێمینیستی پێکهاتەشکێن دەست دەکا بە خاپوورکردنی باوەڕەکانی کۆمەڵگای باوکسالار. بۆ وێنە ئەم حاشا لەو گریمانەیە دەکات وا دەڵێ سروشتییە ژن خوازیاری منداڵ بوونـن و ئەمـەش پیـشـاندەری سـروشـتی ئەوانە و دەڵێ ئەمە پێوەندی لەگەڵ سروشتی بیولۆژیکی و دەروونی ژندا نیـیـــە. ئەو لەو باوەڕەدایە فـــەرهەنگ، ئەدەبیـــات و کەرەسەی پێوەندی گشتی بە بیچمێکی حاشا هەڵنەگر پێکهاتوون وا کەسایەتی جنسی خۆمان و کەسانیتریش قـەبووڵ کـەین و بە کـردەوەیەکی سـروشـتی بزانین. پێکهاتەشکێنی ئەم مانایە تێکدەڕمێنێ.

پێکهـــاتەشکێنی لە لایەن ژاک دریداوە Jacques Derrida، فەیلەسووفێکی فـەڕەنسییـەوە هاتە ئاراوە. ژولیــا کـــریســتـــۆڤـــا، لوس ئیــریگاری و گـــایاتری ئیسپیڤاک Gayatri Spiva وەرگێڕی دریدا لە نووسراوە پێکهاتەشکێنییەکانیدا بوون، پێشوازییان لەم ڕوانگەیە کـــــرد. دریدا پێی خـــــۆشــــــە ناوەندێکی

«لۆگۆسانتریسم» Logo centirsm پێکبێنێ. «لەو جێیەی وا وشە هەبوو»، «وشە» وەک سەرەتا بۆ هەر شتێک، ئەرکی پێکهێنان، یان پەیداکردنی لە ئەستۆدایە، دەستەبەری وەدی هاتنی هەمووی دنیایە، بەس هەر شتێک بۆ سەر ئەم هۆیە دەگەرێتەوە، ئەگەرچی ئینجیل بەرهەمێکی نووسراوەیە، بەڵام وتەی خوا هەر لە بنەڕەتەوە «گوتارییە». وا وێدەچێ وتەیەکی گوتاری لە گیانلەبەرێکەوە هەڵدەقووڵێ، لەو بیروڕایەی وا سەرچاوەی لێ گرتووە، نزیکترە تاکو وتەی نووسراوە. لە ڕوانگەی دریداوە، ئەم دەسەڵاتەی گوتار بە سەر نووسراوەدا (وا ناوی ئاوا – تەوەرەیی لێناوە) یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کلاسیکی لۆگۆسانتریسمە. دریدا وشەی «difference» جیاوازی دادەنێ تا بەم جۆرە سروشتی بەش کراوی دیاردە وەدەرخا.

خوێندنەوەی دەق بە بیچمێکی پێکهاتەشکێنانە، بە سەرنجدان بە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکان، دەست پێ دەکات و بە هەوڵدان بۆ بەرئاوەژووکردنەوەی دەق درێژەی دەبێ و لە ئاکامدا ناهێڵێ بەشی دووەمی (دەق) بگوازێتەوە بۆ قۆناغی سەرتر و بەم جۆرە قۆناغێکی نوێ لەم زنجیرەیەدا پێک نایەت.

بۆ وێنە بلیک لەو باوەڕەدابوو میلتۆن لە خوڵقانی سەرکەوتنە گەورەکانی خۆیدا لایەنگری شەیتانە و شیللی وای دەزانی شەیتان لە بواری ئاکاریدا لە خوا گەورەترە. ئەوان زۆر ئاسایی زنجیرەی ئەم باسەیان بەراوەژوو کرد، شەڕیان کردە جێنشینی خێر. پێکهاتەشکێنی کاتێ دەست پێ دەکا دەقێک خۆی لەو چوارچێوە یاساییەی وا بۆی دانراوە، لابدات. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەشکێنی زۆرتر سەرنج دەداتە زمان و ئەو مکانیزمە دواخەرانەی زمانی باوکسالاری ئاشکرا دەکا و تێکی دەشکێنێ. ڕەخنەگرانی فێمینیستی فەڕەنسی هۆگریان هەیە بە خوڵقانی زمانی ژنانە لە نووسراوەی ژناندا و مسۆگەری دەکەنە سەر لایەنی ژن / پیاو و ئەو ڕوانگەیە وا ژن وەک لایەنێکی ناکۆک و زیادی دەناسرێ، تێکی دەشکێنین.

ڕەخنەگرانی فێمینیستی فەڕەنسی بە دوای ڕێوشوێنی ژنانە نووسین و ژنانە خوێندنەوەی ئەدەبی و فەلسەفی لە بەرهەمدان. لە ڕەخنەی فەڕەنسیدا، نووسینی لەش Writing the body، گرینگە. ئیریگاری لەو باوەڕەدایە بۆ لە ناوبردنی بیچمی پیاوانە، ڕەخنە پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە تەسویری ژنانە. ئەمە تەنیا نمادێکە، وا ژن پێکیان هێناوە و دەتوانێ لەگەڵ زۆربەی ژنان قسە بکا. خوازەی لەشی ژنانە ڕەخنەی فەڕەنسی لە هەموو ڕەخنەکانی تر جیا دەکاتەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی سەرنجی بنەمایی خۆی دەداتە «نووسراوەی ژنانە» و هەروەها دەقیش یەکێ لە سەرنجە بنەماییەکانیەتی. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی هۆگری زۆری بە ڕەخنەی ڕەوانتوێژانەوە هەیە. سەرنج دەداتە بەرهەمی نووسەرانی پیاو و ڕەخنەیان لێ دەگرێ. ئەم ڕوانگەیە ڕەد دەکاتەوە و بە ناڕەوای دەزانێ وا دەڵێ نووسەرانی ژن دەنگی ژنانە لە بەرهەمەکانیاندا دەخوڵقێنن. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی کاریگەری ڕوانگەگەلی جیاوازی بە سەرەوەیە. ئیرادێک وا لە «ژولیا کریستۆڤا و هێلن سێکسوس» دەگیرێ ئەمەیە وا لە نووسراوەکانیاندا لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی پیاوان قسەی باوی (پیاوانە) لە مەڕ خوێندن و نووسین بەرزتر دەفڕن. هەر بەم هۆیە نووسراوەکانیان سەرەتا بە بیچمێک دەکەونە بەرچاو و هیچ کەس تێیان ناگا.

**پەراوێز:**

**(١) مارگرێت دووراس (١٩١٤ – ١٩٩٥) ئەو لە بواری دەرهێنانی فیلمیشدا چالاک بووە و ئەم فیلمانەی دەرهێناوە: لاموزیکا (١٩٩٦)، آوای هند (١٩٧٥) و کامیون (١٩٧٧).**

**(٢) ئەم وتوویژە لە سالی ١٩٧٥ لە Feminisms, Signsì New Frenchدا بلاو کراوەتەوە.**

**(٣) Phallocentric، عەباس موخبیربە «نێرینە سالاری» وەری گێڕاوەتەوە، بەڵام لە وەرگێڕانەکانی تردا بە «احلیل سالار» بە کار براوە .**

**(٤) کریستۆڤا Kirstova، سالی ١٩٦٨ لە بولغارستانەوە چووە پاریس. ئەو لەپێکهێنانی تیوری Semeoic دا یارمەتی بارت (Barthes)ی کرد. Semeotic موتالای چۆنێتی پێکهاتەی زمان و وەدەستهێنانی مانای خەیالی لە فۆرمی جیاواز و دژواز کە وا بریتییە لە پڕوپاگەندە و کەرەستەی پێوەندی کۆ و وتوویژی ڕۆژانە و هونەر. کریستۆڤا نامەی دکتۆرای لە زمانناسی لە پاریس La Revolution du Language Poe-tique «شۆڕش لە زمانی شاعیرانە»دا وەرگرت.**

**(٥) هێلن سێکسوس سالی ١٩٣٧ لە ئەلجەزایر لە دایک بووە. ئەو ڕەخنەگر، نۆڤلنووس، شانۆنووس و بەرپرسی بنکەی موتالای ژنانە کە لە سالی ١٩٧٤ لە پاریس ساز کرا.**

**سەرچاوە:جنس دوم– سیمون دوبوفوار**

# زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەک لقێکی گرنگی زانستی زمان

ئا: یوونس سلێمان ئەحمەد
(سلێمانی)

**پێشەکی**

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی) یەکێکە لە لقە گرنگەکانی زانستی زمان کە لە کاتی ئێستادا بایەخێکی گرنگی هەیە و بووەتە بابەتێکی گرنگ، چونکە ئەم زانستە پەیوەستە بە هەموو زانستەکانی ترەوە وەکو کۆمەڵناسی و دەروونناسی... تاد، پێوەندییەکی گرنگی بەتینی لەگەڵیاندا هەیە.

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستە وەکو لقێک لەناو زانستی زماندا بۆ بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە کارەکانی (مالینۆفسکی، ڤێرس)دا ڕەنگی داوەتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و لەوکاتەوە ئەم زانستە وەکو لقێکی زانستی زمان ڕێچکەی خۆی گرتووە، لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە خودی ئەم زانستە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پێوەندی نێوان کۆمەڵ و زمان، واتە دەیەوێت بزانێت چ پێوەندییەک لەنێوان زمان و کۆمەڵگەدا هەیە و بیدۆزێتەوە و شیکردنەوەی وردی بۆ بکات، تا لە ڕێگەیەوە پەی بە نهێنییەکانی زمان و کۆمەڵ ببرێت.

ئەوەی لێرەدا مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەوەیە کە ئەم بوارە وەکو بەشێکی گرنگی زانستی زمان لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەی لەسەرنەکراوە و زۆر بەکەمی قسەی لەسەر کراوە تازە بە تازە خەریکە وەکو زانستێک لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان دەخوێنرێت و دەبێتە وانەیەکی سەرەکی شان بەشانی وانەکانی دیکە.

خوێندنی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لەسەرکردنی لە زمانی کوردیدا، گرنگی زۆری هەیە، چونکە دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم زانستەوە زۆر بە ئاسانی شیکردنەوەی ورد و گرنگ بۆ زۆرێک لە دیاردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بکەین و بگەینە

ڕاستییە نەزانراوەکان. ئەم نووسینەش هەوڵێکی بچووکە بۆ ناسین و خوێندنەوەی ئەم زانستە.

**سەرەتایەکی کورتی مێژووی زمانەوانی**

زمان وەکو بابەتێکی گرنگ هەر لە مێژوویەکی کۆنەوە لەلایەن مرۆڤەوە لێی کۆڵراوەتەوە و هەوڵ دراوە قسە لەسەر زمان بکرێت. بۆ نموونە لەسەردەمی گریکەکاندا هەریەکە لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ تێڕوانینی تایبەتیان لەسەر زمان هەبووە، بەڵام زیاتر تێڕوانینەکانیان لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بووە، نەک لە ڕوانگەی زمان خۆیەوە.

بەڵام سەرەتای مێژوویی زمانەوانی کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرابێت، لە کارەکانی زمانەوانی بەریتانییەوە (سێر ولیەم جۆنس ١٧٤٦-١٧٩٤)ەوە دەست پێدەکات، چونکە ئەم زانایە زمانی لاتینی و گریکی لەگەڵ زمانی سانسکریتی بەراورد کردووە بۆ دۆزینەوەی لێکچوون لەنێوان ئەم زمانانەدا، ئەویش لەساڵی ١٧٨٦، بەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازی بەراوردکاری مێژوویی کە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی لەسەر دەستی زمانەوانی بەناوبانگ (فردیناند دی سۆسێر ١٨٥٧-١٩١٣) توانی گۆڕانێکی گەورە لەبواری زمانەوانیدا بکات. زمانیش وەک زانستەکانی دیکە بکاتە زانستێکی سەربەخۆ، ئەویش لە ڕێگەی ئەو وانانەوە بوو کە دی سۆسێر لەنێوان ساڵانی ١٩٠٩-١٩١١ بە قوتابییەکانی دەوتەوە، دواتر لەلایەن قوتابییەکانییەوە لەژێر ناوونیشانی کتێبێک بەناوی (کۆرسێک لەبارەی زانستی زمانی گشتییەوە) کە لە ساڵی ١٩١٦، واتە سێ ساڵ لەدوای مردنی چاپ کراوە و بووەتە سەرەتای زانستی زمان. دی سۆسێر دەڵێت: بۆ شیکردنەوەی زمان دەبێت سەیری زمان بکرێت وەکو سیستمێکی تەواوی زیندووی سەربەخۆ، ئامانجی زانستی زمان و زمانەوانی دەبێت هەوڵدان بێت بۆ تێگەیشتن و دەرخستنی ئەم سیستمە و چۆنیەتی کارکردنی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە و لە پێڕەوی مێژوویی جیابکرێتەوە، کە سەدەونیوێک بەسەر زمانەوانیدا زاڵ بوو. بەمە دی سۆسێر دوو لقی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا جیاکردەوە:

**١- لایەنی وەسفی (synchronic)**

بایەخ بە شیکردنەوە و پیشاندانی شێوە و چۆنیەتی کارکردنی زمان دەدات کە لە لایەن کۆمەڵە خەڵکێک لەکاتێکی دەستنیشان کراودا بەکار دەهێنرێت.

**٢- لایەنی مێژوویی (diachronic)**

لەو گۆڕینانە دەکۆڵێتەوە کە بەتێپەڕ بوونی کات بەسەر زماندا دێن.

هەروەها یەکێکی دیکە لەکارە گرنگەکانی دی سۆسێر جیاکردنەوەی سێ بەشی زمان و زبان وگوتن بوو.

دوابەدوای ئەوەی کە فردیناند دی سۆسێر توانی زمان وەک زانستەکانی دیکە بکاتە زانستێکی سەربەخۆ، ئیتر زمانیش ڕێچکەی خۆی گرت و لەوە بەدواوە لەلایەن زمانەوانەکانەوە لە زمان کۆڵرایەوە، بەتایبەتی لەسەردەستی زمانەوان بلۆم فێلد کە ڕابەری قوتابخانەی ڕۆنانکارییە، هەروەها لەسەردەستی زمانەوانی بەناوبانگی ئەمریکی (نوام چۆمسکی) لە ناوەڕاستی سەدەی بیست گۆڕانێکی گەورە لە زانستی زماندا ڕووی دا و کۆمەڵێک شتی تازەی هێنایە ناو لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی. چۆمسکی توانی گۆڕانێکی گەورە و گرنگ لە زانستی زماندا بکات، ئەویش لە ڕێگەی هەردوو کتێبەکەیەوە کە بریتین لە(دروستە سینتاکسییەکان) (THE SYNTACICSTRUCTUR) کە لە ساڵی ١٩٥٦ و کتێبی (تیوری شێواز بەندانە) (THE STANDARD THEORY) لە ساڵی ١٩٦٥ بڵاوبووەوە، بووە دامەزرێنەری قوتابخانەی زمانەوانی (بەرهەم هێنان و گواستنەوە) کە تا ئێستاش لە لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانەوە بەردەوامە.

**زانستی زمان چییە؟**

زانستی زمانیش هەروەکو هەموو زانستە جیاوازەکانی تر خاوەنی پێناسە و تایبەتمەندی جیاوازە، واتە ناتوانین تەنیا یەک پێناسە بۆ زانستی زمان بکەین، چونکە زمان وەک یەکێک لە زانستە مرۆییەکان خاوەنی پێناسەی جیاوازە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێی کۆڵراوەتەوە .

زانستی زمان (LINGUISTICS) بریتییە لەتوێژینەوەی ئەکادیمیانەی زمان .

یان زانستی زمان بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی و تەکنیکە لە زمان بەپێی پرەنسیپی پرۆگرامی زانستی جێبەجێ کراو کە لە زانستە سروشتییەکاندا کاردەکات و لێی دەکۆڵێتەوە.

هەروەها زانستی زمان خۆی بەشێوەیەکی زانستییانە بە دیاردەکانی زمانەوە خەریک دەکات .

کەواتە دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە بڵێین: زانستی زمان ئەو زانستەیە کە خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی زمان تەرخان دەکات و هەوڵ دەدات لە

زمان بکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی جیاوازەوە و دۆزینەوەی پێوەندییەکانی زمان لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا.

**ئاستەکانی زمانناسی**

زمانناسی لە چەندین لقی زانستی دیکە پێکهاتووە کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە بریتین لە:

١- زانستی دەنگەکان (phonology)

بایەخ بەلایەنەکانی کاری دەنگەکانی زمان دەدات .

٢- زانستی دەنگە گشتییەکان (فۆنەتیک ) کە بایەخ بەلایەنی ماددی دەنگەکانی زمانە مرۆییەکان دەدات .

٣- ئەتیمۆلۆجی(etymology)

کە زانستێکە بایەخ بە ڕەگوریشەی وشە و وشەسازی دەدات.

٤- فەرهەنگناسی (lexicology)

بایەخ بەبواری فەرهەنگسازی دەدات.

٥- ڕستەسازی

بایەخ بەلایەنی ڕستەسازی دەدات.

٦- سیمانتیک (semantics)

بایەخ بەزانستی واتاو تایبەتمەندییەکانی دەدات .

کە هەر یەکە لەمانە بەشێکن لە ئاستە جیاجیاکانی زمان و هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی.

**مێژووی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی)**

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، بەڵکو مێژووەکەی بۆ هەر یەکە لە کارەکانی (جۆن ڕۆبرت ڤێرپ ١٨٩٠-١٩٦٠) (ب. مالینۆفسکی ١٨٨٤-١٩٤٢)، دەگەڕێتەوە کە لە ساڵەکانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی) وەکو زانستێک لە چوارچێوەی زانستی زمان سەری هەڵداوە و بووەتە لقێک لە زانستی زمان.

هەروەها زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بێ بنەما و هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو چەندین زانا و زمانەوان کاریان تێداکردووە تاوەکو بنەماکانی ئەم زانستەیان داناوە و گەشەیان بە بنەماکانی داوە، هەروەک لە کارەکانی زانایان (دی سۆسێر، بلۆم فێلد ،مالینۆفسکی، میلمۆر، هاریس)دا بە ئاشکرا دیارە. سەرجەم ئەم زانایانە هەوڵیان داوە لە لایەکەوە بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکەن کە کاری زمان دیاری دەکەن و لەلایەکی دیکەیشەوە هەوڵیان داوە بەسەرجەم ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەدا بچنەوە کە حوکمی کاری زمانی دەکەن.

هەر بۆیە وردە وردە بایەخدان بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەک بەشێکی گرنگی زانستی زمانناسی زیاتر پەرەی سەند و لەلایەن زمانەوانەکانەوە هەوڵ درا زیاتر لەم بابەتە بکۆڵنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەن بۆ ئەوەی زیاتر لە زمان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگەن.

ئەوەی پێوەندی بە مێژووی ئەم زانستەوە هەبێت لە زمانی کوردیدا مێژوویەکی تازەی هەیە و تازە خەریکە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، و هەروەها بۆ چەند ساڵێک دەچێت خراوەتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆوە کە ئەمەش بەسەرەتایەکی باش دادەنرێت، سەرەڕای نەبوونی هیچ سەرچاوەیەک بە زمانی کوردی و ئەوەی هەیە زیاتر خۆی لە هەوڵی سەرەتایی دەبینێتەوە.

**زانستی زمانی کۆمەڵایەتی**

چەمک و زاراوە و پێناسەکەی:

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی(کۆزمانەوانی )کە بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن (علم اللغة إجتماعي) و بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن ( sociolinguistics) هەروەها پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەوانە (کریستاڵ) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم زانستە دەکات و دەڵێت "زمانەوانی کۆمەڵایەتی لقێکی زمانەوانییە، ئەم جۆرە زمانەوانییە لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە زمان بە کۆمەڵگەی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە، یان زانستی زمانی کۆمەڵایەتی واتای لێکۆڵینەوەیە لە پێوەندی نێوان زانست و کۆمەڵ، بەجۆرێکی دیکە لێکۆڵینەوەیە لە زمان بە پەنابردنە بەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها ئەم لقەی زمانەوانی لە پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە، بەواتایەکی دیکە باس لە ئەرکەکانی زمان دەکات.

کەواتە بەسەرنجدان لەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین زانستی زمانی کۆمەڵایەتی: ئەو زانستەیە کە بەشێوەیەکی گشتی لە پێوەندی زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات لەبەر ڕۆشنایی پێوەندییەکان و بەپێی هەلومەرج و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە سنوور و کاریگەری ئەو پێوەندییە بدۆزێتەوە.

**سنوور و بەشەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی(کۆزمانەوانی)**

ئاشکرایە کە مرۆڤ بەردەوام زمان بەکاردەهێنێت، لەشێوە گوتندا بێت، یان بە نووسین بێت بۆ بەجێهێنانی کاری ڕۆژانەی خۆی و دەربڕینی مەبەستە جۆربەجۆرەکانی

فەرمان بێت، یان داوا، یان گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بێت، یان دەربڕینی هەست و رووکاربێت بەرانبەر بە دەوروبەر، یان بۆ دەست خستنی ڕەزامەندیی خەڵکی بێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەشێکە لە کۆمەڵە و بێ کۆمەڵ هەڵناکات، پێوەندییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە، بەتایبەتی لە رووی ئەو ڕەوشت و خوو و نەریتەوە کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە ناوکۆ لەنێوان هەموو لایەنەکانی کۆمەڵەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەم بوارانە دەکۆڵێتەوە:

(١) زارە کۆمەڵایەتییەکان.

(٢) زمانی پیشە.

(٣) زمانی میللی.

(٤) تابۆ.

(٥) بەرنامەرێژی زمان و چەندین بابەتی دیکە.

کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە سنووری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەنێوان زمان و کۆمەڵدایە، واتە لە ڕێگەی زمانەوەیە ئێمە دەتوانین بزانین قسەکەرێک خەڵکی کوێیە سەر بە چ چینێکە و ڕادەی خوێندەواری لە چ ئاستێکدایە.

**بابەتەکانی کۆزمانەوانی**

ئێمە دەتوانین سێ جۆر بابەت دیاری بکەین کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ڕەچاویان دەکات کە ئەوانیش بریتین:

(١) کۆزمانەوانی کاتی: کە زیاتر هەوڵ دەدات پێشبینی ئەوە بکات، کە لە کۆمەڵگەیەکی تاک زمانیدا کام شێواز ئاسایی بڵاو و پەسەندە، لە کۆمەڵگەی فرە زمانیشدا دەیەوێت بزانێت کام زمان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بڵاو و پەسەندە و ئەرکی زۆرە، بە شێوەیەکی گشتی کۆزمانەوانی ئێستەی دەیەوێت وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە کە بریتییە لە کێ؟ لەکەیدا؟ لەکوێ و بۆ چ مەبەستێ زارێ، یان زمانێکی دیاریکراو بەکاردێنێ.

(٢) کۆزمانەوانی مێژوویی، یان داینامیکی:

هەوڵ دەدات ئەو هۆکارانە دیاری بکات کە دەبنە هۆی گۆڕانی هەست و رووکار بەرانبەر بە زمان، یان زار بەتێپەڕبوونی کات و دەیەوێت تێمان بگەیەنێت کە دوو کۆمەڵگەی لێکچوو زۆر جار پاش ماوەیەک دوو رووکاری جیاواز بەرانبەر بە زمان پەیدا دەکەن.

(٣) کۆزمانەوانی کارەکی:

هەوڵی ئەوە دەدات نەخشە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی کارەکە بەپەلە دابنێت.

**گرنگی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی**

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی) هەروەکو هەموو زانستەکانی دیکە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵەوە بەستراوەتەوە و گرنگییەکەی تەنیا بوارێکی دیاریکراو ناگرێتەوە، بەڵکو زۆربەی کایە جۆر بە جۆرەکانی ژیان دەگرێتەوە و کاریگەری خۆی لەسەریان هەیە، بۆ نموونە ئێمە کاتێک دێین لێکۆڵینەوە لەسەر شێوازی قسەکردنی تاکێک دەکەین، ئەوە لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوە لەکۆی گشتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە دەکەین لە هەموو ڕووەکانەوە.

هەروەها گرنگییەکی دیکەی ئەم زانستە لەتێڕوانینە کارەکییەکانەوە سەرهەڵدەدات بەوەی کە چارەسەری کێشە وگرفتە زمانییەکان دەکات لە کۆمەڵگە بچووک و پەراوێزخراوەکاندا، هەروەها چارەسەری کێشەی فێربوون و فێرکردن و پێوەندی کردن دەکات لە شارە گەورەکاندا، ئەمە جگە لەوەی کارەکتەری سەرەکی پرۆسەی پێوەندی کردنە کە ئەمەش بۆ خاڵی جەوهەری گواستنەوەی ژیارییەکانە لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی دیکە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆزمانەوانی هەوڵدەدات زۆر بە وردی لە قسەکردنەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بکۆڵێتەوە و شیکردنەوەی جیاوازی بۆ بکات.

یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی دیکە کە کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات بریتییە لە تابۆ، واتە ئەو وشانەی کە لە لایەن قسەکەرەکانەوە بە شێوەی جیاوازتر دەردەبڕێت، بەکارهێنان و باسکردنی ئەو وشانە لەلایەن تاکەوە دەبێتە هۆی هەڵچوون و تووڕەیی لەلای گوێگر، یان بەکەم سەیرکردن و بێ شەرم لە قەڵەمدانی لێ دەکەوێتەوە تاک بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆی لە کۆمەڵگە بەپێی توانا هەوڵ دەدات ڕووبەڕووی تووڕەیی کۆمەڵگە نەبێتەوە، هەربۆیە هەوڵ دەدرێت ئەو وشانە لە ڕێگەی وتنی وشەی زمانەکانی ترەوە دەرببڕێت وەکو وشەکانی (تەوالێت، زەواج، ..... تاد)، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە لەکاتی دەربڕینی وشەکەدا لە وروژاندن دووربکەوێتەوە.

قەدەغەکردنی ئەو وشانەی کە تابۆن لە لایەن قسەکەرەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە کە بریتین لە:

(١) ترس:

ئەو وشە و بابەت و کردارانەی هەڵگری بەهای ترسن، باسکردنیان ترس لەلای گوێگر دروست دەکات، یان ترس نزیک دەخاتەوە، یان قەدەغەن، یان بەدەربڕینی دیکەی داپۆشراون. ئەمەش خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

ا- مردن:

بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک مردبوو ڕاستەوخۆ باسی مردنەکەی نەکرێت، بەڵکو بە دەربڕینێکی تر باس لە مردنەکەی بکرێت وەکو دەربڕینەکانی (گەڕایەوە لای خودا، کۆچی دوای کرد، بۆ هەتاهەتایە بەجێی هێشتین، چاوە گەشەکانی لێکنا، شەهید بوو).

ب- خورافیات:

هەوڵ دەدرێت ئەو وشانەی لە کۆمەڵگەدا واتای ترس هەڵدەگرن بەجۆرێکی دیکە دەرببڕێن وەکو لەباتی وشەی (جنۆکە) وشەی( جن) بەکاردێت.

ج- نەخۆشی

ئەمەش زیاتر ئەو نەخۆشییانە دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ باسکردنیان ترسێکی گەورە لەلای قسەکەر وگوێگر بەجێ دەهێڵێت، بۆیە زۆربەی کات بە دەربڕینی دیکە گۆ دەکرێت وەک لەباتی وشەی (شێرپەنجە)وشەی (دەردە پیسەکە) دەردەبڕێت.

(٢) شەرم:

ئەوەش زیاتر خۆی لەو وشانەدا دەبینێتەوە، کە ناوهێنان و باسکردنیان لەلایەن قسەکەرەوە کۆمەڵگە بەبێ ئابڕوو و بێ شەرم لەقەڵەمی دەدات، وەک دەربڕینی ئەو وشانەی کە زیاتر پێوەندییان بەلایەنی سێکسییەوە هەیە، بۆیە هەوڵ دەدات ئەو وشانە بەدەربڕینی دیکە دەربڕێت .

(٣) پیسی:

هەندێک دەربڕینی دی بەهۆی پیسی و شەرمەوە قەدەغەکراون، یان بەدەربڕینی دی داپۆشراون .

وەکو ئەوەی لەباتی وشەی (سەرئاو) وشەی (تەوالێت، یان WC) بەکاردێنێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵێک بواری تردا وشەی تابۆ بەپێی بارودۆخی قسەکردنەکە لەلایەن قسەکەرانەوە بەکاردێت.

## ئەنجام

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەکو لقێکی گرنگی زانستی زمان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها لێکۆڵینەوە لە پێوەندی لەنێوان زمان وکۆمەڵ و دۆزینەوەی ئەو پێوەندییانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم زانستە گرنگییەکی زۆری لەبوارە جیاوازەکانی دیکەدا هەیە.

سەبارەت بەم زانستە، لەزمانی کوردیدا لە سەرەتایدایە، چونکە ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی کەم دەچێت لەنێو پرۆگرامەکانی زانکۆدا وەکو وانەیەک دەخوێنرێت و بایەخی پێ دەدرێت، بێ گومان ئەمەش گرنگی باشی دەبێت لەسەر بەرەو پێشچوونی زمانی کوردی بەگشتی و لایەنی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی بەشێوەیەکی تایبەتی .

نەبوونی سەرچاوەی پێویست لە زمانی کوردیدا یەکێکە لەکێشەکانی ئەم زانستە لە زمانی کوردیدا، ئەوەیشی هەیە هەوڵی سەرەتایە بۆ ناساندنی ئەم زاستە .

ئەم نووسینەی ئێمەش هەوڵێکی سەرەتایە بە ئاراستەی ئەوەی کە ناساندنێکی کورتی ئەم زانستە بێت.

**سەرچاوەکان:**

**(١) کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، شیلان عوسمان، چاپی یەکەم،چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩.**

**(٢) هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیربال)، دلێر سادق کانەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.**

**(٣) ڕەخنەی بونیادگەری لەتیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، د.عەلی تاهیر حسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

**(٤) زمانەوانی، سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.**

**(٥) سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، د.محەمەد مەعرووف فەتاح، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٢، کانوونی دووەمی ١٩٨٦.**

**(٦) وانەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، قۆناغی سێیەم، م. کاروان عومەر قادر، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩.**

**(٧) زمان بوونەوەرێکی زیندووە، د. ئازاد حەمەوتو، و: عەبدولڕەحمان فەرهادی، پاشکۆی فەرهەنگی ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٥٤، تشرینی دووەمی ٢٠١٠.**

# سەرەتا نزیکەکان..
# کۆتاییە دوورەکان..
# بیۆگرافیایەکی شیعریی تەواو نەکراو

ئەدیب نادر

کاتێ شیعر لەگەڵ شتەکاندا پرۆتۆکۆلی بەست، کۆنتراست و هاوگونجانی بەدی هێنا، باڵایی بەسۆز و هەستەکان بەخشی، هێزی خەیاڵی تەقاندەوە و بوو بە سرووتێک تا ڕوح بەرکەماڵی نموونەیی دەستەبەر بکات، ئەوسا دڵ بوو بە شانشینی شیعر، ئەو شیعرەی کارفەرمای مانا بەخشینە بەحاڵەتە ئەبستراکتەکان و ڕەهاکردنی مرۆڤە لەو فیکرە پەتییانەی کە هەمیشە دەیانەوێ خەفەی بکەن. ئیتر لێرەوە بوو بە دەستپێک و خاڵی دەرپەڕین بۆ هاتنە نێو دنیای نووسین، دنیایەک کە وردبوونەوە و تەئەمول گەمارۆی داوە، دنیایەک پڕیەتی لە پڕکێشی، پڕکێشی ئەو سەرەتایانەی کە ئەو دەمانە لە شیعردا ئامادەییان هەبوو، دواتریش بە قووڵی هاتنە نێو زمانێکەوە تا ژیانێکی لێ بئافرێنن کە خاوەن دەنگ نەبوو، شیعر دەبوایە ببێتە دەنگێ، ببێتە نمایندەی، ئەمەش دنیا بچووک دەکاتەوە و ڕێگای لێوردبوونەوە کوێر دەکاتەوە.

شاعیر دەبێ هەڵەتەی دنیاکانی تر بێت، لە میانەی دنیاکانی ترەوە ئەم دنیا بچکۆلە داماوە ببینێت. دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شتە گەورە و تراژیدییەکانی جیهانەکەی خۆی بە یەکجاری وەرچەرخێنێ و بیانکاتە کۆمەڵە شتێکی ئومێدپۆش و لەنێو ئەو پەیڤانەدا بیانڕوێنێ کە نووسین دەکەنە ڕووبەرێکی بە پیت و ئەو هەستە بە شاعیر دەبەخشن کە جیاواز بوون بەرجەستە بکات، کە ڕەنگە هەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە هاوچەشنی کەسی تر بێت، چونکە هەر لەو دەمەوە درک بەوە دەکات کە شیعر دەبێ لە هەموو لاساییکردنەوەیەک بەری بێت تەنیا لاساییکردنەوەی خودی شاعیر خۆی نەبێت، چونکە هاوشێوەیی لەگەڵ ئەوانی تردا حوکمدانە بەسەر بوونی

خۆیدا و مانیفێستکردنی مەرگە، وجوود بێ ڕەنگ و ڕوخسار دەکات، لە کاتێکدا جیاوازبوون دایالۆگ دەهێنێتەدی، ڕەنگێکی دیکەی پەلکەزێڕینەی دەنگەکانی تره و دەسکەنەی ژیان زیندووتر و ناوازەتر دەکات.

ئەو سەرەتایە بوو بە دەستپێک..

لەو سەروبەندەدا، کە تازە کەوتبوومە وێڵگەی هەرزەکارییەوە، ڤاکیومێکی بێ هاوتا کەوتبووە ئەتمۆسفیرەکەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەڵتەرناتیڤ پێویست بوو، منیش تاقە کەسێک نەبووم لەوانەی ئەو ڕێسا باوەم شکاندبێ و بەشیعر دەستم پێ نەکردبێ، چونکە یەکەم شت کە لە ژیانی مندا مانای تۆمار کرد و نەمریی بە بەر ئەزموونێکی تەواو زاتی و جیاوازدا کرد، شیعر بوو. دیاریشە کە لە ڕێگای زوبانەوە ئەم شتانە شەقڵیان گرت، خۆڕسکانە، زوبان بایەخێکی بێ هاوتای لەلامدا پەیدا کرد و بڕیاری ئەوەمدا کە بیکەمە ئامرازی سەرەکی گوزارە کردن، نەک لەبەر ئەوەی ئەوسا شتێکی گرنگم هەبوو بۆ وتن و دەربڕین، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆشاییەکی بەرفراوانی پڕ دەکردەوە (ئەڵبەتە لە بوونێکدا کە بەدوای بەدی هێنانی خۆیدا دەگەڕا) و هەستم بە خۆشەویستییەکی سەیر کرد بەرانبەر بەو ئامرازەی کە مانای بەسەرجەم هەست و ئایدیا و دەربڕینەکانی مرۆڤ بەخشیوە و دەبەخشێ، ئەو خۆشەویستییەی کە دواتر یەقینی ئەوەی پێبەخشیم کە زوبان دەتوانێ موجیزەی مانا بخولقێنێت و بیدات بە ژیان و ببێتە سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەک.

ئاشکرایە کە زۆربەی مەعریفەی مرۆڤ لە ئەزموونەکانی ئەوانی دییەوە بە دەست دەهێنێت و بێ ڕادەش گرنگە لە بەرەو کەماڵ بردنی، بۆیە کەشفکردنی خوێندنەوەیەکی سەرومڕ نۆرمی بەردەوامبوونە لە دنیایەکدا کە تەنیا بەرەو پێشچوون تێیدا شەرعییەت بە ئامادەیی دەدات. هەر لە دوای کەشفکردنی ئەو دنیایەی کە وشە دەبوو بە فۆرمی و زوبان دەیخولقاند، عەشقێک، زوبانی وا لێکرد ببێتە ئەو ئێلیمێنتەی کە مانایەکی سیحراوی بە خودی من بدات، ئەو کاتانە بە جۆرێکی نارۆون و لێڵ هەستم بەوە دەکرد کە پێم دەکرێ بەو کەرەستەیە گەلێک شت بە ئەنجام بگەیەنم، لە هەموو شتێکیش گرنگتر، درکم بەوە کرد کە بە وشە دەتوانم لە ژیاندا کودەتا بەرپا بکەم، وشە بکەم بە ئەڵتەرناتیڤێک کە هەرگیز دووچاری هەرەس نەبێت.. هەمیشەش لەوە تێدەهزریم کە ڕیاڵیتییەک بۆ خۆم بخولقێنم و تێیدا بەو شێوەیە بڕوانمە ئەرکی شاعیر کە هەستکردن و دەرککردنێکی بەرفراوانتر و قووڵتر دنە بدات و ڕووبەرەکانی نووسین بکاتە ئەو دەقانەی دوور بن لەوەی بە شتێکی مەئلووف بچن و تایبەتمەندێتی ئیستێتیکی خۆیان هەبێت کە تێیاندا ڕوح خۆی بدۆزێتەوە و زات خۆی تێیاندا بەدی بهێنێت و خۆی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەتر خەڵق بکاتەوە.

ناکرێ ئەوە بشارمەوە و نەیدرکێنم کە نووسین هێندە خۆی خۆشەویست کردبوو زۆرجار دەکەوتە پێش ئەزموونی ژیانی خۆیشییەوە، وەک بڵێیت ئیسێنسی ژیان خۆی بێت، بۆیە ئەو دەمانەشی لەگەڵدا بێت کە کرچوکاڵییەکی زۆر دەکەوتنە ناو نووسینەکان و زۆربەی شتەکانیش هەروەکو دیوێکی دووپات بووەوە و لەپێناوی خۆ و بێ مەبەستێکی دیاریکراو نووسراون، حەزێکی شێتگیر پاڵی پێوە دەنام تا دەمی خۆ بەختکردن و ڕەنجاندنی هەموو دنیای دەوروبەر داکۆکی لەو بوونەوەرە بچکۆلانە بکەم کە وێڕای کاڵی و پێنەگەیشتووییش خۆی بە بوێرییەکی پێداگرەوە هاویشتبووە نێو بوون و دەمهێنانە سەر کاغەز. ئەوسا هێشتا نەمدەزانی کە شیعر پێداویستییەکی بێ ئەندازەی بە دنیابینی هەیە، وێڕای ئەوەش ئەوەم دەزانی کە پێویستە بە پێودانگەکانی جوانکاری و خەیاڵ شتەکان تەرح بکات و زوبانێکی ئەفسووناوی تەبەننی بکات.

بێ گومان ئەمە فێنۆمێنایەکی بەڵگەنەویست بوو، منیش، هەڵبەتە لەوێوە تێی هەڵچووم، یان دەکرێ بڵێم خۆم ئاخنییە نێو دنیای پڕ ئەفسوونی نووسینەوە، ئەو نووسینەی کە هەتا دێ بۆ من دەبێتە کردەیەکی سەخت و دژوارتر، چونکە بۆتەیەکە هەڵگری هەموو ئێلیمێنتە فیکری و ئیستێتیکی و هونەرییەکانە و بەبێ ئەوەی هەریەکێ لەمانەش مەحاڵە نووسین بگاتە ئاستی ئایدیال.. شیعریش ئەو دنیایە بوو کە خەونەکانمی تێدا دەهاتنەدی، یان دەشێ بوترێ ئەڵتەرناتیڤی ئەو جیهانە بوو کە من تاسەم دەکرد بەڕاستی هەبێت، کە من بۆی عەودال بووم و دەمویست جێگای دنیای ڕیئاڵ بگرێتەوە، چونکە هەوڵێکی سەخی و دەوڵەمەند بوو بۆ تێگەیشتنی

زیاتری هەستەکان و بە ئینسانیتر کردنیان. ئەو جیهانەی کە تێیدا هەرگیز دوای هیچ یاساوڕێسایەکی نووسین نەکەوتووم و ناکەوم، چونکە هەمیشە زانیومە کە شیعر هەمیشە تینووی ئازادییە و یاساوڕێساش هەردەم لەبەردەم نووسینی داهێنەرانە و جادووگەردا کۆسپ و بەربەستن. ئەو جیهانە لە گۆشت و خوێن پێکهاتووە، گۆشت و خوێنی هەستەکان، خەیاڵەکان، ئەندێشەکان کە زۆربەی جار ڕیفلێکشنی واقیع و مێژوویەکی شەخسی و ژینگەیی دەکاتەوە.. بە تایبەتیش خەیاڵ کە «دەتوانم بڵێم دەکرێ ببێتە کۆتوبەندی ناوەکی بۆ نووسین و خولقێنەری پەرجووەکان» ئێلیمێنتێکی سەرەکییە و بەبێ ئەمە بەرکەماڵبوون شیاو نییە. شیعریش، بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەری شیعری جیهانیدا، چۆن دەیتوانی لە سارایەکی ئەدەبی تاڕادەیەک نەزۆکدا هەستی بەرکەماڵبوونم پێ ببەخشێ؟ بێ چەندوچوون دیارە کە پێداویستی بەوە هەبوو لەلایەن هەڵاڵەی هەموو گوڵە شیعرییەکانی دنیاوە و بەهۆی خوێندنەوەوە بپیتێنرێت، ئەمەش نەک هەر بە مانای کارلێک کردن دێت، بەڵکو بە مانای لێوەرگرتن و ئیزافەکردنیش دێت. جگە لەمەش، دەستبەردار نەبوونی شیعر لەلایەنە گرنگەکانی فیکر، مەسەلەیەکی پەیگیربوو، لانی کەم سۆز و ئامرازەکانی شیعر بکاتە بەری و شتێکمان پێ بڵێت کە لە ڕاستیدا هەست پێکراوە، چونکە فیکر بەرهەمی عەقڵە، بێ شک پەنانەبردنیش بۆ بەرهەمی عەقڵ و سەرپشک نەکردنی لەدوا لەمەساتەکانی نووسین دوورخستنەوەی نووسینە لە بەرکەماڵی ڕوحی و هونەری.. نووسینیش بەگشتی تۆخکەرەوەی ئەو بوونەیە کە پێداویستی بە ئامرازی نوێ و دنیابینی نوێ هەیە بۆ تابیرکردن لەو هەقیقەتانەی کە هەموو ڕۆژێک جیاوازن و وێناکردنیان لەو چرکەساتە مێژووییەی کە تێیدا دەبێتە بەرهەمێکی نووسراو و سیحر و کێشێکی بەردەوامی دەبێت.

شیعر، جووڵانەوەیەکی زۆر فرە دەگرێتە خۆی و خۆی لە هەموو ئاقارێک دەدات، ژیانە و بەئاراستە جیاوازەکاندا دەڕوات و دژی مۆنۆتۆنبوونیش ڕادەوەستێت، چونکێ مۆنۆتۆنبوون «رتابە» تەنیا یەک مەبەستی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ژیان لە گۆ بخات و هەوڵەکانی تێدا کەسیرە بکات و ڕوحیش لە بارگاویبوونی خۆی خاڵی بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە شیعر ژیان دەگرێتە خۆی، چونکە باوەڕی بە جووڵانەوە هەیە، جووڵانەوە بە ئاراستەی کەشفکردن و خوێندنەوەی لایەنە نا شەفافەکانی و خوێندنەوەی نهێنییە ئەفسووناوییەکانی، چونکە ئاشکرایە کە کەرەستەی گشت شتێک ژیان خۆیەتی، کەواتە شیعر و نووسینیش کەرەستەیان بە پلەی یەکەم دەبێ ژیان بێت.

بەم شێوەیە نەختێک پاش سەرەتاکان، تەقەللای ئەوەمدا ژیان و ئەزموونەکانی خۆم تێکەڵ و ئاوێتە بکەم و بیانخەمە نێو ڕیتمێکی ئیستێتیکی و لە نووسیندا بەو چەشنە دەربکەون کە من خۆم مەبەستمە. دوای ئەو سەرەتا شەرمنۆکەش (کە خۆشبەحاڵم هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخسا ئەو نووسینە بەراییانەم ڕووناکی ببینن، ئەگینا ئێستا دەبوایە پەشیمانییەکی دژوار و دڕندە بچێژم) کە تەقریبەن هەموو کەسێک کەموزۆر بچێتە نێو ئەم دنیایەوە پێویستە وەکو قۆناغێک بیبڕێت، ئیدی تەئەمموولێکی جودا لە ژیانی نووسینمدا بەرقەرار بوو، هەمیشە و بەردەوام زاتی خۆمم دەخستە بەرپرسیار و تاقیکردنەوەوە، کە ئەمەش چوونە نێو ئەو قۆناغە بوو کە تێیدا بێلێبڕ جێگاکەی خۆمم بەجێ دەهێشت و مەودام لەگەڵیاندا وەردەگرت و لە جیهانێکی دینامیک و گۆڕەکدا هەردەم بەرەو تازەگەرییە ڕاستەقینەکان هەنگاوم دەنا و دەرکم بە کەمورتییەکانی نووسینی خۆم دەکرد و هەوڵی ئەوەم دەدا چارەسەریان بکەم، ئەمەش وای لێکردم لەبەر کەماڵبوون زیاتر تێ بگەم؛ لە دوای ئەمەدا بوو کە ئیتر لە نووسیندا ڕوح بەرەو باڵا هەڵکشا و هەست بە تەنیاییکردن و کرەکیکردن و هەڵە و کەموکاسییەکان لەگەڵ پرۆسەی نووسیندا ڕێگای ڕەوینەوەیان گرتەبەر.

ئەگەرچی شیعر حزوورێکی پەیگیر و پڕ بایەخی لە هەموو ژانر و دەقە هەمەجۆرەکانی ئەدەبدا هەیە، کەچی ئەو سەردەمانە بە هۆشێکی کورت هێنەوە ساتوسەودام لەگەڵدا دەکرد، زۆرجار ئەوانەی کە دەمنووسین، ئاوێنەیەک بوون و کاریگەری شیعری ئەو سەروبەندەیان بەزەقی پێوە دیاربوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە من دەمویست ئەو ئاوێنە ناوازەیە بێت عەکسی حاڵەتە مرۆییەکان بکاتەوە و بابەتە بەرجەستەکانی دەوروزێوار لەخۆ بگرێت، هەروەها پێوەندییەکی ڕوحی لە تەک مانادا بەرهەم بهێنێت، یان خودی مانا خۆی ئافەریدە بکات.

سەربارییش، ئەم حاڵەتە زۆری نەخایاند و هێدی هێدی خۆم لێ ڕاپسکاند و کەللەشەقانە ئیشم بۆ ئەوە کرد کە دەنگێکی تایبەتمەند بۆ خۆم بڕسکێنم کە دواتر هەندێک بە دەنگی هەشتاکان ناوزەدیان کرد و لەو بڕوایەشدام کە هەتا حاڵی حازریش، ئەو ستایلەی دوای شکڵ گرتنی دەنگم پێم نووسیوە، هەر سەرومڕم لەسەری و هەستێکی قووڵ وام لێدەکات کە وەکو نمایندەیەک بۆ خودی خۆم لەسەری بەردەوام بم.

من پێشوەخت فیکرەیەکی ئەوتۆم دەربارەی بەهرەی خۆم هەبوو، دەمزانی لەچیدا خۆی شاردۆتەوە، بۆ ئاشکرا کردنیشی خۆم بە شتی ترەوە سەرقاڵ نەکرد، چونکە دەمزانی گەر خوو بە شتێکی دیکە بدەم، ئەوە بەزایەی دەدەم و ئەزموونی نووسینی خۆم لەبار دەچوێنم و کۆتایی بەو ئومێدە جوانە دەهێنم کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان داهێنانێک ڕەنگڕێژ بکات. من لەو باوەڕەدام کە هەموو نووسینێک بریتییە لە ئەزموونێکی تازە و جودا، یان ئاستێکی تر بۆ لەخۆ زیاتر نزیکبوونەوە و لەخۆ زیاتر حاڵیبوون. ئەو شاعیرەش کە ئەزموونی ساڵانێکی هیچ تێپەڕاندنێکی ئەوتۆی تێدا نییە و نووسینەکانی هاوشێوەن و کارەکتەری جیاوازیان نییە، ئەوە بێجگە لە کۆپیکردنەوە، شتێکی تری ئەنجام نەداوە، چونکە پشتگوێ خستنی هەوڵ و تێکۆشان بۆ خۆ چالاککردن و بەردەوام زیندووبوونەوە، ڕوحی خۆی پەژمووردە کردووە و هیچ ئەگەرێکی بۆ بەرفراوانکردنی مەودای دەرک و زەینی خۆی نەهێشتووەتەوە. هەڵبەتە ئەو پێویستە بە گوێرەی ئەو کلیلە کلۆمی نووسینەکانی خۆی دابهێنێ کە لە ئەندێشە و هۆشی خوێنەردا بەهۆی ڕاڤە و هەڵکۆڵینە بەردەوامەکانییەوە دێتە بەرهەم. بە واتا هەوڵ بدات هۆشیاری ئەوە بێت کە بیر لە دوالیزەبوونی داهێنان بکاتەوە و قەناعەتی دواییەنی بەوە هەبێت کە هاوکێشەی (دەق + خوێندنەوە)یەکەی داهێنان بەرجەستە دەکات. نووسین ئەزموونە، هەوڵدانە بۆ کاڵکردنەوەی چرکەساتەکانی پڕ لە عەفەوییەت و وروژان و هەڵچوون. بێ گومان ئەم پرۆسەیەش بەدانانی پلانی تۆکمە و گۆڕینی ئەو مامەڵە کلاسیکییە لەگەڵ زوباندا دێتە دی. لەو دەستپێکەشەوە کە نووسین تەعبیرکردنێکە لە فیکری زاتی و هەر لە سەرەتاشەوە تامەزرۆ و خوازیاری ئەوە بوومە جیاکارییەک بهێنمە نێو مەیدانی ژیانەکەی خۆمەوە، ئەو ژیانە جیاوازەی کە دەیخەمە ژێر سیحری ئەبجەدییەتەوە و لە نۆژەنەوە بەشێوەیەکی دیکە و مانایەکی بەپێزتر بەرهەمی دەهێنمەوە.

لە شیعردا ڕەهایی دەستەبەر دەکەم، بنیادی سەربەخۆییەکی ڕوحی دادەنێم و لە زاتی خۆمدا ئازاد دەبم. شیعر بەرجەستەی ئەو هەستە نامۆیە دەکات کە تەنیایی دەیهێنێتە ئاراوە، بەرجەستەی ئەو چارەنووسە دەکات کە تاک ناچار دەکات پشت کە لە کەلەپوور بکات! تا لە هەمیشەدا بەردەوام بێت. بەرجەستەی مەودایەک دەکات کە دەکەوێتە نێوانی من و خودی خۆم، من و خوێنەر، تا بەر لە هەموو شتێک دیالۆگێکی شارستانیانەی تێدا بەرهەم بهێنین. بەرجەستەی ئەوەش دەکات کە من لە دنیای هەنووکەیی پڕ لە جاڕوجەنجاڵ و سەروسەدای وەکو دنیاکەی ئێمەدا هەموو کاریگەرییەکی دینامیکی خۆم بۆ ئاینەدە دوا بخەم. واتە بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن کاریگەریی بەسەر ئایندەوە جێ بێڵم. شیعر کۆششێکە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک کە بەسۆز و فیکر و خەیاڵ پێگەیشتنی بە دەست هێنابێ. دەقێک کە وەرگری خۆی بخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەو ڕستە گەوهەرییەی کە دەڵێت: «هەندێکی تر نزیک بوومەوە لە تێگەیشتن لە ڕاز و نیاز و کێشەکانی خۆم...» ئەم دەقەش بەچی دەبێتە خاوەن کارەکتەرێکی لەو جۆرە؟ بێ گومان بە خوێندنەوەی بەربڵاو، خوێندنەوە ئاسۆکانی نووسین بەربەرین و بێ کۆتا دەکات، چونکە هەر تەنیا بەهرە بەس نییە بۆ نووسین و خوێندنەوە و نووسین تەواوکەر و پابەندی یەکن. هێندەش گومڕانیم نەرێی ئەوە بکەم کە بەبێ کارکردی خوێندنەوەی چڕوپڕ و بەردەوام، بتوانم ئاسۆی چاوەڕوانی داهێنان بێ سنوور بکەم.

نووسین بەو زوبانەی کە پتر هەوڵ بدات دەستەویەخەی دیقەت و ڕوونی و ڕەوانی بێت، نەک هەر تەنیا لەپێناوی خۆیدا بێتە ئاراوە، بەڵکو لەپێناوی دەربڕینی ئایدیا و بیرۆکەیەک خۆی بۆشناخ بکات و شەقڵێکی قووڵتر بەخۆوە بگرێت. نووسین پڕاوەکردنی بەمرۆڤبوونە، یان ئەزموونی مرۆڤ بوونییە لە ژیاندا. چ کارلێکێکی بێ پایانیش لە مابەینی شاعیر و بابەت و مەسەلەکانی سەردەمدا هەیە؟ هۆشیاری شیعریش چی دروست دەکات؟ ئەی تەرحکردنی فیکرەی پەتی چی لە تێکستی شیعری دەکات؟ شیعر دەبێ لە دەرەوەدا بە ئاراستەی

سەرنجڕاکێشیدا بڕوات و لەناوەوەشدا بە مانا و دەلالەت ئاووس بێت؟ دەبێ خوێنەر ڕاپێچ بکاتە سەر خوانی بیرکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەودیوی شتەکان و بۆ وەرگرتنی بڕیارە زۆر کاریگەرەکانی ژیان و بە مرۆڤبوون دەعوەتی بکات؟ زوبان هەروەکو خۆی بەکاربەرێت وەکو کەرەستەیەکی خاو و پرۆسێیس نەکراو کە لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوە لە بایەخی سەبژێکتەکە و خەفەکردنی پرۆسەی خولّقاندن و کوشتنی چانسی بەجیهانیبوون.

ئایا بێجگە لە نووسین و لیتیراتۆر شتێکی تر نییە هانی بەردەوامبوون بدات؟

بێ گومان لە شیعردا، ناوەرۆک و ڕەهەندەکان لە زمانێکدا چڕ دەکرێنەوە کە مۆرکێکی شیعری بەخۆوە گرتبێ و ئاستی ئامـاژەیی سەنبولی لەگەلّ ئاستی واقیعیدا یەکانگیر بووبێت. لە ڕاستەوخۆیی و ڕاپۆرتئامێزی و ڕووکەشی دوورکەوتنەوە و خۆلادان لە پێشخستنی جوولاّنەوەکانی دەق و زۆرجار نزیکبوونەوە لە ئەبستراکت پارێزگاری کردنە لەو پالّنەرە ڕوحییەی کە شاعیر کۆشش دەکات هەمیشە بە زیندوێتی بیهێلّێتەوە. بەبێ داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی و هونەریش وەخت ڕەشەبای بێهوودەیی ڕایدەمالّێ و ژیانێکمان بۆ جێ دەمێنێت هەر تەنیا بەزایەچوون دەگرێتەخۆ و هیچی دی. زۆر گرنگیشە کە شاعیر هەولّی ئەوە بدات نیوترالّ بمێنێتەوە و دژایەتی و ململانێی ئەو ڕوحییەتە گەندەلّ و پیسەی نێو کۆمەلّگا بکات و تەقەللای دەستەبەرکردنەوەی ئەو ڕوحییەتە زیندووە بکاتەوە کە بێ بەرییە لەو گەندەلّی و پیسییە و تەندروستە و تەنیا بە مەعریفەیەکی زاتی تێروتەسەل گۆشکراوە. جیهان هەمیشە لە دەرەوەی نووسیندا کۆمەلّێ پەنجەرەی داخراوە، بە کردەی نووسین دەبێ بەشێک، یان هەر هیچ نەبێ یەکێک لەو پەنجەرانە ئاوەلاّ بکەینەوە. شیعریش، ئەگەر پەنجەرەیەک بە ڕووی جیهاندا نەکاتەوە، ئەوە نابێتە دنیابینی و دیدێکی جیاکاری مرۆڤانە و لەسەر زەمینی ڕوحدا بنیادگوزار نابێت و لە ئەندێشە و هزری بە پیتی خوێنەریشدا مانا بە ئەبەدییەت نابەخشێت.

**هاوینی ۲۰۰۷ کەرکووک**

# وشەی داب، یان (مۆد) مۆدی نوێی نووسەر

**خالید عەسکەری**
**(بۆکان)**

چونکە نازانم (مۆد) لە زماندا لە سەردەمی بەیهەقی، یان لە چەرخی عەرەبدا چییان پێ گوتووە؟ لێرەدا لە سەر ئەو وشەیە، هەر بەو مانایە، کە ئەورۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێ بدوێم.هەر ناوچەیە مۆدێکی هەیە، واتا دابێکی تایبەتی هەیە، هەڵبەت ئەو دابەش دەگۆڕێ! بۆ نموونە لە ناو حەکیم و دکتۆراندا، هەر کام لە پێکهاتە ئالییەکان، واتا ماکە زیندووەکانی کیمیایی نێو خۆراک، یان لەشی گیانداران کە بۆ ژیان پێویستە، بەڵام وزەی لێ بەرهەم نایە پێیان دەڵێن (ڤیتامین)، ئەم ناوە بووە بە مۆد. سەرجەم ئەو خواردەمەنییانەیان بە بۆنەی بوونی جۆری ڤیتامینەوە، هەر تاقمەی لە جۆری خۆیدا لەهەڕە دران و دەستەکران. لە شوێنی بۆشناغی و تەڕپۆشی جارێک پاتۆڵی هەراو، ڕایەک پاتۆڵی تەنگ دەبوو بە باو. ئەو جار لە پێدەشت و بواری نووسیندا، نووسەری زانا بە ڕەنجێکی زۆر، بە دەستی خۆیان، (سەجع) یان لە نەسردا، تا ڕادەیەکی چاوەڕوان نەکراو کردە مۆد. ئیتر بە هۆی سەجعەوە کەس لەمانا نەدەگەیشت، تەنانەت چەند فرسەخیش دوور دەکەوتنەوە، لۆمە و سەرکۆنەش نەدەکران. لە سەرەتای حکومەتی مەشرووتەدا سادە و ساکارنووسین بوو بە ڕەسم! بەکارهێنانی وشەگەلی (ئەجنەبی) پەرەی سەند، بە تایبەت لێکدانەوەی بیانی بوو بە باو، لەو سەردەمەشدا ئەو کارە ڕەنگدانەوەی خۆی دەرخستووە، گەورە ئەدیبەکان جگە لەوەی لە لێکدانەوەی وێچوواندن خۆ دەبوێرن، کەم، کەم هەوای گەڕانەوە لە کەللەی دان. بۆ چاولێکەری و وێچواندنی ئینشای زۆر،ڕابردوو واتا کۆن، لایان وایە، ئەو شێوازە، لەجێ پەنجەی دەرەکی بەدوورە.

بەداخەوە ئەو ئیشتیا و باوە، بەرە بەرە پەرەی گرت و لەواندا بەهێز بوو. ئەو لاسایی و چاولێکەرییە گەیشتۆتە ڕادەیەک کە لە نووسراوەی زانا و نووسەراندا بەدی

دەکرا، وەک ئامۆژگاری و مەتەڵۆکەی بێ هاوکووفی و ساکار، نەرم نەرم دەکردە شێوازێکی پڕ گرێ و ئاریشە و دژوار کە لە بەرهەم و نووسراوەکانیاندا بهێننە سەر شێوازێکی پێچەڵاوپووچ.

جا حاڵ و باڵی ئەوان بەگشتی وەک هەموو ئەوانە وان، کە ئاسوودەیی و سەلامەتی خۆیان دەکردە قوربانی مۆد و دەیکەن و دەشیکەن. ڕەشەکانی ئەفریقا! لووت و گوێچکەی خۆیان کون دەکەن بۆ ئەوەی ئاڵقەی پێوە هەڵواسن. ژنانی فەرەنگ کاتێ حەزیان لە پیشاندانی نێوقەدی باریک دەبوو، بە تامەزرۆیی لەگەڵ پشتوێنی دژە سەلامەتی خۆیان ڕادێنا.

ئەمڕۆش بەرپێی هیچ ژنێکی چەلەنگ و ڕازاوە بێ مێخەکە نییە. پاڵەوانەکان و لاتی بە ماریفەتی خۆشمان قۆڵیان بە خاڵ دەنەخشاند. لە کاتێکدا چاولێکەری شێوازی نووسەری ڕابردوو، بە واتایەکی دیکە کۆنەپەرستی ئەوەندە بێتە مۆد، کە تەنانەت ساکارنووسین بگاتە ڕادەی سووکی، لە هەمان کاتدا لە بەر دژواری و بێ مانایی کەسی تێنەگا پنج و مۆر لە خۆی بنێ و بەدابی خۆمان (حول حولی مەجازبی).

پاش ئەو سەرەتایە چەند دێرێک لە سەر بنەمای دەقەکە بنووسم، چونکە ئەوانەی نووسینی ئەوڕۆییان بەرچاو نەگرتووە و پێشێلی دەکەن دوو بەشن. واباشە بە نۆرە باسیان لێوە بکەین، ئەو دوو بەشە لەیەک جییان وەک یەک ناچن. هەر کامیان هاندەر و مەبەستی تایبەتییان هەیە، یەکەم ئەوانەن دروست و چاک و باش و بێ کەموکوڕی، پەتی و بێ خەوش بوونی وشەی عارەب لە زماندا بە کەسریی شانی ئێرانی و میللی دەزانن. دەڵێن ئەگەر بێت و ڕۆژێ ئەم وشانە دەربهاوێین، دەبێتە هۆی قورس و قایم و پتەوکردنەوەی سەربەستی و سەربەخۆیی و سەقامگیری نەتەوە و هۆز و میللەت. لایەنگرانی ڕێوشوێنی شێوازی بەیهەقی لایان وایە وا بیر دەکەنەوە کە شرۆڤە و ڕاڤە، ڕاژە و شی کردنەوەی چەند سەدە لەمەوبەر، خوا لە ئاسمانەوە ناردوویە، یان وەکو بیچم و ڕێچارەیەکی ژمێرباری هەوڵ و تێگەیشتنی لە عەقڵ وەرگرتووە و خوازیاری بووە کەوا بێ! بەزاندنی ئەم سنوورە، یان تاوانێکی گەورەیە، یان بە دژی زانستی و سەلماندنی عەقڵ، بەربەرەکانێ دەکا، چونکە بەڵگەیەکی وایان بەدەستەوە نییە تێبگەن کە ئەو وشانە ئەم لێکدانەوانە، کە خوا لە ئاسمانەوە نازڵی کردووە، یان لە سەرەتاوە، عەقڵ حوکمی بەوە کردووە لە کوێیە سەر وەباری بنێن و بچنە ژێر فەرمانی.

وێژامەیەکی دوورتر لەو چاخەی ئێستا لە مێژووەکەی بەیهەقی، یان سەفەرنامەی ناسر خەسرەوی عەلەوی واتریان نییە، بۆیە دەڵێن ئەگەر زمانی فارسی ڕاست و دروست هەبێ، ئەوە بەشەکەی دیکەش وابیر دەکەنەوە، کە هەموو کەس لە زمانی ئەمڕۆ تێدەگا، بایەخێکی ئەوتۆی نییە تایبەتمەندییەکی تێدا بەدی ناکرێ. کەسی عالم و زانا دەبێ وەها بدوێ کەسی تێنەگا، بەم هۆیەوە دەبێ!

بەر لە هەموو شت هەوڵ بدرێ وشەگەلێک و پاشان واتای بۆ بدۆزرێتەوە، کە دوور لە ڕادەی تێگەیشتن بێ، زاراوەیەکی ناسراو نەبێ بۆ ئەوەی خەڵکی بڕێک هێمنتر و بەگەشە و ڕووخۆشتر، یان هەر نەبێ لە خەڵکی جیاوازتر و دیاردەیەکی ئاشکرا و بەرچاوتر بنوێنی، بەڵام ئێزن بدەن ڕاست و ڕەوان ڕابگەیەنم هەردووک ئەم لایەنانە بەهەڵەداچوون. جگە لەوەی قازانجێ بۆ ئەو ڕاوڕێبازە دەرناخا، بوونیشی ناگونجێ، بەڵام نووسین بە زمانی سەرە، هاتەرانێکە، کە دەستەوئێخە دەبێ لەگەڵ زۆربەی ئەو گەنجانەی تازە خەریکن چاویان بە دنیای ڕوون دەکەوێ! هاندەری ئەوان جۆرێک زێد و نیشتمان پەرستییە. زۆر هەوڵ دراوە وشەگەلێکی پێویست جێگری وشەی دەرەکی و لاوەکی بگرێ. بۆ هەولی نووسینی زمانێکی پاکردە، جیا لە عەرەبی بنووسرێ. ئەم بیرۆکە، پتر بەو هۆیەوە خۆدەردەخا، کە ئادەمیزاد لای وایە لە نێو گەلێکی فرە نەتەوە، زاراوەکان نەرم و هێدی دەخزێنە ناو زمانە سەرەکییەکەوە جا ئەم باوەڕە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ!

کە بوونی وشەگەلی عارەب، بە یادگاری، شکانی قادسییە و نەهاوەند دەزانن کە سووکایەتی دەخاتە سەر گەورەیی میللەتەکەمان. لە کاتێکدا دەزانین زمان تەنیا، یەکێ لەبەشە میللی و نەتەوەییە و دابونەریتی هاوبەش، پاشان تایبەتمەندی مێژوویی و جوگرافیاییە کە جەماوەر ڕێک دەخا، لێکیان نزیک دەکاتەوە. بەڵگە بۆ ئەو ڕووداوە زۆرن: خەڵکی بەلژیک بەزمانی فەرانسەیی، میللەتی ئاتازۆنی بەزمانی ئینگلیزی، گەلێ جار خەڵکی وڵاتانی ئەمریکای باشوور بەزمانی ئیسپانیایی قسە دەکەن، بەڵام دەکرێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین؟ ئایا بە کەسێکی بەلژیکی بڵێین فەرانسەیی، یان بە ئەمریکاییە بڵێین ئینگلیزی؟ یا بە کەسێکی خەڵکی ئەمریکای باشووری بڵێین ئیسپانیایی؟ لەوانە

لەهەمووان نزیکتر! ئازەری ترک زمانە و شیرازی فارسی ڕاڤە دەکەن و شیکاری و لێکدانەوەیان بە فارسییە.ئایا کەسێکی ئازەری هەیە خۆی لە کەسێکی شیرازی، یان ئیسفەهانی بە ئێرانیتر نەزانێ؟ یان ئازەرییەک هەیە لەگەڵ ترکەکانی ماوەرا ئەلنەهر و پێدەستی قەپچاق ڕەوت و بیروباوەڕ و سەلیقە و ئاکاریان وەک یەک بچێ؟ هەڵەیەکی دیکەی ئاغاگەل دەیکەن ئەوەیە! وا بیر دەکەنەوە لە سەر ئەم گۆ خاکییە زمانی سادە و ساکار و غەیرە تێکەڵاو هەیە.

ڕەنگە هەبێ ئەویش تەنیا لە ناو هەندێ لەو وەحشیانەی لەگەڵ میللەتانی دیکە تێکەڵاوییان نییە، لەگەڵ هیچ هۆزێکی دیکە ئاوێتەیی، تێکەڵی، وتووێژ، پێوەند و نزیکییان نەکردووە، بۆیە زمانی ئەوان زۆر سادە و ساکارە، میللەتانی پێشکەوتوو لە ئاکامی هاتوچۆی ناو کۆمەڵگاکانی دنیا و هەڵسوکەوت، دووان، هێرش، داگیرکەری زێدی یەکتر، تێکەڵاو بوون، بۆیە لە هەموو زمانێکدا وشەی بیانی و غەوارە و دەرەکی زۆرە. بۆ نموونە لە سەتا بیستی ئەو وشانەی، لە زمانی فەرانسەی ئەمڕۆدا باوە! لە زمانی گلادیاتەکانی کۆنەوە بەر لە داگیرکرانی ڕۆمەوە ماونەتەوە. هەڵەیەکی دیکەی ئاغایان ئەوەیە کە دژایەتی لەگەڵ عەرەب بە دیاردەی نیشتمان پەرستی دەزانن. لە کاتێکدا نیشمان پەرستی ئەوانە نییە، بگرە نیشتمان پەرستی ڕاستەقینە ئاوەژووی ئەوانەیە.

نیشتمان پەرستی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خەڵکی هەوڵ بدا زێدی ئەو لە هەمموو بابەتێکەوە بگاتە ئاستی نەتەوەکانی پێشکەوتوو، هەروەها پلەوپایە و ژیان و سەربەرزی میللەتەکەی زمانی نەتەوەکەیەتی.زمانی میللەتێک کەنگێ دەگاتە ئاستی سەرکەوتن و کەماڵ؟

هەڵبەت ئەو کاتەی زمان لە بواری زانستەوە مانای تەواو و کەماڵی هەبێ، بەو مانایە بۆ هەموو فام و بەرانبەرییەک وێنە و وشەی ئامادەی هەبێ. جگە لەوە زمان ئەو کاتە دەگاتە ئاست و پلەی بەرز و گەورەیی، کە لەودا کردەوەی باش و گەورە و زانین و ئاگاداری عیلمی سەرکەوتوویی بەربڵاوی تێدا بێ. زمانی ئێستای ئێمە ناتەواوە، بەو مانایە بە گوێرەی پێویست وشەی تاکمان بۆ تێگەیاندن و بەرانبەری، ئامادەمان نییە. جگە لەوە زانستی پیشەگەلی جۆراوجۆر، بەکیفایەت و فراوانی کتێب بەو زمانە نەنووسراوە.ئێستا ئەوە هاتین ئەم زمانەمان بە جێ هێشت، واتا بە گشتی وشەگەلی عەرەبیمان لێ دەرهاویشت، ئایا ئەو زمانە لاوازتر و فەقیرتر نابێ؟

ئێمە ئەوڕۆ بەشێکی زۆر لە کردەوەی خۆمان، بە هۆی وشەگەلی عەرەبی، کە بۆتە بەشێک لە زمانی ئێمە دێنینە بەرباس. ئەگەر ئەم وشەگەلەمان دەرهاویشت، دیارە کە تاکەکانمان زۆر لە کەمی دەدەن. دەزانم دەڵێن لەبری ئەم وشەگەلەی دەرمان هاویشتوون وشەی فارسیمان هەیە، کەچی ئەوە بۆ خۆی هەڵەیەکی بەرچاوە، ئێمە بارتەقای هەموویان وشەمان نییە، نە لە پێشکەوتوویی ئێران نە پاش فەتحی عەرەب، وەها تێک گلا کە بە گشتی ڕابردوو لە یادان چۆوە لە بیران سڕانەوە. ئێوە ئەگەر بتانەوێ بۆ هەموو کردار و زانین، بۆ بەرانبەری بەپێی ئەو دەم وشەتان ببێ، هەر نەبێ بە لانی کەمەوە دەبێ پێنج سەد کتێب لە بواری فەلسەفە، واتا زانستی قانوونگەلی زاڵ بە سەر هەست و سروشتی کۆمەڵ و ئەخلاق و زانستەکانی ماف و زانستی هەمەلایەنەی ڕۆژ و سەردەمتان بە دەستەوە بێ، کە بزانن مەسەلەن لە زەمانی ڕابردوو (لەگەنی خاسرە)چییان پێگوتووە؟ زانستی ئەفلاتوونییان چۆن واتا و لێکداوەتەوە. چۆن دەکرێ و چۆن بووز دەخوا؟ زمانێکی زیندوو کە هەر نەبێ دە، یازدە سەدەیە میللەتێک بەو زمانە نووسیویانە و خوێندوویانە و پێی دواون، بیریان کردۆتەوە، خۆشەویستیان پێ درکاندووە، شیعر و هەڵبەستیان پێ گوتووە دەربهاوێن، زمانێکی مردووی کە پێنج کتێبی جۆراوجۆری نییە بکرێتە جێگری ئەو؟ پرسیار ئەوەیە ئەنجامی ئەو کارە خۆش هەڵبوون لە سەرکەوتنەوە بەرە و سەرە و خواری نییە؟ عەلی دەشتی بۆ خۆی دەڵێ: لە بیرمە «کارلیل» نووسەری گەورەی ئینگلیزی لە یەکێ لە کتێبەکانی خۆیدا لە سەر شێکسپیر و پێویستی بوونی ئەو بۆ گەورەیی و بوون و مانی ئینگلیستان نووسیبووی: «ئەگەر فەرمان دەرکەوێ کە هیندوستانتان دەوێ یان شێکسپیر، ئێمە وا باش دەزانین شێکسپیر بۆ ئێمە بێ و هیندوستان بۆ خەڵک.» ئەم وتەیە زێدەوێژی نییە شیلەی گرساوی نەتەوەیە، هەر کۆمەڵگایەکی، عەقڵمەند و زانا شاعیر گەل و نووسەرانی ئەوون، زمانێکی خاوەنی شیعری شاعیری وەک سەعدی و فیردۆسی بێ و بە بیر و هزری حافز و خەیام، مەولەوی شیعر گوتراوە. پتر لە هەموو سامان و دەسەڵاتێک، ئاگاداری ژیانی نەتەوەیی بنەمای سەر بەرزی ئەو میللەتەیە.

ئەوە چ کەڵەیەکە لە داوێنی ئێمە هاڵاوە؟ دەبێ فەرهەنگی پتر لە دە سەدە دەرهاوێین؟ لە هەموو پێکهاتەکانی شارستانیەتی، لە دە سەدەی ڕابردوو تا ئێستا. بەداخەوە لە بری هەموو شت، تەنیا ئەم فەرهەنگە گەشەیەمان بۆ ماوە، کەچی چەند کەسێکی نەخۆشی ماخولیا دەڵێن: بە هۆی ئەوە کە عەرەبی لە زمانی ئێمەدا بێگانەیە دەبێ دەری هاوێژین. وشەی عەرەب تا مێشک و ئێسقان لە ناخی ئێمە ڕاچووە. پرسیار ئەوەیە تەنیا تاوانی ئەم فەرهەنگە غەزەلی شیرینی حافزە؟ هەڵبەت ئەوەش زۆر بەجێیە کە بە گوێرەی ئەوەی دەست بدا و بە شێوازێکی جوان، واتا، تا ئەو جێیە کە شاواژە و ڕستە نەگاتە ئەو جێیە کەسی تێنەگا. نابێ ڕستە وا بنوێنێ کە دژایەتی لەگەڵ ڕوح بێ و لە خۆیدا نەحاوێتەوە. ئەو وشانە کە هێشتا نەگەیشتوونە ئەو جێیە دەریان باوێین لە بیستندا مێشک هۆگریانە، کەڵکیان لێوەرگیرێ، کە جێگری وشەی عەرەبی بن. بۆ نموونە، وشەی «خانە» لە تاران تاقە کەسێک نییە تەنانەت لە وتووێژی تەلەفۆنیشدا بڵێ خانە، دەڵێ مەنزڵ، یان نەخێر برێک زێدەگۆیی، وشەی (سەرا) لەو وشە هەرە جوانانەیە کە لە زۆربەی ناوچەی باشووری ئێران، کەڵکی لێ وەردەگیرێ، کوێی خراپە لە وتووێژە نووسراوەکاندا ببێتە مۆد، وتەی ناحەزی (مەنزڵ) لە ناو بچێ؟ یان ناوناوە فلانە نووسەر وشەی هاموون و دەشت، بێنێتە ناو نووسراوەکانی، ببێتە ڕەسم جێگر بێ، یان وشەی خامە هێندە بنووسن، جێگە بە قەڵەم لێژ بکا، وەجانی بێنێ و ڕاوی نێ، بەڵام بێتو خێرا خۆمان شێت کەین و بڵێین «وشەی عەرەبی بۆ دەرەوە» لام وایە زۆر جێگەی عەقڵ زانین و حیسابی نییە، جگە لەوە ڕێچارەیەکیش نییە. فەرزی مەحاڵ، مەحاڵ نییە: گریمان ئەوە توانیمان بارتەقای هەموو، وشەگەلی عەرەبی وشەی خۆماڵی و ئەوڕۆییمان وەدەست خست، هەموو کتێبە کۆنەکانی خۆمان بەو زمانە نووسی. ئەی دەکرێ لە ماوەی یەک، یان دوو سەدە دا زمانی زگماکی، یان دایکی لە برەو بخەین و بگۆڕین؟ چونکە ئادەمیزاد، زمان لە دایک و بابی فێردەبێ بەر لەوە بچێتە خوێندنگا و خوێندنگا بتوانێ کتێبی چاک و باش و بێ کەموکوڕی فێربکا و ئاگادار بە هەموو وشەگەلی زمانی خۆی بکات، زمانی وێژەی خۆی بە تەواوی فێر ببێ و وێژە بە زمانی خۆی وەک زمانە بێگانەکە فێردەبێ. بە گشتی ئەم زمانە پاکردە بە نووسەرەکانییەوە، جێگای ترس نین گومان لەوەدا نییە هەر کام لەوانە پاش نووسینی دوو، سێ دەق کە لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا بلاو بۆوە بۆ هەر کامیان پتر لە چەند ڕۆژی پێوە ماندووبوون، پاشان بۆیان دەرکەوت کەس ئەم وتارە و بەرهەمانەی نەخوێندۆتەوە، تێدەگەن هۆیەکەی ئەوەیە (کات بۆ خەڵک بە بایەخترە، ئەوەندەش تاقەت ناهێنێ بۆ خوێندنەوەی، بابەتێک زەحمەتی چوار وتار بە خۆی بدا.) ئیتر نانووسن، ئەگەر کوڵیش نەدەن، لە مەیدان دەرنەچن قیڕەون بن، ڕۆژنامەنووس بەهۆی مشتەرییەکانی خۆی تێدەگا کە خەڵک پتر بایەخ بە چاپەمەنییەکان دەدەن تاکو ئەو بابەتە دوورودرێژ و بەربڵاوانە، لەئاکامدا خۆ دەگنخێنن بۆ لە چاپ دانیان، چونکە خاوەن چاپخانە بەر لە هەموو شت وەک کاسبکار، یان وەک بازرگانێک ویست و خواست و سەلیقەی خوازیاران و خوێنەرانی بەلاوە گرنگە. کەوای نەکرد لە هەشتێ مشتێکی بۆ نامێنێتەوە، لە نان و توو دەکەوێ. کەوا بوو ترسمان لە هۆزە نییە.

با بزانین تاقمەکەی دیکە قسەی حیسابییان چییە؟ وا چاکە بزانین قسە بۆ چییە؟ و چاک و خراپەکەی کێهایە. لەو قسەیە سەرتان سوڕ نەمێنێ. هەندێ جار ئادەمیزاد فەرمانێکی ئاشکرای لە بیر دەچێ و دەگەڕێ بە شوێن نادیاردا، بە تایبەت لە بوارێدا کە نادیار دەیخەڵەتێنێ، لەوانەیە هەندێک لە بیریان بچێ کە نووسین و گوتن بۆ چییە. قسە بۆ تێگەیاندنی فیکر و ڕا، واتا دەرخستن و ئاشکراکردنی مەبەستی ئادەمیزاد. کەوایە هەر زمانێک باشتر بتوانێ بیروڕای ئادەمیزاد دەرخا، ئەو زمانە کامڵترە. ئەوەیە دەڵێن فلان زمان زمانێکی کامڵ و بەهێزە، تەنیا لەو بابەتەوەیە کە لەوەدا هۆی لێکدانەوە و بیری ئادەمیزاد بە شێوەیەکی بێ کەموکوڕی دەست دەدا. لەبەر ئەوە هەر شێوە گۆڕانێ کە باشتر ڕوونکەرەوەی مانا و مەبەست بێ، ئەو شێوە لێکدانەوەیە پتەوتر و کامڵترە. بۆ نموونە ئەگەر ئادەمیزاد تینووی بێ، داوای ئاو بکات، بە دەست و پێوەندێکی خۆی بڵێ: «خوێنی من خەست بۆوە، یان گەدەم ماسیوە، تکا دەکەم ئەوی ناو ئەو دەفرە بلوورەکە لە دوو (هێدرۆژێن) و یەک ئۆکسیژێن» پێک هاتووە بۆم بێنە. داواکەی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دەرنەبڕیوە، چونکە ئەگەر بیگوتبایە: «ئاو بێنە» خزمەتکارەکەی زووتر تێدەگەیی، زووتر ئاوەکەی دێنا و ئەویش زووتر داواکەی دەهاتە دی.

لە بەر ئەوە سەرچاوەگەلی وەکو «دوڕەی نادری»یان

«مێژووی وەساف» لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنجەی نووسەرەکانیان، بە هێنانەوەی سەجع واتا ئاهەنگ و کێشی وتە و واژەی چەند دەنگی. تەرسیع و شێوەی دەستەواژە و شارستە، لە نێو شیعرەکانیاندا وەکو (تەمسیل) وێنەی عەرەبی حەدیس و قورئان سەر هەڵدەدا. ئەو هەموو دەردەسەرییە، بۆیە تووشی خۆیان دەکەن! تا دەقی نووسراوەکەیان پڕکەن لە واژەگەلی خوازراوە و ئیما و وێچواندن. لە سەر ئەو حاڵەڕا ئینشایەکی لاوازە. مەبەستی ئەوان گێڕانەوەی مێژووی مەغوول، یان هاشاوڵ و فەتحەکانی نادرییە. کە بە شێوەیەکی تەواو و کەماڵ بە ئەنجام نەگەییوە. کە من ئەوانەی مەیلی خوێندنەوەی ئەم شێوە نووسینەیان هەبێ. هەر بەو بەڵگەیە و بەو نزیک بوونەوەیە، هەر لێکدانەوەیەک کە نەتوانێ هۆگری سەردەمی ئادەمیزادان بێ، بۆ تێگەیشتن و لێ حاڵی بوون، خوێنەر تووشی هەندێ سەر لێ شێواوی و ماندوویی بکات، گەل پەسەند نییە. وتار و دەستەواژە دەبێ وەک ئاوێنە وابێ کە ڕواڵەتی مەبەست بە جوانی بنوێنێ، نەک بوونی خۆی. ئێوە کاتێ لە ئاوێنەدا بە باشی سەیری خۆتان دەکەن، ئایا ئاوێنە دەبینن؟ بە پێداگری وەڵام نەخێر، لەبەر ئەوەی مەبەست ئەوەیە خۆتان لە ئاوێنەکەدا ببینن و سەیری خۆتان بکەن، بەڵام ئەگەر ئاوێنەکە زەرد و ڕووناخۆش و ڕەنگی پێوە نەمابێ. لە بری ئەوەی خۆتان ببینن، ئاوێنەکە دەبینن، بەڵام چ ئاوێنەیەک؟ ئاوێنەیەکی خراپ دەبینن. وتەش دەبێ ئاوا بێ لە بری گەیاندنی مانا بە زەین، نابێ بۆ خۆی ببێتە لەمپەر و بەرگر. ئەوەی سەعدی دەکاتە خێوی زمانی فارسی. بەیانێک وەک وێنە «هەر کەسەی تەمایەکی لە سەر دایە، کارێک لە پێش...» بە پێچەوانەی شیعرێکی وەک «ئەگەر گا، وەک دووپشک کەم ئەندام و بێ چاو نەبێ، وەک ژمارەی شمشێر دەبوو بە گەشترین ئەستێرەی (گا) لە ئاسمان شوێن و پلەی خۆی بەشیاو پاراو و پەسەندی هەمەلایەنە دادەنا». ئەگەر ئەم سەرەتایە بە لاتانەوە پەسندە، دەبێ دان بەوەدا بنێن کە لە سەر شێوازی بەیهەقی نووسین لەو سەردەمەدا کارێکی هەڵەیە و مەبەستێکی ناتەواوە، بە هۆی ئەوەی ئەو شێوازە ئەمڕۆ مۆد نییە و بۆ تێگەیاندن ڕوون نییە، واتاکەشی، وەک ئاوێنەی ژەنگاوی وایە. دەستەواژە بەو شێوەیە، چونکە لەگەڵ زەینی ئێمە ڕانەهاتووە ناسیاو نییە، چرووکە، خوێنەر شەکەت و ماندو دەکا. تا ئەو ڕادەیە، کە چاوی بە هەر وتارێکی لەو شێوازە بکەوێ لە خوێندنەوەی خۆدەبوێرێ. مەگەر ئاغایانی لایەنگری ئەو شێوازە کافرە، ئەو کێشەیە بگەیننە جێگەیەک بڵێن ئێمە لەگەڵ ئەو شێوە نووسینە پتر ڕاهاتووین لە دڵ نزیکتر تا شێوازی فارسی سەعدی ئەوڕۆیی، ئەودەم قسەیەکم نییە، ئەوەندەیان عەرز دەکەم کە من بۆ خۆم کەسی وا ناناسم، کە مەیلی لەوە بێ گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب گەلێ بەم شێوازە نووسرابێ وەی خوێنێ، بۆیە لام وایە بچن هەوڵی خوێنەر بۆ خۆیان بدەن. بابەتێکی دیکە کە دەبێ باسی لێوە بکەم، ئەوەیە کە هەڵە و ڕاستی وشە و لێکدانەوە، بڕیارێکە، واتە کەسێکی تایبەت، یان کەس نییە و ناتوانێ ئەوە بەرپەرچ داتەوە... دوو عەلاوەی سێ دەبێتە پێنج. لە سەرەتای بوونەوە تا ئێستا و لە هەموو دنیا، جگە لە ناکۆکی و ئیشتیا خولق، دیانت ئەوەتەی دنیا هەیە دوو + سێ دەبێتە پێنج، چونکە ئەسڵێکە، ئەوە گریمان بە هەڵکەوت یەکێک بڵێ دوو + سێ = دەبێتە چوار، غەڵەتە مەگەر بڵێ مەبەستم لە چوار، پێنجە، ئەو کاتە دەردەکەوێ غەڵەتەکە وشەییە، بەڵام لە بواری، ئاوەز و بیر و هەست و ئەندێشەوە، وا نییە هەر وشەیەک، یان هەر ئەسڵێ لە بوارێکدا ڕەوایە و ڕاستە کە زۆرینەی جەماوەر پێیان ڕاست بێ و کەڵکی لێ وەرگرن.

هەر شتێک کۆمەڵ وەری نەگرێ هەڵە و غەڵەتە. ئێستا ئێمە بەو لەمپەرە و دارەی لە دیواری ماڵ دەگیرێ دەڵێین (دەرکە). ئەگەر پێنج سەدەی دیکە بە پێچەوانەی ئێمە مەبەستیان لە دەرگا، بە کورسی نووسین بزانن، ئەو کاتە وشەی دەرگا بەکارهێنانی بۆ کورسی نووسین ڕاستە و بۆ نێو ماڵ و چوونە ژوور هەڵەیە و غەڵەتە. ئاوایە لێکدانەوە: لێکدانەوەیەکی ئەوڕۆ دابە و ڕەوایە و ڕاستە، هیچ بەڵگەیەکی عەقڵی ناتوانێ ئێمە پابەند بەوە بکا ئاڵوگۆڕی بکەین.


زمانیش وەک بەرگ و پیتاک، خووخدە و ئاکار بەردەوام لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕدایە. ڕەنگە هیچ میللەتێک وشە و مانا و لێکدانەوەی، هەزار ساڵ بەر لە خۆی، بەو گشتە چوارچێوە و سنوورەوە بەکار بێنێ و کەڵکی لێوەرگرێ. وشە کەرەسەی دەرخستنی بیروڕایە و کردەوە، میللەتێک ناکرێ لە ماوەی سەدەیەک وەک خۆی بمێنێ، ئیتر چ بگا بە هەزار ساڵ، چونکە گومان و ڕەوت و بۆچوون و زانیاری ناوەستێ. هەڵبەت کەرەستە و دەستهاتەکان وشەن، دەبێ بە پێی ئەوان بگۆڕێ، ببێتە قاڵب بۆ ئەوان.

# مۆڕاڵ وەک دژە - سروشت

**فریدریک نیتشە**
**لە ئەڵمانییەوە: موئەید مستەفا زراری**
**(ئەڵمانیا)**

(١)

هەموو پاسیۆنەکان(١) کاتێکیان هەیە، ئەو کاتەی تەنیا وێرانکەرە، ئەو کاتەی بە بارستایی دەبەنگیی قوربانییەکانی ڕۆدەچێنێ و کاتێکی درەنگتر، زۆر درەنگتر، ئەو کاتەی لەگەڵ ڕوح دەهاوسەرێنێ، ئەو کاتەی خۆی دەڕوحێنێ. بە هۆی دەبەنگی لە پاسیۆن، شەڕێک لە دژی خودی پاسیۆنیش کرا: سوێندی تنەکردنی درا، هەموو مۆڕاڵە ئەژدیهاییەکان لەسەر ئەوە کۆکن،"مرۆڤ دەبێت پاسیۆن بکوژێ "il faut tuer les passions" بۆ ئەمەش، بەناوبانگترین فۆرمۆڵ لە ئینجیلدا هەیە، لە دوعای سەر شاخ(٢) لەو شوێنەی دەوترێت، کە بە هیچ مەبەستێک شتەکان لە بەرزاییڕا سەیر ناکرێ. بە هەمان شێوە، بە دیاریکراوی، بە تایبەت دەربارەی سێکس دەگوترێ، ئەگەر چاوت مایەی کێشە بوو، ئەوە دەریبێنە، بۆ بەخت هیچ مەسیحییەک کار بەو ڕێسایە ناکات. تنەکردنی پاسیۆن و حەز، تەنیا بۆ دەبەنگییان و ئەنجامە ناخۆشەکانی دەبەنگی بۆ خودی ئێمە وا دیارە، کە شێوەیەکی پڕ دەبەنگییە. لەوە زیاتر سەرمان سوڕنامێنێ لە دکتۆرانی ددان، ئەگەر ددان دەربهێنن بۆ ئەوەی ژان نەکەن. بۆ ڕاستگۆیی دەبێت ڕێگا بدرێت بگوترێت، ئەو خاکەی مەسیحییەت لێی گەشەی کردووە، ناکرێ لێ تێگەیشتنی"بە ڕوحانیکردنی پاسیۆن"قبووڵ بکرێ. دوای ئەوەی کەنیسە شەڕێکی لە دژی ئینتێلیجینسیا (٣) کرد، لە بەرژەوەندی ڕوحە گوناهەکان، چۆن دەکرا چاوەڕوانی شەڕێک بکات لە دژی پاسیۆن. بە هەموو مانایەک کەنیسە شەڕێکی لە دژی خۆشەویستی کرد، حیکمەت و پراکتیکی کەنیسە خەساندنە. هەرگیز پرسیار ناکات، چۆن حەزێک، بە



**نیتشه**

خوایی دەکرێ، جوان دەکرێ و دەروحێندرێ، کەنیسە هەموو کاتەکان جەختی لەسەر قڕکردنی ( ئیحساسەکان و شکۆ و ئیدمانی سەرداری و ئیدمانی هەبوون و ئیدمانی تۆڵە) کرد، بەڵام هێرشکردنە سەر ڕەگی حەز، هێرشکردنە سەر ڕەگی ژیانە؛پراکتیکی کەنیسە دوژمنایەتی کردنی ژیانە....

(٢)

بە هەمان هۆ: خەساندن و تنەکردن، شەڕێک لە دژی حەز لە لایەن ئیرادە لاوازەکان و لە ڕەگەز دابڕاوەکان دێتە کردن بۆ ئەوەی پێوەرێک بۆ حەز دابنێن. ئەم سروشتانە پێویستیان بە لاتراپە(٤) هەیە، قسەکردن (ئەلیگۆریانە، یان نا ئەلیگۆریانە(٥) ڕاگەیاندنی شەڕێکی دوژمندارانەی هەتاهەتایە، کەلێنەکە لە نێوان خود و پاسیۆن. ئەم نێوەندە ڕادیکاڵە، بۆ لە ڕەگەز دابڕاوەکە گرنگە، تا لاوازی ئیرادەی، باشتر قسەکردن، ناتوانایی نا بەرپەچدانەوە، خودی خۆی فۆرمێکە لە ڕەگەز دابڕان. ئەم دوژمنایەتی کردنە ڕادیکاڵییە، ئەم دوژمنایەتییەی تا مردن دژی حەز وەک سیمتۆمێکی(٦) قووڵی بیرکردنەوە دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەوایە مرۆڤ بکاتە گومان دەربارەی کۆحاڵەتی مرۆڤێکی زێدەڕۆ. دوژمنایەتییەکی ئاوا، ڕقێکی ئاوا پێش هەموو شتێک دەگاتە لوتکە، ئەگەر ئەم جۆرە سروشتانە، جێگیربوونێکی ناکاملیان هەبێ، لە ڕادیکاڵ- کووربوون(٧) و وازهێنان لە"شەیتانەکانیان". مرۆڤ دەبێ سەرنج بداتە مێژووی تەواوی قەشە و فەیلەسووف و هونەرمەندانیش: ژەهراویترین شت نەوترا نە لە لایەن نەزۆکەکان و نە لە لایەن ئەسکێزەکان(٨)، بەڵکو لە لایەن ئەسکێزە موستەحیلەکان، ئەوانەی بەڕاستی بۆیان پێویستە، ئەسکێزە بن.

(٣)

بە ڕوحانیکردنی ئیحساس، پێی دەڵێین خۆشەویستی: ئەمە گەورەترین سەرکەوتن بوو بەسەر مەسیحییەتدا. بە ڕوحانیکردنێکی تری ئێمە، بە ڕوحانیکردنی دوژمنایەتیکردنە. ئەم دوژمنایەتیکردنە پێکدێت لەوەی، کە مرۆڤ لە نرخی هەبوونی دوژمن تێبگا، کەنیسە هەموو کاتەکان ویستوویەتی دوژمنەکانی تەفروتونا بکا: ئێمە، نا مۆڕاڵییەکان، دژە مەسیحییەکان، بەرژەوەندیمان لەوەدایە کەنیسە هەبێ. لە سیاسەتیش دوژمنایەتیکردن عەقڵانیتر بووە، بیر قووڵتر بووە. زۆرینەی پارتەکان، بەرژەوەندی مانەوەی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە، کە دژە - پارت، نەگاتە ئەو هێزانە، ئەمە بۆ سیاسەتی گەورە وایە؛ بە تایبەتی مەملەکەتێکی نوێ(٩)، هەبوونی دوژمن بۆی گرنگترە لە هەبوونی دۆست: کە ئۆپۆزسیۆنە، پێویستە هەست بە گرنگی خۆی بکا لە هەبوونی دوژمن زیاتر لە دۆست، ئێمە لە دژی" دوژمنەکەی ناخمان" بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوت ناکەین، لێرەشدا، ئێمە لە گرنگی هەبوونی نرخی دوژمن گەیشتین، لێرەشدا دوژمنایەتیمان ڕوحاند. مرۆڤ ئەو کاتە بە بەرە، کە دوژمنایەتی ناخی بکا، مرۆڤ بە لاویی دەمێنێتەوە ئەگەر ڕوحی دەستی پان نەکردەوە مەیلی ئارامی نەکرد. بۆ ئێمە هیچ شتێک نامۆتر نییە لەو هیوایانەی مەسیحییەت" ئارامی ڕوح" ئارامی مەسیحییەت، هیچ شتێک ئێمە حەسوودتر ناکا زیاتر لە مۆڕاڵی کوور و ئەو بەختە چەورەی لە ویژدانی باشدا هەیە. مرۆڤ وازی لە ژیانێکی گەورە هێنا، ئەگەر وازی لە شەڕ هێنا. زۆر کات "ئارامی ڕوح " تەنیا بەدحاڵیبوونێکە، لەمە زیاتر، شتێکی تر نییە شەریفانەتر، بێ پێچ و خۆی ناوبنێ. بە ڕاشکاوی و بێ

هەبوونی حوکمی پێشوەخت، چەند حاڵەتێکی ئاوا هەیە "ئارامی ڕوح" دەکرێ شەوقی دەوڵەمەندبوونێکی ئاژەڵی(١٠) بێ لە پانتاییەکی مۆراڵی، یان "ئایینی" دا، یان سەرەتای ماندووبوون بێ، یان یەکەمین سێبەرە، کە هەموو ئێواران دەیهاوێژن. یان هێمای شێداربوونی هەوایە، کە بای باشوور دەیهێنێ(١١)، یان سوپاس گوزاربوونە لە نەزانی بۆ هەرسکردنێکی بە بەخت لەمانە "خۆشەویستی مرۆڤ"، یان بێ دەنگبوونی شفاکار بێ، هەموو شتەکان تامی نوێیان هەبێ لە چاوەڕوانیدا......، یان حاڵەتی بێ دەنگبوون، حاڵەتێک، کە تێربوونێکی تەواوی بالادەستی حەز و چێژەکان بە دوای خۆیدا بێنێ، یان هەستکردنێکی بالا، تێربوونێکی بێ وێنە بێ، یان پیربوون و لاوازبوونی ویست و هاندانمان، یان تەمبەڵی، خود - باوەڕهێنان بە هەوا-ئەخلاقییەکان. یان هاتنەناوەوەی دڵنیاییەک، دڵنیاییەکی خەتەرناک دوای گرژبوون ئازاردان لە نادڵنیایی، یان تەعبیر لەخۆکردنێکی ماستەرانە(١٢) لە "نێوەندینکردن"،"خولقاندن" ، "تەئسیردانان" و "ئیرادە"، هەناسەیەکی ئارام،کە بە دەست هاتووە، ئازادی ئیرادە ...."ئاوابوونی بوتەکان" کێ دەزانێ؟ لەوانەیە شێوەیەکی تری "ئارامی ڕوح" بێ.

(٤)

پرەنسیپێک دەهێنمە ناو ئەم فۆرمولەیەوە. ناچرالیزم(١٣) لە مۆراڵ، مانای کە ئەخلاقی تەندروست غەریزەیەکی ژیان سەرداری دەکا، هەر فەرمانێکی ژیان لە لایەن کانوونێکی دیاریکراوی ژیان "پێویستە" و "پێویست" نییە دیاری دەکرێ. خەفەکردنێک و دوژمندارییەک لە سەر ڕێگای ژیان دادەنرێ. مۆراڵی دژە - سروشت، مانای نزیکەی هەموو مۆراڵەکان، ئەوانەی فێرکران، پەرستران، بە پێچەوانەوە دژی غەریزەی ژیان کار دەکەن: جارێک بە نهێنی، یان بە حوکمێکی قێزەوەبووی ئاشکرا. بۆ ئەوەیە بڵێ "خوا لە دڵ دەڕوانێ" نەفی هەموو ئارەزووە بەرز و نزمەکانی ژیان دەکا، بۆ ئەمانەش خوا دەکاتە دوژمنی ژیان، ئەو مرۆڤەی کە خوا شوێنی سەرسامی خۆی لە سەر هەیە،خەساندنێکی بێ وێنەیە. ژیان لەکۆتاییدایە، ئەگەر "مەملەکەتی خوا" دەست پێبکا.

(٥)

ئاوا مرۆڤ تێگەیشت لە کوفرێکی ئاوا یاخی لە دژی ژیان، وەک ئەوەی لە مۆراڵی مەسیحی بۆتە شتێکی نزیکەی پیرۆز، ئاواش خۆشبەختانە مرۆڤ لە شتێکی تر گەیشت: یاخیبوونێکی بێ کەڵک، ڕووکەش ، بێ مانا و درۆزنانەی ئاوا. حوکمی ژیان لە لایەن مرۆڤەوە لە کۆتاییدا وەک سیمپتۆمێکی(١٤) دیاریکراوی ژیان دەمێنێتەوە: ئاریشەکە ئەوە نییە، کە پرسیارەکە ڕاست، یان ناڕاست بخرێتەڕوو: مرۆڤ دەبێ شوێنێکی هەبێ لە دەرەوەی ژیان، باش بیزانێ، چۆن یەکێک، زۆربەی ئەوانەی ژیان، ڕێگایان پێدرا تەنیا دەست لە کێشەی نرخی ژیان بدەن. ئەگەر ئێمە دەربارەی نرخ بئاخڤین، لەگەڵ ئیلهام دەئاخڤین: لەگەڵ چاوی ژیان. ژیان پاڵنەرێکە بۆ دانانی نرخ، ئێمە نرخ بۆ ژیان دادەنێین. ئەگەر ئێمە نرخ دابنێین، ئەوەی بە دوایدا دێ، ئەو نرخ دانانەیە، کە خوا وەک دژە تێگەیشتن، دژە ئەخلاق، ئەو خوایەی حوکمەکانی ژیان لە خۆدەگرێ، کامە ژیان؟ کامە جۆری ژیان؟ بەڵام من وەڵامم دایەوە، ژیانی ئەوانەی ڕۆچوون، لاوازن، ماندوون، مەحکوومی ژیانن. ئەخلاق وەک ئەوەی لە لایەن شۆپنهاوەرە(١٥) تێگەیشترا "نەرێکردنی ئیرادەی ژیانە" دارمانی خودی غەریزەشە، ئەوەی لەگەڵ خۆی فەرمانێک دێنێ، دەڵێ: دەڕۆچوو، ئەمە حوکمی حوکم دراوەکەیە....

(٦)

لە کۆتاییدا با وادابنێین، بە ئاوایەکی گشتی، چ گەلحۆییەکە، بڵێین "دەبێ مروڤ ئاوا و ئاوا بێ !" بەڵام واقیع تایپێکی تری یارییەکی بەتاڵی شێوە گۆڕکێمان نیشان دەدا، هی دڵێکی گۆشەگیری مۆڕاڵی دەڵێ: "نا، دەبێ مرۆڤ بە شێوەیەکی تر بێ" ئەم خۆ بەڕاستزان و توندڕەوە، تەنانەت دەشزانێ دەبێ چۆن بێ، وێنە لەسەر دیوار دەکا و دەڵێ(١٦) Ecce Homo تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی مرۆڤێک بێتەوە پێی بڵێ، "پێویستە ئاوا و ئاوا بێت، واز ناهێنێ لە پووچاندنی خۆی، بەڵام مرۆڤ چارەنووسێکە لەم سەر بۆ ئەم سەر، زیاتر یاسایەکە، زەروورەتێکە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە دەبن. پێی بڵێ "خۆت بگۆڕە، داواکاری گۆڕینێکی سەراپاگیرە، تەنانەت

بۆ دواوەش" لە حەقیقەتیشدا مۆڕالیستی ئەنجامگیر هەیە، مرۆڤێکی تری دەوێ، وەک مرۆڤێکی بە فەزیلەت، یان مرۆڤ ویستە لە وێنەی خۆی: وادیار- پیرۆز ، بۆ ئەمەش نەفی جیهانی کرد. شێتییەکی بچووک تا خاوەن بڕیارێکی بێ بڕیار! مۆڕاڵ ئەگەر حوکم بدات لە خودی خۆیدا، نەک لەبەر ڕوانگەیەک، یان ئیعتیبارێک بۆ ژیان، شێتییەکی تایبەتە، کە بە هیچ شێوەیەک جێگای بەزەیی مرۆڤ نییە. ئەم لە ڕەگەز دابڕانە ئیدیۆسێنکرازییە(١٧) زەرەری گەورەی گەیاند! ئێمە "ئەوانی دیکە" نامۆڕالییەکان، دڵمان بۆ هەمووان واڵاکرد، بۆ هەموو تێگەیشتنێک، هەموو گۆتنێکی خێر. ئێمە بە ئاسانی نەفی ناکەین، بەڵکو شەرەفی خۆمان لەوەدا دەبینینەوە، سەلمێنەر بین. ئێمە زیاتر و زیاتر چاومان بۆ ئابوورییەک کراوەتەوە، ئەو چاوەی دەزانێ چۆن سوود لە هەموو شت وەرگرێ، ئەو چاوەی کە گاڵتەی پیرۆز، عەقڵی نەخۆشی قەشە ڕەتی دەکاتەوە، بۆ ئابوورییەک لە یاسای ژیاندا ، تەنانەت لە گەوجکردنی توخمی خۆبەزلزانی قەشە و فەزیلەتیان، بۆ کام بەرژەوەندی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، ئێمەین، نامۆڕالییەکان.

پەراوێزەکان:

(١) کوژانی مەسیح، لە لەدایک بوونییەوە تا مردنی؛ بە لاتینی **Patiri** سەیری ئەم لینکە بکە
**de.wikipedia.org/wiki/passion**

(٢) ئاخافتنی مەسیح لە ئینجیلی مەتای، لێرەدا مەسیح لە ئیسرائیل ئیلهامی خوای بۆ دێ؛ ئیلهامی گەلی پووکاوەی هەژار.

(٣) شەڕی ئایین لە دژی ڕۆشنگەری.

(٤) جۆرێکە لە شەراب، شایانی باسە کە نیتشە دژی کولتووری ئەلکهوول و وابەستەیی بووە.

(٥) مەبەست لە وتنی شت بەتەعبیرێکی جیاوازتر، سەیری ئەم لینکە بکە
**http://de.wikipedia.org/wiki Allegorie**

(٦) سیمپتۆم یانی بەدیارکەوتنی نیشانەی نەخۆشی، وشەیەکی بواری پزیشکییە.

(٧) وشەیەکی ئەڵمانییە، واتای میتودێکە بۆ چارەسەری دەردە دەروونییەکان.

(٨) ئەسکێزە وشەیەکی گریکییە، واتای ڕاهێنان لەبواری ئاییندا؛ بۆ نموونە تەئەمولی بوودی، یان قووڵبوونەوە لە ڕوح.

(٩) نیتشە مەبەستی دەسەڵاتی ئەڵمانییە کە تایپێکی تایبەتە بەزمانی ئینگیزی **Kingdom** و ئەڵمانیش **Reich.**

(١٠) تەعبیرێکی ئەڵمانییە، بۆ نموونە ئەگەر لە کوردیشدا بڵێین : ئەم پیاوە بە قەد مانگایەک دەخوا، یانی لە ڕادەبەدەر.

(١١) نیتشە لە ڕادەبەدەر وابەستەی کەشوهەوا بووە، لە ژێر خۆر و هەوای دڵگیری ئیتالیا لە کاتی پیاسەکردندا، فەلسەفەی نووسیوە.

(١٢) **Meister**بە ئەڵمانی و **Master** بە ئینگیزی، جگە لە واتای پرۆفێشناڵ بوون، واتای سەرداریشی هەیە.

(١٣) بیۆلۆژیستی بەناوبانگی ئینگیز، چارلس داروین؛ تیوری پەرەسەندن و هەڵبژاردنی سروشتی، نیتشە ئاماژە بۆ داروین دەکا وەک ئەوەی مۆڕالیش پرۆسەیەکی لەم نموونەیە بێ.

(١٤) نیتشە تەواوی کولتووری مەسیحی وەک سیمپتۆم، یان نیشانەی نەخۆشییەکی مەزن دەبینێت.

(١٥) ئارتۆر شۆپنهاوەر ١٧٨٨-١٨٦٠ بەناوبانگترین کتێبی «دنیا وەک ئیرادە و تەسەور».

(١٦) کتێبێکی بیۆگرافی نیتشەیە، مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەوە، کە هەیە **Wie man wird ،was man ist**
سەیری ئەم لینکە بکە
**http://de.wikipedia.org/wiki/Ecce-homo-Nietzsche**

(١٧) ئیدیۆسێنکرازی، یانی هەستیاربوونی بێ ئەندازەی مرۆڤ لە هەمبەر بچووکترین شت، یان دوورکەتنەوە لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، وشەیەکی گریکییە.

سەرچاوە:

**Friedrich Nietzsche, gesammelte Werke, Gondrom Verlag. GmbH, Bindbach 2005.**

# شوێنەواری میترایيان لە دەشتی هەولێردا

عەباس سلێمان سمایل

**دەستپێک**

کۆنترین ئايين لە کوردستاندا سروشت پەرستی بووە، وەک پەرستنی ئاسمان، زەوی، برووسکە، ئاو، ئاگر و ڕۆژ و دار و درەخت، هەندێکيان شوێنيان لە ئاسمان و هەندێک لە زەوی و هەندێکيان شوێنيان لەنێوان ئاسمان و زەويدا بوون. ئافرەت پەرستيش هەمان حيسابی زەوی و درەختی بۆ دەکرا لە پەرستن و بتی شێوە ئافرەتيان بۆ دروست دەکرا، نموونەش بتە ژنەکانی چەرمۆن، کە بۆ دەوروبەری ٨٠٠٠ پ.ز دەگەڕێنەوە بە گوێرەی کنە و پشکنينەکان، هەروەها بتە ژنەکانی دوين کە ڕەمز و جەڤەنگی ئايينی ميتراييان لەسەر هەڵکەندراوە، لەوانەيە بۆ سەردەمی ميتانی و هوريەکان بگەڕێنەوە.

باشترين نموونەش بۆ ئەمە خوداوەندی ئينانای ئاسمانە کە ڕەگەزی مێينەی هەڵگرتبوو، هەموو ساڵ لە سەرەتای بەهاردا لەگەڵ دوموزی کوڕەکەی زەماوەند دەکات، دوای هێنانە دەرەوەی لە ئەشکەوتی کور. ئايينی ميتراپەرستی کە بەر لە ٣٠٠٠ پ.ز لە هيندستانەوە سەری هەڵداوە و دواتر گەيشتە ميزۆپۆتاميا و ئێران و ئاسيای گچکە و ڕۆما، بەڵام لە هەر سەردەمێک و هەر ناوچەيەک ناوێکی هەبووە، جا ئەوکاتی هوريەکان هەر لە حەمرينەوە تا هەولێر و ئەسکەندەروونە و لێوارەکانی دەريای سپی ناوەڕاست ژياون، بەڵگەش نووسينە بزمارييەکان و هيرۆغلۆفييەکانن، کە لە کەرکووک و چەند ناوچەيەکی ديکە دۆزراونەتەوە، جا لە دەشتی هەولێريش ئەوانەی لەسەر ئەم ئايينە بوون، داسنی و هۆرمزياريان پێ دەوترا دواتر داسنييەکان بەناوی ئێزدی، واتە خوداپەرستن لە ترسی ئايينی ئيسلام خۆيان ناساند و هورمزيارەکانيش بەهۆی درەنگ بوونيان بە موسڵمان وەک يارسان

(کــاکـــەیی) و بن دیان و بن جـــوو و باقلە، بەناوە دینییـەکـەیان ناسـران، دواتر بووە ناوێکی ئیـتنیکی بۆ ئەوان. تیراهی و شەمسانیش دوو ناوی دیکەی میترایین دواتر بـۆ داسنی و ئـیـزدی و دیان گـۆڕان، جـا هەرچەندە خـوداوەندی مـیـتـرا تاکـە خـوداوەند نەبووە، خـوداوەندی دیکەش هەبـووە وەک ئیندرا، ڤـارونا، ناسـیـتـا، بەڵام ئەمەیان لە هەموویان پتر بایەخی هەبوو.

بە قسەی د. ڕەشاد میران، ئایینی میترا هەنگاوێکی گـرنگی لە دەربازبوونی مـرۆڤـایەتی بۆ یەکـتـاپەرسـتی هەبوو، جا سکاییەکانیش گەلێکی ئاری نەژاد و یەک لە باپیرەی کوردانن، کە دواتر مۆنازی کە یەک لە پاشاکانی مـیـرنشـینی ئەدیابینە بە قـسـەی یوسـفـۆس لە دەوروبەری ساڵی ٤٠ز مۆنازی پاشا لەسەر ئایینی مـیـترایی دێتە سەر ئایینی جوولەکە، بەشی هەرە زۆری دانیشـتـوانەکە لەسەر ئایینی میترا دێنە سەر ئایینی جوولەکە.

پلینی، کە مێژوونووسێکی ڕۆمە، لە سەرەتای سەدەی یەکەمی پێش زایینیـدا دەڵێت: لەناو ئەدیابینـدا ئەو گەلە نیشتەجێیە، کە لەمەوبەر بەکاردۆشی دەناسرا و ئێستا بە کوردۆی دەناسرێ و ڕووباری دیجلە بەناو وڵاتەکەیاندا تێدەپەڕێ.

دواتر لەلاپەڕە (٨٦)دا دەڵێت: پاشـــایەتی کـــوردی ئەدیابین کە پایتەختەکەی (ئەربیلا) بوو، دوای ئەوەی کە فەرمانڕەواییان لە سەدەی یەکەمی پێش زایین دەچنە سەر ئایینی جوولەکە، زۆربەی دانیشتوانی وڵاتەکەشی چوونە سەر ئەم ئایینە، کە ڕۆمەکان لە ٦٧- ١٧ پ.ز هێرشیان کردە سەر یەهودا و سامیرە، تەنیا ئەدیابین بەهانایانەوە چوو، لە ســەدەی چوارەمی زایینـی ئەدیابین بەگــشــتی چوونە سـەر ئایینی مـەسـیـحی و دواتر وشەی لاتینراوی ئەدیابین بە هەڵە بۆ هەزیابین و هەزوان و هەزبان گۆڕدرا.

ئیـتـر چەندین جـار و لە چەندین جـێگەدا سـەرچاوەی گریکی و لاتینییەکان لە سەدەی یەکەمی پێش زایین تا سەدەی سێیەمی دوای زایین ناویان هێناون.

لە تەلمود و ئینسـایکلۆپیـدیای جـودیکادا و چەندین مێژوونووسی وەک: تۆمای مەرگی و ئیبن حەوقەل باس لە دەشـتی هەولێـر دەکەن کـە بەشێک لە سکاییـەکـان لە هەولێـر نیـشـتـەجێ بوون و فـەرمـانڕەوایی مـیـرنشـینی ئادیابین بـوون، کە پایتـەختـەکـەیان شـاری هەولێـر بووە، سەرچاوە ڕۆمانییـەکانیش ئاماژە بە شـاری ئیربل، واتە هەولێر دەکەن، کە پایتەختی میرنشینی ئادیابین بووە.

سـمـایل عـەبدلامـایی دەڵێ: ئەداد نیـراری سـێـیـەم لە ساڵی ٨١٢ پ.ز ئادیابینی داگیر کردووە کە پاشاکەیان ناوی دیابوز- دیابوش بووە.

سکاییـەکـان و زۆربەی دانیـشـتـوانی ئەوکـاتی دەشـتی هەولێـر لەسەر ئایینی مـیـتراپەرسـتی بوون، کە کۆنـترین ئایینی هیندوئەورووپی بـوون، جـا دوای ئەوەی مــۆنازی فـەرمـانڕەوایی سکایی دەبێـتـە جـوولەکـە و بەشێک لە دانیشـتوانەکە لەسەر ئایینی میترایی دەمێننەوە کە دواتر بە داسنی و هورمزیار ناسران.

داسنییەکان ئەوانەی لەسەر ئایینەکەیان مانەوە، خۆیان بە ئێـــزدی ناســـاند، واتە یەزدان پەرست لـە ترسی چەوساندنەوەیان و هورمزیارەکانیش کە ناوێکی دیکەی میتراپەرستییە، هەروەک مارسابا دەڵێت زۆرجار خۆیان بە مەسیحی دەناساند لە ترسی موسڵمانان.

هورمزیارەکانیش هەر لەسەر ئایینی میترایی مانەوە تا دەوروبەری ٤٠٠- ٥٠٠ ســاڵێک لەمــەوبەر و دەبن بە مـوسـڵـمان، بۆیە ناوە دینییـەکەیان بوو بە ناوی هۆز، یان ئتنیکیـان، کە واتای یارانی خـۆر، خۆرپەرسـتـان، یان ڕووناکی پەرسـتـان دەگـەیەنێت، دووریش نیـیـە یـارانی خــودای خــۆشــبــەخــتی و بەتوانایی هورمس بوون کــە هورمسی یاهرمسی خودای خۆشبەختی و بەتوانای یۆنان بووە. ئیـتر ئێزدییەکان تا ساڵانی ١٨٣٦ هەر لە دەشتی هەولێـر مـابوون و دواجـار بەهۆی پەلامـارەکـەی پاشـای ڕەواندز ئەوێیـان بەجێ هێشت، هورمزیارەکانیش(٣) بە درێژایی ئەم ٤٠٠- ٥٠٠ ســاڵەی دوایی کـــە زۆربەی گوندەکانی نێوان شاری هەولێر و زورگەزراو، بەتایبەتی هەردوو بەری ڕێگەی هەولێـر- مەخـمووریان هەرمـابوو، هۆزانی کـۆچەر و فـەرمـاندارەکـانی پاشـای ڕەواندز و کـارمـەندی عـوسـمـانی و دواجـاریش ئاغـاکـانی دزەیی هەموو گوندەکانیان لەبەر دەستیان دەرهێنان.

لە ئەنجـامـدا ژمـارەیەکـیـان لە کـەرکـوک(٥) و کـۆیە دەگیرسێنەوە، هەندێکیشیـان دێنە شاری هەولێر و ئەمڕۆ زمانیماڵەوەیان تورکییە.

هورمزیارەکانی(٦) دەشتی هەولێر تا ساڵانی ١٩٠٠ پیـرەکـانیـان کڵاوێکی لبـادی قوچەکیـان لەسـەر دەکرد بە زۆریش دوو کونی تێدابووە بۆ شۆڕکردنەوەی کەزییەکان، کـە هەمـان کـڵاوی ئێـزدییـەکـانی چیـانیـشـینانی چیـای

شنگار و هەمان کڵاوی پەیکەرە مەزنەکەی (میشراس)ی خـوداوەندە لە چیـای نەمـرود و کـوردسـتـانـی باکـوور دەبینـدرێت، هەروەها چەندین ناوی جوگرافی ئەم دەشتە بەڵگەن بۆ ئەوەی کـە بەر لە ٤٠٠٠ سـاڵ و هێـروەتریش زۆربەی دانیشتوانی دەشتی هەولێر میتراپەرست بوون.

لەوانە ناوی گوندی (سۆربەش)ە، کە واتای شێرێکی باڵدار دەگەیەنێ، کە خۆر لە سینگیدا بێ، ئەمەش ڕەمز و جەڤەنگێکی ئایینی میترایە، دوور نییە ئەم پەیکەرە لەژێر گـردەکـەی گـوندی سـۆربەش دانەبێ، هەروەها شوربەش- شوریاش لە زمانی کاسی واتای خوداوەندی خـۆر دەگـەیەنێ، کـە نزیکە لەناو و واتای گـوندی سۆربەش، هەروەها شوێنەواری کاولە گوندێک لە نزیک گـوندی مـاسـتـاوە بەناوی (تاوس) دەبینـدرێت، دەڵێن کاتی خۆی وێنەی تاوسیـان لەسەر دیوارێکی ئەم کاولە گـوندەدا بینیـوە، تاوسـیش لەناوی (بابا دیاوس)ی کۆنترین خودای ئارییەکانەوە هاتووە کە خودای ئاسمان بووە، لەزمـانی سانسکریتی و کـیـتـابی (ریگ ودا) بە دیاوە نـاوی هاتووە، دواتر گـۆڕاوە بۆ دیاوس و تـاوس و ڕەنگی لەم باڵندە جـوانە داوەتەوە، واتە باڵندەی تاوس ڕەمزی ئایینی ئاسمانە، ڕووناکیش کە سەرچاوەی ئایینی مـیـترایە هەمـیـشـە لە ئایینی مـیـترا ناوی هاتووە و بێ گومـان تاوسە مـەلەکی ئێـزدیانیش هەمـان بابەدیاوسی خـوداوەندی ئاسـمـانە، هەروەها جـاران ناوێکی زۆری ئافرەتانی دەشـتی هەولێر بەناوی تاوس دەبیندرا، ناوی گـــوندی (حـــەزە)ش هەر لە هەزە- هزیان هادیابێن (ئادیابێن)ی میترابییەوە هاتووە.

ناوی مـەرگـانە کـە ناوی ئاواییـەک بوو لە دەو بازارگـە بەدیوی قەراجەوە بەر لە ١٢٠٠ سـاڵ ناوی هاتووە کە لە میهر و میتراوە هاتووە.

لەدوای ڕزگاربوونی عێراق، برادەرێکم بەناوی بەشدار یووسف بیرێک لە گوندی قورشاغلوو (قورشە- کورشا) لێدەدات لە قووڵایی (٢)م دوو فانۆسی زەیتی یەکێکیان قـوری سـوورەوەکـراو بوو، ئەوی دیکە لە سـفـر دروست کـــرابووی دۆزیـیـــەوە ئەوەیان کلکەی ڕەمـــزی ئایینی میترابوو کە بریتییە لە خاچێکی چوار لا وەکو یەک کە تەمـسیلی خۆر دەکـات، هەروەها دوو ڕەمزی ئەم ئایینە لەسـەر گـۆڕسـتـانی حـەزە کـراونەتە کـێل، یەک لەمـانە پارچەیەکی خۆری شکاوە کە لەبەرد دروست کراوە، ئەوی دیکەش لە شێـوەی پیتی ئێلی هەڵگەڕاوەیە، بەم دواییە لەژێر گردی حەسەنی ئاگادار چەند گۆزەیەک دۆزرانەوە کە خـاچی چوارلا وەکـویەکی مـیـتـرایی لەسـەر بوو، وایان زانیبوو خاچی مەسیحە و هەموویان شکاندبوو. لەسەر گۆڕستـانی پیرداود کێلێکم بینی لەسەر شێوەی سەروملی باز تراشرابوو، هەروەک دەزانین باز و شێر و مـار ڕەمزی پاسەوانی میـترابییەکانە و تاکو ئەمـڕۆش لە زۆر شوێنی کـوردسـتـاندا ئەم ڕەمـزانە دەبیندرێن، بەتایبـەتی لەسـەر شوێنەوارە دێرینەکانی ئامەد و پەیکەری ماریا وێنەی مار لەسـەر دەرگـای لالشـاو قـەڵات و پەرسـتـگەکـانی مـیـترابییـەکـان هەبوو، ئەمـڕۆکـەش لە هەر شوێنێک ئەم پەیکـەر و وێنانـە بـبـیـنـدرێن، ئەوە بەڵگەی هەبـوونی میترایی بووە لەم شوێنانەدا، لە دەشتی هەولێر پەیکەری مـارێک لەلایەن ئافـرەتێک لە دوسـتـەپە دەدۆزێتـەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی میتراپەرستییە لەم دەشتەدا.

ئیـتر لە ئەنجامدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کە کوردسـتـان بەگشـتی و دەشتی هەولێر بەتایبەتی هەر لە دێرزەمانەوە نە تورک و نە گەلانی سامی تێدا نەژیاوە، بەڵکو چەند گەلێکی لە ناوچووی تێدا ژیاوە، ئەم گەلە لەناوچوانەش لەناو یەکـتـردا تـواونەتەوە و گـەلی کـوردی ئەمـڕۆی لێ دروست بووە وەک گـوتی، هوری، مـیـتـانی، سـوباری، سـکـایـی، هەرچـەنـدە، چـەنـدیـن سـەدە لـەلایـەن ئاشوورییەکانەوە داگیرکراوە و دواتریش بەردەوام کەوتۆتە بەر پەلامـاری فـەرمـانڕەوایانی تـورک و عـەرەب و ڕۆم و ئەرمەن.

سکاییـەکـان یەک لە باپیـرەی کـوردان بوون و بەر لە زایین لە دەشـتی هەولێـر نـاویان هاتووە و مـیـرنشـیـنی ئادیابین-یان دروست کردووە و لەسەر ئایینی میـترابوون و دواتر دێنە سەر ئایینی جوولەکە و زمانەکەیان بە زمانی ئارامی دەگۆڕێ کە زمانی دین بووە، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا بەشێک لەم جوولەکە کوردانە دەبنە مەسیحی، واتە زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان جوولەکەی سکایین بوون و بوون بە دیان و بە هەمان زمانی پێشوو قسە دەکەن، چونکە بووەتە زمانی ماڵەوەیان و زمانی دینی مـەسیح، واتە زمانی ئارامی دەبێتە زمانی گشتی میرنشینی حدیاب و دەبێتە زمانی بازرگانان و ڕۆشنبیران، کەواتە زۆربەی جوولەکەکان و مەسیحییەکانی کوردستان بە ڕەگەز کوردن.

**پەراوێزەکان:**

* ئادیابین: لەسەر زمانی ئارامیان واتە زمانی دینی جوولەکە و دیانی کوردستان بووەتە حەدیاب و عەرەبیش گۆڕیویانە بۆ حەزە.

* سکاییەکان لە ٤٠٠-٥٠٠ ساڵەی بەر لە زایین بە ئێران و وڵاتی میزۆپۆتامیا بڵاوبوونەوە و لە ١٠٠پ.ز میرنشینی ئادیابینیان لە کوردستانی باشوور دروست کرد.

تەنیا بنەماڵەی عوسمان قەسابی هورمزیار کە سەد ساڵ زیاترە لە گوندەوە دێنە شار تاپۆیەکی عوسمانییان هەیە کە بریتییە لە ١٢ گوند لەوانە: سۆربەش، قشاغلوو، میراوە، دوگوردکان، ترپەسپیان، سێبیران.

* یەک لەو بنەماڵانەی کە چوونەتە کەرکووک گوندی باجوانیان ئاوەدان کردۆتەوە کە کەوتۆتە سەر ڕێگەی دووبز.

* لەسەردەمی عوسمانیان هورمزیارێکی قشاغلوو کە کڵاوێکی لبادی لەسەری بوو، لە تێکهەڵچوونێکدا شیرێکی بەکەزییەکانی دەکەوێ هەردووکی قوت دەبێت.

* بنەماڵەیەکی هورمزیاری سۆربەش و قشاغلوو (١٤) پشتی خۆیان دەزانن کە لە سۆربەش و قشاغلوو نیشتەجێ بووینە ناوەکانی کۆتایی بەناوی موسڵمانان ناچێت کە بریتییە لە خاسان- یاقو، داوود. خاسانیش بەو ئێزدیە وتراوە کە خزمەتی ئایینی ئێزدی کردووە بە بەردەوامی، بۆیە تا ئەمڕۆ هەر خاسێک کە کۆچی دوایی کردبێت ساڵانە ئاهەنگ لەسەر گۆڕەکەی دەگێڕن.

* دوور نییە ناوی ئادی، ئەدی، ئەداد و ئادیابیت، کە هەموویان یەک ڕیشەیان هەبێت.

* هورمزیار (ئورمزیار، وەرمزیار) بڕگەی (وەر، ئور، هور) هاوبەشی لە دروستکردنی ناوەکە کردووە، کە واتای (خۆر) دەگەیەنێت و و هورمزیاریش واتای خۆرپەرستان دەگەیەنێت.

* سۆربەش، کە ئەمڕۆ سێ گوند لە دەشتی هەولێر بەم ناوە هەیە، سۆر لە سورا= (خۆر)ی سانسکریتی هاتووە و لە زمانی کاسی بووەتە شوریا- شوریاش.

کاسییەکانیش لەگەڵ میتانییەکان و چەند هۆزێکی دیکە لەناوچەی (ساراساڤات)ی هیندستانەوە بەهۆی بوومەلەرزەیەک لە ساڵانی نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایینی ڕوویان لە وڵاتی میزۆپۆتامیا کردووە و ئایینی خۆرپەرستیان بۆ میزۆپۆتامیا گواستەوە.

* هەر لەسەردەمی ئەخمینییەوە تا دەگاتە ساسانییەکان زمان و نووسینی ئارامی باوی هەبووە لەنێو حکوومەتەکان، بۆ نموونە چەندین نووسینی ئەخمینی و ئەشکانی بەزمانی ئارامی و خەتی

بزماری نووسینی ئەخمینی و ئەشکانی بەزمانی ئارامی و خەتی بزماری لە ئێران دۆزراوەتەوە، گومانی تێدا نییە لە حەدیابیش نووسین بەجێ ماوە، بەڵام بەداخەوە هیچ لەبەردەستدا نییە، دوورنییە لە کنە و پشکنینەکەی گردی سەعداوە لە ساڵی ١٩٣٦ تیمی شوێنەوارناسانی عێراق دەستیان کەوتبێت، هەروەها لە ساڵی١٩٩٢ برادەرێک بەناوی عەبدوڵڵا کێلێکی لە گردی عارەب کەند دۆزییەوە کە نووسینی بزماری لەسەر هەڵکەندرابوو گەیاندییە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر - دوور نییە سۆربەش لەناوی خوداوەندی ئاسمان (سوبهاش)، کە خوداوەندێکی هیندبووە هاتبێت.

* میترا: میت (یەزدان)- را (خۆر). خودای خۆر ئایینی میترا لە ساڵانی بەر لە ١٥٠٠ پ.ز لە کوردستان بڵاوبووەوە تا بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، فراوانترین ئایینی بووە لە هیندستانەوە هەتا ئەوروپا، ناوەکەشی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئایینەکەش بەپێی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە ئایینی میترا، یان خوداوەندی میترا کاریگەری ئایینی (ئینانا)ی پێوە دیارە، چونکە ئیناناش کە خوداوەندی ئاسمانە و میتراش شوێنەکەی لە ئاسمانە.

بڵاوبوونەوەی ئایینی میترا لە سەردەمی میتانییەکان بوو، کە بەهۆی ئیمپراتۆرییەتەکەیان لە ١٥٠٠پ.ز گەیاندیانە میسر و ڕۆما.

* تیراهی و شەمسانی هەردووکیان واتای پێڕەوانی خۆر، یان خۆرپەرستان دەگەیەنێت و دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی دیان، (تیراهی)یەکان بوون. مەسیحی.

* ئیربل (ئەربیل- هەولێر) واتای شاری خوداوەندی ئاگر دەگەیەنێ. ئیر= ئار= ئار واتای ئاگرە، کە پێوەندی بە (خۆر)ەوە هەیە.

دوور نییە سکاییەکان لە (ئوربیلو)، یان ئاوربیلون-ی سۆمەری بۆ ئیربل گۆڕیبیان و دواتریش لای مێژوونووسە ئێرانییەکان بە ئەربیلە تۆمار کرا و لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش بە ئەربل ناوی هاتووە.

* نیشانەی میترا لە کێلی گۆڕستانەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و بەختیاریش دەبیندرێت، هەروەها لەناوچەی جزیرە و بۆتان و دیاربەکر و سەرحەدیش دەبیندرێت، کێلێکیش لەگۆڕستانی دوین کە وێنەی ئافرەتێکی دووگیانی لەسەر هەڵکەندراوە وێنەی چەند ڕەمزێکی لەم ڕەمزەی میترایی لەسەر هەڵکەندراوە.

* قەشەیەک لەبیرەوەرییەکانی دەڵێت! لە کەنیسەیەک بە نۆ زمان خوداپەرستی دەکرا، دواتر بەهۆی کردنەوەی قوتابخانە و فێربوونی زمانی ئارامی ئەم کێشەیە نەما.

* میترا: میت (خودا+ را (ڕۆژ)= خودای ڕۆژ.

* مەرگانە بێجگە لە ناوی ئاوایییە دێرینەکەی مەخموور ناوی شاری مەرۆ بووە، لەسەردەمی ئەشکانییەکان دوور نییە مەرگەها شێخانی ئێزدی بووبێت.

* هۆزی دوشل لە دەرسیم تاکو ئەمڕۆ لەسەر ئایینی میتراپەرستی ماون، هەروەها حەرانییەکانیش (کارە) نوێژیان بۆ خۆر دەکرد، بەناوی میهر تا کۆتایی عەبباسییەکانیش نەببوون بەموسڵمان.

* زۆربەی گۆڕستانە ئەشکانییەکان کە لە دەشتی هەولێر دۆزراونەتەوە، گۆڕستانی میترایینە، لەوانە گۆڕستانەکەی سەعداوە (کاکزو)ە.

* سووڕانەوە لەچواردەوری گۆڕ، لە بنەڕەتدا ڕێوڕەسمێکی هورییەکانە. کە پێوەندی بەگیانی مردووەکانەوە هەیە.

ئەمرۆکەش هەمان شێوەی تواف و سووڕانەوە. لە دەوری گۆڕی شێخ ئادی دەبیندرێت.

* چەند ناوێکی جوگرافی دەشتی هەولێر و میرنشینی ئادیابێن کە پێوەندییان بە ئایینی میتراپەرستی و گەلانی میتانی و هوری و سۆمەری و گەلانی دیکەی کۆنی کوردستانەوە هەیە.

هەوێرە: ناوی گوندێکە نزیک شارۆچکەی گوێڕ

هۆرێ: ناوی ئافرەتانی دەشتی هەولێرە.

هورا: ناوی جۆرە هەڵپەڕکێیەکە لەناوچەی هەکاری.

هەوێری: ناوی هۆزێکی گەورەی ئێزدیانە، هوری ناوی گۆڕی پیاوچاکێکە لەسەر کەلاشۆتی لە ئاکرێ و سەربازی داوود پێغەمبەر بووە و لەوێ شەهید بووە، هەروەها بە نەبی (ئوریا)ش ناوی دێت، لە ئاڤرین (عفرین)یش گۆڕی پیاوچاکێک بەم ناوە هەیە.

ئەم ناوانەش پێوەندییان بە گەلی (هوری)یەوە هەیە.

هەیبەت: ئەم ناوە ڕۆڵی لەناولێنانی ئافرەتانی دەشتی هەولێر هەیە، دوور نییە لەناوی ژنە خوداوەندی (هیبات)، کە خوداوەندی ئاووهەوای هورییەکانە هاتبێت، واپێ دەچێت چیای هەیبەت سوڵتان بنکە و پەرستگەی ئەم خوداوەندە بووبێت.

ماستاوە: ناوی گوندێکە لە شەمامکێ لە دوو برگەی مەس (مەزن+ تاو (هەتاو)= هەتاوی مەزن، هەتاوی پیرۆز هاتووە، کاولگەی تاوس لە نزیک ئەم گوندە دەبیندرێت لە ئامێدی لە ئەشکەوتێک پاشماوەی دێرێک بە ناوی مەستاو دەبیندرێت.

* تاووس: ڕۆڵی لەناولێنانی کچانی دەشتی هەولێر هەیە.

تاووس جوانترین باڵندەی سەر ڕووی زەمینە کەلای ئێزدییەکان بووەتە ڕەمز و جەڤەنگی سەرۆکی فریشتان، بۆیە بە مەلیکەتاووس ناوی دێن و لەسەر پەرستگەی لالش کە کۆنترین پەرستگەی میترایییانە لە جیهاندا، وێنەی هەڵکەندراوە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە ئێزدی میتراییینە و ئایینی (میترا)ش لە هیندستانەوە پەیدا بووە و بە هەموو کیشوەری ئاسیا و کیشوەری ئەوروپاوە بڵاودەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە/ میهرداد ئێزەدی/ ئەمین شوان لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی/ سلێمانی- ٢٠٠٧.**

**٢- ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا/ د. ڕەشاد میران- هەولێر ٢٠٠٠.**

**٣- اوستا/ کهنترین سرودهای ایرانیان/ گزارش و پژوهشی- جلیل دوستخواه/ جلد٢/ تهران- ١٣٧٩.**

**٤- معانی بعض از اسامی کهن وایرانی در زبان کردی/ رحیم اوشتوئی.**

**٥- تاریخ تمدن مشرق زمین، گاهوارە تمدن/ بخش دوم/ هند و همسایگانش/ ویل دورانت/ ترجمە مهرداد مهرین/ تهران- نیویورک- ١٣٣٧.**

**٦- آب وکوه در اساطیر هند و ایران/ امان قریشی/ تهران- ١٣٨٠.**

**٧- دەولەتا ئادیابێن ل هەولێرێ/ ب١- جوناکا بریل لیستەر/ وەرگێر و پیاچوونەوە فاضل عومەر/ ڕۆژنامەی وار ژ-٣٧- ٢٠١١.**

# فیستیڤاڵی سلێمانی سەرکەوتن لە بەڕێوەچوون، لاوازیی لە نمایشەکاندا

خەلیل یابە کەریم

بە چاودێری بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی فیستیڤاڵی سلێمانی بۆ شانۆی کوردستان لە کاتژمێر(٦)ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١١/٥/٢١ لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە ئامادەبوونی خانمی یەکەمی عیراق خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحموود و هونەرمەندانی کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات و عیراق و شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک بە وتەیەکی وەزیری ڕۆشنبیری لەبری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەستی پێکرد و تێیدا بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانەکانی کرد و ڕۆڵی شانۆی بەرز نرخاند و ئاماژەی بە وتە بەنرخەکەی خانمە هونەرمەندی شانۆکاری ئۆگەندی جیسیکا کاهوا کرد لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا لە ٢٠١١/٣/٢٧ کە شانۆگەری کارێکی مرۆڤایەتی و پەیامێکە بۆ ئاشتی، پاشان بەڕێز ئەرسەلان دەروێش بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانەکانی کرد بە سیفەتی ئەوەی بەڕێوەبەری فیستیڤاڵەکە بوو، پاشان فیلمێکی دیکیومێنتاری نمایش کرا دەربارەی فیستیڤاڵی یەکەم کە لە ٣/٢٢/ تا ٢٠١١/٣/٢٧ لە سلێمانی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو بوو، پاشان شانۆی (خاتوو ژۆلیا) نمایش کرا کە بەرهەمێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بوو و لە فیستیڤاڵی یەکەم نمایش کرابوو، خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشرا بوو لەبەر سەرکەوتنی نمایشەکە کە هەموو ڕەگەزەکانی شایانی دەستخۆشی بوون، چ لە ڕووی تێکستەوە کە لە نووسینی (سترنبیرگ) و وەرگێڕانی نووسەری بەتوانا محەمەد موکری بوو، چ لە ڕووی

دەرهێنانەوە کە لە دەرهێنان و سینۆگرافیای شانۆکاری بەتوانا بەکر ڕەشید بوو، هەروەها لە ڕووی نواندنەوە کە سێ ئەکتەری سەرەکی بەتوانا نواندیان ئەوانیش: دێرین عومەر و ئەژین حەمە نووری و شیلان عەبدوڵلا و دواتر عوسمان محەمەد، سەرکەوتوویی ئەم نمایشە کە لە هەولێریش لە ١٣ و ٢٠١١/٤/١٤ نمایش کرا، لە نواندن و سینۆگرافەکەدا خۆی دەنواند، چونکە ئەکتەرەکان گەلێک بە جورئەت تەمسیلیان دەکرد، بە تایبەتی خاتوو دێرین، کە ئەکتەری کچی وا بە جورئەت و بەتوانا لە شانۆی کوردیماندا کەمە، ئەوە جگە لەو هەشت کوڕ و کچەی کە لە کۆتایی شانۆییەکە سەمایەکی گەلێک جوان و خێرایان کرد، ڕیتمی شانۆییەکەیان گەلێک بەرز کردەوە و گڕوتینێکی جوانیان بە نمایشەکە بەخشی.

لە دووەمین ڕۆژی فیستیڤاڵدا لە کاتژمێر ٩,٣٠ی (٢٢)ی مایس لە هۆڵی تەلاری هونەر بە ئامادەبوونی میوانانی فیستیڤاڵ و کەسانێکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان کۆڕێک بۆ د. قوتبەدین سادقی سازکرا بە ناوونیشانی (سادقی لە ئەزموونی شانۆیی خۆی دەدوێ) بەدواداچوونی عەبدولڕەحیمی ڕەحیمزادە و بەڕێوەبردنی پێشڕەو حوسێن کە تێیدا سادقی باسی لە ئەزموونی خۆی کرد کە تاکو ئێستا (٤٥) شانۆنامەی نووسیوە و (٣٥)ی دەرهێناوە و (١٢٠) وتاری شانۆیی بلاوکردووەتەوە، پاش خوێندنەوە و بەدواداچوون چەند هونەرمەند و ئامادەبوویەک بەشداری و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنیان بۆ بابەتەکەی کرد، لەپاش ئەو لە کاتژمێر ١١,١٥ بەیانی دەبوایە کۆڕێک بۆ د. سەلاح ئەلقەسەب ساز بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو هەندێک ئیشوکاری زانکۆ و دەرچوونی خاوەن بڕوانامەکان، کەمێک لە فیستیڤاڵەکە دواکەوت، لەبری ئەو کۆڕێک بۆ بەشار علێوی بەناوونیشانی (خوێندنەوە بۆ شانۆی کوردی هاوچەرخ)، بەڕێوەبردنی کۆڕەکە لە لایەن عودەی د. فازڵ خەلیل بوو، کۆڕگێڕ بەشار علێوی بە ڕەخنەگر دادەنرێت و هاوڕێی هونەرمەندانی کوردستانە و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە کفری مامۆستایە، بەشار علێوی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر شانۆی کوردستان هەیبوو وا دیار بوو هەمووی لە ڕێگای خوێندنەوەوە وەریگرتبوون، چونکە هەموو بزاڤی شانۆیی




کوردستان و سەرهەڵدانی لەو ناوچەیەدا، لە بزاڤی شانۆیی لە سلێمانی چڕ کردبووەوە و لەسەر هونەرمەندی شانۆکار ئەحمەد سالار وەستا بوو، هەروەها باسی لە قەیرانی شانۆ و نەبوونی ڕەخنەگری بەتوانا کرد و گوتی ئەو کەسانەی شانۆی جیهانیی بۆ عەرەبی وەردەگێڕن ئەوەندە بەتوانا نین، پاش کۆتایی بابەتەکە ژمارەیەک لە ئامادەبووان هەڵسانەوە و بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا کرد، یەکێک لەوانە ئێمە بووین، کە پێم گوت شانۆ تەنیا لە سلێمانی سەری هەڵنەداوە و گەشەی نەکردووە، بگرە لە هەولێریش جوانترین کاری شانۆیی کراوە، ئەوەتا هونەرمەند تەڵعەت سامان لە هۆڵەکە دانیشتووە و و نزیکەی پەنجا شانۆگەری دەرهێناوە، زۆربەی زۆری بەخۆی نووسیوەیەتی و ئامادەی کردوون، سەبارەت بە ڕەخنەگر، ڕەخنەگری چاکمان هەیە، بەڵام ڕەخنەی لەسەر شانۆگەری لاواز نانووسرێ ڕەخنە شان بە شانی شانۆ گەشە دەکات، هەروەها جبرا ئیبراهیم جبرا چاکترین وەرگێڕە بۆ کارەکانی شەکسپیر، ڕاستە ئێمە هەندێک جار هەندێک هونەرمەند کە دەیانەوێت کارە شانۆییەکانی بیانی وەربگێڕن، یان ئامادەی بکەن لەبەر لاوازیی زمانەکەیان بە عەرەبی، زۆر هەڵە لەناو دەقەکاندا بەدی دەکرێن.

لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد تیپی هونەری ڕۆژ شانۆگەری (عەبا) کە لەنووسینی یووسف ئەلسائیغ و فەلاح شاکر، وەرگێڕانی ڕێبین ڕەسووڵ، ئامادەکردن و دەرهێنانی کرمانج مستەفا و لە نواندنی کۆمەڵە ئەکتەرێک لەوانە: هاوار حەمید، هێرۆ مەولوودی، مەسعوود عوسمان، بارزان حوسێن، سامان عومەر، بارزان سنجاوی، هەڤاڵ جەوهەر، ماندی مستەفا،

یاریدەدەری دەرهێنەر: بارزان حوسێن، بەڕێوەبەری شانۆ: هەڤاڵ جەوهەر، بەڕێوەبەری بەرهەم: هونەرمەند هیوا سوعاد، سینۆگرافیا: کرمانج مستەفا، میوزیک: گۆڤار ئەنوەر، ڕووناکی: فورات محەمەد، جلوبەرگ: شوکریە تەیموور، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بوو، بەداخەوە نمایشەکە لە ئاستی پێویست نەبوو، دەبوایە کاک کرمانج بەرلەوەی ئەم بەرهەمە لەم فیستیڤاڵەدا نمایش بکات، هەندێک گۆڕانکاری لە نواندن و سینۆگرافیادا بکات، مۆسیقایەکە گونجاو بوو، بەڵام گەلێک بەرز بوو، لەبەر ئەوە هیچ خەڵاتێکی پێ نەبەخشرا، جگە لە دەسکە گوڵێک کە بە ئەکتەری سەرەکی هاوار بەخشرا. لە کاتژمێر (٧)ی ئێوارە لە هۆڵی ڕۆشنبیری و هونەر یەکێتی شانۆکارانی عیراق- لقی نەینەوا شانۆگەری (چیرۆکی باخچەی مرۆڤ)ی نمایشکرد، کە ناوە ڕەسەنەکەی باخچەی ئاژەڵانە، نووسینی ئەدوارد ئەلبی، ئامادە و دەرهێنانی: شەفاء ئەلعومەری نواندنی: محەمەد ئەلعومەری، عەلی ئیحسان ئەلجراح کە بەهۆی نەخۆشییەوە شەفاء ئەلعومەری ڕۆڵەکەی ئەوی بینی، ڕووناکی و جێبەجێکردنی میوزیک: فەلاح عەبد حەمدوون، لەم شانۆگەرییەدا دەرهێنەر بەشێوەیەک ئامادەی کردبوو کە باسی لە داگیرکردنی عیراق کردبوو و ستایشی پێش ئەو داگیرکردنەی دەکرد، ڕۆشنبیری ئەوکاتی لەم ڕۆشنبیرییەی پاش ڕووخانی ڕژێم چاکتر دەزانێ و لایەنگری کردنی بۆ ڕژێمی پێشووی پێوە دیار بوو، پاش نمایشەکە کەسانێکی زۆر بەشداری و ڕەخنەیان لێی گرت لەوانە هونەرمەند عادل حەسەن، بەندە و هونەرمەند غازی غەفوور، پاش کۆڕەکە، ئەوەی خاڵی ئیجابی بوو ئەم شانۆگەرییە کە بە دوو ئەکتەر نمایش کرا، نەچووە قاڵبی فیستیڤاڵەکەوە. لە کاتژمێر ٩,٣٠ی بەیانی ڕۆژی (٢٣)ی مایس لە هۆڵی تەلاری هونەر کۆڕێک بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار بەناوونیشانی (من و شانۆکەم)، بەدواداچوون: یاسین قادر بەرزنجی، بەڕێوەبردنی: نەهرۆ ساڵح دەلۆیی بوو، کە تێیدا هونەرمەند باسی لە ئەزموونی شانۆیی خۆی کرد لە سەرەتای حەفتاکانەوە تاکو ئێستا، کە چەندین شانۆگەری نووسیوە و ئامادەی کردووە و نمایشی کردوون، چەندین شانۆی بردووەتە دەرەوە لەوانە (پاسەوان) کە مۆنۆدرامایە، هەروەها باسی لە ئەزموونی خۆی کرد لەگەڵ هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش کە شانۆنامەکانی ئەوی دەرهێناوە، پاشان یاسین قادر بەرزنجی بەدواداچوونی بۆ کرد و تیشکی خستە سەر ڕەوتی شانۆی ئەحمەد سالار کە هونەرمەندێکی داهێنەرە، جگە لە دەرهێنان و چاپکردنی چەندین کتێب و وتاری بڵاوکردووەتەوە، هەروەها چەندین ڕێبازی پیادە کردووە، بە تایبەتی ڕێبازی ئاهەنگسازی کە لە شانۆگەرییەکانی نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ، کاتێ گورگ ئەبێ بە ماسی، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف، زۆری دیکەش. پاش ئەوە گفتوگۆیییەکی زۆر لەلایەن ئامادەبووانەوە کرا. لە کاتژمێر (١١,١٥)ی هەمان ڕۆژ کۆڕێک بۆ شانۆکاری عیراقی د. جەواد ئەلئەسەدی بەناوونیشانی (دەرهێنەرانی مۆدێرن لە شانۆیەکەی نەزۆکی عەرەبیدا) بەدواداچوون: سەعد عەزیز عەبدولساحب، تێیدا باسی لە شانۆی عیراقی و عەرەبی کرد. کە شانۆی عەرەبی شانۆیەکی نەزۆکە و ئەو جۆرە پێشکەوتنەی بەخۆوە نەدیوە. شایەنی باسە ئەم هونەرمەندە بەر لە (٢٧) ساڵ لەبەر زوڵمی سەردەمی دیکتاتۆریەت لە عیراق دەرچووە، لە کەنەدا و ئەوروپا ژیاوە، ئێستا لە بەیرووت شانۆیەکی هەیە بەناوی (شانۆی بابل)، پاشان گفتوگۆیەکی زۆر لەلایەن ئامادەبووانەوە کرا، بە تایبەتی شانۆکارە عیراقییەکان. لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ (٢٣)ی مایس لە هۆڵی تەلاری هونەر پێشانگای فۆتۆگرافی دەربارەی کارە شانۆییەکانی کوردستان کرایەوە. تێیدا بەدەیان تابلۆی شانۆیی جوانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووکی لە خۆ دەگرت، کە بە قەبارەیەکی گەورە و ڕێکوپێک نمایش کرابوو، جگە لە وێنەی ئەو هونەرمەندانەی کە جێ پەنجەیان لەسەر ڕەوتی شانۆی کوردی دیارە هەر لە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری لە ساڵی (١٩١٩)وە تاکو ئێستا.

لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لە هۆڵی تەلاری هونەر نمایشێکی کۆمیدی بە ستایلی (ستاندئاپ) بەناوونیشانی (زماندرێژ) بەرجەستە کردنی (موراد بایێچکی) کە بەرهەمێک بوو لە کوردستانی باکوورەوە، ئەم کارەش کارێکی تەجریبی بوو، هیچ نواندنی تێدا نەبوو جگە لە ڕەخنەگرتن لە چەند دیاردەیەکی هونەری و

هەندێک گۆرانی و گۆرانبێژ وەک گۆرانییەکەی عەزیز وەیسی کــە دەڵێت (ئەمنم عــەزیزی وەیسی هەرمێ و هەڵۆژە و قەیسی)، پاشان شیعرێکی شێرکۆ بێکەسی شاعیری بەشێوەی کرمانجی خوێندەوە، لام وایە ئەوە لە مەرایی کردن زیاتر نەبوو. لەکاتژمێر (٧)ی ئێوارەی (٢٣)ی مــایس، لە هۆڵی ڕۆشنبیــری ئیــدارەکــانی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئێران لە کرمانشان، تیپی هونەری شانۆی کرمانشــان (کەروێشکی سپی بەچاوی ســوورەوە) نمایش کــرا لە نووســینی: ڕەزا گەشتاسب، دەرهێنانی: ڕەحمان هۆشیاری کە لە نواندنی کۆمەڵێک ئەکتەر بوو، لەوانە محەمەد ڕەزا زەندی، موحسن سالاری، نیلۆفەر جەوادپوور، زازا تەیموری، شیرین هیدایەت پوور، سرووش پەیەمبەری، یەڵدا محەمەدی، نەستەرەن ڕۆستەمی، نمایشەکە باسی لە کیمیاباران و کارەسات دەکرد، توانییان بەشێوەیەکی جوان نواندنەکە ئەنجام بدەن، جوانترین شت تەقینەوەی شوێنێک بوو کە لە کوخێک دەچوو، ڕووناکییەکی سوور بەسەریدا زاڵ بوو، بەڵام ئەکتەرەکان زۆر دەگریان و دەنووزانەوە، لە هێکرا بە قاقا پێدەکەنین.

ڕۆژی (٢٤)ی مایس پشوو بوو، یەکەم کەرەت وا بڕیار بوو شاند و گرووپەکان بە شوێنە دێرین و مۆزەخانە و شوێنە گەشتیارییەکان ئاشنا بکەن، بەڵام دواتر نەکرا، ئەو ڕۆژە بووە پشوو و میوانەکان ئازادبوون بۆ خۆیان.

کاتژمێر (٩,٣٠)ی ڕۆژی چوارشەممە (٢٥)ی مایس، لە تەلاری هونەر کــۆڕێک بۆ بورهان قــەرەداغی بەناوونیشانی (شار و شانۆ) سازدرا، بەدواداچوون: گەزیزە عومەر عەلی ئەمین، بەڕێوەبردنی کۆڕ: کوردستان ڕەئووف، لەم کۆڕەدا هونەرمەند بورهان قەرەداغی باسی لە شار کرد کە شانۆیەکی گەورەیە و شانۆی شارە، پاش تەواوبوونی خوێندنەوەی بابەتەکە هونەرمەند گەزیزە شــرۆڤەی بۆ بابەتەکە کــرد و دواتر بەدواداچوون و بەشداریی گفتوگۆ لەلایەن چەند کەسێکەوە بۆ کرا. لە کــاتژمێــر (١١,١٥)ی هەمــان بەیانی کــۆڕێک بۆ هونەرمەندی شانۆکار قاسم بەیاتلی بەناوونیشــانی (ئەزموونی شانۆی ناوەندکار بۆ تیپی شانۆی ئەرکان) سازکرا، بەڕێوەبردنی کۆڕ بەشار علێوی بوو، تێیدا ئەو هونەرمەندە د. قاسم کە (٢٨) ساڵە لە دەرەوەی عێراقە لە شاری (فلۆرەنسای ئیتاڵیا دەژیت) لەم شارەدا لە



شانۆی گۆردن گریک تاقیگەی ئەکتەری هەیە، چەندین ساڵ ئەم ئەزموون و ووۆرک شۆپەی بەڕێوە بردووە کە تێیدا لە ڕووی جەستەوە مەشقی بە چەندین ئەکتەر کردووە، ئەم ئەزموونەی بردووەتە بەرازیل و چەند ولاتێکی دی، پاشان چەندین بەدواداچوون لەلایەن د. فازڵ خەلیل و ئامادەبووانەوە کرا.

لە کاتژمێری (٥)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە نووسین و دەرهێنانی (هەڵکەفت ئیدریس عابد) و لەنواندنی ڕێکێش شەهباز و شاکار عەبدوڵڵا شانۆیی (خەونێک لە دەرەوەی بازنەدا) کە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک- بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی دهۆک بوو، ئەم شانۆگەرییە دوو ئەکتەر نواندنەکەیان بەرجەستە کرد، ئاستێکی خاکەڕایی و مام ناوەندی هەبوو، لەبەر ئەوەی دەقەکە خۆماڵی بوو، بۆیە خەلات کرا، بەڵام لە دەرەوەی فیستیڤاڵ، چونکە دەقێکی تاقانە بوو. کارە هونەرییەکان: میوزیک- سەربەست کەمان، ڕووناکی: شالاو کازم و توخوب ئەحمەد، مکیاژ و جلوبەرگ: زۆزان عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری شانۆ: نەورۆز شەعبان، بەڕێوەبەری بەرهەم و دراما تۆرگ: مەسعوود عارف.

لە کاتژمێر (٧)ی هەمان ڕۆژی (٢٥) مایس، لە هۆڵی ڕۆشنبیری شانۆگەری (کوێرەکان) کە لە نووسینی: مۆریس مەتەر لینگ و وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی و ئامادەکردن و دەرهێنانی: نەژاد نەجم بەشێوەی شانۆی وێنە نمایش کرا.

کە د. سەلاح ئەلقەسەب ڕابەر و خوڵقێنەری ئەم جۆرە شانۆیەیە، کە بریتی بوو لە نمایشی کۆمەڵێک گەنج و کچێک کە بە ڕووداوێک هەمووویان کوێر بوون و ماڵەکەی خۆیان پێ نەدەزانییەوە، ئیدی تووشی

کۆمەڵێک ئازار و ئەشکەنجە بوون، هەموویان تەنیا بە شۆرت و سەیوانێک بوون، بەڵام توانییان نمایشێکی جوان بکەن، سینۆگرافیای ئەم نمایشە یەکەم بوو و خەڵاتی یەکەمی وەدەست هێنا.

ئەو ئەکتەرانەی کە بەشدارییان کرد: هونەر شەوقی، بڕیار مەردان، دارا عیزەدین، هاوکار محەمەد، هاوار فارس، هێمن عومەر، حوسێن عەلی، داستان بەرهەم، هێمن جەمال، ی. دەرهێنەر: عەبدوڵڵا کاکەیی، بەڕێوەبەری بەرهەم: محەمەد عەلی سەید، بەڕێوەبەری شانۆ: کامەران کازم، میوزیک: عومەر محەمەد تاهیر، دیکۆر: عەزیز عومەر، محەمەد ئیحسان، ڕووناکی: هاوڕێ هێوار- محەمەد مەحموود، ماکیاژ: جلۆ شوانی.

ڕۆژی پێنج شەممە (٦)ی مایس دواڕۆژی فیستیڤاڵ، لە کاتژمێر ٩,٣٠ی بەیانی لە هۆڵی تەلاری هونەر کۆڕێک بۆ شانۆکار (ئەنوەر قادر ڕەشید) بەناوونیشانی (شانۆی کوردی لەنێوان دەف و نمایشدا) سازکرا، بەدواداچوون: عادل حەسەن، بەڕێوەبردنی هونەرمەند نەهرۆ ساڵح دەلۆیی، کاک ئەنوەر باسی لەدەق و ئەکتەر کرد، بەڵام باسەکە تێروتەسەل نەبوو، یان ئەوەی نەدرکاند ئایا شانۆکاران تاکو ئێستا پشتیان بە چ دەقێک بەستووە، یان کێن ئەوانەی دەق دەنووسن، ئایا ئێمە نووسەری دەقی شانۆییمان هەیە؟ کە باسی ئەکتەری کرد تەنیا باسی ئەکتەری لە شانۆی هەژار کرد، دەبوایە باسی ئەکتەر لە ڕێبازەکانی دیکەشدا بکات، بە تایبەتی ڕێبازی ستانسلافسکی و برێختی، چونکە زیاتر لەسەر ئەم ڕێبازانە کاردەکرێت، هەر چۆنێک بێت پاش تەواوبوونی کۆڕەکە هونەرمەند عادل حەسەن بەدواداچوونی بۆ کرد، پاش ئەویش ئامادەبووان بەشداریی گفتوگۆی باسەکەیان کرد.

لە کاتژمێر (١١,١٥)ی هەمان ڕۆژدا کۆڕێک بۆ د. سەلاح ئەلقەسەب بەناوونیشانی (تیوری کوانتیم و یاسا فیزیاییەکانی بە تەکنۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری) سازکرا، بەدواداچوون بەشار علیوی. بەداخەوە باسەکەی د. ئەلقەسەب هەمووی باسی لە هێزی فیزیا و کیمیا بوو، کە جەستەی ئەکتەر لە کاتی نمایشدا ئەو هێزانە دەیجووڵێنن، ئەو هونەرمەندە خۆی داهێنەری ڕێبازی شانۆی وێنەیە، کە زۆر پشت بەدەق و تێکست نابەستێت، هیچ چێژێکمان لە باسەکەی وەرنەگرت،



چونکە کیمیا و فیزیا لەکوێ و شانۆ لە کوێ؟ کە پەیامێکی خۆشەویستی و مرۆڤایەتی هەیە، لە ڕێگای ئەو دیالۆگ و پەیڤە بەنرخانەوە، پاشان چەند گفتوگۆیەک کرا، بە تایبەتی لەنێوان میوانە عەرەبەکاندا کە شانۆکاری مووسڵ شەفاء ئەلعومەری و د. فازڵ خەلیل و چەند کەسێکی دیکە بوون، کە هەمووی ستایش بوو بۆ ڕێبازەکەی د. سەلاح ئەلقەسەب.

لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە ڕێوڕەسمی کۆتایی فیستیڤاڵەکە لە هۆڵی ڕۆشنبیری بەم جۆرە بەڕێوە چوو:

* دابەشکردنی خەڵات بەسەر گرووپ و شانۆکارە بەشداربووەکاندا لەم فیستیڤاڵەشدا شانۆی (خاتوو ژۆلیا) جوانترین نمایش بوو، پشکی شێری بەرکەوت، هەروەها شانۆگەری (کوێرەکان) خەڵاتی باشترین سینۆگرافیای پێ بەخشرا، شانۆی (کەروێشکە سپییەکان بە چاوی سوورەوە) باشترین خەڵاتی ئەکتەری کچی پێ بەخشرا، هەروەها شانۆی (خەونێک لە دەرەوەی بازنە) خەڵاتی باشترین دەقی کوردی وەرگرت، هەرچەندە ئەم دەقە تاقانە بوو، نەدەبوایە بچێتە ناو کێبەرکێوە.

* دابەشکردنی خەڵات بەسەر ڕۆژنامەنووسانی بواری هونەری لەوانە بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید و یاسین قادر بەرزنجی و عەبدولغەفار و چەند کەسێکی دیکە.

* پێشکەشکردنی خەڵاتی بەخششی هونەری بە هونەرمەندی ئەزمووندارى کورد هونەرمەند تەڵعەت سامان بە شێوەیەکی جوان و فیلمێک بە سکرین لەسەر ژیان و کارە شانۆیی و درامییەکانی پەخش کرا، کە لەلایەن ڕۆژنامەنووس عەبدولغەفارەوە ئامادە کرابوو، نزیکەی دە خولەک بوو، تێیدا هەموو کارە هونەرییەکانی پێشاندا وەک ئامارێک کە بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان و لە کۆتایی نمایشەکەدا و لەناو هۆڵەکەدا

بووه چەپڵەڕێزان.

* ڕاگەیاندنی ئەنجامی پێشبرکێی فیستیڤاڵ لەلایەن لیــــژنەی دادپەروەرییــــەوە کـــە لەم هونەرمــــەندانە پێکهاتبوون:

١- هونەرمەند (د. قـوتبـەدین سادقی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- سەرۆکی لیژنە.

٢- هونەرمەند عادل حەسەن- لە دهۆک- ئەندام.

٣- هونەرمەند ژیلوان تاهیر- لە هەولێر- ئەندام.

٤- هونەرمەند نیاز لەتیف- لە سلێمانی- ئەندام.

٥- هونەرمــەند مــەریوان زەنگەنە- لە کـەرکــووک- ئەندام.

* دابەشکردنی کتێبەکانی فیستیڤاڵ کە بریتی بوون لە:

١- شـانۆی منداڵ (مـێـژوو و بیـبلۆگـرافـیـا- تیـور- پراکتیک) نووسینی: بورهان قەرەداغی.

٢- شانۆی کوردی- سلێمانی، لە دامەزراندنییەوە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز نووسینی: کاوە ئەحمەد میرزا.

٣- پێنج دەقی شـانۆگـەری کـوردی لەلایەن ئەحـمـەد سالار- ئەنوەر قادر ڕەشید- هەڵکەفت ئیدریس عابد- عارف مەعرووف داودی- ئیسماعیل سلێمان عاجانی.

٤- هزرکرن د پرسێن شانۆیی دا ڤەکۆلین ڕاڤەیێ و تیورا شانۆیی دا- موحسین ئوسمان.

٥- ڕۆژانەی فیستیڤاڵ ڕۆژنامەیەک دەردەچوو بەناوی کوردستان لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە:

مـەریوان مـەسـعـوود (سـەرۆکی لیـژنە)- کـامـەران سوبحان- ئاوات عوسمان- بۆتان عەبدولقادر- لەزگین سەیفەدین، ئالان ئەحمەد محەمەد- دارا نەجمەدین- توانا عەزیز.

ڕۆژانە چەندین وتار و ڕیپـــۆرتاژ بە شـــێـــوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و جوان لەسەر چالاکییەکان بڵاودەکرانەوە.

**سەرنج و تێبینییەکان دەربارەی فیستیڤاڵ**

(١) نکۆڵی لەوە ناکـرێت کـە ئەم فـیـسـتـیـڤـاڵە بەشـێـوەیەکی جـوان و ڕێکوپێک و کـوالـتیـیـەکی بەرز بەڕێوەچوو، هەمـــوو لایەک بە تایبــــەتی لیـــژنەی سـەرپەرشـتـیـار و پێشـوازی بە سـینگێکی فـراوانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ میوانەکان دەکرد و شوێنی چاک و گونجاویان بۆ حەوانەوەیان دابین کردبوو، لەگەڵ خواردن و هاتوچۆیان بەبێ گـرژی و گـیـروگـرفت، بەتایبـەتی ئەم بەڕێزانەی خـوارەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەسـەرکـەوتنی فیستیڤالەکەدا هەبوو:

١- هونەرمــەند ئەرسـەلان دەرویش وەک بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ.

٢- عەباس عەبدولڕەزاق وەک سەرپەرشتیاری گشتی.

٣- نازەنین سـالّح سـەرۆکی لیـژنەی پێـشـوازی و کارگێڕی.

٤- غەفوور ساڵح ئەندامی پێشوازی.

٥- ئاری مەحموود.

٦- ئاشنا ڕەئووف.

٧- سەرکەوت حەمە سەعید.

٨- ڕێبوار محەمەد میرزا.

٩- عەزیزە ئەحمەد.

(٢) بەڕاستی ئاستی نمایشەکان ئەگەر شانۆی (خاتوو ژولیـا)ی لێـدەرکـەین، کە سـەرتووی شـانۆیـیـەکـان بوو، ئەوانی دیکە لە ئاســتی پێــویســتــدا نەبوون، هەروەها سیمینارەکانیش ئەگەر کۆڕەکەی کاک ئەحمەد سالار و قاسم بەیاتلی و قـوتبـەدین سـادقی و بورهان قـەرەداغی لێـدەرکـەین، ئەوانی دیکە ئەو سـەنگەیان نەبوو و زۆر لاواز بوون.

(٣) ئەوە تێـــبـــینی دەکـــرا کـــە زۆربەی زۆری هونەرمـەندانی سلێـمـانی بایکۆتی فـیـسـتـیـڤـاڵەکـەیان کردبێ، چونکە ڕۆژانە بە تایبەتی لەکاتی سیمینارەکاندا، هونەرمــەندە دیارەکــانی سلێــمــانی نەدەبینران چەند کەسێکیان نەبێت کە لە پەنجەی دەستێک تێنەدەپەڕین.

(٤) ئەم فیستیڤاڵە خاڵێکی پۆزەتیڤی ئەوەبوو هەموو هونەرمـەندانی شـارەکـانی هەرێم و عـیـراق و هەر چوار پارچەی کـوردسـتـانی گـەیاندبووەیەک، کـە ڕۆژانە چ لە شـوێنی حـەوانەوە، یان لە ناوپاس، یان لە هۆڵەکـاندا بەیەک دەگـەیشـتن و دڵی خـۆیان بۆ یەک دەکـردەوە کـە ئەمـەش بووە مـایەی خۆشـەویسـتی و ئاشنابوونی زیاتر بەیەکدی.

(٥) دەســـتـــخـــۆشی لە وەزارەتی ڕۆشنبـــیـــری و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی دەکەم بۆ ئەم دەستپێشخەرییە، هیوادارم ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە لە هەمـوو شارەکـانی هەرێم و هەر چوار پارچەی کـوردسـتـان دووبارە بێتەوە.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

ئایا «خدری کوڕی عومەری کوردی» کە توێژەری نەمر (مەسعوود محەمەد) ناوی وەک موزیککارێکی گەورەی کورد بردووە، هەمان موزیککاری ناوداری کورد (ئەلجەمال ئەلمەشریقی عومەری کوڕی خدری کوردی)یە؟

بزانین دکتۆر (زرار سدیق تۆفیق) مامۆستای مێژوو لە زانکۆی دهۆک لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟

مامۆستا و زانای نەمر (مەسعوود محەمەد) لە بەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی)دا،(١) دەربارەی خۆشنووسێک بە ناوی (خدری کوڕی عومەری کوردی کۆیی) نووسیویەتی: «لە کتێبخانەی جەلیزادان کتێبێکی دەستنووس هەیە بە ناوی (الاذكار للإمام النواوي) بە خامەیەکی ڕەنگین و هونەرکار نووسراوەتەوە، لە کۆتایی کتێبەکەدا مێژووی نووسینەوەی هەیە و ساڵی ٧٧٦ی کۆچی بەرانبەر بە ١٣٧٤ی زایین، واتە پێش نزیکەی ٦٠٠ ساڵ نووسراوەتەوە. خۆشبەختانە ناوی خۆی و نشیمەتی بە ڕەوانی دەنووسێ (خضر بن عمر الكوردي الكويسنجقلي موطناً)، هەروەها مامۆستا مەسعوود محەمەد نووسیویەتی: جا لەو ساڵانەی دواییدا لە پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی (الثورة)دا، وتارێکی دکتۆر (مستەفا جەواد)م خوێندەوە (بەر لە مەرگی بە چەند مانگێک) لەسەر مەقامی عێراقی، لە ئاخەلێوەی ئەو وتارەدا باسی دووکەس دەکات کە لە ڕێگەی ئەوانەوە (زاراوەی فارسی ـ ناوی مەقامەکان)، بەرەو ڕۆژئاوای وڵاتی عەرەب بڵاوبۆتەوە، بەنیسبەت دووەمەوە دەڵێت (الجمال المشرقي خضر بن عمر الكوردي)، بێ گومان ئەم مۆسیقاژەنە هەمان خۆشنووسەکەی کتێبی



**زرار سدیق تۆفیق**

(نواوی)یە، بەر لە ٦٠٠ ساڵ یەک لە دوو مۆسیقاژەنی هەرە گەورەی ئیسلام، هونەرمەند و ڕۆشنبیرێکی کۆیی بووە! (٢)، بۆیە ماوەیەکی زۆرە ئەو مەسەلەیە لە ناو بیر و هۆشمدا دێنم و دەبەم، هەمووجار لە خۆمم پرسیوە: ئایا ڕێی تێدەچێت هەر لەو ماوەیەدا دوو موزیککاری کورد ناودەربکەن و هەمان نازناوی (الجمال المشرقي)یان هەبێت و کتێبیشیان لەسەر موزیک دانابێت؟ بۆیە لە سەرەتاوە بڕیارم دابوو، بەر لەوەی ئەو زانیارییانە بە دڵنیاییەوە بخەمە دووتوێی کتێبەکەمەوە، دەبێ لەگەڵ چەندین کەسی پسپۆڕی ئەم بوارە تاووتوی بکەم. زووتر لەگەڵ مامۆستایان (کەریم شارەزا) و (مەجید ئاسنگەر) و هی دیکەش تا ڕادەیەک قسەمان لەسەر کردووە. ئەمڕۆش بۆ ئەم مەبەستە و بۆ گەیشتن بەڕاستی و دروستی ئەم مەسەلەیە و تاووتوکردنی، ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢ لە هەولێر چاومان بە بەڕێز دکتۆر (زرار سدیق تۆفیق) مامۆستای مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک کەوت، ئەم دەرفەتەش کاتێک ڕێککەوت، کە دکتۆر زرار زووتر نووسینێکی هونەری بە زمانی عەرەبی بڵاوکردبووەوە، کە (محەمەدی حەمە باقی) بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕابوو و لە هەردوو ژمارەکانی (٥٨) و (٥٩)ی گۆڤاری (چلاواز) بۆمان بڵاوکردەوە، دواتر بەڕێزیان هات ئەو ژمارانە ببات، خۆشبەختانە ئەمەمان بە دەرفەت زانی و بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵیان سازدا. خوا یار بێ ئێمە بەوەندەش ناوەستین و لە داهاتوودا لەگەڵ کەسانی دیکەی پسپۆڕ لە بواری مێژوودا ئەم مەسەلەیە زۆرتر تاووتو دەکەین. ئەمەشمان بۆ ئەوەیە بەر لەوەی ئەو زانیارییانە بکەونە ناو دووتوێی کتێبی (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە) کە چەندین ساڵە کاری بۆ دەکەین، ئەمەش بۆ دڵنیابوونە کە زانیارییەکانی ناو کتێبەکەمان تا دەکرێت دروست بن. کارمەندانی کتێبخانەی گشتی هەولێر شایەدن کە چەندین ڕۆژ بە دوای ئەو پاشکۆیانەی ژمارەی (الثورة)دا وێڵ بووم و دواجار هەر بۆشم نەدۆزرایەوە، بۆیە ئەمڕۆ ڕووی پرسیارمان لە دکتۆری بەڕێز (زرار سدیق تۆفیق) دەکەین، تا ڕای خۆی دەربارەی ئەو مەسەلەیە دەربڕێت؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی: کەس نییە بتوانێت نکوڵی هەم لە توانا و هەم لە زیرەکی بەڕێز مەسعوود محەمەد بکات کە لەم بوارەدا یەکێکە لە ناودارەکانی کورد، بەڵام بەڕای من ئەو ناتێگەیشتنە وەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە دروست بووە. مەسعوود محەمەد نووسیویەتی: لە کتێبخانەی (جەلیزادان) هی خانەوادەی خۆیان لە شاری کۆیە، دەستنووسێکی ئیمامی (نواوی) هەبووە، ئەو ئیمامە ساڵی ٦٧٦ی کۆچی بەرانبەر بە ١٢٧٧ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، جا ئەو کتێبەی نواوی (الاذكار) زۆر بەناوبانگە. مامۆستا مەسعوود دەڵێ: لە کتێبخانەی جەلیزادان دەستنووسێکی ئەو کتێبە هەیە، بە خەتی کەسێکی خۆشنووس نووسراوەتەوە بە ناوی (خضر بن عمر الكوردي الكويسنجقلي موطناً)، واتە ئەو کەسە خەڵکی شاری کۆیە بووە، کەسی وا بە عەرەبی پێی دەڵێن (نساخ) واتە (ڕوونووسکار)، دیارە جاران چاپ و کۆپی نەبووە، ئەو کتێبەی ئیمامی نواوی وەک گوتم: زۆر بەناوبانگە، بۆیە فەقێیەکان بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن ڕوونووسیان کردووە. مەسعوود محەمەد لەگەڵ ڕێزم بۆی، لێی تێکەڵ بووە، لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ موزیککارێکی دیکەی کورد بە ناوی (جمال الدين

عــمــر بن خــضــر الكوردي بن زادة الداسني) وەک مەسعــوود مـحـەمـەد نووسـیـویەتی کـاتی خـۆی دکـتـۆر (مسـتەفا جەواد) لـە پاشکۆیەکی ڕۆژنامـەی (الثورة)دا باسی ئەمـەی دوایی کـردووە، بە داخـەوە نە ژمـارە و نە مـێـژووی ئەو نووسـینەشی بۆ دەسـتـنیـشـان نەکـردووین! چونکە موزیککار (جمال الدين عمر بن خضر الكوردي بن زادة الداسني)، لە زۆر شــــوێن ناوی هـاتووە، بۆ نموونە: لە کـتـێــبی (الدرر الکامنة في أعـیــان المائة الثامنة)ی (ابن حجر العسقلاني) و کەسێکی ئایرلەندی بە نـاوی (جـۆرج هێنری فـارمـەر) و (برۆکلمـان) ئەوانە هەمموویان باسی ئەو موزیککارە کوردەی دواییان کردووە کە کەسێکی نـاودار و بە توانا بووە. ئەم موزیککارەیان واتە (جـەمالەدینی عـومـەری کـوڕی خدری داسنی) هیچ پێوەندییەکی بە ئەوەی دی، واتە (خدری کوڕی عومـەری کوردی کۆیسنجاقلی)یەوە نییە!

* ئەگــــەر بکرێت هەنـدێ زانیــــاریمان لـەبارەی (داسنی)یەوە بۆ باس بکەیت؟

– کـاتی خـۆی باوکی (جـەمـالـەدینی عـومـەری کـوڕی خدری داسنی) لە قـەڵای (ئەڵەموت) لە ئێران پێوەندی بە (هۆلاکـۆ)وە کـردووە و دواجـار بە دەســتی ئەویش کـوژراوە و منداڵەکـانیــشی هەڕاج کـردووە، ئەوسـا ئەو مــوزیککارە منداڵ بووە، تا گــەورە بووە و هـاتووە بۆ (مـووسڵ) و ئینجـا بۆ (مـاردین) و پاشـان بۆ خـزمـەت هەندێ پاشــای (ئەیـیــوبی) بۆ (شــام) چووە، دوایی گەیشتۆتە لای سەرکردەیەکی تورک بە ناوی (تەنگز)، تا دواجـار بۆ لای مـەلیک (نـاسـری مـحـەمـەد مـەملووکی) بەناوبانـگ کـە لە ٧٠٩ تا ٧٤١ی کـۆچی کـە مــیــری (قــــاهیـــــــرە) بووە، لـەوێ پەروەردە بـووە و بۆتـە مـوزیککارێکی بەناوبانگ و کـتـێـبی لەسـەر مـوزیک داناوە، کتێبەکەشی دەستنووسە و ماوە بە ناوی (الكنز المطلوب في الدوائر والضـروب) ئەگـەر هەڵە نەبم ئەو دەستنووسە لە کـتـێبخـانەی (سویسرا) ماوە، کـەسیش لەسەر کوردبوونی ئەو موزیککارە لاری نییە.

* ئایا ئەو مــوزیککارە بەو پێــیــەی نـاوونیــشــانی (داسنی)یە کوردێکی ئێزدی بووە؟

– داسنی هۆزێکی کـوردە، مـوسـوڵمـان و ئێـزدی کـورد دەگـرێتـە خـۆ، بەڵام بە پێی نـاوی (جـمـال الدين) دەبێ مـوسـوڵمـان بوو بێت. (٣) ئیـتـر ئەو مـوزیککارە ساڵی ٧٤٨ی کـۆچی بەرانبــەر بە (١٣٤٧)ی زایینی کـۆچی دوایی کردووە.

* ئەو موزیککارە کوردە چەند کتێبی داناوە؟

– ئەو کتێبەی ناومان برد.

* بەڵام کـاک مـەسعـوود مـحـەمـەد لەو نـووسینەیدا لە زاری دکـتـۆر مـسـتـەفـا جـەوادەوە بۆمـان دەگـێـڕێتـەوە کـە (خضر بن عمر الكوردي الكويسنجقلي موطناً) یەکێک بووە لەو دوو کەسەی بە هۆی کتێبەکانییانەوە (زاراوەی مـەقـامـەکـانی فـارسی) لە ڕێگەی ئەوانەوە بە ڕۆژئاوای وڵاتانی (عەرەب) گەییوە؟ مەبەستم بە گوێرەی قسەکانی دکتۆر مستەفا جەواد دەبێ ئەو موزیککارە کوردە کتێبی لەسەر زاراوەی مەقامەکانی فارسی دانابێت؟

– بەڕای من مـەسـعـوود مـحـەمـەد لە نێـوان موزیککار (جمال الدين عمر بن خضر الكوردي بن زادة الداسني) و نێوان (نسـاخ ــ ڕوونوسکار ــ خدری کوڕی عومـەری کــوردی کــۆیسنجــاقلی)یەوە لێی تێکەڵ بـووە، کــاک مەسعوود هەردوو کەسایەتی لێ بووە بە یەکێک!

دکـتــۆر زرار درێژەی بە قــســەکــانی خـۆیدا و گــوتی: (عباس العزاوي) لە کتێبی (الموسيقى العراقية)دا ناوی هەندێ موزیککاری کوردی بردووە لەوانە:

* بەدرەدین ئەربیلی کـە کـتـێـبی (ارجـوزة الانغـام)ی داناوە.

*(ابن کرە) ناوی تەواوی (شەمسەدین محەمەد کوڕی یوسا کـوڕی فەخرەدین کوڕی کـوڕ) وەک لێکم داوەتەوە: لەقەبی (کـوڕ) لە بنەماڵەیەکی کۆنی گوندی (کۆڕێ)وە هاتووە! لەو نووسینەی گۆڤاری (چلاواز)دا باسم کردووە، مــوزیککارێکی کــوردە و خــەڵکی شــاری هەولێــرە، ئەمــەشـیــان بە هۆی کــوژرانی بـاوکـیــەوە لە دەســتی (مەغۆلەکان) هەڵهاتووە.

* هەر لە هەولێـــر لە ســەدەکــانی ناوەڕاســتـــدا موزیککارێکی دیکەمان هەیە بە (لاڵ) ناسراوە (عیـسا ئەللالاوی).

* لە کـتـێبی (ئیبن مسـتـەوفی)دا هاتووە: کـەسێکی دیکەمان هەیە بە نازناوی (خلە) کە لە ناوی (خدر)ـەوە هاتووە.

* یەکێکی دیکەمان بە ناوی (کۆرە) هەیە.

دکتۆر گوتی: ئێمە سێ موزیککاری کوردمان هەیە، دوویان خەڵکی هەولێرن و ئەوانیش یەکیان (هەزبانی) و ئەوی دیکەش خەڵکی (کۆرێ)یە، یەکێکیشیان (داسنی)یە وخەڵکی (دهۆک)ـە. (کارڵ برۆکلمان) باسی موزیککارێکی دیکەی کوردی کردووە بە ناوی (الملک العابد سلیمان) خەڵکی (حوسنکێف)، بەڵام ئەو مەلیکەی لێبووە بە (سوڵتان سولەیمانی قانوونی)، لێرەشدا تێکنەگەیشتن دروست بووە! دکتۆر زرار گوتی: بەڵام دوای ئەوەی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)م دیت پێی گوتم: دانەیەکی کۆپیکراوی ئەو کتێبەم لە کتێبخانەی (شستەربتی) بەدەست هێناوە و هی (موزەفەر کوڕی حوسێن کوڕی موزەفەری حوسنکێفی)یە و کتێبەکەش بە ناوی (رسالة الكشاف في الانغام)ـە. هەروەها دکتۆر زرار گوتی: ئەو دەستنووسانە هەن، خۆزگە ئێوەی موزیکزان بەدەستیان بهێنن و کاریان لەسەر بکەن.

لەگەڵ دکتۆر بیروڕامان چوون یەک بوو لەوەی: ئەگەر لەو کتێبانەدا باسی کوردیش نەکرابێت، بەڵام خۆ بەرهەمهێنانی ئەو کتێبانە بە هەوڵ و ماندووبوونی کوردانەوە بووە، کە دیارە ئەمەش مایەی شانازییە بۆمان.

لە کۆتاییدا دکتۆر زرار گوتی: هەندێ مێژوونووس برادەری ئەو موزیککارانە بوونە و لە هەندێ بۆنەدا باسیشیان کردوونە، بۆ نموونە: (فضل الله العمري) مێژوونووس باسی (جەمالەدین عومەری کوڕی خدری داسنی) برادەری دەکات و دەنووسێت: «ئەو موزیککارە لە شەڕێکدا چاوێکی لە دەست داوە و بە منداڵیش باوکی کوژراوە و خۆشی فرۆشراوە.»

### ئەنجام

شایانی گوتنە تا ئەمڕۆ جگە لە خۆم کە لەو نووسینانەی گۆڤاری (ڕامان)دا ئەوانەی بۆ پرۆژەی کتێبی «مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە» بڵاوم کردوونەتەوە، زیاد لە جارێک ئاماژەم بەو نووسینەی مامۆستای کۆچ کردوو (مەسعوود محەمەد) داوە، بە تایبەتی لە ڕامانی ژمارە ١١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ لاپەڕە ١٨٥ بە دواوە، خەڵکی دیکەش هەن کە ئاماژەیان بەو نووسینەی ئەو مامۆستا بەڕێزە کردووە.

ئەوەندەی ئاگادارم مامۆستایان (کەریم شارەزا) و (باکووری) و (جەوادی حەمەد بەگ) و ڕەنگە کەسانی دیکەش ئاماژەیان بۆ ئەو نووسینەی مامۆستای نەمر مەسعوود محەمەد کردبێت، بۆیە بەڕای ئێمە نابێ وا بەپەلە بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم مەسەلەیە بدەین، بەڵکو چاکترە لەگەڵ کەسانی دیکەی پسپۆڕی بواری مێژوو تاووتوی زۆرتری بکەین. هیوادارم ئەو بەڕێزانەش کە تا ئەمڕۆ ئاماژەیان بەو نووسینەی مامۆستا مەسعوود محەمەد کردووە، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەوڵ بدەن و دەست بەکاربن بۆ ئەوەی بە ڕاستییەکی ئەو مەسەلەیە بگەین و یەکلایی بکەینەوە. بەش بە حاڵی خۆم نایشارمەوە ڕام وایە بۆ نموونە: ئەگەر ئەو نووسینەی دکتۆر (مستەفا جەواد)، وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد نووسیویەتی: بەر لە کۆچەکەی بە چەند مانگێک کە لە پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی (الثورة)دا نووسیبووی، وەک بەدواداچوونم کرد، کۆچەکەی دکتۆر مستەفا جەوادیش لە ساڵی ١٩٦٩ بووە، بۆیە بەڕای ئێمە بە دیتنی ئەو نووسینەی دکتۆر مستەفا جەواد زۆر شت یەکلایی دەبێتەوە، هەر بۆ نموونە: ئایا دکتۆر مستەفا جەواد لەو نووسینەیدا ناوی ئەو موزیککارە کوردەی چۆن نووسیوە؟ (عمر بن خضر)، یان (خضر بن عمر)؟

**(١) مەسعوود محەمەد، کتێبی (حاجی قادری کۆیی ــ بەشی یەکەم) لە چاپکراوەکانی (کۆڕی زانیاری کورد) بەغدا ساڵی ١٩٧٣.**

**(٢) بڕوانە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە ١١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٨٥ - ١٨٩.**

**(٣) شایانی گوتنە و زیاد لە شوێنێک خوێندوومەتەوە کە (الجمال المشرقي) نەک (جمال الدين) ناو نییە، بگرە ناوونیشانێکە و دوای مردنی بۆ ستایشکردنی لەبەر لێهاتوویی بۆی دانراوە.... (وریا).**

# (هەورامان) یان (هۆرامان).. کامیان دروستە؟

جەلیل عەباسی

**ئەز ئوورومون مەکانم بێ ولاتم**
**سەروپیری خوای گێرەن خەلاتم**

نامەوێ باسی هەڵکەوتەی جوگرافی هەورامان بکەم و بڵێیم کەوتۆتە کوێ و چۆن هەڵکەوتووە و سنوورەکانی کامەن و چەند شار و چەند گوندی تێدان و ئەم شتانە.. ئەم باسە زۆرجار و لە زۆر شوێندا کراوە و خۆشم لە پێشەکی کتێبی (ئاهوورامان)دا ئاوڕم لێداوەتەوە. هەرواش نامەوێ خۆم بە مێژووی کۆن و دێرینییەوە خەریک بکەم و خۆم لە بواری زمانەکەشی نادەم.. ڕاستە تا ئێستاش نە مێژوویەکی ورد و ڕێکوپێکمان هەیە و نەش مێژووی ئەدەبیات و نە نەخشە و پلان و کتێبێکی تۆکمە لەسەر جوگرافیای هەورامان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ لەم بابەتانە مەبەستی ئەم نووسراوەی من نین.. نیازم وایە لەم نووسینەمدا ئاوڕ لە چەمکێک بدەمەوە کە هەرچەندە زۆر لەسەر زمانە، بەڵام هێشتاش بە هەڵە و بە تێکەڵاوی بەکاری دێنین و نەمانتوانیوە یەکلایی بکەینەوە: ئەویش دوو وشەی (هەورامان) و (هۆرامان)ە کە هەردووکیان بۆ یەک واتا و یەک مەبەست و یەک پێناسە بەکار دەبرێن، ئەگەر سەیرێکی ئەو چەند گۆڤار، یان ماڵپەڕ و ناوونیشانە ئەلیکترۆنییانە بکەین کە پێوەندییان بە هەورامانەوە هەیە، هەردوو ناوەکە دەبینین، واتە یەکێک دەنووسێت (هەورامان) و ئەوی دیکە دەڵێت (هۆرامان). ئەمە شێوەی دەربڕینیش لە گفتوگۆکانماندا دەگرێتەوە، ئەگەر هاوڕێیان سەرنجیان دابێت، تەنانەت خودی منیش ناڵێیم (هۆرامان)، بەڵکو زۆرتر و هەمیشەش (هەورامان)ەکە بەکار دێنم، ئەم جیاوازییە لە گۆکردندا تەنیا ماڵپەڕ و گۆڤارەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دانیشتوانی بەشە جیاجیاکانی هەورامانیش هەر بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتوون، بۆ نموونە

دانیشـــتوانی هەورامـــانی تەخت دەڵێن (هۆرامـان/ هۆرامی) و بەشی چەمی ژاوەرۆش دەڵێن (هەورامـان/ هەورامی)، بۆیە دەمەوێ بزانم ئەم دوو چەمکە کامەیان دروستترە و دەبێ کامەیان گۆ بکەین و لە کامەیان دوور بکەوینەوە؟... بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بگەڕێینەوە سەر بنەما ڕەسەن و مێژینەکەمان، واتە ئاڤێستا کە من بە ڕەسەنترین و نایابترین و سەلمێنراوترین و زیندووترین بەڵگە و فاکتی هەموو مێژووی کوردی دەزانم و پێم وایە تا بە تەواوەتی نەگـەڕێینەوە سـەر ئەم سـەرچاوە ڕەسـەنەمان، هیچ ناسینێکی ڕاست و دروست لەمەڕ خۆمان و مێژووی دێرین و شارستانەتی خۆمانمان دەست ناکەوێت و هەروەکو ئێستامان، لەگەڵ خۆمان و ڕابردووی دەرەوشاوەماندا نامۆ و بێگانە دەمێنینەوە.

بۆ چوونە ناو باسەکەوە، با سەرەتا ئاوڕ لە چەند بۆچوونێک بدەمەوە کە ئەڵبەت هەر لێرەوە من ڕەتیان دەکەمەوە و بە بێ بنەما و نادروست و نازانستیانەیان دەزانم و لەهیچ بەرهەم و نووسراوێکیشمدا نە پشتم پێ بەستوون و نە بە شیاوی ئاماژە پێکردنیشم زانیون:

یەکەمیان بۆ واتا کردنەوەی ناوی هەورامان دەڵێت: (هور ئامـان)، ئەم واتا کردنەوەش دوو ڕەهەندەیە: **یەکەم:** واتە (هەڵ هاتووە) و پاساوی لەشکرکێشی و ئاوارەیی و هەڵاتن و کۆڕەوی جەماوەری دێننەوە لە چاخە کۆنەکاندا.. **دووەم:** واتە (بەرز بۆتەوە/ سەری دەرهێناوە) و بۆ پاساوی ئەم بۆچوونەش لایەنی جوگرافی لەبەرچاو دەگرن.. گوایە هەورامان کەوتۆتە بەرزاییەکەوە و دەشت هەر چوار دەوری داگرتووە کە ئەوانیش بریتین لە: لە باکوورەوە دەشتی مەریوان.. لە باشوورەوە دەشتی زەهاو.. لە ڕۆژهەڵاتەوە دەشتی مایدەشت و لە ڕۆژئاواشەوە دەشتی شارەزوور.. ئەم چوار دەشتە بەرزاییەکانی هەورامانیان لە خۆگرتووە و ئەو (هەورامان)ە لە نێوانیاندا هەڵکەوتووە و بەرز بۆتەوە.

دووەمیان دەڵێت: (ئاورامانە) و دەبیەنەوە سەر برسییەتی و پاساوی سەختی و سەرکەشی ناوچەکە دێننەوە و گوایە لەبەر هەمان سەختی و سەرکەشی، جەماوەرەکەی نەیانتوانیوە بژین و... تاد!!!

سێیەمیان وشەی (هەور ئامان)ی بۆ دادەتاشێت بە واتای (هەور هاتووە) و دەڵێت: گوایە هەورامان هەمیشە لە ژێر هەور و بەفر و باراندا بووە و هیچ کات ئاسمانێکی ساماڵی نەبووە و هەرجارەو هەورێکی چڕ دایگرتووە و گوتراوە: هەور ئاما!! و چەند بۆچوونێکی دیکەی لەم بابەتە کە هیچیان تەنانەت شیاوی ئاوڕلێدانەوە و ئاماژە پێکردنیش نین. کەواتە دەچینەوە سەر ئەو بۆچوونانەی بە لامانەوە گرینگن و لەوانەیە بتوانن بمانگەیەننە ئەنجامێک:.. ئەم هەنگاوەش بە هەمان دێرە شیعری سەیدی دەست پێدەکەم کە کردوومەتە شابەیتی دەسپێکی ئەم باسە:

**"ئەز ئەورۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم**
**سەروپیری خوای گێرەن خەڵاتم"**

سەیدیی شاعیر، بە تەواوەتی ئاشنای مێژووی کۆنی وڵاتەکەی بووە، وەک چۆن ئاشنا و شارەزای تەواوی زمانە دێرینەکەشی بووە، بۆیە دەتوانم بڵێم لەم شیعرەدا ویستوویەتی وەڵامی هەندێ بیروبۆچوونی بێ بنەما بداتەوە کە لەوانەیە لەو سەردەمەشدا وەکو ئێستا لەمەڕ هەورامان لە ئارادا بووبن، واتە بە زمانی ئەم شیعرە گوتوویەتی: ناوی دروست و ڕەسەن و مێژینەی هەورامان هەمان (ئورۆمۆن)ە. بە دڵنیاییەوە سەیدی شارەزای واتای وشەکەش بووە و بە جوانی زانیویەتی ئەم ناوە لە کوێوە و بۆ چ مەبەستێک هاتووە و بۆتە ناو و پێناسی هەورامان.

ئورۆمۆن لە دوو وشە پێکهاتووە: یەکەم: (ئور) بە واتای شار.. وەک ناوەکانی (ئورشەلیم، ئورمیە، ئورفە) و تاد.. دووەم: (مۆن/مون) بە واتای پیرۆز. سەرجەم ناوەکەش واتە (شار/ شوێن/ جێگا/ مەڵبەندی پیرۆز)، ئەم شوێنناوە پێمان دەڵێت کە هەورامان هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە وەکو کۆمەڵگەیەکی پیرۆز بوونی هەبووە و پاکی و چاکە و بەختەوەریی بەخشیوەتە مرۆڤایەتی.

چەند وشەیەکی دیکەش سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشن و پێوەندییان بە پێناسەکەمانەوە هەیە کە ئەوانیش بریتین لە:

(ئارامەن) بەواتای شوێنی خۆپاراستن و حەسانەوە، بە پێی ئەم پێناسەیەش، هەورامان پەناگە و مەلجە و مەڵبەندی پاراستنی مرۆڤ بووە بەرانبەر بە دوژمن و پاراستنی ڕاستی و دروستی لە بەڵای درۆ و دووزمانی و ناتەبایی.

(ئورامەن/ئورامە/ئورامین/ئورامەنان) بە واتای ـ لەحن ـ هەوایەکی مۆسیقایی تایبەتی پارسییەکان بە شیعری پالەوی، ئەمیش، واتە هەورامان یەکەم شوێن و مەڵبەندی سەرهەڵدانی هەناسەی هونەری و مۆسیقای یەزدانی بووە. چەند نموونە شیعرییەک لەبەر دەستدان کە

زۆرتر ئاوڕ لەم (لەحن)ە تایبەتە دەدەنەوە:

**" لحن اورامان و بیت پهلوی**

**زخمه عود و سماع خسروی"**

یان:

**" سنان تهمتن در چشمشان مژگان تهمینه**

**غریو اهرمن در گوششان آهنگ اورامن"**

هەروەها (ئورمۆن/ ئورمەن) بەواتای شاری سەخت و شاخاوی. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەش بکەینە سەر چەمکی (هەورامانی تەخت) کە زۆرکەس بەهەڵە لێی دەگەن و بە هەڵەش واتای بۆ دادەنێن.. شاخێکی بەرز و سەرکەشمان لە هەوراماندا هەیە پێی دەڵێین (تەخت/ تەختی سان) و ناوی هەورامانی تەختیش هەر لە رووی ئەم شاخەوە دانراوە، تەخت لە بنەڕەتدا (تەهت/ تەهتە)یە، بە واتای سەرکەش، بڵند و سەخت نەک تەختانی و سارا، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە دەستەواژەی (هەورامانی تەخت) بۆ پێناسەی ئەو شوێنە جوگرافییە دێت کە ناوی هەورامانە و کەوتۆتە داوێنی چیایەکی سەخت و بەرز و سەرکەشەوە، پاشان (ئەهوورەنە)مان هەیە کە بە واتای (کێوی خواوەند) دێت و ڕەنگە پێوەندیی بەم پێناسەیەوە، واتە (کێوی تەخت)ەوە هەبێت و ئەویش زۆرتر پیرۆزیی هەورامانمان بۆ دەردەخات بەوەی کە هەورامانی شاخاوی، کێوی خواوەندە، کەواتە بەرز و پیرۆزە و بوونیشی بۆ سەرەتای بەخشینی ژیان لە گەوهەری هەبوون، واتە یەزدانەوە بە مرۆڤ و گێتی دەگەڕێتەوە. کاتێ باسی (کێوی خوا) دەکەین، ئەوە دەبێ ئاوڕیش لە (کۆسالان) بدەینەوە کە زۆر وێدەچێ هەمان ناو بگرێتەوە، ئینجا ئەو ڕاستییەش بدرکێنین کە ئەو ئەشکەوتەی بۆتە شوێنی خەڵوەکێشان و ڕیازەتی ئەشوو زەردەشت لە کۆسالاندایە کە بە هەڵە بە (کێوی گووساله)یان لێک داوەتەوە. هەبوونی کێوی خوا و ئەشکەوتی تایبەتی خەڵوەکێشانی پەیامبەری دێرینی کورد لە کۆسالاندا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هەورامانی دێرین، هەر بە ڕاستی مێژینە و پیرۆزە.. هەر بە ڕاستی زێد و شوێن و مەڵبەندی تایبەت و شایستەی یەزدانی مەزنە.

بەهەرحاڵ، ئەگەر بمانەوێ لە مەڕ هەورامان و ناولێنانەکەی و هەرواش مێژووی دێرینی بکۆڵینەوە، ئەوە دەتوانین ئەو چەند ناوەی سەرەوە پێوەند بدەین بە باسەکەمانەوە و بە بەڵگەوەش بیسەلمێنین کە هەموویان تایبەتن بە هەورامانەوە، ئەمەش بابەتێکی جیاوازە و لەگەڵ ئەم نووسینەی مندا نایەتەوە، بۆیە لەمە زیاتر خۆمی لێنادەم و لەسەری ناڕۆم و دەچمەوە سەر کرۆکی باسەکەم و ئەو سەرچاوەیەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، واتە ئاڤێستای پیرۆز...

وشەیەکمان لە ئاڤێستادا هەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ لێی ورد ببینەوە:

(هەئورەخشەئێتە)ی ئاڤێستایی واتای هەتاو دەگەیەنێت کە لە (گاتا)کاندا بە تەنیا وەکو (هەئورە/هەورە) هاتووە، هەروەها (هەئورەچیسرە)مان هەیە بە واتای (هەتاو ڕوخسار) کە ناوی کوڕە بچووکی زەردەشتە و هەرواش (هەئورڤەتاتە)مان هەیە کە دواتر کورت کراوەتەوە و بۆتە (خورداد) کە ناوی سێیەم مانگی وەرزی بەهارە و بە واتای پێگەیشتوویی و تەکامول دێت.

کەواتە تا ئێرە وشەی (هەورە/هەئورە)مان هەیە بە واتای هەتاو/ خۆرەتاو. ئەم وشەیە پاشگرێکی بۆ دانراوە: (مان) کە بە واتای شوێن/ مەکان/ جێگا دێت. ئەگەر هەموو وشەکە پێکەوە گۆ بکەین: (هەورەمان)، ئەوە واتای (شوێنی هەتاو)مان دەداتێ. دەکرێ بڵێین مەبەست لە شوێنی هەتاو، خودی هەتاو نییە بەو زەقییە، بەڵکو زۆرتر ئاماژەیەکە بۆ (شوێنی نوور و ڕووناکی).. نوور و ڕووناکی دین و هزر و ئەندێشە و ژیانی پاکی یەزدانی کە دەزانین یەکەم جار لە هەورامانەوە سەری هەڵداوە، کەواتە دەتوانین بڵێین هەورامان شوێن و مەڵبەند و زێدی ڕووناکایی و ورشە و درەوشانەوەی دین و ئەندێشەی مرۆیی بووە. ئەم ناوە (هەئورە/ هەور) بە واتای هەتاو، هێشتاش لەناوماندا بە هەمان شێوە ماوەتەوە: لە هەندێ شوێنی کوردستاندا هێشتاش دەڵێین (خوەر) و لە هەورامانیشدا هەر دەگوترێت (وەر/ وەرەتاو).

ڕاستە دەڵێین زەردەشت و ئایینی مەزدیەسنا لە هەورامانی دێریندا سەریان هەڵداوە، بەڵام ئەم ناوە تایبەت نییە بە زەردەشت بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میهری و لەوێوە بۆمان ماوەتەوە. وەک دەزانین، هەتاو لە میترایيسمیشدا پیرۆز بووە و ڕێزی لێ گیراوە. دیاریشە بەڵگە و شوێنەواری زۆرمان لە هەوراماندا لەبەر دەستن کە ژیانی چاخی میترامان بۆ دەردەخەن و بۆشمان دەسەلمێنن هەورامان مەڵبەندێکی سەرەکی سەرهەڵدان و گەشەی ئەم ئایینە بووە. لە لایەکیشەوە، هەتاو لەم مەڵبەندەدا زۆر زیاتر لە شوێنەکانی دیکە ڕێزی لێ

گـیــراوە، کــە ئەویش بۆ هەڵکەوتەی جــوگــرافی و زەرووربیوونی تیشکی هەتاو لەم ناوچە شاخاوییەدا دەگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەم پیرۆز ڕاگرتن و ڕێزە زۆرەشە کە ناوەکەی لە (ئورۆمۆن)ەوە بۆ (هەورەمان) گۆڕدراوە، ئەمــەش هیچ لە بایەخی پیــرۆزێتی دەڤــەرەکــەی کــەم نەکردۆتەوە، بەڵکو بۆ زەقتر و بەرجەستەتر کردنەوەی بووە و هەروەها بەرجەستەکردنەوەی زۆرتری بایەخی دانیشتوانی دەڤەرەکە بە هەبوونی وزە و تیشکی هەتاو، وەکو گەوهەرێکی بنەڕەتی ژیانبەخش و پیرۆز وەک لە فـەلسـەفـەی مـەزداییـدا ناوی هاتووە و هەروەها کـە لەسـەرەوە ئاماژەم پێدا بە واتای زێدی سەرهەڵدانی ڕووناکـایی هزر و ژیانی یەزدانی. ئەڵبـەت هەر ئەم ئاڵوگـۆڕە بە تەنیا نەبووە، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی مـەزدیەسنادا جارێکی دی ناوەکـە گـۆڕدراوە و بۆتە (ئاهوورامان) واتە شوێن و جێگا و مـەڵبـەندی ئاهوورا. ئەهوورە کە بۆتە یەکەم بەشی ناوی خواوەند لە ئایینی زەردەشتدا، واتای سەروەر و دۆست دەگەیەنێت و بەم پێیەش دەتوانین بۆ پێناسەی هەورامان بە شێوەی (ئاهووراماان) بڵێین سەرزەمین و مەڵبەندی سەروەری و دۆستایەتی.

دووبارەی دەکــەمــەوە کــە هەر سێ ناوەکــە: هەم (ئورۆمـۆن) و هەم (هەورامـان) و هەم (ئاهوورامـان) پاڵپشتێکن بۆ بەرجەستەتر کردنەوەی سیفەتی پیرۆز بۆ ئەم دەڤەرە نەک کەم کردنەوەیان، بەڵام دەبێ بڵـێم کە ناوی دووەم واتە (هەورەمان) زۆرتر لەسەر زاران بووە و زۆربەی خەڵک بەکاریان هێناوە هەر بۆیە تا ئێستـاش مـــاوەتەوە، بەڵام بە گــۆڕانکارییــەکی کـــەمی زمانەوانییـەوە: ئەویش نەمـانی (ا)ی پاش بزوێن و گۆڕینی بزوێنی پاش (ر) و دانانی (ا) لە شوێنی، واتە (هەورە) ببێـتـە (هەورا) و بەم چەشنەش (هەورەمـان) ببێتە (هەورامان)، واتە پێشتـر (هەئورەمـان) بووە، دواتر بۆتە (هەورەمـان) و سـەرەنجـام بە هۆی دوایین گـۆڕانکارییـەوە بۆتە (هەورامـان). بەم پێیـە بۆمـان دەردەکەوێت کە گـۆکـردنی وشـەی (هەورامـان) زۆر لە (هۆرامان) ڕاستترە، واتە باشتر و دروستتر ئەوەیە کە لەپاش پیـتی (هـ) بزوێن دابنێین و بیکەینە (هە) نەک واوی قــەڵەو، (ۆ) دابنرێت و بکرێتــە (هۆ)، چونکە وشەی (هەورامان)ەکە دروست و مێژینە و ڕەسەنترە و بە بێ هیچ دەسکارییەک ماوەتەوە.

نابێ (هۆرە)شمـان لە بیر بچێت کە چریکەیەکی زۆر مێژینە و پیرۆزی عیرفانییە و لەگەڵ (سیاچەمانە)دا دوو کـۆڵەکەی زۆر گـرنگی بواری مـۆسـیـقـای ئاریایی پێکدێن. هۆرە لە هەمـــان (ئەهوورە)وە گــیـــراوە و دیاریشـە پێـوەندییــەکی تۆکـمــەی لەگـەڵ ئەدەبیـاتی مـەزدیەسنا و هەروەها هەورامانەوە هەیە. دوای هەمـوو ئەمـانەش پێـویسـتــە ئامـاژە بکەمـە سـەر چەمکی (ئیـرانڤیـچ)، یان بە شێـوە دروسـتـەکەی (ئەئیـریەنە ڤـەئیـچـە) کـە پیــرۆزترین و مـەزنتـرینی ئەو حەوت هەرێمـــەیە ئەهوورامــــەزدا وەکـــو یەکـــەم هەرێم ئەفـراندوویەتی.. ئەئیـریەنە لە (ئاریا)وە گـیـراوە و (ڤەئیچە)ش هەمان (ڤەچ/ڤاچە)یە کە بەواتای گوتار، یان دەربڕین دێت و سـەرجـەم وشــەکــە واتای ئاریا ڤاچەکـان دەگـەیـەنێت، واتە ئەو جەمـاوەرەی بە زمانی ئاریایی دەدوێن و لە سەرزەمینی ئارییاییدا دەژین.

ئەم چەمک و ناوانە، واتە (ئورۆمـــۆن، ئورامـــەن، ئارامـەن، ئەهوورە، ئەهوورەنە، ئەئیـریەنە، هەئورە) و تا دوایی، هەمـــوویان بەم باســەمــانەوە پەیوەستن و هەر هەمـــوشـیــان بنەمـا و پەیامـێکی پیـرۆزیان تێـدایە و پێناسەیەکی پڕ بە پێستـیـشن بۆ هەورامـانی دێرین و پیـرۆز کە مـەڵبـەند و بێشکەی سەرهەڵدانی یەکـەمین مـــرۆڤ و هەروەها لانکەی یەکـــەمین ژیان و ژیاری شارستانیانەی پێگەیشتووی پاکی ئینسانییە.


ڕاسـتـە مـن وەکـو خـۆم، سـەرەڕای بە جـوان و پڕ واتا زانینـی سـەرجـەم ئەو ناوانەی ئامـاژەم پێکردن و شـیـم کــردنەوە، (ئاهوورامـــان)م پێ باشـــتــرە و لە زۆربـەی نووسینەکانیشمـدا بەکارم هێناوە و هەر ئەم ناوەشە بە پێی زەمـەن تـووشی گـۆڕان هاتووە و بۆتە (اورامـان) و ئێــســـتــــاش لە زمـــانی فــارسی و لە دابەشکردنە جوگرافییەکاندا دەگوترێ (اورامانات)، یان بۆ نموونە، (پاوە و اورامانات)، بەڵام دەزانین کە ئەم وشەیە، واتە (ئاهوورامـان) هێـشـتـا بە تەواوەتی جێ نەکـەوتووە و هەمـان وشـەی هەمـیـشـەیی واتە (هەورامـــان) بەکـار دەبرێت. کـــەواتە، لەمـــە زیاتر درێژەی نادەمێ و لە کـۆتاییـدا هیـوادارم لەمـەودوا و لەمـە زیاتر بەهەڵەدا نەچین و ناوەکە بە ڕاستی و دروستی گۆ بکەین و چ بە نووسین و چ بە زمـــــانیش هەر بنووسین و بڵــــێین (هەورامان) نەک (هۆرامان).

# کاتیگۆرییەکان

**هاشم سەراج**

«کاتیگۆرییەکان» کتێبێکە، ئەرستۆ لە تافی لاویدا نووسیویەتی و «دکتۆر محەمەد کەمال» لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پێشەکییەکی تێر و تەسەلیشی بۆ نووسیوە، واتای کاتیگۆری کە دکتۆر لە پێشەکییەکەدا شی کردۆتەوە وشەیەکی یۆنانییە و واتای تاوانبارکردنی کەسێک دەبەخشێت لەبەردەم ئەوانی دیکەدا، بەڵام ئەرستۆ لە بواری فەلسەفەدا بە واتا و چەمکێکی جیاواز بەکاری هێناوە، واتە کاتیگۆری ئەو چەمکە هەمەکییەیە کە لایەنێکی «بوون» ئاشکرا دەکات، هەوڵ دەدەم هەندێ داتا و زانیاری دەگمەن لە پێشەکییەکەوە بخەمە ڕوو، لەگەڵ بەکارهێنانی کاتیگۆرییەکاندا کە ڕاستی بابەتەکە دەردەکەوێت، بۆ نموونە کە دەڵێین «گۆچان خوارە».. ئاماژە بۆ چۆنیەتی ئەو بوونە دەکەین، کە گۆچانە، لێرەدا گۆچان و خەسڵەتەکەی کاتیگۆرین، ئەگەر دروست بێت.

ئەرستۆ ئەوکاتەی لە ئەکادیمیای ئەفلاتوون قوتابی بووە، ئەم کتێبەی نووسیوە، وادەردەکەوێت لە هەمان کاتدا لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوونی مامۆستای و لەگەڵ پارمەنیدس سەبارەت بە چەمکی گۆڕان هاوڕا نەبووە، چونکە فۆرمی جوانی لای ئەفلاتوون لە جیهانی بەرزی «ئایدیا»دایە، جوانییەکی هەمیشە نەگۆڕ و ڕەهایە و گۆڕانکاری بەسەردانایەت، ئەفلاتوون چەمکی هەمەکی لەبابەتە هەندەکییەکان جیادەکاتەوە و بوونێکی سەربەخۆی بەرزیان پێ دەبەخشێت، بۆ ئەفلاتوون «جوانی» بەبێ شتێکی جوان و ڕەنگی سوور بەبێ بابەتێکی سوور هەیە، یان جوانی و ڕەنگی سوور زەمینەی ئۆنتۆلۆژی خۆیان هەیە و ئەوان شتێکی جوان، یان بابەتێکی سوور دەهێننە کایەوە، واتە بەبێ جوانی، یان ڕەنگی سوور شتێکی جوان و بابەتێکی سوور نادۆزییەوە، بەڵام لە سیستمی میتافیزیکی ئەرستۆدا ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە، چونکە لەو باوەڕەدایە بەبێ شتێکی جوان و بابەتێکی سوور نە جوانی بوونی هەیە، نە



ڕەنگی سوور! بۆ ئەوەی جوانی، یان ڕەنگی سوور ببینین، پێویستە بەدوای شتێکی جوان و بابەتێکی سووردا بگەڕێین، واتە شتگەلی جوان و بابەتگەلی سوور نەوەک جوانی و ڕەنگی سوور، سەرەڕای ئەوەش ئەرستۆ لە سیستەمە میتافیزییەکەیدا بڕوای بە بوونێک هەیە نەگۆڕ و هەمیشەیی بێت، یان ڕوون و کردەکی، دکتۆر محەمەد کەمال بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هزر و ئایدیای ئەفلاتوون بەم شێوەیەی خوارەوە لە چەمکە هەمەکییەکان دەدوێت..

ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە چەمکە هەمەکییەکانی وەکو جوانی و چاکە و مرۆڤ و درەخت و ئەسپ و...تاد، بوونێکی سەربەخۆ و بەرز و جیاوازیان هەیە، ئەم چەمکانە فۆرم «ئایدیا»ی هەمەکی و لە ئەستۆ «مادده» بە دەرن و لە جیهانی ژوور ئەم جیهانە ئەستوییەی ئێمەوە دانراون، ئەم فۆرمانەی ئێمەش، تەنانەت بە بوونی ئێمەشەوە کە لەم جیهانەدا دەدۆزرێنەوە «کۆپی»، یان لێوەرگیراوی ئەو فۆرمە هەمەکییانەی جیهانە بەرزەکەن. ئەوەی لەنێو ئەم جیهانەی ئێمەدا هەیە، شتێکی لە ڕاستی بەدەر و ناتەواوە، چونکە ڕاستی فۆرمی هەمەکییە لەنێو جیهانی بەرزدا دانراوە، بەم جۆرە ئەفلاتوون فۆرمە هەمەکییەکانی نێو جیهانی بالا بە نەگۆڕ دادەنێت، هەر شتێک پڕ و تەواو بێت، لەوە زۆرتر گۆڕان بەخۆوە ناگرێت، گۆڕان بەسەر جوانی ڕەهادا نایەت، ئەوەی دەگۆڕێت، شتێکە کەم جوانە و دەیەوێت جوانتر بێت، ئەرستۆ نکوڵی لە حەقیقەتی گۆڕان ناکات، کە ئەفلاتوون سەبارەت بە چەمکی گۆڕان سوودی لە دەقە شیعرییەکانی پارمەنیدس وەرگرتووە، بەڵام ئەرستۆ سەبارەت بە هەمان بابەت پشت بە چەند کاتیگۆرییەک دەبەستێت، لەوانە گۆڕانکاری لە بووندا لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتی و شوێن، هاوکات بە ڕوانینی ئەرستۆ گۆڕانکاری لە جەوهەردا ڕوو نادات.. بۆ نموونە سوکرات فەیلەسوفە، ئەو دەتوانێت واز لە فەلسەفە بهێنێت و ببێت بە دارتاش! ئەمە گۆڕانکارییە لە چۆنیەتی سوکراتدا، هەروەها بە هەمان شێوە چەندایەتی سوکرات و بوونی لەنێو شوێندا گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام سوکرات خۆی، کە جەوهەرە گۆڕانی تێدا ڕوونادات، سوکرات لەوە کەمتر، یان زۆرتر نابێت بە سوکرات... ئەمە تارادەیەک پوختەی نووسینەکەی «دکتۆر محەمەد کەمال»ە، کە وەک پێشەکییەک بۆ کتێبی «کاتیگۆرییەکان»ی ئەرستۆی نووسیوە، لێرەدا هەوڵم داوە، بابەتەکە بە هەمان زمان و دەربڕینی خۆی بخەمە ڕوو هەتا خوێنەر زیاتر ئاشنای بیروبۆچوونەکانی هەریەک لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ بێت، بە تایبەتی سەبارەت بەو بابەتانەی لەم کتێبەدا هاتوون، لێرەدا دەمەوێ لەو بۆشایی و ناتەواوییەی ناو بوون و جەوهەری مرۆڤ بدوێم کە ئەفلاتوون وەک «بەها» سەیری کردووە، دواتر هەمان بابەت بە تێپەڕبوونی زەمەن لەلایەن چەندین فەیلەسوف و بیرمەندەوە بە بۆچوون و ڕوانینی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هاوکات دەمەوێ ئەو درز و بۆشایی و کەلەبەرەی نێو بوونی مرۆڤ بە درز و بۆشایی و کەلەبەری نێو جیهانی ئاڵۆزی دەق بچوێنم، هەڵبەتە مرۆڤ بە بوون و جەوهەرێکی پڕ و بەر کەمال نایەتە جیهانەوە، هاوکات خاوەن ناوەرۆکێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە، دواتر هەوڵ دەدات بۆشاییەکانی نێو بوونی خۆی ڕووە و پڕکردن و دامەزراندن بەرێت و ناوەرۆکێک بۆ خۆی دابمەزرێنێت، ئەم کردەیە لای «نیتشە» لە ڕێگەی «ویستی هێز»ەوە ئەنجام دەدرێت.

[میتافیزیکی نیتشە «بوون» بە هیچ «nihil» دادەنێت و ویستی هێز دەکات بە بنەڕەتی هەموو شتێک.. بڕوانە: نیتشە پاش تازەگەری د. محەمەد کەمال لە هەمان کاتدا نیتشە ویستی هێز، بە داهێنانەوە دەبەستێتەوە و چەمکی داهێنانیش خۆی لە ڕەسەنایەتی بووندا دەدۆزێتەوە، ئەمەش لە پانتایی فەلسەفەی نیتشەدا لێکدانەوەیەکی بوونگەرایی دەخاتەڕوو، بەڵام دواتر پرۆسەی پڕکردنی درز و بۆشایی و کەلەبەری بوون لە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی و نیهیلیزمی مارتن هایدگەردا شێوازێکی جیا و تایبەت وەردەگرێت، چەمکی «بوون» دەخرێتە پێش هەموو شتێکەوە، هاوکات هایدگەر پێی وایە: [ویستی هێز ناوەرۆکی میتافیزیکی هەموو هەبووەکانە و بە تەنیا لەنێو بوونی مرۆڤدا نییە، بەڵام ژان چەشتن خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە،

چونکە مرۆڤ ئاگامەندە.. بڕوانە هەمان سەرچاوە..].. هەڵبەتە بوون لای هایدگەر بنەڕەتی هەموو شتێکە، بەڵام خۆی بێ بنەڕەتە،... [مرۆڤ بوونێکە لێرەدا «دازاین» لە جیهاندا و بەبێ جیهان نابێت] هایدگەر لە دەسپێکی نووسینەکانیدا بوونی مرۆڤ لە ڕێگەی هێرمنیۆتیکی و فینۆمینۆلۆژییەوە شی دەکاتەوە و دواتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بوونی مرۆڤ بوونێکی کاتییە، یان بوونێکە ڕووی لە کۆتایی و بڕانەوەیە، لێرەدا نیگەرانی مەرگ و هەست و دڵەڕاوکێی ئۆنتۆلۆژی بە ئاگاییەوە ئاوێزانی بوونی مرۆڤ دەکرێت، کەواتە ژیان کورتە و مرۆڤیش بوونەوەرێکی زەمانییە و لەنێو زەمانیشدا لەنێو دەچێت، یان بە شێوازێکی تر دواجار ئەوە مەرگە کە بۆشایی و درز و کەلەبەری بوونی مرۆڤ پڕ دەکاتەوە و دوایین واتای پێ دەبەخشێت، بەڵام «سارتر» بە پێچەوانەوە لەو کردەی واتا بەخشینە دەڕوانێت، پێی وایە [مردن، یان مەرگ واتاکان لەنێو دەبات و ژیان بێ واتا دەکات]..

لێرەدا حەز ناکەم درێژە بەم بابەتە بدەم و لە بابەتی «کاتیگۆرییەکان» دوور بکەومەوە، ئەگەر بە کورتی لە هەمان بۆشایی و کەلەبەری نێو تێکست بدوێم و ئاماژە بەوە بدەم کە ئەوە خوێنەرە واتا بە تێکست دەبەخشێت و بنیادی ماناکان فراوانتر دەکات، چونکە هیچ دەقێک مانایەکی دیاریکراو و پێش وەختی نییە و خوێنەر واتابەخشی دەقە و ئەم کردەیەش لە خوێنەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و پێوەندی بەهۆشمەندی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، کەواتە چەمکی کەلەبەر و بۆشایی بوونی مرۆڤ چەمکێکی ئەزەلییە و پێوەندی بەبێ بنەڕەتی و ناتەواوی بوونی مرۆڤەوە هەیە و بە ڕوانینی هایدگەریش، بوونی ڕەسەن دەتوانێت لە ڕێگەی چالاکی و داهێنانەوە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و جۆرێک لە ڕێکخستن و مانا بە بوونی خۆی ببەخشێت و دواجاریش کردەی مەرگ دوایین واتای پێ دەبەخشێت، بەڵام ئەم بابەتە لای «نیتشە» واتە تێگەیشتن لە واتای ژیان و مانا بەخشین بە بوون و بەهاکان بە بانگەشەکردنی مەرگی خوداوەند و هیچگەرایی دەست پێ دەکات، بە تایبەتی کاتێک پێنج بنەما بنەڕەتییەکە دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە مەرگی خوداوەند، هەڵوەشاندنەوە و داهێنانی بەها، ویستی هێز، مرۆڤی بەرز، گەڕانەوەی هەمیشەیی.

مرۆڤی بەرز لای نیتشە [کەسێکی تاکە و سەر بە هیچ چین و ئایینێک نییە و خاوەنی ئاکاری خۆیەتی] سلاڤۆ ژیژەک بە ڕوانینێکی «هیگڵ»ی بەدوای حەقیقەتی شتەکاندا دەگەڕێت و هەوڵ دەدات لە دەرەوەی درز و بۆشاییەکە شوناسی بوونی شتەکە دەسگیر بکات، بۆیە «ژیژەک» پێی وایە [لە هەر شتێکدا بۆشاییەک هەیە، پارچەیەکی ون بووە، مەگەر لە دەرەوەی خۆی بیدۆزینەوە] باکگراوندی ژیژەک لە ڕوانینەکانی هەریەک لە هیگڵ و لاکان و شتراوس و ژولیا کریستیڤاوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە لێرەدا دەتوانم جۆرێک لە نزیکی لەنێوان بۆشایی نێو بوونی مرۆڤ و بۆشایی نێو دەقدا بدۆزمەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە دەتوانم بڵێم مرۆڤ بە هەموو بنیاد و پێکهاتەکانی بوونی لە تێکستێکی شین دەکا لە جیهانێکی سپیدا، تا دێ بە تێپەڕینی زەمەن کاڵ دەبێتەوە و لە ڕەنگی سپی و کراوەی سروشت نزیک دەکەوێتەوە، کەواتە خوێنەر هەمیشە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە هەوڵ دەدات هەر جارێک واتایەک لەو درز و کەلەبەر و بۆشاییەی بوونی دەق پڕ بکاتەوە، چونکە مانای ڕاستەقینە وەهمێکی شینە و بوونی نییە، بۆشایی نێو دەقیش بەردەوام ئاماژە دەدرەوشێنێت، ڕەنگە زۆرجار ئاماژەی بەتاڵ ڕووبەڕووی خوێنەر بکاتەوە کە هەڵگری مانا و ناوەرۆک نییە، ئەگەر بە ڕوانینی «لاکان» لە زمان و بیرکردنەوە بڕوانین کە زمان سیستمێکە پێش ئێمە دەکەوێت. هاوکات نائاگایی لای «لاکان» جێگای زمانە، هەڵبەتە زمانیش سیستمێکە لە ئاماژە، کەواتە خوێنەر هەمیشە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هێما و ئاماژەی زمانی دەبێتەوە و ئاماژەگەلێکی نا کۆتا لە ڕێگەی خەیاڵەوە بەرەو یارییەکانی زمانی دەبەن، بەڵام بەردەوام لە درز و کەلەبەر و بۆشاییەکی شیندا دەخولێتەوە، چونکە نە بوون یەکەیەکی تەواو و پێرفێکتە نە تێکست، بۆیە خوێنەر هەمیشە لە مەحاڵێکی گەیشتن و دەسگیرکردندا

دەمێنێتەوە، مەبەست لەو مەحاڵە گەیشتنە بە کۆتایی ماناکان، کە بەشێوەی پێشوەخت و پێرفێکت بوونیان نییە، کەواتە خوێنەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی درز و کەلەبەری زمانەوە بەدوای چێژ و مانا نەگوتراوەکاندا بگەڕێت، هایدگەر گوتەنی [جیهان لە میانی زمانەوە خۆی بۆ مرۆڤ دەکاتەوە و لە داهێناندا ئەوە زمانە قسە دەکات.. قسەکردنی زمان، کۆی خوێنەرە جیاوازەکانیش دەگرێتەوە]، یان «گادامێر» هێز و وزەی زمان بە «بوون» دەبەستێتەوە، هێرمینیۆتیکا لای گادامێر ڕاڤەکردنێکی فەلسەفییە و پشت بە تێگەیشتن و گەمە و بەشداری و دیالۆگ دەبەستێت و ماناکانی دەق بەپێی کەرستە مەعریفییەکانی خوێنەر لە پرۆسەی ڕاڤەکردندا دەردەکەون، بەڵام لای ڕۆبرت یاوس، کە قوتابی «گادامێر» بوو، بەپێی تیوری وەرگرتن و ئاسۆکانی پێشبینی یاوس ئایندە دەخاتە بنیادی وەرگرتنەوە، واتە کردەی پێشبینی کردنی مانا لە کاتی پرۆسەی خوێندنەوەدا ڕوودەدات، چونکە چەمکی مانا لای یاوس ڕێژەییە، گرنگ ڕادەی ئەو کاریگەرییە هەستی و ئیستێتیکییەیەکە تێکست لای خوێنەر جێی دەهێڵێت، ئیتر لێرە بەدواوە بۆ کتێبەکەی ئەرستۆ دەگەڕێمەوە و کەمێک لە جۆر و خەسڵەتەکانی کاتیگۆرییەکان دەخەمە ڕوو، ئەرستۆ (١٠) کاتیگۆری دیاری کردووە کە بریتین لە مانەی خوارەوە، جەوهەر، چۆنیەتی، چەندەکی، پێوەندی، دۆخ، حاڵەت، کات، شوێن، کارتێکردن، کارتێکراو. وەک لە پێشتر ئاماژەم پێ دا، جەوهەر کاتیگۆرییە، گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، هاوکات جەوهەر بارهەڵگری سەرجەم کاتیگۆرییەکانە لەلایەکی دیکەوە جەوهەر نەگۆڕە، چونکە نە لایەنی پێچەوانەی هەیە نە لایەنی دژ، جەوهەری یەکەم بوونی تاکەکانە وەک «سوکرات»، جەوهەری دووەم ـــ جۆری بچووکە «فەیلەسووف»، جەوهەری سێیەم ـــ جۆری گەورەیە «مرۆڤ»، بەڵام جەوهەری گەورەتر، یان جۆری گەورەتر «ئاژەڵ»ە...

سوکرات وەک جەوهەر نەگۆڕە، بەڵام گۆڕانکارییەکان لە سێ کاتیگۆریدا بۆ جەوهەر ڕوودەدەن، چۆنیەتی، چەندەکی، شوێن، وەک سوکرات دەبێت بە دارتاش، کێشی کەمووزۆر دەبێت، بەیانیان لەماڵ دەردەچێت و بەپا بۆ ناو بازاڕ دەڕوات، ئەرستۆ لە خاڵی چوارەمی ئەم کتێبەدا چەمکی جەوهەر و کاتیگۆرییەکان بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: نموونەی جەوهەر مرۆڤ و ئەسپە، چەندەکی چوار پا، یان پێنج پایە، چۆنیەتی سپی، یان ڕێزمانییە، پێوەندی دووانەییە، نیوە، گەورەترە، شوێن لە لیکیۆمە، یان لەنێو بازاڕە، کات دوێنێ، یان پار، دۆخ درێژ بووە، دانیشتووە، کردار پێڵاو لەپێ دەکات، یان چەک هەڵدەگرێ، کارتێکراویش وەکو براوە، یان سووتاوە، هەروەها ئەرستۆ پێی وایە ئەگەر جەوهەری یەکەم نەبێت، بوونی هەموو شتەکانی دیکە مەحاڵ دەبێت.

ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جەوهەری یەکەم یەک شتە، بەڵام مرۆڤ، یان ئاژەڵ زۆر شتن، چونکە جەوهەر کەمووزیاد ناکات، وەک ڕەنگی زەرد لە ڕەنگی زەردی دیکە زەردتر نییە، دکتۆر محەممەد کەمال لە پەراوێزی کتێبەکەدا بەم دەستەواژەیەی خوارەوە چەمکی جەوهەری یەکەم لای ئەرستۆ پێناسە دەکات و دەڵێ: ئەرستۆ لەو باوەڕەدایە جەوهەر نەگۆڕە، چونکە پێچەوانەی نییە، بەڵام پێچەوانە وەردەگرێت، ئەرستۆ سەبارەت بە «چەندەکی» بابەتگەلێکی وەک زمان، ژمارە، هێڵ، ڕووبەر، کات و شوێن، دۆخ هەروەها چەندەکی ڕووداو و ڕەنگ و چۆنیەتی پێوانە و پێوانەکردنیان دەخاتە نێو چەمکی پێوەندیدارییەوە، بۆ نموونە زۆر و کەم، گەورە و بچووک.. پێچەوانە نین، بەڵام چەندەکین و پێوەندییان بە یەکدییەوە هەیە، یان یەکسان و نا یەکسان خەسڵەتێکی تایبەتی چەندەکییە، هەروەها هەموو پێوەندییەکان لەگەڵ لایەنەکەی بەرانبەریان پێوەندی دروست دەکەن، واتە ئەوەی گەورەیە بەرانبەر شتێکی بچووک گەورەیە و بچووکیش بە هەمان شێوە، بەڵام پێویستە دەستەوایی پێوەندییەکان بە دروستی دەستنیشان بکرێت، بەڵام چۆنیەتی جۆرێکی پێوەندی بە حاڵەتەوە هەیە و ئەوەی تری بە هەلومەرجەوە، هاوکات حاڵەت لە هەلومەرج زۆرتر دەمێنێتەوە و زۆرتریش نەگۆڕە، بۆ نموونە بەشەکانی زانین و چاکەکان، ئەوەی زوو گۆڕانی بەسەردا دێت هەلومەرجەکانە، بۆ نموونە گەرما، سەرما، نەخۆشی...تاد. حاڵەت

بەوە دەوترێت درێژخـــــایەنە و گـــۆڕانیش بە ئاســانی تێــیــدا ڕوونادات، جـــۆری ســێـــیـــەمی چۆنیـەتی، چۆنیـەتی کـارتێکەر و کـارتێکردنە، وەک شیـرینی، تاڵی، ترشی.. هەروەها گـەرمی، ساردی، ڕەنگ زەردی و ڕەشــــداگـــەڕان... جۆری چوارەمی چۆنیەتی «شێوە»یە، بە تایبەتی شێوەی دەرەکی شتەکان، دەڵێین ئەو شــتــە سێ گـۆشــە، یان چوار گۆشەیە، یان خوارە، لە هەمان کـاتدا سەبارەت بە هەمـان بابەت لە کردەوە و کارتێکراو و دژوەستان! و شــێـــوازی جـــۆراوجـــۆری دژەکـــان دەدوێت، هەروەها شـتـەکـان چۆن لە پێوەندیدا دەژین، لە کوێ دەوەستن، بە تایبەتی لە پێچەوانە و بێبەری بوون و خـاوەنێــتی و ســەلماندن و ڕەتدانەوەدا، لە شـوێنێکی تردا زۆر بـــەوردی لـــە چـــەمـــکـــی دژ و پێچەوانەکان دەدوێت، یان بە وردی چەمکی لەپێــشــتــر ســەبارەت بە شتێک بە چوار شێوە دەخاتە ڕوو، لەوانە لە ڕووی کـات و پێـوەندی و ڕیزبوون، یان ئەو شتەی بە سروشت لە پێشـترە، هەروەها لە شەش جۆر گـــۆڕانکاری دەدوێت، پەیدابوون، لەناوچوون، زۆربوون، کـــەم بوون، گۆڕین و جێگۆڕکێ، جەخت لەوەش دەکرێت کـە بەگـشـتی گـۆڕانکاری پێچەوانەی مانەوەی شتەکانە وەک خۆیان، ڕەنگە ئەم نووسینە خۆی لە دوو خـاڵدا بدۆزێتـەوە، یەکـەمیـان خستنەڕووی هەندێ لایەنی چەمکی کـاتیگۆرییـەکانە کـە لە زۆر شـوێنی ئەم نماکردنەدا ڕسـتـە و بڕگـەگەلێکم وەک خۆی گوێزاوەتەوە تا خوێنەر لە بابەتەکـــە حـــاڵی بێت لە هەندێ شـــوێنیـــشـــدا بە دەربڕینی خـــۆم لە چەمکەکـــان دواوم، خـــاڵی دووەم پێـــــوەندی بـەو درز و کـــــەلەبەر و بۆشاییەوە هەیە کە لە بوونی مرۆڤ و بوونی دەقـدا جـێگیـرە و چۆن لە ڕێگەی کـردەی داهێنان و مـەرگـەوە ئەم دوو بۆشـــاییـــە لێکچـــووە پڕ دەکرێنەوە و جۆرێک لە مانا بە بوون و دەق دەبەخشن.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: کاتیگۆرییەکان.**

**نووسین: ئەرستۆ.**

**وەرگـێــڕانی: لە ئینگلیــزییــەوە: د. محەمەد کەمال.**


**بابەت: فەلسەفی.**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکـەم، سـاڵی ۲۰۰۹، کـوردســتــان، سلێمانی.**

# خوێندنەوەیەکی کتێبی: پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی

**حەسەن مەحموود حەمە کەریم**
**(سلێمانی)**

شەوێک لە سلێمانی لە خزمەت چەند برادەرێکی نووسەری شاری پاوە کۆبووینەوە، کە بۆ کۆنگرەیەک لە سەر شێوەزار و ئەدەبی هۆرامی سازکرابوو هاتبوون، باسمان لە کۆکردنەوەی ئەفسانەی کوردی دەکرد، یەکێکیان کە لە ئەفسانەدا کاری دەکرد وتی: لە هۆرامانی تەخت لە کوردستانی بەشی ئێران، پیاوێکی پیر هاتە شاری پاوە بۆ لامان، زیاتر لە چل ئەفسانەی بە شیعر لەبەر بوو، کە زانیم گرنگە، وتم با ئەم خەزێنەیە بنووسینەوە و لە فەوتان ڕزگاری بکەین، کابرا ڕازی بوو، هەر ئەو ڕۆژە دوو چیرۆکە ئەفسانەییانم تۆمارکرد، کاتێکی ترمان دانا کە بێتەوە، یان من بچم و هەموویان تۆمار بکەم، دوو مانگی نەبرد، هەواڵ هات کابرا مردووە، پاشتر ئەو دوانەم نووسییەوە، یەک دانەیان نزیک بەسەد لاپەڕە دەرچوو، هەموو شیعر و داڕشتن و وشەی نایاب و نەستەق و جوان، کێش و سەروای ڕێکوپێک، خەزێنەیەکی بە نرخ و ون، لە ڕووی مانا و ناوەرۆکەوە دەوڵەمەند، وتم دەوەرە.!! ئاخۆ چەندین باپیرە و داپیرەی شارەزا و زیرەک و زەین ڕوون و پوختی ئاوامان هەبێت، لە کونجی دێهاتی ناو دۆڵ و شاخە دوورەدەستەکاندا شارابنەوە، هەریەکەیان ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسانە و داستان و هەکایەت و سەرگوزشتە و پەندی پێشینان و ئیدیۆم و وشەی ناسک و بە تام و بە مانا و ڕستەی تەڕوپاراو، کە تائێستە بەکار نەبرابێت هەبێت، لە زەینیاندا کۆبوبێتەوە، بەڵام خۆگێلکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەو خەزێنە بە نرخانە و کەم سەلیقەیی ئێمە و خۆماندوو نەکردنمان و هیچ لە بارانەبووی دەزگا بەناو ڕۆشنبیری فۆلکلۆری و کەلەپوورییە پارەخۆر و خۆدەرخەر و دژ بە دەزگاکانی بەرانبەر، کە هەر بۆ ناووناوناتۆرە و کێبەرکێ و ناکۆکی نادروست دروست بوون، نەک بۆ کار و پیشەی تایبەتی خۆیان، ئەمانە وای کردووە، ئەو خەزێنە ون و مروارییە بەنرخانە دەمرن، ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆر و سامانە نەتەوەییەکە لەگەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵ و دنیای ون و لەناوچوون، ئەوجا خەڵکی و دەزگا



كولتووری و كەلەپوورییەكان گلەیی دەكەن، بۆچی مێژوو و كەلەپووری ئێمە ونە.؟ سەرەداوەكانیان نازانین؟ ئێمە لە كۆمەڵەی كەلەپوور و فۆلكلۆرو ئەنستیتۆی كورد، دەیان پرۆژەمان پێشكەش كرد، چەندین جار داوامانكرد كارێک بكرێ بۆ كۆكردنەوە، بەڵام مەخابن..!

سەیری ئەدەبی ڕووسی و ئەڵمانی و فەرەنسی و تەنانەت عەرەبی و فارسی و توركی بكە، بۆچی ئەدەبی ڕووسی خاوەن بناغە و دەوڵەمەندە؟ بۆچی چەندین قوتابخانەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و بەراوردكاری و هزری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری لێدروست بووە؟ بوونەتە پێشەنگ و هەموو جیهان چاویان لێ دەكەن؟ عەبدولموتەلیبی شاعیری ڕووسی دەگێڕێتەوە دەڵێ: یەكێتیی نووسەرانی سۆڤیەت، منیان دانا كە دوای كاروانێكی كۆچەری لادێیی دەوارنشین بكەوم، شەووڕۆژ، بە دەشت و دۆڵ و كێو و لادێكاندا، گوێیان لێبگرم، بۆ كۆكردنەوەی وشە و پەند و ئیدیۆم، ئەوەی كە پێیانە و دەیڵێن لە شتی دانسقە و نەبیستراو، منیش بە سەلیقەی خۆم تۆمارم دەكرد. ماوەیەكی زۆری پێچوو، كارێكی گەورەی كرد، هەتا ئەو هاتەوە، یەكێتیی نووسەرانی سۆڤیەتی ئەوكاتە، ماڵ و حاڵیان پشتگوێ نەخست، تا ئەو دەگەڕێتەوە، خانووە كۆنەكەی بۆ دەگۆڕن بە خانوویەكی نوێ، كەلوپەلی نوێی لە قەنەفە و پێویستی تر كە نەیبووە، بۆی ئامادە دەكەن، كە بە كەشكۆڵە پڕەكەیەوە دەگەڕێتەوە، شتی سەیر دەبینێ..!

ئەو كار و دڵسۆزییانە ئەدەبی ڕووسی گەیاندە ئەو ئاستە بەرز و باڵایە و پۆپەی ئەدەبی جیهانی، كە ئێستە بووەتە شاكار، چەندین جۆر ڕێباز و قوتابخانە و لقوپۆی لێ پەیدابووە، بووەتە بەرنامە بۆ دانشگاكانی جیهان، هەزاران ماستەر و دكتۆرای جیهانی لەسەر ئامادەكراوە، هەزاران زانای مەزنی پێگەیاندووە، ساڵ نییە چەندین كەسیان بەر خەڵاتی نۆبڵ و ئۆكستراو فەیسەڵ و خەڵاتە جیهانییەكانی تر نەكەون.

دانسقەترین كتێب كە لەسەر ئەفسانەی كوردی بە كوردی نووسرابێت، كتێبی (پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی)یە، لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری بەراوردكاریی شیكارییە لە نێوان ئەفسانە، مێژوو، ئایین، فەلسەفە، زانستدا، كە لە لایەن برای بەڕێز و پسپۆڕم (دكتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن)ەو ئامادەكراوە، بە قەبارەی گەورە، لە دووتوێی ٥٠٠ لاپەڕەدا، چاپخانەی ڕەنج ساڵی ٢٠٠٧ لە سلێمانی بە تیراژی هەزار دانە بۆی چاپ كردووە، بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە، ٢٥٧ سەرچاوەی گرنگ، بۆ هەر بەشە تێبینی و پەراوێزی پێویستی بەكارهێناوە، ئەم لێكۆڵینەوەیە، لە بنەڕەتدا نامەی دكتۆرایە، ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٨ پێشكەش بە زانكۆی سەلاحەدین كراوە، لەبەر بەنرخی و سەركەوتوویی باس و ناوەڕۆكەكەی، پلەی نایابی پێ بەخشراوە، پیرۆزبایی لە مامۆستای بە توانا دەكەم.

پێشتر مامۆستا چەند بابەتێكی تری لەسەر ئەفسانە بڵاوكردووەتەوە، كتێبی (قەدەغە شكێنی) ساڵی ٢٠٠٠، پاشتر نامەی ماستەرەكەی بە ناوی (گەڕان بە دوای نەمریدا) ساڵی ٢٠٠٢.

لەبەر گرنگیی باسەكە و بەهەند نەگرتنی ئەفسانە لای زۆربەی لێكۆڵەر و مێژوونووسان و ڕۆشنبیران و خەڵكی تر، ئەوەندەی لە هەوڵی ناساندنی كتێبەكەدام بۆ خوێنەری كوردی، ئەوندە بەدیار ڕەخنە و تێبینییەوە ناوەستم، دەمەوێ لەلای خۆمەوە ئەم كتێبە كوردییە بە خوێنەر بناسێنم، هەر لە ڕوانگەی هەوڵ و بیری نووسەرەكە خۆیەوە، هەرچەند بە دەربش نابێت لە هەندێک تێبینی و سەرنج و پێشنیار.

مامۆستای كۆچكردوومان دكتۆر مارف خەزنەدار پێشەكی بۆ نووسیوە، كە تێیدا دەڵێ: (هەندێ جار خورافە وەک ئەفسانە بەكار دەهێنرێ، بەڵام جیاوازییان زۆرە، ئەفسانە زاراوەیەكی زانستییە..) پاشان دەڵێ (بیروباوەڕی ئەفسانە لە سەردەمی ژیانی ئەشكەوتەوە سەری هەڵداوە، كە مرۆڤ بیری لە كردگار كردووەتەوە و بە دوایدا گەڕاوە) پاشان دەڵێ (مەولوود ئیبراهیم حەسەن هاتە لام ڕێبەری ئامادەكردنی ئەم نامەیەی بكەم، گومانم لە زیرەكی نەبوو، بەڵام گومانم لەوەدا هەبوو بتوانێ لەم بابەتە زانستییە ئاڵۆزەدا بەسەركەوتوویی ڕزگاری ببێت، بەڵام لەم كارە زانستییەدا توانیویەتی لە هەر سێ لایەنی لێكۆڵینەوەی زانستی سەركەوتوو بێت، ئەو یەكێكە لەو شەش حەوت

قوتابییەی خوێندنی باڵای دکتۆرایان لای من بەئەنجام گەیاند، شانازییان پێوە دەکەم).

پاشان دکتۆر مەولوود باسێکی بە ناوی لە پەراوێزی چاپدا نووسیوە کە تێیدا دەڵێ: (لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەمبیست کە دەگوترا کورد ئەفسانەی نییە، دەگوترا ئەفسانەی کوردی هی ئەوە نییە کە نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر بنووسرێ و لە خوێندنی باڵا لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر بکرێ، غەمم بوو ئەم قسە و ڕایانە کار لە گەنجەکان بکەن، ڕوو نەکەنە دنیای فۆلکلۆر و زانستییانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن) دکتۆر مەولوود پێی وایە کە ئەم کارەی ئەو یەکەمین کارە بەم شێوەیە کە لە زۆر لایەنی جیاجیای کولتووری کورد و کوردستان دەکۆڵێتەوە، بەڵام لێکۆڵەر ئەوەش دەزانێ کە کارەکەی بێ کەموکورتی نییە و ڕای جیاجیاش هەڵدەگرێ، دەڵێ: (هەر بۆیە داواکارم لە لێکۆڵەر و نووسەرانی کورد و غەیرە کورد، بە لێهاتوویی خۆیان ئەم کارە و ئەم بوارە دەوڵەمەندتر بکەن.) پاشان پێشەکی توێژەر دێت و دەڵێ: (مرۆڤ لەسەرەتاوە پەنای بۆ ئەفسانە برد، بۆ ئەوەی دەوروبەر و خۆی بناسێ، پاشان لێی چووە پێش و داهێنانی گەورەی تێدا کرد، ئەفسانە بە هیچ شێوەیەک چیرۆک هەڵبەستنی بێهودە نییە، بەڵکە بە پێچەوانەوە واقیعەتێکی زیندووە، کە بەردەوام بۆی بگەڕێینەوە و داوای لێبکەین، ئەفسانە نموونەی هەوڵدانی سەرەتایی مرۆڤە بۆ ناسینی خۆی و جیهان و دەربڕینی لە بارەیانەوە)، پاشان نووسەر لەسەر ئەفسانە دەڕوا و دەیناسێنێ، لایەنە ئایینی و زانستی و فەلسەفییەکانی ڕوون دەکاتەوە. دوابەدوای ئەوە دوا سەرنجی خۆی پێش باسەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ (لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەفسانە بە گشتی وەرگیراوە، **یەکەم:** ئەفسانەی گشتی کە بەزۆری دێو و کەسایەتییە ئەفسانەییە ناسراوەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن، **دووەم:** ئەفسانەی خوداوەند، کە ئەم جۆرە ئەفسانەیە ڕۆڵی سەرەکی بۆ خوداوەندە و لەگەڵ پاڵەوان و کەسایەتییەکانی تر دیارە)، پاشان پەنجە بۆ خاڵێکی دی ڕادەکێشێ و دەڵێ (لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەفسانە لەگەڵ مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانستدا بەراورد کراوە، ئەنجامی فەلسەفە و زانست پێک دەچن، نابێ لە تەک ئەفسانە گیر بخۆین، پشت لە زانست بکەین، لە ڕابردوودا لە نێو ئەفسانەدا بەدوای زانستدا دەگەڕاین، لەمەودوا دەبێ لە نێو زانستدا بە دوای ئەفسانەدا بگەڕێین)، پاشان نووسەر دەچێتە ناو باسەکەیەوە و دەیکات بە چوار بەشەوە:

**بەشی یەکەم: ئەفسانە لە کوێوە هاتووە؟**

لەم بەشەدا نووسەر وەک خۆی دەڵێ، هەوڵی داوە بە شێوەیەکی تیوری باس لە ئەفسانەی کوردی بکات، سەرەداوی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانەی کوردی بدۆزێتەوە و بە دوای وێنەیدا بگەڕێ، بۆ ئەم کارەش پەنای بۆ چەند پسپۆڕی و زانستێکی تر بردووە، وەک تیوری گەشەکردن و پێگەیشتنی مرۆڤ لای داروین، ئەو زانیارییانەی ئەو زانایە لەو بوارەدا پێی گەیشتووە، نووسەر هەوڵی داوە، نموونەی ئەو گۆڕانە لە نێو مرۆڤ و ئەفسانەدا بەراورد بکات، لەم کارەشیدا پەنای بۆ هەوڵەکانی شوێنەوارناسی بردووە، بە تایبەت لە دۆزینەوەی پاشماوەو ئێسکبەندی ئەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوت و نێو گۆڕەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە، ئەم بەراوردە لە نێوان مرۆڤی ئەفسانەی کوردی و پاشماوەکانی مرۆڤ، کارێکە بۆ جاری یەکەم دەکرێ، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە زۆر بڵاوەی کە ئەفسانە لەگەڵ پسپۆڕەکانی تردا هەیەتی، لەگەڵ ئەو گۆڕانە جەستەیی و ئاوەزییەی لە مرۆڤدا ڕووی داوە، گۆڕان لە جوگرافیای ژیانی ئەو مرۆڤەدا ڕووی داوە، لە ئەشکەوت و شاخەوە بۆ دەشت و گوند و شار، هەروەها لە مرۆڤی کێوییەوە، بۆ مرۆڤی مەیموون و پاشان مرۆڤی عاقڵ، هەروەها باس لە ئەفراندنی مرۆڤ کراوە بەو ئاستەی کە لە ئەفسانەی کوردیدا هەیە، بەبەراورد بە ئایین و زانست، کە باس لە دروستکردنی مرۆڤ دەکەن، پاشان باسی ئەو دنیا کراوە، باس لە خویندنەوەی سروشت و دەوروبەر و ڕووداوەکانی ژیان کراوە، بە پێی ئەوەی کە سروشتی کوردستان جیاوازییەکی هەیە، لە ڕووی جوانییەوە کاری لە مرۆڤەکان کردووە، زیاتر لێی ڕامێنن، باس لە مانگگیران و بوومەلەرزە و

ئاوەدەربوون و بەردی پیرۆز، کە ئەمانە لە سروشتدا هەن و کاریگەرییان لە سەر زەینی ئەفسانەیی کورد کردووە، مرۆڤی کورد لەمەدا بە چاوی زانستەوە ئەفسانەی داڕشتووە، باس لە سەیارە و ڕادیۆ و پانکە و دەڕاسە و چەک و شتی تری کردووە، باسی هێزە ئەفسانەییەکانی کردووە، کە زەخیرەن بۆ دروستکردنی ئەفسانە، وەک پەرجووی، پێغەمبەران و جادووگەری، هەرچەند جیان، بەڵام وەک یەک بەکاری هێناون، پەرجوو، جادوو، ئەندێشە و واقیع و مێژوو و پاراسایکۆلۆژی و ئەستێرەناسی و گیانبەخشین و قسەکردن و زانست و دەستکرد و هێزی وشە و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و ئامێرە ئەفسانەییەکان و وڕێنە و هزر و فەلسەفە، بەم ئامێرانە و تێکەڵکردنیان دەقی ئەفسانەیی دروست دەبێت، کە عەقڵی عەوام دایدەهێنێ و جیایە لەگەڵ دەقە فۆلکلۆرییەکانی تر، کە ئەوانیش هەر عەقڵی عەوام دایدەهێنێ.

**بەشی دووەم: ئەفسانە و مێژوو**

لەم بەشەدا، نووسەر گرنگی بەو پێوەندییە کۆن و لە مێژینەیە دەدات، کە ئەفسانە و مێژوو هەر لە سەرەتاوە هەیان بووە، لێرەدا نووسەر، توێژینەوەی لە نێوان ئەفسانەی کوردی و مێژووی کورددا کردووە، باس لە کەسایەتی مێژوو، ڕووداوی مێژوویی و هەندێ جار دەرئەنجامی مێژوویی کردووە، هەوڵی داوە پێناسەی مێژوو بکات، یان پێناسەیەکی ڕوون و دروستی بۆ بدۆزێتەوە، ئەو دیدە ئەفسانەییەش باسکراوە، کە لە کۆنەوە هەندێ لە مێژوونووسان، مێژوو و ڕەگەزی کوردیان بردووەتەوە سەر جنۆکەو دێوودرنج، وەک مەسعوودی، یان ئەوانەی تر باس لەوە دەکەن، کە کورد لەو قوربانیانە دروست بووە کە لە ئەفسانەی ئەژدیهاکانی زوحاک ڕزگار دەکران و دەنێررانە شاخ، ئەم باسە مێژووییە تەواو ئەفسانەیی کراوە و لە ڕاستییەکەی ون کراوە، هەروەها ئەفسانەی پێغەمبەرانیش دەخاتە بەر دیدی ئەفسانەی خۆی و گۆڕانکاری سەروبەر، لە ڕووداوە ڕاستەکانی لادەدات، کە ئەوان پێغەمبەر بوون و خوا هەندێک کاری لەسەر دەستیاندا کردووە کە بۆ کەسی عادی و سادە نەکراوە، ئەو لەم باسانەدا ناتوانێ جیاوازی لە نێوان موعجیزە و جادوودا بکات، ئەو لەوە دەچێت بە بیرۆکەیەکی تر کاریگەر بێت و کاریگەری لە سەری هەبێت، ئەوە سادەیە و مافی خۆیەتی، بەڵام نابێت کاردانەوە لە ڕاستی و ناوەرۆکی توێژینەوەکە بکات، لە ڕاستەڕێی لێکۆڵینەوە بیترازێنێ و بێ لایەنی ون بکات، نووسەر کەسێکی ژیر و بە توانایە، ئەم شاکارەی بەرهەم هێناوە، کە بە دەزگایەکیش نەدەهاتە ئەنجام، بەڵام بیرۆکەی کەسێک نابێت کاریگەریی لەسەر توێژینەوەیەکی زانستی بەجێ بهێڵێت، نابێ بەسەر بیری کۆمەڵگەدا زاڵ بێت، ئەو باسەکەی بۆ کۆمەڵگەیە، مەبەستێکی گەورە و دڵسۆزانە جوڵاندوویەتی کە ئەفسانەی کوردی بۆ ناو زەینی تاکی کوردی بگێڕێتەوە و بە موڵکی خۆی بزانێ و گرنگی پێدا و خۆی تێدا ببینێتەوە و ببینێت بۆ دۆزینەوەی مێژوو و لایەنە ونەکانی کۆمەڵگەی کوردی، سوودی لێ ببینێت، بەڵام من لەو ڕوانگەوە هەندێک تارمایی دەبینم، حەز ناکەم کاریگەری خراپ لەسەر باسە گرنگە بەسوودە دڵسۆزانەکەی جێ بهێڵێت، هەروەها باس لە پیاوچاکان و کەسایەتییە دیارە ئایینەکانیش دەکات، هێناونیەتە ناو کرۆکی خۆی، ڕووگەیەکی ئەفسانەیی پێداون، لە ئەفسانەی کوردیدا هەموو پێغەمبەر و کەسایەتییەکی ئایینی دوو باسی هەیە، باسێکی مێژوویی ڕاست، باسێکی ئەفسانەیی تێکدراو، ئادەم و حەوا و زەردەشت و نووح و ئیبراهیم و ئیسماعیل و یووسف و محەممەد و زۆری تر، هەروەها کەسایەتی مێژوویی وەک ئەسکەندەری مەکدۆنی و زیلقەرنەین و ئەسحاب ئەلکەهف و و نەمروود و فیرعەون و جەمشید و هۆشەنگ، لە ئەفسانەی کوردیدا ڕۆڵی گەورەیان پێدراوە و لە ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا هەر یەکە بەجۆرێک باسیان هەیە، بەڵام لە ئەفسانەی کوردییدا ڕۆڵی گەورەتریان پێدراوە، لە ڕووداوە ڕاستەکە ترازاندوویانە و ئەفسانە ئامێزکراوە، ئەوەی لەم بەشەدا لای نووسەر بەگرنگ زانراوە وەک خۆی باسی دەکات، ئەو مێژوو و ڕووداوانەیە کە لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە هاتوون و بە ڕاستی مێژوویی تۆمار کراون، هەر ئەم ڕووداوانە لە نێو ئەفسانەی کوردیدا بە شێوەی ئەفسانەیی باسکراون و لەگەڵ مێژوودا پێک گیراون، گرنگی ئەم بەشە لەوەدایە، کە هەندێک

ڕووداو لە نێو دەقە ئەفسانەییەکاندا هەن، کەچی مێژوو کەمتر باسی کردوون، یان هەر باسی نەکردوون، هەر بۆیە گەڕان بە نێو ئەفسانەی کوردیدا، بە دوای ڕاستییە مێژووییەکاندا، کارێکی زۆر پێویستە، هێشتا زۆر شت هەن لە گۆشەکانی ئەفسانەدا دەرنەهێنراون، نرخی ڕاستەقینەیان نەزانراوە و نەدۆزراونەتەوە، لەگەڵ ئەمانیشدا، هەندێک ڕووداوی مێژوویی لەملاو لەولا لەگەڵ ئەفسانەی کوردیدا بەراورد کراون، کە ئەم جۆرە ڕووداوانە هەم لە واقیعدا هەن و ڕوودەدەن، هەم لە ئەفسانەشدا دووبارە دەبنەوە، نووسەر دەڵێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەو ڕاستییە دەگەین، ئێمە ئەگەرچی تا ئێستا مێژووی خۆمان وەکو پێویست نەنووسیوەتەوە، هۆیەکی گرنگی لەوەدایە، کە ئەفسانەی خۆمان بە چاوی گەڕان بە دوای مێژوودا نەخوێندووەتەوە، ئەگەر بە زانایی و پشوودرێژی بەم کارەوە خەریک بین، دواجار زۆر گۆشەی تاریک و نیوە تاریک لە نێو مێژووی ئێمەدا ڕوون دەبنەوە.

## بەشی سێیەم: ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە

نووسەر لەم بەشەدا بەراورد لە نێوان ئەفسانە و ئایین و فەلسەفەدا دەکات، ئەو لای وایە چونکە ئەفسانە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، کە هێشتا ئایین و فەلسەفە، تەواو بە بەرنامە و ڕەنگوڕووی خۆیان بە نموونەی ئایینە ئاسمانییەکان و فەلسەفە خاوەن تیورییەکان دەرنەکەوتوون، جۆرە یەکدەقی و تێکەڵییەک هەیە، جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە ئەم بەشەی تێکەڵ کردووە، لە سەرەتای ئەم بەشەدا نووسەر باس لە ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە دەکات، هەوڵی داوە ڕیشەی لە نێو پەند و گوتە و تەواوی کولتووری کوردیدا هەڵهێنجرێت، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی کوردی باس نەکراوە، لایەنە جیاجیاکانی وەک مێژووی فەلسەفەی کورد و فیکر و هزری فەلسەفەی کورد و کەسایەتی فەلسەفەی کورد، شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە، هەر بۆیە هەموو ئەمانە باری لێکۆڵینەوەکەیان گرانتر و پڕ زەحمەت کردووە، بەڵام ئەوەی سەرمایەیەکی گرنگ و لەبن نەهاتووە، ئەو دەقە زۆر و گرنگ و پڕانەیە کە ئەفسانەی کوردی هەیەتی، لە نێو دەقە ئەفسانەییەکاندا، پاشماوەی فیکری کۆنترین ئایین، تا دەگاتە دوا ئایینی ئاسمانی کە ئیسلامە، لە نێو ئەفسانەکاندا هەیە، هەروەها، لەنێو زۆر لە ئەفسانەکاندا، ڕیشەی زۆر لە فەلسەفە دەستدەکەوێ، لە نێو ئەفسانەی کوردیدا دەق هەیە، کە زیاتر لە فەلسەفەیەکی تێدایە، هەندێک جار فەلسەفەی دژ بەیەک لە یەک کەسایەتی و لەیەک دەق و لە یەک هزردا بە دەستدەکەوێت، کە ئەمەش بۆ خۆی تایبەتمەندییەکی ئەفسانەیە بەگشتی و ئەفسانەی کوردییە بە تایبەت، هیچ ئەفسانەیەک نییە کە فەلسەفەیەک، یان زیاتری لە پشتەوە نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئایینێک نییە فەلسەفەیەکی نەبێت! دەرکەوتووە کە فەلسەفەی بێ ئایین هەیە، مامۆستا لەم بەشەدا بڕوای وایە کە کۆنترین ئایین سروشت پەرستییە، تا دەگاتە خودای یەکتاپەرستی، بەڵام ئایینە ئاسمانییەکان دەڵێن، یەکەم مرۆڤ لەسەر زەوی ئادەم بووە، کە خواپەرست و یەکتاپەرست بووە، لەبارەی ڕیشەی فەلسەفە لە نێو ئەفسانەی کوردیدا، باس لە بوونگەرایی و واقیعی و فەلسەفە ئایینەکان و کلیلی ئەفسانە کردووە، بڕگەی (هەبوو نەبوو) لە ئەفسانەدا، بۆ خۆی کلیلی فەلسەفەی ئەو چیرۆکەیە، لێرەوە نووسەر گەڕاوە ماناکانی فەلسەفە لەم سەرەتایەوە بدۆزێتەوە، هەوڵی داوە، لە دوو دەقی ئەفسانەیی (جولێندی و میرمح) کنەی فەلسەفە و ئایینی کردووە، بە هەندێک شت گەیشتووە، هەندێک لایەنی کولتووری کوردی دەرخستووە، بە پشت بەستن بە هزرە ئایینی و فەلسەفییەکان، گەشتێکی بەو مانایەدا کردووە، کە مرۆڤ لە سەرەتاوە چۆن بیری لە خودا کردووەتەوە، پاشان بە پشت بەستن بە ئایینە ئاسمانییەکان چۆن پەرستوویەتی، بەو واتایە گەیشتووە کە گەڕان بە دوای خودادا لە ئەفسانەی کوردیدا، پاشان دۆزینەوەی و خوداناسی، کارێکی بەردەوامی ئایین و فەلسەفەن لە ناو ئەفسانەی کوردیدا، لێرەدا زەردەشت بە نموونە دەهێنێتەوە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا باس لە کاریگەری ئایین و ئایینزاکان و ڕەنگدانەوەیان دەکات لە ئەفسانەی کوردیدا.

**بەشی چوارەم: ئەفسانەو زانست**

نووسەر لە سەرەتای ئەم بەشەدا بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت: یەکێک لە گرنگی و دەوڵەمەندی ئەفسانە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم هەموو کۆنییەی کە هەیەتی، تۆوی تازەترین زانستی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، دیسان کۆنترین بەرهەمی زانستی دەستکرد و زانستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤی لە ناو خۆیدا پاراستووە، ئەفسانەی بە فەرهەنگێکی زاستی چواندووە، چۆن ئەفسانە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی زەمان، هەر لە ئەشکەوتەوە بۆ دێ و شار و شارستانی بڕی کرد و دوا نەکەوت، هەر لە تەور و تیروکەوان تا دەگاتە ئاوێنەی دنیابین و چەرخوفەلەک، جگە لەوانە لە نێو پەند و گۆتەشدا بنەمای زانستی و کاری زانستی دەست دەکەوێت، کە دەربڕی حاڵەتە فیزیاوی و فەلەکییەکانە، لەسەرەتای ئەم بەشەدا باس لە ئەفسانە و زانست کراوە، هەوڵ دراوە شتێک لە بارەی زانستی کوردییەوە بگوترێت، واتە ئەو زانستە خۆماڵییەی کە لە نێو میللەت و وڵات پێگەیشتووە و بەرهەم هاتووە، کە لە شێوە و ناویشدا خۆماڵین، هەوڵ دراوە هەستی دەربڕینی حاڵەتی زانستی لای کورد باس بکرێت، بۆ ئەمە چەند وشەیەکی کوردی پەتی هێناوە، پاشان زیرەکانە هەوڵی داوە ئەفسانەی کۆنی کورد لەگەڵ تازەترین داهاتی زانستی دنیا بەراورد بکات، پاشان باسی نوێترین زانستی سەردەم دەکات کە مرۆڤ پێی گەیشتووە، کە داهێنانی ترشە ناوکی بۆماوەیی و تەکنۆلۆژیای نانۆیە، ئەم دوو دەسکەوتە زانستییەی مرۆڤ، ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤی گۆڕی، نووسەر دەڵی (چونکە ئەم دوو داهێنانە، ئەو شتانەی کە پێشتر مرۆڤ بە ئەفسانەی دەزانین، ئەوە لە سایەی ئەم زانستانە دەبن بە کاری ڕۆژانە و بەرچاو، ئەم دوو داهێنانە ترسێکیان لای مرۆڤ دروست کردووە، هەروەک پێشتر خەڵک لە ئەفسانە دەترسان، ئێستەش خەڵکی وا هەن لەم زانست و پێشکەوتنانە تێناگەن و دەترسن) دواتر هەندێک لەو باس و هەواڵە سەیرانەی کە لە ئەفسانەی کوردیدا زۆر دووبارە دەبنەوە و بوونەتە مایەی سەرسوڕمان، ئەوە لەگەڵ زانست و بەرهەمە زانستییەکاندا بەراوردکراون، وەکو ئاوێنەی دنیابین و چەرخوفەلەک و ئەنگوستیله و سیمرخ و شتی دیکە، ئەوەی لە ئەنجامی ئەم بەشەدا هاتە دەست، دەریدەخات کە ئەوەی لەنێو ئەفسانە بە کاری ئەفسانە دەزانرێت، بەشێکی دەستکردی زانستییە و هەبووە و بەکار هاتووە و لەنێو دەقی ئەفسانە بە زمانی ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوە، هەندێک لەوکارانەش سەر بە دنیای خەیاڵن و دواڕۆژ بەرەبەرە زانست دەیانهێنێتە نێو واقیع و ژیان، لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا توێژەر گەیشتووەتە هەندێک ئەنجام، کە تایبەتن بە هەریەک لە بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەروەها هەمووشیان لەسەر یەک و پێکەوە چەند ئەنجامێکن کە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەی کوردیدا بە دەست هاتوون.

ئەفسانە بۆ خۆی بەشێکی گرنگی کارکردنە لەسەر دەربڕین و خوێندنەوەی ناوەوەی مرۆڤ، هەر بۆیە زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، بۆ خوێندنەوەی ناخی مرۆڤ سوودی زۆریان لە ئەفسانەکان بینیوە، بەردەوامیش سوودی لێدەبینن، چونکە دەقی ئەفسانەیی وەک دەق، دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی هەر تیور و هەر فەلسەفەیەکدا بخوێنرێتەوە، هەتا ئەگەر ئەو تیور و فەلسەفانە لەگەڵ یەک ناکۆکیش بن، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری ئەفسانەیە و دنیای لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەدا فراوانتر دەکات. لەنێو ئەفسانەدا ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان مرۆڤ و دێودا هەیە، دێوی ناو ئەفسانە لەگەڵ هەموو توانا ئەفسانەیی و هێزە جەستەیی و ڕەوشتە دڕندەییەکەی، دواجار لە بەرانبەر خۆڕاگری و ژیاندۆستی و عەقڵداری مرۆڤدا، بە چۆکدا دێت و خۆناگرێ و شکست دێنێت و مرۆڤ سەردەکەوێت، لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە خێروشەڕ شەڕیانە و هەمیشە خێر سەردەکەوێت، بەڵام مرۆڤی لاواز و کەم ئەزموون هەمیشە لەبەردەم دێو و شەیتاندا شکست خواردووە، دەنا مرۆڤی خێرخواز و پیاوچاک دەتوانێت ببێتە فریشتە، لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە مرۆڤ و ژیان بە ڕوونی دەردەکەون، مرۆڤ لەبەردەم دەروونی شەڕانی خۆیدا شکست دەخوات.

پاشان بە دوا وتە کۆتایی بە

باسەکەی دێنێت و ڕاستی دڵی خۆی دەڵێت: لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناتوانم بڵێم هەرچیم ویستووە بۆم کراوە، کارەکەم کەموکورتی هەیە، چاوەڕێی زانا و مامۆستایان و دڵسۆزانی ئەدەبی کوردم، لە کەموکورتییەکانم بەدەنگ بێن، بە زانایی خۆیان ئەوەم بۆ ڕاست بکەنەوە کە هەڵەم کردووە.. بەم کارەیان خزمەتێکی چاکی دنیای ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەفسانەیی دەکەن، من چەند خاڵێکم لەبەرچاوە کە هۆی کەموکورتییەکانن، بەداخەوە نەمتوانیوە سوود لە زمانە زیندووەکان و زمانە مردووەکانی تری جیهان ببینم، ئەگەر کەموکورتیش لە توانای کەمی من بێت، لە بە زانستی کردنی بابەتەکە و بەربڵاوی زۆر بابەتی لێکۆڵینەوەکە و دەوڵەمەندی فراوانی بابەتەکەکان بووە، ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی سەرکەوتن لەم جۆرە کارانەدا هەروا ئاسان نەبێت.

پاشان دێتە سەر دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەی و دەڵێ بە هەندێ ئەنجامی باش گەیشتووم لەوانە:

(ئەم لێکۆڵینەوەیە بەراوردێکە لە نێوان ئەفسانە و مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانستدا، ئەگەرچی هەموو بەشەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، لێک دانابڕێن، بەڵام بە هەموویەوە، ئەفسانە بەشێکی هەرە گرنگ و دەوڵەمەندی ئەدەبی زارەکییە، یەکێکە لە کۆنترین بەرهەمە کۆنەکانی کوردەواری و مرۆڤایەتی، بەرهەمێکە پڕاوپڕە لە داهێنان، هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانستدا).

**بۆ بەشی یەکەم دەڵێ:** لەم بەشەدا بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە بەپێی ئەو پێکگرتنەی کە ئەفسانەی کوردی لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی تێزەکەی داروینیدا دەرکەوت، کە مرۆڤی قۆناغەکانی گەشەکردن و پێگەیشتن – بەجەستە و بە ئاوەز – لەنێو دەقە جیاجیاکانی ئەفسانەی کوردیدا هەن، سەرەڕای بوونی مرۆڤ بەشێوە جیاجیاکانی جەستەیی، جۆر و ژیانی هەڵسوکەوتیشیان ڕەنگدانەوەی قۆناغەکانی گۆڕانەکانە، لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیان و گۆڕانی جەستەیی مرۆڤەکانی نێو ئەفسانە، شوێن و ژیان و کەرەستەی ژیانیشیان گۆڕانی بەسەردا دێت، لە ئەشکەوتەوە دێتەدەر، گوند دروست دەکات، لە گوندیشەوە بەرەو داهێنانی شار و شارەقەڵا دەچێ، بەهۆی پێککگرتن و لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی و مرۆڤی نێو ئەفسانەی کوردی و دۆزینەوەی ئێسکبەند و کەرەستەی ژیانی قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤ، لە هەندێک ئەشکەوت و گۆڕستانی کوردستان، دەرکەوت هەندێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە کوردستان دۆزراوەتەوە.

**بەشی دووەم:** بە خوێندنەوەیەکی مێژووییانەی ئەفسانەی کوردی، بۆ دکتۆر دەرکەوتووە، ئەفسانەی کوردی دەوڵەمەندە لە باسکردنی ڕووداو و کەسایەتییەکانی مێژووی کورددا، ئەفسانە بەشێکی گرنگە، نەک هەر بۆ سەردەمی پێش مێژوو، بەڵکو گرنگە بۆ تەواوکردنی وێنەی مێژوویی هەموو قۆناغە مێژووییەکان، هەتا دەگاتە سەردەمی تازەش، بۆ نموونە، سەردەمی میدییەکان و ساسانییەکان و سەردەمی سەرەتای هاتنی ئیسلام، ئەفسانەی زۆریان لە بارەوە هەیە، کە باسی ڕووداو و پاشا و سەرکردەکان دەکات و دەگاتە ڕووداوە مێژووییەکانی سەدەی بیستەم، دەرکەوتووە کە زۆر شت هەن لە مێژووی کورددا (ڕووداو و کەسایەتی) لە مێژوودا باس نەکراون، بەڵام لە ئەفسانەدا زیاتر لە دەقێکی لەبارەوە هەیە، بۆ نموونە، پاشای جولندی و قەڵای جولندی، پاشان هەر لە خوێندنەوەی ئەفسانەی کوردیدا، ئەو پێوەندییە کۆن و لە مێژینەیەی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەر چاکتر دەناسرێت و ڕوون دەبێتەوە، وەک پێوەندی ئایینی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەک پێوەندی نێوان کورد و یۆنان و ئەرمەن و فارس و عەرەب، لەنێو ئەفسانەی کوردیدا، قۆناغە پڕ لە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی کورد لە ڕووی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەزنجیرە و بەپێی زەمەن دەست دەکەون، بۆ نموونە، بەپێی مانەوەی هەندێ پاشماوەی ئایینی، لە دابونەریت و نێو کەلەپووردا، ئایینی سروشت پەرست و ئایینی گیانلەبەرپەرست و ئایینی میهرپەرستی و زەردەشتی و عیسایی و مووسایی و موسوڵمان و ئایینزاکانیان دیارە.

**بەشی سێیەم:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دکتۆر گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی، کە شانەدەرییەکان،

پێش ٦٥ هەزار ساڵ پێش زایین، جۆرە باوەڕ و ئایینێکی سەرەتاییان بووە، ئەویش لە ئەنجامی پشکنینی زانستییانەی حەوت ئێسکبەندەکەدا دەرکەوتووە، هەر لەنێو ئەو ئایینە سەرەتاییەدا سەرەداوی فەلسەفەی ئایینی دیارە، چونکە هیچ ئایینێک نییە بێ فەلسەفە، واتە لەو سەردەمە زووەدا، ئایین لە کوردستان سەری هەڵداوە، کوردستان یەکەم وڵاتە کە ئایین تێیدا پەیدا بووە، پاشتریش بەردەوام زۆر جۆرە ئایینی تێدا پەیدا بووە و بڵاوبووەتەوە، لەنێو ئەفسانەی کوردیدا پاشماوەی باوەڕ و عەقیدەی هەموو ئەو ئایینانە کە لە کوردستاندا هەبووە، ئەو باوەڕە لەنێو دابونەریت و پەند و ئەفسانە و حیکایەتە کوردییەکان کەم و زۆر ماونەتەوە، هەر لە ئایینی سروشت پەرستی و زیندەوەرپەرستی و میهرپەرستی، تا ئایینە ئاسمانییەکان و ئایینزاکانیان، کە ئایینی خوداپەرستین، لە ئەفسانە کوردییەکاندا ئامادەییان هەیە، نووسەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە لەنێو ئەفسانەی کوردیدا، پاشماوەی باوەڕی زیاتر لە ئایینێک و ڕیشەی زیاتر لە فەلسەفەیەک لە ناو ئەفسانەکاندا هەن، لە ناو دەقی هەندێک ئەفسانەدا، کاریگەریی چەند ئایین و فەلسەفەیەکی تێدا دەست دەکەوێت، بۆ نموونە لە ئەفسانەی میرمح، کاریگەری میترایی زەردەشتی و ئیسلامی بەسەرەوەیە، ڕیشەی فەلسەفەی بوونگەرایی و چارەنووس (القدریە) تێیدا ڕوونە، زۆر شت هەبوون لە باوەڕ و نەریت لە نێو ئەفسانەدا، ئێمە بە ئەفسانەمان دەزانین، کەچی دەرکەوت ئەمانە ڕۆژانێک ئەرکی ئایینی بوونە، مەبەست ئایینە زەمینییەکانە و دابونەریتی نێو کۆمەڵ بوونە و ڕۆژانێک بە ئەرکی ئایینی و پیرۆزییەوە پەیڕەو کراون، وەک ناشتنی زیندوو و مردوو پێکەوە، قوربانی کردن بە مرۆڤ بۆ مرۆڤ.

**بەشی چوارەم:** لە ئەفسانەی کوردیدا، وەک ئەفسانەی هەموو گەلان، زانست بەشێوە سەرەتاییەکەی و قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنی، لە نێو کۆنترین و بڵاوترین دەقی ئەفسانەدا هەیە، وەک خۆشکردنی بەردودار، پاشتر دروستکردنی گالیسکە و عەرەبانە و چەرخوفەلەک و هەندێک زانست کە لە نێو ئەفسانەدا هەیە، ئێمە پێشتر بە زانستێکی ئەفسانەییمان دەزانین، کەچی دەرکەوت ئەمانە بەرهەمی زانستین و عەقڵی مرۆڤیش لە سەردەمە جیاجیاکان دروستی کردوون و بەکارهێنراون و پاشتر هێنراونەتە نێو ئەفسانە و بە کەمێک گۆڕان، یان هەروەکو خۆی دووبارە کراونەتەوە، وەک زانستی بیناسازی و قەڵاسازی و زانستی گیادەرمانی و نەخۆشییەکان و زانستی ئامێرە دەستکردەکان، ئەو کارە زانستییانەی نێو ئەفسانە، کە پێشتر بە خەیاڵی ئەفسانەیی و شتی دوور لە ڕاستی و ژیان دەزانران، دواتر زانست هەموو ئەو هیوا و خەیاڵە زانستییانەی کرد بە واقیع و خستنییە بەردەستی مرۆڤ، ڕۆژانە سوودیان لێ دەبینران، وەک زانستی پاراسایکۆلۆژی و زانستی ترشە ناوکی بۆماوەیی و تەکنۆلۆژیای نانۆ، دکتۆر گەیشتە ئەو ڕایەی کە لە نێو ئەفسانەدا، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، هەموو ڕێگا چارەسەرییەکان بەکارهێنراون، چارەسەری بەهۆی جادوو، بە هۆی ئایین و پاراسایکۆلۆژی و گیادەرمانی و بەهۆی بەکارهێنانی خوێن و ئەندامێک لە جەستەی زیندەوەر و گیانلەبەر.

**سەرنج و پێشنیار:**

(١) دەستخۆشی لە برای زانا و بەتوانا دکتۆر مەولوود دەکەم بۆ ئەم شاکارە بەنرخە، لە ڕووی لێکۆڵینەوەی ئەفسانەییەوە، کاریکی کەم وێنە و بەسوودە و پێویستی کتێبخانەی کوردییە.

(٢) وەک سامانی نەتەوەیی، ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردیمان زۆرە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرەمان نەبووە، کە گەیشتبێتە پلەیەک لایەنێکی گرنگی ئەفسانەی ساغ کردبێتەوە، لە ئەورووپا شانازی بە مێژووی ئەفسانەوە دەکەن، بۆ زۆر لایەن سوودی لێ دەبینن، بەڵام مەخابن لای ئێمە ئەفسانە بە پڕوپووچ ناوزەد دەکەن و بێ نرخ لێی دەڕوانن.

(٣) ئەم بابەتە یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستییە لەسەر ئەفسانە، هەوڵی جددی کوردە، دەوڵەمەندترین بابەتە، کە ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەفسانە بکات و پەردە لەسەر زۆر ڕاستی مێژوویی لا بدات، کە پێشتر بەهەند وەرنەگیرابوو، دکتۆر لەم بابەتەدا

دەیەوێت زۆر ڕاستی ڕوون بکاتەوە، بە کۆمەڵێک ئەنجامی چاک گەیشتووە، دەیەوێت مرۆڤی کورد و ئەفسانە ئاشت بکاتەوە، سوود لە ئەفسانە وەربگیرێت، بۆ سوودی کۆمەڵگە و بەستنەوەی ڕابوردوو بە ئێستاوە.

(٤) هەوڵی داوە زانستانە و واقیعیانە بۆ ئەفسانە بڕوانێت و بیناسێنێت، ئەمە کارێکی نوێیە بۆ ئەفسانەی کوردی.

(٥) بابەتەکە هەموو ناوچەکانی جوگرافیای کوردستانی گرتووەتەوە، کەسی بێ بەش نەکردووە، لە سەرەتای ژیان و ئەشکەوتەوە دەست پێدەکات، هەتا دوا ترۆپکی زانستی ئەمڕۆ هێناویەتی، وای داڕشتووە و دەوڵەمەندی کردووە، هەموو کەس حەز دەکات بیخوێنێتەوە، لە ناوەڕۆکی ڕووداوەکان گەیشتووە، سەرچاوەکانی پاراستووە، سەرنجی خۆبشی وتووە، هەرچەند وەک مارف خەزنەدار دەڵێت: (هەندێ جار مانگرتنێکی تێدایە، لە ڕاستی و حەقیقەت دوور کەوتووەتەوە، بەڵام ئەم بیروڕایانە دەخەمە خانەی ئیدۆلۆژییەوە).

(٦) هەوڵ دەدات لە نێو ئەفسانەدا سەرەداوەکانی مێژووی کورد بدۆزێتەوە، لە مێژووی کۆنمان سوود بە مێژووی نوێمان بگەیەنێت.

(٧) ئەفسانە بۆ ڕووداوێکی واقیعی سەردەمێکی نادیار دەگێڕێتەوە، داوا دەکات لێکۆڵەرەوان هەوڵ بدەن تەپوتۆزی کۆنی لەسەر بتەکێنن و ڕاستییەکانی دەربخەن و بدۆزنەوە.

(٨) خۆزگە بەو زانست و توانایەی خۆی کە لە ئەفسانەدا کاری کردووە و بەدەستی هێناوە، کارێکی بەراوردکاری لە نێوان دەقە ئەفسانەییەکانی ناوچە جیاجیاکان دەکرد، بۆ نموونە، باسی خەڵقی ئادەم و حەوا و نووح و ئیبراهیم و زەردەشت و ئیمامی عەلی و حوسەین و زیلقەڕنەین و ئەسکەندەری مەکدۆنی و خەڵقی بوونەوەر و زەوی و ئاگر و شەیتان و تۆفان، لە ئەفسانەی کوردیدا هەیە، لە ئەفسانەی فارسی و عەرەبی و ژاپۆنی و چینی و هیندی و سۆمەری و میسری کۆن و گریک و شوێنی تریشدا هەیە، بزانین ئەفسانەی کوردی بۆ ئەو بابەتانە لە چ ئاستێکدایە، لە ڕووی داڕشتن و مێژوو و فیکر و فەلسەفە و زانستەوە، پاشان هەندێک لەو ئەفسانە کوردییانەی بەوەی کە لە تەورات و ئینجیل و قورئان و نامە ئاسمانییەکاندا دەچواند و کاری بەراوردکاری تێیاندا دەکرد.

(٩) بریا هەندێک زیاتر لەسەر فەلسەفەی کوردی بدوایە، سەرەداوەکانی سەرەتای مێژووی فەلسەفەی کوردی دەربخستایە، کە هەندێک پێیان وایە کورد فەلسەفەی نییە.

(١٠) خۆزگە لە بابەتی تردا هەوڵی بدایە بۆ دۆزینەوەی مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی زەینی کورد و پەندی پێشینان و ئیدیۆم و پێکهاتنی زمانی کوردی و وشەسازی لە نێو ئەفسانەدا، ئەم کارەی بەپێی ناوچەکان و بەراوردکاری بۆ بکردایە.

(١١) خۆزگە لەسەر هەندێک خاڵی گرنگ زیاتر بووەستایە، شیکردنەوەی زیاتری بۆ بکردایە.

(١٢) بریا بە ئەفسانەکانی یێزیدی و کاکەیی و یارسان و شیعە و سابیئە و گاور و جوولەکەی کوردستاندا بگەڕایە، ڕەگی ئایینە کۆنەکان و ونەکان و کاریگەری ئەوان لەسەر ئەفسانە و مێژووی کورد و باری ئایینی و کۆمەڵایەتی بدۆزیایەتەوە، کە ئەمڕۆ هەریەکە بۆ مەبەستێک شێواندوویانە.

(١٣) کتێبەکە لە ڕووی داڕشتن و زمانەوانەوە پێداچوونەوەی دیکەی دەوێت. بابەتەکە بەنرخە، دەکرێت زمانێکی شایستەتر و بەنرختری بۆ بەکاربێت و خزمەتی بکرێت، هەتا لە ئاست بەرزی و زانستەکەیدا بێت.

(١٤) دەکرێت بۆ چاپەکانی دی دەزگایەک دیزانێکی جوانتری بۆ بکات، لەبەر ئەوەی لاپەڕەی زۆرە، دەتوانرێت بەرگی بگیرێت.

(١٥) دەکرا فەرهەنگۆکەیەک بۆ مانای وشەنامۆکان بکرایە، تا زیاتر بناسرایە و مانای تەواوی بزانرایە.

(١٦) هەندێک وشە و وشەی عەرەبی و شێوەزاری بەکاربردووە، بۆ بابەتێکی زانستی وا، کە زیاتر ئەکادیمییەکان سوودی لێ دەبینن، ڕەنگە بڵێم لە عەرەبییەکە باشتر حاڵی دەبن.

(١٧) لە هەندێک جێدا زیاتری لەسەرچووە، کە پێویست نەبوو، بۆ هەندێکی تر کە پێویست بوو کەمتر وتراوە.

(١٨) کەمێک بێ لایەنی پێوەدیار نییە، لە هەندێک جێدا بەنرخ باسی هەندێک ئایین و ئایینزا دەکات، بایەخی کەمتر دەدات بە

هەندێکی تر.

(١٩) دکتۆر دەڵێت خۆم یەکلا کردووەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی کوردی، بریا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (ئایین لە ئەفسانەی کوردیدا) بکات، وەک مێژووی نووسراو لەو بارەوە دەستەوسانە، بەڵکو لە نێو ئەفسانەدا ئەو سەرەداوانە بدۆزرێتەوە، شتی ڕاست و ڕەوان، نەک بۆچوون و دروستکردن و گریمانە، هەرچەند لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێک سەرەداوی دەرخستووە، دەکرێت لەو سەرەداوانەوە بچێتە ژوورەوە و شتی نایابتر بەرهەم بهێنێت و بە ئەنجامی باشتر بگات.

(٢٠) دکتۆر لە هەندێک جێدا تێکەڵییەکی کردووە و دەڵێت: ئایین گەشەی بیری مرۆڤە، دوایی دەڵێت لە ئاسمانەوە خوا ناردوویەتی، لە جێیەک دەڵێت مرۆڤ لە سەر زەوی بە گەشەکردن پەیدا بووە، لە جێیەکی تردا دەڵێت ئادەم یەکەم مرۆڤ بووە هاتووەتە سەر زەوی، لە جێیەک دەڵێت یەکەم مرۆڤ یەکتاپەرست بووە، لە جێیەک دەڵێت سەرەتا مرۆڤ سروشت پەرست بووە، ئیتر نازانم ئەم برگانە چۆن یەکلا دەبێتەوە.

(٢١) دکتۆر پێی وایە، ئەفسانە عەقڵی عەوام و نەزان دایدەهێنێت، ئەو ڕستەیە قورسە، من وادەزانم، وەک چۆن ئەمڕۆ نووسەر و ئەدیب، بە بیرۆکە چیرۆک و ڕۆمان دادەهێنن، زاناو بیریار عەقڵکاری دەکات، بە بیرکردنەوە فیکرە و تیور بەرهەم دەهێنێت، داهێنکاری دەکات، ئەو کەسەی کۆمپیوتەر و تەیارە و مۆبایلی داهێنا، هەر ئەو کەسانەش لە کۆندا چەرخوفەلەک و ئەنگوستیلە و دنیابین و شتی تریان داهێناوە، عەوامە نەخوێندەوارە خەوالووەکانی ئەمڕۆ، کە ناتوانن مێش لە دەمی خۆیان دەربکەن، هەر گێلە پیاوەکانی کۆن و ئەورۆکەن، ئەوانەی لە کۆندا ئەفسانەیان دروستکرد، داهێنکارەکانی ئەمڕۆن، ئەوان بێ خوێندەواری، چیرۆکی سەیروسەمەرە و ئەفسووناوییان داهێنا، ئەمڕۆ بە خوێندەواری، تیورەکانی ئەوان دەکەنە پراکتیک، من پێم وایە ئەفسانە بەرهەمی زەینی حەکیم و دانا و بەسەلیقەکانی پێش مێژووە، کە ئەوکات خوێندن و زانست بەم جۆرەی ئەمڕۆ نەبووە، زەینی ئەوانە هەر ئەوەندە بڕی کردووە، ئەوانەیان بەو هونەرە بەرزە داهێناوە، پاشتر خەڵکی تر ڕەونەقیان پێداوە، کەم و زیادیان بۆ کردووە، ئەگەر ئەو دانا بەسەلیقانە لە ئەمڕۆدا هەبوونایە، گەورەترین هونەر و ئەدەب و تەکنۆلۆژیایان بەرهەم دەهێنا، هەرگیز عەوام ناتوانێت ئەفسانەیەکی هونەری پڕ تەکنیکی وا دروست بکات، کە زانستی ئەمڕۆ لە ئاست هەندێکیاندا دەستەوسانە، کایەی فیکریان هێندە بەرز و فراوان بووە، کەش و هەوایەک نەبووە تێیدا بە ئەنجامی بگەیەنن، بە ئەفسانە دەریان بڕیوە، هەم خۆیان لە بیرۆکەیەک خاڵی کردووەتەوە کە لە ناخیاندا مۆڵ بووە، هەم بەو جۆرە بەرانبەریان تێگەیاندووە.

(٢٢) فۆلکلۆر، کە هونەرێکی ڕوونە، داهێنراوی سەردەمێکی دوورە، بەڵام دکتۆر بە دەستکرد و بەرهەمی عەقڵی عەوامی دادەنێت، عەوام و گێل چۆن بەرهەمی وردی پڕ بە بیری وا دەدات؟ بەڵام ئەفسانە و فۆلکلۆر، لە زەینێکی وردی زیندووی پڕ داهێنکاری بەتوانا بەرهەم دێت، کە خاوەنەکەی هونەردۆست و دەستڕەنگین بووە، نەک عەوام و ساویلکە! لەو سەردەمە دوورانەوە، هەر ئەوەندە هەلی بۆ ڕەخساوە، ئەوەی بیری جەڕاندووە و زانیوبەتی خزمەت بە کۆمەڵگەکەی دەکات بەرهەمی هێناوە، کەواتە ئەوانە هونەرمەند و داهێنکار و بەسەلیقەن، نەک عەوام و نەزان و کوێر کوێر.

(٢٣) نووسەر لەبەشی یەکەم و چەند جێی تردا بڕوای وایە کە مرۆڤ لە ئادەم و حەوا نەکەوتووەتەوە، ئەو تیورەکەی داروین بەڕاست دەزانێت، کە مرۆڤ گەشەی کردووە، واتە بەتێپەڕبوونی کات، بە ڕێکەوت، لە خۆوە لە سەر زەوی هەڵتۆقیوە، بەم عەقڵ و زەین و ناخ و ئەندام و ئامێرانە گەیشتووە، سەرەتا خانەیەک بووە، پاشان بووەتە بۆق و مەیموون، بەتێپەڕبوونی کات، عاقڵ بووە و بووەتە ئەم مرۆڤەی ئەمڕۆ، ئەم تیورە لە هەندێک جێی (اصل الانواع)دا لە پێشەکی و (دە) لاپەڕەی یەکەمدا داروین خۆی بڕوای تەواوی پێی نییە، بەم دواییانەش سەلما کە ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، ئێستە لە زۆر زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا ئەو باسەی داروین لادراوە، ئەم بڕوابوونەی نووسەر، زیانی زۆری بە باسەکەی گەیاندووە، ئەم بۆچوونەی وەستاندوویەتی و ڕێی

نەداوە زیاتر بیری بتەقێت و بهەژێت و بیرۆکە و ئەفکاری جوانتر و ڕاستتر و قووڵتری بۆ بێت، وەک لە جیگەکانی تری باسەکەیدا چاکتر بۆی چووە و بیرۆکەی زۆری نوێی بۆ هاتووە، دکتۆر کەسێکی بە توانایە، زەینی کاردەکات، ئەگەر زیاتر بیربکاتەوە و خەریک بێت، شتی زۆری نوێمان لە نێو ئەفسانەکاندا بۆ هەڵدەهێنجێنێت، دروست نییە ئەم بۆچوونە بچووکانە ڕێگربن لەوەی زیاتر ڕۆبچێت و بە زۆر لای تردا بنوارێت و نەهێڵێت هەموو لاکان ببینێت، چونکە زۆر جار بیرۆکەیەک وادەکات نووسەر و بیریار هەر لەو دەلاقەیەوە بنوارێت، هەر ئەوە ببینێت کە لەو کلاوڕۆژنەوە دیارە، ئەم لاو ئەولای نەبینێت، کە ڕەنگە ئەگەر لەم لاو ئەولاشەوە سەیر بکات، زۆر شتی نادیار بدۆزێتەوە، کە بۆ خۆی و بۆ باسەکەی شتی نوێ بێت، لیکۆڵینەوە ئەوەیە کە شتی نوێ بڵێیت کە کەسی تر بۆی نەچووبێت، بەلامەوە حەیفە کەسێکی بە توانا، شتی لاواز ڕێگربن لەبەردەم ئەوەی زیاتر بنوارێت و بڵێت.

(٢٤) وا دەزانم نووسەر وەک مارف خەزنەداریش لە جێیەکدا سووکە ئیشارەتێکی بۆ دەکات، هەندێک بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆی لەگەڵ ئەم شاکارە گشتییە تاقانەیەدا شێلاوە، هەستی پێدەکرێت، کارەکەی لەبەر نیوەدێرێکی کەم لەکەدار کردووە، کاری لە هەندێک لایەنی باسەکە کردووە، بە زەقی دیارە، مامۆستای خستووەتە هەندێک هەڵەوە، کە ئیشی زانستیانەی ئەو نەبوو، باسەکەی جۆرێک لێ کردووە کە شایستەی نییە.

(٢٥) نووسەر موعجیزەی پێغەمبەرانیش بە ئەفسانە دادەنێت، بڕوای نییە کە خودا یارمەتی داون هەندێک کاریان کردووە، ئەو جیاوازی لەنێوان وەحی پێغەمبەران و موعجیزە و پەرجوو و جادووگەریدا ناکات، پەرجووش وەک جادووگەری دەچوێنێت، هەرچەند لە هەندێک جێدا دەیەوێت ڕاستی بکاتەوە، بەلام ئالۆزییەکی پێوە دیارە و بەرانبەر تێناگەیەنێت.

(٢٦) نووسەر لەبەشی سێیەمدا پێی وایە کە ئایینیش وەک فەلسەفە و تیوری زەمینی، بەرهەمی پێگەیشتنی زەینی مرۆڤە، لای وایە (چونکە ئەفسانە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، کە هێشتا ئایین و فەلسەفە، تەواو بە بەرنامە و ڕەنگ و ڕووی خۆیان بە نموونەی ئایینە ئاسمانییەکان و فەلسەفە خاوەن تیوربیەکان دەرنەکەوتوون)، بەلام ئایین بۆ مرۆڤ هاتووە، ئایین پێش مرۆڤ هەبووە، وەک چۆن خودا پێش مرۆڤ و زەمین هەبووە، تۆ کە دەڵێی ئایینە ئاسمانییەکان، کەواتە لە ئاسمانەوە هاتوون، ئایین بەرهەمی زەینی مرۆڤ نییە، ئایین لە سەرووی دەسەلات و توانا و زەینی مرۆڤەوەیە، لە خواوە لە ئاسمانەوە بۆ پێغەمبەران هاتوون، یەکەم مرۆڤ ئادەم بووە، لەلایەن خواوە لە ئاسمانەوە هاتووە، بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی، واتە لەگەڵ یەکەم مرۆڤدا، ئایین هەبووە، خۆی یەکەم پێغەمبەر بووە، زەین و عەقڵ و فیکرە و فەلسەفەی هەبووە، زانستی نوێ دەریخستووە، ئەوە ڕاست نییە کە مرۆڤ بەرهەمی زەوی بێت و لە خانە ئاوییەکان هەڵتۆقیبێت و لە بۆق و مەیموون و شەمپازیاوە گەشەی کردبێت و بەرهەم هاتبێت، بەڵکو یەکەم مرۆڤ عاقڵ بووە، کەسێکی شارستانی و زەین ڕوون بووە، زانیویەتی کێ دروستی کردووە و بۆ هاتووە بۆ سەر زەوی و دەبێت چی بکات، پاشانیش کە مرد بۆ کوێ دەچێت، بریا مامۆستای بە توانا، لەم لێکۆڵینەوە کەم وێنەیەیدا، ئەو بیرۆکانەی نەورووژاندایە و تێکەڵی بابەتەکەی نەکردایە، وەک مارف خەزنەدار لە پێشەکییەکەیدا ئیشارەی پێداوە ئایدیۆلۆژیای خۆی دەرنەخستایە.

(٢٧) سەرچاوە بە زمانی بیانی بەکار نەهاتووە، ئەوە خاڵێکی گرنگە بۆ نامەی دکتۆرا کە ناکرێت بەکار نەیەت، چونکە هەموو وەرگێڕانەکان لە زمانی بیانییەوە بێ سیقە و پڕ هەڵەیە، ئەوکارە بابەتەکە پڕ زانیاری دەکرد و زانستییانەتر و قورستر و دەوڵەمەندتری دەکرد.

# بەدیع باباجان، زیاتر لە هونەرمەند

ئارام سدیق

هونەرمەند (بەدیع باباجان) لە ریزی ئەو هونەرمەندانەیە، کە زۆر بە کەمی بەرهەمەکانی پارێزراون و بەشێکی زۆری کارە هونەرییەکانی بە پەرشوبڵاوی مابوونەوە تا ساڵی رابردوو (ساڵی ٢٠١٠) نووسەر و رۆژنامەنووس (بەختیار سەعید) بە هەوڵی چەند خەمخۆرێکی هونەری کوردی، بەشێک لە کارەکانی ئەم هونەرمەندەیان لە شێوەی نامیلکەیەکدا کۆکردەوە، کە ئەمە کارێکی گرنگ و جددی بوو بۆ ئەم هونەرمەندە کرا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا پێویستە کاری لەم شێوەیە بۆ زۆربەی هونەرمەندەکانی تر بکرێت، بە تایبەت ئەو هونەرمەندانەی بەرهەمەکانیان لە لێواری فەوتاندان. من بەر لە چاپکردنی نامیلکەکەی (باباجان) بە بەشێکی زۆری کارەکانی ئەم هونەرمەندە ئاشنا نەبووم، بەڵام دوای چاپکردنی ئەم نامیلکەیە تێدەگەین، کە (باباجان) بە تەنیا هونەرمەندێکی ئاسایی نییە، کە لە یەک بواردا کاری کردبێت، بەڵکو ئەو لە چەندین بواری جیاجیادا پەرەی بە داهێنانەکانی خۆی داوە و ویستوویەتی رووی گەشی هونەری کوردی و هونەرمەندانی کورد لەسەر ئاستی عیراق بناسێنێت. هاوکات لە رێی کێشانی وێنەی شاعیرانی کلاسیکەوە دەیان شاعیری گومناوی زیندوو کردەوە، تا گەیشتە ئەوەی ئێمە وەکو وێنەی راستەقینەی ئەو شاعیرانە سەیریان بکەین و هەست بەوە نەکەین، کە ئەمە ئەفرێنراوی خەیاڵی باباجانن.

هونەرمەند (بەدیع باباجان) لە ساڵی (١٩٢٣) لە گەڕەکی (اخ حسین)ی شاری کەرکووک هاتۆتە دنیاوە و دەربارەی ژیانی خۆی هونەرمەند دەڵێت: (ساڵی ١٩٢٣



له شاری کەرکووک لە دایکبووم، هەر لەمنداڵییەوە حەزم لە وێنە و مۆسیقا دەکرد، خوێندنی سەرەتاییم لە ماڵی ئامۆزاکانم لە شاری سلێمانی تەواوکرد و دواتر قۆناغی ناوەندیم لە شاری کەرکووک تەواو کرد) لە بەشێکی تری گێڕانەوەی ژیانی خۆیدا ئەم هونەرمەندە ئەوە دەخاتەڕوو، کە بەهۆی ئەوەی ئارەزووی زۆری بۆ هونەر هەبووە لە ساڵی (١٩٤٥) دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و حەزی لە بەشی مۆسیقای ڕۆژئاوایی بووە، بەڵام لەو بەشەدا قبووڵیان نەکردووە، بەهۆی ئەوەی هیچ شارەزایی لە نۆتەدا نەبووە، دواتر بە ناچاری بڕیار دەدات بچێتە بەشی وێنەکێشان. ئەم هونەرمەندە لە ساڵی (١٩٥٠)دا پەیمانگا تەواو دەکات و لە ڕیزی یەکەمەکانی پەیمانگەکەیدا دەبێت.

ئەم نامیلکەیە ئەگەرچی لە ڕووی قەبارەوە قەبارەی گەورە نییە، بەڵام کارێکی پڕ بایەخە بە هۆی ئاشناکردنی هونەرمەندان و هونەردۆستان بەم هونەرمەندە کە بەشێکی زۆر لە کارەکانی پەرشوبڵاوبوون. (بەختیار سەعید)ی ئامادەکاری ئەم نامیلکەیە توانیویەتی لەو (١٣٤) لاپەڕەیەدا بەشێکی هەرە زۆری ژیانی ئەم هونەرمەندە بنووسێتەوە و هاوکات ڕوانینی چەندین نووسەر و لێکۆڵەریش لە بارەی کارەکانی ئەم هونەرمەندەوە کۆ بکاتەوە و لەم نامیلکەیەدا بیانخاتەڕوو کە سەرجەمیان بۆ دەوڵەمەندکردنی نامیلکەکە جێی بایەخن.

بێ گومان ئاوڕدانەوە لە کارەکانی بەدیع باباجان ناکرێت تەنیا لەیەک لایەنەوە بێت، بەڵکو پێویستە سەرجەم کارەکانی بۆ چەند بەشێک پۆلێن بکرێت، کە ئەوانیش بەشێکی ئەو پۆترێتانەن، کە بۆ شاعیرانی کلاسیکی کێشاون، بەشێکی تری هونەری خۆشنووسییە، هاوکات نووسینی شیعر و ئاشنابوونی لەگەڵ دنیای شیعر و نزیکبوونی لە دنیای ئەدەبیات، ئەمە بێجگە لەوەی کە کاری هونەری بۆ گۆڤارەکانی (گەلاوێژ و نزار) و چەندین بەرگی کتێب کردووە. بەدەر لەم کارانەش کاری ڕیکلام و پۆستەری بازرگانی کردووە و کلێشەی بۆ چەندین دراوی عێراقی کێشاوە. لێرەوە تێدەگەین کە هونەرمەند لە چەندین بواری جیاجیادا کاری کردووە و تەنیا یەک ئاراستەی هونەری نەگرتووە، بەڵکو بەهرەی ئەم هونەرمەندە لە زۆر بواردا دەرکەوتووە. وەک ئاماژەمان بۆ کرد بوارەکانیش زۆرجار لە یەکترییەوە دوورنەبوون و تێکڕایان کارکردن بوون لەنێوان هێڵ و ڕەنگدا، بۆیە خۆشەویستی باباجان بۆ دووانەی (هێڵ و ڕەنگ) زیاتر لە هونەرەکەیدا قاڵی کردۆتەوە.

ئەوەی پێویستە لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە ئاوڕدانەوە لە هونەرمەندانی کورد لە هەر بوارێکی هونەریدا کاریان کردبێت، کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕ لە هەموو ئەو هونەرمەندانە بدەینەوە، کە تەمەنی خۆیان بە هونەری کوردی بەخشیوە، بەڵام وەک پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانیان نەکراوە. باباجانیش لە ڕیزی ئەو هونەرمەندانەیە، کە پێویستە ئاوڕی جددی لێبدرێتەوە و حەقە لە کۆکردنەوەی کارەکانیدا بواری لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵەرەوان خۆش بکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر هەموو لایەنە هونەرییەکانی ژیانی ئەم هونەرمەندە بکەن، چونکە ئەم هونەرمەندە دەکرێت نازناوی زیاتری لێبنرێت. دەستخۆشی بۆ ڕۆژنامەنووس (بەختیار سەعید) ئامادەکاری ئەم نامیلکەیە.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# ساڵیادت پیرۆز

**کاکەمەم بۆتانی**

پاش ئەوەی داگیرکەرانی بەریتانیا (بەپێی چەند مەرجێک) ئیدارەی کوردستانی باشووریان لە قەبەڵ دەسەڵاتی ڕامیاریی عەرەب کرد، ناوە ناوە ڕێ بە دەرچوونی گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی کوردیی دەدرا، بەڵام (لەبەر چەندین هۆ) زۆربەیان تەمەن کورت بوون.

لە کۆتایی پەنجایەکانی سەدەی ڕابردووەوە، دەسەڵاتی ڕامیاریی نەتەوەی باڵادەست، گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی بۆ ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانیان دەردەکا، تەنانەت گۆڤارە ئەدەبییەکانیش لەو نەریتە دانەبڕاون، بە سەروتاریش بێت، بە کاروکردەوەکانی دەسەڵاتیاندا هەڵدەدا. گۆڤار و ڕۆژنامە ئازاد و سەربەخۆکان، ئۆرگانی پارتە کوردستانییەکان، کە ملیان بۆ ئەو ڕێچکەیە نەنابێت، زۆربەیان تەمەن کورت بوون.

لەو زەمەنە تاریک و تەڵخانەدا، وەک نەریتێکی ساڵانە، بە ڕاگوزاریش بێت، یادی دەرچوونی گۆڤارە ئەدەبییەکان و ڕۆژنامە ڕامیارییەکان کراونەتەوە. سەرپێیش بووبێ، ڕێبازی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیان گرتۆتە بەر.. جاروباریش بە ڕەخنە و پێشنیار دەوڵەمەندیان کردوون، بەڵام من بیرم نایەت خۆم لە قەرەی ئەو جۆرە نووسینانە دابێت.. بۆ؟.. نازانم!

یەکێک لە خەسڵەتە چاکەکانی گۆڤاری (ڕامان) سەرچاوەی بودجە و پارەوپوول نەیتوانی تووشی کارە دژوارەکانی بکات و لاپەڕەکانی خوێن بدەڵێنێ، دەنگی ئەدەبی کوردانەی خۆی پاراست، کە بە ڕای من گەورەترین شانازییە.. بە سۆزەوە پیرۆزبایی یادی شازدە ساڵەی دەرچوونی لێ دەکەم. بێ گومانم.. ئەم ستافەی تا ئێستا بەلاڕێدا نەبرابێت، ئامادەیە سۆزی دەروونی لاپەڕەکانی دابخات و وەک (گەلاوێژ) بە پاکی ماڵئاوایی بکات.

حەزی داهێنانی مرۆڤ، خۆرسکە، هەر لەمێرد منداڵییەوە گەرەکییەتی لە تەک لاسایکردنەوەوە، هەنگاوەکانی بە تازەگەری بناسرێت... کارە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانیش سەرقافڵەی ئەو ئارەزووانەیە.. لێرەشەوە، شێوە و ناوەڕۆکی گۆڤارەکان دەگۆڕدرێن و گرفت و ئاریشەکانیان ملکەچی ئەو ئارەزووانەی دەکەن. گەواهی ئەوە دەدەم، گۆڤاری ڕامان ڕێ خۆشکەر بووە بۆ تازەگەری و مینبەرێکی سەربەخۆ بووە بۆ پەلکەزێرینەیی بیری نووسەران و ئەدیبانی کوردستان بەگشتی و خۆرهەڵاتی وڵاتمان بە تایبەتی.

هەر لە سەرەتاوە، پای لەسەر خاکی پتەوی کوردایەتی دانا، وەک گۆڤاری (گەلاوێژ) لاپەڕەکانی بۆ نووسەرانی کوردستانی خۆرهەڵات کردەوە، دەنگە جیا جیاکانی لە ئامێز گرت. شیعر و چیرۆک و باس و لێکۆڵینەوە شایستەکانی بڵاوکردەوە، بۆ بەردەوامبوونیان دنە دنەیان دەدا.. ئاوێزانی چەندانی وەک هێمن و هەژار و زەبیحی و.. گەلاوێژ بووە.. هیوامە.. گۆڤارەکانی تریشمان چاوی لێ بکەن، تا هیچ نەبێ لە دنیای ئەدەب و ڕووناکبیریدا، یەک پارچەیی کوردستان و گەلی کوردستان بسەلمێنین.. ئاواتەخوازم تەمەنی درێژ بێت.






# ئەدەبیات: مۆدێلێک بۆ تێڕامان



**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(هەولێر- زانکۆی جیهان)**

لەسەر زمانی خەڵک و خوێنەر زۆرجار ئەم قسانە دەبیسین کە ئەدەبیات زمانحاڵی کۆمەڵگەیە؛ ئەدەبیات چ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی واقیعەکانی کۆمەڵگە؛ نووسەر دەربڕی دەردی کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگە بەستێنی گەریانی هەر بزاڤێکی ئەدەبییە و گەلێک گوزارەی تری لەم چەشنە کە هەموویان سەلمێنەری ئەم تێزەن، کە ئەدەبیات نوسخەیەکی نووسراوەی دەنگەکانی نێو کۆمەڵگەیە.

ئەزموونی خوێندنەوەی ئەدەبیات هەموو کات دەخوازێ ڕێگایەکی تایبەتمان بخاتە بەردەست کە گەلێک، ئەگەر نەڵێین تەواو، جیاواز بێت لەو ڕێگایەی کە گوتارەکانی تر لە چەشنی، بۆ نموونە، ئایدیۆلۆژی دەیخاتە بەردەستمان. هەڵبەت مەرجی سەرەکی بۆ وەدیهاتنی ئەم تێزە لەوەدایە کە ئەدەبیات خۆی دواجار نەبێت بە چەشنێک ئایدیۆلۆژی، یان چەشنێک لە ئایدیۆلۆژی. کەواتە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەدەبیات کەی دەبێتە ئەو مۆدێلە لە تێڕامان کە سنووری خۆی بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەڵام ڕوون و ئاشکرا، لە گوتارەکانی تر جیا بکاتەوە.

دیارە مەبەستی من لێرەدا بە هیچ کلۆجێک ئەوە نییە بڵێم ئەدەبیات چییە، یان چی نییە، کە سەری زۆر ڕەخنەگری بەخۆیەوە قاڵ کردووە، بەڵکو ئەوەی مەبەستی منە ئەوەیە کە چۆنە ئەزموونی خوێندنەوەی ئەدەبیات جیهانێکی تایبەتی تێڕامان بۆ مرۆڤ چێ دەکات کە جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو ئەزموونەی کە سەرقاڵبوون بە کاری، بۆ نموونە، زانستییەوە هەیەتی. بە وتەیەکی تر لێرەدا باسی چییەتی ئەدەبیات ناکرێ، بەڵکو باسی ئەو گوتارانە لە ئارادایە کە لە ئەزموونی خوێندنەوەی ئەدەبیات بەرهەم دێن و لە ئەنجامدا جیهانێکی تایبەت بۆ تێڕامانی خوێنەر بەدی دەهێنن.

وێدەچێ ڕەخنەی کوردی پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی شێلگیرانەبێ لەو لایەنەی ئەدەبیاتی کوردییە، تا ڕوون بکرێتەوە ئەدەبی کوردی تا چەندە خوێنەری کوردی بەرەو جیهانی تێڕامان و تێفکرین دنە داوە، بە چەشنێک کە چێژی خوێندنەوەی هەمیشە تێکەڵ بە چێژی تێگەیشتنیشی بووبێت.